تصوير أبو عبد الرحمن الكردي

پەندی پێشینان

شێخ محەمەدی خاڵ

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقـراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

پەندی پێشینان

کۆکردنەوەیان و ڕاستکردنەوە و لێدانەوە و چیرۆك بۆ نوسین یان

بە قەڵەمی

شێخ محەمەدی خاڵ

ئەندامی کۆڕی زانیاریی عیراقی و جێداری

سەرۆکی کۆڕی زانیاریی کورد

پێشکەشکردن

پێشکەش بێ بە گیانی پاکی ئەو پێشینانەی کە ئەم پەندانەیان داداوین، وە ئەم سەرمەشقانەیان بۆ کێشاوین، کە تا جیهان جیهان بێ و گەلی کورد لە ڕووی کاربێ، بە پێی ئەم پەندانە هەڵ ئەستن، وە لە بەر ڕووناکییان دائەنیشن.

پێشکەش بێ بە گیانی ڕەوانی ئەو باووباپیرانەی کە ئەم کەلەپوورەیان بۆ بەجێ هێشتووین، کە ئەمە هەزاران ساڵە خۆراك و پێ بژێوی گیانمانن، وە بە هۆی ئەوانەوە توانیومانە لەم جیهانە بۆگەنەدا بژین، وە لە سەر شانۆی ژیان هەڵسوڕێین، وە خۆمان نیشان بدەین، وە لەبەر باری لاسەنگ و خواری ڕۆژگارا بوێستین، وە لەبەر وەیشومەی جیهانا وەك کێوی پیرەمەگرون سنگ داکوتین، بە ڕەنگێکی وا نە بە زللەی ڕۆژگار بلەرزین، وە نە لە هەڕەشەی دەوران بترسین.

محەمەدی خاڵ

پێشەکی:

شێخ محەمـەدی خـال نووسـەر و خـاوەن بیرێکـی ناسـراوە، جـێ پەنجـەی لـە بـواری کوردایەتیدا بەدی ئەکرێ لە سەرانسەری کوردستانی گەورەدا. ئەو کوردایەتییەی کە بە ئـەنجام دانـی کـاری گـەورە خزمـەتی مەسـەلەی نەتوایـەتیمان پێکـردووە، وە هـەموو کوردێك بە جیـاوازی بـیروڕا کـەڵکی لـە بەرهەمـەکانی وەرگرتـووە و وەرئـەگرێ. شـێخی خاڵ بە بیر و قەڵەم و کۆششی بێوچان لەماوەی (٥٥) ساڵدا زۆر بەرهەمی هەمەجۆری بـە کـەڵکی پێشکەش نەتـەوەی کـورد کـردووە، وە کـەلێنێکی گـەورەی پـڕ کردۆتـەوە لـە کتێبخانەی کوردیدا، وە ڕۆڵێکـی دیـاری هـەبووە لـە بووژاندنـەوەی کەلـەپوور و سـامانی نەتەوایـەتیمان و ناسـینی کـورد بـە جیهـان وە بـە قەڵەمەکـەی خزمـەتی گەلەکـەی بـە گـرنگترین پێویسـتی سەرشـانی خـۆی ئـەزانی. وە وەك نووسـەرێکی خـاوەن بـەهرەی بەدەسەڵات توانیویـەتی زۆر بەرهـەمی نۆبـەری بـە کـەڵك ئـەنجام بـدات لـە زۆر بـواری جیاوازی ڕۆشنبیریدا، کە لە پێش ئەودا کەس نەبوو لەو بوارانەدا شتێك بنووسـێ، وەك (فەرهەنگی خاڵ) کە ئەنجامی کۆششی (٤١) سـال بـوو لـە بـواری زمانەوانیـدا. لـەبواری ئەدەبیشدا ژیاننامەی شاعیر و نووسـەرە کۆنـەکانمان کـە پـێش ئـەو بـاس نـەکراون وەك پێویست وەك (مفتی زەهاوی و شێخ مەعروفی نۆدێ و بیتوشی و مەلامحەمەدی خـاکی و سەید ئەحمەد فائزی بەرزنجی) لە بواری کەلەپوور و میراتی نەتەوایەتیشمان (پەنـدی پێشینان) کە بـۆ یەکـەم جار لـە سـاڵی ١٩٥٧ دا کەوتـە بـەردەم خوێنـەرانی کوردەوە کـە بـریتی بـوو لـە ١٣١١ پەنـد. چاپی دووەمـی لـە سـاڵی ١٩٧١ دا بـوو کـە ژمـارەی پەنـدەکانی گەیشتە ٣٨٩٣. ئێستاش وا بە هیممەت و دڵسۆزی لێپرسـراوانی دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم، چاپی سێیەمی ئەنجام درا کە بریتییـە لـە ٤٥١٣ پەنـد، واتـە بـە زیـادبوونی ٦٢٠ پەنـدی تـریش کـە خوالێخۆشـبووی بـاوکم لـە دوای چـاپی دووەمـەوە بـە کۆشـش و ماندووبوونێکی زۆر کۆی کردونەتەوە کە بەشێك لەو پەندانە هی ناوچەی هەولێرە.

سوپاس و پێزانینم بۆ کاربەدەستان و کارمەندانی دەزگای چاپ و پەخشی سـەردەم کـە دیارییـەکی بـە نـرخ پێشـکەش خوێنـەرانی کـورد ئەکـەن لـە هـەر کوێیـەك بـن. بـە تایبەتی کتێبی ناوبراو لـە مێژە لـە کتێبخانەیـەکی کوردسـتاندا نـەماوە، وە ژمارەیـەکی زۆر لە خوێندەواران و ڕۆشنبیران بە شوێنیا ئەگەڕێن و تینوون بۆی.

خالید محەمەد خاڵ

سەرەتای چاپی یەکەم

پەندی پێشینان: وتارێکی کورتی، ڕێك و پێکی، جوانی، بەتامی، بە تەوژمی، کاریگەرە، کە لە دڵ و دەروونێکی، بێداری، ئاوەدانی، ئاگاداری، پێشینانەوە هاتبێتە دەرەوە، لە دوای بەراورد و تاقی کردنەوەیەکی دوورودرێژ.

پەندی پێشینان: فەلسەفەی ژیان و ، دەنگی تاقی کردنەوەی جیهان و بەری ڕەوان بێژیی (بلاغە) ڕەوان بێژان (بليغان)ە، کە باووباپیران لە هەزاران ساڵەوە، بەکەلەپورێکی وێژەیی، بۆیان بەجێهێشتووین، تا بیانکەین بە ئاوێنەی باڵانما بۆ خۆمان.

پەندی پێشینان: بیرێکی جوان و ، پوڕتەوێکی دەروونە، هێندێ جار هەڵ ئەقوڵێ، لە دڵێکی ئاوەدانەوە، بۆ سەردەم و زبانێکی ڕەوان لە کاتی دوان، یا دوای ڕوداوێك، کە ڕوو بدات، لەپاشا زۆر بە خێرایی دەماودەم ئەکەوێ و بڵاو ئەبێتەوە، وە پشتاوپشت ئەگێڕێتەوە، لەبەر جوانی و ڕێكوپێکی خۆی، تا نمونەی ئەو شتەی کە پەندەکەی تیا وتراوە، ڕوو ئەداتەوە، ئەو حەڵە خاوەن مەبەس پەندەکە ئەخوێنێتەوە، بۆ بەهێزکردنەوەی قسەکەی، یا ڕۆوناك کردنەوەی باسەکەی.

پەندی پێشینان: زادەی سروشتی ئادەمییە، لەبەر ئەوە لە ناو هەموو گەلێکا هەیە، وە بەهەموو زبانێك وتراوە، وە زۆریان لە یەك ئەچن.

پەندی پێشینان: لەهەموو شت کاریگەرترە لەدڵی کۆمەڵەدا، چونکە هەر لە دەروونی خۆیانەوە هەڵقوڵاوە، وە لە سەر ڕوپەڕەی دڵیان هەڵکەندراوە، لەبەر ئەوە خوێندەوار و نەخوێندەوار و لادێیی و شاریی و دانا و بۆرە پیاو، وەك یەك بەلایانەوە جوانە، وە هەموو لە کاتی قسە کردنا، بۆ بەهێز کردنەوەی قسەکەیان، ئەڵێن: وەك پێشینان وتویانە.

پەندی پێشینان: زادەی بیر و باوەڕی گەلە، وە دەست کردی کۆمەڵەیە، بێئەوەی کە بزانرێ خاوەنەکەی کێیە، تەماشا ئەکەیت لە کاتی قسە و گفتوگۆدا، ئەگەر شیعرێك، یا ئامۆژگارییەك بخوێنیتەوە، ئەڵێت: وەك فلان زانا وتویەتی، یا فیسار پێشەوا فەرموویەتی، بەڵام کە پەندێکی پێشینان بخوێنیتەوە، ئەڵێت: وەك پێشینان وتویانە، بێ ئەوەی کە خاوەنەکەی ناو ببەیت، یا بزانی کێیە.

پەندی پێشینان: وەك سەربازی نادیار (جندی مجهول) وایە، هەر وەك کۆمەڵە و گەل بیەوێ، کە هەر بە ماڵی تێکڕایی خۆی بمێنێتەوە وایە.

زۆر جار بەو پەندە، رەخنە ئەگیرێ لە ناتەواوییەکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی، یا ڕەوشت و خویی، بێئەوەی کە کەس بترسێ لە زۆردارێکی ستەمکار، یا لە سەرۆکێکی دەوڵەتی، چونکە خاوەنی پەندەکە، ون و نادیارە، وە کەس نازانێ کێیە، وابزانم هەر لەبەر ئەوەیە، کەوا پەندی پێشینان، کراوە بە سەربازی نادیار، تا هەموو کەسێك بتوانێ لەلاوە، چ رەخنەیەك ئەگرێ، بیگرێ.

پەندی پێشینان: بەرزی بیر و باوەڕی گەل نیشان ئەدات لە ناو گەلانی تردا، وە ئەندازەی تێگەیشتن و پێگەیشتن بەرچاو ئەخات، وە بە تەواویی ئاشکرا و تمایانی ئەکات، کە ئەو گەلە ئەندامێکی بەهۆش و بیرە، لە جەستەی ئادەمیی دا، وە شایستەی ژیانە، یاخۆ ئەندامێکی بێ هۆش و گۆش و ، شایستەی نەمانە.

پەندی پێشینان: وەك شتێکی زیندوو هەمیشە لە زاووزێ دایە، وە هەر یەکەی لە ناوچەیەکا لە دایك بووە، وە لە بەسەرهات و چۆنیەتیەکدا هاتۆتە جیهانەوە، لە هەژاریی، یا دەوڵەمەندیی، زەبوونی، یا دەسەڵات و گەورەیی، یا داد و پرسینەوە، ئنجا کۆمەڵە لەو کاتانەدا بێ پەروا پەندێکیان لە دڵ و دەروونەوە هەڵقوڵاوە، بۆ سەر دەم و زمانیان، سایا بەدەم ئاه و هەناسەی سارد و قوڵپی گریانەوە، وە یا بەدەم پێکەنین و بزە و زەردەخەنەوە.

پەندی پێشینان: هەندێکیان وەك شیعر رێكوپێك و رەوان و بەرانبەرن وەك:

(ئاوێ بڕوا بۆ رۆخانە خوێش بیخوا نەك بێگانە)

هێندێکیشیان لە شێوەی پرسیار و وەرامان، وەك:

(کوێرە چیت ئەوێ؟ دوو چاوی ساغ)

(ئەڵێ ژاڵە بۆ وا تاڵیت؟ لەبەر برا مردن، گوڵت بۆ وا جوانە، لەبەر دۆست و دوژمن)

ئەوانیکەی تری هێندێکیان، لە پەردەی ئامۆژگاریی دان، وەك:

(کردن هەتا مردن)

(نازانم، رەحەتی گیانم)

هێندێکیان هەر باسی ئەوە ئەکا کە هەیە (بیانی واقع) وەك:

(ئەگەر لووت نەبێ چاو چاو ئەخوات)

(بە تەماشا کردن بوایە، سەگ زوو فێری قەسابی ئەبوو)

یا لە پەردەی جنێو و پلاران، وەك:

(ئەگەر دڵسۆزت بوایە، ئێستا لە میری سوور ئەبوویت)

یا لە پەردەی تەشبیهایە، وەك:

(ئەڵێی دڕکی مەم و زینە)

(ئەڵێی لە گوێی گادا نووستوە)

یا لە پەردەی مەتەڵۆکە دایە، وەك:

(قسەی راست بەردە، راست گۆبە، درۆ بەردە)

پەندی پێشینان چونکە دەست کردی هەموو گەلە بە تێکڕایی، وە زادەی بیروباوەڕی گشت لایەکیانە، بێگومان هێندێکیان لە ناوچەی خوێندەواری و ژیری و بیری بەرزو، هێندێکیشیان لە ناوچەی نەخوێندەواری دا داڕێژراون، هەر وەك هەموو شیعر و داستان و گۆرانی و سەرگوزەشتێکی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوە هێندێکیان ئەبینین لە کاڵا و مەبەستێکی زۆر قەشەنگ و جوان ودڵ چەسپا، وە هێندێکیشیان ئەبینین لە بەرگ وکاڵایەکی تردا، بەڵام هەموو بە تێکڕایی جوانن، وە هەر یەکە وەك ئەستێرەی ئاسمان جۆرە و رشە و پرشە و بریسکە و تریسکەیەکی هەیە، وە هەر یەکەی نیشانەی شتێکە، وە رێنموونی چەند کەسێك ئەکات بۆ مەبەستێکی بەرز.

پەندی پێشینانی هەموو گەلێك سەرگوزەشت و مێژوویەکی تایبەتی هەیە، ئەگەر بزانرێ کێ وتوویەتی، وە چۆن، وەبۆچی، وە کەی وە لە کوێ وتراوە، ئەو حەلە زۆر شتی ئەو ماوەیە دەرئەکەوێ لە بابەت کۆمەڵایەتی و زانین و ئاین و سیاسەت و ئابووری و پیشەسازی و رەوشت و خووەوە، وە ئەو پەندە وەك ئاوێنەیەکی باڵانما، چۆنیەتی ئەو سەردەمەمان بۆ روون ئەکاتەوە، بەڵام داخەکەم هێشتا کوردی قوربەسەر، ئەوەندە ماوەی نەبووە کە بحەسێتەوە، وە بیر لە شتی وا بکاتەوە.

جاران پەندی پێشینان بە سەر دەمی هەموو کەسێکەوە بوو، لە خوێندەوار و نەخوێندەوار و پیاو و ژن و گەورە و بچوك، بەڵام داخەکەم ئەمە چەند ساڵێکە پشت گوێ خراوە و لە بیر براوەتەوە، وە بەرەبەرە خەریکە لە ئاسۆی کوردەواریی ئاوا ئەبێ، وە ئەچنەوە پەردەی نەبوون.

زۆرتر ئێستا لە ناو ژنانی نەخوێندەوارا بەکار دێنرێ، ئەتوانم بڵێم زۆر ئافرەتی وامان هەیە هەرچی قسە و گفتوگۆی هەیە هەمووی هەر بە پەندی پێشینانە، بەڵام داخی بە جەرگم لەبەر ئەوەی کەسمان نییە کە ئەمانە کۆ بکەنەوە، هەروا ئەم ئافرەتانە بەرودوا ئەمرن، وە لەگەڵ خۆیانا ئەو هەموو پەندانە ئەبەنە ژێر گڵ.

ئنجا ئەگەر هەروا بڕوا، لە پاش چەند ساڵێکی تر، ئەم کەلەپووورە وێژەیی یە بە نرخەمان ئەچێتەوە باوەشی پێشینان، وە بە دەستی خۆمان زیندە بە چاڵیان ئەکەین، وە ئەگەر کۆشیان بکەینەوە، ئەوا نامەخانەیەکی گەورە پێکەوە ئەنێین، وە دائیرەی زانیاری (معارف) یەکی سەدەها ساڵ ئەخەینە سەر یەك.

جا لەبەر ئەوە هاتم دەستم کرد بە کۆ کردنەوەیان، وە زۆریانم لە گۆڕ هێنایە دەرەوە و زیندوم کردنەوە، وە هەموویانم بە پێی پیتی یەکەم و دووەم، تا بیستەم و سیهەم ریز کردن، وە مەبەستم لێدانەوە، وە شوێنی بە کارهێنانیانم نووسی، لەگەڵ چیرۆکی هێندێکیانا کە ئەم زانی، سا بەڵکو رۆژێکیش بێ، مێژووی هەموو پەندێکیان بە تایبەتی بنووسین، بە یارمەتی برادەران و مامۆستایانەوە.

ئێستاش ئەی خوێندەوارانی کورد، ئەوەندەی ئێمە پەندی پێشینانمان کۆ کردۆتـەوە، دە ئەوەندەی تری ماوە لە دێهات و لادێ و شارە کوردەکان و ناوچە کوردەوارییەکانا، بـێ گومانم باپیران و داپیرانمان چاوەڕوانی ئەوەمان لێ ئەکەن کە ئەم کەلەپوورە بـە نرخـە کۆ بکەینەوە وە لە چەپاڵەی رۆژگار بیان پارێزیین. لـە پاشا هـەر یـەکێك لـەم پەندانـە مێژوویــەکی تایبــەتی و سەرگوزەشــتەیەکی خـۆی هەیــە کــە ئــەبێ بدۆزرێنــەوە و بنووسرێن، سا خوا یارمەتیمان بدات بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان.

سلێمانی٩/٩/١٩٥٧

محەمەدی خاڵ

سەرەتای چاپی دووهەم

لە ساڵی ١٩٥٧دا (١٣٠٨) پەندم کۆ کردەوە، وە بە ڕیزکراوی و ڕافە (شرح) کراوی لە چاپم دان، وە لەماوەیەکی کەما بڵاو بووەوە.

ئنجا لە هەموو لایەکەوە دەست کرا بە داوا کردنی، ناچار کەوتمە بیری لە چاپدانەوەی، بەڵام بە ڕاستی رووم نەهات هەر وەك خۆی لە چاپی بدەمەوە، چونکە جیهان بە شەو و ڕۆژ و ساڵ و مانگییەوە، وە بە ئەستێرە و زەوییەوە، وە بە دار و درەخت و ئادەمی و گیان لەبەرانییەوە هەموو لە جوڵانو گۆڕانان، لەبەر ئەوە منیش دەستم کرد بە کۆکردنەوەی پەندی تر، وە لە ماوەیەکی زۆر کەما دوو ئەوەندەی پەندە کۆنەکان، پەندی ترم کۆ کردەوە.

لە پاشا بیستم کە مەلا محەمەدی حاجی مەلا کەریمی بیارە، زۆر پەندی کۆ کردۆتەوە کە لە لای من نییە، منیش داوام لێکرد کە ئەو پەندانەم نیشان بدا، تا تەماشایەکیان بکەم، وە چیم لە لا نەبێ وەریان بگرم، خوا حەقە ئەویش پیاوانە و مەردانە، دەفتەرەکانی خۆی بۆ هێنام، بەڵێ زۆری تیا بوو، بەڵام دووسەد پەندێکم لێ هەڵبژارد وە لەگەڵ پەندەکانی لای خۆما، بە کۆن و تازەوە تێکەڵم کردن، وە بە ڕیزکراوەیی و ڕافە کراوەیی، لەجاران جوانتر و ڕەوانتر لە چاپم دانەوە، وە پێشکەشی خوێندەوارانی بەڕێزم کردن.

زۆر سوپاس بۆ مەلا محەمەد کە ئەم پەندانەی بە نووسراوەیی و پوختە کراوەیی بۆ هێنام، ئەگەر هەموو خوێندەوارێك نەخوازەڵا مامۆستای دێهاتەکان – ئەمەندە هەوڵیان بدایە، وە لەگەڵ پەندێکیان بیست، خێرا بیان نووسیایەتەوە، ئێستا خاوەنی کەلەپوورێکی وێژەیی زۆر گەورەی وا ئەبوون کە شانازیمان پێوە بکردایە، ئێستاش ئەی مامۆستاینە، نەچووە بچێ، لەمەولا واتان پیا ڕائەپەرموویین کە هەر پەندێکتان بیست خێرا بینووسنەوە بە خۆی و چیرۆکەکەیەوە، وە بۆمانی بنێرن بۆ چاپی سێهەم.

ماوەتەوە قسەیەکی زۆر گرنگ، کە پێویست بە درکاندنە ئەویش ئەمەیە کە لەم هەموو پەندانەدا، دە، پانزە، بیست پەندێکی تیایە کە بێپەردە و کاڵا بێ، هێندێ جار ئەهاتمە سەر ئەوەی کە نەیان نووسم، وە بیانکەم بە ژێر لێوەوە، بەڵام کە تەماشام ئەکرد، ئەمانە کەلەپورێکی وێژەیی پێشینانن، کە بۆ ئێمەیان بەجێهێشتووە بە یادگار، ئنجا ئەگەر نەیان نووسین، لەوانەن کە جارێکی تر بە بیردا نەیەن، یا چاپ نەکرێن، ئەو حەلە لەناو بچن، کە ئەمەش بە دریغ و کۆتاییەکی وێژەیی ئەزانم، لەبەر ئەوە نووسیمن، وە داوای لێبووردن ئەکەم، ئیتر لەسەر خوا.

سلێمانی ١٩٦٩/٦/٢ محەمەد خاڵ

(پیتی ئەلف)

١)- ئاخ زۆرە ! پەی زاتێ[1]

٢)- ئاخری پیری، جۆ بەتیری[2]

٣)- ئاخری عومر و هەوەڵی ترۆیی[3]

٤)- ئاخورِ خوار، گا هار[4]

٥)- ئاخورِی بەرزە[5]

٦)- ئاخورِی خۆی لێ گۆڕاوە[6]

٧)- ئاخورِی چەورە[7]

٨)- ئادار نارِوا بە بێ دۆ، نیسان نارِوا بە بێ جۆ[8]

---

[1] ئەگێرِنەوە کە کابرایەکی هەورامی بەهێز، بە رێگایەکا ئەرِوا، جەردەیەك دووی ئەکەوێ، بۆ ئەوەی کە لە هەڵێکا رووتی کا، تا کابرای هەورامی ئەگاتە قورِ و ئاوێك، وڵاخەکەی بە بارەوە لەقورِەکە ئەچەقێ، ئەمیش ئەچێتە ژێر سکی کەرەکە، وە بە خۆی و باریەوە هەڵی ئەگرێ و ئەیباتە وشکانی، جەردەکە کە ئەمە ئەبینێ پەشیمان ئەبێتەوە لە رووت کردنەوەی، بەڵام کابراکە وڵاخەکەی دائەنێ، ئەڵێ: (ئاخ زۆرە پەی زاتێ)، واتە خۆزگە ئەم هێزە، زاتێکی لەگەڵا ئەبوو، کە جەردەکە گوێی لەمە ئەبێ، تێ ئەگا کە کابرا ترسنۆکە، ئیتر ئەچێتە سەری رووتی ئەکاتەوە.

[2] تیری: نانێکی تەنکە کە بە تیرۆك بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئاردی جۆ بێ پێزە، نانی تیری لێ ناکرێتەوە، مەگەر بە رەنج و کۆششێکی زۆر، کە ئەوە هەر لەتوانای جوانایە، نەك پیری بێتاقەت. بە پیرێك ئەوترێ کە بە کارێکی قورسەوە خەریك بێ.

[3] بە یەکێك ئەوترێ، کە دوای پیری دەست بکا بە بەدکرداری.

[4] بە کارێکی چەواشە ئەوترێ کە هیچی بە سەر هیچەوە نەبێ.

[5] بە یەکێك ئەوترێ، کە ترِی زل و لووتی بەرز بێ.

[6] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەخۆی گۆرِابێ.

[7] بە یەکێك ئەوترێ کە ساماندار و سایە چەور بێ.

[8] واتە لە کوردستان، لەیەکەم مانگی بەهارا لەوەرِ پێ ئەگا و ئاژەڵ پاك ئەبێتەوە، هەر وەك لە نیسانا جۆ دروێنە ئەکرێ و نوخشە دەرئەچێ.

٩)- ئاداره، مەشکە لەداره[٩]

١٠)- ئارد بێژان و گیان کێشان[١٠]

١١)- ئارد چووە هەمانێ، مێرده ئەڵێ هانێ، ژنە ئەڵێ کوانێ[١١]

١٢)- ئاردی بن درك، گرد نابێتەوه[١٢]

١٣)- ئاردی بێژراوه، سۆسشی رێژراوه[١٣]

١٤)- ئاردی بێژراوه، کەپەکی ماوه[١٤]

١٥)- ئاردی جەواڵم خواردووه و هەمانەم ماوه[١٥]

١٦)- ئاردی رۆیوه و سۆسی ماوه[١٦]

---

[٩] واتە لە کوردستان، لەیەکەم مانگی بەهارا لەوەڕ پێ ئەگا و ئاژەڵ پاك ئەبێتەوه، هەر وەك لە نیسانا جۆ دروێنە ئەکرێ و نوخشە دەرئەچێ.

[١٠] ئەگێڕنەوه کە ژنێکی مێردار، دۆستێکی ئەبێ، هەموو ڕۆژێك کە مێردەکەی ئەچێتە سەر ئیش، ئەو لەگەڵ دۆستەکەیا دەست ئەکا بە کەیف کردن، تا نزیك هاتنەوەی مێردەکەی، ئەو حەلە ئنجا پەلەپەل دەست ئەکا بە نان کردن، مێردەکەی کە بە برسێتی و ماندوویەتی دێتەوه، ئەبێت زۆر چاوەڕوان بکا، تا دوو نانی بۆ ئەبرژێنێ، هەر چەند بە ژنەکەی ئەڵێ: (تۆ بۆچی ئەم نانە زوو پێ ناگەیەنی؟) ئەڵێ پیاوەکە (ئارد بێژان و گیان کێشان) ڕۆژێك کابرا وەڕەس ئەبێ ئەڵێ: وا نییە، ئارد زوو ئەبێژرێتەوه، ئەو ئاردەم بۆ بێنە، من زوو بۆت ببێژمەوه) ژنەش ئەچێ ئاردەکەی بۆ ئەهێنێ، وە فێڵێکی لێ ئەکا، بەم رەنگە هێڵەکەکەی بۆ لە ئاو هەڵئەکێشێ، لە پاش چۆڕانەوەی ئەیداتە دەست مێردەکەی، کە ئاردەکەی تێ ئەکا، لەبەر تەڕی هێڵەکەکە ئاردەکە ئەخوسێتەوه و کونی هێڵەکەکە ئەگرێ. وە هەر چەند ئەکا ئاردەکە دانادا، ئنجا ژنەکە پێی ئەڵێ: پێم نەوتی (ئاردبێژان و گیان کێشان) ئێستا ئەم پەندە لە ڕووی تەوسەوه بە یەکێکی ئەڵێیت کە ئیشێکت بۆ بکات وە بە فێڵ دوای خا و درەنگ بیداتە دەستت.

[١١] بە یەکێك ئەوترێ، هەر چییەکی بۆ بکەیت دیار نەبێ.

[١٢] بە ماڵێك ئەوترێ، کە پڕا بێ بە جۆرێك کۆ نەکرێتەوه.

[١٣] بە کارێك ئەوترێ، کە پوختە و ئامادە کرابێ.

[١٤] واتە باشی رۆیوه و خراپی ماوه.

[١٥] یەکێك ئەیڵێ کە بەشی زۆری تەمەنی بە سەر بردبێ و بەشی کەمی مابێ.

[١٦] بەشتێك ئەوترێ، کە کەڵکی نەمابێ.

١٧)- ئاردی ورد، له ماڵی خاوەنی دێته دەرێ[١٧]

١٨)- ئاروو به بڕکەوە جوانه[١٨]

١٩)- ئازا جارێك ئەمرێ، ترسنۆك رۆژی سەد جار ئەمرێ[١٩]

٢٠)- ئاسکی ماندوو ئەگرێ[٢٠]

٢١)- ئاسکی نەگیراو ئەبەخشێ[٢١]

٢٢)- ئاسکی نەگیراو زۆره[٢٢]

٢٣)- ئاسمان دوور و زەویی سەخت[٢٣]

٢٤)- ئاسمان سەره خەرێتی و زەویی ژێرەخەر[٢٤]

٢٥)- ئاسمان ستوونی ئەوێ[٢٥]

٢٦)- ئاسمان له بەر چاوم تاریك بوو[٢٦]

٢٧)- ئاسمان لێفه بێت، دایناپۆشێت[٢٧]

٢٨)- ئاسمان و ڕێسمانه[٢٨]

٢٩)- ئاسنی سارد ئەکوتێ[٢٩]

---

[١٧] هەژارێك ئەیڵێ، که داوای شتێکی لێ بکەن که له ماڵیا نەبێ، واته شتی وا له ماڵی من چی ئەکات؟ ئەوه هەر له ماڵی خاوەنی خۆی دێته دەرێ.

[١٨] ئاروو خەیاره، واته مەردوم به کەس و کار و خزم و خوێشیەوه جوان و به نرخه.

[١٩] واته هەموو ترسێك مردنێکه.

[٢٠] به یەکێك ئەوترێ، که بچێ به گژ یەکێکی زەبوونا.

[٢١] به یەکێك ئەوترێ، شتێك ببەخشێ که هی خۆی نەبێ.

[٢٢] واته شتێك نرخی هەیه که له ژێر دەستا بێ.

[٢٣] یەکێك ئەڵێ: که له تەنگانەیەکا بێ، وه دەستی به کەسا ناگا.

[٢٤] به یەکێك ئەوترێ، که زۆر هەژار و رەجاڵ بێ.

[٢٥] به قسەیەکی درۆی زۆر زل ئەوترێ.

[٢٦] یەکێك ئەڵێ: که لەشتێك زۆر تووڕه، یا به شتێك زۆر خەمبار ببێ.

[٢٧] به یەکێك ئەوترێ که دەنگی زڕابێت و نەنگ و بەدناوی دەرکەوتبێ.

[٢٨] به دوو شتی وا ئەوترێ، که زۆر له یەکەوه دوور بن.

[٢٩] به یەکێك ئەوترێ که به ئیشێکەوه خەریك بێ که دەرەقەتی نەیەت.

۳۰)- ئاسنی سارد بە فوو گەرم نابێ[30]

۳۱)- ئاسنی سارد مەکوتە[31]

۳۲)- ئاسوودە خۆم، کەرم نییە، لە کا و جۆ خەبەرم نییە[32]

۳۳)- ئاسیاو گرمەی دێ و ئاردی دیار نییە[33]

۳٤)- ئاسیاو کە کرا، یادانی دە، یا ئاوی ببڕە[34]

۳۵)- ئاسیاوی فەرەهارِ، وردیش ئەهاڕێی و درشتیش[35]

۳٦)- ئاش ئاو بردوو، ئاشەوان لە چەقچەقە ئەگەڕێ[36]

۳۷)- ئاش ئەگەڕێ و چەقەنە سەری خۆی ئەشکێنێ[37]

۳۸)- ئاش بە چەقەنە و مەسۆیی بە چەنە[38]

۳۹)- ئاش بمیزێ، لە حیزی ئاشەوانە[39]

---

[30] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە ئیشێکی گەورەوە خەریك بێ، بێ ئـەوەی یارمـەتی دەرێکـی ببێ.

[31] تەماشای دوو پەند پێش ئەم پەندە بکە.

[32] یەکێك ئەڵێ: کە کەسێکی وای نەبێ داوای شتی لێ بکا.

[33] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەمیشە خەریکی ئیشکردن بێ، کەچی هیچیشی دیار نەبێ.

[34] بە یەکێك ئەوترێ کەلام سەرلایی، کارێك بگرێتە دەست واتە کارەکەت یا پیاوانە بکە یا دەستی لێ هەڵگرە.

[35] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەبەر ئیش و کار زۆری، ئیشەکەی ناپوخت بێ.

[36] بە یەکێك ئەوترێ، زەرەرێکی قورسی کردبێ، دوای ئەوە بە شـوێن شـتێکی بـێ نرخـا بگەڕێ بۆ پڕ کردنەوەی ئەو زیانە.

[37] بەیەکێك ئەوترێ، کـە زۆر قسـە بکـا لـە ئـیش و کـاری یـەکێك، وە ئـەو یەکـەش هـەر خەریکی ئیشی خۆی بێ.

[38] مەسۆ: ناوی دێیەکە لە ناوچەی قەرەداغ، دانیشتۆکانی زۆر چەنەبازن، واتە کاری ئاش بەچەقەنە و کاری مەسۆیی بە چەنەدان جێ بەجێ ئەبێ، بە یەکێك ئەوترێ کە بـە هێـزی چەنە کاری خۆی بباتە سەر.

[39] بە یەکێك ئەوترێ، کە دەست و پێوەندی بـە قسـەی نەکـەن، لەبـەر بوودەڵـەیی و بـێ دەسەڵاتی.

٤٠)- ئاش گرمەی دێ و ئاردی دیار نییە[٤٠]

٤١)- ئاش لە خەیاڵێ، ئاشەوان لە خەیاڵێ[٤١]

٤٢)- ئاش و تەنوور بە نۆرە[٤٢]

٤٣)- ئاشێ لە میزتن بێ، هەر ئەمیزێ[٤٣]

٤٤)- ئاشە تەنوورە، بە نۆرە[٤٤]

٤٥)- ئاشەوان لە خەیاڵێك، باراش هاڕ لە خەیاڵێك[٤٥]

٤٦)- ئاشەوان، چ دۆست، چ دوژمن[٤٦]

٤٧)- ئاشتی بە ئاشتی و ، چێشتی بە چێشتی[٤٧]

٤٨)- ئاشتی دوای دەعوا خۆشتر لە حەلْوا[٤٨]

٤٩)- ئاشتی کتك و مشك، پرسەی بەقاڵە[٤٩]

---

[٤٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەمیشە لە رەنجا بێ و هیچی دیار نەبێ.

[٤١] بە یەکێکی ئەڵێیت: کە تۆ لە خەیاڵێك و ئەو لە خەیاڵێکی تردا بێ، وە ئەو وابزانێ کە تۆ لە خەیاڵەکەی ئەوایت.

[٤٢] واتە هەموو شت ئەبێ بە نۆرە بێ.

[٤٣] بە کارێك ئەوترێ، کە چەند جارێك پەکی کەوتبێ و دەستی پێکرابێتەوە.

[٤٤] واتە هەموو شت ئەبێ بە نۆرە بێ.

[٤٥] ئەم پەندە بە مەعنا چوار پەند لەمەپێشە.

[٤٦] واتە من کە باراش داریم، باراشی خۆم ئەهاڕم، دەخڵم نییە بە سەر ئەوەوە ئاشەوانەکە دۆستە یا دوژمنە، بە یەکێك ئەوترێ، کە بە پارە ئیش بکات واتە ئیشی خۆت بکە، دەخڵت بە سەر شتی ترەوە نەبێ.

[٤٧] یەکێك بە ئاشنایەکی خۆی ئەڵێ، واتە ئەگەر تۆ بە وشکی بێیت بۆ لای من، منیش بە وشکی دێم بۆ لات، وە ئەگەر بە چەوری بێیت، واتە ناو بە ناو زیافەت بکەیت زیافەتت بۆ ئەکەم.

[٤٨] چونکە هەر دووکیان پەشیمانن.

[٤٩] چونکە کە ئەم دوانە یەك کەوتن، هیچ لە دوکانی بەقاڵەکەدا نامێڵن ئەم پەندە یەکێك بە کاری ئەهێنێ کە دوو دوژمنی یەکیان گرتبێ.

٥٠)- ئاشتی کتك و مشکه[٥٠]

٥١)- ئاشی ئاو، به ئاو ئەگەڕێ[٥١]

٥٢)- ئاشی فرەهار، وردیش ئەهاڕێ و زبریش ئەهاڕێ[٥٢]

٥٣)- ئاشی کەم گەڕ هەیە، بەڵام هیچ نەگەڕ نییە[٥٣]

٥٤)- ئاشی کەم گەڕم دیوە، بەڵام هیچ نەگەڕم نەدیوە[٥٤]

٥٥)- ئاشی نەزان خوا ئەیگێڕێ[٥٥]

٥٦)- ئاگای لە خشەی مارو مێرووە[٥٦]

٥٧)- ئاگای لە مام شەهاب نییە[٥٧]

٥٨)- ئاگای لە مەحمودی بێ زەواد نییە[٥٨]

٥٩)- ئاگر ئەکاتەوە[٥٩]

٦٠)- ئاگر کەوتەوە، ئاگر بڕ ئەکرێ[٦٠]

٦١)- ئاگر لە سەر پشتی بکەرەوە[٦١]

٦٢)- ئاگر لە چاوی ئەبارێ[٦٢]

---

[٥٠] بە دوو کەس ئەوترێ، کە یەکێکیان زۆردار و ئەویتریان زەبوون بێ، وە زۆردارەکە بیەوێ بە ناوی دۆستایەتییەوە ماڵی زەبوونەکە بخوا.

[٥١] واتە هەر شتە شتێکی ئەوێ.

[٥٢] واتە ئیش کە زۆر بوو، باشیش ئەبێ و خراپیش ئەبێ.

[٥٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە هیچی لە دەست نەیەت.

[٥٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە هیچی لە دەست نەیەت.

[٥٥] بە یەکێکی گێلۆکە ئەوترێ کە لە کاری خۆیا هەمیشە سەرکەوتوو بێ.

[٥٦] بە خوا ئەوترێ.

[٥٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە شتێك بێ ئاگا بێ.

[٥٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە شتێك بێ ئاگا بێ.

[٥٩] واتە زۆر تووڕەیە.

[٦٠] ئەگینا تەڕ و وشك پێکەوە ئەسوتێ.

[٦١] بە یەکێکی حیزی بێ نرخ ئەوترێ، کە هیچی لە دەست نەیەت.

[٦٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئەوەندە تووڕە بووبێ، چاوی سوور هەڵگەڕابێ.

٦٣)- ئاگر لە چاوی ئەبێتەوە[٦٣]

٦٤)- ئاگر لە کای کۆن بەر نەبێ[٦٤]

٦٥)- ئاگر نەچێتە کای کۆن[٦٥]

٦٦)- ئاگرە سووری، لەخۆم دووری[٦٦]

٦٧)- ئاگری بەری، دای لەسەری[٦٧]

٦٨)- ئاگری پێوەنێیت، بۆسۆی لێ هەڵناستێ[٦٨]

٦٩)- ئاغا دەست مەشۆ، نە بۆ منە و نە بۆ تۆ[٦٩]

٧٠)- ئاغا ژنی سەرچەپەری، پشیلەکە هات دووگەکە بەری، بێزی نەهات ختەکەری[٧٠]

٧١)- ئاغا ڕۆ، خوا شوکر[٧١]

٧٢)- ئاغا چوو بۆ سەروپێ نەبوو، خزمەتکاری نارد بۆ دەس و پاڵوو[٧٢]

---

[٦٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئەوەندە توورە بووبێ، چاوی سوور هەڵگەڕابێ.

[٦٤] بە کۆنە عاشقێك یا خەفەتبارێك ئەوترێ، کە عەشقەکەی یا خەفەتەکەی تازە بووبێتەوە.

[٦٥] بە کۆنە عاشقێك یا خەفەتبارێك ئەوترێ، کە عەشقەکەی یا خەفەتەکەی تازە بووبێتەوە.

[٦٦] یەکێك ئەیڵێ، کە ئاژاوەیەك قەومابێ و خۆی تیا نەبێ.

[٦٧] بە یەکێکی حەشەریی ئەوترێ، کە ئارەزووی جوتگرتن سەری لێ تێك دابێ، وە کاری ناشیرینی پێ کردبێ.

[٦٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر رووت و قووت بێ.

[٦٩] بە یەکێك ئەوترێ کە بە تەمای شتێك بێ کە بۆ ئەو نەبێ.

[٧٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەبەر دەعیە و دەمار زەرەر لە خۆی دوور نەخاتەوە.

[٧١] بە یەکێك ئەوترێ کە مردوویەکی وای مردبێ پێی خۆشبێ، بە دیمەنیش شیوەنی بۆ بکا.

[٧٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە خۆی چووبێ بۆ کارێکی سوك پێی نەکرابێ، کەچی دوای ئەوە خزمەتکارەکەی بنێرێ بۆ کارێکی گەورەتر.

٧٣)- ئاغا و خزمەتکار لێك راست بوونەوە قوربانی و قوربان لە بیر چوونەوە[٧٣]

٧٤)- ئاغاژنی بەرچەپەرێ، باوەشێن کلکی کەرێ[٧٤]

٧٥)- ئافتاوە و لوولێنە، کاری یەك ئەکەن، بارمتە نانیان حسابە[٧٥]

٧٦)- ئافرەتی تافتەخوار، پیاوی گوێ بە گوار، ساڵی دوو بەهار، پەسەند نییە[٧٦]

٧٧)- ئاڵتوون لە قوڕا دیارە[٧٧]

٧٨)- ئاڵتوون ناوی زەڕەکەریش بۆی ئەزەڕێ[٧٨]

٧٩)- ئاڵیاوا لە قنگییەوە دیارە[٧٩]

٨٠)- ئانە گورز و ئانە مەیدان[٨٠]

٨١)- ئاو ئەکاتە بێژنگ[٨١]

---

[٧٣] بە بچووکێك ئەوترێ کە سیوایی لە گەورەکەی بووبێتەوە.

[٧٤] بە یەکێکی بووەی لێکەوتوو ئەوترێ کە تڕ و زڕی جارانی مابێ.

[٧٥] ئافتاوە: مەسینەیەکی دەسکداری لوولەدارە لە مس. لوولێنە: گۆزەڵەیەکی بچکۆلانەی لوولەداری دەسکدارە وەك مەسینە، ئەوی بە مەسینە بکرێ، بە لوولێنەش ئەکرێ، بەڵام ئافتاوە نرخێکی هەیە، بە ڕەنگێك کە لە بارمتەی شتێکا دابنرێ، بەڵام لوولێنە ئەو نرخەی نییە، بە دوو کەس ئەوترێ کە هەر دوکیان لە شتێکا وەك یەك وابن بەڵام یەکێکیان لەویتریان بە نرختر بێ لە ناو کۆمەڵدا بە ڕەنگێك کە قسە و گفتوگۆی زۆرتر بایەخی پێ ببێ.

[٧٦] بە شتێك ئەوترێ، کە لە باوی ناو کۆمەڵ بەدەر بێ.

[٧٧] بە ژنی جوانی هەژار ئەوترێ، واتە هەزار جار ڕەش و رووت بێ، جوانییەکەی هەر دیارە.

[٧٨] واتە کەر بۆیە ئەزەڕێ، چونکە زەڕەکەی لە وتەی (زەڕ) ئەچێ کە ناوی ئاڵتوونە.

[٧٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر ڕەش و رووت و شەڕو وڕ بێ.

[٨٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە خۆی هەڵکێشێ، وە بڵێ من بوومایە وام ئەکرد و وام ئەکرد، واتە ئەگەر راست ئەکەیت فەرموو ئەوە گورز و ئەوە مەیدان.

[٨١] بە یەکێك ئەوترێ، کە ڕەنجێکی بێهوودە بدا.

٨٢)- ئاو ئەکاتە سەبەتە[٨٢]

٨٣)- ئاو ببرێ لە ڕۆخانە، خۆ نابێ بە بێگانە[٨٣]

٨٤)- ئاو بە ئاوەدانی دا ئەچێ[٨٤]

٨٥)- ئاو بە دەستی خۆت نەخۆیەوە تامی نییە[٨٥]

٨٦)- ئاو بە دووی بێلەوە ئەڕوا[٨٦]

٨٧)- ئاو بە شوێنی لێژەوە ناوەستێ[٨٧]

٨٨)- ئاو بتبات، لە پردی نامەرد مەپەڕەرەوە[٨٨]

٨٩)- ئاو بێنە دەست بشۆ[٨٩]

٩٠)- ئاو دەزانێ پەنیری مەلا کێ خواردوویەتی[٩٠]

٩١)- ئاو کرا بە ئاگرا[٩١]

٩٢)- ئاو لە بێژنگا ئەهێنێ[٩٢]

---

[٨٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە ڕەنجێکی بێهوودە بدا.

[٨٣] ڕۆخانە: چەمی گەورەیە، واتە وشك بوونی ئەو جۆرە چەمانە کە هەرگیز نەبووە و نابێ ئەگونجێ بەڵام بوونی خۆ بە بێگانە هەرگیز ناگونجێ.

[٨٤] واتە تێر ئارەزووی ئاو خواردنەوە ئەکات نەك برسی.

[٨٥] واتە ئیشی خۆت، خۆت نەیکەیت، بێگانە وات بۆ ناکات بە کار بێ.

[٨٦] بە یەکێك ئەوترێ ، کە دەستی بڕوا، وە هەموو ئیشێکی بۆ بچێتە سەر.

[٨٧] واتە مەردومی دەست بڵاو پارەی بە دەستەوە نامێنێ.

[٨٨] چونکە کە ئاو بردتی، یەك جار ئەمریت، بەڵام کە لە پردی نامەرد پەڕیتەوە، تا ئەو ڕۆژەی ئەمریت هەموو ساتێکت مردنێکە.

[٨٩] بە شتێك ئەوترێ، کە هیچی نەمابێ.

[٩٠] ئەگێڕنەوە کە مەلای دێیەك لە دێهاتی کۆیە چەند سەلکێك پەنیری ئەبێ، یەکێك لێی ئەدزێ و ئەیخوا، ئێوارێ ئەهلی دێیەکە لە مزگەوت کۆ ئەبنەوە، یەکێکیان زۆر ئاو ئەخواتەوە ، لە پاشا لە مەلا ئەپرسن: ئایا نەتزانی کێ پەنیرەکەی خواردیت؟ ئەویش ئەڵێ: ئاو دەزانێ پەنیری مەلا کێ خواردویەتی.

[٩١] واتە ئاژاوەکە کوژایەوە.

[٩٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە ڕەنجی بێهودە بدا.

٩٣)- ئاو لە بێژنگا ناوەستێ[٩٣]

٩٤)- ئاو لە دەستی ناتکێ[٩٤]

٩٥)- ئاو لە دنگا ئەکوتێ[٩٥]

٩٦)- ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە[٩٦]

٩٧)- ئاو لەسەر زوڵفی ئەتکێ[٩٧]

٩٨)- ئاو لەسەر من، کە تێپەڕیی، چە یەك گەز چ سەد گەز[٩٨]

٩٩)- ئاو و ئاگر ئەمانیان نییە[٩٩]

١٠٠)- ئاو و ئاوەدانییان وتووە[١٠٠]

١٠١)- ئاوێ بە جۆگەیەکا رۆی، ئەبێ هەر بڕوا[١٠١]

١٠٢)- ئاوێ بە شوێنێکا رۆی ئەبێ هەر بڕوا[١٠٢]

١٠٣)- ئاوێ بڕوا بۆ رۆخانە، خوێش بیخوا نەك بێگانە[١٠٣]

١٠٤)- ئاوایی پڕە و مەتی کڕە[١٠٤]

---

[٩٣] بە یەکێکی دەم شڕ ئەوترێ، کە قسە لە دەمیا نەوێستێ.

[٩٤] واتە زۆر پیسکەیە.

[٩٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە تەمای شتێك بێ و هەوڵی بۆ بدا و دەستی نەکەوێ.

[٩٦] بە شتێك ئەوترێ، کە هەر لە سەرەتاوە باش نەبێ.

[٩٧] واتە زۆر گەنج و جوانە.

[٩٨] واتە من کە خنکام چ لە ئاوێکی تەنکا بێ، چ لە دەریایەکی قووڵابێ.

[٩٩] واتە لێیان بترسە.

[١٠٠] واتە لە هەر کوێیەك ئاو بوو ئاوەدانی ئەبێ.

[١٠١] واتە باوی کۆن زۆر درەنگ ئەگۆڕێ.

[١٠٢] واتە باوی ئەبێ هەر وەك خۆی بمێنێتەوە.

[١٠٣] واتە هەر چی خۆشی و قازانج هەیە هەمووی بۆ خزم و خوێش و گەل و هاوزبان بێ، تا ئەگاتە ئاوی چەم و رووباریش.

[١٠٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە دەنگێکی ناشرینی لێ دەرچووبێ هەموو ئاوایی بیستبێتی کەچی بە مەردوم بڵێ: ئەم قسەیە با هەر لای خۆت بێ، وە کەس نەزانێ.

١٠٥)- ئاوت شیرین، نانت گەنمین، ژنت هەر بووك بێ[١٠٥]

١٠٦)- ئاوەدان بێ "حەریر"ە هەر گوندێك و نۆ میرە[١٠٦]

١٠٧)- ئاوەدان بێ مەراغە، خوڵامی لێ بوونە ئاغا[١٠٧]

١٠٨)- ئاوەڵی قەل دەندووکی بە گووە[١٠٨]

١٠٩)- ئاوی ئاموون و توونی باباچێ[١٠٩]

١١٠)- ئاوی بێلغاو نەخواتەوە[١١٠]

١١١)- ئاوی رژاو گرد نابێتەوە[١١١]

١١٢)- ئاوی زۆردار سەربەرەو ژوور ئەڕوا[١١٢]

١١٣)- ئاوی سەر بەڕوو، نانی بێ کەڕوو، کووزەڵەی بێ زەروو، خۆشە[١١٣]

---

[١٠٥] چونکە ژیانی جیهان لای پیاوی دنیا هەر خواردن و خواردنەوەی پاك و تەمیز و ژنی جوانی رێك و پێکی شەنگ و شۆخە.

[١٠٦] حەریر: ناوی ناوچەیەکە لە کۆیە کە چەند دێیەك بە سەرەوە بووە، وە هەر دێیەك چەند ئاغا و میرێکی تیابووە، کە حەق وایە هەر دێیەك تاقە یەك میری تیا بێ، ئنجا ئەم پەندە بە تەوشەوە ئەوترێ بە شوێنێك کە لە جیاتی یەك گەورە، سێ چوارێکی تیا بێ، وە هەر یەکە لە لایەکەوە فەرمان بدا.

[١٠٧] مەراغە شارێکە لە تورکستانی ئێران، بە یەکێکی بچووکی نەدارا ئەوترێ کە کەوتبێتە حەسانەوەیەکی کاتییەوە، وە دەستی لە ئیش و کاری خۆی هەڵگرتبێ و پشتی سارد بووبێتەوە، واتە بە تەمەڵی دامەنیشەوە بچۆرەوە سەر ئیش و کاری جارانت.

[١٠٨] بە یەکێك ئەوترێ کە هاوڕێی مەردومی دەم پیس بێ، و ئەمیش وەك ئاوەڵی قەل دەمی خۆی پیس بکات.

[١٠٩] ئاو نییە لە جیهانا بە ناوی ئاوی ئاموون، ئەبێ ئەمە ئاوی ئامور بێ کە ناوی چەمێکە لە ناوەند روسیا و چینا، توونی بابا: ناوی دۆڵ و دەرەیەکی زۆر دووروودرێژ و بە پێچ و پلۆوچە لە رێی دەربەندیخان، هەر چی تێی کەوێ ون ئەبێ، ئەم پەندە بە یەکێك ئەوترێ کە حەزت لە چارەی نەبێ، وە نەتەوەێ بیبینیت.

[١١٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئیشی سەربەخۆ بکات، وە لە کەس نەترسێ.

[١١١] بە شتێك ئەوترێ، کە لە دەست چووبێ.

[١١٢] چونکە زۆری لەگەڵایە.

[١١٣] واتە شتی باش لە شتی خراپ پەیدا نابێ.

١١٤)- ئاوی سوێر، تینوێتی ناشکێنێ[١١٤]

١١٥)- ئاوی شیرین لە گڵی سوێر دەرناچێ[١١٥]

١١٦)- ئاوی چاوی سەنراوە[١١٦]

١١٧)- ئاوی کردە ژێر[١١٧]

١١٨)- ئاوی لە کوڵ ئەڵێ: هەر چیم کرد خۆم بە خۆمم کرد[١١٨]

١١٩)- ئاوی لێژان، گۆشتی گێژان (..)ی درێژان بە تامن[١١٩]

١٢٠)- ئاوی وا بە بێڵەوە[١٢٠]

١٢١)- ئاوی وا بە جۆگەوە[١٢١]

١٢٢)- ئاوێکی خراپ ڕێژراوە[١٢٢]

١٢٣)- ئاوێنە ئەگرن بە دەمێوە[١٢٣]

---

[١١٤] بەڵکو توینوێتی ئەدا، بە هەموو شتێك ئەوترێ کە پێچەوانەی مەبەست کار بکا.

[١١٥] واتە شتی باش لە شتی خراپ پەیدا نابێ.

[١١٦] ئاوی چاوسەندن: کردەوەیەکی تایبەتییە بۆ کوێر کردنی یەکێك بێ ئەوەی چاوەکەی ناشرین ببێ. جاران لوتی کە یارییان بە مەیمون و ورچ ئەکرد، ئاوی چاوی ورچەکانیان دەرئەهێنا، تا ڕانەکەن، وە پەلاماری کەس نەدەن. ناصرالدین شا، ئاوی چاوی "ڤل السلگان"ی کوڕی خۆی دەرهێنا، تا دوای مردنی خۆی نەچێ بە گژ (مظفرالدین شا)ی جێگەدار (وەلی عهد)یا، ئێستا بە یەکێك ئەوترێ کە لە کار خرابێ.

[١١٧] واتە جێی پێ لەق کرد.

[١١٨] واتە ئەگەر من وەختی خۆی ئاوی درەختم نەدایە، وە گەورەم نەکردایە، ئەمڕۆ بەو ئاگریان لە من بەر نەئەدا، وە منیان نەئەهێنایە کوڵ، بە یەکێك ئەوترێ کە تۆ زۆر خزمەتت کردبێ و پێت گەیاندبێ وە ئەمڕۆ بێ بە گژتا، وە دڵت بێنێتە کوڵ.

[١١٩] واتە ئەگەر من وەختی خۆی ئاوی درەختم نەدایە، وە گەورەم نەکردایە، ئەمڕۆ بەو ئاگریان لە من بەر نەئەدا، وە منیان نەئەهێنایە کوڵ، بە یەکێك ئەوترێ کە تۆ زۆر خزمەتت کردبێ و پێت گەیاندبێ وە ئەمڕۆ بێ بە گژتا، وە دڵت بێنێتە کوڵ.

[١٢٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەموو ئیش و کارێکی بۆرایی ببێ.

[١٢١] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەموو ئیش و کارێکی بۆرایی ببێ.

[١٢٢] کاتێك ئەوترێ، کە دەستوورێکی خراپ دانرابێ، وە شتێکی خراپ کرابێ بە باو.

[١٢٣] تا بزانن هەناسەی تیاماوە، بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر کەشەنگ بێ.

١٢٤)- ئاوێنە ئەگرنە رووی[١٢٤]

١٢٥)- ئۆخەی ئۆخەی لە منێ، مێردە وتی چڵمنێ، گا دەرکە لە هەرزنێ[١٢٥]

١٢٦)- ئۆخەی ماڵی خۆم، حەزکەم ئەتخۆم حەزکەم ناتخۆم[١٢٦]

١٢٧)- ئەتەرو مەتەر، یەك لە یەك بەتەر[١٢٧]

١٢٨)- ئەدا بە لای مارا کلکی ئەقرتێنێ[١٢٨]

١٢٩)- ئەدا لە ئاو، قولی تەڕ نابێ[١٢٩]

١٣٠)- ئەرتۆ مەنی، من دوو مەنم، بێجگە لە گورزو کەمەندم[١٣٠]

١٣١)- ئەرز وەك چەرمی گا وایە[١٣١]

١٣٢)- ئەزانێ چەند موو، وا بە قنگییەوە[١٣٢]

١٣٣)- ئەزانێ کەری خۆی، چەند مەن بار ئەبا[١٣٣]

١٣٤)- ئەزم، هەڵ ئەبەزم؟ [١٣٤]

١٣٥)- ئەسب بە ڕاکردن، ئالیکی خۆی زیاد ئەکا[١٣٥]

١٣٦)- ئەستێرە هەر چەند پرشنگ دار بێ بە مانگ نابێ[١٣٦]

---

[١٢٤] تا بزانن هەناسەی تیاماوە، بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر کەشەنگ بێ.

[١٢٥] بە ژنێك ئەوترێ بە تەوسەوە کە مێردەکەی قسەیەکی خۆشی لەگەڵا بکات.

[١٢٦] یەکێك ئەیڵێ: کە چاوی لە ماڵی کەسەوە نەبێ، وە منەتی کەس هەڵنەگرێ.

[١٢٧] بە دوو کەسی هیچ و پووچ ئەوترێ، کە یەك لە یەك بڵحترن.

[١٢٨] بە یەکێ: ئەوترێ کە زۆر بەتەماع بێ.

[١٢٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر فێڵباز و زۆرزان بێ.

[١٣٠] یەکێك بە یەکێکی سووکی ئەڵێ، کە سووکەکە گاڵتەی پێ بکا.

[١٣١] واتە جێی لە جێی چاکترە.

[١٣٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر شارەزای یەکێکی تر بێ، وە بزانێ چی لە باریە.

[١٣٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر شارەزای یەکێکی تر بێ، وە بزانێ چی لە باریە.

[١٣٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەخۆی بایی بووبێ، واتە بە زبانی حاڵ وا ئەڵێ بە خۆی.

[١٣٥] تەماشای پەندی ئۆهەمی دوای ئەم پەندە بکە.

[١٣٦] بە یەکێکی بەهرەمەند ئەوترێ، کە بەهرەمەندێکی گەورەتر لە ژوور ئەوەوە بێ.

١٣٧)- ئەسپ پێیەکی ڕەنجە، پێیەکی گەنجە[١٣٧]

١٣٨)- ئەسپ لە ژێر کورتان، کەر لە ژێر زین[١٣٨]

١٣٩)- ئەسپ و ئێستر، لەقە لەیەك نادەن[١٣٩]

١٤٠)- ئەسپ و زین، کەر و قەررازە[١٤٠]

١٤١)- ئەسپ و ماین ناڵ ئەکران، قرژاڵ و کیسەڵ قاچیان هەڵ ئەبڕی، ئەیان وت ئێمەش[١٤١]

١٤٢)- ئەسپێ ئەکوژن لە دەوری، لە باتی کولێرە چەوری[١٤٢]

١٤٣)- ئەسپێ لە باخەڵیا سەوزەڵە گیانم ئەڵێ[١٤٣]

١٤٤)- ئەسپی خەڵاتی، کەس تەماشای دەم و دانی ناکا[١٤٤]

١٤٥)- ئەسپی شێ، یا ئەفڕێ، یا ئەتڕێ[١٤٥]

١٤٦)- ئەسپی چاك ئاوزەنگی ناوێ[١٤٦]

١٤٧)- ئەسپی چاك خۆی ئالیك بۆ خۆی زیاد ئەکا[١٤٧]

---

[١٣٧] واتە ئەوەندەی تیا خەرج ئەکەیت، ئەوەندەش بەهرەی لێ ئەبینی.

[١٣٨] بە یەکێکی بەرز و یەکێکی پەست ئەوترێ، کە یەکەم پیشەیەکی پەست و دووهەم پیشەیەکی بەرزی درابێتێ، واتە ئەمە چۆن ئەبێ؟

[١٣٩] چونکە خزمی یەکن، بە دوو کەس ئەڵێن کە خزمایەتی نەفامن.

[١٤٠] بە دووکەس ئەوترێن کە هەر یەکێکیان، شایستەی شتێك بن.

[١٤١] بە یەکێك ئەوترێ، کە لاسایی لە خۆی گەورەتر بکاتەوە.

[١٤٢] بە یەکێك ئەوترێ: کە زۆر لات بێ.

[١٤٣] سەوزەڵە گیانم: گۆرانییەکی تایبەتییە. بە یەکێك ئەوترێ کە دەمێك بێ، پارە لە باخەڵیا نەبێ.

[١٤٤] یەکێك ئەیڵێ کە شتێکی خۆڕایی دەست کەوتبێ.

[١٤٥] بە ئیشێك ئەوترێ، کە زۆر درەنگ بێتە بەر.

[١٤٦] چونکە بۆ خۆی ئەڕوا.

[١٤٧] بە مووچە خۆرێك ئەوترێ، کە پیشەیەکی پێ سپێررابێ، وە داوای زیاد کردنی بکا، واتە ئەگەر ئەتەوێ مووچەکەت زیاد بکرێ ئیشی باش بەکە. ئەو حەلە بە ناچاری بۆت زیاد ئەکرێ.

۱٤۸)- ئەسپی چاك شووڵێكی بەسە[148]

۱٤۹)- ئەسپیان ناڵ ئەكرد، كەریش پێی هەڵبڕی وتی: منیش[149]

۱٥۰)- ئەسپێك بە چل ساڵ تەعلیم بدرێ، بۆ مەیدانی قیامەت بە كار دێ[150]

۱٥۱)- ئەسپێكی لەڕ، لە تەویلەیەكی پڕ لە كەر، چاكترە[151]

۱٥۲)- ئەشوەڕێ و ئەشتڕێ[152]

۱٥۳)- ئەشی خورێ و ئەشی یەشێ[153]

۱٥٤)- ئەچێ بە پێتا، دڕكە، ئێژێ: وەی، خاسە، پەرژینی باخی پێ ئەكەی[154]

۱٥٥)- ئەچمە باوان تەكۆ دەرم، خەمی دنیا ئەكەوێتە بەرم[155]

۱٥٦)- ئەچمە جێیەك گۆشت بگرم، نەك دەردێ بگرم پێی بمرم[156]

۱٥۷)- ئەچمە شارێ كەس نەمناسێ، خۆم هەڵ ئەكێشم پڕ بە كراسێ[157]

۱٥۸)- ئەچێتە شایی هۆمەرە كوێر، هەڵ ئەپەڕێ بە بێ بلوێر[158]

---

[148] تەماشای پەندی دووهەم لە پێش ئەم پەندەوە.

[149] بە یەكێك ئەوترێ، كە لاسایی لە خۆی گەورەتر بكاتەوە.

[150] بە ئیشێك ئەوترێ، كە زۆر درەنگ بێتە بەر.

[151] واتە شتێكی باش، لە سەد شتی خراپ باشترە.

[152] بە یەكێك ئەوترێ كە خراپیش بێ و دەمەوەڕیش بێ.

[153] بە یەكێك ئەوترێ: كە خۆی حەز لە گاڵتە كردن بكا لەگەڵ مەردوما بەڵام نەیەوێ كەس گاڵتە لەگەڵ ئەوا بكات.

[154] واتە شت بە ئیعتبار ئەگۆڕێ، وەك لێرەدا، دڕكەكە لەم رووەوە كە ئەچێ بە پێدا، لێی ئەترسن و ئەڵێن: وەی، وە لەم رووەوە كە پەرژینی باخی پێ ئەكرێ قازانجی هەیە، ئەڵێن: خاسە. ئنجا ئەمە بە یەكێك ئەوترێ كە شتێكی بەلاوە باش بێ لە كاتێكا و خراپ بێ لە كاتێكی ترا.

[155] تەكۆدەرم: یەكێك لە وتە كۆنەكانی كورد، كە سەدەها ساڵە باپیران و داپیران بۆیان هەڵگرتووین، واتە ئەچمە باوان تا تۆزێ ڕابوێرم، كەچی خەمی دنیا ئەكەوێتە بەرم. هێندێ لە پیرێژنەكان لە جیاتی (تەكۆدەرم) ئەڵێن (تەكەوە بەرم).

[156] بە یەكێك ئەوترێ، كە بچێتە شوێنێكی وا كە تیا نەحەسێتەوە.

[157] بە یەكێك ئەوترێ، كە لە ناو چەند كەسێكی نەناسیاوا خۆی هەڵكێشێ.

[158] بە یەكێك ئەوترێ كە زۆر حەزی لە كەیف و ڕابواردن بێ بە خۆڕایی.

١٥٩)- ئەگەر نەبوو عەقڵ و فامی، یەکێ بە خاسی ئەیبرد نامی[١٥٩]

١٦٠)- ئەگەر ئەتەوێ عەقڵت ساوا کەیت، لەگەڵ گەوران شەڕ و دەعوا کەیت[١٦٠]

١٦١)- ئەگەر ئەزانی لایلایە بکەیت، بۆ ئەگری[١٦١]

١٦٢)- ئەگەر ئەمدەیتێ مدح و سنایە، ئەگەر نامدەیتێ چەکوش و فنایە[١٦٢]

١٦٣)- ئەگەر بایە و ئەگەر بۆرانە، بۆ بەفر زیانە[١٦٣]

١٦٤)- ئەگەر بە دوعا ئەبوو، پشقل بەخورما ئەبوو[١٦٤]

١٦٥)- ئەگەر بە ماڵی، بە مام و خاڵی، ئەگەر بێ ماڵی بە بیت المالی[١٦٥]

١٦٦)- ئەگەر بەد نیت، مەبە بە یاری بەد[١٦٦]

١٦٧)- ئەگەر برا شوانە، خوشك هەر چاوەڕوانە[١٦٧]

١٦٨)- ئەگەر بزن هاتە مردن، چەقۆکێش زۆر ئەبن[١٦٨]

١٦٩)- ئەگەر تۆ نەبیت بە یارم، خوا ئەسازێنێ کارم[١٦٩]

---

[١٥٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە دڵی مەردوم زویر بکا.

[١٦٠] واتە هەرگیز مەچۆ بە گژ کەسێکا کە لەخۆت بەدەسەلاَت تر بێ.

[١٦١] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئامۆژگاری یەکێك بکا لەسەر شتێکی ناشرین، کە خۆی ئەو شتەی تیابێ. واتە کە تۆ ئەزانی ئامۆژگاری مەردوم بکەیت لەسەر ئەو کارە ناشرینە، ئەیخۆت بۆچی ئەیکەیت.

[١٦٢] بە یەکێك ئەوترێ: کە بە زۆر شت لە مەردوم بسێنێ.

[١٦٣] یەکێك بەکاری دێنێ، کە لە هەموو سەرێکەوە زەرەرمەند بێ.

[١٦٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەر بە دەم لە خوا بپاڕێتەوە، بەلاَم بە کردەوە هیچ هەوڵێك نەدات، واتە دوعا ئەبێ لەگەڵ کردار بێ، نەك هەر بە گوفتار.

[١٦٥] واتە کە پارەت بوو هەموو کەسێك خزمتە، کە پارەشت نەبوو، خۆت خاوەنی سەری خۆت نیت.

[١٦٦] واتە هاوڕێی پیاوی خراپ مەکە.

[١٦٧] واتە خوشك هەمیشە چاوی لە دەستی برایە، با شوانیش بێ.

[١٦٨] بۆ سەربڕینی و کەوڵ کردنی و گۆشت خواردنی.

[١٦٩] چونکە خوا کەسی بێ کەسانە.

١٧٠)- ئەگەر پشیلە لەماڵ نەبێ، مشکان تلیلی لیانە[١٧٠]

١٧١)- ئەگەر پیاوەتی بە شۆخ و شەنگی بوایە، بووك سواری زاوا ئەبوو[١٧١]

١٧٢)- ئەگەر پێنجین، ئەگەر شەشین، هەموو غولامی دیزە رەشین[١٧٢]

١٧٣)- ئەگەر حوشتر باڵی ببوایە، ئەم عالەمە چی بکردایە[١٧٣]

١٧٤)- ئەگەر خۆت بە پیاو ئەزانی، مەوێستە لە سەر رێگا و لەسەر بانی[١٧٤]

١٧٥)- ئەگەر خۆت لە هەموو کەس بە زیاتر بزانی، دیارە ناکەس بەچە و نادانی[١٧٥]

١٧٦)- ئەگەر خۆت لە هەموو کەس بە کەمتر بزانی، دیارە یەکە پیاوی جیهانی[١٧٦]

١٧٧)- ئەگەر خانەدانیت، لە خانەدانان خەبەر داریت[١٧٧]

١٧٨)- ئەگەر خەنە زۆر بوو، گونانیشی پێ رەنگ ئەکرێ[١٧٨]

١٧٩)- ئەگەر خەو چاك ئەبوو، کەروێشك بە گا ئەبوو[١٧٩]

---

[١٧٠] بە چەند کەسێك ئەوترێ، کە ئەو گەورەیەی شەرمی لێ ئەکەن لە لایان نەبێ.

[١٧١] چونکە هەرچی بەرگی جوان هەیە لەبەر ئەوایە، هەرچی شتی جوان هەیە بەوەوەیە.

[١٧٢] جاران لە جیاتی مەنجەڵ چێشتی شلە هەر لە دیزەدا لێ ئەنرا، واتە هەموو خێزانێك بەیانیان و ئێواران چاوەڕوانی شۆربای ناو دیزە رەشن.

[١٧٣] بە هێندێ مرۆڤی، نارەسەنی، پیسی، حەسوودی، قین لە سکی، نالەبار ئەوترێ، کە هیچی بە دەست نییە، واتە ئەگەر ئەمانە شتێکیان بە دەست بوایە، مەردوم چی بکردایە.

[١٧٤] چونکە رێگا بۆ هاتوچۆی ژن و پیاو و گەورە و بچوك کراوە، کە تۆ وێستایت رێگا لە مەردوم ئەگیرێ، وێستان لە سەر بانیش نابێ، چونکە حەوش و ناوماڵی مەردوم دەرئەکەوێ.

[١٧٥]

[١٧٦]

[١٧٧] خانەدانێکی لێ قەوماو، بە خانەدانێکی تری ئەڵێ.

[١٧٨] لە کاتێکدا بەکار دێنرێ کە شتێك لەبەر زۆری دەستی پێوە نەگیرابێ، وە زۆری لێ بە کار هێنرابێ.

[١٧٩] چونکە کەروێشك هەمیشە ئەنوێ.

١٨٠)- ئەگەر خلەماڵی ئەکرد، لە موڵکی خۆی گاڵی ئەکرد[١٨٠]

١٨١)- ئەگەر خوا باڵی بە حوشتر بدایە، ئەبوایە سەربانمان گشت بڕوخایە[١٨١]

١٨٢)- ئەگەر دۆستێکی وەك تۆم ببێ، ئیتر دوژمنم بۆچییە[١٨٢]

١٨٣)- ئەگەر دەروازە گەڕبێ، بێ کەشکۆڵ نابێ[١٨٣]

١٨٤)- ئەگەر دەستی بڕوا لە پشتی ملەوە پیاو سەر ئەبڕێ[١٨٤]

١٨٥)- ئەگەر دەستی بڕوا، بە زیندوێتی پیاو ئەگورێ[١٨٥]

١٨٦)- ئەگەر دەنگێ نەکەم، دەنگم دەرنەچێ، ئەگەر دەنگێ ناکەم رەنگم ئەچێ[١٨٦]

١٨٧)- ئەگەر دەوڵەت هاتە سەری، بزەڕەوەکی کەری[١٨٧]

١٨٨)- ئەگەر دڵسۆزت ببوایە، ئێستا لە میری سوور ئەبوویت[١٨٨]

١٨٩)- ئەگەر رەشبم وەك موو، دەوڵەتی باوکم ئەمدا بە شوو[١٨٩]

١٩٠)- ئەگەر رووتنایەت بێژەنگێك بگرە بە رووتەوە[١٩٠]

---

[١٨٠] یەکێك ئەیڵێ، کە هەژار بێ و هیچی نەبێ، واتە هەردەمێ من لە موڵکی خۆما گاڵم کرد، ئەو حەلە ئەتوانم ماڵیش بکەم.

[١٨١] تەماشای سێ پەند لەمەپێش بکە.

[١٨٢] بە دۆستێك ئەوترێ کە قسەیەك بکات بە زەرەری تۆ تەواو ببێ.

[١٨٣] دەروازەگەڕ: دەروێشێکە کە ماڵە وماڵ بگەڕێ بۆ سواڵ. کەشکۆڵ: لەتە گوێزێکی گەورەی هیندییە، لووس کراوە و زنجیری تێ خراوە، زۆرتر دەروێشی رەوتەنی "مسافر" هەڵی ئەگرن بۆ ئاو پێ خواردنەوە و هێندێ شتی تر. بە یەکێك ئەوترێ کە دەستی دابێتە کارێك و خۆی بۆ ئامادە نەکردبێ.

[١٨٤] بە یەکێکی دڵ ڕەقی، قین ئەستوور، ئەوترێ.

[١٨٥] بە یەکێکی دڵ ڕەقی، قین ئەستوور، ئەوترێ.

[١٨٦]

[١٨٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە پارە و دارایی زۆر، یاخی بووبێ.

[١٨٨] میری سوور، ئەو دێیەیە، کە خوابگاە (مەرقەد)ی میری سووری کوڕی شێخ عیسای بەرزنجی لێیە، وا دەنگ بڵاوە، کە هەر کەسێك شێت ببێ و ببرێ بۆ زیارەتی میری سوور، چاك ئەبێتەوە، واتە تۆ شێتیت و کەس نییە بتبا بۆ سەر میری سوور.

[١٨٩] چونکە ئەمڕۆ زۆر کەس ژنیش کە دێنێ هەر بۆ راوی دنیایە.

[١٩٠] بە گاڵتەوە ئەوترێ بە یەکێك کە لە شتێکی هیچ و پووچ شەرم بکات.

١٩١)- ئەگەر ڕێوی بنوێ، خەو بە مریشك خواردنەوە ئەبینێ[191]

١٩٢)- ئەگەر زۆر بلێیت، زۆریش هەڵە ئەکەیت[192]

١٩٣)- ئەگەر زاڵ نەبیت، بەسزمان ئەبیت[193]

١٩٤)- ئەگەر زانی ئەزم، ئەگەر نەیزانی دزم[194]

١٩٥)- ئەگەر زەمانە هێناتیە پێکەنین ساتێك، وریا بە نەتگرێنێ ساڵێك[195]

١٩٦)- ئەگەر زمان بیەڵێ، سەر ڕەحەتە[196]

١٩٧)- ئەگەر زیخێ نییە لە کەوشیا بۆچی ئەلەنگێ[197]

١٩٨)- ئەگەر سەبر بکەیت، لەبەر سیلە حەڵوا ئەکەیت[198]

١٩٩)- ئەگەر سەر هەبێ پێ چ نییە[199]

٢٠٠)- ئەگەر سەگ نەبێ، گورگ ئەتخوا[200]

---

[191] چونکە هەمیشە لە بیری ئەوەدایە.

[192]

[193] واتە ئەگەر تۆ زۆر و ستەم لە مردوم نەکەیت تا لێت بترسن، ئەوان زۆر و ستەم لە تۆ ئەکەن.

[194] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە ناوی دیدەنییەوە بێتە ماڵەکەت، ئنجا ئەگەر ماڵ چۆڵ بوو، وا دزە و شتێك ئەدزێ و ئەڕوا، وە ئەگەر مەردومیش دیار بوو، ئەوا میوانە و دائەنیشێ.

[195] واتە ئەگەر تووشی خۆشییەك بوویت، یاخی مەبە و لە خۆت بایی مەبە، با تووشی ناخۆشییەك نەبیت کە خۆشیەکەت لە بیر بباتەوە.

[196] واتە هەموو دەردی سەرییەك کە تووشی مردوم ئەبێ، بەهۆی قسە و زبانەوەیە، کەوابوو تا ئەتوانیت ئاگات لە زمانت بێ.

[197] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئەنگێکی ببێ، وە خۆشی بزانێ و پێوەی دیار بێ، واتە ئەگەر خۆی بە ئەنگدار نازانێ، بۆچی خۆی ئەشارێتەوە؟

[198] واتە هەموو شتێك بە پێی خۆی سەبرێکی ئەوێ، وە سەبر کلیکی دەرگای فەرەحە نابینیت بەرسیلە بە دە پانزە بیست ڕۆژ لە ترشیەوە شیرین ئەبێ و دۆشاوەکەی ئەکرێ بە حەڵوا.

[199] چونکە هەموو شت بە سەر ئەوەستێ.

[200] بە ستەم کارێك ئەوترێ، کە ستەم کارێکی تر بەیدەست بکات.

٢٠١)- ئەگەر سیروانیش بخۆیتەوە، ناڵێم بە گیانت خۆش[٢٠١]

٢٠٢)- ئەگەر شەعبانە، ئەگەر رەمەزانە، مووچەی کوڕە کەچەڵ، هەر دوو نانە[٢٠٢]

٢٠٣)- ئەگەر شتێکت نەزانی، مەیڵێ، ئەگەر زانیت نیوەی بڵێ[٢٠٣]

٢٠٤)- ئەگەر شێر مەرحەبای کردی، هەوڵی راوکردنی مەدە[٢٠٤]

٢٠٥)- ئەگەر گۆشت گرانە نەخواردنی هەرزانە[٢٠٥]

٢٠٦)- ئەگەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە[٢٠٦]

٢٠٧)- ئەگەر گوڵن بەرانبەرن، ئەگەر عەترن سەر بەسەرن[٢٠٧]

٢٠٨)- ئەگەر فیل هەیە، کەرگەدەنگیش هەیە[٢٠٨]

٢٠٩)- ئەگەر قاز نیت، هێلکەی قاز مەکە[٢٠٩]

٢١٠)- ئەگەر قەرداری، هەرۆ بەیاری[٢١٠]

٢١١)- ئەگەر قەلەڕەش رێ نیشاندەر بێ، ئەبێ گەورە هەر دەربەدەر بێ[٢١١]

---

[٢٠١] یەکێك ئەیڵێ بەیەکێك، کە حەزی لە چارەی نەبێ.

[٢٠٢] یەکێك ئەیڵێ، کە مووچەکەی هەرگیز زیاد نەکات.

[٢٠٣] واتە هەمیشە قسە نەکردن لە قسە کردن باشترە.

[٢٠٤] واتە ئەگەر پیاوێکی گەورە نیشێکی پێت بوو، مرخی لێ خۆش مەکە کە بەو بۆنەیەوە شتێکی لێ بپچڕیت.

[٢٠٥] واتە هەموو شتێکی گران، با بە نەخواردنی هەرزان بکرێ.

[٢٠٦] واتە کە قازانجت نییە، با زیانیشت نەبێ.

[٢٠٧] بە یەکێکی بەڕێز ئەوترێ، کە خوازبێنی کچەکەی بکرێ بۆ یەکێکی وەك خۆی، وە ئەویش نەیدا.

[٢٠٨] واتە دەست بە بانی دەست زۆرە.

[٢٠٩] واتە هەرگیز لاسایی پیاوی گەورە مەکەرەوە.

[٢١٠] بەیار: زەوییەکە کە چەند ساڵ بێ نەکێڵرابێ و دانەچێنرابێ، کە زۆر بەهێزە، وە هەرچێکی تیا بکرێ زۆر بە بڕشت ئەبێ. واتە ئەگەر قەرزار بوویت بە کارێکی واوە خەریك بە کە قازانجی باش بدات تا قەرزەکەت بدەیتەوە.

[٢١١] کەواتە دەخیل سەد دەخیل دوای قەلەرەش مەکەون، بەڵکو هەمیشە لە دوای شابازان بکەون.

٢١٢)- ئەگەر کۆز هەیە نان نییە، ئەگەر نان هەیە کۆز نییە[٢١٢]

٢١٣)- ئەگەر کا، هی خۆت نییە، کایەن هی خۆتە[٢١٣]

٢١٤)- ئەگەر کاوێژی بکردایە، گۆشتی ئەخورا[٢١٤]

٢١٥)- ئەگەر کەر بۆ قوربانی نەشێ، بەهای بۆ قوربانی ئەشێ[٢١٥]

٢١٦)- ئەگەر کەرن، بەرامبەرن، ئەگەر ئێسترن سەربەسەرن[٢١٦]

٢١٧)- ئەگەر کەس نەیخواستم، شووت پێ ئەکەم[٢١٧]

٢١٨)- ئەگەر کەسێك کەسە، حەرفێکی بەسە[٢١٨]

٢١٩)- ئەگەر کەوڵ و پۆست چاك ئەبوو، بە شانی خاوەنی خۆیەوە ئەبوو[٢١٩]

٢٢٠)- ئەگەر کوندەبەبوو کەڵکی ببوایە، راوکەر بەجێی نەئەهێشت[٢٢٠]

٢٢١)- ئەگەر لە جانان یەکێك بمێنێ، حەقی بەرو دوا لە گشت ئەسێنێ[٢٢١]

٢٢٢)- ئەگەر لەکین، گشت چون یەکین[٢٢٢]

٢٢٣)- ئەگەر لووت نەبێ لە بەینا، چاو چاو ئەخوا[٢٢٣]

---

[٢١٢] کۆز: پێخۆرە، واتە دەمێ نان هەیە و پێخۆرە نییە، دەمێ پێخۆرە هەیە ونان نییە.

[٢١٣] بە یەکێك ئەوترێ: کە لەسەرخوانی یەکێکی تر ئەوەندە بخوات تا نەخۆش ئەکەوێ، واتە ئەگەر خواردنەکەش هی خۆت نەبێ، سییق (معدە)ەکە هی خۆتە، کە بە زۆر خواردن نارەحەت ئەبێ.

[٢١٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆرگێل و بەسزمان و کەرەواڵە بێ.

[٢١٥]

[٢١٦] بە یەکێك ئەوترێ کە خۆی زلتر بگرێ لە ئاوەڵەکەی.

[٢١٧] بە یەکێکی ئەڵێی، کە بتەوێ شتێکی لێ بکرِی و قنگەقنگی تیا بکا.

[٢١٨] واتە دانا بە درکاندن، کەریش بە نەقیزە.

[٢١٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە شتێکی ببێ و زۆر پەسەندی بکات لە ناو مەردوما، کەچی خۆی بۆ خۆی بە کاری نەهێنێ.

[٢٢٠] واتە گۆشتی ناخورێ، چونکە خۆی گۆشت خۆرە و دەنووکی قوڵاپییە وەك باز.

[٢٢١] واتە تیرەیەکی ئازان.

[٢٢٢] یەکێك بە یەکێکی وەك خۆی ئەڵێ، کە ئەو خۆی لەم بە گەورەتر بزانێ.

[٢٢٣] بە هێزێك ئەڵێن، کە دوو هێزی تر شەرمی لێ بکەن.

٢٢٤)- ئەگەر ماڵت هەیە کەفیل بە، ئەگەر ئیشت نییە شاهید بە[٢٢٤]

٢٢٥)- ئەگەر مەرِم نەدیبێ لە هەرێزا، پشقلم دیوە لە پەرێزا[٢٢٥]

٢٢٦)- ئەگەر مەلا بترِی، جەماعەت لە خۆ ئەرِی[٢٢٦]

٢٢٧)- ئەگەر موو بە بەخت ئەبوو، بزن لەسەر تەخت ئەبوو[٢٢٧]

٢٢٨)- ئەگەر موو بە بەخت ئەبوو، کەچەڵ بەدبەخت ئەبوو[٢٢٨]

٢٢٩)- ئەگەر ناتوانیت بگەزیت، هەرگیز دانت دەرمەخە[٢٢٩]

٢٣٠)- ئەگەر ناو نەبرِێ و ئاش نەکرِێ، هەر کەسە کولێرەیەکی پێ ئەبرِێ[٢٣٠]

٢٣١)- ئەگەر نەشبی بە ئاغا، بە نۆکەر مەبە[٢٣١]

٢٣٢)- ئەگەر نەمدیایە باوکی، ئەمردم لە عەزرەت دایکی[٢٣٢]

٢٣٣)- ئەگەر نەیدا مەعبوود، چی بکا مەحموود[٢٣٣]

---

[٢٢٤] واتە کاتێك ببە بە کەفیل کە دەوڵەمەند بیت، چونکە قەرزدار قەرز ناداتەوە، وە بە ناچاری ئەبێ تۆ بۆی بدەیتەوە. هەروەها کاتێکیش ببە بە شاهید کە بێ ئیش بیت، چونکە زۆرت ئەبەن و ئەهێنن، ئنجا ئەگەر کارت ببێ ناتوانیت ئەو هاتوچۆیە بکەیت.

[٢٢٥] پەرێز، شوێنی دەغڵێە کە دروابێتەوە. هەرێز، فرووزووە، بەیەکێك ئەڵێیت کە بە ژێرت نەزانێ.

[٢٢٦] واتە مەلا و مامۆستا ئەبێ سەرمەشقی چاکی و پاکی بن، ئەگەر خوانەخواستە ئەوان هەڵەیەك بکەن دەستوپێوەندیان سەد هەڵە ئەکەن.

[٢٢٧] چونکە لە هەموو گیانلەبەرێك مووی زیاترە.

[٢٢٨] کەچی وانییە، بەڵکو زۆر کەچەڵ بەبەخت و ناوچەوانە.

[٢٢٩] واتە کە دەسەڵاتت نەبوو، هەرِەشە مەکە.

[٢٣٠] ئاش کە لە گەرِابوو، وەدانی نەما، ئەڵێن ئاشەکە ئەکرِێ واتە بەرداشەکانی کرە کرِی لێوە دێ، واتە ئەگەر هەموو شت بە پێی مەرام بێ، ئەوا باشە، ئەگینا هیچ.

[٢٣١] واتە هەمیشە چاوت لە پایەی بەرزەوە بێ.

[٢٣٢] بە یەکێکی ناوەجاخ ئەوترێ، کە خۆی لێ گۆرِابێ.

[٢٣٣] ئەگێرِنەوە کە سوڵتان مەحمودی غەزنەوی لای وابووە کە بەدبەختی نییە لە جیهانا، وە هەر کەسێك ئیش کەر و هەوڵدەر بێ پێ بژێوی خۆی و ماڵ و منالّی پەیدا ئەکات، ئەیازی وەزیریشی لای وابووە کە بەدبەختی هەیە، وە بەدبەخت هەر چەندە هەوڵ و تەقەلا بدات بەدبەختییەکەی بەری نادات، وە ئەمە ساڵەهای ساڵ بیروباوەرِیان ئەبێ.

٢٣٤)- ئەگەر هەموو مەلێ میوە خۆر بوایە، میوە بە دارەوە نەئەما[٢٣٤]

٢٣٥)- ئەگەر هەوەسە، ئیتر بەسە[٢٣٥]

٢٣٦)- ئەگەر وا نەبووایە، وانەئەبوو[٢٣٦]

٢٣٧)- ئەگەر وتی ماست سپییە، پێی باوەڕ مەکە[٢٣٧]

٢٣٨)- ئەگەریان دابە مەگەر، کورێکیان بوو ناویان نا: کاشکی[٢٣٨]

٢٣٩)- ئەگەریان چەند، سەوز نەبوو[٢٣٩]

ڕۆژێ ئەیاز بە سوڵتان مەحمود ئەڵێ : ئێمە ئەتوانین ئەمە تاقی بکەینەوە، سوڵتان مەحمودیش ئەڵێ زۆر باشە. ئەیاز ئەڵێ کابرایەك هەیە لەم شارەدا مەشهوورە بە بەدبەخت، وە هەموو ڕۆژێ بەیانیان، دوای هەتاوکەوتن لە فلان کۆڵانەوە ئەچێ بۆ بازاڕ. ئەم بەیانیە هەزار قرانی بۆ بخەنە پەڕۆیەکەوە لەسەر چەقی ڕێگاکە بۆی فڕی بدەن، بزانین ئەبێ بە نسیبی؟ بەیانی سوڵتان مەحمود هەزار قران ئەدا بە پیاوێکی کە بیبا لە سەر ڕێگای کابرای بەدبەخت دایبنێ، وە لە دوورەوە بوێستێ بزانێ کابرا چی ئەکات، بەیانی پیاوەکەی سوڵتان پارەکە ئەبات کە لە دوورەوە کابرا دەرئەکەوێ پارەکەی لە سەر چەپی ڕێگاکە بۆ دائەنێ، وە لە دوورەوە ئەوێستێ، کابرای بەدبەخت لە ناو هەموو ڕۆژێکا ئەو ڕۆژەی لە دڵی خۆیا ئەڵێ: من چاوم هاتۆتە کزی، بۆچی من ئەمڕۆ پەراوەیەکی کوێرێتی نەکەم، بزانم ئەتوانم وەك کوێر بە بێ چاو بڕۆم بە ڕێگادا. کابرا چاو ئەقووچێنێ و دەست ئەکا بە ڕۆیین، تا لە پارەکە تێپەڕ ئەبێ، ئنجا چاو ئەکاتەوە، سوڵتان و ئەیازیش لە دوورەوە سەیر ئەکەن، سوڵتان مەحمود کە ئەمە ئەبینێ ئەڵێ: "ئەگەر نەیدا مەعبود، چی بکا مەحمود".

[٢٣٤] تەماشای پەندی (هەموو مەلێ هەنجیر خۆر بوایە، هەنجیر بە دارەوە نەئەما) بکە.

[٢٣٥] بە یەکێك ئەڵێیت کە سەری کردبێتە سەرت و قسەی لاقرتێت لەگەڵا بکات.

[٢٣٦] تەماشای ڕاڤەی پەندی (بە زبانی خۆم، چیم کرد بە خۆم) بکە.

[٢٣٧] چونکە زۆر درۆزنە.

[٢٣٨] واتە هەر کارێك (ئەگەر) و (مەگەر)ی تێکەوت بە تەمای مەبە وە ئەمانە هیچیان لێ پەیدا نابێ (خۆزگە) و (کاشکی) نەبێ، کە ئەم وتانە یەك لەیەك بێ ئەنجامترن.

[٢٣٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە پێت بڵێ: ئەگەر ئەو کارە وابێ، یارمەتیەکی باشت ئەدەم، واتە کە ئەگەرت هێنایە پێشەوە یارمەتییەکەت نایەتە ڕوو ئەگەر یارمەتیم ئەدەیت ئەگەری تێ مەخە.

٢٤٠)- ئەڵێ ژاڵە بۆ وا تاڵیت؟ ئەڵێ لەبەر برا مردن، گوڵت بۆ وا جوانە؟ لەبەر دۆست و دوژمن[٢٤٠]

٢٤١)- ئەڵێ مامە گونت بە چەندە؟ ئەڵێ بە سەنگ و بە ترازوو[٢٤١]

٢٤٢)- ئەڵێ: نێرە. ئەڵێ: بیدۆشە[٢٤٢]

٢٤٣)- ئەلف لەیلە، ئەخوێنێ[٢٤٣]

٢٤٤)- ئەڵێن خزمت کێیە؟ ئەڵێ: ژنم نەهێناوە[٢٤٤]

٢٤٥)- ئەڵێی ئاشی ئاو کەوتووە[٢٤٥]

٢٤٦)- ئەڵێی ئاگری بن کایە[٢٤٦]

٢٤٧)- ئەڵێی ئاڵەت کراوەتە قنگی[٢٤٧]

٢٤٨)- ئەڵێی ئاو لایداوە[٢٤٨]

٢٤٩)- ئەڵێی ئەسپی بۆ زین کراوە[٢٤٩]

٢٥٠)- ئەڵێی ئەسپێی کراسی کۆنە[٢٥٠]

٢٥١)- ئەڵێی بۆ ئاگر هاتوویت[٢٥١]

---

[٢٤٠] بە یەکێك ئەوترێ کە دوو ئیشی پێچەوانەی لێ روو بدات، وە هەر یەکەی بە جۆرێك پینە بکات.

[٢٤١] واتە هەموو شتێك، ئەبێ بە کێشانە و حساب بێ.

[٢٤٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە داوای شتێکت لێ بکا کە لە تواناتا نەبێ، وە هەر چەند عوزری بۆ بێنیتەوە، ئەو هەر لە سەر داواکردنەکەی خۆی بێ.

[٢٤٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر قسەی بێسوود بکات بە رەوانیی.

[٢٤٤] واتە لای زۆر کەس خزم هەر خزمی ژنە.

[٢٤٥] بە ماڵێك ئەوترێ، کە لە بەر هەژاری یا چۆڵی بێدەنگ بێ.

[٢٤٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە ژێرەوە کنە لە یەکێکا بکات، وە بە سەر زاریش دۆستی بێ.

[٢٤٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە هیچ کوێیەك قنگی توێتکە نەخوا.

[٢٤٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەبەر نەزانی، یا خەفەتباری خۆی، بێدەنگ بێ.

[٢٤٩] بە یەکێك ئەوترێ کە بە پەلە بێ، لەسەر رۆین بۆ شوێنێك.

[٢٥٠] بە یەکێك ئەوترێ کە پێتەوە نووسا بۆ شتێك، لێت نەبێتەوە.

[٢٥١] بە یەکێك ئەوترێ، کە چوو بۆ شوێنێك، زۆر زوو هەستێ.

٢٥٢)- ئەڵێی بازاڕی شێخ هەمزەیە[٢٥٢]

٢٥٣)- ئەڵێی بە دەم داینـاوە[٢٥٣]

٢٥٤)- ئەڵێی بە سەربانی جەهەنەمەوە لەوەڕیوە[٢٥٤]

٢٥٥)- ئەڵێی بەدوو نق و نیو دیوێتی[٢٥٥]

٢٥٦)- ئەڵێی بەردی ئاوەسووە[٢٥٦]

٢٥٧)- ئەڵێی بەردی بن گۆمە[٢٥٧]

٢٥٨)- ئەڵێی بەرزەکی بانانە[٢٥٨]

٢٥٩)- ئەڵێی بەڕوی لە دەما تەقیوە[٢٥٩]

٢٦٠)- ئەڵێی بووکە بە بارانێیە[٢٦٠]

٢٦١)- ئەڵێی تەرازووی بەن پچڕاوە[٢٦١]

٢٦٢)- ئەڵێی تەرسەقولێکن و کراون بە دوو کەرتەوە[٢٦٢]

---

[٢٥٢] واتە زۆر پڕو پەشێوە.

[٢٥٣] بە دایك، یا باوکێك ئەوترێ، کە منداڵەکەی زۆر لە خۆی بچێ.

[٢٥٤] بە یەکێکی رەقی تەقی لاواز ئەوترێ.

[٢٥٥] بە ژنێك ئەوترێ، کە منداڵێك لەخۆی نەبێ، کەچی زۆری خۆش بوێ و بی لاوێنێ.

[٢٥٦] بە یەکێك ئەڵێن، کە رووی قایم بێ.

[٢٥٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە بێدەنگ دانیشتبێ.

[٢٥٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە گوێبەنگێکا دەستی ببێ، کەچی ڕزگاریشـی ببـێ، بێئـەوەی پێی بزانن.

[٢٥٩] بەیەکێك ئەوترێ، کە بە پەلە، وە یەك لە سەر یەك قسە بکات.

[٢٦٠] بووکە بەبارانێ، شتێکە وەك داهۆڵ: منداڵان دروستی ئەکەن لـە دار و پـەڕۆ، لـە کـاتی بێ بارانی دا، ماڵە و ماڵ، ئەیگێڕن، بۆ ئەوەی ئاوی پیا بکەن، بۆ نوقڵانەی بـاران بـارین، بە یەکێك ئەوترێ کە هەموو لەشی تەڕ بووبێ.

[٢٦١] بە یەکێکی دەستە پاچەی لێنەهاتوو ئەڵێن.

[٢٦٢] زۆرتر بە دوو کەسی خراپی هیچ و پووچ ئەوترێ کە لە یەك بچن.

٢٦٣)- ئەڵێی تەلای دەستە و شار و گەنجی باوەی دۆزیوەتەوە[٢٦٣]

٢٦٤)- ئەڵێی تێلای قووت داوە[٢٦٤]

٢٦٥)- ئەڵێی پەشتە ماڵی حەمامە، هەردەمەی بە بەر یەکێکەوەیە[٢٦٥]

٢٦٦)- ئەڵێی پشیلەی چاو نەپشکووتووە، ماڵە و ماڵی پێ ئەکەن[٢٦٦]

٢٦٧)- ئەڵێی پشیلەی کەللە خانەیە[٢٦٧]

٢٦٨)- ئەڵێی پیرێژنی دۆ ڕژاوە[٢٦٨]

٢٦٩)- ئەڵێی جاشی ماکەرێکن[٢٦٩]

٢٧٠)- ئەڵێی جاو ئەنێتەوە[٢٧٠]

٢٧١)- ئەڵێی جن پیا تسیوە[٢٧١]

٢٧٢)- ئەڵێی جن گۆڕیوێتی[٢٧٢]

٢٧٣)- ئەڵێی جیوەی تێکراوە[٢٧٣]

---

[٢٦٣] تەلای دەستەو شار: گونکێکی گەورەیە لە زێڕی نەرم کە لە چینەوە بە دیاری نێرا بۆ شای ئێران (خوسرەو پەروین) و ئەو زێڕە هەر چەند لە ناو دەستا بگوشرایە لە بەینی پەنجەکانەوە هێندێکی لێ ئەهاتە دەرەوە، لە پاشا کە دەستی لێ بەر ئەدا زێڕەکە وەك خۆی لێ ئەهاتەوە. گەنجی باوە: گەنجێکی بە ناوبانگە کە ون بووە، و هەزاران ساڵە بە شوێنیا ئەگەڕێن.

[٢٦٤] بە یەکێك ئەوترێ کە قسەی بە ڕەوانی پێ نەکرێ.

[٢٦٥] بە یەکێك ئەوترێ کە کوڕی ڕۆژ بێ، وە هەردەمەی لەگەڵ یەکێکی دەستڕۆیوا بێ.

[٢٦٦]

[٢٦٧] بە یەکێکی کەللە زلی قەڵەو ئەڵێن.

[٢٦٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە خەمێکی لێ نیشتبێ.

[٢٦٩] زۆرتر بە دوو کەسی خراپی هیچ و پووچ ئەوترێ کە لە یەك بچن.

[٢٧٠] بە یەکێك ئەڵێن، کە زۆر بێت و بچێ.

[٢٧١] بە شتی بێ پیت ئەوترێ.

[٢٧٢] بە منداڵی زۆر ناشرین ئەوترێ.

[٢٧٣] بە یەکێکی زۆر بزێو ئەوترێ.

٢٧٤)- ئەڵێی حەمامی ژنانە[٢٧٤]

٢٧٥)- ئەڵێی حوشتری ناو پەمووە[٢٧٥]

٢٧٦)- ئەڵێی خۆڵی مردووی بە سەرا بێژراوە[٢٧٦]

٢٧٧)- ئەڵێی خەرەنگەزی بن کلکی گایە[٢٧٧]

٢٧٨)- ئەڵێی خوری خواردووە و پەتك ئەڕیی[٢٧٨]

٢٧٩)- ئەڵێی دۆمی خەلاتکراوە[٢٧٩]

٢٨٠)- ئەڵێی داری واوەیلایە[٢٨٠]

٢٨١)- ئەڵێی دڕکی مەم و زینە[٢٨١]

٢٨٢)- ئەڵێی دیزەی رەشە[٢٨٢]

---

[٢٧٤] بە کۆڕێك ئەوترێ، کە هەر یەکە لە عاستی خۆی قسە بکا بە دەنگی بەرز بێئەوەی یەکێك گوێ لە یەکێك بگرێ.

[٢٧٥] بە یەکێکی درێژ و قووچ ئەڵێن کە لەگەڵ چەند منالێکا بڕوا بەڕێدا.

[٢٧٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە مات و خەفەتبار دانیشتبێ.

[٢٧٧] بە یەکێك ئەوترێ: کە زۆر قسە بڕنگێنێتەوە، وە لەسەر شت بڕوا.

[٢٧٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر لە سەر پێشاو بمێنێتەوە.

[٢٧٩] بە یەکێك ئەوترێ کە یەك پارچە کاڵای تازەی لەبەرابێ، وە بەرگەکانی تری هەمووی کۆن بێ.

[٢٨٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر لەڕ و لاواز و رەق و تەق بێ.

[٢٨١] ئەگێڕنەوە کە (کاکە مەم) و (خاتو زین) دوو دڵداری گیانی بە گیانی بوون، وە دڵیان بە یەکەوە بوو، بەڵام (بەکر مەرگەوەڕ)، بەبۆختان و دوو زبانی کەوتە ناویانەوە، وە نەیهێشت ببن بە چارەنووسی یەك، تا کاکە مەم گیراو لە زیندانا بە داخەوە مرد، دوای ئەو خاتو زینیش خۆی کوشت لە داخا، وە لە تەنیشت کاکە مەمەوە نێژرا، دوای مردنیشیان بەکر مەرگەوەڕ وازی لێ نەهێنان، وە هەمیشە لە سەر گۆڕەکەیان، وە لە ناوەندی هەر دووکیانا دائەنیشت، تا ڕۆژێ براکەی خاتو زین هەر لەوێدا ئەی کوژێ، وە لە جێ خوێنەکەی کۆمەڵە دڕکێك شین ئەبێ لەناوەندی هەر دوو گۆڕەکەدا، وە هەر چەند هەڵی ئەکەنن هەر شین ئەبێتەوە، ئەنجا ئەمە بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر نالەبار بێ، وە هەر چەند بتەوێ لە کۆڵت نەبێتەوە.

[٢٨٢] بە پیاوێکی بێوەی ئەوترێ، کە لە ناو بردنی بە خراپە، مەردوم توشی زیان ببێ.

٢٨٣)- ئەڵێی ڕۆنی سەگ ئەدەن لە لەشی[٢٨٣]

٢٨٤)- ئەڵێی ڕۆنی ورچ ئەدەن لە لەشی[٢٨٤]

٢٨٥)- ئەڵێی ڕێوی گەزیزان خواردووە[٢٨٥]

٢٨٦)- ئەڵێی سای مەل لێی داوە[٢٨٦]

٢٨٧)- ئەڵێی سەگی پێ سووتاوە[٢٨٧]

٢٨٨)- ئەڵێی سەگی عەرەبییە، چغە نازانێ[٢٨٨]

٢٨٩)- ئەڵێی سەگی هەڵە پاسە[٢٨٩]

٢٩٠)- ئەڵێی سەیفندەی بە ڕۆژەیە و گووی بە دوو پەلی دارەوە کردووە[٢٩٠]

٢٩١)- ئەڵێی سێوێکن، کراون بە دوو کەرتەوە[٢٩١]

٢٩٢)- ئەڵێی شەخسە پەڕۆیە[٢٩٢]

٢٩٣)- ئەڵێی شەرواڵ بە کۆڵی خواردووە[٢٩٣]

---

[٢٨٣] بە یەکێك ئەڵێن، کە بە زەرەری مەردوم کەیف خۆش بێ.

[٢٨٤] بە یەکێك ئەڵێن، کە بە زەرەری مەردوم کەیف خۆش بێ.

[٢٨٥] گەزیزە: گوڵێکی حەوت ڕەنگی جوانە، هەر دەمێ ڕێوی بیخوا، توولەك ئەکا.

[٢٨٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە هیچە لە خۆی گۆڕابێ.

[٢٨٧] بە یەکێکی خوێڕی گەڕۆك ئەوترێ.

[٢٨٨] بە سەگێك ئەوترێ، کە لە وتەی (چغە) نەگەڕێتەوە، واتە ئەڵێی عەرەبییە و لە چغە کە وتەیەکی تورکییە تێ ناگا.

[٢٨٩] بە یەکێکی دڕی بێ حەیا ئەوترێ.

[٢٩٠] سەیفندە: ناوی کابرایەکە لە دێی (بەڕۆژە) لە تەنیشت (بانە) لە کوردستانی ئێران، ئەم کابرایە لەبەر دەعیە هەر گووی لەسەر داری دوو پەل کردووە، بۆیە ئەم پەندە هەر بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر بە دەعیە و دەمار بێ.

[٢٩١] بە دوو کەسی جوان ئەڵێن، کە لە شێوەدا زۆر لە یەك بچن.

[٢٩٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەر چێکی لەبەرابێ وەك پەڕۆی سەرشەخس شڕ و وڕ بێ.

[٢٩٣] شەرواڵ بە کۆڵ: گیایەکی رەوانە، هەر کەسێك بیخوا ئەبێ شەرواڵەکەی بدا بە کۆڵیا. بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر رەوان بێ.

٢٩٤)- ئەڵێی شەکی شوانان گاوە[٢٩٤]

٢٩٥)- ئەڵێی شەلاقەی باڵ شکاوە[٢٩٥]

٢٩٦)- ئەڵێی شەیتان تفی کردۆتە دەمیٚ[٢٩٦]

٢٩٧)- ئەڵێی شەیتان دەرسی داداوە[٢٩٧]

٢٩٨)- ئەڵێی شێتە و بۆ بەرد ئەگەڕیٚ[٢٩٨]

٢٩٩)- ئەڵێی چالەکەیە، تا لێیدەیت قەڵەو ئەبیٚ[٢٩٩]

٣٠٠)- ئەڵێی گۆشتی قازی خواردووە[٣٠٠]

٣٠١)- ئەڵێی گەماڵی سەر دێڵە بەبایە[٣٠١]

٣٠٢)- ئەڵێی گەنەی گونی گایە[٣٠٢]

٣٠٣)- ئەڵێی گورچیلەی گان بە یەکەوە نانووسێن[٣٠٣]

٣٠٤)- ئەڵێی گولی بەخیلە[٣٠٤]

٣٠٥)- ئەڵێی گوو گێژی کردووە[٣٠٥]

٣٠٦)- ئەڵێی گووی خۆی گێرە ئەکا[٣٠٦]

---

[٢٩٤] بە یەکێکی پیس و پۆخڵی دڕوداوێن قوڕاوی ئەوتریٚ.

[٢٩٥] بەمەردومی شلەپەتە ئەوتریٚ.

[٢٩٦] بەیەکێك ئەوتریٚ، کە زۆر زیرەك و وریاو بێدار و ئاگادار و بزێو بیٚ.

[٢٩٧] بەیەکێك ئەوتریٚ، کە زۆر زیرەك و وریاو بێدار و ئاگادار و بزێو بیٚ.

[٢٩٨] بە یەکێك ئەوتریٚ بە شوێن شتێکا هەڕاکا و نەیگریٚ.

[٢٩٩] چالەکە: دەعبایەکی قەڵەوی پانکەلەی چوار پێیە گۆشتی ئەخوریٚ.

[٣٠٠] بە یەکێك ئەوتریٚ، کە دەنگی وەك دەنگی قاز زل بیٚ.

[٣٠١] بە یەکێکی دڕی شیرەت ئەوتریٚ.

[٣٠٢] بە یەکێك ئەوتریٚ، بە هەر شتێکەوە نووسا لێی نەبێتەوە.

[٣٠٣] بە چەند کەسێك ئەوترێن، کە پێکەوە هەڵکردیان نەبیٚ، وە هیچیان بە هیچیانەوە نەنووسێن.

[٣٠٤] بە یەکێکی دڵ پیسی بەخیل ئەڵێن.

[٣٠٥] بە یەکێك ئەوتریٚ لە ڕووی سووکییەوە کە زۆر گێژ و وێژ بیٚ.

[٣٠٦] بە یەکێك ئەوتریٚ کە هەر بێت و بچیٚ بە بیٚ هوودە.

٣٠٧)- ئەڵێی گوێز ئەکاتە هەمانە[٣٠٧]

٣٠٨)- ئەڵێی گوێزە، باری نییە[٣٠٨]

٣٠٩)- ئەڵێی گوێزی بۆ ئەژمێرن[٣٠٩]

٣١٠)- ئەڵێی گوێزی ناو بێژنگە[٣١٠]

٣١١)- ئەڵێی گوێزی ناو دەخیلەیە[٣١١]

٣١٢)- ئەڵێی گیپەی جۆیە[٣١٢]

٣١٣)- ئەڵێی گێرەی هۆمەرە کوێرە[٣١٣]

٣١٤)- ئەڵێی گیسکە دێی یە[٣١٤]

٣١٥)- ئەڵێی گیسکی سەلەمە[٣١٥]

٣١٦)- ئەڵێی گیسکی قەرزار نەگرتووە[٣١٦]

٣١٧)- ئەڵێی گیسکی ناو دێیە[٣١٧]

---

[٣٠٧] بە یەکێکی توورە ئەوترێ، کە بە رەقی قسە بکات لەگەڵ یەکێکی نەرم و شلا.

[٣٠٨] بە یەکێکی چەوتی نالەبار ئەڵێن.

[٣٠٩] بەیەکێك ئەوترێ، کە هەر چەند ئامۆژگاری بکەیت وەری نەگرێ.

[٣١٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە سەری لێ شێوا بێ، وە هەردەمە لە شوێنێك بێ.

[٣١١] بە یەکێکی زۆر بچکۆلانە ئەوترێ.

[٣١٢] بە شتی قەبەی ناقۆلا ئەڵێن.

[٣١٣] ئەگێڕنەوە کە کابرایەك بووە ناوی هۆمەرە کوێر بووە، خەرمانێکی بووە ویستویەتی گێرەی بکات، بەڵام خۆی جووتی نەبووە و کەسیش یارمەتی نەداوە، ناچار خۆی کەرێك و مانگایەك و سەگێك و بزنێکی ئەبێ، دێت تێکیان ئەخات، وە ئەیەوێ گێرەیان پێ بکات، کە دەست ئەکەن بە خولخواردن گێرە ئەشێوێ، وە خەرمانەکە پەرش و بڵاو ئەبێتەوە، ئنجا ئێستا ئەمە بە شتێك ئەوترێ کە تێکەڵ و پێکەڵ ببێ.

[٣١٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە سەر بە هەموو شوێنێکا بکات.

[٣١٥] بەیەکێکی گەمژەی نابووتی بچکۆلانە ئەڵێن.

[٣١٦] بە یەکێکی گەمژەی نابووتی بچکۆلانە ئەڵێن.

[٣١٧] بەیەکێك ئەوترێ، لە هەر کوێیەك خواردن و مڵ و مووشی ببێ، ئەو لەوێ بێ.

٣١٨)- ئەڵێی عیسا گرتوویەتی و mووسا تێی ئاخنیوە [٣١٨]

٣١٩)- ئەڵێی فاتەی سوورەبانە[٣١٩]

٣٢٠)- ئەڵێی قەل و بەچکە قەلەکان، تفاندویانەتەوە دەمی یەك[٣٢٠]

٣٢١)- ئەڵێی قەندەی دەم بەرەوژووورە[٣٢١]

٣٢٢)- ئەڵێی کاسەی چەورە[٣٢٢]

٣٢٣)- ئەڵێی کەری دەروێشە سەر بە هەموو ماڵێکا ئەکا[٣٢٣]

٣٢٤)- ئەڵێی کەری گوو شل خواردووە[٣٢٤]

٣٢٥)- ئەڵێی کەشکی ئاوەسورە[٣٢٥]

٣٢٦)- ئەڵێی کتکە نەوتینەیە[٣٢٦]

٣٢٧)- ئەڵێی کەڵەشێری بڵقاسمە[٣٢٧]

٣٢٨)- ئەڵێی کەڵەشێری سەر بارەدارە[٣٢٨]

---

[٣١٨] بەیەکێك ئەوترێ، کە لە قەڵەوییدا رەویی بێتەوە.

[٣١٩] ئەگێڕنەوە کە ژنێك بووە ناوی فاتە سوورەبان بووە، ئەم ژنە شەڕی ناوەتەوە و خۆشی سەیری کردووە، کە لێشیان پرسیوە: ئەوە چییە؟ وتوویەتی : ئەڵێن شەڕ و هەرایە، قەباحەتی فاتەشی تیایە. ئێستا بە یەکێك ئەوترێ کە شەڕ بنێتەوە و خۆی سەیر بکا.

[٣٢٠] بە دوو کەس ئەڵێن کە لە قسەیەکا هەر دووکیان وەك یەك قسە بکەن بێ ئەوەی ئاگایان لە یەك بێ.

[٣٢١] بە یەکێك ئەوترێ، کە بۆ هەر لایەك بچێ خواردنی بە تووشەوە بێ.

[٣٢٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە هیچ نەگرێتە خۆی.

[٣٢٣] بە یەکێکی ناشرینی دەم و قەپۆز چڵکن ئەوترێ.

[٣٢٤] بە یەکێکی ناشرینی دەم و قەپۆز چڵکن ئەوترێ.

[٣٢٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە قسە کاری تێ نەکا.

[٣٢٦] بە مەردومی رەش و رووتی چڵکن و پیس ئەوترێ.

[٣٢٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە میانەی قسەی ئەم و ئەوا تێهەڵکات.

[٣٢٨] بە یەکێکی بچوکی بێ نموود ئەوترێ، کە هەمیشە خۆی دەرخات.

٣٢٩)- ئەڵێی کەڵەشێری کلك هەڵکێشراوە[٣٢٩]

٣٣٠)- ئەڵێی کەڵەشێری ناوەختە[٣٣٠]

٣٣١)- ئەڵێی کەندووی بەتاڵە[٣٣١]

٣٣٢)- ئەڵێی کەندووی نەزان کردووە[٣٣٢]

٣٣٣)- ئەڵێی کەوی بنێشتە تاڵ خواردووە[٣٣٣]

٣٣٤)- ئەڵێی کچە جافیان بۆ دابەزاندووە[٣٣٤]

٣٣٥)- ئەڵێی کڵاوی سەخری جنی لەسەردایە[٣٣٥]

٣٣٦)- ئەڵێی کوڕە زۆکەیە[٣٣٦]

٣٣٧)- ئەڵێی کوردی بە دۆ مردەیە[٣٣٧]

٣٣٨)- ئەڵێی کوردی دۆ نەدیوە[٣٣٨]

٣٣٩)- ئەڵێی کوزە کەمتیاری پێیە[٣٣٩]

٣٤٠)- ئەڵێی کووپەی سەروبنە[٣٤٠]

---

[٣٢٩] بە یەکێکی بچوکی بێ نموود ئەوترێ، کە هەمیشە خۆی دەرخات.

[٣٣٠] بە یەکێك ئەڵێن، کە وەخت نەناسێ.

[٣٣١] بە یەکێکی بۆشی بێ زانین و زانیاری، یا بێژیری و بیر ئەوترێ.

[٣٣٢] بە یەکێکی زلی قەبەی ناشرین ئەوترێ.

[٣٣٣] بە یەکێکی دەنگ زوڵاڵ ئەوترێ، چونکە وا بڵاوە کە بنێشتە تاڵ دەنگی کەو خۆش ئەکا.

[٣٣٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەگەڵ چەند دۆست و برادەرێکیا بێ، وە سەر لە ئێواری بە جێیان بێڵێ، بچێتەوە بۆ ماڵەوە.

[٣٣٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر بزێو بێ، وە لەهیچ شوێنێك زۆر نەمێنێتەوە لەبەرئەوە دۆزینەوەی بۆ یەکێك گران بێ.

[٣٣٦] بە یەکێکی پیر ئەڵێن، کە کردەوەی منداڵانە بنوێنێ.

[٣٣٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە خواردنێکی ئەوەندە خواردبێ نەخۆش کەوتبێ.

[٣٣٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە بۆ شتێك تامەزرۆ بێ.

[٣٣٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە لای هەموو کەسێك خۆشەویست بێ.

[٣٤٠] بە مەردومی کورتی خڕی تێکسمڕاو ئەڵێن.

٣٤١) ئەڵێی کوێری ئەسپێ لە مشت کەوتووە[٣٤١]

٣٤٢)- ئەڵێی لۆتییە و مەیموونی تۆپیوە[٣٤٢]

٣٤٣)- ئەڵێی لە بن دارێکایە گەڵای پێوە نییە[٣٤٣]

٣٤٤)- ئەڵێی لە ترش و خوێدا سوور کراوەتەوە[٣٤٤]

٣٤٥)- ئەڵێی لە دەم رەش بەربووە[٣٤٥]

٣٤٦)- ئەڵێی لە دەم گورگ بەربووە[٣٤٦]

٣٤٧)- ئەڵێی لە سەر ئاگر دانیشتووە[٣٤٧]

٣٤٨)- ئەڵێی لە سەر دڕك بەندە[٣٤٨]

٣٤٩)- ئەڵێی لە گەرووی مار دەرهاتووە[٣٤٩]

٣٥٠)- ئەڵێی لە گوێی گادا نوستووە[٣٥٠]

٣٥١)- ئەڵێی لە کێری تیتی و قوزی بیبی بوون[٣٥١]

٣٥٢)- ئەڵێی لەسەر دڕکە[٣٥٢]

٣٥٣)- ئەڵێی لەکلاّ گەڕاوە[٣٥٣]

---

[٣٤١] بە یەکێك ئەوترێ، کە چنگی بە سەر شتێکا گرتبێ، وە بەئامان و زەمان لە ژێر چنگی نەیەتە دەرەوە.

[٣٤٢] بە یەکێکی خەفەتبار ئەوترێ.

[٣٤٣] بە یەکێکی خەفەتبار ئەوترێ.

[٣٤٤] بە یەکێکی ساغی قەڵەوی سوور پڕ تۆڵ ئەوترێ.

[٣٤٥] بە یەکێکی چڵێسی نەوسنی بە هەڵپە ئەڵێین لە خواردنا.

[٣٤٦] بە یەکێکی چڵێسی نەوسنی بە هەڵپە ئەڵێین لە خواردنا.

[٣٤٧] بەیەکێك ئەوترێ، کە بە ناچاری لە شوێنێك دانیشتبێ.

[٣٤٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە ناچاری لە شوێنێك دانیشتبێ.

[٣٤٩] واتە زۆر راستە.

[٣٥٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە بێ ئاگا بێ لە دەنگ و باسێك.

[٣٥١] بە یەکێکی لاری خوار و خێچی ناشرین ئەوترێ.

[٣٥٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە ناچاری لە شوێنێك دانیشتبێ.

[٣٥٣] بە یەکێکی لاری خوار و خێچی ناشرین ئەوترێ.

٣٥٤)- ئەڵێی لەکێری قاقان و لە قوزی بیبی جان بوون[٣٥٤]

٣٥٥)- ئەڵێی ماستمان خواردووە و دۆمان داوە بەو[٣٥٥]

٣٥٦)- ئەڵێی ماکەری ئابلاخە[٣٥٦]

٣٥٧)- ئەڵێی مانگای مالوانە[٣٥٧]

٣٥٨)- ئەڵێی مەشکە تاڵ ئەدا[٣٥٨]

٣٥٩)- ئەڵێی مژ لە قنگی کەر ئەدا[٣٥٩]

٣٦٠)- ئەڵێی مریشکە و لە گووی خۆیا چینە ئەکا[٣٦٠]

٣٦١)- ئەڵێی مریشکی ئاشەوانە[٣٦١]

٣٦٢)- ئەڵێی مریشکی ئاشەوانە، تا کشەی لێ بکەیت زیاتر بۆ سەردۆڵیان رائەکات[٣٦٢]

٣٦٣)- ئەڵێی مریشکی ئاوەڕوتکراوە[٣٦٣]

---

[٣٥٤] بەیەکێك ئەوترێ، کە زۆر بە دەعیە و دەمار بێ.

[٣٥٥] بە یەکێك ئەوترێ کە لە هیچەوە زوپر بووبێ.

[٣٥٦] ئابلاخ: دێیەکی نزیکە لە رۆژئاوای شاری سلێمانییەوە، ئەمە ساڵێکە کەوتۆتە سەر شار بەهۆی گەورە بوونی سلێمانییەوە؛ بە یەکێك ئەوترێ کە هیچی لە دەست نەیەت.

[٣٥٧] مالوان، دێیەکە لە شارەزوور. بە یەکێکی زلی قەبەی ورگن ئەوترێ کە زۆر بخوا.

[٣٥٨] مەشکە کە ماوەیەك دۆی تێکرا، چەرمەکەی خاو ئەبێتەوە وە بە دەستەوە ئەنوسێ، ئنجا دێن تاڵی ئەدەن، بەم ڕەنگە جەوت و قەزوانی وشك و توێکڵە پرتقاڵی وشکی بۆ ئەکوتن لەگەڵ خۆیدا، وە بە دیوی دەرەوە و ناوەوەی ئەکەن زۆر بە خەستی، وە بەو ڕەنگ ئەمێنێتەوە تا دوو سێ رۆژ، ئنجا بە چەقۆ دای ئەتاشن و ئەیشۆنەوە وە بەو ڕەنگە پنر ئەبێتەوە، وە تام و بۆنی خۆش ئەبێ ئەم پەندە بە یەکێك ئەوترێ کە جنێوێکی زۆر بدا بە یەکێك، وە بە جنێو بی ئاخنی و تاڵی دا.

[٣٥٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە مژی قایم بدا لە سەبیل و قەندە.

[٣٦٠] بە یەکێك ئەوترێ کە شتێکی لێ ون بووبێ، وە بە ڕاست و چەپی خۆیا دەست بگێڕێ.

[٣٦١] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە سەر ئەم و ئەوەوە بلەوەڕێ.

[٣٦٢] بە یەکێك ئەوترێ کە لە خوارەوە جێگای نەبێتەوە بۆ بەرەوژوورتر هەوڵ بدات.

[٣٦٣] بە یەکێکی رووتی کەم بەرگ و کاڵا ئەوترێ.

٣٦٤)- ئەڵێی مشتەی ناو هەمانەیە[٣٦٤]

٣٦٥)- ئەڵێی مشکی جەواڵ دڕە[٣٦٥]

٣٦٦)- ئەڵێی مشکی سەر تەختەیە[٣٦٦]

٣٦٧)- ئەڵێی مشکی ناو جەواڵە[٣٦٧]

٣٦٨)- ئەڵێی من کرە ئەکەم و ئەو ئەیخوا[٣٦٨]

٣٦٩)- ئەڵێی مووررووی لە گووی خۆیا دۆزیوەتەوە[٣٦٩]

٣٧٠)- ئەڵێی موویان بۆ هەڵ کڕووزاندووە[٣٧٠]

٣٧١)- ئەڵێی میزی پشیلەیان داوە لەبەری پێی[٣٧١]

٣٧٢)- ئەڵێی میزی گایە، هەر لار ئەڕوا[٣٧٢]

٣٧٣)- ئەڵێی مێشێ میوانی نییە[٣٧٣]

٣٧٤)- ئەڵێی مێشە، ئەنیشێ بە پیسیەوە[٣٧٤]

٣٧٥)- ئەڵێی میچی قومارخانەیە[٣٧٥]

٣٧٦)- ئەڵێی نازداری قازی بەنێیە[٣٧٦]

---

[٣٦٤] بەیەکێك ئەوترێ، کە زیان و دەمی بە نهێنی لە کارا بێ.

[٣٦٥] بەیەکێکی بزێوی دڕ ئەوترێ.

[٣٦٦] بە یەکێکی بچکۆلانەی جرپنی جەربەزە ئەوترێ.

[٣٦٧] بە یەکێکی بچووك ئەوترێ، کە بەرگی یەکێکی لە خۆی گەورەتر لەبەر کردبێ.

[٣٦٨] بە یەکێك ئەڵێیت: کە حەز لە چارەی نەکەیت.

[٣٦٩] بە کەسێك ئەوترێ لە ڕووی سوکیەوە، کە زۆر پێبکەنێ.

[٣٧٠] بە یەکێك ئەڵێیت لە کاتێکا کە نەتەوێ بێت، کەچی ئەو لەو کاتەدا کوتوپڕ پەیدا بێ.

[٣٧١] بەیەکێك ئەوترێ، کە زۆر هاتوچۆ و جرت و فرت بکا.

[٣٧٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە هەموو شتێکا لار بێ.

[٣٧٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە شتێکی بەسەرهاتبێ و باکی نەبێ.

[٣٧٤]

[٣٧٥] بە یەکێکی فێڵباز ئەوترێ.

[٣٧٦] قازی بەنێ: زیارەتگایەکە لە شیوی قازی لە ناوچەی قەرەداخ، گوایا هەر ژنێك منالی نەبێ بچێتە سەر گۆڕەکەی، بۆ ئەوەی منالی ببێ ئنجا هیوا هەیە کە گەڕایەوە منالی

٣٧٧)- ئەڵێی نانی بە سەر ساجا سووتاوە[٣٧٧]

٣٧٨)- ئەڵێی نانی هاری گرتووە بەدەمەوە[٣٧٨]

٣٧٩)- ئەڵێی نە بای دیوە و نە باران[٣٧٩]

٣٨٠)- ئەڵێی نە نان ئەخوا و نە ئاو[٣٨٠]

٣٨١)- ئەڵێی نیسکە بەرووپشتی بۆ نییە[٣٨١]

٣٨٢)- ئەڵێی ورچی دەست شکاوە، هەر بۆڵە بۆڵێتی[٣٨٢]

٣٨٣)- ئەم ترە کەڵەکێیە، سەر ناگرێ[٣٨٣]

٣٨٤)- ئەم دەست موحتاجی ئەو دەست نەبێ[٣٨٤]

٣٨٥)- ئەم دەسی لەو دەسی چڵك وەرناگرێ[٣٨٥]

٣٨٦)- ئەم سایە، هی ئەو سایە[٣٨٦]

ئەبێ، وە هی واش هەیە نای بێ، ئەوی کە بووی منداڵەکەی زۆر خۆشەویست ئەبێ لای باوك و دایکی وە پێی ئەڵێن نازداری قازی بەنێ، وە هەر کەسێکی تریش کە منداڵەکەی وا خۆشەویست بێ پێی ئەڵێن: ئەڵێی نازداری قازی بەنێیە.

[٣٧٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە کارێکا پەلە پەل بکا.

[٣٧٨] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر هاروهاج بێ.

[٣٧٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە سەر کارێ: سزایەکی سەخت درابێ، کەچی لە دوای سزاکە دەست بکاتەوە بە کارەکە.

[٣٨٠] بەیەکێکی زۆر لەڕ و لاواز ئەوترێ.

[٣٨١] بەیەکێکی دوو ڕوو ئەوترێ.

[٣٨٢] بە یەکێك ئەوترێ کە لەبەر خۆیەوە هەر بۆڵەی بێ.

[٣٨٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە هیوای زۆری ببێ، وە هیوا لە سەر هیوا دابنێ و کەڵەکەیان بکات.

[٣٨٤]

[٣٨٥] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر ڕژد و چرووك بێ.

[٣٨٦] بەیەکێك ئەوترێ، کە حورمەتێکی کۆنی بنەماڵەیی مابێ.

٣٨٧)- ئەم سەر ئەکا و ئەو سەر ئەکا، پارە ئەدا و پینە ئەکا[٣٨٧]

٣٨٨)- ئەم سەر کریّ، ئەو سەر کریّ، پارە کریّ پینە کریّ[٣٨٨]

٣٨٩)- ئەم قسەیە، با لە ناو دووتویّی نانابیّ[٣٨٩]

٣٩٠)- ئەم کاسەیە بیّ ژێر کاسە نییە[٣٩٠]

٣٩١)- ئەم لا ئەکەم ئاو ئەمبا، ئەولا ئەکەم گورگ ئەمخوا[٣٩١]

٣٩٢)- ئەم لا تات و ئەولا تات، ئای بابە جیقم دەرهات[٣٩٢]

٣٩٣)- ئەم لای ناوە بەولاوە، گووی کردە هەر دو لاوە[٣٩٣]

٣٩٤)- ئەم مردووە، بەم شیوەنە، زیندوو نابێتەوە[٣٩٤]

٣٩٥)- ئەم نانە بەو ڕۆنە[٣٩٥]

٣٩٦)- ئەم هەویرە ئاو زۆر ئەکێشێ[٣٩٦]

٣٩٧)- ئەمانەتیان دا بە عەردی، نەچووە ژێری[٣٩٧]

---

[٣٨٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەمیشە خەریکی پینە کردنی ئەو گوفتار و کردارانە بێ کە ئەیانکا.

[٣٨٨] پارە: مەبەست پارچە کردنە، واتە هەر چیت بۆ بەرن، یا بۆت بێنن یا بۆت پارچە پارچە بکەن، یا بۆت لە یەك بدەن، هەمووی هەر بە کریّ، وە بە پارەیە.

[٣٨٩] بە یەکێك ئەوترێ، قسەیەك بکا کە هێشتا وەختی نەهاتبێ، واتە قسەیە با فەرامۆش نەکرێ، وە هەلگیرێ بۆ ڕۆژی خۆی.

[٣٩٠] بە کردەوەیەك ئەوترێ، کە مەبەستێکی تایبەتی تیابێ.

[٣٩١] یەکێك ئەیلێ، کە لە ناوەندی دوو بەڵای گەورەدا بێ.

[٣٩٢] تات تەلە بەردی پانی گەورەیە، یەکێك ئەیلێ کە لە دوو لاوە زۆری بۆ هاتبێ.

[٣٩٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە دوو کاری بە دەستەوە بێ، وە هەر دووکی تێك دابێ.

[٣٩٤] واتە زۆر شیوەن مەکەن لە سەر مردوو.

[٣٩٥] بەیەکێك ئەوترێ کە ئارەزووی شتێکی ببێ و دەستی نەیگاتێ.

[٣٩٦] بە قسەیەك ئەوترێ، کە زۆر مەعنای ببێ.

[٣٩٧] بە یەکێك ئەوترێ کە هەموو جۆرە سپاردەیەك وەربگرێ، وە باکی نەبێ ئەگەر لە لای بفەوتێ، ئەم پەندە ئاماژەیە بۆ ئایەتی "انا عرجنا الامانه علی السماوات و الارج و الجبال فابین ان یجعلنا و اشفقن منها و حملها الانسان" واتە ئێمە سپاردەمان ڕانواند بە سەر ئاسمانەکان و زەوی کێوەکانا، هەموو لە هەلگرتنی یەخەیان هەڵتەکان و لێی ترسان.

٣٩٨)- ئەمە ئەرز و ئەوە گەز[٣٩٨]

٣٩٩)- ئەمە باوکی گشتیانە[٣٩٩]

٤٠٠)- ئەمە خوێی چێشتە، لە چاو ئەودا[٤٠٠]

٤٠١)- ئەمە سنعەتە و سەبەتە، مزگەری نییە و قنگ هەڵسوڕان[٤٠١]

---

[٣٩٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە هاشە و هووشە قسەیەکی زل بکات کە لە دەستی نەیەت، واتە ئەگەر راست ئەکەیت فەرموو بیکە.

[٣٩٩] ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی شارەزووری، ئاشنای ماڵێکی گەورە ئەبێ، ساڵی هەشت نۆ جار ئەچێ بۆ ماڵیان، هەموو جارێك یا مەشکۆلەیەك دۆ، یا چەند سەلکێك دۆینە، یا تۆزێ کەشکیان بۆ ئەبا بە دیاری، وە هەموو جارێ، دوو سێ ڕۆژ ئەمێنێتەوە تێر و پڕ پڵاو و گۆشت ئەخوا ، بێجگە لە خەڵات و بەرات، ساڵێك بە بەهاردا ئەچێ، وەك جاران چەند ڕۆژێك ئەمێنێتەوە، وە بە خانەخوێکەی ئەڵێ: ئێستا لای ئێمە زۆر خۆشە و هەمووی سەوزیی و ئاو نێرگس و گوڵاڵە سوورەیە، ئەم منداڵانە بۆ ئانێری چەند ڕۆژێك لەوێ بەخۆشی رابوێرن، کابراش ئەڵێ باشە، وە لەگەڵ پیاوەکەیا ئەیان نێرێ، ڕۆژی یەکەم چێشتی دۆینەیان بۆ لێ ئەنێن. ڕۆژی دووەهەم دۆکەشیکیان بۆ ئەکەن، منداڵەکان لەمانە لە هیچیان ناخۆن چونکە فێری ئەم جۆرە خواردنانە نەبوون، کابرا نە بەرخێکیان بۆ سەر ئەبڕێ، نە گیسکێك و نە مریشکێك، لەلەی منداڵەکان خێرا ئەیانباتەوە، وە داستانەکە بۆ باوکیان ئەگێڕێتەوە، باوکەکەیان زۆر دڵگیر ئەبێ، وە لە دڵی خۆیدا بڕیار ئەدا کە ئەمجارە کابراکە هاتەوە دەریکا، ڕۆژێ تەقەتەق لە قاپی ئەدەن، خاوەن ماڵ تەقەی دەرگاکە ئەناسێتەوە، وە ئەزانێ کە ئەمە کابرای شارەزوورییە، ئەڵێ کەس نەچێ بە دەنگییەوە خۆم دەرگای لێ ئەکەمەوە، لەپاش ماوەیەکی زۆر ئنجا ئەچێ ئەڵێ ئەوە کێیە؟ کابرا ئەڵێ خۆمانین، ئەڵێ خۆتان کێن؟ ئەڵێ قوربان نامناسی؟ ئەڵێ نەخێر، ئەڵێ فلانم، ئەڵێ بۆچی هاتوویت؟ ئەڵێ بۆ دیدەنی منداڵەکان ئنجا ئەمیش دەرگاکەی لێ ئەکاتەوە(.....) بۆ دەرئەهێنێ، وە ئەڵێ (ئەمە باوکی گشتیانە) وە ئەوانە هەموو لەمە کەوتوونەتەوە، کابرا سەر دائەخا و ئەڕوا، وە ئیتر جارێکی تر ناچێتەوە، ئنجا ئێستا ئەم پەندە بە شتێك ئەڵێن لە ناو چەند شتێکا کە لە هەموویان باشتر و بەکەڵك تر بێ.

[٤٠٠] واتە زۆر کەمە.

[٤٠١] یەکێکی پسپۆڕ لە کارێکا ئەیڵێ بە یەکێکی وا کە لە ئیشەکەی ئەما، نەشارەزا بێ و کەچی قسەشی تیا بکات.

٤٠٢)- ئەمڕۆ ئێرە دیوەخانە، سبەینێ هێلانەی مشکانە[٤٠٢]

٤٠٣)- ئەمڕۆ بە حازر، سبەینێ بە قەرز[٤٠٣]

٤٠٤)- ئەمڕۆ دنیایە و سبەینێ قیامەت[٤٠٤]

٤٠٥)- ئەمڕۆ دنیایە، سبەینێ زۆڕنایە[٤٠٥]

٤٠٦)- ئەو بۆناو هۆز، ئەو بۆناو کۆز[٤٠٦]

٤٠٧)- ئەو بەرد لە مشت و ئەم دیزە بە کۆڵە[٤٠٧]

٤٠٨)- ئەو تڕەی لە قنگتایە بیکەنە[٤٠٨]

٤٠٩)- ئەو جێیە خۆشە، کە دڵی لێ خۆشە[٤٠٩]

٤١٠)- ئەو خورمایەی تۆ خواردووتە، دەنکەکەی وا لە گیرفانی منا[٤١٠]

٤١١)- ئەو خوێنەی شەوی بە سەرا تێپەڕێ، تۆڵەی فەوتاوە[٤١١]

---

[٤٠٢] واتە دنیا تا سەر بۆ کەس نامێنێ، ئەمڕۆ شوێنێك ئاوەدان و سبەینێ چۆڵ و وێرانە، مەگەر زۆڕنای تێا لێ بدرێ.

[٤٠٣] خاوەن دوان ئەم پەندە ئەنووسێ و هەڵی ئەواسێ، بۆ ئەوەی هیچ کاتێك هیچ بە قەرزنەدا، چونکە لەهەر دەمێکا بچێت بۆ لای ئەو ئەڵێ: ئەمڕۆ نا سبەینێ.

[٤٠٤] بەیەکێك ئەوترێ، کە دەست درێژی بکا بۆ مەردوم.

[٤٠٥] واتە دنیا تا سەر بۆ کەس نامێنێ، ئەمڕۆ شوێنێك ئاوەدان و سبەینێ چۆڵ و وێرانە، مەگەر زۆڕنای تێا لێ بدرێ.

[٤٠٦] یەکێك ئەیلێ کە دەستێ بەرگی لەبەرابێ، وە دستێکی کۆنی دڕاویشی هەڵواسی بێ، وە لێی بپرسن ئەم دەستە دڕاوە بە کاری چی دێ.

[٤٠٧] بەرد لە مشت: بە یەکێکی بێڕەوشت و خوو ئەڵێن کە داوای کچی بێوەژنێك بکا، ئەگەر نەیداتێ، نەنگێك بخاتە پاڵ کچەکەی، دیزە بە کۆڵ بە بێوەژنێك ئەڵێن کە کچێکی پاك و تەمیزی ببێ، وە هەمیشە لە دەمی مەردوم بترسێ کە نەنگێك بخەنە پاڵ کچەکەی.

[٤٠٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە قسەیەکی ناشرینی لە دڵا بێ، بیەوێ پێتی بڵێ.

[٤٠٩] بە یەکێك ئەڵێیت، کە پێت بڵێ: تۆ لەم شوێنە ناخۆشە بۆ نیشتەجێ بوویت؟ واتە لێرە دڵم زۆر خۆشە.

[٤١٠] واتە ئەم فڕوفێڵەی کە تۆ ئەیکەیت، من لەوسەری دێمەوە.

[٤١١]

٤١٢)- ئەو دانیشتووە لە وێرانەی وێری، خەڵقی تەموورە لێ ئەدەن بە گون و کێری[٤١٢]

٤١٣)- ئەو ژنەی دانی جوان نەبێ، بە چاو پێ ئەکەنێ[٤١٣]

٤١٤)- ئەو ساڵە ساڵی سی بوو، کۆستە برسی بوو[٤١٤]

٤١٥)- ئەو سەرە سوونە، بۆ ئەو بنە سوونە[٤١٥]

٤١٦)- ئەو سەرینە بخەرە ژێر سەرت[٤١٦]

٤١٧)- ئەو سوار و من پیادە[٤١٧]

٤١٨)- ئەو شوێنەی پاك بێ، خۆمی تیا دائەنیشم[٤١٨]

٤١٩)- ئەو چاوە کوێر بێ، دوژمنی خۆی پێ نەناسێ[٤١٩]

٤٢٠)- ئەو کاتە زانیم کار گوو بە گووە، سەرۆکی بازاڕ یا قوو بەجووە[٤٢٠]

٤٢١)- ئەو کاروانچی، من خانچی[٤٢١]

٤٢٢)- ئەو کانیەی ئاوی لێ ئەخۆیتەوە، بەدری تێ مەخە[٤٢٢]

---

[٤١٢] بە یەکێك ئەوترێ کە بێ خەم دانیشتبێ لە ماڵی خۆی، بێئەوەی گوێ بداتە ئەم و ئەو کە ناوی ئەبەن بە خراپە.

[٤١٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە کردەوەیەکی جوانی بووبێ نەیکردبێ، ئێستا بە قسەیەکی خۆش بیەوێ دای پۆشێ، یا قسەیەکی باش بووبێ نەی وتبێ ئێستا بەکردەوەیەکی جوان بیەوێ دای پۆشێ.

[٤١٤] تەماشای پەندی (ساڵ سییە، سیوەیل برسییە) بکە.

[٤١٥] سوون: کەرتەی (هەسوونە) بە دوو شتی هیچ و پووچ ئەڵێن کە بۆ یەك دەست بدەن، یا دوو کەسی خراپ کە لەگەڵ یەکا یەك کەوتبن.

[٤١٦] واتە دڵنیابە.

[٤١٧] واتە هەر چەند ئەکەم نایگرم، وەنای بینم.

[٤١٨] واتە مەردوم نابێ درێغی لە خۆی بکات، وەچی بە باش ئەزانێ، ئەوە بۆ خۆی بەکار بێنێ.

[٤١٩] واتە مەردوم چۆن ئەبێ دوژمنی خۆی نەناسێ.

[٤٢٠] بە رۆژگارێك ئەوترێ کە ناوەجاخی ناڕەسەن ببێ بە سەرۆك و کار بەدەست.

[٤٢١] بە یەکێکی ئەڵێیت، کە هەر ڕۆژە نا ڕۆژێ، بێتە سەرت، ببێ بە میوان و تۆ ناچاربی خزمەتی بکەیت.

[٤٢٢] واتە لە هەر کەسێك بەهرەیەکت وەرگرت، ناوی بەخراپە مەبە.

٤٢٣)- ئەو کەسەی بڵێت و بیکا فیلەتەنە، نەڵێت و بیکا کەرکەدەنە، بڵێت و نەیکا مانگای تەڕەزەنە[٤٢٣]

٤٢٤)- ئەو کەسەی دوو بەردان لە یەك بدات، ئەردێکی پەیدا ئەکات[٤٢٤]

٤٢٥)- ئەو کەسەی گیان ئەدا، گیانیش ئەسێنێ[٤٢٥]

٤٢٦)- ئەو کەسەی ماڵی لە شووشە بێ، نابێ بەرد بگرێتە ماڵی کەس[٤٢٦]

٤٢٧)- ئەو کوتەکەی بە خۆما نەدرێ، وەك لە رەشکەی کا بدرێ وایە[٤٢٧]

٤٢٨)- ئەو مانگە، مانگی ڤیروسیایە، ئەم مانگە مانگی مل شکایە[٤٢٨]

٤٢٩)- ئەو نانە نانە، ئەمڕۆ لە خوانە[٤٢٩]

٤٣٠)- ئەو وارە، نە ئەو بەهارە[٤٣٠]

٤٣١)- ئەو وەختە دانی دوێتەم کەند، کە کردم لەگەڵ گاگەل[٤٣١]

---

[٤٢٣] کەرگەدەن: گیاندارێکی زۆر گەورە و قاچ و مل ئەستوورە، تاقە شاخێك وا بە سەر لووتییەوە، تەڕەزەن: گیانداری تازە زاوە کە شیری زۆر و روون بێ.

[٤٢٤] بە یەکێك ئەوترێ کە لە داوێنی شاخێکەوە تەلانێك دروست بکات و ناوەکەی پڕ بکاتەوە بە گڵ، ئەوسا ئەبێ بە خاوەنی ئەرزێك، ئنجا لەو ئەرزەدا ئەتوانیت بیکەیت بە باخ، یا بە زەرعات یا بە خانوو.

[٤٢٥] واتە چاوەڕوانی هەموو شتێك هەر لە خواوە بکە.

[٤٢٦] واتە یەکێك خۆی ئەنگدار بێ، نابێ ئەنگ لە مەردوم بگرێ.

[٤٢٧] بە یەکێك ئەوترێ کە خود پەرست بێ، وە هەر چاوی لە خۆیەوە بێ.

[٤٢٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە کاری یەکێك دوا بخات، ئەم مانگ بۆ ئەو مانگ.

[٤٢٩] یەکێکی لێ قەوماو ئەیڵێ بە ناکەس بەچەیەك، کە ئەمڕۆ نان دار بێ، وە خاوەنی سفرە و خوان بێ.

[٤٣٠] وار: هەوارە. ئەگێڕنەوە کە یەکێك لە بەهارێکا ئەچێ بۆ لای یەکێك لە شوێنێك، وە زۆر خزمەت ئەکرێ، هەر ئەو کابرایە لە بەهارێکی تردا ئەچێتەوە بۆ ئەو شوێنە، بەڵام ئەو خزمەتە ناکرێ. ئنجا بەو بۆنەیەوە ئەڵێ: (ئەو وارە، نە ئەو بەهارە) واتە هەوار هەر هەوارەکەی جارانە بەڵام بەهارەکە ئەو بەهارە نییە، ئێستا بە شتێك ئەوترێ کە وەك جاران نەمابێ.

[٤٣١] دوێت: کچە، واتە ئەو ڕۆژە کچەکەم ماڵ وێران کرد، کە کردم بە شوانی گاگەل، یەکێك ئەیڵێ کە پاشە ڕۆژی منالی خۆی نەخوێنێتەوە و بەدەست سپی بیهێڵێتەوە.

٤٣٢)- ئەوا گا گووی کرد[٤٣٢]

٤٣٣)- ئەوە ئاوی سارد و ئەوە بەرەوژوورەی سەخت[٤٣٣]

٤٣٤)- ئەوە ئەرز و ئەوە گەز[٤٣٤]

٤٣٥)- ئەوە ئەزم، هەڵ ئەبەزم[٤٣٥]

٤٣٦)- ئەوە باوە، وا لە ناوە[٤٣٦]

٤٣٧)- ئەوە بەختی من نییە گەسك بدەم و کێری کەر بدۆزمەوە[٤٣٧]

٤٣٨)- ئەوە خەتەنە سووران بوو، زەماوەند وا لە دواوە[٤٣٨]

٤٣٩)- ئەوە خەوێ بوو دیت، ئیتر نای بینیتەوە[٤٣٩]

٤٤٠)- ئەوە گۆڕت بێ[٤٤٠]

٤٤١)- ئەوە کاوڕ بازی بوو ئەمە بەران بازییە[٤٤١]

---

[٤٣٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە تۆ چاوەڕوانی گوفتار یا کردارێکی جوانی لێ بکەیت، کەچی ئەو پێچەوانەی ئارەزووەکەی تۆ، قسەکە یا کردەوەکە بکات.

[٤٣٣] بەرەوژووری سەخت: بە خواردنەوەی ئاوی سارد ئەبڕێ، دوژمنیش بەرەوژووری لێ گرتیت زاڵ ئەبێ بە سەرتا، بە یەکێك ئەوترێ کە لێت تووڕە بووبێ، وە هەڕەشەت لێ بکا، واتە ئەوە ئاوی سارد بی خۆرەوە وە ئەوەیش بەرەوژووری سەخت بڕۆ لێم بگرە بزانم چیت لە دەست دێ.

[٤٣٤] بە یەکێکی ئەڵێیت، کە گاڵتە بە کارێکت بکا، واتە فەرموو تۆ بچۆ بیکە بزانم لەوە باشتری ئەکەیت.

[٤٣٥] یەکێك ئەیلێ کە ماوەیەك بێ سەربەستی کپ کرابێ، وە ئێستا رزگاری بووبێ.

[٤٣٦] واتە چی داهات، ئەبێ بە باو.

[٤٣٧] یەکێك ئەیلێ، کە گلەی لە بەختی خۆی بێ.

[٤٣٨] واتە خۆشی گەورە لە دوایە.

[٤٣٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە خۆشیەکی دیبێت و لەدەستی چووبێ.

[٤٤٠] بە یەکێك ئەوترێ: کە بە لاسایی خۆی، کارێکی ناپەسەند بکا، لە پاشا تووشی تۆڵەی خۆی ببێ.

[٤٤١] بە دوو کار ئەوترێ، کە دووهەمیان لە یەکەمیان گرنگتر بێ.

٤٤٢)- ئەوە ملی من و ئەوە چەقۆی تۆ[٤٤٢]

٤٤٣)- ئەوەش کەوا لە ژێر بەڕەدا، ئەکەوێتە سەر بەڕە[٤٤٣]

٤٤٤)- ئەوەندە بێ و بچۆ، قەدرت نەچۆ[٤٤٤]

٤٤٥)- ئەوەندە بە شوێن دزا بچۆ، لێت هەڵ نەگەڕێتەوە[٤٤٥]

٤٤٦)- ئەوەندە بچۆرە باوان، بەڕەیەك بەژێرت بیاران[٤٤٦]

٤٤٧)- ئەوەندە تاریکە، بە دە کوێر چاو ساغێك ناگەیەننە ماڵ[٤٤٧]

٤٤٨)- ئەوەندە دزە، کل لە چاو ئەفڕێنێ[٤٤٨]

٤٤٩)- ئەوەندە ساغە، ئەڵێی دارەکەی قەرەداغە[٤٤٩]

٤٥٠)- ئەوەندە شیرینە بە قوزەڵقورتەوە ئەخورێ[٤٥٠]

٤٥١)- ئەوەندە گەڕا بێمایە، چووەوە سەر کۆنە قایە[٤٥١]

٤٥٢)- ئەوەندە گەڕاوە، دڕاوە[٤٥٢]

---

[٤٤٢] بە یەکێك ئەڵێت، کە لێت زویر بووبێ لەسەر هەڵەیەك، واتە چیم لێ ئەکەیت سەرم لە ڕێتایە.

[٤٤٣] واتە ئەوەی ئەمڕۆ داپۆشراوە، سبەینێ دەرئەکەوێ.

[٤٤٤] واتە ئەوەندە مەچۆرە جێگایەك کە لێت وەڕەس بن.

[٤٤٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر نووزە درێژ بێ، وە لەسەر قسە زۆر بڕوا.

[٤٤٦] بیاران: واتە بیهێنن. واتە ئەوەندە مەچۆرە جێگایەك کە لێت بێزار بن.

[٤٤٧]

[٤٤٨] بە دزێك ئەوترێ، ئەوەندە دز بێ شتت لێ بدزێ لەبەرچاوی خۆت و هەستی پێ نەکەیت.

[٤٤٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر ساغ بێ، ئەم داری قەرەداغە ئەو دارەیە، کە یەکێك نزای تەمەن درێژی بۆ یەکێك بکا، پێی ئەڵێ: (یاخوا بە دارەکەی قەرەداغ بی).

[٤٥٠] واتە ئێجگار ڕەوشت و خووی جوانە.

[٤٥١] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، بە نائومێدی بچێتەوە جێگای جارانی.

[٤٥٢] واتە فێری زۆر شت بووە.

٤٥٣)- ئەوەندە لاواز بووە، سەگەل چاوی لێ دائەگرن[٤٥٣]

٤٥٤)- ئەوەندەی باوەڕ پێ بکە، بڵێ خوا یەکە[٤٥٤]

٤٥٥)- ئەوەندەی قنگە جنۆکەیەکە[٤٥٥]

٤٥٦)- ئەوەی ئامۆژگاری نەوێ، پارمەتیشی ناوێ[٤٥٦]

٤٥٧)- ئەوەی ئەیخوات نایزانێ، ئەوی تێی ئەووشێ ئەیزانێ[٤٥٧]

٤٥٨)- ئەوەی بۆ گووکەر هەڵ ئەکەوێ، بۆ راوکەر هەڵ ناکەوێ[٤٥٨]

٤٥٩)- ئەوەی با کردی بە باران، باران کردی بە بەفر[٤٥٩]

٤٦٠)- ئەوەی بە بێوەژنی ئەیکەیت، بە کچێنی بت کردایە[٤٦٠]

٤٦١)- ئەوەی بە تەمای دراوسێ بێ، بێشێو سەر ئەنێتەوە[٤٦١]

٤٦٢)- ئەوەی بە گاوان ببڕێ، ماکەر گاینە[٤٦٢]

٤٦٣)- ئەوەی بە فەلاح ببڕێ، دانەوێڵەیە[٤٦٣]

---

[٤٥٣] واتە بە تەمان لە کۆلانێکا بمرێ و بکەوێ و سەگەل ورگی بدڕن.

[٤٥٤] واتە زۆر درۆزنە، هیچی پێ باوەڕ مەکە.

[٤٥٥] بە شوێنێکی زۆر بچووک ئەوترێ.

[٤٥٦] بە یەکێکی ئەڵێیت، کە لە کارێکا ئامۆژگاریت کردبێ و بە گوێی نەکردبێت، لە پاشا تێ شکابێ و داوای پارمەتیت لێ بکات.

[٤٥٧] واتە ئەو کەسەی مەسرەفی ماڵ ئەکات ئەزانێ چی خەرج ئەکا.

[٤٥٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە شتێکی باشی لێ هەڵکەوێ بێئەوەی بیەوێ بەهرەی لێ وەرگرێ.

[٤٥٩] واتە هەر ستەم لێکراوێ بۆی بلوێ تۆڵەی خۆی لە یەکێکی تر ئەکاتەوە.

[٤٦٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە کاتی خۆیا ئیشێکی نەکردبێ و لە پاشا بیکا.

[٤٦١] کەواتە بەتەمای کەس مەبە، هەوڵ و تەقەلای خۆت نەبێ.

[٤٦٢] بە یەکێکی هیچ و پووچی پەست ئەوترێ، کە لە کارێکی پیرۆزا بەهرەمەند نەبێ مەگەر بە شتێکی زۆر بێنرخ.

[٤٦٣] دەوڵەمەندێکی دڵفراوان ئەیڵێ کە دەوڵەتەکەی خەرج بکا و پیاوەتی بە سەرەوە لێ بدات.

٤٦٤)- ئەوەی بە منەوەیە، ناومە بە تۆوە، هەتاکو بمریت بسووتێیت پێوە[٤٦٤]

٤٦٥)- ئەوەی بەوی کرد، بابەدەواری شڕی نەکا[٤٦٥]

٤٦٦)- ئەوەی پێم کرد خێرە، لێم بوو بە گورگ و شێرە[٤٦٦]

٤٦٧)- ئەوەی گا دەیکا، گا نای خوا[٤٦٧]

٤٦٨)- ئەوەی کە خاوەن ماڵ ئەیزانێ دز بیزانێ هیچ لە ماڵا ناهێڵێ[٤٦٨]

٤٦٩)- ئەوەی لای بەندە خەیاڵە، لای خوا بەتاڵە[٤٦٩]

٤٧٠)- ئەوەیش وا لە ژێر بەڕەدا، ئەکەوێتە سەر بەڕە[٤٧٠]

٤٧١)- ئەوجا بزانە کفری کاوولە، ئازای مەجلیسی قۆجە شاوورە[٤٧١]

٤٧٢)- ئەوسا شا، شالیاربوو، تەتەر وێران بوو[٤٧٢]

٤٧٣)- ئەولاد شیرینە، تەربییە لە ئەولاد شیرین ترە[٤٧٣]

٤٧٤)- ئەوی ئەیدەم بە کرێ ئەیدەم بە ترێ[٤٧٤]

---

[٤٦٤] یەکێك ئەیڵێ، کەخۆی نەنگێکی ببێ، کەچی خۆی بە بێ نەنگ نیشان بدا، وە نەنگەکەی خۆی بنێ بە سەر یەکێکی ترا.

[٤٦٥] واتە زۆری شەکانەوە.

[٤٦٦] کەواتە تا ئەتوانی خۆت بپارێزە لە شەڕی ئەو کەسەی کە چاکەی لەگەڵ ئەکەیت.

[٤٦٧] واتە ئەوی دەستت کەوێ نابێ هەمووی بخۆیت، بەڵکو ئەبێ هێندێکی پاشەکەوت بکەیت.

[٤٦٨] چونکە خاوەن ماڵ لە دزەکە زۆرتر ئەترسێ.

[٤٦٩] واتە هەر چی تۆ بتەوێ خوا بۆت ناکا.

[٤٧٠] واتە هەموو شاراوەیەك دەرئەکەوێ.

[٤٧١] قۆجە شاوور: ناوی پیاوێکی هیچ و پووچی بێنرخ بووە لە شاری کفری. بە شوێنێك ئەوترێ کە لە جیاتی پیاوە باشەکان، پیاوە خراپەکان لەسەر کار بن.

[٤٧٢] واتە جاران کە ئەو هەموو پیاوە باشانە بوون، دنیا وێران بوو، چ جای ئێستا.

[٤٧٣] واتە ئەولادی بێ تەربییە نەبوونی باشترە لە بوونی.

[٤٧٤] یەکێك ئەیڵێ، کە ئیشی خۆی خۆی بیکا نەك بە یەکێکی تری بکا بە کرێ، وە ئەو پارەیەی کە ئەدرێ بە کرێ بۆ ئەو جۆرە ئیشانە، بۆ خۆی وە لە خۆیا خەرجی بکا.

٤٧٥)- ئەوی ئەیزانیت گشتی مەڵێ، ئەوی گوێت لێیە بە هەمووی باوەڕ مەکە[٤٧٥]

٤٧٦)- ئەوی بۆ ئەو ڕێکەوتووە، بۆ بزنی دێلێژە ڕێ نەکەوتووە[٤٧٦]

٤٧٧)- ئەوی بۆ جێگەر ئەیکا، بۆ دێگەر نایکا[٤٧٧]

٤٧٨)- ئەوی بۆ خۆتی ڕەوا ئەبینیت، بۆ خەڵقیشی ڕەوا ببینە[٤٧٨]

٤٧٩)- ئەوی بە تەمای نانی ماڵاوسێ بێ، لە برسانا ئەمرێ[٤٧٩]

٤٨٠)- ئەوی بە پەیژەدا سەرکەوێ، ئەبێ لە خوارەوە دەست پێ بکات[٤٨٠]

٤٨١)- ئەوی بە فەلاح ببڕێ، دانەوێڵەیە[٤٨١]

٤٨٢)- ئەوی بە مێرووله بتڕێ، تەبەقە تڕانەی ناوێ[٤٨٢]

٤٨٣)- ئەوی بترسێ، ناخەلەسێ[٤٨٣]

٤٨٤)- ئەوی بەسەر ڕۆی، بە ملا ئەڕوا[٤٨٤]

٤٨٥)- ئەوی بخوازێ ڕوویەکی ڕەشە، ئەوی نەیداتێ هەر دوو ڕووی ڕەشە[٤٨٥]

---

[٤٧٥] گشتی مەڵێ: واتە ئەوەندەی بڵێ کە ڕاست بێ.

[٤٧٦] دێلێژە: دێیەکە لە قەرەداغ، ئاوی سارد و لەوەڕی باشی هەیە، لەبەر ئەوە بزنی هەمیشە قەڵەو و بەدەقە، بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر باش بۆی ڕێ کەوتبێ.

[٤٧٧] جێگەر: جگەرە. دیگەر: لە (دگر)ی فارسیەوە هاتووە، بە مەعنای بێگانەیە، واتە بێگانە نابێ بە کەس.

[٤٧٨] واتە خۆت بکە بە ئاوێنە، مەردومی تیا ببینە.

[٤٧٩] کەواتە بە تەمای کەس مەبە، هەوڵ و تەقەلای خۆت نەبێ.

[٤٨٠] واتە هەموو شتێك ئەبێ لە نووکەوە دەست پێ بکات، وە لە بناغەوە سەرکەوێ.

[٤٨١] یەکێکی بخۆرە ئەیڵێ، کە پێی بڵێن، تۆ بۆ ئەوەندە پارە خەرج ئەکەیت وە دەست ناگریتەوە؟ واتە چۆن فەلاح لە هەموو خۆشییەك نائومێدە دانەوێڵەکە نەبێ کە پێی ئەبڕێ، منیش هەر خواردنەکەم بۆ ئەمێنێتەوە.

[٤٨٢] چونکە هەر کەسێ بیخوا هەر ئەتڕێ.

[٤٨٣] واتە ئازا بە لە هیچ مەترسە، وە بە ترسەوە دەست مەدەرە هیچ کارێك.

[٤٨٤] واتە شتی نادروست ئەنجامیشی نادروستە.

[٤٨٥] ڕوویەکی ڕەشە: ئەو ڕووەیەتی کە پێی داوا کردووە، هەر دوو ڕووی ڕەشە: ڕوویەکی بەوە ڕەشە کە داوای لێکراوە و نەیداوە، ڕووەکەی تری بەوە ڕەشە کە ئەو شتەی داوای لێکراوە هەیەتی و نەیداوە.

٤٨٦)- ئەوی بڕوای بە خۆی نییە، شایەنی پشت پیّبەستن نییە[٤٨٦]

٤٨٧)- ئەوی بنشیّ بە لای خاسەوە، ئەویش ئەپیّچریّ بە لباسەوە، ئەوی بنیشیّ بەلای حیزەوە، ئەویش ئەپیّچریّ بە تیز تیزەوە[٤٨٧]

٤٨٨)- ئەوی تۆ پیّی پەستی، من پیّی مەستم[٤٨٨]

٤٨٩)- ئەوی تۆراوە، بەشی خوراوە[٤٨٩]

٤٩٠)- ئەوی تۆوی دڕك بچیّنیّ، تا ماوە گوڵ نابینیّ[٤٩٠]

٤٩١)- ئەوی تەڕ بیّ، لە باران ناترسیّ[٤٩١]

٤٩٢)- ئەوی پشتی ناحەق بگریّ، نۆکەری زاڵمە[٤٩٢]

٤٩٣)- ئەوی پیازی نەدیبیّ، قنچکە نێرگس ئەچیّنیّ[٤٩٣]

٤٩٤)- ئەوی پیشەی ئازاردان بیّ، ئەبیّ تووشی مل شکان بیّ[٤٩٤]

٤٩٥)- ئەوی پیّم ئەکرد خیّر، لیّم بوو بە گورگ و شیّر[٤٩٥]

٤٩٦)- ئەوی حوشترەوانی بکا، ئەبیّ سەر دەرگاکەی بلّند کا[٤٩٦]

---

[٤٨٦] چونکە مەردوم تا خاوەنی بیر و باوەڕیّك نەبیّ، هیچی لیّ ناوەشیّتەوە.

[٤٨٧] واتە لەگەڵ باش بیت باش ئەبیّت، وە لەگەڵ خراپ بیت خراپ ئەبیت.

[٤٨٨] چونکە لە دەستووری جیهانە کە ناخۆشی یەکیّك خۆشی یەکیّکی تریّ.

[٤٨٩] کەوابوو تا ئەتوانی لە هیچ مەتۆریّ.

[٤٩٠] بەڵکوو هەر دڕك ئەبینیّ.

[٤٩١] چونکە ئەو کەسەی لە باران بترسیّ، لەبەر تەڕ بوونەکەیەتی، کە تۆ تەڕیت لەچی ئەترسیت.

[٤٩٢] چونکە بەو پشتگرتنی ناحەقیە خزمەتی زوڵم ئەکات.

[٤٩٣] بە یەکیّك ئەوتریّ، کە لەبەر نەشارەزایی لە جیاتی شتیّك بە شتیّکی ترەوە خەریك بیّ.

[٤٩٤] چونکە ئەگەر ستەم لیّکراوەکانیش دەستی لیّ نەوەشیّنن، خوا لە باڵی ئەدا.

[٤٩٥] بە یەکیّکی ئەڵیّیت، کە خراپەت لەگەڵ بکات، دوای ئەوەی کە تۆ چاکەت لەگەڵ کردبیّ.

[٤٩٦] واتە دەستت دایە هەر کاریّك، ئەبیّ بە پیّی ئەو کارە خۆت ئامادە بکەیت.

٤٩٧)- ئەوی دۆست بە دۆستی ئەکا، دوژمن بە دوژمنی ناکا[٤٩٧]

٤٩٨)- ئەوی دەزرییەکی پیا کردیت، تۆ سووژنێکی پیا بکە[٤٩٨]

٤٩٩)- ئەوی دڕك بچێنێ نابێ پێخاوس بگەڕێ[٤٩٩]

٥٠٠)- ئەوی رووتە، مەلکەمووتە[٥٠٠]

٥٠١)- ئەوی زۆر بخوا، زۆر ناژی[٥٠١]

٥٠٢)- ئەوی سەری ئەپۆشێ، ژێری ئەفرۆشێ[٥٠٢]

---

[٤٩٧] چونکە ئەوەندەی دۆست شارەزاتە، دوژمن ئەوەندە شارەزات نییە.

[٤٩٨] واتە هەر کەسێك ستەمێکی لێکردیت، تۆش ستەمەکەی لێ بکەرەوە بە زیادەوە، تا جارێکی تر ستەمت لێ نەکات.

[٤٩٩] بە یەکێکی دوژمندار ئەوترێ.

[٥٠٠] مەلکەمووت: بێنرخە.

[٥٠١] بۆیە قورئان ئەفەرموێ(کلوا و اشربوا و لاتسرفوا) واتە بخۆن و بخۆنەوە و زیادە خۆری مەکەن.

[٥٠٢] لە ئاینی ئیسلاما پەچە نییە، قورئان بە ژنان ئەفەرموێ (ولا یبدین زینتهن لا ماظهر منها) واتە ئەندامی جوانیان دەرنەخەن بۆ بێگانە، مەگەر ئەوەندە نەبێ کە لە مالا، وە لە ئیش و کارا، دەرئەکەوێ، وەك دەم و چاو و هەر دوو دەست، تا مەچەك، وە هەر دوو قاچ تا قولەپێ، کە ئەمانە لە شەرعا عەورەت نین، بۆیە لە نوێژا دروستە بە دەرەوە بن، ئەوی لە ئاینا دروست نییە بۆ ژنان دەرخستنی، سنگ و مەمك و شان و مل و قۆڵ و لنگە، کە هەرچی شەرم بێ تیا نییە، وە بە ئاشکرا مایەی جولاندنی ئارەزووی پیاوە، کە ئەمەش دەردێکە وەك دەردی فەرەنگی، فەڕەنگەکان بە دیاری بۆیان هێناوین تا بناغەی رەوشت و خوومان بروخێنن.

گەلی کورد بە تێکڕایی، وە ئەوەی لە سەر سروشت ماینتەوە وەك لادێییەکان هەموو سەربەرزن، وە ناوچەوان و روخساریان بە دەرەوەیە وە هەموو رەوشت و خوویەکی بەرز و بەهێز و ئازایان هەیە، پێویستە لەسەر هەموو باوك و دایکێك، لە پێشەوە شرینقەی رەوشت و خووی بەرز بدەن لە منالەکانیان بە ڕەنگێکی وا کە ئەگەر ئاسمان بڕوخێ، ئەوان لە سنووری ئازایی و مەردی، نەچنە دەرەوە، وە هەروەها بە چاوی ناپاکیش تەماشای ناموسی مەردوم نەکەن.

٥٠٣)- ئەوی گەڕا دڕا، ئەوی کردی بردی[٥٠٣]

٥٠٤)- ئەوی قەرز ئەدا بە دۆست هەر دووکی لە کیس ئەچێ[٥٠٤]

٥٠٥)- ئەوی کەوش دروست بکات، ئەبێ دانیش بەکار بێنێ[٥٠٥]

٥٠٦)- ئەوی کردی بە قسەی ژنێ دەستی داوە لەوێ گونێ[٥٠٦]

٥٠٧)- ئەوی لای بەندە خەیاڵە، لای خوا بەتاڵە[٥٠٧]

٥٠٨)- ئەوی لای دیزەوە دانیشێ، ڕەش ئەبێ[٥٠٨]

٥٠٩)- ئەوی لای کوورەی ئاسنگەرەوە بێ، پڕیشکی بەرئەکەوێ[٥٠٩]

٥١٠)- ئەوی لە ئاش بێ بە ئاشەوانی مەزانە[٥١٠]

٥١١)- ئەوی لە ئاش بێ، شانی ئارداوی ئەبێ[٥١١]

٥١٢)- ئەوی لە تۆ دوورە، ڕەنگی سوورە[٥١٢]

٥١٣)- ئەوی لە دیزە بێ، بە ئەسکوێ دەردێ[٥١٣]

---

[٥٠٣] واتە ئەوی گەڕا بە جیهانا، دڕا ئەوەندە رووپەڕەی جیهانی دی، بەڵام ئەوی ئیشی کرد و رەنجی دا، بەری کردەوەی خۆی برد.

[٥٠٤] واتە قەرزەکەش و دۆستەکەش.

[٥٠٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە خەریکی کارێك بێ، بێئەوەی ئەو رەنجەی کە بیەوێ، بۆی بدا، کە کەوشت دروست کرد، ئەبێ بە دان چەرمیش ڕابکێشێت.

[٥٠٦] ئەمە بۆ هەموو ژنێك نییە، بەڵکو هەر بۆ ژنێکی نەخوێندەوارەی هیچ نەزانە، ئەگینا زۆر ژنی وا هەیە لە پیاو ژیرتر و بە بیرتر و زاناتر و داناترە.

[٥٠٧] چونکە زۆر جار بەندە شتێك بڕیار ئەدا و خوا شتێکی تری بڕیوەتەوە.

[٥٠٨] واتە هاوڕێی خراپ، خراپە.

[٥٠٩] کەواتە تا ئەتوانیت خۆت بپارێزە لە هەموو پڕیشکێك.

[٥١٠]

[٥١١] بە یەکێك ئەوترێ کە لە نزیکی شتێکەوە پڕیشکێکی لێ پەڕی بێ.

[٥١٢] بە یەکێکی خراپ ئەوترێ، کە هاوڕێی خراپ بێ.

[٥١٣] بە یەکێك ئەوترێ کە بیەوێ نەنگێکی تۆ بڵێ، واتە ئەگەر تۆ نەنگی من بڵێیت، منیش نەنگی تۆ هەیە ئەیڵێم، وە هەر چی لە دیزەدا بێ بە ئەسکوێ دەری دێنم.

٥١٤)- ئەوی لە سەر ڕێگا گوو بکات، ئەبێ جنێویش قوبووڵ بکات[٥١٤]

٥١٥)- ئەوی لە شەڕا نەبێ شێرە[٥١٥]

٥١٦)- ئەوی لە شەڕا نەبێ شیری تیژە[٥١٦]

٥١٧)- ئەوی لە کاسەدا بێ، بە کەوچك دەردێ[٥١٧]

٥١٨)- ئەوی لە ماڵم نییە، ئاگای لە حاڵم نییە[٥١٨]

٥١٩)- ئەوی لە مشك بێ، جەواڵ ئەدڕێ[٥١٩]

٥٢٠)- ئەوی لە مشك بێ، هەمبان دڕە[٥٢٠]

٥٢١)- ئەوی لەبەر چاوانە، لەبەر دڵانە[٥٢١]

٥٢٢)- ئەوی لەگەڵ بووکێ نەبێ، لەگەڵ بەربووکێ نییە[٥٢٢]

٥٢٣)- ئەوی لەگەڵ هەوادا بێ، لەگەڵ هەوادا ئەڕوا[٥٢٣]

٥٢٤)- ئەوی منارە بدزێ، کیفیشی بۆ ئەکا[٥٢٤]

٥٢٥)- ئەوی نامگۆڕێتەوە بە ئێستر، نایگۆڕمەوە بە کەر[٥٢٥]

---

[٥١٤] چونکە خەڵق پیس ئەکات.

[٥١٥] چونکە خۆی هەڵئەکێشێ وەك فسفس پاڵەوان.

[٥١٦] چونکە خۆی هەڵئەکێشێ وەك فسفس پاڵەوان.

[٥١٧] تەماشای ڕاڤەی سێ پەند لەمەپێش بکە.

[٥١٨]

[٥١٩] بە ئەوەی زۆردارێکی ستەمکار ئەوترێ، کە ئەمیش وەك باوکی زۆر و ستەمێکی کردبێ، واتە هیچ شتێك بنیانی خۆی ون ناکا.

[٥٢٠] بە ئەوەی زۆردارێکی ستەمکار ئەوترێ، کە ئەمیش وەك باوکی زۆر و ستەمێکی کردبێ، واتە هیچ شتێك بنیانی خۆی ون ناکا.

[٥٢١] چونکە شەرم لە چاو ئەکرێ.

[٥٢٢] چونکە بەربووك نابێ کەسی لەگەڵ بێ.

[٥٢٣] چونکە بە ڕەنجی شان و عەرەقی ناوچەوان پەیدای نەکردووە.

[٥٢٤] کە تیا حەشار بدا واتە هەر کەسێك دەست بداتە هەر کارێك، ئەبێ خۆی بۆ ئامادە بکا.

[٥٢٥] واتە ئەوی حورمەتم نەگرێ باشتر حورمەتی ناگرم.

٥٢٦)- ئەوی ناوکی بوێ، ئەبێ توێکڵ بشکێنێ[٥٢٦]

٥٢٧)- ئەوی نەبێ لە دەرپێی شڕم، نابێ بە کوڕم[٥٢٧]

٥٢٨)- ئەوی هەڵیگرت شمشێر، نابێ گوێ بداتە شێر[٥٢٨]

٥٢٩)- ئەی بووکەکەی ماڵی مەتی، سەرت رووتە و پات پەتی[٥٢٩]

٥٣٠)- ئەی پایزە برا، مەرحەبا[٥٣٠]

٥٣١)- ئەی حاجەت زێڕینە، هۆت ئەکەوێتە حاجەت گووینە[٥٣١]

٥٣٢)- ئەیباتە سەر کانی و ئاوی نادا[٥٣٢]

٥٣٣)- ئەیەوێ بدا لە ئاو، لاقی تەڕ نەبێ[٥٣٣]

٥٣٤)- ئەیەوێ ماسی بگرێ و قنگی تەڕ نەبێ[٥٣٤]

٥٣٥)- ئەیخۆی بیخۆ، نایخۆی عەبەلە ئەیخوا[٥٣٥]

---

[٥٢٦] واتە ئەوەی گەنجی بوێ ئەبێ رەنجی بۆ بدا.

[٥٢٧] تەماشای ئەو پەندە بکە کە ئەڵێ(بەڵا لە شەرواڵی شڕت، کوڕی کەس نابێ بە کوڕت).

[٥٢٨] واتە کە چەکت پێ بوو، ئەبێ لە هیچ نەترسیت.

[٥٢٩] بە ئافرەتێك ئەوترێ، کە بەربەرەڵڵا بێ.

[٥٣٠] بەیەکێك ئەوترێ، کە تا ئیشێکی نەبێ نەیەتە لات، وەك ئەو هەژارانەی کە لە پایزانا دەرئەکەون، بۆ کۆکردنەوەی دەغڵ و دان لەسەر خەرمانان.

[٥٣١] بەیەکێك ئەوترێ کە قاپ و قاچاخ نەدا بە دراوسێ بە سپاردە (امانە)واتە ئەی ئەو کەسەی حاجەتەکانی خۆت بە زێڕ ئەزانیت، ئەوەندە دڵ ڕەق مەبە، با خوا تۆش وەك ئێمە نەکات بە خاوەنی حاجەتی گووینە.

[٥٣٢] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر زۆرزان و فێڵباز بێ، وە بتوانێ مەردوم ئیغفال بکا.

[٥٣٣] بە یەکێك ئەوترێ کە بیەوێ گەنجی دەست کەوێ بە بێ رەنج.

[٥٣٤] واتە هەموو کارێك جۆرە هەوڵ و تەقەلایەکی ئەوێ، وە هیچ شتێك بە بێهەوڵ دەست ناکەوێ.

[٥٣٥] بە منالێك ئەوترێ، کە لە بەشە خواردنەکەی تۆرابێ، وادیارە (عەبەلە) منالێکی ئەوسن بووە، هەر کەسێ تۆرابێ، ئەو بەشەکەی خواردووە.

٥٣٦)- ئومێدمان بە وەیس بوو، وەیسیش بە سوننی دەرچوو[٥٣٦]

٥٣٧)- ئیتر رۆن بدە لە سەر سنگت[٥٣٧]

٥٣٨)- ئێستر و ماین بە شەڕ دێن، کەر و گا بەر لەقە ئەکەون[٥٣٨]

٥٣٩)- ئێسکت مریٚ ئێسك گران، حەسیرە شڕەی گویٚ ئاگردان[٥٣٩]

٥٤٠)- ئیسکی ئەکا کانیٚ، موسکی ئەبەنە دیوانیٚ[٥٤٠]

٥٤١)- ئیش ئیشی خاتوونیٚ ناو ناویٚ مەیمونیٚ[٥٤١]

٥٤٢)- ئیش شێرە، دەستت پیٚ کرد رێوییە[٥٤٢]

٥٤٣)- ئیش کەرە، تا لێی نەخوڕیت ناڕوا[٥٤٣]

٥٤٤)- ئیش کەرم بمریٚ، مشوور خۆرم نەمریٚ[٥٤٤]

٥٤٥)- ئیش کەری خۆتی، خۆشەویستی خەڵقی[٥٤٥]

---

[٥٣٦] وەیسی قەرەنی: یەکێکە لەوانەی کە بە خزمەت هاوڕێی پێغەمبەر گەیشتووە، خوابگاهی لە مایدەشتە لە کوردستانی ئێران، وە زیارەتگای موسڵمانانی ئەو ناوەیە، وا دەرئەکەویٚ چەند شیعەیەك لە دوورەوە هاتوون بۆ زیارەتی، لە پاشا کە زانیویانە وەیس سوننییە، ئەم پەندەیان وتووە، ئێستا بە یەکێك ئەوتریٚ کە هیوایەکی زۆرت پیٚ ببیٚ، کەچی بە پێچەوانەی هیواکەی تۆ ئەو دەرچیٚ.

[٥٣٧] بە یەکێك ئەوتریٚ، کە رقی لەیەکێك بیٚ، وە خوا بە ئارەزووی دڵی ئەو پێی نوواندبیٚ، وە ئەم دڵی سارێژ بووبیٚ.

[٥٣٨] واتە خۆت تێکەڵی جەنگی پیاوی گەورە مەکە.

[٥٣٩] زۆرتر بە پیاوی ماڵیٚ ئەوتریٚ کە پیر بووبیٚ و لە گویٚ ئاگردان کەوتبیٚ.

[٥٤٠] ئیسکی: عیسایی یە. مووسکی: مووسایی یە، بە یەکێك ئەوتریٚ دەستی خۆی وەشاندبیٚ و بە کامی خۆی گەیشتبیٚ و یەکێکی تر بگیریٚ و بخرێتە ژێر گیر و گرفتەوە.

[٥٤١] بە کارێك ئەڵێن یەکێك بیکا و یەکێکی تر ناوبانگی پیٚ دەربکات.

[٥٤٢] واتە ئیش کە نەیکەیت هەر بە سەرتەوە ئەمێنێتەوە کە دەستیشت دایە بەرە بەرە کەم ئەبێتەوە.

[٥٤٣] واتە ئیش کە نەیکەیت هەر بە سەرتەوە ئەمێنێتەوە کە دەستیش دایە بەرە بەرە کەم ئەبێتەوە.

[٥٤٤] تەماشای راڤەی پەندی (تەگبیر کەرە نەمریٚ، فرمان کەرە بمریٚ) بکە.

[٥٤٥] واتە مەردومی لەش سووك خۆشەویستی هەموانە.

٥٤٦)- ئیشی ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ[٥٤٦]

٥٤٧)- ئیشی بەزاری، بۆخم دەچمە یاری[٥٤٧]

٥٤٨)- ئیشی ژنان بیست و چوارن، هەر نان و هەویر دیارن[٥٤٨]

٥٤٩)- ئیشی من راست بێ، ئیشی تۆ ئاسانە[٥٤٩]

٥٥٠)- ئیشی نییە کرداران دەکا، گولی نییە هەوساران دەکا، عەمەلی نییە فەرمانان دەکا[٥٥٠]

٥٥١)- ئیمڕۆ چی بچێنین، سبەینێ ئەوە ئەدروینەوە[٥٥١]

٥٥٢)- ئیمڕۆ و سبەی ئەکات[٥٥٢]

٥٥٣)- ئیمسال سالّی مەیموونە، ئەمە هەوەڵمانە ئاخۆ ئاخرمان چۆنە[٥٥٣]

٥٥٤)- ئینسان بە وەسیەت نامرێ[٥٥٤]

٥٥٥)- ئینسان بچێتە شاری کوێران، ئەبێ دەست بە چاوەوە بگرێ[٥٥٥]

---

[٥٤٦] نە وەك تەگەرەی تێ بکەوێ.

[٥٤٧] یەکێك ئەیڵێ کە هەمیشە چەقەی بێ لەگەڵ دەست و پێوەندا، وە هەمیشە پێیان بڵێ: ئەوە بکەن، ئەوە مەکەن، ئەوە وانابێ و وا ئەبێ، واتە خۆم هەستم و بیکەم گەلێ ئاسانترە لەم چەقە چەقەم.

[٥٤٨] واتە ئیش و کاری ژن ئێجگار زۆرن، بەڵام بەشی زۆری وردە ئیشن و نابینرێن، دوانیان نەبێ کە لەبەر چاون.

[٥٤٩] ئەمەش جۆرێکە لە خودپەرستی.

[٥٥٠] بە یەکێك ئەوترێ کە بە خۆڕایی خۆی لە هەموو کارێك تێ هەڵقورتێنێ.

[٥٥١] واتە هەر وەك گەنم بچێنین گەنم و جۆ بچێنین جۆ ئەدروینەوە، هەروا چاکەش بچێنین چاکە و خراپە بچێنین خراپە ئەدروینە.

[٥٥٢] بە یەکێك ئەوترێ ، کە تەفرەت بدا و دەستی دەستیت پێ بکات.

[٥٥٣] بە هاودەمێك ئەوترێ کە یەکەم ڕۆژ دڵت بشکێنێ.

[٥٥٤] واتە هەموو کەسێك چ ئارەزوویەکی هەیە بۆ دوای مردنی با هەر لە ئێستاکەوە بی نووسێ.

[٥٥٥] واتە ئەبێ مەردوم لەگەڵ ناوچەدارێ بکەوێ.

٥٥٦) ئینسان سەر ئەدۆڕێنێ قسە نادۆڕێنێ[٥٥٦]

٥٥٧) ئینسان قەدری وا بە خۆیەوە[٥٥٧]

٥٥٨) ئینسان کە بە خەیاڵ پلاوی لێنا، هەتا چەورتر بێ باشترە[٥٥٨]

٥٥٩) ئینسان کە خۆڵ بکا بە سەر خۆیا، لەدەر ماڵی گەورە بیکا بەسەرخۆیا[٥٥٩]

٥٦٠)- ئینسان لە نزیك کوورەوە بێ پریشکی لێ ئەپەڕێ[٥٦٠]

٥٦١)- ئینسان وەك گا هەر لە پێستێکا نابێ[٥٦١]

٥٦٢)- ئینسانی غەریب لە بەرەوە پێی ئەڵێن دانی قەوییە و لە پێشەوە پێی ئەڵێن قنگی قەویە[٥٦٢]

٥٦٣)- ئێوارە وەختە، چرپن بە جەختە[٥٦٣]

---

[٥٥٦] واتە ئەوی مەردە، قسە ناگێڕێتەوە.

[٥٥٧] واتە ئەگەر کاری جوان بکەیت بەرێزی و کاری ناشرین بکەیت بێ‌ڕێز ئەبیت.

[٥٥٨] بە یەکێك ئەوترێ کە کردەوەی نەبێ و بە خەیاڵ ئیش بکات.

[٥٥٩] مەبەست لەم دەوڵەمەندە، ئەو دەوڵەمەندە موسڵمانانەیە کە .وڵەتەکەیان بە ماڵی خوا ئەزانن، وە هەژاران و لێقەوماوان بە هاو..ش ئەزانن لە دارایییەکانیان.

[٥٦٠] واتە تا ئەتوانیت هاوڕێی پیاوی خراپ .کە.

[٥٦١] واتە دەوڵەمەندیش ئەبێ و هەژاریش ئەبێ، ساغیش ئەبێ و نەخۆشیش ئەبێ.

[٥٦٢] واتە کەس شەرمی لێ ناکا.

[٥٦٣] بە ئافرەتێکی تەمەڵ ئەوترێ، کە ئێواران بکەوێتە خۆی، وە دەست .کا بە ماڵ پاك کردنەوە.

(پیتی ب)

١) با بخۆیس تا نەکوتراوین[١]

٢)- با بڕوا سیر بخوا و زۆڕنا لێدا[٢]

٣)- با دیزە بەدەرخۆنە بێت[٣]

٤)- با کەو بچێتە بانی دار[٤]

---

[١] ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی پیسکەی دەوڵەمەندی ئاژاڵدار، ژنەکەی بێزوو ئەکات بە سر و جگەرە، هەر چەند ئەکا دڵی بڕوایی نادات گیسکێکی بۆ سەر بڕێ، ناچار ئەچێ بۆ شار، بۆ کڕنی سی و جگەرێك ئەمەندە گیرە گیر ئەکات، کابرای قەساب پێی نافرۆشێ، وە بە گاڵتەوە پێی ئەڵێ: سی و جگەر لە فلان شار هەرزانە، کابرا بە پێ ملی رێ ئەگرێ بۆ ئەو شارە، ئێوارە وەخت ئەگاتە شارەکە، ماڵێکی گەورە دەرئەکەوێ، ئەچێ ئەبێ بە میوانی ئەو ماڵە، بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕی ئەکەن، دوای نان پێ گەیشتن، ژنی خانە خوێکە دێ بە مێردەکەی ئەڵێ، نان حازرە ئنجا (بخۆین و بی کوتین، یا بی کوتین و بخۆین)؟ میوانەکە زەرد هەڵ ئەگەڕێ لە ترسا، خانەخوێکە، تێئەگات، خێرا پێی ئەڵێ: برالە ئەم خێزانی منە ژنی خزمێکی دەوڵەمەندی پیسکەی خۆمان بووە، وە ئەم کۆشکە هی ئەو بوو، تا مرد نەخۆی و نە ئەم ژنە تێریان لێ نەخوارد، لە پاشا بە وەجاخ کوێری مرد، وە لە ژوورێکی ئەم خانووەدا نێژراوە، وە ژنەکەی شووی کردەوە بە من، وە من هاتمە سەر ئەم ماڵە حازرە، ئێستا بەیانیان و ئێواران کردوومانە بە دەستوور، پێش نان خواردن، یا دوای نان خواردن، گۆڕەکەی ئەدەینە بەر تێلا، تا هیلاك ئەبین، ئنجا خێزانەکەم ئەمەی مەبەست بوو کە وتی بخۆین و بی کوتین، یا بی کوتین و بخۆین. کابرا، کە ئەمە ئەبینێ، بەیانی بە پەلە ئەگەڕێتەوە، بەرانێك سەر ئەبڕێ، ژنەکەی واقی وڕئەمێنێ وە ئەڵێ پیاوەکە! ئەمە چییە؟ کابراش داستانەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە، وە ئەڵێ(با بخۆین تا نەکوتراوین).

[٢] بە یەکێك ئەوترێ کە کەتنێکی پێ کرابێ و دەستێکی لێ وەشێنرابێ.

[٣] واتە ئەم باسە با هەر بە پەنهانی بمێنێتەوە.

[٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە داوای شتێکت لێ بکا، واتە هەرگیز بۆت ناکەم، چونکە هەرگیز کەو ناچێتە سەردار.

٥)- با له کوێوه بێ، ئەو لەوێوه شن ئەکا[٥]

٦)- با نۆش لەسەر دەبێ[٦]

٧)- با هەر سیر بخوا و زۆڕنا لێدا[٧]

٨)- باب کوشته خەوی لێ ئەکەوێ، داك مردە خەوی لێ ئەکەوێ، له برسا مردە خەوی لێ ناکەوێ[٨]

٩)- بابێ شەن ئەکا، باران بێ ئاشی ئەگەڕێ[٩]

١٠)- باخ ساڵێ بەر نەگرێ، نابڕێ[١٠]

١١)- باخ نان ئاسانه، بەرهەم هێنانی گرانه[١١]

١٢)- باخ هی باخەوانە و بێستان هی بێستانەوان[١٢]

١٣)- باخەوان له کاتی ئەنگورا گوێچکەی ناژنەوێ[١٣]

١٤)- باخەوان له کاتی ترێدا، گوێی گرانه[١٤]

١٥)- باخەوانی، باشتره له چاوەڕوانی[١٥]

---

[٥] به یەکێك ئەوترێ، که به پێی ڕۆژ هەڵسوڕێ.

[٦] به یەکێکی ئەڵێیت، که بێکارێکی ترت له پێشەوه به سەرا دابێ.

[٧] به یەکێك ئەوترێ، که زەرەرێکی قورسی لێ درابێ. وه هەر بۆڵه بۆڵ و خوته خوت بکا، وه لەبەر خۆیەوه قسه بڵێ.

[٨] چونکه دەردی برسێتی له هەموو دەردێ گرانتره.

[٩] تەماشای پەندی چواردەهەم بکه.

[١٠] واته دەست له یەکێك هەڵناگیرێ که ساڵێ قازانجی بۆت نەبێ.

[١١] به یەکێك ئەوترێ، که ئیشێك دابمەزرێنێ و نەیباته سەر.

[١٢] واته ئەو کەسەی که ڕەنج بدا له شتێکا، ئەو شته بۆ ئەو له هەموو کەس له پێشتره.

[١٣] به یەکێك ئەوترێ، که شتێکی له ژێر دەستا بێ، وه نەیەوێ بەشی کەسی لێبدا، یا یارمەتی کەسی تیا بدا.

[١٤] به یەکێك ئەوترێ، که شتێکی له ژێر دەستا بێ، وه نەیەوێ بەشی کەسی لێبدا، یا یارمەتی کەسی تیا بدا.

[١٥] واته ڕەنج بدەیت چاکتره لەوەی چاوەڕوانی دەستی یەکێك بی.

١٦)- باخی بەبەرە[١٦]

١٧)- بار بەلا یاران، قەت ناگاتە هەواران[١٧]

١٨)- بار لە باج نانالێنێ[١٨]

١٩)- بار لە ڕێوە، یا لە جێوە[١٩]

٢٠)- بارێ قورئان بنێن لە کەرێ، بیبەنە مەککە و بیهێننەوە هەر کەرە[٢٠]

٢١)- باران ئەبارێ، زەوی ئەشۆرێ، چەقەڵ گان ئەکا ڕێوی ئەتۆرێ[٢١]

٢٢)- باران باری بە تەقە تەق، درز و درومان هاتەوە یەك[٢٢]

٢٣)- باران بباری ئاشم ئەگەڕێ، باران نەباری جووتم ئەگەڕێ[٢٣]

٢٤)- بارت بگرە و باجت بسێنە[٢٤]

٢٥)- بارە گوێزی لێ نێ، خڕەی نایەت[٢٥]

٢٦)- بارەکەی شووشەیە[٢٦]

٢٧)- باری گەورە، حوشتر ئەیبا[٢٧]

---

[١٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئاواتی هاتبێتە دی.

[١٧] بە یەکێك ئەوترێ کە ئیشێکی زۆری ببێ، وە کەم کەم بەم و بەوی بکات.

[١٨] یەکێکی دەوڵەمەند ئەیڵێ، کە بە ناوی خەرج و باج، یا دەست گیرۆییەکەوە، پارەی لێ بسێنن، واتە هەر گا هەیە قەیناکات.

[١٩] واتە کە گەیشتە پێشەوە بیفرۆشە، یا لە پاش چەند ڕۆژێك بیفرۆشە، بەڵام نەکەیت هەڵی گریت بۆ گرانی.

[٢٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە تا ئەمرێ، هەر کەر بێت.

[٢١] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە سەر شتی وا بتۆرێ، کەهیچ دەخڵی بەسەر ئەوەوە نەبێ.

[٢٢] بە دوو کەس ئەوترێ، کە شیر و تیر لە یەك بسوون، کەچی کوتوپڕ ئاشت ببنەوە، وە هیچ لە بەینیانا نەمێنێ.

[٢٣] واتە لە هەموو لایەکەوە بەهرەمەندم.

[٢٤] واتە تا بە چاوی خۆت شتێك نەبینیت، قسەی لێ مەکە.

[٢٥] واتە زۆر گوێ ڕایەڵ و فەرمانبەرە.

[٢٦] بە یەکێك ئەوترێ ، کە کارێکی ناسکی بە دەستەوە بێ، وە نەتوانێ دەنگی دەرچێ.

[٢٧] واتە پیاو تا گەورەتر بێ، باری لەشی قورستر و گرانتر ئەبێ.

٢٨) باریکان ئەڕێسێ[٢٨]

٢٩)- باز گولی بە جماڵی شێرۆ[٢٩]

٣٠)- باز لە بازگەدا ئەگیرێ[٣٠]

٣١)- بازاڕ دڵۆپەیە[٣١]

٣٢)- بازاڕی گەرمە[٣٢]

٣٣)- بازاڕی کەساسە[٣٣]

٣٤)- بازنی ئاڵتوونی لە دەستایە[٣٤]

٣٥)- بازی بازی، بە ریشی باباش بازی[٣٥]

٣٦)- بازی دایە چاڵە قووتەکەوە[٣٦]

٣٧)- باڵەخانەت لێ کردوم بە کونە چۆلەکە[٣٧]

٣٨)- باڵدار بە باڵ ئەفڕێ، بینادەم بە برادەر[٣٨]

---

[٢٨] واتە زۆر درێژە بە قسە ئەدا.

[٢٩] باز: وتەیەکی فارسییە، بە مەعنای دووبارە، ئەم پەندە ئەردەلانییە هەر منداڵێك کە کارێکی جوان بکات پێی ئەڵێن: (گوڵێ بە جەماڵت)واتە ئافەرین، وادیارە (شێرۆ) ناوێکە، یەکەم جار ئیشێکی جوانی کردووە پێی وتراوە (گوڵێ بە جەماڵی شێرۆ) ئێستاش هەر منداڵێك کارێکی جوان بکات، پێی ئەڵێن (باز گوڵێ بە جەماڵی شێرۆ).

[٣٠] واتە هەموو شت ئەبێ لە هەلی خۆیا بگیرێ.

[٣١] واتە کەس نازانێ کڕیار، کەی دێ بۆ لای.

[٣٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە دەست کەوتی زۆر بێ.

[٣٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە دەستکەوتی کەم بێ.

[٣٤] بە یەکێکی دەست ڕەنگین ئەوترێ، کە پیشەیەك بزانێ، وە بە هەوڵی بازوی خۆی، بتوانێ بژی.

[٣٥] بە یەکێکی لە خۆت منداڵتر ئەوترێ، کە بیەوێ فێڵێکت لێ بکا.

[٣٦] واتە مرد. لە ڕووی سووکییەوە بە کار ئەهێنرێ.

[٣٧] واتە زۆر سەرت ناوەتە سەرم، وە هەراسانت کردووم.

[٣٨] یەکێك بەخۆی ئەڵێ کە چەند برادەرێکی ببێ، هەر یەکە بە جۆرێك یارمەتی بدەن.

٣)- بالندەیەك بوو، نەی ئەخوێند، کە ئەیخوێند ئەیوت: کور

٤٠)- باڵی شکاوە و قاچی ئەبەستن[٤٠]

٤١)- بانگی محەمەد بە ئاشکرا خۆشە[٤١]

٤٢)- بانێکە و دوو هەوا[٤٢]

٤٣)- باوەژن، دین دوژمن[٤٣]

٤٤)- باوەڕت بەخۆت بێ و پشت بە کەس مەبەستە[٤٤]

٤٥)- باوك بێ برای ئامۆزا فرە[٤٥]

٤٦)- باوك کوژراو دەس هەڵئەگرێ، پلاوخۆر دەس هەڵناگرێ[٤٦]

٤٧)- باوکە بەڵایە، دایکە قەزایە، ژن نیعمەتی خوایە[٤٧]

٤٨)- باوکمان برایە و من چکێ لە تۆ وەجاخزادەترم[٤٨]

ٔ یەکێك ئەوترێ، کە نەزانێ بدوێ، وە هەر چەند قسە بکا، شەکرێك بشکێنێ.

پزیشکێکی ناشی ئەوترێ.

[٤١] بە شتێکی باش ئەوترێ، کە بە دزییوە بکرێ، واتە وەك بانگ بە ئاشکرا بکرێ باشە.

[٤٢] ئەگێڕنەوە کە ژنێك کوڕێك و کچێکی ئەبێ، کوڕەکەی ژن ئەهێنێ و کچەکەی شوو ئەکات، وە هەر دووکیان لە ماڵی دایکەکەیانا ئەمێننەوە. شەو لەسەر بان کوڕەکەی و بووکەکەی لە لایەکەوە، وە کچەکەی و زاواکەشی لە لایەکی ترەوە ئەنوون، نیوەشەو ایکەکەیان بە سەریانەوە ئەگەڕێ، کە ئەچێتە سەر جێگای بووکەکەی پێی ئەڵا: گەرمە تۆزێك لە یەك دوور کەونەوە، کە ئەچێتە سەر جێگای زاواکەی ئەڵێ: ساردە نەختێك نزیك کەونەوە، تا شەوێ: کوڕەکەی پێی ئەڵێ: دایە بۆچی ئەمە بانێکە و دوو هەوا، ئنجا ئێستا بە دەستوور و باوێك ئەڵێن کە بەسەر یەکێکا بەراورد بکرێ و بە سەر یەکێکی ترا نەکرێ.

[٤٣] واتە باوەژن وەك دوژمنێکی دینی وایە بۆ هەنەزای خۆی.

[٤٤]

[٤٥] بە یەکێکی دەست دار ئەوترێ، کە لە هەموو لایەکەوە مەردوم خۆیان بکەن بە خزمی.

[٤٦] چونکە هەر کەسە تەماشای قازانجی خۆی ئەکا.

[٤٧] چونکە ئەوی لای ئەم دەست ئەکەوێ، لای ئەوان دەست ناکەوێ.

برایەکی ناوەجاخ ئەیڵێ: بە برایەکی هەژاری خۆی، کە ئەو لەم دەوڵەمەندتر بێ، یا بایەیەکی ببێ.

٤٩)- باوێشکی بۆ ئەدا[٤٩]

٥٠)- باویلێ، باوێکی بەسە[٥٠]

٥١)- بای باڵی خۆت بدە[٥١]

٥٢)- بای دایەوە سەربای بەڕە بۆر[٥٢]

٥٣)- بایە و بە لای گوێیا ئەڕوا[٥٣]

٥٤)- بە بۆنەی دڕکەوە گوڵیش سزا ئەدرێ[٥٤]

٥٥)- بە بۆنی کەبابەوە هات، نەیزانی کەر داخکردنە[٥٥]

٥٦)- بە بێ کینەیی زاڵم باوەڕ مەکە[٥٦]

٥٧)- بە بابێ و بە باران، لە عومری بەفرە زیان[٥٧]

٥٨)- بە باڵی یەکێکی تر ئەفڕێ[٥٨]

٥٩)- بە بوار نەگەیشتووە، دەرپێ دائەکەنێ[٥٩]

---

[٤٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر حەزی لە شتێك بێ و دەستی نەکەوێ.

[٥٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە سەر هەموو قسەیەك زویر ببێ.

[٥١] واتە بگەڕێ و پیاسە بکە.

[٥٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە مەسەلەیەکی گرتبێ بەدەمەوە، وە هەموو جارێ قسە بەرێتەوە سەری.

[٥٣] واتە قسەکە ناچێتە دڵیەوە.

[٥٤] چونکە زۆر جار، دڕکی گوڵەکە، ئەچێ بە دەستی خاوەنەکەیا، وە بەو بۆنەیەوە، گوڵەکەش فڕێ ئەدرێ، بە یەکێکی پاك ئەوترێ کە بەهۆی یەکێکی خراپەوە، دووچاری تۆڵە و سزایەك ببێ.

[٥٥] بەیەکێك ئەوترێ بە هیوایەکی باشەوە روو بکاتە شوێنێك و وادەرنەچێ، وە بە بێ هیوا بگەڕێتەوە.

[٥٦] واتە لە زۆرداری ستەمکار دڵنیا مەبە.

[٥٧] یەکێك بە کاری ئەهێنێ، کە لە هەموو لایەکەوە، زەرەرمەند بێ.

[٥٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەموو ئیشێکی بەهۆی ئەم و ئەوەوە بۆ بکرێ.

[٥٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە پێش وەختا خۆی ئامادە بکا بۆ کارێك.

٦٠)- به تا ئەمگرێ و به لەرز بەرم ئەدا[٦٠]

٦١)- به تەماشا کردن بوایه، سەگ زوو فێری قەسابی ئەبوو[٦١]

٦٢)- به تەماشا، نابێته پاشا[٦٢]

٦٣)- به تەمای بنکڕ نیم و سەری مدبەقچی ئەشکێنم[٦٣]

٦٤)- به تەمای فرۆی مانگا زەردە[٦٤]

٦٥)- به تەمای نیسکێ، له ئیمانێ مەگەڕێ[٦٥]

٦٦)- به تەمایه ماسی بگرێ و قنگی تەڕ نەبێ[٦٦]

٦٧)- به تڕ حەمام گەرم نابێ[٦٧]

٦٨)- به تڕ گۆیژه ئەکێڵێ[٦٨]

---

[٦٠] واته له بەڵایەك نابمەوه، بەڵایەکی تر تووشم ئەبێ.

[٦١] واته فێربوونی هەموو شتێك، هەر به خوێندن یا تەماشا کردن نابێ بەڵکو به مێشك و به دڵه.

[٦٢] به یەکێك ئەوترێ که به چاوی پیس تەماشای ناموسی مەردوم بکات.

[٦٣] یەکێك ئەیڵێ به یەکێك، که به تەمای خێر و بێری نەبێ، وه ناوی بەرێ به خراپه.

[٦٤] ئەم مانگا زەردە قەت نەزاوه تا فرۆی ببێ، به یەکێك ئەوترێ که هیچ هیوای لێ نەکرێ.

[٦٥] لەناو مەردوما، وادەنگ بڵاوه، که شۆربای نیسك، خواردنی پێغەمبەران و پیاوچاکان بووه، وه خواردنێکی پیرۆزه، لەبەر ئەوه یەکەم رۆژی رەمەزانان، زۆر رۆژو وان خواردنی هەر نیسکه، ئنجا ئەم پەنده به یەکێك ئەوترێ که هیچ چاکه و خواپەرستیەکی نەبێ، تەنیا نیسك خواردن نەبێ واته هەموو دەست مایەی ئیمانت نیسك خواردنه، وه هیچ بەڵگه نیشانەیەکت به دەستەوه نییه لەسەر ئیمان و بڕوا، نیسك خواردن ئەبێ که ئەمەش هیچ بایەخێکی پێ نییه، کەواته (به تەمای نیسکی له ئیمانێ مەگەڕێ).

[٦٦] واته هەموو کارێك جۆره هەوڵێکی ئەوێ، وه به بێ ئەو هەوڵه ئەو ئیشه جێبەجێ نابێ.

[٦٧] به یەکێك ئەوترێ، که بیەوێ ناوێك وەرگرێ، بێ ئەوەی هەوڵێك بدا پیاوەتیەك بکا، لەو ڕێیەدا.

[٦٨] واته زۆر به دەعیه و دەماره.

٦٩)- به ترِ گویز ئەشکێنێ[٦٩]

٧٠)- به توندوتیژی ئیش ناچێته سەر، به زبانی شیرین مار له کون دێته دەر[٧٠]

٧١)- به توورەکەی بەتاڵ، ئەسپ ناگیرێ[٧١]

٧٢)- به تیرێ، دوو نیشان ئەشکێنێ[٧٢]

٧٣)- به پەتی خەڵق خۆت مەخنکێنه[٧٣]

٧٤)- به پەرڕێك سەری بڕه[٧٤]

٧٥)- به پەرێزیا نەچووه[٧٥]

٧٦)- به پەڕێك سەر ئەبڕێ[٧٦]

٧٧)- به پەلەپیتکه، خۆی ئەتەکێنێ[٧٧]

٧٨)- به پرسیار بەغدا ئەدۆزرێتەوه[٧٨]

٧٩)- به پشیلەیان وت: گووت به دەرمان ئەشێ دەچوو ئەیکرد به ژێر خۆڵەوه[٧٩]

٨٠) به پشیلەیان وت: گووت به دەرمان ئەشێ دەچوو سەرچاوەی حەمامۆك ئەڕیا[٨٠]

---

[٦٩] واته به دەعیه و دەماره.

[٧٠] واته تا ئەتوانیت زبانت لەگەڵ هەموو کەسێکا شیرین بێ.

[٧١] واته به فڕ و فێڵ، ئیش ناکرێ.

[٧٢] به قسەیەك ئەوترێ، که دوو مەعنای ببێ، وه به هەر مەعنایەك شتێکی مەبەس بێ.

[٧٣] به یەکێك ئەوترێ که چاو له یەکێکی گەورەتر بکا لەخۆی، وه شتێك بکا که پێی نەکرێ.

[٧٤] به یەکێك ئەوترێ، که زۆر بەسزمان بێ.

[٧٥] واته نزیکی نەکەوتۆتەوه.

[٧٦] به یەکێك ئەوترێ، که زۆر بەسزمان بێ.

[٧٧] واته خۆی زۆر پاك و خاوێن رائەگرێ.

[٧٨] پرسا بەو دانابه.

[٧٩] به یەکێك ئەوترێ که لەگەڵ زانی ئیشێکیان پێیەتی، بچێ خۆی بشارێتەوه.

[٨٠] به یەکێك ئەوترێ که لەگەڵ زانی ئیشێکیان پێیەتی، بچێ خۆی بشارێتەوه.

۸۱)- بە پفێ [illegible]ەگیرسێ، بە تفێ [illegible]تەوە[81]

۸۲)- بە پیری، ئەچێتە بەر هەویر[82]

۸۳)- بە پێکەنینی زاڵم باوەڕ مەکە[83]

۸٤)- بە جاڕیا نەچووە[84]

۸٥)- بە جوو سەرت بخوسێنە، بەگاور بیتاشە[85]

۸٦)- بە حەوت ئاو شۆراوەتەوە[86]

۸۷)- بە حەوت تەور ملی نابڕێتەوە[87]

۸۸)- بە حەوت ساڵان کوڕێك، ئەویش بۆرە جرێك[88]

۸۹)- بە حەوت کەسان نەئەچووە شایی، کە ئەشچوو، بە حەوتان نەدەهاتە دەرێ[89]

۹۰)- بە حوشتریان وت: بۆچی ملت درێژە؟ وتی دووربینی پێ ئەکەم[90]

---

[81] بە یەکێك ئەوترێ، کە بەقسەیەك توورە ببێ و بە قسەیەك ئاشت بێتەوە.

[82] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە پیریدا دەست بداتە ئیشێکی گران.

[83] چونکە دوای پێکەنینەکە، کە بە سەریا هات، ئەنێرێ بتکوژن بۆ ئەوەی ژنەکەت مارە بکا، یا خانۆکەت داگیر بکا.

[84] جاڕ: جێگەی هەموو دانەوێڵەیەکە کە درواپیتەوە، واتە بە پەرێزیا نەچووە.

[85] چونکە جوو زۆر دوژمنە، کە سەرت بخووسێنێ زۆر چاك هەڵی ئەگلۆفێ تا ئازارت بدا، سەریش تا باش بخوسێنرێ تاشینی خۆشترە، بەلام بە گاور بیتاشە چونکە لە جوو ئەمین ترە.

[86] بە شتێك یا بە کەسێك ئەوترێ، کە لە شتێکی تر، یا کەسێکی تر باشتر بێ.

[87] واتە قەڵەو و مل ئەستوورە.

[88] بۆرە جرە: باڵندەیەکی بۆرە وەك (فشەکلاونە) بەلام ئەم بچوکترە و بێ کلاوە. بە هەولدانێك ئەوترێ کە ئامانجەکەی شتێکی رێك و پێکی باش نەبێ.

[89] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە تکا نەبێ دەست نەداتە کارێك، کە دەستیشی دایە، ئنجا بە تکا نەبێ دەستی لێ هەڵ نەگرێ.

[90] واتە مەردووم تا دووربینی بکا، کەمە.

٩١)- بە حوشتریان وت: خەت، وتی نەم کردییە قەت[٩١]

٩٢)- بە حوشتریان وت: کوڕت بوو، وتی باری خۆم لەسەر پشتی خۆمە[٩٢]

٩٣)- بە حینجەوە لەبەریەتی[٩٣]

٩٤)- بە خۆت بخۆ تێر، بە خەڵق مەکە خێر[٩٤]

٩٥)- بە خۆشی زستان وە زەردەخەنەی دوژمن باوەڕ مەکە[٩٥]

٩٦)- بە خۆم بڵێن ئاغا، بە ژنەکەشم بڵێن ئاغاژن[٩٦]

٩٧)- بە خۆی چەندە، بەشی ویی هەر هەندە[٩٧]

٩٨)- بە خاسە خاسە، ڕیایە کاسە[٩٨]

٩٩)- بە خاڵۆ خاڵۆ، خۆی خستە ماڵۆ[٩٩]

١٠٠)- بە خاڵە خاڵە هات بەلامەوە، بوو بە هەژدیها دای بە پامەوە[١٠٠]

١٠١)- بە خانمانە ئەیکەن و بە کارەکەرانە ئەیرِیژن[١٠١]

---

[٩١] واتە بە حوشتریان وت وەك گاجووت، هێڵێ لەو زەوییە بدە وتی ئەمە کاری من نییە، بە یەکێك ئەیڵێ کە داوای شتێکی لێبکەن، کە کاری ئەو نەبێ.

[٩٢] واتە کەس یارمەتی کەس نادات.

[٩٣] حینجە: خوێندنەوەی نووسراوە بە باسی سەروبۆر و ژێر و زەنەوە، بە یەکێك ئەوترێ کە شتێك بزانێ بە خۆی و هەموو لك و لۆ و پەراوێزێکییەوە.

[٩٤] بە یەکیك ئەوترێ لە دەمی خۆی و ماڵ و منالی بگێڕێتەوە و بیکا بە خێر، واتە خۆت و منالەکانت تێر بکەیت هەر خێرە.

[٩٥] چونکە کە وەختی خۆیان هات بستت بە قەرز نادەن.

[٩٦] بە تەوسەوە بە یەکێك ئەوترێ، کە حەزی لە ناوی گەورە بێ.

[٩٧] واتە هەموو کەسێك بە پێی دەسەڵاتی خۆی بەشی دراوەتێ.

[٩٨] بە یەکێك ئەوترێ کە خەریکی کارێك بێ، وە هەر ئامۆژگارییەکی بکەیت لەو رووەوە، هەر بڵێ: خاسە، وەکی تریش هیچ.

[٩٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە قسەی خۆش خۆی بسەپێنێ بەسەر یەکێکا.

[١٠٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە قسەی خۆش زەفەرت پێ ببا، تا پێتەوە ئەدا.

[١٠١] خانمی ماڵ، دڵی بە ماڵی خۆی ئەسووتێ، بەڵام کارەکەر مەبەسی نییە، وە ئەیرِێژێ، بە یەکێك ئەوترێ کە بە چنگە کرێ ماڵ کۆ بکاتەوە وە بە فیڕۆش بەختی بکا.

۱۰۲)- بە خەڵقی سەگ ئەوەڕێ، بە من پشیلەی ناتەواو[102]

۱۰۳)- بە خوێنی سەری تینووە[103]

۱۰٤)- بە دۆش ئەژەنێ[104]

۱۰۵)- بە داتە و بە دوێتێ، ئیشێکیان کرد بۆی گووی لێ تێ[105]

۱۰٦)- بە داریان وت: دوژمنێکت بۆ پەیدا بووە ناتهێڵێ، وتی: مەگەر کلکی لە خۆم نەبێ[106]

۱۰۷)- بە دەرزی بیر هەڵناکەندرێ[107]

۱۰۸)- بە دەست بیدە و بە پێ دوای کەوە[108]

۱۰۹)- بە دەستی خۆت نەبێ، خورووی پشتت داناکەوێ[109]

۱۱۰)- بە دەستی خۆم، چیم کرد بە خۆم[110]

۱۱۱)- بە دەستی خۆی ئاگری بەرداوەتەماڵی خۆی[111]

۱۱۲)- بە دەستی خەڵق مار ئەگرێ[112]

۱۱۳)- بە دەستێك دوو کاڵەك هەڵناگیرێ[113]

---

[102] یەکێك ئەیڵێ، بە یەکێك کە لە خۆی گەلێ خوارتر بێت، وە ناوی ئەمی بە خراپە بردبێ.

[103] واتە دوژمنێکی زۆر سەختە.

[104] واتە بە هەموو خواردەمەنێك رازییە و دائەکەوێ.

[105] واتە بە دایك و بە کچ ئیشێکی زۆر خراپیان کرد، بە دوو کەس ئەوترێ، کە کارێکی پۆخڵ بکەن.

[106] واتە ئەگەر تەور کلکی لە خۆم نەبوایە وا قەلاچۆی نەئەکردم.

[107] واتە بە شتی بچووك کاری گەورە ناکرێ.

[108] بە یەکێك ئەوترێ کە قەرز بدا بە یەکێك و لە پاشا دوای کەوێ و دەستی نەکەوێتەوە.

[109] واتە ئیشی خۆت، خۆت نەبێ کەس بە دڵی خۆتی ناکا.

[110] یەکێك ئەیڵێ، کە کارێکی کردبێ و پەشیمان بووبێتەوە.

[111] بە یەکێك ئەوترێ، کە خۆی خۆی تووش کردبێ.

[112] بە یەکێك ئەوترێ، کە بەسەر ماڵی خەڵکەوە پیاوەتی بکا.

[113] واتە دوو ئیش بە جارێك مەگرە دەست.

١١٤)- به دەستێك چەپلە لێنادرێ[114]

١١٥)- به دەم و به دد... تێی وشیوە[115]

١١٦)- به دەمێ ئەخۆن و به قنگێ ئەڕین[116]

١١٧)- به دەمی یەکا تفیونەتەوە[117]

١١٨)- به دەنگی مەلا باوەڕ ناکا، به زەڕەی کەر باوەڕ ئەکا[118]

١١٩)- به درێژی خۆتا ئەڕوانیت، به پانی خەڵقیشا بڕوانە[119]

١٢٠)- به دزی ئیزرائیلەوە ئەگەڕێ[120]

١٢١)- به دوای کەری تۆپیودا ئەگەڕێ، ناڵی بکێشێتەوە[121]

١٢٢)- به دوعای پشیلە باران ناباری[122]

١٢٣)- به دوعای کەر جۆ ناباری[123]

١٢٤)- به ڕۆژە ڕۆژە ساڵمان بردە سەر، ئەوا بەهار هات قنگمان کەوتە دەر[124]

---

[114] یەکێك ئەیلێ، به ئاوەڵێکی خۆی کە ئەوەندەی ئەم باشبێ لەگەڵ ئەو، ئەو وانەبێ، ئنجا ئەگەر دووهەم لە هێندێ شتا گلەی کرد لە یەکەم، یەکەم بەم پەندە وەڵامی ئەداتەوە، واتە تۆش وەك من وابە تا منیش لە هەموو شتێکا لەگەڵ تۆدا باش بم.

[115] به یەکێك ئەوترێ، کە زۆری خەرج کردبێ.

[116] به دوو کەس ئەوترێ، کە زۆر تێکەڵ بن و هەموو شتێکیان یەك بێ.

[117] به دوو کەس ئەوترێ، هەرچی ئەمیان بیڵێت، ئەویش بیڵێت.

[118] به قسەی یەکێکی هیچ و پووچی بێ نرخ باوەڕ ئەکا.

[119] واتە چۆن ڕێزی خۆت ئەگریت، ڕێزی مەردومیش بگرە.

[120] به یەکێك ئەوترێ کە زۆر پیر و ئیفتادە بێ، واتە وەختی مردنی هاتووە بەڵام لە ئیزرائیل ون بووە.

[121] به یەکێك ئەوترێ، کە لە پیسکەییدا، گەیشتبێتە پەری ئەوپەڕ.

[122] واتە وەنەبێ هەر کەسێك حەزی لە چی بێ، ئەوەی دەست کەوێ.

[123] واتە وەنەبێ هەر کەسێك حەزی لە چی بێ، ئەوەی دەست کەوێ.

[124] بەیەکێك ئەوترێ کە کارێکی زۆر گرنگی ببێ و نەیکا، وە ڕۆژ بە ڕۆژ دوای بخات، تا وەختەکەی بەسەر ئەچێ.

١٢٥)- به رۆژی باران سووتێی، به رۆژی با بکوژێنیتەوه[١٢٥]

١٢٦)- به ڕۆنی خۆی سووری ئەکاتەوه[١٢٦]

١٢٧)- به ڕیش بووایه بزن سەردار ئەبوو[١٢٧]

١٢٨)- به ڕیش نییه به ئیشه[١٢٨]

١٢٩)- به ڕێوییان وت: کێ شاهدته؟وتی کلکم[١٢٩]

١٣٠)- بەرێز خاوەنی ناکا بێرێز[١٣٠]

١٣١)- به زۆر بینێرن بۆ مازوان، به دارا هەڵ ناڕوانێ[١٣١]

١٣٢)- به زبان شێر ئەکاته ڕێوی[١٣٢]

١٣٣)- به زبانی شیرین مار له کون دێته دەر[١٣٣]

١٣٤)- به زەبری شوولك سەکسار سەما ئەکات[١٣٤]

١٣٥)- به زەرەی کەر بەهار نایەت[١٣٥]

١٣٦)- به زەڵم و تانجەڕۆ، پاك نابێتەوه[١٣٦]

١٣٧)- به زستان جارێك ئەڵێن سارده[١٣٧]

---

[١٢٥] به یەکێك ئەوترێ که تاقه یەك شت به کار بێنێ به گەلێ جۆر.

[١٢٦] واته لەهیچه وشکه منەتی به سەرا ئەکا.

[١٢٧] واته دیمەن پەرست مەبه.

[١٢٨] واته دیمەن پەرست مەبه.

[١٢٩] به یەکێك ئەوترێ، که له کاتی قسه و گفتوگۆدا، خزمێکی خۆی بکاته شاهد.

[١٣٠]

[١٣١] واته ئیش به زۆره ملی ناکرێ.

[١٣٢] واته زبانی زۆر شیرینه.

[١٣٣] واته زبانی شیرین، بۆ مەردوم زۆر پێویسته.

[١٣٤] سەکسار: مەیموونی نێری قنگ سووره، واته هەموو شتێك به زەبر و زەنگ ئەکرێ.

[١٣٥] به یەکێك ئەوترێ، که به هاشه و هووشه هیچی نەهێشتبێتەوه.

[١٣٦] واته زۆر پیس و گلاوه.

[١٣٧] به یەکێك ئەوترێ، که توانجێکت تێ بگرێ، وه هەموو ڕۆژێك بیلێتەوه واته توانجت که گرته یەکێك، جارێکی تر تێی مەگرەوه.

١٣٨)- بە زستانا پینە و پەڕۆ، بە هاوینان ورد ورد بڕۆ[١٣٨]

١٣٩)- بە زمانی خۆم چیم کرد بەخۆم[١٣٩]

١٤٠)- بە سێ برا کلاوێکیان هەیە[١٤٠]

١٤١)- بە سەبەتەش ناگوێزرێتەوە[١٤١]

١٤٢)- بە سەد تەبیب بە قەد دەردەدارێك نازانێ[١٤٢]

---

[١٣٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە توانجێکت تێ بگرێ، وە هەموو ڕۆژێك بیلێتەوە واتە توانجت کە گرتە یەکێك، جارێکی تر تێی مەگرەوە.

[١٣٩] ئەگێڕنەوە کە جۆلایەك ژنێکی جوانی ئەبێ، وە بەم بۆنەیەوە زۆر سەرودڵی خۆش ئەبێ، وە هەمیشە بە دەم کارەوە گۆرانی ئەڵێ، ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئاغای ئەو شوێنە، بە بەرماڵی جۆلادا ئەڕوا، گوێی لە دەنگی گۆرانییەکی زۆر بە جەخت ئەبێ. ئەمیش ئەچێتە ژوورەوە، دوای سلاو لە جۆلا ئەپرسێ ئەڵێ: وا دیارە سەر و دڵت زۆر خۆشە؟ ئەویش ئەڵێ لە سایەی ئاغاوە کارم هەیە و ژنی جوانم هەیە، ئەگەر دڵخۆش نەبم خوا ئەمگرێ، لەم قسانەدا ژنەکەی دێ بە سەرا، ئاغا کە چاوی پێئەکەوێ، زۆری حەز لێ ئەکا کە ئەگەڕێتەوە بۆماڵەوە، ئەنێرێ بە شوێن جۆلا و ژنەکەیا، ئەمانیش بە ناچاری ئەچن، ئاغا ئەڵێ: من ژنەکەم مردووە، ئەم ژنی تۆیە بۆ من باشە، تۆ ئەم ژنە تەلاق بدە، بچۆ ژنێکی تر بۆ خۆت بێنە، خەرجی چی بوێ بۆت ئەدەم، کابرای جۆلا بە ناچاری هەر لەوێ ژنەکەی بۆ تەلاق ئەدا، وەخۆی بە تەنیا ئەگەڕێتەوە وە لەبەر خۆیەوە ئەڵێ (بە زبانی خۆم، چیم کرد بەخۆم) لەپاش ماوەیەك، ئاغا دووبارە بە بەر دەمی ماڵی جۆلادا ئەڕوا، کە تەماشا ئەکا ماڵ کش و مات، دەنگی کەسی لێوەنایەت، کە ئەچێتە ژوورەوە، ئەبینێ وا کابرای جۆلا، بە لەپەوە کەوتووە بۆ تەنیایی خۆی ئەگری، ئاغا زۆر بەزەیی پیا دێتەوە، وە لەگەڵ خۆیا ئەیباتەوە بۆ ماڵەوە، تاقە کچێکی ئەبێ، لێی مارە ئەکا، لە پاش ماوەیەکی کەم ئاغاش ئەمرێ، هەر چی دارایی ئەبێ ئەمێنێتەوە بۆ ژنی جۆلا، ئنجا کابریا جۆلا ئەڵێ: (ئەگەر وا نەبووایە وا نەئەبوو).

[١٤٠] بە چەند کەسێك ئەوترێ، کە بە هەموویان تاقە شتێك بەکار بێنن.

[١٤١] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر پەڕپوت و کەفتەکار بێ.

[١٤٢] چونکە ئەو بە دەستوری تەبیبی شت ئەزانێ، بەلام نەخۆش لە خۆیا شتەکەی تاقی کردۆتەوە.

١٤٣)- به سەد دەرزی گاسنێکی تیا نابێ[١٤٣]

١٤٤)- به سەر ئاوی حەمامەوە پیاوەتی ئەکا[١٤٤]

١٤٥)- به سەر هەلدا مەچۆ[١٤٥]

١٤٦)- به سەرم کەرەوە با به سەلکە پیازێکیش بێ[١٤٦]

١٤٧)- به سەرما نووستوو، بەگەرما هەستاوە[١٤٧]

١٤٨)- به سەریا بێ دۆ و دۆشاو تێکەڵ نەکا[١٤٨]

١٤٩)- به سکێ تێر و به دوو برسی[١٤٩]

١٥٠)- به سکی خاڵی، ئاگر بازی ناکرێ[١٥٠]

١٥١)- به شەو جەردە، به رۆژ مەردە[١٥١]

١٥٢)- به شوێن کەری تۆپیوا ئەگەڕێ، ناڵی بکێشێتەوە[١٥٢]

١٥٣)- به شیری شوانیش باوەڕ ناکا[١٥٣]

---

[١٤٣] بـه یـەکێکی ناتـەواوی نیـوە و نیوەچـڵ ئـەوترێ لـه کارێکـا، واتـه بـه سـەد کۆلکـه خوێندەوار خوێندەوارێکی بە راستی تیا نابێ.

[١٤٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە بیەوێ بە خۆڕایی مەردوم مەمنون بکات.

[١٤٥] واتە زۆر جار هەل هەڵ ئەکەوێ وەك ئەسپێکی زین کراوی لغاو کراو، وە بە بەر دەمتا ئەڕوا، خێرا دەست بدەرە لغاوەکـەی و سـواری بـە، چـونکە ئـەگونجێ جـارێکی تـر ئـەو هەلەت بۆ هەڵ نەکەوێتەوە.

[١٤٦] واتە بمخوێنەرەوە با بە شتێکی زۆر بێ نرخیش بێ.

[١٤٧] بە یەکێکی تەمەڵ ئەوترێ، کە لە کاتی خۆیا ئیشەکانی نەکا.

[١٤٨] بەیەکێك ئەوترێ کە لەگەڵ تووڕە بوو، هەموو قسەیەك بکا.

[١٤٩] بە مەردومی هەژاری برسی ئەوترێ.

[١٥٠] واتە هیچ شتێك، بە بێپارە ناکرێ.

[١٥١] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر و ستەمیش بکات و پیاوەتیشی ببێ.

[١٥٢] واتە زۆر لات و هەژارە و داوەشاوە.

[١٥٣] شیری شوان، ئەو شیرە بێخەوشەیە کە شوان لە دەشت ئەیدۆشێ بۆ خواردنی خۆی. بە یەکێك ئەوترێ ، کە بەدگومان بێ، وە هـەر چـی بێتـە بـەردەمی وا بزانـێ کـە غەشـی تیایە.

١٥٤)- به ج عەیارەیەك بپێورێت، بەو عەیارەیە بۆت ئەپێونەوە[١٥٤]

١٥٥)- بە چەپڵە قوزێ ناچێتە دەرێ[١٥٥]

١٥٦)- بە چرای ڕۆن گەرچەکەوە بگەڕێیت نایدۆزیتەوە[١٥٦]

١٥٧)- بە گۆڕی باوکت مەنازە، مووچەت نان و پیازە[١٥٧]

١٥٨)- بە گایان وت کەی وەختە؟ وتی کە مانگا بەکەڵ بێ[١٥٨]

١٥٩)- بە گورگان خواردووی دا[١٥٩]

١٦٠)- بە گورگیان وت: ئەمڕۆ نۆرە شوانیتە وتی بە خوا پێم پەتیە[١٦٠]

١٦١)- بە گوڵێ بەهار نایەت[١٦١]

١٦٢)- بە گوڵیان وت بۆ وا گەشی؟ وتی باخەوانەکەم مەردە[١٦٢]

١٦٣)- بە گیای بەهارا ناتووڕێنێ[١٦٣]

١٦٤)- بە عارەب مەڵێ مەرحەبا، هەم ئەخوات و هەم ئەبا[١٦٤]

١٦٥)- بە عەبا ئەخوا و، بەعەسا ئەڕوا[١٦٥]

---

[١٥٤] واتە لە دین ودنیادا باشی بکەیت، پاداشت باش و خراپی بکەیت پاداشت خراپ ئەبێ.

[١٥٥] واتە بە شاتە شات و گەزارەکێشانی ئافرەت، خاوەن ماف دەست لە مافی خۆی هەڵناگرێ.

[١٥٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە دەرنەکەوێ.

[١٥٧] واتە ناز و نیمەتی باوکت هەر نان و پیازە، ئیتر بەچی ئەنازیت.

[١٥٨] لە ڕووی نەنگەوە بە پیاوێکی حەشەری ئەوترێ، لە هێندێ کاتا.

[١٥٩] واتە سەری بە فەتارەت دا.

[١٦٠] بە یەکێك ئەوترێ ، کە کارێکی پیا بدەیت، بە دڵ پێی خۆش بێ کەچی بە زبانیش بڵێ ناتوانم، وە بیانوو بێنێتەوە.

[١٦١] بە یەکێك ئەوترێ کە لە هەموو تەمەنی خۆیا یەك ئیشی چاکی کردبێ.

[١٦٢] یەکێك ئەیڵێ کە زۆر تێر و پڕ و پۆشتە و پەرداخ بێ واتە گەورەکەم زۆر دڵسۆزە.

[١٦٣] واتە ناگاتە بەهار ئەمرێ، بە یەکێکی پیر یا نەخۆش ئەوترێ.

[١٦٤] واتە هێندێکی ئەخوا و ، هێندێکی لەگەڵ خۆیا ئەبا.

[١٦٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە بگەڕێ بۆ ورگ لەوەڕاندن، وە عەبا بدا بە شانیا و هەر ڕۆژەی میوانی ماڵێك بێ، وە ڕۆیشتنەکەی بە قەد درێژی داردەستەکەی بێ.

١٦٦)- بە فەلەك، ئەڵێ وەلەك[١٦٦]

١٦٧)- بە فرمێسکی باوەڕ مەکە، تەماشای کردەوەی بکە[١٦٧]

١٦٨)- بە فیکە مار لە کون دێتە دەر[١٦٨]

١٦٩)- بە قەد بەڕەی خۆت پێ ڕاکێشە[١٦٩]

١٧٠)- بە قسە ئاڵی زەنگانە، بە کردەوە ریخ لە لنگانە[١٧٠]

١٧١)- بە قسەی پشیلان، باران ناباری[١٧١]

١٧٢)- بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەر[١٧٢]

١٧٣)- بە قسەی مەلا باوەڕ ناکا، بەزەڕەی کەری باوەڕە[١٧٣]

١٧٤)- بە قنگ هەناسە ئەدا[١٧٤]

١٧٥)- بە قنگە خشکێ بەغدا ناگیرێ[١٧٥]

١٧٦)- بە قنگە هەمانە خۆش ئەکا و بە پێ بێشکە رائەژەنێ و بە دەست جۆڵایی ئەکا[١٧٦]

١٧٧)- بە قنگەوە خستییە کەندەوە[١٧٧]

---

[١٦٦] بە یەکێك ئەوترێ کە هاتی بێت و قسەی رەوابێ.

[١٦٧] بە مەردومی ناپاك ئەوترێ.

[١٦٨] واتە بە قسەی خۆش هەموو کارێك جێبەجێ ئەبێ.

[١٦٩] واتە لە ئەندازەی خۆت زیاتر، هەڵ مەسووڕێ.

[١٧٠] بە یەکێك ئەوترێ کە بە قسە هیچی نەهێشتبێتەوە، بە کردەوەش هیچ.

[١٧١] یەکێك ئەیڵێ بە یەکێك کە بە ناڕەوا نزای خراپی لێ بکا، واتە تۆ چیت تا خوا نزات گیرا بکا.

[١٧٢] واتە تا ئەتوانیت، قسەت خۆش بێ لەگەڵ مەردوم.

[١٧٣] بە یەکێك ئەوترێ کە بە قسەی راست باوەڕ نەکا و بە قسەی درۆ باوەڕ بکات.

[١٧٤] واتە زۆر تەنگە نەفەسە.

[١٧٥] واتە کاری گەورە بە ئاسانی ناکرێ.

[١٧٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە یەك کاتا، بە دوو سێ کارەوە خەریك بێ.

[١٧٧] واتە دەم کوتی کرد.

١٧٨)- بە کارە نییە، بە چارەیە[178]

١٧٩)- بە کارەکەر بڵێت خانم، کاسە و کەوچك ئەشکێنێ[179]

١٨٠)- بە کاسەیەك ئەیکەن بە کەوچکێك ئەیخۆن[180]

١٨١)- بە کاکیلە، نیکل لە قنگی سەگی پیر دەرئەهێنێ[181]

١٨٢)- بە کەر ناوێرێ، بە کورتان شێرە[182]

١٨٣)- بە کەروێشك دەڵێ: ڕاکە، بە تانجیش ئەڵێ بیگرە[183]

١٨٤)- بە کەڕیان وت: ئاو بێنە، ئەچوو دەرپێی دائەکەند[184]

١٨٥)- بە کەریان وت: ئەوە ڕێگاتە، کەچی بە شاخا هەڵئەگەڕا[185]

١٨٦)- بە کەریان وت: مەعریفەت بنوێنە، لنگی هەڵبڕی و تڕێکی کەند[186]

١٨٧)- بە کەوچك ئەڵێ: قاچوغ[187]

١٨٨)- بە کەوچك کۆی ئەکاتەوە، بە ئەسکوێ بڵاوی ئەکاتەوە[188]

---

[178] چارە: چهرە و ناوچاوانە، بە یەکێك ئەوترێ کە هەر هەوڵ بدا و هیچی دەست نەکەوێ.

[179] واتە حورمەتی ناوەجاخ مەگەر قاچت ئەگرێ.

[180] بە دوو کەس ئەوترێ، کە زۆر تێکەڵ بن.

[181] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر پەست و چاو برسی بێ، وە بۆ شتێکی هیچ و پووچ خۆی ڕیسوا بکا.

[182] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە دوژمنەکەی خۆی نەوێرێ و بە یەکێکی زەبون بوێرێ.

[183] بە یەکێکی ناپاکی دوو ڕوو ئەوترێ، کە لەگەڵ هەموو کەسێکا، بە پێی دڵی ئەو قسە بکا.

[184] بە یەکێك ئەوترێ، کە شتێکی پێ بڵێن و ئەو بچێ شتێکی تر بکا.

[185] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە ڕێی ڕاست لابدا.

[186] بە یەکێکی قەبە ئەوترێ، کە لە کۆڕێکی گەورەدا، قسەیەکی ناشرین بکا.

[187] بە یەکێك ئەوترێ کە لە خۆی گۆڕابێ.

[188] ئەسکوێ: کەوچکێکی گەورەیە چێشتی شلەی لە مەنجەڵ پێ تێ ئەکرێ. بە یەکێکی دەست بڵاو ئەوترێ کە بە چنگە کرێ پارە پەیدا بکات و بە بێ حساب خەرجی بکات.

١٨٩)- بە کفتە ئەڵێ فلْتە[١٨٩]

١٩٠)- بە کڵاو ئەگیرێ[١٩٠]

١٩١)- بە کلکی ئەخورێ[١٩١]

١٩٢)- بە کونی هەتیتەوە ئەچێ[١٩٢]

١٩٣)- بە کێری خەڵق گان ئەکا[١٩٣]

١٩٤)- بە کێری خەڵق گان کردن لەزەتی نییە[١٩٤]

١٩٥)- بە لای ماکەرا بڕوا، جاشەکەی لێ گل ئەداتەوە[١٩٥]

١٩٦)- بە لەعنەت بێ بزن، هەر بن کلکی بگەزن، سەگ و شوان پێکەوە دەبەزن[١٩٦]

١٩٧)- بە لەوێچێك ئاو ئەکەوێتە مەلە[١٩٧]

١٩٨)- بە مازوان تێشکاوە و بە سیچکان هەڵ ئەسێتەوە[١٩٨]

١٩٩)- بە مەقەڵییەوە بڕۆ بۆ سەربان، بە باوەشێن وەرە خوارەوە[١٩٩]

---

[١٨٩] بە یەکێك ئەوترێ ، کە دان لە دەمیا نەبێ.

[١٩٠] واتە زۆر بێ دەسەڵاتە.

[١٩١] بە یەکێك ئەوترێ کە پشتی ئەستوور بێ، بە یەکێك لەخۆی گەورەتر.

[١٩٢] واتە زۆر لاوازە.

[١٩٣] بە یەکێك ئەوترێ کە خۆی هیچی لە بارا نەبێ، وە هەرچی ئارەزووی کرد، بە مەردومی بکا.

[١٩٤] واتە ئیش ئەوەیە خۆت بیکەیت بۆ خۆت.

[١٩٥] بە مەردومی تەمەعکار ئەوترێ.

[١٩٦] بە یەکێکی دەم قەڵەباڵغ ئەوترێ، کە زۆر دەم بە هاوار بێ.

[١٩٧] بە یەکێکی سووك ئەوترێ، کە بە قسەیەك بکەوێتە سەما.

[١٩٨] سیچکە: جۆرێکە لە بەری دارمازوو، وەك گزگل وایە، بەڵام وەك مازوو بە نرخ نییە، بە یەکێك ئەوترێ کە زەرەرێکی زلی کردبێ و بیەوێ بچووك خۆی هەستێنێتەوە.

[١٩٩] واتە لە بەهارانا زوو بچۆرە دەرەوە بۆ نووستن، لە پایزانا زوو بڕۆ ژوورەوە، چونکە سەرمای بەهار زەرەری نییە، بەڵام سەرمای پاییز زۆر خراپە.

٢٠٠)- بە مەلایەکیان وت: کاغەزێکمان بۆ بنووسە وتی: قاچم قەڵەشاوە[٢٠٠]

٢٠١)- بە ملاکان خڕی دەکەمەوە، بە ئەسکوان دەیفەوتێنێ[٢٠١]

٢٠٢)- بە منالی لێم باربوو، بە گەورەیی لێم هار بوو[٢٠٢]

٢٠٣)- بە مێردی نییە، بە خولایە[٢٠٣]

٢٠٤)- بە میزی ختك باران ناباریٚ[٢٠٤]

٢٠٥)- بە ناریٚ و بە نێرگس، پڕی ئەکەن لە تڕ و لە تس[٢٠٥]

٢٠٦)- بە ناڵە ناڵ، بە نووکە نووك، قۆجە دەهۆڵ خۆی کرد بە بووك[٢٠٦]

٢٠٧)- بە نان هات و بە ئاو خورا[٢٠٧]

٢٠٨)- بە نەوگ مەردوم سەر ئەبڕیٚ[٢٠٨]

---

[٢٠٠] یەکێك قاچی بقەڵەشیٚ، ناتوانیٚ بە ڕێدا بڕوا، مەبەسی مەلا ئەوەیە کە بڵیٚ خەتەکەم ناخۆشە، ئەگەر ئەم کاغەزە من بینووسم، ئەبیٚ هەر خۆشم بچم بیخوێنمەوە، کە ناشتوانم بچم، چونکە قاچم قەڵەشاوە.

[٢٠١] ملاك: کەوچکە، یەکێك ئەیڵیٚ، کە بە چنگە کڕیٚ، پارەیەك پەیدا بکات یەکێکی تر بە بیٚ ژمارە خەرجی بکا.

[٢٠٢] یەکێکی هەژار ئەیڵیٚ: کە منالەکەی بە چنگە کڕیٚ گەورە بکا، تا دەستی لە ئیشێك گیر ئەبیٚ، ئەو حەلە لە جیاتی پاداش ئازاری بدا.

[٢٠٣] ئەگێڕنەوە کە پیاوێکی ساوێلکەی بەسزمان، کچێکی ئەبیٚ لە پێش ئەوەی کە شوو بکا، کوڕێکی ئەبیٚ، ڕۆژیٚ کابرا لەگەڵ چەند کەسێکا دائەنیشێت باسی منال و منال بوون ئەکەن، کابرای خاوەن کچ ئەڵیٚ: بە خودای بابم ئەمانە هیچ بە مێردی نییە و بە خولایە، فاتیلەی کچی من شووشی نەکردووە و خولامێکی ئێوەشی بووە.

[٢٠٤] بە یەکێك ئەوتریٚ، کە بیەویٚ بە پارەیەکی کەم ئیشێکی گەورە بکات، واتە ئەم ئیشە زلە بەم پارە کەمە ناکریٚ.

[٢٠٥] (ناریٚ) و (نێرگس) ناوی دوو ژنن. بە دوو کەسی تەمەڵی پیس و پۆخڵ ئەوتریٚ.

[٢٠٦] بە پیرێژنێکی تەڕپۆش ئەوتریٚ، کە بە ناز و نووز خۆی بگۆڕیٚ لە پیاوێك و خۆی لیٚ مارە بکات.

[٢٠٧] بە شتێك ئەوتریٚ، کە کوتوپڕ ون ببیٚ.

[٢٠٨] نەوگ: لبادە. بە یەکێك ئەوتریٚ کە بە قسەی خۆش و زمانی شیرین پیاو بکوژیٚ.

٢٠٩)- بە نووستوویی لە هەموو وەختێکی تر چاکترە[٢٠٩]

٢١٠)- بە هەر چاوێ تۆ من ئەبینیت، هەر بەو چاوە منیش تۆ ئەبینم[٢١٠]

٢١١)- بە هەزار زاوا ماڵم نابێ ئاوا[٢١١]

٢١٢)- بە هەزار سووژن گاسنێکی تیا نابێت[٢١٢]

٢١٣)- بە هەشت خۆش بوو، جێی تۆ تیا نەبوو[٢١٣]

٢١٤)- بە هەموو کەس ئەڵێیت خاڵە، پێویستە برای دایکی خۆت بناسیت[٢١٤]

٢١٥)- بە یەك گا گێرە ناکرێ[٢١٥]

٢١٦)- بەتایەکی، نۆزدە رەمەزانان ئەخوات[٢١٦]

٢١٧)- بەتەقەی تفەنگ دەرناکەوێ[٢١٧]

٢١٨)- بەخت رەشم کە بچمە دزی، ئەبێتە مانگەشەو[٢١٨]

٢١٩)- بەخت رەشی کە هات، چ لە کوێستان چە گەرمیان[٢١٩]

٢٢٠)- بەخت ساڵی جارێك لە دەرگای پیاو ئەدات ئەویش لە ماڵ نییە[٢٢٠]

---

[٢٠٩] بە یەکێکی زۆر خراپ ئەوترێ، کە هەمیشە بە کاری خراپەوە خەریك بێ، وەختی نووستن نەبێ.

[٢١٠] واتە بەرێزم ببینیت بەرێزت ئەبینم، بەرێزم نەبینیت بەرێزت نابینم.

[٢١١] یاخوا هیچ کەسێك پێویست بە زاوا نەبێ.

[٢١٢] بە چەند شتێکی نیوە و نیوە چڵ ئەڵێن، کە شتێکی تەواویان تیا نەبێ.

[٢١٣] بە یەکێك ئەوترێ کە هەر باسی شتی خۆش بگێرێتەوە، وە خۆشی هیچی نەبێ.

[٢١٤] تا جیای بکەیتەوە لەم هەموو خاڵە، بە یەکێك ئەوترێ کە بە یەك چاو تەماشای هەموو کەسێك بکا.

[٢١٥] بە کارێك ئەوترێ کە بە یەك کەس نەکرێ.

[٢١٦] واتە بۆ خواردنی رەمەزان بە شوێن بیانودا ئەگەڕێ.

[٢١٧] بەیەکێك ئەوترێ، کە خۆی دەرنەخا.

[٢١٨] واتە کە بەخت نەیکرد، هەموو کارێك پاش و پێش بۆ دێ.

[٢١٩] واتە نەهاتی هەر وەك لە شوێنی ناخۆش ئەبێ، لە شوێنی خۆشیش هەر ئەبێ و ناخۆشی ئەکات.

[٢٢٠] واتە بەخت هەمیشە لەگەڵ مەردوما نییە.

٢٢١)- بەخت لە گەڕایە و پەڵووڵە دان ئەشکێنێ[٢٢١]

٢٢٢)- بەختت رەش بێ و خەنەت هەش بێ[٢٢٢]

٢٢٣)- بەختەکەی من، ئەوەندە لارە، ترۆزی ئەچێنم کالیارە[٢٢٣]

٢٢٤)- بەختەوەری تۆپێکە بەدوایا رائەکەیت کە ئەشوەستێ شەقی تێ هەڵئەدەیت[٢٢٤]

٢٢٥)- بەختم لە هەموو شتێکا ڕەشە، تەنیا لە شووتی دا نەبێ سپییە[٢٢٥]

٢٢٦)- بەختی دایك جیازیی کچە[٢٢٦]

٢٢٧)- بەختی رەش، حەوجە بەهەش ناکا[٢٢٧]

٢٢٨)- بەختیەکی بپژێ، یەکێ بۆ یەکێ ئەکوژێ[٢٢٨]

٢٢٩)- بەدبەختی کلاّفە ئەکا[٢٢٩]

٢٣٠)- بەدترین لە بەد بەدترە، بەد لە بەدترین چاکترە[٢٣٠]

---

[٢٢١] پەڵووڵە: چێشتێکە لە رۆن و ئارد و ئاو دروست ئەکرێ، واتە ئادەمی کە نەهاتی هات، لە رێی واوە تێئەشکێ، کە هەرگیز بە بیرا نایەت، ئەگینا قەت بووە، پەڵووڵە دان بشکێنێ.

[٢٢٢] هەش: خومە، بە یەکێك ئەوترێ، لە ڕووی نزاوە کە لێی دڵگیربێت.

[٢٢٣] یەکێکی زۆر بەدبەخت، بەخۆی ئەڵێ.

[٢٢٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەلێکی بۆ هەڵکەوت و لە دەستی دا.

[٢٢٥] یەکێك ئەیڵێ کە لەهیچ شتێکا بەختی نەبێ.

[٢٢٦] واتە کە دایك بەختدار بوو، کچیشی هەر بەختدار ئەبێ.

[٢٢٧] واتە بەدبەختی کە لەگەڵ یەخەگیری یەکێك بوو، پێویست بەهیچی تر ناکا.

[٢٢٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە مردنی یەکێکی تر بەهرەمەند ببێ.

[٢٢٩] کلاّفە: چەند مەودایەکە، کە پێکەوە هەڵکرابن، بۆ ئەوەی تاو تاو دەربکێشرێ و کار بکرێ، واتە بەدبەختی ئەوەندە کەوتووە بە سەر یەکا، وەك کرابێ بە کلاّفە، وە چەند کلاّفەیەکی کەوتبێ بە سەر یەکا وایە.

[٢٣٠] لە کاتێکا ئەوترێ، کە هاوڕێی بەدت بووبێ، وە ئێستا بەدترێك بووبێ بە هاوڕێت، یاخود بەدترێك هاوڕێت بووبێ، وە ئێستا بەدێك بووبێ بە هاوڕێت.

٢٣١)- بەدەستی خۆی ئاگری بەرداوەتە گیانی خۆی[٢٣١]

٢٣٢)- بەر کە، لە دەست من چوو، سەر بە هەزارەوە نێ[٢٣٢]

٢٣٣)- بەر لە کاریز ئاوی گەرەکە[٢٣٣]

٢٣٤)- بەر لە مەلا ئەچێتە مزگەوت[٢٣٤]

٢٣٥)- بەر لە وەستا دوکان گەرم ئەکا[٢٣٥]

٢٣٦)- بەرازی دەم بەستراوە[٢٣٦]

٢٣٧)- بەرت بابێ و پشتت کەندەڵان[٢٣٧]

٢٣٨)- بەڕە لای تەنکییەوە ئەدڕێ[٢٣٨]

٢٣٩)- بەرەکەت لە نانی تەنك و ریسی باریکایە[٢٣٩]

٢٤٠)- بەرەو با، میز ئەکا[٢٤٠]

٢٤١)- بەڕەی خەڵق، زوو هەڵئەتەکێ[٢٤١]

٢٤٢)- بەرتیل، بەرد، نەرم ئەکا[٢٤٢]

٢٤٣)- بەرخ لە ژێر سەبەتەدا نامێنێتەوە[٢٤٣]

---

[٢٣١] بە یەکێك ئەوترێ، کە خۆی خۆی تووش کردبێ.

[٢٣٢] تەماشای پەندی(بزنە قوت لە من چوو، سەر بنێ بە هەزارەوە) بکە.

[٢٣٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە پێش رەنجا گەنجی بوێ.

[٢٣٤] بە مەردومی رپاکار ئەوترێ.

[٢٣٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە پێش وەختا دەست بکا بە ئیش.

[٢٣٦] بە کەسێك ئەوترێ، کە رۆژوی رەمەزان بگرێ و نوێژ نەکا.

[٢٣٧] نزایەکە، ئەیکەیت لە یەکێك، کە حەزی لێ نەکەیت.

[٢٣٨] واتە مەردوم ئەبێ بزانێ لە چ لایەکەوە زەبوونە، تا ئاگاداری بکا نەیەڵێ دوژمن زەفەری پێ بەری.

[٢٣٩]

[٢٤٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە دووربینی لە ئیشا نەکا.

[٢٤١] بۆ ئەوەی تۆ هەستی لە سەری، کەواتە تا ئەتوانیت لە سەر بەڕەی کەس دامەنیشە.

[٢٤٢] پیاوی خواپەرست نەبێ کە بەرتیل کاری تێ ناکا.

[٢٤٣] واتە چ ئادەمی و چ گیاندار، هەمیشە بە منالی نامێنێتەوە.

٢٤٤)- بەرخ هەر لە كۆزا نابێ[٢٤٤]

٢٤٥)- بەرخی بازی ئەكات[٢٤٥]

٢٤٦)- بەرخی نێر بۆ سەربڕینە[٢٤٦]

٢٤٧)- بەرد ئەكا بە ئاو[٢٤٧]

٢٤٨)- بەرد بدەیت بە گۆزەدا و گۆزە بدەیت بە بەردا، ئازاییی هەر هی بەردە[٢٤٨]

٢٤٩)- بەرد بشكێنە، دووڕوو مەدوێنە[٢٤٩]

٢٥٠)- بەرد بلەقێ جێی خۆی ناگرێتەوە[٢٥٠]

٢٥١)- بەرد لەجێی خۆی سەنگینە[٢٥١]

٢٥٢)- بەرد نەبووم، چاوم بە بەرد كەوت، بووم بە بەرد[٢٥٢]

٢٥٣)- بەردی بچووكیش، سەر ئەشكێنێ[٢٥٣]

٢٥٤)- بەردی دەشتی و چۆلەكەی دەشتی[٢٥٤]

٢٥٥)- بەردی زلهەلگرتن نیشانەی لێ نەدانە[٢٥٥]

---

[٢٤٤] واتە چ ئادەمی و چ گیاندار، هەمیشە بە منالی نامێنێتەوە.

[٢٤٥] واتە زۆر كەیف خۆشە.

[٢٤٦] واتە رۆڵەی وڵات ئەبێ پێشمەرگە بن بۆ نیشتمان، وە لەو رێگەیەدا سەری خۆیان دابنێن.

[٢٤٧] بە دەنگێكی خۆش، یا بە قسەی یەكێك ئەوترێ كە كار بكاتە دڵت.

[٢٤٨] چونكە هەر گۆزەكە بە بەردەكە ئەشكێ.

[٢٤٩] واتە لە كانە بەردا خەریكی بەرد شكاندن و دەرهێنانی بە، گەلێ خۆشترە لەوەی كە لەگەڵ دوو ڕوودا قسە بكەیت.

[٢٥٠] تەماشای پەندی شەشەم و حەوتەمی دوای ئەم پەندە بكە.

[٢٥١] واتە هەموو كەسێك لە وڵاتی خۆیا بە نرخ و بەڕێزە.

[٢٥٢] واتە دڵ رەق نەبووم، بەڵام چاوم كەوت بە دڵ رەق، منیش دڵم رەق بوو.

[٢٥٣] واتە دوژمنی بچوكیش بێ، دەستی خۆی هەر ئەوەشێنێ.

[٢٥٤] بە شتێك ئەوترێ، كە پارەی تێنەچێ.

[٢٥٥] بەیەكێك ئەوترێ، كە دەست بداتە كارێكی گەورە وا كە لە توانایا نەبێ.

٢٥٦)- بەردی ناوەتە سەر مەڵۆ[٢٥٦]

٢٥٧)- بەردێك کە جووڵا جێی خۆی ناگرێتەوە[٢٥٧]

٢٥٨)- بەردێك کە هەڵکەنرا جێی خۆی ناگرێتەوە[٢٥٨]

٢٥٩)- بەردێك نادان بیخاتە گۆمەوە، بە سەد دانا دەرنایەت[٢٥٩]

٢٦٠)- بەرز ئەخورێ[٢٦٠]

٢٦١)- بەرز ئەفڕێ، پیا ئەترێ[٢٦١]

٢٦٢)- بەرز فڕین ملی پیاو ئەشکێنێ[٢٦٢]

٢٦٣)- بەرز مەفڕە، نزم ئەنیشیتەوە[٢٦٣]

٢٦٤)- بەرزە بەرزە ئەنیشێ[٢٦٤]

٢٦٥)- بەرچاو تەنگی ریسوایی ئەهێنێ[٢٦٥]

٢٦٦)- بەرچاو تێر ئابڕوومەندە[٢٦٦]

٢٦٧)- بەرگی مەڕە و دانی گورگ[٢٦٧]

---

[٢٥٦] مەڵۆ: قۆڵێکی گەورەیە لە شتێك کە بە داس دوورابێ، یا بە دەست دەستکەنە کرابێ، بە یەکێك ئەوترێ کە ئیشێکی کرد، هەموو جۆرە دووربینییەکیشی کردبێ.

[٢٥٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە دەست بداتە کارێکی گەورە وا کە لە توانایا نەبێ.

[٢٥٨] واتە یەکێك کە شکا، نابێتەوە بە پیاوەکەی جاران.

[٢٥٩] واتە شتێك کە ناشی بیکا، بە سەد دانا راست ناکرێتەوە.

[٢٦٠] بە یەکێك ئەوترێ کە خۆی بە زیاد بزانێ، وە قەپی گەورە داگرێ.

[٢٦١] بەیەکێك ئەوترێ کە دەست بداتە کاری گەورە و زل کە لە توانایا نەبێ.

[٢٦٢] واتە هەموو شت ئەبێ بەرە بەرە، وە لەسەر خۆ بێ، چونکە کە بوو بە بازدان، کەوتن و مل شکانی لە دواوە ئەبێ.

[٢٦٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە لووتی بەرزبێ، وە زیاد لە ئەندازەی خۆی قەپ داگرێ.

[٢٦٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە هەموو شتێکا زیاد لە ئەندازەی خۆی سەرکەوێ.

[٢٦٥] چونکە ناپیاوی لێ پەیدا ئەبێ.

[٢٦٦] چونکە ئازا و دەست و دڵ کراوەیە.

[٢٦٧] بە یەکێك ئەوترێ کە بەدیمەن باش بێ و لە دڵا خراپ بێ.

٢٦٨)- بەرماڵی بەسەر ئاوەوە ئەگەڕێ[٢٦٨]

٢٦٩)- بەڕوو بە کاڵی، بەڕوو بەکوڵاوی بەڕوو بە برژاوی[٢٦٩]

٢٧٠)- بەڕووی دەمی بزنە[٢٧٠]

٢٧١)- بەری تەنگانە کورتە[٢٧١]

٢٧٢)- بەری دەستی خۆی گەست[٢٧٢]

٢٧٣)- بەز بێ و بە پشیلە بسپێرێ[٢٧٣]

٢٧٤)- بەز بە کتك ئەسپێرێ[٢٧٤]

٢٧٥)- بەسەد میج میچێکی لێ ناباتەوە[٢٧٥]

٢٧٦)- بەسەر حەوت پشقلا باز ئەدا[٢٧٦]

٢٧٧)- بەسەر دۆستیت، بە دڵ کۆستیت[٢٧٧]

٢٧٨)- بەسمە، کوڕە کەچەڵ کەسمە[٢٧٨]

---

[٢٦٨] واتە زۆر موسڵمان و لە خوا ترسە.

[٢٦٩] بە شتێکی کەم نرخ ئەوترێ، کە دوو سێ جۆر خواردەمەنی لێ دروست بکرێ.

[٢٧٠] ئەگێڕنەوە کە کابرایەك ئەبیستێ کە ئەگەر بزن بەڕوو بخوا، زۆر زوو قەڵەو ئەبێ، ئەمیش بزنە لاتێکی ئەبێ، هەموو جارێك بەڕوو ئەکا بە دەمیەوە دەست ئەدا لە پشتی، بزانێ قەڵەو بووە؟ ئنجا ئەمە بە یەکێك ئەوترێ، کە چاوەڕوانی بەری هەوڵ و تەقەلای خۆی بکا زۆر بە زوویی.

[٢٧١] لە رووی دڵخۆشییەوە ئەوترێ بە یەکێك، کە تووشی تەنگانەیەك بووبێ واتە دان بە خۆتا بگرە، ماوەکەی کەمە.

[٢٧٢] واتە پەنجەی خۆی برد بە دەما.

[٢٧٣] بە پیاوی دز و نائەمین ئەوترێ، کە کاروباری مەردومی خرابێتە ژێر دەست.

[٢٧٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە شتێك بداتە دەست یەکێکی نائەمین.

[٢٧٥] بە مەردومی زۆرزان ئەوترێ.

[٢٧٦] لە رووی تەوسەوە بە یەکێك ئەوترێ، کە باسی هێز و توانایی خۆی بکا.

[٢٧٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە دیمەن دۆست و وەکی تریش دوژمن بێ.

[٢٧٨] بە تەوسەوە بە یەکێکی هیچ و پووچ ئەوترێ.

٢٧٩)- بەشەر شەوێك پاشایە شەوێك گەدایە[٢٧٩]

٢٨٠)- بەشکەر، بەشی کرد، بەشەکەم کەم بوو ئەویشی دامێ پەژارە و خەم بوو[٢٨٠]

٢٨١)- بەشی ئاشتی تیا بێڵەرەوە[٢٨١]

٢٨٢)- بەشی بەش کرایەوە[٢٨٢]

٢٨٣)- بەشی چووە سەر بەشان[٢٨٣]

٢٨٤)- بەشی کابان، یا روورەشییە، یا بێ بەشی[٢٨٤]

٢٨٥)- بەچکە گەدا، مەخەرە تەما، بە چلێ کەما، دێتە سەما[٢٨٥]

٢٨٦)- بەچکە مەلەوان، لە ئاوا ئەخنکێ[٢٨٦]

٢٨٧)- بەچکەی مراوییە[٢٨٧]

٢٨٨)- بەگی بێ پارە، وەك بەگی مووشێن وایە[٢٨٨]

٢٨٩)- بەفری ئاداری، بکەوێ هەتا گوێ داری، نامێنێ تا ئێواری[٢٨٩]

٢٩٠)- بەڵا لە شەرواڵی شڕت، کوڕی کەس نابێ بە کوڕت[٢٩٠]

---

[٢٧٩] واتە مەردوم خۆشیش ئەبینێ و ناخۆشیش ئەبینێ.

[٢٨٠] هەژارێکی بەدبەخت ئەڵێ: کە رۆژی کەم، وە خەم و خەفەتی زۆر بێ.

[٢٨١] واتە کە چوویت بەگژ یەکێکا، هەموو جۆرە خراپەیەکی لەگەڵا مەکە تا ئەگەر ئاشتتان بووەوە رووت بێ قسەی لەگەڵ بکەیت.

[٢٨٢] بەیەکێك ئەوترێ، کە بمرێ و داراییەکەی بەشداران بیبەن.

[٢٨٣] بەیەکێك ئەوترێ، کە بمرێ و داراییەکەی بەشداران بیبەن.

[٢٨٤] واتە یا چێشتەکەی خراپ دەرئەچێ و رووی زەرد ئەبێ، یا باش دەرئەچێ و هیچ بەر خۆی ناکەوێ.

[٢٨٥] واتە حورمەتی ناوەجاخ مەگرە چونکە بە دەنکە جۆیەك ئەزەڕێ.

[٢٨٦] بە یەکێك ئەوترێ ، کە هەر بە باو و باپیرەوە بنازێ.

[٢٨٧] بە منداڵێکی وەجاخزادە ئەڵێن، کە لە ڕێی باو و باپیری خۆی لانەدا.

[٢٨٨] واتە بەگ بە پارەوە بەگە، کە پارە نەبوو لەگەڵ بەگی مووشێنا جیاوازی نییە.

[٢٨٩] چونکە بەهارە و رۆژ بە ناوەڕاستی ئاسمانەوەیە.

[٢٩٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە خۆی کوڕی نەبێ، وە بە کوڕی کچیەوە شانازی بکا.

٢٩١)- بەلا لەو کاروانە دات کە کەر پێشەنگی بێ[٢٩١]

٢٩٢)- بەلکە لە من چوو، سەر بە هەزارەوە نێ[٢٩٢]

٢٩٣)- بەلکە وتی: خۆمم و ئەم سکمە[٢٩٣]

٢٩٤)- بەم نوێنن بە جلی تانجی، پێم بلێن ژنی حاجی[٢٩٤]

٢٩٥)- بەندە تەڕە و ئاگر ناگرێ[٢٩٥]

٢٩٦)- بەندە لە عاستی عەیبی خۆی کوێرە[٢٩٦]

٢٩٧)- بەندەی بێ عەیب نابێ[٢٩٧]

٢٩٨)- بەهۆی گوڵە گەنمێکەوە، سەد گوڵە مرور ئاو ئەخواتەوە[٢٩٨]

٢٩٩)- بەهاران حەیوان و بەز، هاوینان باخ و رەز، زستانان ئاگر و ئەز[٢٩٩]

٣٠٠)- بەهەزار دەرزی سووژنێکی تیا نابێ[٣٠٠]

٣٠١)- بەهەموو ئاوی دەریا، چەوێك بەرز ناکاتەوە[٣٠١]

٣٠٢)- بەهلوولی بەغدایە، رەزا بوو بە کایێ، کاشیان نەدایە[٣٠٢]

٣٠٣)- بەو بایە ئەژیم کە لای تۆوە دێ[٣٠٣]

---

[٢٩١] بە دەستەیەك ئەڵێن کە سەرکردەکەیان یەکێکی بێ ژیری بێ بیر بێ.

[٢٩٢] واتە ژنێك کە لە دەست من چوو، چی لێ دێ با لێی بێ.

[٢٩٣] بەلکە: ناوی ژنە. یەکێك ئەیلێ، کە هیچ بەرپرسیاری (مسئولیە)یەکی نەبێ.

[٢٩٤] قەرزارێك ئەیلێ، کە داوای قەرزەکەی لێ بکەنەوە و نەیبێ بیداتەوە.

[٢٩٥] یەکێکی جگەر سووتاو ئەیلێ، کەحەزی بە مردنی خۆی بێ، واتە بەندە تەڕە و ئاگر ناگرێ، ئەگینا ئەبوو ئاگرم تێبەر ببوایە.

[٢٩٦] واتە مەردوم عەیبی خۆی نابینێ.

[٢٩٧] واتە ئادەمی و عەیبیان وتوە، وە هەرگیز بەتەمای مەدری بێ عەیب مەبە.

[٢٩٨] بەیەکێك ئەوترێ ، کە بە بۆنەی ئەوەوە، گەلێ کەسی تر بەهرەمەند ببێ.

[٢٩٩] واتە هەر شتە بۆ ڕۆژی خۆی.

[٣٠٠] بە چەند شتێکی نیوە و نیوە چڵ ئەڵێن، کە شتێکی تەواویان تیا نەبێ.

[٣٠١] واتە یەکێك خوا بەرزی نەکاتەوە، بەرز نابێتەوە.

[٣٠٢] بە یەکێکی بەرێز ئەوترێ، کە داوای شتێکی بێ نرخ بکا و نەیدەنێ.

[٣٠٣] یەکێك ئەیلێ بە خۆشەویستێکی خۆی.

٣٠٤)- بەو سەردولکانە گریانم نایە[٣٠٤]

٣٠٥)- بەیار کێڵان و گای لەڕ؟[٣٠٥]

٣٠٦)- بەیانی تا ئێوارێ سەگ ئەخەسێنێ، ئێوارێ پارەی حەق دەستەکەی ئەدا بە حەقی گلاوکردنی دەستیا[٣٠٦]

٣٠٧)- ببێ بە ئاگر، کوێ ئەسووتێنێ[٣٠٧]

٣٠٨)- ببێ بە باران پەڵە نادا بە شانیا[٣٠٨]

٣٠٩)- ببێ بە چەقەڵ، ناتوانی سەری کەلاشم بکرێنیتەوە[٣٠٩]

٣١٠)- بخۆ گۆشتی کێری کەرێ، مەکێشە منەتی سەر کۆنە کەرێ[٣١٠]

٣١١)- بخۆن بەردێکی ڕەش، بکەن خەوێکی خۆش[٣١١]

٣١٢)- بخورە مەبڕە[٣١٢]

٣١٣)- بدا بە لای کەرا، جاشەکەی ئەدزێ[٣١٣]

٣١٤)- بدە رەنج، بخۆ گەنج[٣١٤]

---

[٣٠٤] سەردولکان: چەمەر چۆپییە، واتە قسەکەت کار لە من ناکا.

[٣٠٥] بەیار: زەوییەکە کە چەند ساڵێك بێ نەکێڵرابێ، بە یەکێك ئەوترێ کە دەرەقەتی کارێك نەیەت.

[٣٠٦] بە یەکێك ئەوترێ ساڵ دوانزە مانگە هەوڵ بدا و هیچی دیار نەبێ.

[٣٠٧] بە یەکێکی بێ دەسەلات ئەوترێ، کەهیچ مەترسی لێ نەکرێ.

[٣٠٨] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر کەر بێ، واتە ژیری (عەقڵ) ببێ بە بارانی پەڵە کە جیهان ئەگرێتەوە، دڵۆپی نادا بە شانی ئەوا.

[٣٠٩] واتە هیچت لە دەست نایەت.

[٣١٠] سەرکۆنە: لۆمەیە، سەرکۆنەکەر: ئەو کەسەیە کە سەر کۆنەت ئەکا. واتە ژیانی ناخۆش بە سەر بەرزییەوە، گەلێ، خۆشترە لە ژیانی خۆش بە سەر شۆڕیی.

[٣١١] واتە لە پێناوی خۆشی پاشەڕۆژا، هەموو ناخۆشییەك بچەژن.

[٣١٢] واتە لەگەڵ ماڵ و منالا توند و تیژ بە، بەلام دەست مەوەشێنە.

[٣١٣] واتە زۆر دزە.

[٣١٤] واتە تا رەنج نەدەیت گەنجت دەست ناکەوێ.

(٣١٥)- بده له تەختە، حیزیش بەبەختە[٣١٥]

(٣١٦)- بده له هەرد، مەده له پردی نامەرد[٣١٦]

(٣١٧)- برا برایه، بازاڕ جیایه[٣١٧]

(٣١٨)- برا بوو به برازا، کار له کار ترازا[٣١٨]

(٣١٩)- برا له پشت برا بێ، مەگەر بەڵا له لای خوا بێ[٣١٩]

(٣٢٠)- برا و برا شەر ئەکا و قەڵتەبان باوەڕ ئەکا[٣٢٠]

(٣٢١)- برادەر بگرە به قەسپێك، بەری مەده به ئەسپێك[٣٢١]

(٣٢٢)- برام نەبی له دایێ، قەت گریانم لۆت نایێ[٣٢٢]

(٣٢٣)- برای دایك جیازه، وەك ماری بێ ئیجازه[٣٢٣]

(٣٢٤)- برای گەورە بەو، گووی زیاد مەخۆ[٣٢٤]

(٣٢٥)- برایەتی به زۆر ناگیرێ[٣٢٥]

---

[٣١٥] واته له هەموو کارێکا بەخت و بێ بەختی هەیه.

[٣١٦] تەماشای راڤەی پەندی (ئاو بت بات له پردی نامەرد مەپەڕەوە) بکه.

[٣١٧] واته برایەتی جیایه، وه سەودا و مامەڵەش جیایه.

[٣١٨] واته که خزم دوور کەوتەوە، وەك بێگانەی لێ دێ.

[٣١٩] واته برا ئەبێ لەهەموو تەنگانەیەکا، دەستی به پشتی براوه بێ تا کەس زەفەریان پێ نەبا.

[٣٢٠] قەڵتەبان: مەردومی نەفامە، به یەکێك ئەوترێ، که لای وابێ دوو براکه شەڕیان بوو، به ئێجگاری له یەك بڕاون، واته برا هەر چەند شەڕیشیان بێ، هەر برا و دڵسۆزی یەکن، وه دەست هەڵناگرن.

[٣٢١] واته دۆست و برادەر زۆر جار ئەگیرێ به دەنکە خورمایەك، نەکەیت دەستی لێ هەلگریت به ئەسپێك.

[٣٢٢] واته یەکێك برام نەبێ له دایکم، هەرگیز بۆی ناگریم.

[٣٢٣] واته برای دایکی لەگەڵ برای باوك و دایکی دا، زۆر جیاوازن، ئەمیان به ڕاستی برایه، ئەویشیان وەك ماری بێئیجازه وایه. به یەکێك ئەوترێ که خزمایەتیەکی دووری ببێ، وه قسەیەکی ناشرین، یا کارێکی خراپی دەربارەت کردبێ.

[٣٢٤] به یەکێك ئەوترێ، که به ئامۆژگاری برایەکی گەورەی خۆی نەکا.

[٣٢٥] به یەکێك ئەوترێ، که به زۆر خۆی بکا به برات.

٣٢٦)- براییمان برایی، کیسەمان جیایی[٣٢٦]

٣٢٧)- برسی، سەربەست نابێ[٣٢٧]

٣٢٨)- برسێتی، ڕەگی هاری پێوەیە[٣٢٨]

٣٢٩)- برنج ئالیکی کەر نییە[٣٢٩]

٣٣٠)- برنجی بێ ڕەنج، خۆشە[٣٣٠]

٣٣١)- برنجیان نیشاندا، ماشیان دەرخوارد دا[٣٣١]

٣٣٢)- بڕوا بە مشك بكە، بە ئاشەوان مەکە[٣٣٢]

٣٣٣)- بڕوانە هام سەران، بزانە چێش مەکەران[٣٣٣]

٣٣٤)- برێشکەی جۆ ئەخوا، بە سابوون دەست ئەشوا[٣٣٤]

٣٣٥)- بزانە زانست لە کوێ هێلانەی کردووە[٣٣٥]

٣٣٦)- بزن ئەڵێ بپژمم و نەترِم، بە شاخ قنگی خۆم ئەدرِم[٣٣٦]

٣٣٧)- بزن بۆ شەوێك جێی خۆی خۆش ئەکات[٣٣٧]

---

[٣٢٦] واتە برا هەر چەند برابێ، بەڵام پارە و مامەڵە و حسابیان ئەبێ جیا بێ.

[٣٢٧] چونکە پاسی کولێرەکەی ئەکات، کە مایەی ژنێتی.

[٣٢٨] واتە برسی هەر چی بکا لۆمە ناکرێ.

[٣٢٩] بە یەکێك ئەوترێ کە شایستەی شتێك نەبێ.

[٣٣٠] بە شتێك ئەوترێ کە بێ ئەرك بێتە بەردەست.

[٣٣١] بە یەکێك ئەوترێ کە بیەوێ ژن بێنێ، ئنجا کچێکی جوانی نیشان بدەن و یەکێکی ناشرینی لێ مارە بکەن.

[٣٣٢] واتە ئەگونجێ مشك لە باراشەکەت نەخوات، بەڵام قابیل نییە ئاشەوان لێی نەدزێ.

[٣٣٣] واتە لە مەردومەوە فێری شتی باش ببە.

[٣٣٤] واتە زۆر پاك و تەمیزە.

[٣٣٥] واتە زانین لە کوێیە بۆی بچۆ.

[٣٣٦] بە یەکێکی تەماعکاری پارەپەرەست ئەوترێ، کە هەر چی بەردەست کەوت، خۆی تیا بەدناو بکا.

[٣٣٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە تەمەنێکی رابوردبێ، وە هێشتا خانوویەکی بۆ خۆی دروست نەکردبێ.

٣٣٨)- بزن به تەشپییەك خۆی بەخێو ناكرێ[٣٣٨]

٣٣٩)- بزن به پێی خۆی ئەكرێ به دارا و مەڕێش به پێی خۆی[٣٣٩]

٣٤٠)- بزن تارەت هەڵناگرێ[٣٤٠]

٣٤١)- بزن خەمی گیانیە و قەساب خەمی بەز[٣٤١]

٣٤٢)- بزن دوانزه مانگه قنگی به دەرەوەیە، ئەگەر هی مەڕ جارێك دەركەوێ لێی ئەكەن بەهەرا[٣٤٢]

٣٤٣)- بزن سمه كرێ ئەكا، جێی شەوی خۆش ئەكا[٣٤٣]

٣٤٤)- بزن شیردا بۆ داپیر، داپیر كلكه قولێم بداتەوە[٣٤٤]

---

[٣٣٨] به یەكێك ئەوترێ، كه هیچێكی وای نەبێ و بیەوێ ژن بێنێ، واته ژن و ماڵ به تەنەكەیەك جۆ و تەشپییەك خۆی بەخێو ناكرێ.

[٣٣٩] واته كەس گوناهی كەس هەڵناگرێ.

[٣٤٠] تارەت: له كهارتی عەرەبیەوە هاتووە كه به مەعنای دەست نوێژه واته بزن دەست نوێژ راناگرێ. چونكه زۆر ئەترێ، به یەكێك ئەوترێ كه پاكی هەڵنەگرێ، وه زۆر زوو خۆی پیس بكا به كردار یا به گوفتاری خراپ.

[٣٤١] واته هەر كەس خەمی خۆیەتی.

[٣٤٢] به یەكێك ئەوترێ، كه هەمیشه خەریكی بەدكرداری بێ كەچی یەكێكی تر كه لەگەڵ هەڵەیەكی كرد، خێرا لێی بكا به هەرا.

[٣٤٣] تەماشای شەش پەند پێش ئەم پەنده بكه.

[٣٤٤] ئەگێڕنەوە: كه پیرێژنێك بزنێكی ئەبێ، به شیرەكەی ئەژی، رۆژێ ئەبینێ شیرەكەی خوراوە، رۆژی دوایی خۆی مات ئەدا، ئەبینێ وا پشیلەیە دێتە سەری، ئەمیش قیمه كێشێك ئەماڵێ به كلكیا ئەیقرتێنێ، پشیلەكه ئەڕوا، سبەینێ دێتە سەر پیرێژنەكه، ئەڵێ: داپیره كلكه قولێم بدەرەوە، ئەویش ئەڵێ: تۆ شیری بزنەكەمت خواردووە، بچۆ بۆ لای دار گەڵام بۆ بێنه تا بیدەم به بزنەكەم شیری زۆر بێ، ئەو حەله كلكه قۆڵێت ئەدەمەوە، پشیلەكه ئەچێ بۆ لای دار، ئەڵێ: دار گەڵا بكه بۆ بزن، بزن شیر بۆ داپیر، داپیر كلكه قولێم داتەوە، داریش ئەڵێ برۆ ئاو بێنه له كانی بۆ ژێرم تا گەڵا دەردەم. پشیلەش ئەچێتە سەر كانی ئەڵێ: كانی ئاو دە بۆ دار، دار گەڵا كا بۆ بزن، بزن شیر بۆ داپیر، داپیر كلكه قولێم داتەوە كانی ئەڵێ: برۆ كچ بێنه لەسەرم هەڵپەڕن تا ئاوەكەم بتەقێ بۆ دارەكه، ئنجا ئەچێ بۆ لای كچ، ئەڵێ: كچ چۆپی كه لەسەر كانی، تا كانی ئاودا به دار،

٣٤٥)- بزن كه ئه‌جه‌لی هات، نانی شوان ئه‌خوا[٣٤٥]

٣٤٦)- بزن كه خوا بیگرێ، نانی شوان ئه‌خوا[٣٤٦]

٣٤٧)- بزن له تاو گیان، قه‌ساب له‌تاو گۆشت[٣٤٧]

٣٤٨)- بزن له حیزیی دا نه ئه‌چوو به‌ڕێوه، ئه‌یانكرد به حه‌چه‌ی ران[٣٤٨]

٣٤٩)- بزن نه‌یخورێ بن فیچكی رانی، چ ئیشی هه‌یه به نانی شوانی[٣٤٩]

٣٥٠)- بزنێ نه‌خواردم، كاوڕێ جرنگانم[٣٥٠]

٣٥١)- بزنه گه‌ڕ، له دۆی مالآنی كردین[٣٥١]

دار گه‌لآ كا بۆ بزن، بزن شیردا به داپیر، داپیر كلكه قولێم داته‌وه، ئه‌ویش ئه‌لێ: بچۆ بۆ لای وه‌ستا كه‌وشم بۆ بكا تا بێم هه‌لپه‌رم ئنجا ئه‌چێ بۆ لای وه‌ستا، ئه‌لێ: وه‌ستا كه‌وشكه بۆ كچ، كچ چۆپی كا له‌سه‌ر كانی، كانی ئاودا بۆ دار، دار گه‌لآ كا بۆ بزن، بزن شیر دا بۆ داپیر، داپیر كلكه قولێم داته‌وه، ئه‌نجا وه‌ستا كه‌وش ئه‌كا بۆ كچ، كچیش ئه‌چێ چۆپی ئه‌كا له كانی، كانی ئه‌ته‌قێ، دار و دره‌خت ئاو ئه‌دا، هه‌موو گه‌لآ ئه‌كه‌ن تا بزن تێر ئه‌خوا و شیره‌كه‌ی زۆر ئه‌بێ، ئنجا داپیر كلكه قولێی پشیله‌كه ئه‌داته‌وه. ئێستا ئه‌م په‌نده، به یه‌كێك ئه‌وترێ، كه گیروگرفتی زۆر بێنێته كارێك وه دره‌نگ بیدا به‌ده‌سته‌وه.

[٣٤٥] به یه‌كێك ئه‌وترێ كه توخنی شتێكی خۆشه‌ویست و به نرخی یه‌كێك له خۆی گه‌وره‌تر بكه‌وێ.

[٣٤٦] به یه‌كێك ئه‌وترێ كه توخنی شتێكی خۆشه‌ویست و به نرخی یه‌كێك له خۆی گه‌وره‌تر بكه‌وێ.

[٣٤٧] واته په‌له ئه‌كه‌ن.

[٣٤٨] حه‌چه، ئه‌و گیان له‌به‌ره‌یه كه زه‌نگۆله‌ی ئه‌كه‌نه مل و پێش رانی ئه‌خه‌ن، به یه‌كێك ئه‌وترێ، كه كاروباری خۆی پێ هه‌لناسورێ كه‌چی كاروباری مه‌ردومی پێ ئه‌سپێرن.

[٣٤٩] واته كۆمی گه‌ر نه‌خورێ بزن بۆچی ئه‌خوا نانی شوان.

[٣٥٠] یه‌كێك ئه‌یلێ، كه قازانجی له یه‌كێك نه‌كردبێ، كه‌چی ئه‌مرۆ له پێناوی ئه‌وا تووشی زیان ببێ.

[٣٥١] به یه‌كێك ئه‌وترێ، كه خۆی سوودی بۆت نه‌بێ، له سوودی یه‌كێكی تریشت بكا.

٣٥٢)- بزنه قوت له من چوو، سەربنێ به هەزارەوه[٣٥٢]

٣٥٣)- بزنی گەڕۆڵ له سەرچاوەوه ئاو ئەخواتەوه[٣٥٣]

٣٥٤)- بزنێك ئەقارێنێ كه چۆڕێ شیری ببێ[٣٥٤]

٣٥٥)- بسكەی سمێڵی دێ[٣٥٥]

٣٥٦)- بچۆره ژێر لۆسێك كه بی توانیت[٣٥٦]

٣٥٧)- بچیه خوراسان، هەر دێیەوه سەر كەوڵ و كاسان[٣٥٧]

٣٥٨)- بچیه سەرداری، ئەكەویه خواری[٣٥٨]

٣٥٩)- بچیته ئەو شوێنەی كه ئاو ئەڵێ كس[٣٥٩]

٣٦٠)- بچێته سەر سیروان، وشكی ئەكا[٣٦٠]

٣٦١)- بكوژێ قەساو، ببڕێ قەساو[٣٦١]

٣٦٢)- بلارێ بێ، بلادیر بێ، بلا كچ بێ، بلاپیر بێ[٣٦٢]

٣٦٣)- بڵاو بڵاو، سەگی گڵاو[٣٦٣]

---

[٣٥٢] واته بزن قووت ون بوو، وه له دەست من چوو، خوای ئەكرد رووی ئەكرده هەزار شوێن، وه سەری ئەنا به هەزارلاوه.

[٣٥٣] به یەكێكی بێنرخ ئەوترێ، كه شوێنێكی بەرز و بەنرخی گرتبێ.

[٣٥٤] به یەكێك ئەوترێ، كه هیچی لەبارا نەبێ و گاڵتەش بەمەردوم بكا.

[٣٥٥] واته زۆر كەیف خۆشه.

[٣٥٦] واته دەست مەدەره شتێك، كه دەرەقەتی نەیەیەت.

[٣٥٧] واته هەر چەند پێ له بەرەی خۆت راكێشیت، ئاخرێكەی قاچ هەر هەڵەكێشیتەوه.

[٣٥٨] واته زۆر هەوڵی بەرز بوونەوه مەده، با ملت نەشكێ.

[٣٥٩] نزای خراپه له یەكێك ئەكرێ، واته بكەوێته شوێنێكەوه كه ئاوی تیا دەست نەكەوێ.

[٣٦٠] واته زۆر بەدبەخت و چارەڕەشه.

[٣٦١] به یەكێك ئەوترێ، كه هەرچی بكا بیكا، وه هەر خۆی حساب بێ.

[٣٦٢] واته ئەو رێگایەی كه پیا ئەڕۆیت، رێگا بێ و دوور بێ، چاكتره لەوەی لاڕێ بێ و نزیك بێ، وه ئەو ژنەی كه ئەی هێنیت كچ بێ و پیر بێ باشتره لەوەی بێوەژن بێ.

[٣٦٣] واته بڵاوەی لێ بكەن سەگی گڵاو هات، به یەكێكی زۆر خراپ ئەوترێ كه روو بكاته كوڕێك.

٣٦٤)- بلوێر بۆ گایە[٣٦٤]

٣٦٥)- بلوێر بەزێنە[٣٦٥]

٣٦٦)- بلوێر هەر قابیلی شوانە[٣٦٦]

٣٦٧)- بم کوزە و باقیم بەرەوە[٣٦٧]

٣٦٨)- بم نوێنن بە جلی گایە، پێم بڵێن ژنی ئاغایە[٣٦٨]

٣٦٩)- بن کلکی ئەخورێ[٣٦٩]

٣٧٠)- بنوو، بێتە خەوت[٣٧٠]

٣٧١)- بنی پێی هاتۆتە پشتی پێی[٣٧١]

٣٧٢)- بنێرە مشتی، بپەڕە پشتی[٣٧٢]

٣٧٣)- بوار تاقی نەکەیتەوە لێی مەدە[٣٧٣]

٣٧٤)- بوو بە حیزی حیزانگاو[٣٧٤]

٣٧٥)- بوو بە خوێنەکەی سیاوەحش، هەر نابڕێتەوە[٣٧٥]

---

[٣٦٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە شتێك نەگا.

[٣٦٥] بە یەکێك ئەوترێ کە هەر قسەی خۆی ببیەت.

[٣٦٦] واتە زۆر چاکی لێ ئەدا.

[٣٦٧] قەرزارێك ئەیلێ، کە داوای قەرزەکەی لێ بکەنەوە و نەیبێ بیداتەوە.

[٣٦٨] زۆرتر بە ژنێك ئەوترێ، کە چاوی لە ناو و ناوبانگێکی گەورە بێ.

[٣٦٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە حەزی لە جەنگ و ئاژاوەیەك بێ، وە بیەوێ هەڵیگیرسێنێ.

[٣٧٠] بە یەکێك ئەوترێ کە بە تەمای شتێك بێ، کە هەرگیز پێی نەگا.

[٣٧١] واتە زۆر گەڕۆکە.

[٣٧٢] واتە حیزە.

[٣٧٣]

[٣٧٤] بە یەکێکی هیچ و پووچ ئەوترێ، کە ببێ بە ژێر دەستی یەکێکی هیچ و پووچتر.

[٣٧٥] سیاوەحش: کوڕی کەیکاوسی دووهەمە، کە شای کەیانیەکان بووە لە ئێران، ئەم کوڕە لاو چاکە، ناحەز بەدناوی ئەکا لای باوکی، کە گوایە لەگەڵ (سودابە)ی باوەژنیا، دەستی تێکەڵ کردووە، لەسەر ئەوە شا بڕیاری کوشتنی ئەدا، سیاوەحش کە بەمە ئەزانێ شەو لە ناو ئەڕوا بۆ لای ئەفراسیابی شای تورکستان، کە هاوسنووری ئێران بووە،

٣٧٦)- بوو بە سابرێنەکەی بانی مۆرد[٣٧٦]
٣٧٧)- بوو بە شاییەکەی بناویلە[٣٧٧]
٣٧٨)- بوو، بە ئاردی بەڕوو، بە پەینکەی خۆی ناشێ[٣٧٨]
٣٧٩)- بوو، بە ئاردی ناو دڕکان[٣٧٩]

وە دوژمنایەتیان لەناوا بووە، بە گەیشتنی سیاوەحش، ئەفراسیاب زۆر بە ڕێزەوە وەری ئەگرێ، وە کچی خۆی لێ مارە ئەکات، تا بەدخوا بۆی تێ ئەچێنێ لای ئەفراسیاب کە بۆ کوشتنی تۆ و داگیر کردنی وڵاتەکەت هاتووە. ئەفراسیاب لە سەر ئەمە ئەیکوژێ، کچەکەی ئەفراسیاب کوڕێکی منالّی لە سیاوەحش ئەبێ، لە ترسی ئەوەی نە وەك ئەویش بکوژێ، بە دزیەوە ئەی نێرێ بۆ لای شوان کارەیەکی خۆیان لە سنووری ئێران. کە بەخێوی بکا. کەیکاووس کە ئەمە ئەبیستێت ڕۆستەم ئەنێرێ کوڕەکەی بۆ ئەهێنێ، وە ناوی ئەنێ (کەی خوسرەو) ئەوسا، سوپایەکی گەورە، ئەنێرێتە سەر ئەفراسیاب، بە سەر کردەیی (تووسی نەوزەر) لەگەڵ ڕۆستەم و چەند پالّەوانێکی ترا، پاش جەنگێکی خوێناوی و کوشتارێکی زۆر، ئەگەڕێتەوە بۆ ئێران، وە ئەم دوژمنایەتی و جەنگ و خوێنڕێژییە، درێژە ئەسێنێ، تا کەیکاوس ئەمرێ، وەکەی خوسرەو ئەفراسیاب ئەکوژێ، وە بەم بۆنەیەوە، فیردەوسی لە شانامەدا بە ئەفراسیاب ئەڵێ:

نە گفتم مکوش پوری کاوس را   بە دوشمن مکن روستم و توس را

واتە پێم نەوتی، نەوەی کەیکاوس مەکوژە، وە ڕۆستەم و توس مەکە بە دوژمنی خۆت.

[٣٧٦] کە بزنی ئاوایی گەلەکۆمەکێیان لێکرد و کوشتیان.

[٣٧٧] بناویلە: دێیەکە لە شارباژێر. ئەگێڕنەوە کە جارێك کوێخای ئەم دێیە، شاییەك ئەکات، لە نزیك تەواوبوونی شاییەکە پیاوێکی گەورە بە چەند سوارێکەوە، لا ئەداتە دێکە، وە شاییەکە بە کوێخا تازە ئەکەنەوە، لە پاشا ئەڕوات، هەر ئەو پشت هەڵ ئەکات، تیپەنە سوارێکی تر لائەدەن، ئەمانیش شایی بە کوێخا تازە ئەکەنەوە، ئیتر بەمجۆرە تا ماوەیەکی زۆر شایی درێژە ئەسێنێ. لە پاشدا کوێخای بەسزمان، هیچی نامێنێ و ئاواییەکەی وێران ئەبێ، ئنجا ئێستا ئەم پەندە لە حەلێکا ئەوترێ، کە قسەیەك قسەی زۆر ڕابکێشێ، یا کارێکی تر بێنێتە پێشەوە.

[٣٧٨] بە یەکێك ئەوترێ کە سەری لێ تێك چووبێ، وە پەرێشان و پەرانگەندە کەوتبێ.

[٣٧٩] بە شتێك ئەوترێ، کە پەرش و بڵاو بووبێتەوە.

٣٨٠)- بوو، به تڕەکەی خەسرەو[٣٨٠]

٣٨١)- بوو، به گووی مەلوان[٣٨١]

٣٨٢)- بوو، به کورتانەکەی دەجال[٣٨٢]

٣٨٣)- بوو، به کوردەکەی له هەر دوو جەژنان بوو[٣٨٣]

٣٨٤)- بوو، به کێچ و چووه کەوڵی[٣٨٤]

٣٨٥)- بوو، به مووی لووت[٣٨٥]

٣٨٦)- بوو، به هات هاتەکەی ڕۆم[٣٨٦]

٣٨٧)- بوو، بەکێچ و چووه گوێچکەیەوه[٣٨٧]

٣٨٨)- بوو، بەمارەکەی شێخ هۆمەر له ملی ئالا[٣٨٨]

٣٨٩)- بوو، بەو ڕۆژەی قەرەوەیسی تیا کوژرا[٣٨٩]

٣٩٠)- بووه به میزی حوشتر، هەر بۆ دواوه ئەگەڕێتەوه[٣٩٠]

٣٩١)- بووه، به بەرەگی گولی لێم نابێتەوه[٣٩١]

٣٩٢)- بووه، به بەکر مەرگەوەر[٣٩٢]

---

[٣٨٠] به شتێك ئەوترێ، که هەر باس بکرێ و باس بکرێتەوه.

[٣٨١] به شتێك ئەوترێ، که پەرش و بڵاو بێتەوه.

[٣٨٢] به شتێك ئەوترێ، که هەر چەند دەستی بدرێتێ هەوڵی تەواو کردنی بدرێ، تێك بچێ.

[٣٨٣] به یەکێك ئەوترێ ، که له هەر دوو سەرەوه ناهومێد مابێ.

[٣٨٤] به یەکێك ئەوترێ ، که له هەر دوو سەرەوه ناهومێد مابێ.

[٣٨٥] به یەکێك ئەوترێ که تۆ لێی وەڕس بی و ئەو لێت نەبێتەوه.

[٣٨٦] به شتێك ئەوترێ، که هەر بڵێن: واهات، کەچی هیچیشی دیار نەبێ.

[٣٨٧] واته زۆری سەرنایه سەر.

[٣٨٨] چیرۆکی ئەم مارە، له پەندی (شەرعی مار، بەدار) دا نووسراوه.

[٣٨٩] به ڕۆژێك ئەوترێ، که زۆر قەڵەباڵغ و چڕ و پڕ بێ، وه بگرە و بردەی زۆری تیا بێ، بەجۆرێك که مەردوم وەڕس ببێ له خۆی.

[٣٩٠] به شتێك ئەوترێ، که ڕۆژ به ڕۆژ کز ببێ و بێنموود ببێ.

[٣٩١] به شتێك ئەوترێ، که هەمیشه لەگەڵتا بێ و لێت دوور نەکەوێتەوه.

[٣٩٢] به یەکێکی زۆربڵێ ئەوترێ، که هەرگیز چاك نەڵێ.

٣٩٣)- بووە، بە بزن مژە، بە زمانێ ئەڵێ خۆش، بە زمانێکیش ئەڵێ مژێ[٣٩٣]

٣٩٤)- بووە، بە بزنەکەی ئەخفەش[٣٩٤]

٣٩٥)- بووە، بە داری پەڵك[٣٩٥]

٣٩٦)- بووە، بە داری سەرەڕێ[٣٩٦]

٣٩٧)- بووە، بە درۆزنەکەی ئاگر لە ماڵچوو[٣٩٧]

٣٩٨)- بووە، بە سووری دوو دووگر[٣٩٨]

٣٩٩)- بووە، بە گاکەی مام عەلی[٣٩٩]

٤٠٠)- بووە، بە گاکەی مامە حاجی، لە هێڵی خاوەنیا ناگەڕێ[٤٠٠]

٤٠١)- بووە، بە گوێزی ناوبێژەنگ[٤٠١]

---

[٣٩٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە خۆشە خۆشە، دەم بژەنێتە خواردنێك تا هەمووی ئەخوا.

[٣٩٤] ئەخفەش، یەکێکە لە زانا ناودارەکان، کە لە ساڵی ٧٩٣ی کۆچی کۆچی دوایی کردووە، ئەگێڕنەوە کە ئەم زانایە، تاقە بزنێکی دۆشەنی بووە لە ماڵا، بە ڕۆژ کە قوتابیەکانی لێی کۆ ئەبوونەوە دەرسیان ئەخوێند، بزنەکەش ئەهات لە تەنیشتیانەوە ئەکەوت و دەستی ئەکرد بە کاوێژ کردن و سەیر کردنیان، تا لێ ئەبوونەوە، وەك گوێیان لێ بگرێ وابوو، ئیتر لەمەوە بڵاو بۆوە، هەر کەسێك لە شتێك نەگەیشتیایە، پێیان ئەوت، بووە بە بزنەکەی ئەخفەش.

[٣٩٥] بە شتێك ئەوترێ کە بێبەر بێ.

[٣٩٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەموو ڕۆژ خەڵقی لا بدەنە لای، وە لە لای بحەسێنەوە و بەهرەمەند ببن.

[٣٩٧] بە یەکێك ئەوترێ، ئەوەندە درۆی کردبێ کەس پێی باوەڕ نەکا.

[٣٩٨] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر تەماعکار بێ، وە لەبەشی خۆی زیاتر هەڵگرتبێ.

[٣٩٩] ئەگێڕنەوە کە مام عەلی ناوێك، گایەکی بووە، جووتی بۆ هەموو کەسێك کردووە، بۆ خۆی نەبێ، ئنجا پەندە بە یەکێك ئەوترێ کە خێری بۆ مەردوم ببێ و بۆخۆی نەبێ.

[٤٠٠] هێڵ: کێڕی جووتە، بە یەکێك ئەوترێ، تا بێگانە وێستابێ خزمەتی کەس و کاری خۆی نەکا.

[٤٠١] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەردەمە لە شوێنێك بێ.

٤٠٢)- بووە، بە گیسکەکەی هەیاسی خاس[٤٠٢]
٤٠٣)- بووە، بە کەری ناو جۆگە، لە هەر دوولا ئەخوا[٤٠٣]
٤٠٤)- بووە، بە کتکە نەوتینە[٤٠٤]
٤٠٥)- بووە، بە کەوڵ سووری بەر لەشکر[٤٠٥]
٤٠٦)- بووە، بە مەقەست، هەر کەسێ دەستی بۆ بەرێ، دەم دائەچەقێنێ[٤٠٦]
٤٠٧)- بووە، بە مەلەوانەکەی کوندە لە دەست بەربوو، بەر ئەچێ ئاو ئەیبا، دوا ئەچێ گورگ ئەیخوا[٤٠٧]
٤٠٨)- بووە، بە هەورامی لە کۆڵی خۆی ئەخوا[٤٠٨]
٤٠٩)- بووەتە نێرەکەرەکەی برایمە شینێ، لەجێیان قونێ دەدا، لە ماڵدا بە سەر ئێمەیدا دایدێڵێ[٤٠٩]
٤١٠)- بووك نیەتی شێوی شەوێ، ئەموستیلەی دەستی ئەوێ[٤١٠]

---

[٤٠٢] ئەگێڕنەوە کە سوڵتان مەحموودی غەزنەوی، گیسکێك ئەداتە دەست هەیاسی خاس، وە پێی ئەڵێ: ئەم گیسکە تا لێی ئەپرسمەوە نابێ نە زیاد بکا و نە کەم، ئەویش دای ئەبەستێ، بەڵام بێچوە گورگێکیشی بە دیارەوە ئەبەستێتەوە، گیسکەکە هەر چەند چاوی بە گورگەکە ئەکەوێ لە ترسانا گەشە ناکات، کە سوڵتان مەحموود لێی ئەپرسێتەوە، ئەبینێ گیسکەکە نە قورس بووە نە سووك، ئنجا ئەمە بە یەکێك ئەوترێ کە لە ترسی شتێك گەشە ناکات.

[٤٠٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە دوو شوێن بەهرەمەند ببێ.

[٤٠٤] واتە چڵکن و پیسە.

[٤٠٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە فیتنە و ئاژاوە بگێڕێ.

[٤٠٦] بە یەکێکی بێ شەرم ئەوترێ، کە لەگەڵ قسەیەکی لەگەڵا بکرێ تووڕە ببێ و قسە بڵێ.

[٤٠٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە کارێکا گیری خواردبێ، بە جۆرێك کە نەتوانێ جووڵە بکا.

[٤٠٨] واتە لە دیاری خۆت مەخۆ.

[٤٠٩] بە یەکێك ئەوترێ لە ناوماڵ و منداڵی خۆیا تووڕە و تڕۆ و بە زەبر و زەنگ بێ، لە دەریشەوە مرۆڤێکی بێ دەسەڵاتی بێدەنگ و سەنگ بێ.

[٤١٠] بە یەکێکی هیچ و پووچ ئەوترێ کە پەڵپێك بگرێ.

٤١١)- بووك نیەتی شێوی شەوێ، ئەموستیلەی لێمان ئەوێ[٤١١]

٤١٢)- بووکێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێ[٤١٢]

٤١٣)- بووکێ نیەتی شێوی شەوێ ئەموستیلەی لێمان ئەوێ[٤١٣]

٤١٤)- بووکەکەمان جوان بوو بالووکەشی دەردا[٤١٤]

٤١٥)- بووکەکەمان زۆر جوانە، بالووکەیەکیشی لە لێوانە[٤١٥]

٤١٦)- بووکەکەی پەنا دیواریت، ڕۆژ هەموو رۆژ بەتاڵیت، بە شەو ناومال ئەماڵیت[٤١٦]

٤١٧)- بووکی پوور، جێگای لەسەر تەنوور[٤١٧]

٤١٨)- بووکی ساڵێ، بەردەرە ماڵی، ئەگەر نەیکرد بیهاوێ چاڵێ[٤١٨]

٤١٩)- بووکی نزیك باوان، بە کەڵکی چی دێ[٤١٩]

٤٢٠)- بووکێکمان هەیە ناشی و نەزان، تاوێ هۆڕ ئەکا و تاوێ خوێدان[٤٢٠]

٤٢١)- بووکێکمان هەیە ناشی و نەزانە، تاوێ هۆڕ ئەکا تاوێ هەمانە[٤٢١]

٤٢٢)- بووکێکمان هێنا بێ بارگە و بنە، کوتەك هەڵ ئەگرێ ئەڵێ ماڵ ماڵی منە[٤٢٢]

---

[٤١١] بەیەکێکی هیچ و پووچ ئەوترێ کە پەلپێك بگرێ.

[٤١٢] یەکێك ئەیلێ، کە قسە لەگەڵ یەکێك بکا و یەکێکی تری مەبەس بێ.

[٤١٣] بە یەکێکی هیچ و پووچ ئەوترێ، کە پەلپێکت لێ بگرێ.

[٤١٤] بە یەکێکی ناشرین ئەوترێ، کە عەیبێکی تریشی لە پەیدا بێ.

[٤١٥] بە یەکێکی ناشرین ئەوترێ، کە عەیبێکی تریشی لە پەیدا بێ.

[٤١٦] بە یەکێك ئەوترێ کە هەر لە ناوەختا ئیش بکا.

[٤١٧] بە بووکێك ئەڵێن، کە خەسۆکەی پووری بێ، وە لە لای خۆشەویست نەبێ.

[٤١٨]

[٤١٩] چونکە هەمیشە ئەچێتەوە ماڵی باوانی.

[٤٢٠] بە مەردومی ناشی ئەوترێ.

[٤٢١] بە مەردومی ناشی ئەوترێ.

[٤٢٢] بە بووکێك ئەوترێ، کە زەبر و زەنگی ببێ.

٤٢٣)- بووكێكمان هێنا بێ بارگە و بنە، کوتەك هەڵ ئەگرێ ئەڵێ نۆرەمە[٤٢٣]

٤٢٤)- بووم بە کاسەی چاڵەوان[٤٢٤]

٤٢٥)- بووم بەمریشکەکەی رابی، لە هیچ کولانەیەك جێگەم نابێتەوە[٤٢٥]

٤٢٦)- بۆ ئەوە ئەشێ، بە کێری کەر لە پشتی کیسەڵ بنوسرێ[٤٢٦]

٤٢٧)- بۆ بەرخی هەژار، چ گورگ و چ سوار[٤٢٧]

٤٢٨)- بۆ بەرخی هەژار، گورگ چ هێمن بێ و چ هار[٤٢٨]

٤٢٩)- بۆ پیاوی ژیر، ئیشارەتێك بەسە[٤٢٩]

٤٣٠)- بۆ حسین ناگری، بۆ هەریسە ئەگری[٤٣٠]

٤٣١)- بۆ خەڵقی ئەدا فتوای سەنگەسار، خۆشی کەرەکە ئەگرێتە بەر کار[٤٣١]

٤٣٢)- بۆ دۆستی هەزار کەمە، بۆ دوژمنی یەکێك زۆرە[٤٣٢]

---

[٤٢٣] بە بووکێك ئەوترێ کە زەبر و زەنگی ببێ.

[٤٢٤] جاران چاڵە گەنم پاسەوانی بە سەرەوە بووە، ئەو پاسەوانە کاسەیەکی بووە، هەموو خاوەن چاڵێك پڕ بەو کاسەیە گەنمی داوەتێ، ئنجا چونکە چاڵەکان زۆر بوون، ئەو کاسەیە هەمیشە دەستا و دەستی پێ کراوە، واتە دەستا و دەستەم پێ مەکەن و ئازارم مەدەن.

[٤٢٥]

[٤٢٦] بە قسەیەکی زۆر دوور ئەوترێ، کە ژیری و بیرەوەری نەگرێ.

[٤٢٧] بە دەوڵەمەندێکی زەبوون ئەوترێ، کە هەموو زۆردارێك چاوی تێ بڕی بێ.

[٤٢٨] بە دەوڵەمەندێکی زەبوون ئەوترێ، کە هەموو زۆردارێك چاوی تێ بڕی بێ.

[٤٢٩] واتە دانا بە درکاندن، کەریش بە نەقیزە.

[٤٣٠] واتە ئەوانەی کە بە دیمەن بۆ کوشتنی حسین ئەگرین، بۆ ئەوەیە کە قازانج و دەستکەوتنەکەیان پایەدار بێ، تەنانەت ئەگەر حسین زیندوو بێتەوە و بێتەوە دنیا، هەر ئەوانەی کە بۆی ئەگرین ئەیکوژنەوە و لە ژێر گومەزی زێڕ و زیوا ئەی نێژنەوە و بۆی ئەگرینەوە تا بازاڕەکەیان کز نەبێ و دەستکەوتەکەیان وەك جاران بمێنێ.

[٤٣١] بە یەکێك ئەوترێ، کە گوفتار و کرداری لە یەك جیاواز بێ.

[٤٣٢] چونکە ئەو تاقە یەکە ئەتوانێ ئیشی زل بکا.

٤٣٣)- بۆ دەسماڵێك، قەیسەرییەك ئاگر ئەدا[٤٣٣]

٤٣٤)- بۆ ریش چووم، سمێڵم نایە بانی[٤٣٤]

٤٣٥)- بۆ سۆی لێ هەڵناستێ[٤٣٥]

٤٣٦)- بۆ سی و جگەرێك، مەڕێك مردار ئەكاتەوە[٤٣٦]

٤٣٧)- بۆ گیسكێك، گایەك لە كیس خۆت مەدە[٤٣٧]

٤٣٨)- بۆ فاسق، گەزۆ ئەبارێ[٤٣٨]

٤٣٩)- بۆ قەسابییەك، بزنێك مردار مەكەرەوە[٤٣٩]

٤٤٠)- بۆ كونێك هەزار كون لە خۆت مەكە[٤٤٠]

٤٤١)- بۆ كوێر، شەو و رۆژ چون یەكە[٤٤١]

٤٤٢)- بۆ كێچێك، گایەك لە كیس خۆت مەدە[٤٤٢]

٤٤٣)- بۆ نانێك، ماڵی خۆی جیا ئەكاتەوە[٤٤٣]

٤٤٤)- بۆ نەفسێم نییە، بۆ قەدرێمە[٤٤٤]

---

[٤٣٣] بە یەكێك ئەوترێ كە بۆ قازانجێكی خۆی ماڵی عالەمێك وێران بكا.

[٤٣٤] یەكێك ئەیڵێ: كە بۆ قازانجێك بچێ كەچی بە زەرەرەوە بگەڕێتەوە.

[٤٣٥] واتە زۆر شڕ و وڕە.

[٤٣٦] ئەم پەندە بە مەعنا پەندی پێنجەمە لە پێشەوە.

[٤٣٧] بە مەردومی تەمەعكار ئەوترێ.

[٤٣٨] بە پیاوی خراپی بەختیار ئەوترێ.

[٤٣٩] بە یەكێك ئەوترێ، كە ئیشێك نەزانێ، بیەوێ خۆی بیكا بۆ ئەوەی مز(حق)ی كردنەكەی بۆ بمێنێتەوە.

[٤٤٠] واتە ئەگەر تووشی گرێ كوێرەیەك بوویت لە ژیانتا، وە ویستت ئەو گرێیە بكەیتەوە، باشی بكەرەوە، وە گرێ كوێرەی تر بۆ خۆت پەیدا مەكە.

[٤٤١] بە یەكێك ئەوترێ، كە لە كارێكا نەشارەزا بێ.

[٤٤٢] بە مەردومی تەمەعكار ئەوترێ.

[٤٤٣] بە مەردومی رژدی چرووك ئەوترێ.

[٤٤٤] یەكێك ئەیڵێ، كە لە ناو كۆمەڵێكا خواردنێك یا خواردنەوەیەك بگێڕێ و بەم نەدرێ، وە گلەیی بكات، واتە گلەیەكەم بۆ خواردنەكە نییە بەڵكو بۆ ئاوەڵ كەمییە.

٤٤٥)- بۆ ئەوس خۆی خستە حەوز[٤٤٥]

٤٤٦)- بۆ هەر دەردە و مەردێك[٤٤٦]

٤٤٧)- بۆ یەکێ بمرە، بۆت بمرێ[٤٤٧]

٤٤٨)- بۆت ئەنووسمە کەڵتەکە، لای برا کۆڵ[٤٤٨]

٤٤٩)- بۆرە نەبێ، بازە بێ، دەستە و ساری تازە بێ[٤٤٩]

٤٥٠)- بۆز بەلەڕێی[٤٥٠]

٤٥١)- بۆچ خومخانەیە[٤٥١]

٤٥٢)- بۆچ سێبەری بن ئەشکەوتە[٤٥٢]

٤٥٣)- بۆق، پیوە بدا ئەوعی مار نییە[٤٥٣]

٤٥٤)- بۆنی شیری خاو لە دەمی دێ[٤٥٤]

---

[٤٤٥] بە یەکێك ئەوترێ کە لەگەڵ چاوی کەوت بە خواردن، ئەنگە ئەزانێ چییە.

[٤٤٦] واتە بۆ هەر گرێیەك، مەردێك هەیە کە بیکاتەوە.

[٤٤٧] واتە دڵسۆزی لەگەڵ یەکێکا بکە، کە ئەویش لەگەڵ تۆدا دڵسۆز بێ.

[٤٤٨] کەڵتەکە: ناوی دێیەکە. یەکێك ئەیڵێ بە یەکێك، کە دووهەم بەڵێنی شتێکی دابێ پێی، لە پاشا حەواڵەی بکا بۆ شوێنێکی کوور، وە بۆ لای یەکێکی هیچ و پووچ، کە گۆیا ئەو شتەکەی بداتێ.

[٤٤٩] زۆرتر لە زبان یەکێکەوە ئەوترێ کە هەر چاوی لە ژن هێنانەوە بێ.

[٤٥٠] ئەگێڕنەوە کە کابرایەك ئەسپێکی بۆزی لەڕی ئەبێ، بەهار دێت ئەسپەکە تێر ئەخوا و قەڵەو ئەبێتەوە، وە دەست ئەکا بە حیلە حیل و چەپۆکان ڕۆژێك کابرای خاوەنی ئەخاتە خوارەوە، ئەمیش ئەڵێ: (بۆز بە لەڕی) ئنجا ئێستا ئەم پەندە بە کار دێنرێ بۆ هەموو کەسێك کە لە پاش هەژاری دەوڵەمەند ببێ و لەخۆی بگۆڕێ.

[٤٥١] بە یەکێك ئەوترێ، کە داوای کارێکی قورست لێ بکا بە زوو بە زوویی، واتە وا زوو بە زوو تەواو نابێ.

[٤٥٢] بە یەکێك ئەوترێ کە خوو بداتە شوێنێك، وە هەمیشە بچێ لەوێ رابوێرێ، واتە ئەوەندە مەیە.

[٤٥٣] واتە ستەمی ستەمکاری بچووك گەلێ لە ستەمی ستەمکاری گەورە قورسترە و گران ترە.

[٤٥٤] واتە مناڵە.

٤٥٥)- بۆیه ئەڵێم هاوین خۆشه، چونکه کەس ناڵێ، مام گونان داپۆشه[٤٥٥]

٤٥٦)- بۆیه پێت ئەڵێم مامه، چۆلەکەم بۆ بگریت[٤٥٦]

٤٥٧)- بۆیه لێت ئەدەم پێستەکه نەخورێ، که خورا چی تیا ئەمێنێ[٤٥٧]

٤٥٨)- بۆیه نەرژاوه، نەپژێ[٤٥٨]

٤٥٩)- بیانووی تڕ نانی جۆینه[٤٥٩]

٤٦٠)- بێژنگ ئەباته بەر مانگا[٤٦٠]

٤٦١)- بێژنگێ بگره به رووتەوه[٤٦١]

٤٦٢)- بێ ئەو پەنجه ناکا به ئاوا[٤٦٢]

٤٦٣)- بێ "نا" ئەیژەن، ئێستا نایشی به دەستەوەیه[٤٦٣]

---

[٤٥٥] واته هەرچی بوو به تێکڕا له ناو مەردوما، نەنگی تیا نامێنێ.

[٤٥٦] یەکێکی بچوك به یەکێکی گەورەی ئەڵێ، واته بۆیه بچوکیت ئەکەم، که چاوت لێمەوه بێ.

[٤٥٧] ئەڵێن دەباخچییەك شاگردێکی تەمەڵی ئەبێ، رۆژێ پێستەیەکی ئەداتێ که چاکی بکا، وه پێشەکی تێر و پڕی تێهەڵ ئەدا، وه ئەم پەندەی پێ ئەڵێ، واته (علاجی واقعه پێش از وقوع باید کرد).

[٤٥٨] له ماڵێکی گەورەدا، که به پای پیلان تیا بکرێ و تیا بخورێ، ئەگەر یەکێك وتی: ئەمه خوا هەڵناگرێ، تۆزێ دەست بگرنەوه، بەم پەنده، وەڵام ئەدرێتەوه، واته بۆیه بەم ڕەنگه هەڵڕژێژراوه، که بش پژێ و خەساریش بێ

[٤٥٩] به یەکێك ئەوترێ، که ئیشێکی ناشرینی قەوماندبێ، وه بیانوویەکی هیچ و پووچی بۆ بنێتەوه.

[٤٦٠] به یەکێك ئەوترێ، که لەوەپێش لەبەر لووت بەرزی شتێکی نەویستبێ له پاشا زۆر بۆی پەشیمان ببێتەوه، وه به هەموو رەنگێك هەوڵی بۆ بدات.

[٤٦١] به تەوسەوه به یەکێك ئەوترێ: که له کارێکا شەرم بکا.

[٤٦٢] واته زۆر فەرمانبەریەتی.

[٤٦٣] "نا" زۆرنایه، واته جاران بێهۆ، کەوتبووه جووڵه جووڵ و هەلکەسەما، ئێستا هۆشی به دەستەوەیه.

٤٦٤)- بێ بڕ لە زێ مەدە[٤٦٤]

٤٦٥)- بێ بوار لە ئاو ئەدا[٤٦٥]

٤٦٦)- بێ دەرپێ گەورە بووە، بۆیە وا هەڵچووە[٤٦٦]

٤٦٧)- بێ دەرپێ، دوو گەز جاو ئەسێنێ لە خوا[٤٦٧]

٤٦٨)- بێ دەست شکاندن، نگین ئەشکێنێ[٤٦٨]

٤٦٩)- بێ دەنگە وەك مێروو، بەسامە وەك نێروو[٤٦٩]

٤٧٠)- بیر بە دەرزی هەڵناکەندرێ[٤٧٠]

٤٧١)- بێستان بێ سەرەکەر، نابێ[٤٧١]

٤٧٢)- بیسم الله کردن، کاری کەم چیزییە[٤٧٢]

٤٧٣)- بێچووی مراوییە[٤٧٣]

٤٧٤)- بێ زۆڕنا هەڵئەپەڕێ[٤٧٤]

---

[٤٦٤] بڕ: بوارە، واتە بێ بوار لە ئاو مەدە، بە یەکێك ئەوترێ کە لە کاروبار ورد نەبێتەوە.

[٤٦٥] بڕ: بوارە، واتە بێ بوار لە ئاو مەدە، بە یەکێك ئەوترێ کە لە کاروبار ورد نەبێتەوە.

[٤٦٦] بە یەکێك ئەوترێ کە لە کۆڵانان گەورە بووبێ.

[٤٦٧] واتە هەر کەسێك بە هەر چی پێویست بێ، لە بیری ئەوەدایە.

[٤٦٨] بە یەکێ ئەوترێ، کە هەر بە قسە، یەکێك بشکێنێ، بێ ئەوەی دەستی لێ بوەشێنێ.

[٤٦٩] نێروو: لەشکرە، بە یەکێك ئەوترێ کە بێدەنگ و بەسام بێ.

[٤٧٠] واتە هەموو کارێك چەند جۆرە ئامێر و هۆکارێکی تایبەتی ئەوێ، کە بە بێ ئەو شتانە ئەو کارە ناکرێ، ئنجا مەبەست لەم پەندە ئەوەیە کە هەر کارەی بە ئامێری خۆی ئەبێ بکرێ.

[٤٧١] واتە هەموو شتێ، ڕوویەکی ناشرینی ئەبێ ببێ.

[٤٧٢] واتە شت کە کەم بوو– بۆ ئەوەی پیت و بەرەکەتی تێ بکەوێ بیسم اللەی زۆری بۆ ئەکرێ، بەڵام کە شتەکە زۆر بوو ئەوەندە بسم اللەی لە سەر ناکرێ.

[٤٧٣] بێچووی مراوی وەك باوك و دایکەکەی هەر کە سەری لە هێلکە جووقا، مەلەوانە، ئنجا ئەمە بە یەکێك ئەوترێ کە کوڕی پیاوێکی باش بێ، وە ئەمیش هەر لە منداڵیەوە وەك باوکی باش بێ.

[٤٧٤] واتە بە بێ هۆ کەوتۆتە جووڵە جووڵ و ئەلکەسەما. بە کەسێك ئەوترێ کە شووڵی بێ عاری لێ هەڵکێشابێ.

٤٧٥)- بێگانە بێدە، لە سای بێگانە نیشتن هەر نائومێدە[٤٧٥]

٤٧٦)- بێگانە، یەك مەیدانە[٤٧٦]

٤٧٧)- بێعار، دای لە دەریا وتی: تەڕ تەڕ نەباشەد[٤٧٧]

٤٧٨)- بێعار، دای لە دەریا، تەڕ نەبوو[٤٧٨]

٤٧٩)- بێعاریان خستە جەهەنەمەوە، وتی دارەکەی تەڕە[٤٧٩]

٤٨٠)- بێعاریان خستە جەهەنەمەوە، وتی سەرمامە[٤٨٠]

٤٨١)- بێکەسی هەر بۆ خوا باشە[٤٨١]

٤٨٢)- بێڵەقوڕ بەدەست خەڵقەوە ئاسانە[٤٨٢]

٤٨٣)- بێ ناوی، لە بەدناوی چاکترە[٤٨٣]

٤٨٤)- بێوەژن ئەستوونێ ماڵی زێڕ بێ، خێری پێ دەشێ[٤٨٤]

٤٨٥)- بێوەژن بەتەمای مارەیی نەبوو، داوای هەشت یەکی ئەکرد[٤٨٥]

٤٨٦)- بێوڵەم بوو بە دوو، تێرم نەخوارد لە گوو[٤٨٦]

---

[٤٧٥] بێدە: بەدە، نیشتن: دانیشتن.

[٤٧٦] واتە بێگانە ئەگەر لەگەڵتابێ، هەر لە یەك مەیدانا لەگەڵتا ئەبێ، بەڵام خزم لە هەموو مەیدانێکا لەگەڵتایە، خۆش یا ناخۆش.

[٤٧٧] بە مەردومی بێعار ئەڵێن، کە هیچی پێ نەنگ نەبێ.

[٤٧٨] واتە شت کە کەم بوو– بۆ ئەوەی پیت و بەرەکەتی تێ بکەوێ بیسم اللەی زۆری بۆ ئەکرێ، بەڵام کە شتەکە زۆر بوو ئەوەندە بسم اللەی لە سەر ناکرێ.

[٤٧٩] بە مەردومی بێعار ئەڵێن، کە هیچی پێ نەنگ نەبێ.

[٤٨٠] بە مەردومی بێعار ئەڵێن، کە هیچی پێ نەنگ نەبێ.

[٤٨١] مەردومی بێکەس ئەیڵێ، کە خوا نەبێ کەسی تر شك نەبا.

[٤٨٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئیشی قورس و گرانی مەردوم بە سووك و ئاسان بزانێ.

[٤٨٣] چونکە بێناو کەس ناوی نابات نە بە باش و نە بە خراپ، بەڵام بەدناو هەموو کەسێك تف و نەفرین (لەعنەت)ی لێ ئەکات.

[٤٨٤] چونکە هەمیشە ئەکرووزێتەوە و خۆی نەدارا نیشان ئەدا.

[٤٨٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە زیاد لە ماف خۆی داوا بکا.

[٤٨٦] ژنێکی هەژار ئەیڵێ: کە مناڵەکانی زۆر بووبن، وە گوزەرانیان بەم بۆنەیەوە، کەم و کورت بووبێ.

(پیتی پێ)

١) پا ئەدا لە پەین[١]

٢)- پادار بگرە، بێ پێ ماڵی ویمانە[٢]

٣)- پاژنەم نەبێ بەخوێنێ، نامداتێ سەلکێ ترخێنێ[٣]

٤) پارە بۆ نامەرد، روو زەردیی دێنێ[٤]

٥)- پارە بدەیت، مەلا لە مزگەوت دەرئەکەیت[٥]

٦)- پارە پارە ئەهێنێ[٦]

٧)- پارە چڵکی دەستە[٧]

٨)- پارەت کە بوو، کەس ناپرسێ کوڕی کێیت[٨]

٩)- پارەی خەڵق، کیسە ئەدڕێنێ[٩]

١٠)- پارەی زۆر، سەرشۆڕی دێنێ[١٠]

---

[١] بەیەکێك ئەوترێ کە نەتوانێ تۆڵەی خۆی بسێنێ لە یەکێك.

[٢] ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی لادێیی ترێ رەشکە هەڵ ئەخات بۆ ئەوەی بیکات بە مێوژ، لە پاشا کە ئەچێ کۆی بکاتەوە، تەماشا ئەکات وا قالۆنچەی رەشی زۆری پێوە نیشتووە، وە قالۆنچەکان ئەیانەوێ بڕۆن، کابرا وائەزانێ کە ئەمانەش هەر مێوژن، خێرا ئەڵێ(پادار بگرە، بێ پێ ماڵی ویمانە) واتە ئەوانەی کە ئەڕۆن بیانگرە، ئەوانیکەی تر هی خۆمانە.

[٣] واتە دەستوور و باوی خوا وایە لە جیهانا، تا هەوڵ نەدەیت هیچت دەست ناکەوێ.

[٤] چونکە لە شوێنی خۆیا خەرجی ناکا.

[٥] واتە بە پارە، هەموو شتێك ئەکرێ.

[٦] واتە بە بێ پارە، کەسابەت ناکرێ.

[٧] واتە خەرج ئەبێ و ئەڕوا.

[٨] واتە ئەمڕۆ هەموو شتێکە.

[٩] واتە مەردوم شتی خەڵقی لە لا قورسە، کەواتە تا زوو بیدەیتەوە درەنگە.

[١٠] واتە پارەدار لەبەر ئاگاداری پارەکەی، ناوێرێ لە شوێنی خۆیا نە قسەیەکی پیاوانە بکا و نە کارێکی مەردانە بنوێنێ.

١١)- پارەی چەرمگ، بۆ رۆژی رەش[١١]

١٢)- پاروو لە دەم داکەوێ، بۆ کۆش باشە[١٢]

١٣)- پاروو هەتا نەجورێ، قووت نادرێ[١٣]

١٤)- پاشای سەر تەختی، بنوارە وەختی[١٤]

١٥)- پاچکە بدیت بە ناکەس، هەوەس رانی ئەکا[١٥]

١٦)- پاڵی لێ داوەتەوە[١٦]

١٧)- پایزە بەهاری بنیادەمە[١٧]

١٨)- پایزە برا[١٨]

١٩)- پەتی درۆ کورتە[١٩]

٢٠)- پەتی سواڵی مل دائەبڕێ[٢٠]

٢١)- پەڕۆیەك، لەمن دادڕە[٢١]

---

[١١] تەماشای (ماڵی سپی بۆ رۆژی رەش) بکە.

[١٢] واتە خێر بۆ خوێش، نەك بۆ دەروێش.

[١٣] واتە قسە تا پوختە نەکەیت نەیڵێیت.

[١٤] واتە پیاوی گەورە، ئەبێ بزانێت کەی ئەچیتە لای، وە چۆن قسەی لەگەڵ ئەگەیت.

[١٥] واتە ناوەجاخ، کە تێری خوارد ئەزەڕێ.

[١٦] بەیەکێك ئەوترێ کە ئەو ئیشەی هەیەتی، بن بەستی کردبێ، وە بێ خەم لێی دانیشتبێ.

[١٧] واتە هەر وەك بەهار، بەهاری ئاژەڵ و حەیواناتە بەهۆی زۆری گژ و گیاوە، پایزیش بەهاری ئادەمیە بەهۆی زۆری هەموو جۆرە میوە و خواردەمەنیەکەوە.

[١٨] بەیەکێك ئەڵێن کە لە ساڵا هەر پایزان دەرکەوێ و بێ بۆ لات، کە ڕەز و باخات رازاونەتەوە بە میوەهات.

[١٩] چونکە هەموو درۆیەك پاش چەند رۆژێك دەرئەکەوێ.

[٢٠] واتە سەر بەمەردوم شۆڕ ئەکات، بە یەکێك ئەوترێ کە داوای شت لە مەردوم بکا.

[٢١] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە شتێکا بۆڵە بۆڵ بکات، واتە منیش وەك تۆ وامە وە بۆڵە بۆڵیش ناکەم، کەواتە چاو لە من بکە.

٢٢)- پەرژین بۆ پیاوی بە شەرمە[٢٢]

٢٣)- پەرژین بۆ حەڵاڵ زادەیە[٢٣]

٢٤)- پەرژینی پیاو ئەدەبە[٢٤]

٢٥)- پەشیمان شاخی لێ بڕوایە شاخی لێ ئەڕوا[٢٥]

٢٦)- پەشیمانی بێ کەڵکە[٢٦]

٢٧)- پەشیمانی داد نادات[٢٧]

٢٨)- پەشیمانی نەوتن لە پەشیمانی وتن چاکترە[٢٨]

٢٩)- پەلەپیتکەم لێدەیت شەق ئەبەم[٢٩]

٣٠)- پەڵووڵەش، دەم ئەسووتێنێ[٣٠]

٣١)- پەموانە، بۆ هەموانە[٣١]

٣٢)- پەمووش، لە شارەزوور زۆرە[٣٢]

٣٣)- پەنجە بنێ دەمی، نایگەزێ[٣٣]

---

[٢٢] چونکە هەموو کەسێك ئەتوانێ بە سەر پەرژیندا بازبدا، یا پەرژینەکە لابەرێ بەڵام شەرم ئەکات کە شتی وا بکات.

[٢٣] واتە یەکێ حەڵاڵزادە بێ، لە پەرژین ئەگەڕێتەوە، بەڵام دز پەرژین ئەشکێنێ.

[٢٤] واتە ئەگەر پەرژینی شەرم و شکۆ نەبێ، هەموو کەسێك ئەتوانێ کاری خراپ بکات.

[٢٥] واتە تا ئەتوانیت کارێکی وا مەکە کە پەشیمان ببیتەوە.

[٢٦] واتە کە هەلێکت لە دەست دەرچوو، ناگەڕێتەوە، کەواتە مەیەڵە لە دەستت دەرچێ.

[٢٧] واتە کە هەلێکت لە دەست دەرچوو، ناگەڕێتەوە، کەواتە مەیەڵە لە دەستت دەرچێ.

[٢٨] واتە پەشیمان بوونەوە لە نەکردنی قسەیەك، باشترە لە پەشیمان بوونەوە لە کردنی.

[٢٩] واتە ئەوەندە خەمبارم.

[٣٠] بە یەکێکی بێ نرخی بێ نموود ئەوترێ کە دەستێك بوەشێنێ، یا قسەیەك بهاوێژێ.

[٣١] بەشتێك ئەوترێ، کە بۆ هەموان بێ.

[٣٢] بە یەکێك ئەوترێ کە داوای شتێکت لێ بکات، تۆش بڵێیت نییە، واتە نیمە بۆت بکڕم، کابراش تێ نەکات بڵێ: لە بازاڕ زۆرە، تۆش ئەڵێیت (پەمووش لە شارەزوور زۆرە) واتە کە پارە نەبوو بەچی بیکڕم.

[٣٣] واتە زۆر ساوێلکە و بێ دەسەڵاتە.

٣٤)- پەنجەی خۆی ئەکورۆژێ[٣٤]

٣٥)- پەنجەی خۆی برد بە دەما[٣٥]

٣٦)- پەنجەی خۆی گەست[٣٦]

٣٧)- پەنجەی دەستان هەموو چون یەك نین[٣٧]

٣٨)- پەیمان هەورە، بە جێهێنانی بارانە[٣٨]

٣٩)- پەیمانەی تەواو پڕ بووگە[٣٩]

٤٠)- پڕ کۆشمە لە نان و دۆ، نازانم شوێنی باوانم ها لە کۆ[٤٠]

٤١)- پرسا بە و دانا بە[٤١]

٤٢)- پشتکۆڵی پشت دەرگامە[٤٢]

٤٣)- پشتم سەفین بێ، تف لە ئاسنیش ئەکەم[٤٣]

٤٤)- پشتی دەستی خۆی برد بە دەما[٤٤]

٤٥)- پشتی یەکتری، نادەن لە زەوی[٤٥]

---

[٣٤] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر رقی هەستابێ.

[٣٥] واتە زۆر پەشیمان بووەوە.

[٣٦] واتە زۆر پەشیمان بووەوە.

[٣٧] بە یەکێك ئەوترێ کە سەرسام بێ لە دوو برای باوك و دایکی کە یەکێکیان زۆر چاك و ئەوی تریان خراپ بێ. واتە پەنجەی دەستێك چۆن لە یەك جیان بە درێژی و کورتی، براش ئاوان.

[٣٨] واتە مەبەست لە پەیمان بەجێ هێنانەکەیەتی.

[٣٩] واتە کاسەی پڕ بووە.

[٤٠] بە یەکێکی بێ باوان ئەوترێ، کە لە خۆشی دا نوقوم بووبێ.

[٤١] واتە هەر چیت نەزانی، پرس بکە.

[٤٢] واتە دڵسۆز و پاسەوانم.

[٤٣] سەفین: ناوی شاخێکە لە پشت شەقڵاوەوە، واتە کە پشتیوانم بوو، لەکەس ناترسم.

[٤٤] تەماشای (پەنجەی خۆی گەست) بکە.

[٤٥] بە دوو دۆستی گیانی بە گیانی ئەوترێ.

٤٦)- پشتێنی لێ بکەرەوە[٤٦]

٤٧)- پشقڵێ بخەرە ژێر پێت[٤٧]

٤٨)- پشقڵێ بخەرە ژێر زمانت[٤٨]

٤٩)- پشیلە باڵی ببوایە، تۆوی چۆلەکەی ئەبڕی[٤٩]

٥٠)- پشیلە بێچووی خۆی نەوێ، حەوت ماڵی ناگێڕێ[٥٠]

٥١)- پشیلە دووگی دیوە[٥١]

٥٢)- پشیلە لە ماڵی ناشتا ناکات[٥٢]

٥٣)- پشیلە وتوویەتی: یاخوا لە ماڵێکا بم پیرێژنێکی کوێری تیا بێ.[٥٣]

٥٤)- پشیلە، دەمی نەئەگەیشتە دووگ، ئەویت سوێرە[٥٤]

٥٥)- پشیلە، گووی بە دەرمان ئەشیا، کونا و کون ئەیشاردەوە[٥٥]

٥٦)- پشیلە، لە دوای جگەر عەوداڵە، دەمی نایگاتێ ئەڵێ تاڵە[٥٦]

٥٧)- پشیلە، لە ماڵ نییە و مشکان تلیلیانە[٥٧]

---

[٤٦] واتە دڵنیابە و لە هیچ مەترسە.

[٤٧] لە ڕووی سووکیەوە بە یەکێك ئەوترێ، کە باڵای زۆر کورت بێ، وە دەستی نەگاتە شتێك.

[٤٨] لە ڕووی سووکیەوە بە یەکێك ئەوترێ، کە باڵای زۆر کورت بێ، وە دەستی نەگاتە شتێك.

[٤٩] واتە خوا دەست بە زۆرداری ستەم کار نادات.

[٥٠] واتە هەموو گیان لەبەرێك، بێچووی خۆی خۆش ئەوێ.

[٥١] بە یەکێك ئەوترێ کە دوای تەماعێك کەوتبێ.

[٥٢] واتە زۆر چروکە.

[٥٣] بە یەکێکی چاوبرسی ئەوترێ، کە بووبێ بە هاوکاری یەکێکی گێلۆکە و بەسزمان.

[٥٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئیشێکی بۆ نەبێ و بڵێ حەزم لێی نییە.

[٥٥] بە یەکێك ئەوترێ، لە پاش ئەوەی کە بزانێ ئیشێکیان پێیەتی خۆی بشارێتەوە.

[٥٦] بە یەکێك ئەوترێ کە شتێکی دەست نەکەوێ و بڵێ ناخۆشە.

[٥٧] بە خێزانێك ئەوترێ، کە گەورەکەیان لە ماڵ نەبێ، وە ئەوان بە سەربەستی بێن و بچن و قسە بکەن.

٥٨)- پشیلەی کوێر، شت لە ژێر چنگی دەرناهێنێ[٥٨]

٥٩)- پف لە بۆڵە مڕ ئەکات[٥٩]

٦٠) پلارێکمان تێبگرە، هەر باشە[٦٠]

٦١)- پلاو خۆران پاڵداوە، جۆ خۆران هۆی داوە[٦١]

٦٢)- پلکە شەمام، هەموو رۆژێ حەمام[٦٢]

٦٣)- پلێ هات و پلێ چوو، ئەویشی رست خاوەوە بوو[٦٣]

٦٤)- پوور ئەگەر گونی ببوایە، ئەبوو بە مام[٦٤]

٦٥)- پوورە فەرەنگێز تۆ تەشیەکەی من بڕێس هێنەکەی خۆت بدە بە نیوەرێس[٦٥]

٦٦)- پوورە مەستان، کاسە بدە و کاسە بستان[٦٦]

٦٧)- پووش، لە کا ئەبژێرێ[٦٧]

٦٨)- پووشێکی، دایە دەست[٦٨]

---

[٥٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر پیسکە و چروك بێ.

[٥٩] بۆڵە مڕ: ژیلەمۆیە، واتە ئاسنی سارد ئەکوتێ.

[٦٠] بە خۆشەویستێك ئەوترێ، واتە بە پلارێکیش بمان خوێنێتەوە هەر خۆشە.

[٦١] واتە ئەوان پاڵیان داوەتەوە و ئەمانیش رەنج ئەدەن و عەرەق ئەرێژن.

[٦٢] بە ژنێك ئەوترێ کە هەمیشە خەریکی خۆشتن و جل گۆڕین بێ.

[٦٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە کارێکەوە خەریك بێ تا ماوەیەك لە پاشا هەڵی بوەشێنێتەوە.

[٦٤] بە یەکێك ئەوترێ کە لە هەموو قسە و گفتوگۆیەکا بڵێ: ئەگەر ئەوە وابوایە وا ئەبوو.

[٦٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئیشەکەی خۆی بە تۆ بکات وە ئیشەکەی تۆ بهێڵێتەوە بۆ یەکێکی تر.

[٦٦] واتە کاسە دراوسێتی، ئەنێریت، کاسە دراوسێتیت بۆ ئانێرن.

[٦٧] بە شتێکی ئێجگار زۆر ئەڵێن، کە لە شتێکی تری هەڵبژێرێت، واتە چۆن پووش لە کا نابژێرێ، ئەم شتەش لەو شتە نابژێرێ.

[٦٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە پارەی یەکێکی بە دەستەوە بێ، لە پاشا پێی بڵێ زەرەرم کردووە، وە پارەکەم هەموو لە ناو چووە.

٦٩)- پووڵ، ئەکا بە پەڕۆ[٦٩]

٧٠)- پیادە ئەزانێ سوار تەنگەی بەربووە[٧٠]

٧١)- پیازی بۆ پاك ئەكا[٧١]

٧٢)- پیازی عەودالانە، خواردنی هەیە و بردنی نییە[٧٢]

٧٣)- پیاما بکە شوژن، بانگم بکە ئاغا ژن[٧٣]

٧٤)- پیاو ئەبێ لەسەر بەرەی خەڵق هەستێ[٧٤]

٧٥)- پیاو ئەو پیاوەیە، بچێتە هەوێ و بێتەوە[٧٥]

٧٦)- پیاو بە تەمای درواسێ بێ، بێ شێو سەر ئەنێتەوە[٧٦]

٧٧)- پیاو بە گەورەیی فێری پلاوخواردن بێ دەست بۆ لووتی ئەبا[٧٧]

٧٨)- پیاو بە قسەی خۆی دەبەسترێتەوە[٧٨]

٧٩)- پیاو بوخچەیە، تا نەیکەیتەوە، نازانی چی تیایە[٧٩]

٨٠)- پیاو تا نەترێ بە چوارمەشقی دانانیشێ[٨٠]

---

[٦٩] بە یەکێك ئەوترێ کە نرخی پارە نەزانێ.

[٧٠] واتە بچوك ئەزانێ کە گەورە تەنگی چیە لە ناو کۆمەڵدا.

[٧١] واتە مەرایی ئەکات.

[٧٢] پیازی عەودالانە، لەبەر ناسکی نابرێ بۆ شوێنان، ئنجا ئێستا بە هەموو شتێك ئەوترێ، کە خواردنی ببێ و بردنی نەبێ.

[٧٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە حەزی لەگەورەیی بێ.

[٧٤] واتە مەرتوم،هەر چەند رۆژێك ئەتوانێ میوانی یەکێك بێ.

[٧٥] واتە پیاو ئەو کەسەیە، بچێ بۆ کارێك و بیکات و بە دروستی بگەرێتەوە.

[٧٦] واتە بە تەمای کەس مەبە، وە هەمیشە هەر بە کردەوەی خۆت پشت ببەستە.

[٧٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە تازە فێری شتێك بووبێ و هەڵەی تیا بکات.

[٧٨] واتە کە قسەیەکت کرد، ئەبێ ببیەتە سەر.

[٧٩] کردنەوەشی بە قسە کردنیەتی.

[٨٠] واتە تا هەڵە نەکا و رۆژگار دەرسی قورس و گرانی نەداتێ، پوختە نابێ، وە بە رەحەتی دانانیشێ.

٨١)- پیاو دوو ژنە، وەك كەوگیر جەرگی کون کونە[٨١]

٨٢)- پیاو قوتابییە و رۆژگار مامۆستا[٨٢]

٨٣)- پیاو کە ئالتیرەم نانی خوارد ئەبێ فلتیرەم عەقلی ببێ[٨٣]

٨٤)- پیاو کە پیر بوو چۆلەکەی پێ ئەگرن[٨٤]

٨٥)- پیاو کە زۆری وت، چاکیش ئەڵێ و خراپیش ئەڵێ[٨٥]

٨٦)- پیاو کە گولۆڵەی کەوتە لێژی، کەس خاسی پێ نایەژی[٨٦]

٨٧)- پیاو کە لە ژن بە بیانوو بوو، ئەڵێ: ئارد ئەبێژی، قنگ ئەلەقێنی[٨٧]

٨٨)- پیاو کە لە ماڵا نەبوو، ژنی ئەدرێ بە شوو[٨٨]

٨٩)- پیاو کە ناچار بوو، بە جوولەکە ئەڵێ بە ریشی مەردانەت قەسەم[٨٩]

٩٠)- پیاو کە ناچار بوو، بە دۆستی دایکی ئەڵێ لالە[٩٠]

٩١)- پیاو لە بنەماڵ نابڕێ[٩١]

٩٢)- پیاو لە دەویتی بترسێ، ژن ناهێنێ[٩٢]

٩٣)- پیاو لە کوانووی خۆیەوە ئاو ئەچێتە ژێری[٩٣]

---

[٨١] چونکە هەر دوو لا، هەر ئازاری ئەدەن.

[٨٢] واتە تا ئەتوانیت، دەرس لە بەسەرهاتی رۆژگار وەربگرە.

[٨٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەڵەیەکی زلی کردبێ.

[٨٤] واتە پیاو نابێ بە خۆڕایی دانیشێ، بەڵکو کردن هەتا مردن.

[٨٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆربلێ بێ، وە ڕێی بکەوێتە هەموو قسەیەکەوە.

[٨٦] واتە تا ئەتوانیت کارێکی وا مەکە گولۆڵەت بکەوێتە لێژی.

[٨٧] واتە پیاو کە لە سەر بیانوو بوو، پەکی ناکەوێ.

[٨٨] واتە هەمیشە ئەبێ ئاگات لە ماڵ و منالت بێ.

[٨٩] واتە ناچاری هەموو شتێ بە مەردوم ئەکا.

[٩٠] واتە ناچاری هەموو شتێ بە مەردوم ئەکا.

[٩١] چونکە رەوشت و خووی بەرزی ئەو بنەماڵە، کاری خۆی هەر ئەکا.

[٩٢] واتە پیاو نابێ لە ترسی زبانی خەڵق دەست لە ژیان هەڵگرێ.

[٩٣] یەکێك ئەیلێ، کە بەهۆی خزمێکییەوە، زەفەری پێ برا بێ.

٩٤)- پیاو لەماڵی خۆیا ملی شا ئەپەڕێنێ[٩٤]

٩٥)- پیاو نابێ دراوسێی حوشترەوان بێ ئەگەر بوو، ئەبێ دەرکی قاپییەکەی بەرزکاتەوە[٩٥]

٩٦)- پیاو نەمرێ، بە هەموو ئاواتێك ئەگا[٩٦]

٩٧)- پیاو هەر جارێك ئەمرێ[٩٧]

٩٨)- پیاوەتی ئەگەر بە ریش بێ، سابرێن لە هەموو کەس پیاوترە[٩٨]

٩٩)- پیاوەتی بە سەر ئاوی حەمامەوە ئەکات[٩٩]

١٠٠)- پیاوەتی، بە ئیشە نەك بە ڕیشە[١٠٠]

١٠١)- پیاوی دەستەوسان، چ لە گەرمیان چ لە کوێستان[١٠١]

١٠٢)- پیاوی ژیر ئەوەیە، لە پێش بیر کردنەوەدا نەیەتە وتار[١٠٢]

١٠٣)- پیاوی سەر راست شەریکی دەوڵەمەندە[١٠٣]

١٠٤)- پیاوی چرووك پاسەوانی پارەکەیەتی[١٠٤]

١٠٥)- پیاوی گولە، تڕی زلە[١٠٥]

---

[٩٤] چونکە لە کەس ناترسێ و هەرچی بڵێ ئەیڵێ.

[٩٥] واتە هاوڕێیی هەر کەسێکت کرد، ئەبێ، وەك ئەو بێ.

[٩٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەدوای ماوەیەکی زۆر، بە ئاواتێکی گرنگی خۆی بگا.

[٩٧] واتە نابێ سەرشۆڕی قبووڵ بکات، ئەگینا هەموو دەمێك، جارێ، ئەمرێ.

[٩٨] چونکە ریشی درێژترە.

[٩٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە پیاوەتی بە سەر ماڵی مەردومەوە بکا.

[١٠٠] واتە هەرگیز دیمەن پەرست مەبە.

[١٠١] واتە لە هیچ لایەکیان رەنجی پێ نادرێ.

[١٠٢] بەڵکو هەموو قسەیەك بکوڵێنێ، ئنجا دەری بێنێ.

[١٠٣] چونکە هەمیشە دەستی ئەگرێ و پارەی ئەداتێ بە قەرز.

[١٠٤] چونکە لێی خەرج ناکا.

[١٠٥] چونکە هەستی ناتەواوی (مرکبی نقصی) هەیە.

١٠٦)- پیاوی فەقیر، لای باوە ئەتسێ[١٠٦]

١٠٧)- پیاوی کورت بە قەیسەری دا بڕوا سەر دائەنوێنێ[١٠٧]

١٠٨)- پیاوی نابووت، خزمی دوور و قەرزی کۆن بە یاد ئەکا[١٠٨]

١٠٩)- پێخاوسی باشترە لە پێڵاوی تەنگ، بێ ماڵی باشترە لە ماڵی بەجەنگ[١٠٩]

١١٠)- پیر لە پیری مەڕوانە، لە هەوڵ و داوی بڕوانە[١١٠]

١١١)- پیر لە پیری نییە لەسەر گوزەشتەیی یە[١١١]

١١٢)- پیر و تەڕپۆش، هاتوونەتە جۆش[١١٢]

١١٣)- پیر، تا نەکا تەگبیر، نابێ بە میر[١١٣]

١١٤)- پیرە، بە ڕا و تەگبیرە[١١٤]

١١٥)- پیری و سەد عەیب[١١٥]

١١٦)- پیری و فەقیری، هەر دوم بە کیری[١١٦]

١١٧)- پیرێژنی ئەوە دنیایە، دڵداری خۆی لە بیر نایە، ئەکا مەنعی من و یابە[١١٧]

---

[١٠٦] واتە ئەوەندە بەدبەختە، تسەکەشی لە لایەکی واوە دەرئەچێ کە با بی با بە سەر مەردوما، تا پێی بزانن و جنێوی پێ بدەن.

[١٠٧] چونکە هەست بە ناتەواوی خۆی ئەکات، وە ئەیەوێ پڕی بکاتەوە.

[١٠٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەبەر نەبوونی دەفتەری کۆن بخوێنێتەوە.

[١٠٩]

[١١٠] بە پیرێك ئەوترێ کە بە بڕشت بێ، وە لە ماڵا خاوەنی زەبر و زەنگ بێ.

[١١١] واتە پیر کە شارەزایە لە تەمەن درێژی نییە، بەڵکو لە قاڵبوون و دنیا بینینێتی.

[١١٢] بەو ژنانە ئەوترێن، کە لە ڕەشبەڵەکا کۆ ئەبنەوە.

[١١٣] واتە پیر بە ژیری و بیر ئەبێ بە میر، نەك بە تەمەن درێژی.

[١١٤] بە پیرێکی ژیری بە بیر ئەوترێ.

[١١٥] پیرێك ئەیڵێ، کە نەنگی پیرێتی لێ دەرکەوتبێ.

[١١٦] واتە نە بە پیری پەستم، نە بە هەژاری.

[١١٧] بە پیرێژنێك ئەوترێ کە بە سەر کوڕ، یا کچێکی گەنجا بێ، وە هێندێ شتی وای لێ قەدەغە بکا، کە خۆی کرد بێتی.

١١٨)- پێستەکەی ئەوی کێشاوە بە سەر خۆیا[١١٨]

١١٩)- پێستی بێ عاری کێشا بە ڕووی خۆیا[١١٩]

١٢٠)- پێستی سەگ بە دەباخ پاك نابێتەوە[١٢٠]

١٢١)- پێستی قورواق بە دەباخ ناژێ[١٢١]

١٢٢)- پێستی لە دەباخ نایەت[١٢٢]

١٢٣)- پێش ئەوەی بچیتە ناو بیر، بیر لە هاتنە دەرەوەت بکە[١٢٣]

١٢٤)- پێشەی خۆی شکاندووە[١٢٤]

١٢٥)- پێشەی رەش نەکردگە[١٢٥]

١٢٦)- پێشکەوتووی دواکەوتووە[١٢٦]

١٢٧)- پێشینان کردیان، تۆ خواردت، تۆش بیکە و مەردوم بیخۆن[١٢٧]

١٢٨)- پێچکە چوارە، بە ژمارە[١٢٨]

١٢٩)- پێچی دارێ، لە پەنای شایی باشترە[١٢٩]

---

[١١٨] بە یەکێك ئەوترێ کە رەوشت و خووی یەکێکی تری گرتبێ.

[١١٩] واتە بێ شەرمی نواند.

[١٢٠] بەیەکێك ئەوترێ، کە خەریکی ئامۆژگاری یەکێکی بۆگەنی پیس بێ، کە بیهێنێتە سەر ڕێیەکی ڕاست، واتە بە تەمای چاکبونی شتی وا مەبە، وە خۆتی پێوە ماندوو مەکە.

[١٢١] بە کارێك ئەوترێ کە نرخی ئەوەی نەبێ رەنجی تیا بدەیت.

[١٢٢] بە شتێك ئەوترێ، کە هیوای خێرت بێ نەبێ.

[١٢٣] چونکە ئەگەر بیر نەکەیتەوە ئەچیتە ناوی و ناتوانی بێیتە دەرەوە.

[١٢٤] پێشە ئێسقانە، بە یەکێك ئەوترێ کە هەڵەیەکی زلی کردبێ بە جۆرێکی وا کە بۆی پینە نەکرێ.

[١٢٥] واتە منالە هێشتا خۆی دانەرشتووە.

[١٢٦] بە یەکێك ئەوترێ، هەر چەند هەوڵ بدا بۆ شتێك هەر لە دواوە بێ.

[١٢٧]

[١٢٨] لە کاتێکا بە کار دێنرێ، کە دەم قاڵبەك ببێ لە ژمارە و حسابێکا، واتە ئەمە ئەوەندەیە بە بێ زیاد و کەم.

[١٢٩] چونکە لە یەکەمدا منەتباری تیا نییە.

١٣٠)- پێچی مێزەرێکە[١٣٠]

١٣١)- پێکەنینی زۆر گریانی لە دوایە[١٣١]

١٣٢)- پێکەوە ناچنە جەواڵێکەوە[١٣٢]

١٣٣)- پێڵاوە شڕێکی لە دیوانا هەیە[١٣٣]

١٣٤)- پێمان لێ مەبڕە[١٣٤]

١٣٥)- پینەکەری، روو سپی کەری[١٣٥]

١٣٦)- پینەی شینە بە دەرقنگیەوە[١٣٦]

١٣٧)- پێنج پەنجەی دەست هەمو چۆن یەك نین[١٣٧]

١٣٨)- پێوانەی پڕ بووە[١٣٨]

١٣٩)- پێی زل نەگبەتە، سەری زل دەوڵەتە[١٣٩]

١٤٠)- پێی چرا تاریکە[١٤٠]

---

[١٣٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە ماوەیەکی پێ زۆر بێ، واتە ئەم ساڵە یا ئەم دوو ساڵە کە تۆ تیا ئەچیتە دەرەوە بۆ خوێندن، هەر بە قەد پێچێکی سەر پێچەکەتە.

[١٣١] واتە زۆر پێ مەکەنە، چونکە سەر ئەکێشێ بۆ ناخۆشی.

[١٣٢] واتە سروشت و رەوشت و خوویان لە یەکەوە دوورە.

[١٣٣] بە یەکێك ئەوترێ کە خزمێکی یا ئاشنایەکی لە دەوڵەتا، یا لە ماڵە گەورەیەکا بێ.

[١٣٤] واتە ناو بە ناو سەرمان بدە.

[١٣٥] واتە ئەوانەی پینەی کاڵا ئەکەن، رووی خۆیان · ـپی ئەکەن، لە ناو کۆمەڵەدا، وە ئەوانەی کە لەبەر تەمەڵی پینە ناکەن، وە بە بەرگی دڕاوەوە ئەچنە ناو مەردومەوە، رووی خۆیان رەش ئەکەن.

[١٣٦] بە یەکێك ئەوترێ کە نەنگێکی پێوە بێ لەناو مەردوما.

[١٣٧] بە چەند برایەك ئەوترێ ، کە وەك یەك نەبن لە رەوشت و خوودا.

[١٣٨] واتە کاسەی پڕ بووە.

[١٣٩] چونکە نیشانەی زۆری ژیری و بیرە.

[١٤٠] بە یەکێك ئەوترێ ، خزمەتی بێگانە بکا، نەك کەس و کاری خۆی، وەك چرا کە چوار دەوری رووناك ئەکاتەوە، ژێری خۆی نەبێ.

١٤١)- پێیەکی لێرەیە و پێیەکی لە بەغدا[١٤١]

١٤٢)- پێ بە قەد بەڕەی خۆت ڕاکێشە[١٤٢]

١٤٣)- پێ بکەنە لەگەڵ دنیا، بگری بۆ خۆت بە تەنیا[١٤٣]

١٤٤)- پێ لە سۆسنان مەنی[١٤٤]

١٤٥)- پێ لەو پشکۆیە نانێ[١٤٥]

---

[١٤١] بە یەکێك ئەوترێ کە هەمیشە لە ناوەندی دوو شوێنی دوورا هاتوچۆ بکات.

[١٤٢] واتە زیاد لە ئەندازەی خۆت خەرج مەکە، وە لە هیچ شتێکا لە سنووری خۆت مەچۆرە دەرەوە.

[١٤٣] واتە پێکەنینت بە ئاشکرابێ، بەڵام کەس بە خەم و خەفەتت نەزانێ تا دوژمن پێت خۆش نەبێ.

[١٤٤] سۆسنا: گوڵە سۆسەنە. بە یەکێك ئەوترێ لە رووی هەرەشەوەکە کارێکی خراپی کردبێ، واتە جارێکی تر ئەو کارە نەکەیتەوە، وەك بڵێیت: جارێکی تر پێ نەنێیت لەو پشکۆیە.

[١٤٥] واتە ئەو بەڵێنە نادات، وە ناچێتە ژێری.

(پیتی تێ)

١) تا ئەڵێ بەرسیلە، ترێ پێ ئەگا[١]

٢)- تا ئەڵێ بەهار، هاوین دێ[٢]

٣)- تا ئەڵێ هاڵە، هەنگوور پێئەگا[٣]

٤) تا ئەم بایە لەم کونەوە بێ، ئەم ئاگرە ناگرێ[٤]

٥)- تا ئەم بایە لەم کونەوە بێ، هیچ[٥]

٦)- تا ئێوارە قەزوان بخۆیت، بە گوێزێك ئەتگەمێ[٦]

٧)- تا بۆ خۆمم سەند ڤیر سپی بوو[٧]

٨)- تا بۆ خۆمم سەند ڤیر وتی چەق[٨]

---

[١] بەرسیلە. هەنگور: ترێیە. یەکێك ئەوترێ کە زۆر سست بێ لە ئیش کردنا.

[٢] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر سست بێ لە ئیش کردنا.

[٣] هاڵە: بەرسیلە. هەنگور: ترێیە. بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر سست بێ لە ئیش کردنا.

[٤] یەکێك ئەیلێ، کە بە ئیشێکەوە خەریك بێ، بەڵام دەنگ و باسێك ببێ نەیەڵێ ئەو ئیشە سەر بگرێ.

[٥] ئەگێڕنەوە کە کابرایەك لە دەشت، وە لەبەر ڕەشەبا، قاوتی تـوو ئـەخوا وە هـەر چـەند قاوتەکە ئەبا بۆ دەمی، ڕەشـەباکە لیـی ئـەفرێنێ. یـەکێك لـەو کاتـەدا دێ، وە لەلایەوە دائەنیشێ، وە لیی ئەپرسێ: خاڵە ئەوە چی ئەخۆیت؟ ئـەمیش ئـەڵێ: تـا ئـەم بایـە لـەم کونەوە بێ هیچ.

[٦] یەکێکی چوست و چالاك بە یەکێکی سستی دەستە پاچەی ئەڵێ.

[٧] واتە زۆر بە گران دەستم کەوت.

[٨] واتە زۆر بە گران دەستم کەوت.

٩)- تا بە شەو نەڕۆیت، بەڕۆژ ناگەیتە مەنزڵ[٩]

١٠)- تا بەد نەبینیَ، بەدخانە بە یاد ناکا[١٠]

١١)- تا بەڕوو زۆر بیَ سمۆرە برسیەتی[١١]

١٢)- تا تۆ خەریکی ئامۆژگاری من بوویت، من مێشم ژمارد بە گونی کەرەکەوە[١٢]

١٣)- تا تۆو نەوەشێنیت، خەرمان هەڵ ناگریت[١٣]

١٤)- تا پیریَ ئەمریَ، هەزار جوان ئەمریَ[١٤]

١٥)- تا جێی رم نەکەیتەوە، نەی چەقێنیت[١٥]

١٦)- تا جێی سەنگ نەکەیتەوە دای مەکوتە[١٦]

١٧)- تا خان ئەسازیَ، لەشکر ئەترازیَ[١٧]

١٨)- تا خاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت[١٨]

---

[٩] جاران کە بە کەر و بار سەفەر ئەکرا، لە پێش شەبەقا بە ماوەیەکی زۆر ئەکەوتنە ریَ، ئنجا بۆ نیوەڕۆ ئەگەیشتنە قۆناغ، واتە کەس بەبیَ هەوڵ و تەقەلا، ناگاتە پاشە رۆژێکی باش.

[١٠] بە یەکێك ئەوتریَ، کە لەوەپێش خانەی لیَ ناخۆش بوویَ، بەهۆی بەدیێکەوە، وە ئێستا لەو بەدە خراپتری بوویێ بە کۆڵکەوە وە بە ناچاری یادی بەدخانەکەی جاران بکاتەوە.

[١١] بە مەردومی چاوچنۆك ئەوتریَ.

[١٢] بە یەکێك ئەوتریَ کە هیچ ئامۆژگارییەك وەرنەگریَ.

[١٣] واتە تا رەنج نەدەیت، گەنجت دەست ناکەوێت.

[١٤] چونکە پیری پشت کۆم، وەك کەوان وایە، تا خۆی ئەشکیَ هەزاران تیری قنج و قیت ئەکا بە ژێر خاکەوە.

[١٥] واتە تا جێی قسە نەکەیتەوە قسەکە نەکەیت.

[١٦] واتە تا جێی قسە نەکەیتەوە قسەکە نەکەیت.

[١٧] بە یەکێکی تەمەڵ ئەوتریَ، کە درەنگ ریَ بکەویَ.

[١٨] یەکێك ئەڵیَ، کە گلەییەکی ببیَ لە یەکێك، کەچی لە پێش ئەوەی ئەم گلەییەکەی بکا، کابرا دەست پێشکەری بکا لە گلەیی کردنا.

١٩)- تا دەستی نەکەوێ لە گونی نازانێ نێرە[١٩]

٢٠)- تا ژێر بیری کردەوە شێت لە ئاو پەڕییەوە[٢٠]

٢١)- تا ڕێوی قەواڵەی خۆی خوێندەوە، پێستیان گورو لە قنگەوە[٢١]

٢٢)- تا زۆرتر بژییت، زۆرتر ئەبینیت[٢٢]

٢٣)- تا زەوی ئاو نەخواتەوە، گیا ئاو ناخواتەوە[٢٣]

٢٤)- تا شوو ئەکەیت میریت، کە شووت کرد گزیریت، کە سکت کرد پیریت[٢٤]

٢٥)- تا چاڵ پڕ نەبێ، کۆش پڕ نابێ[٢٥]

٢٦)- تا گوو نەکا، نازانێ قنگی لە کوێوەیە[٢٦]

٢٧)- تا گووی قیرینی پێ نەکا، وازی لێ ناهێنێ[٢٧]

---

[١٩] واتە گا بە گونیا ئەناسێ، یەعنی زۆر نادانە.

[٢٠] واتە هەر چی زۆر بیر کاتەوە لە کارێك پڕ کێشی کەم ئەبێ.

[٢١] بە یەکێك ئەوترێ کە بە سادەیی، خۆی تێکەڵ بکات بە دەنگ و باسێکی خراپ، وە بەو بۆنەیەوە دووچاری چورتم ببێ، وە بە هەزار حاڵ وە لە دوای ماوەیەکی دووردرێژ، تا دەرئەکەوێ، کە ئەم لەو کارەدا نییە، واتە ئاگات لە خۆت بێ تووشی شتی وانەبیت، چونکە زۆر کەس تا قەباڵەی خۆی خوێندۆتەوە سەری تیا چووە.

[٢٢] بۆیە ئادەمی تا بە ساڵا بچێ پوختەتر ئەبێ.

[٢٣] ئەم پەندە ئامۆژگارییەکی زۆر بەرز و بەنرخە بۆ هەموو کەسێك کە لە نیشتمانێکا بژی، کە ئەبێ لە پێش خۆیا، خزمەتی نیشتمانەکەی بکات بە تێکڕایی، تا خۆشی لە ناو هەموانا بەهرەمەند ببێ، نابینیت تا زەوی کە نیشتمانە ئاو نەخواتەوە، گیا ئاو ناخواتەوە، هەرگیز دیوتە گیا بەبێ زەوی ئاو بخواتەوە، ئەوانەی کە وەك گەنەی گونی سەگ هەر بۆ خۆیان ئەژین، وە قازانجی کۆمەڵە و گەڵ ئەکەن بە قوربانی قازانجی خۆیان ئەوانە ئەبێ وەك گەنە بفلیقێنرێنەوە.

[٢٤] بە کچێك ئەوترێ کە هێشتا شووی نەکردبێ.

[٢٥] بە یەکێکی دەوڵەمەند ئەوترێ، کە بمرێ و بنێژرێ لە چاڵە قووتەیەکدا، وە خزمەکانی بەشدار بن، وە کۆشی لێ پڕ بکەن.

[٢٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر کەودەن و تێنەگەیشتووە بێت.

[٢٧] واتە زۆر ئازار و سزای ئەدا.

٢٨)- تا گوێرەکە بە گا ئەکەیت، خوێنی خۆت بە ئاو ئەکەیت[٢٨]

٢٩)- تا فەرز وەستابێ، سوننەت بەتاڵە[٢٩]

٣٠)- تا کۆسپێك نەرمێ، کەندێك پڕ نابێتەوە[٣٠]

٣١)- تا کەر لە بەغدا نەزەڕێ، بەری نادا[٣١]

٣٢)- تا کەندێ نەڕووخێ، کەندەڵانێ پڕ نابێتەوە[٣٢]

٣٣)- تا کچی، میری، کە شوت کرد گزیری، کە سکێکت کرد پیری[٣٣]

٣٤)- تا کونێك ئەگری، کونێکی تری تێ ئەبێ[٣٤]

٣٥)- تا کێوێك نەڕووخێ، کەندەڵانێك پڕ نابێتەوە[٣٥]

٣٦)- تا ما جووتێ کەوش نەبوو لە پای، کە مرد حەوت بوو لە سەرینای[٣٦]

٣٧)- تا ما مراندی، کە مردیش تڕاندی[٣٧]

---

[٢٨] واتە تا منالێك پێ ئەگەیەنیت ، جەرگت ئەبێ بە ئاو.

[٢٩] واتە تا شتی گرنگ پێویست بێ، مەردوم نابێ بە شتی هیچ و پووچەوە خەریك بێ.

[٣٠] لە کاتێکا ئەوترێ، کە دەوڵەمەندێك بمرێ، وە ماڵێکی زۆر بە جێ بێڵێ بۆ چەند خزمێکی هەژاری.

[٣١] جاران کە منالێك دەستی ببردایە بۆ قرژاڵ، بە گاڵتەوە پێیان ئەوت دەستت ئەگرێ، ئەو حەلە تا کەر لە بەغدا نەزەڕێ بەرت نادا.

[٣٢] تەماشای پەندی سێهەم بکە لە پێش ئەم پەندەوە.

[٣٣]

[٣٤] زۆرتر یەکێکی گوزەران تەنگ ئەیڵێ، کە دەستکەوتەکەی بەشی پێویستی ڕۆژانەی نەکات.

[٣٥] تەماشای پەندی پێنجەم بکە لە پێش ئەم پەندەوە.

[٣٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە ژیانیا ڕێزی نەگیرێ لە لایەن کەس و کاریەوە، بەڵام دوای مردنی خێری بۆ بکەن.

[٣٧] بە پیاوێك ئەوترێ، کە لەگەڵ ژنەکەیا خراپ بێ، کە خۆشی مرد گۆبەنگ و دەردیسەری بۆ بەجێ بێڵێ.

٣٨)- تا ماڵ وەستابێ مزگەوت حەرامە[٣٨]

٣٩)- تا مەقاش ببێ، دەستی خۆت مەسووتێنە[٣٩]

٤٠)- تا مەلا مەلا بوو، ئا ئەمە بوار بوو[٤٠]

٤١)- تا من، وتم بسم الله، ئەو وتی: الحمدالله[٤١]

٤٢)- تا نەبێ سەمەرێ، نابێ خەبەرێ[٤٢]

٤٣)- تا نەچێتە جەواڵ نابێ بە ماڵ[٤٣]

٤٤)- تا نەیچەشێ، نایزانێ[٤٤]

٤٥)- تا نەینایە تەبەق، نەیوت: الله سەدەق[٤٥]

٤٦)- تاجی ئەدەب لەسەر نێ، هەموو جیهان لەبەر نێ[٤٦]

٤٧)- تاریکی شەو، چرای نایڕەوێنێتەوە[٤٧]

٤٨)- تاریکی مانگ سەر لە ئێوارە دیارە[٤٨]

---

[٣٨] واتە لە خۆت و ماڵ و منداڵت نەمێنێتەوە، بەخێر ناشێ.

[٣٩] واتە تا ئیش بە پارە بکرێ لەشی خۆت مەخەرە ناڕەحەتیەوە.

[٤٠] ئەگێڕنەوە کە جارێك مەلای مەزبورە سا لەبەر هەر شتێك بووە خۆی ئەمرێنێ، پیاوانی دێ لێی کۆ ئەبنەوە، دوای شیوەن و گریان ئەیشۆن و کفنی ئەکەن و ئەیبەن بۆ گۆڕستان، لە ڕێ بە چەمێك ئەگەن ئەپرسن: بوار کامەیە؟ هەر یەکە قسەیەك ئەکات، ئنجا مەلا سەر بەرز ئەکاتەوە ئەڵێ تا مەلا مەلا بوو، ئا ئەمە بوار بوو.

[٤١] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە کاتی خواردنا پەلەپەل بکا.

[٤٢] ئەم پەندە لە مەعنای ئەو پەندە فارسیەدایە کە ئەڵێ:(تا نباشد چیزکی، مردم نگویند چیزها) واتە تا قسەیەکی بچووك نەبێ مەردوم قسەی زۆر ناکەن.

[٤٣] واتە هەر چێکت کڕی تاوەری نەگری جێی دڵنایی نییە.

[٤٤] بە یەکێك ئەوترێ کە تامی شتێکی نەکردبێ.

[٤٥] واتە تا لێی نەقەوما و تووشی چورتم نەبوو، باوەڕی نەکرد.

[٤٦] مەبەس لەم ئەدەبە شەرم و شکۆهە، ئەگەر مەبەست زانین و وێژەش بێ هەر ئەبێ.

[٤٧] بە بەڵایەکی زۆر گەورە ئەوترێ، کە زوو بە زوو، وە بە ئاسانی لە بیر نەچێتەوە.

[٤٨] واتە هەر کارێك، کە نەچێتە سەر، لە پێشەوە دیارە.

٤٩)- تازە ھاتە روو، کۆنە نرایە پشت کەندوو[٤٩]

٥٠)- تاژی ولات، بە کەروێشکی ولات، رست ئەکرێ[٥٠]

٥١)- تاس بشکێ نەك بزرنگێ[٥١]

٥٢)- تاقانە، یا شێتە یا دێوانە[٥٢]

٥٣)- تاکێ کەوش وە تاکێ کەلاش، ماندوو نەبیت مام تەڕەماش[٥٣]

٥٤)- تالان کراو بە ماڵ ئەبێ، سکەڕۆ بە ماڵ نابێ[٥٤]

٥٥)- تاڵی و سوێری جیھانی زۆر چەشتووە[٥٥]

٥٦)- تان و پۆ ئاوریشمە[٥٦]

٥٧)- تانجی قۆچاخ، لە وەختی راوا گوی دێ[٥٧]

٥٨)- تانجی وەتەن کەروێشکی وەتەن ئەگرێ[٥٨]

٥٩)- تانجی، کوێخا بێ و ڕێوی برا زاوا بێ[٥٩]

---

[٤٩] بە یەکێك ئەوترێ کە ژنێکی تازەی ھێنا، ئیتر لە ژنە کۆنەکەی نەپرسێتەوە.

[٥٠] رست کردن: پەت خستنە قەلاتەی ملی تانجی و راکێشانیەتی.

[٥١] واتە مەردوم بمرێ نەك دەنگی بزڕێ.

[٥٢] چونکە ئەوەندەی باوك و دایکی بە دەمیەوە ئەدەن، ئەگەر خۆشی ئەوەندەی تری نایە سەر ئەوا ئەبێ بە دێوانە، وە ئەگەر دوو ئەوەندەی تری نایە سەر ئەوا ئەبێ بە شێتی پەتەڕی، ھێندێ جار نارەسەنی خۆشی و ھاورێکانیشی ئەبێ بە سەربار، ئەو حەلە ئەبێ بە ھار.

[٥٣] بە یەکێکی سووك ئەوترێ کە بێتە لات، وە تۆش گاڵتەی پێ بکەیت.

[٥٤] چونکە یەکەم لە ژیانیا جارێك تالان ئەکرێ، بەلام سکەڕۆ ھەموو ڕۆژێ خۆی تالان ئەکا.

[٥٥] واتە باش پوختە بووە لە جیھانا.

[٥٦] بە یەکێك ئەوترێ کە لە باوك و دایکیەوە وەجاخزادە بێ.

[٥٧] قۆچاخ: خێرا.

[٥٨] چونکە شارەزای ھەموو کون و بن بنچکێکە.

[٥٩] بە گاڵتە و تیتاڵییەوە بە یەکێك ئەوترێ، کە کارێکی پێ سپێرابێ.

٦٠)- تانجیەکەی ئەحمەدی ساغایە، لە وەختی راوا گوی دێ[٦٠]

٦١)- تاوێ گەش ئەبمەوە، تاوێ رەش ئەبمەوە[٦١]

٦٢)- تاوانکار وا بە لای یارەوە، بێتاوان سەری وا بە دارەوە[٦٢]

٦٣)- تای جوانان، گەردێ لە بانان[٦٣]

٦٤)- تایی گان ئەکا و دۆڵاوی ئەیبژێرێ[٦٤]

٦٥)- تەبەقە ترانەت کەوتە سەر[٦٥]

٦٦)- تەبەقی پڕ ئاشتی ماڵە[٦٦]

٦٧)- تەپڵی بێعاری کوتاوە[٦٧]

٦٨)- تەپڵی خستە ژێر عەباوە[٦٨]

٦٩)- تەپڵی دڕاوە[٦٩]

٧٠)- تەپڵی زراوە[٧٠]

٧١)- تەختە و پنە و قیمەکێش، رێکەوتووە قەوم و خوێش[٧١]

---

[٦٠] بە یەکێك ئەوترێ کە لە وەختی پێویست و گرنگا خۆی ون کات.

[٦١] واتە تاوێ خۆشی ئەبینم و تاوێ تاڵی.

[٦٢] بە یەکێکی بێ گوناە ئەوترێ، کە لە باتی گوناهبارێك تووش ببێ.

[٦٣] واتە نەخۆشی گەنج بە سوڕانەوەیەکی کەم نامێنێ.

[٦٤] (تا) و (دۆلاو) دوو دێن لە نزیك شاری سنەوە. بە دوو کەس ئەوترێ، کە یەکێکیان کەیف بکا و ئەویتریان تووشی تۆڵە وسزا ببێ.

[٦٥] بە یەکێك ئەوترێ کە گرەوێکی دۆڕاندبێ.

[٦٦] واتە ماڵ کە دەوڵەمەند بوو، ئیتر مەبەستی هەموو لایەك بە جێ دێ وە کەس لە کەس زویر نابێ.

[٦٧] بە یەکێك ئەوترێ کە پەردەی شەرمی فڕێدابێ.

[٦٨] بە پیاوێکی پایەدار ئەوترێ، کە هەر نەنگێك رووی تێ بکا بیەوێ بە پایەکەی دایپۆشێ.

[٦٩] بە یەکێك ئەوترێ کە بەهۆی شتێکەوە بێ ڕێز بووبێ.

[٧٠] بە یەکێك ئەوترێ کە نەنگێکی بووبێ و دەرکەوتبێ.

[٧١] بە چەند کەسێك ئەوترێ، لە کەس و کار و خزم و خوێش، کە زویربووبن و ئاشتیان بووبێتەوە، وە کۆ بووبنەوە.

٧٢)- تەرازوو شەرمی لە کەس نییە[٧٢]

٧٣)- تەڕە تۆڵەکەی ناگاتێ[٧٣]

٧٤)- تەسەی پڕ ئاشتی ماڵە[٧٤]

٧٥)- تەشتی زێڕین بنێ بە سەرتەوە[٧٥]

٧٦)- تەشپی تڕێنە[٧٦]

٧٧)- تەشی ڕێس تەشی ڕێس بێ، بە کێری کەریش تەشی ئەڕێسێ[٧٧]

٧٨)- تەشی لە بەر ئەڕێسێ[٧٨]

٧٩)- تەشییەك موو بادە، خۆت لە بێ حەیا لادە[٧٩]

٨٠)- تەگبیر کەرە نەمرێ، فرمان کەرە بمرێ[٨٠]

٨١)- تەعریفی خۆ کردن پەموو جوونە[٨١]

٨٢)- تەعزێی دەوڵەمەند، شایی فەقیرە[٨٢]

---

[٧٢] واتە کە لەگەڵ کێش تەواو بوو تەرازوو دێتەوە.

[٧٣] بە شتی زۆر هەرزان ئەوترێ.

[٧٤] مەبەس لەم پەندە و پەندی یەکە.

[٧٥] واتە دنیا زۆر ئەمینە، وە لەهیچ مەترسە.

[٧٦] واتە زۆرخۆرە.

[٧٧] بە یەکێك ئەوترێ کە بۆ کردنی کارێك بیانوو بێنێتەوە.

[٧٨] واتە مەرایی ئەکات.

[٧٩] بەڵام بەداخەوە، ئەمرۆ بێحەیای وا هەیە، قورئانیش بخوێنێت هەر یەخەت ئەگرێ.

[٨٠] واتە ئەگەر بمرێ بچووك بمرێ، نەك گەورە و سەرۆکی ماڵ.

[٨١] پەموو: لۆکەیە، واتە لۆکە جوون چەند ناشرینە، تەعریفی خۆ کردنیش لە ناو مەردوما، ئەوەندە ناشرینە.

[٨٢] چونکە زۆر کەس لە هەژاران لەو تەعزیەیە بەهرەمەند ئەبن، هەر یەکەی بە جۆرێك، بەم رەنگە قورئان خوێن و قاوەکەر و جگەرە دەر و ئاوگێڕ و دەست و پێوەند پارە وەرئەگرن، دەستەیەك لە زانایان و هەژاران پارەی بۆ ئەکەن بە ئیسقات لەناو خۆیانا، دەستەیەکی تر لەوانەی کە قورئانیان لەبەرە لە سەر قەبرەکەی قورئان ئەخوێنن تا ئەیخەنە ئێوارێی جومعە، لە پاش ئەوە ئنجا دەستەیەکی تر خەتمی تەهلیلەی لەسەر ئەکەن، نەك تاقە خەتمێك بەڵکو دوان و سیان و زیاتر، هەر وەك دوو سێ قورئان خوێن

٨٣) تەقەی سەری دێ[٨٣]

٨٤)- تەڵە بە قنگ ئەتەقێنێ[٨٤]

٨٥)- تەماشای مەنجەڵ کەو کەوگیری لێداگرە[٨٥]

٨٦)- تەماع سەری نەبڕیت سەرت ئەبڕێ[٨٦]

٨٧)- تەماع وا لەولای ئەرواحەوە[٨٧]

٨٨)- تەمەڵ ئەڵێ هەمووی ئەخۆم، دوایی ئەڵێ چیم کرد بە خۆم[٨٨]

٨٩)- تەمەن گەیشتە چل، ئادەمی ئەبێتە جل[٨٩]

٩٠)- تەنها خۆر، هاوڕێی شەیتانە[٩٠]

٩١)- تەنوور بە گەرمی نەیهێنێتەوە، بە ساردی نایهێنیتەوە[٩١]

٩٢)- تەنوور تا گەرمە نان ئەبرژێنێ[٩٢]

بە درێژایی ساڵ قورئانی بۆ ئەخوێنن، خۆ پڵاو و گۆشتی پرسە و حەڵوای سێ ڕۆژگانەکەی هەر مەپرسە کە بە سەدەها کەس لێی ئەخۆن، جگە لە جل و بەرگی مردۆکە کە بە سەر هەژارانا دابەش ئەکرێ، هەر یەکە بە پێی خۆی.

[٨٣] واتە تێ ناگات.

[٨٤] بە مەردومی فێڵباز ئەوترێ.

[٨٥] ئەم پەندە لە مەعنای پەندی (کۆزی کاران ببینە و قەپچوکی لە ماستی داگرە) دایە.

[٨٦] چونکە هەرچی ڕووزەردی هەیە، هەمووی لە تەماعەوە تووشی مەردوم ئەبێ.

[٨٧] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر بە تەمەع بێ، وە لە پێناوی تەمەعا سەری خۆی دابنێ.

[٨٨] واتە هەموو زۆرخۆرێك دوایی پەشیمان ئەبێتەوە.

[٨٩] واتە ئارەزووی دانیشتن ئەکات.

[٩٠] بەیەکێك ئەوترێ کە هەر چێکی هەیە هەر بۆ خۆی بێ، وە کەس لێی بەهرەمەند نەبێ.

[٩١] هێنانەوەی تەنوور، تێکدانی ئاگرەکەیەتی دوای دامردنەوەی لەگەڵ هەڵدانەوەی بە خاکەناز بۆ ئەوەی لەپێش داخستنەوە یا چەند نانێکی تری پێ بکرێ ، کە بەمە ئەڵێن پشت دانەوە.

[٩٢] واتە هەموو ئیشێك زوو ڕاپەڕێنە.

٩٣)- تەنیایی، لە ئاوەڵی خراپ باشترە[٩٣]

٩٤)- تەواو مای دۆکڵیومان هێنایەوە[٩٤]

٩٥)- تەور کلکی خۆی نابڕێتەوە[٩٥]

٩٦)- تەونێ کەوتەدار، هەر دێتە خوار[٩٦]

٩٧)- تەیر بە باڵ ئەفڕێ، ژن بە مێرد ئەخوڕێ[٩٧]

٩٨)- تەیر هەیە گۆشتی ئەخورێ، تەیر هەیە گۆشتی ئەدرێتێ[٩٨]

٩٩)- تەیری گوڵ عاشق بەداری زەقنەمووتە[٩٩]

١٠٠)- تڕ بێ و بەردەمی رەشەبا کەوێ[١٠٠]

١٠١)- تڕ بێ و لە قوونی کەرێ بێتە دەرێ[١٠١]

١٠٢)- تڕ بە تڕ ئەڵێ: پاڵەپەستۆ[١٠٢]

١٠٣)- تڕ زلی باوان دەروێش[١٠٣]

---

[٩٣] ئەم پەندە لە مەعنای فەرموودەیەکی پێغەمبەرایە کە ئەفەرموێ (الوحدە خیر من جلیس السوا) واتە تەنیایی لە ئاوەڵی خراپ باشترە. کاتێك ئەوترێ، کە لە ئاوەڵێکەوە تووشی زیانێك بووبیت.

[٩٤] مای دۆکڵیو هێنانەوە: تێکدانی ماستاوی دۆکڵیوە تا دێتە کوڵ، بۆ ئەوەی دەستی لێ بەر بدرێ. بە یەکێك ئەوترێ کە بڕیاری کردنی کارێك بدات تا تەواو ئەبێ، کەچی لە نیوەیا دەستی لێ هەڵگرێ.

[٩٥] واتە گەورە دەستی ناچێتە بچووکی خۆی.

[٩٦] واتە هەموو کارێ هەرئەوەندە گرانە، تا دەستی پێ ئەکرێ، ئیتر تەواو ئەبێ.

[٩٧] بە یەکێك ئەوترێ کە بە هۆی یەکێکی ترەوە بخوڕێ.

[٩٨] واتە ئادەمی وا هەیە ئەبێ خزمەت بکا و ئادەمی واش هەیە ئەبێ خزمەت بکرێ.

[٩٩] بە یەکێك ئەوترێ کە عاشق بە شتێکی هیچ و پووچ بێ.

[١٠٠] لە کاتێکا ئەوترێ، کە قسەیەکی نهێنی کەوتبێتە بەردەمی یەکێکی دەم دڕاو.

[١٠١] بە یەکێکی دەم دڕاوی بێژیری و بیر ئەوترێ، کە قسەیەکی ناشرین بکا لە چەند شوێنێك.

[١٠٢] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر تڕ بکەنێ.

[١٠٣] بە یەکێکی بە دەعیە و دەمار ئەوترێ، کە لە خێزانێکی هەژاری نەدارا بێ.

١٠٤)- ترِ لەی وێم، سرِ لەی وێم[١٠٤]

١٠٥)- تر، کێ کەندی؟ بێگانە[١٠٥]

١٠٦)- ترێ بە دارەوە، هەنجیر بە بارەوە[١٠٦]

١٠٧)- ترێ گوێژە ئەکێڵێ[١٠٧]

١٠٨)- ترێ وا بە کێوی دەماوەندەوە[١٠٨]

١٠٩)- تراوی و خەستی چێشت مشتێکە[١٠٩]

١١٠)- ترە لە تەوراسی چی، هەمزە لە هەباسی چی[١١٠]

١١١)- ترەکەی ترِ نییە، جەواڵ درِە[١١١]

١١٢)- ترخێنە تا بمێنێتەوە، پرگ هەڵ ئەهێنێ[١١٢]

١١٣)- ترس نیوەی لەشکرە[١١٣]

١١٤)- تروسکەیەکی چاو لە سەد گۆچان باشترە[١١٤]

---

[١٠٤] واتە سرِی خۆم و ترِی خۆم.

[١٠٥] بێگانەیەك ئەیلێ لە ناو کۆمەڵێکا، کە هەرچی روویدا هەر بە سەر ئەویا بێنن.

[١٠٦] واتە ترێ لە دارەکەی بکەیتەوە و بیخۆیت زۆر خۆشە، هەروەها هەنجیر شەوێك لە بارابێ و شل ببێ و شیرەکەی بمرێ ئنجا خۆشە.

[١٠٧] گوێژە: ناوی شاخێکی بەرزە لە رۆژهەڵاتی سلێمانی، دەماوەند شاخێکی بەرزە لە ئێران، واتە زۆر بە دەعیەیە.

[١٠٨] گوێژە: ناوی شاخێکی بەرزە لە رۆژهەڵاتی سلێمانی، دەماوەند شاخێکی بەرزە لە ئێران، واتە زۆر بە دەعیەیە.

[١٠٩] واتە مەنجەڵێك شۆربای شل و روون، بە مشتێك بەر، خەست ئەبێتەوە، بە یەکێك ئەوترێ ، کە لە کارێکا چرووکی بکا، بە جۆرێك کە پێوەی دیار بێ واتە ئەگەر شتێکی کەمی ترت خەرج بکردایە، ئەم کەم و کورییە نەئەبوو.

[١١٠] بە یەکێك ئەوترێ کە وەرامەکەی پەیوەندی نەبێ بەو پرسیارەی کە لێی کراوە.

[١١١] واتە زۆر بە دەعیە و دەمارە.

[١١٢] بە شتێك ئەوترێ، تا بمێنێتەوە خراپتر بێ.

[١١٣] واتە دوو لەشکری بەقەد یەك، کە بەرانبەری یەك وێستان، کامیان ترسا ئەبێ بە نیوەی ئەویکەی تر، یا ئەو ئەبێ بە دوو ئەوەندەی ئەم.

[١١٤] واتە کەمی خۆت لە زۆری خەڵق چاکترە.

۱۱۵)- ترِی بە پێچ کەوتووە[115]

۱۱٦)- ترِی بە کوتەك نانەوێ[116]

۱۱۷)- ترِی خۆی و گێزەر، لە یەك ناکاتەوە[117]

۱۱۸)- ترِی رۆیوە و تسی ماوە[118]

۱۱۹)- ترِی گۆیژە کون ئەکا[119]

۱۲۰)- ترِی گوێزی کوێر ئەشکێنێ[120]

۱۲۱)- تف بۆ ئاسمان هەڵ ئەدەم، ئەکەوێتە سەر سمێڵم، بۆ ئەرزی هەڵ ئەدەم، ئەکەوێتە سەر ریشم[121]

۱۲۲)- تف ببینێ لە زەویدا، پەلاماری ئەدا وا ئەزانێ پارەیە[122]

۱۲۳)- تف رۆکرا، هەڵناگیرێتەوە[123]

۱۲٤)- تف هەڵدەی، رووی خۆت ئەگرێتەوە[124]

۱۲۵)- تفەنگ بە تاریکییەوە ئەنێ[125]

۱۲٦)- تفەنگ بە زەردەواڵەوە ئەنێ[126]

---

[115] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە درۆ خۆی نەخۆش خستبێ.

[116] واتە زۆر بە دەعیە و دەمارە.

[117] واتە زۆر بێ عەقڵە.

[118] بە شتێك ئەوترێ کە نیوە گیان بووبێ.

[119] گۆیژە: ناوی شاخێکی بەرزە لە رۆژهەڵاتی سلێمانی، دەماوەند شاخێکی بەرزە لە ئێران، واتە زۆر بە دەعیەیە.

[120] گۆیژە: ناوی شاخێکی بەرزە لە رۆژهەڵاتی سلێمانی، دەماوەند شاخێکی بەرزە لە ئێران، واتە زۆر بە دەعیەیە.

[121] تەماشای پەندی سێهەیم بکە لە دوای ئەم پەندەوە.

[122] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر نەدارا بێ، وە پارەی کەم بەخۆیەوە دیبێ.

[123] واتە قسەیەك کە کراو، بەڵێنێك کە درا، ئەبێ ببرێتە سەر.

[124] بە یەکێك ئەوترێ کە ناوی کەسێکی خۆی بە خراپە بەرێ.

[125] بە یەکێك ئەوترێ کە بە گوترە قسە بکا.

[126] بە یەکێك ئەوترێ کە بۆ شتێکی هیچ و پووچ پارەیەکی زۆر خەرج بکات.

۱۲۷)- تفی خۆت بکە و برۆ[127]

۱۲۸)- تفی سەربەرەوژوور، ناوچاوانی خاوەنی ئەگرێتەوە[128]

۱۲۹)- تکەکە بە شاهد بە[129]

۱۳۰)- تلّپی تەڕی تیا نەماوە[130]

۱۳۱)- تنیش بدەم و تفیش[131]

۱۳۲)- تورکە، رێی خۆیان نەئەدا، ئەیوت تیر و کەوانەکەم بەرنە ماڵی ئاغا[132]

۱۳۳)- تورمە، هەر چەند کۆنیش بێ، ناگرێ بە پێتاو[133]

---

[127] ئەگێڕنەوە کە کابرایەك لە رێگا بە چەمێك ئەگا، هەر چەند ئەکات ناوێرێ لێی بدات، یەکێك پێی ئەڵێ: لێرەوە لێی بدە ناتبا، ئەویش ئەڵێ ئەی ئەگەر بردمی؟ ئەمیش ئەڵێ ئەگەر بردتی تفێکم لێ بکە، کابراش لە ئاوەکە ئەدا، کە ئەگاتە نێرینەکەی، ئاو راینەفرێنێ، هاوار ئەکاتە کابرا ئەڵێ: کاکە وا ئاو بردمی ئەمیش ئەڵێ: تفی خۆت بکە و برۆ. ئنجا ئێستا ئەم پەندە، بە یەکێك ئەوترێ کە نەوێرێ کارێك بکات، وە تۆ هانە هانەی بدەیت لە سەر کردنی، وە ئەو لە سەر قسەکەی تۆ بیکات و تێ بشکێ.

[128] ئەم پەندە بە مەعنا دوو پەند پێش خۆیەتی.

[129] ئەگێڕنەوە کە کابرایەك ئەیەوێ ژنەکەی خۆی بکوژێ تا ژنێکی تازە بێنێ بە ناوی دار کردنەوە ئەیبا بۆ کێو، لەوێ هەر چەند ژنەکە هاوار ئەکا و ئەپاڕێتەوە، بێ سوود ئەبێ، لەو حەلەدا کە ئەیدا بە زەویدا دڵۆپەی ئەشکەوتەکە ئەکەوێتە خوارەوە، ژنەکە ئەڵێ(تکەکە تۆ بە شاهد بە؟ کابرا لە پاشدا ژنە تازەکە ئەهێنێ و هەر شتێ: روو ئەدات ئەڵێ: پیاوەکە ئەمە چییە، هەر قسەیەك ئەبێ، تۆ ئەڵێت: تکەکە بە شاهد بە؟ ئەمیش خۆی ناگرێ قسەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە، ژنەش لەمە دڵی لە مێردەکەی کرێ ئەبێ، ئەچێ بە کەس و کاری ژنە کوژراوەکە ئەڵێ، ئەوانیش ناکەنە نامەردی کابرا ئەکوژن. ئنجا ئێستا ئەم پەندە لە کاتێکا بە کار دێنرێ، کە شتێك روو بدات، وە کەس بە دیارەوە نەبێ.

[130] بە یەکێك ئەوترێ کە پیر بووبێ و هیچی لە بارا نەمابێ.

[131] بە یەکێك ئەوترێ کە داوای دوو شتی وای لێ بکەن کە هەر دووکیانی پێ ناخۆش بێ.

[132] بە یەکێك ئەوترێ، کە بەرێز نەبێ لای یەکێك، کەچی وا نیشان بدا کە بەرێزە لەلای.

[133] واتە شتی باش با کۆنیش بێ هەر پەسەند و بە نرخە.

١٣٤)- توشەی مەردوم برسێتی ناشێکنێ[١٣٤]

١٣٥)- توند بیگرە شل دێ، شل بیگرە هیچ دێ[١٣٥]

١٣٦)- توو مەشك من بژەن، من مەشك ماڵ میر[١٣٦]

١٣٧)- تووشی گون ڕەشی خۆت ئەبیت[١٣٧]

١٣٨)- تووشی نێری شەش گون بووە[١٣٨]

١٣٩)- تووکەی سمێڵی دێ[١٣٩]

١٤٠)- تووڵ بە تەڕی نەچەمێتەوە، ناچەمێتەوە[١٤٠]

١٤١)- توێکڵی تس ئەگرێتەوە[١٤١]

١٤٢)- تۆ ئەتەوێ لە قەڵانیشی بکەیت و لە کۆترانیش[١٤٢]

١٤٣)- تۆ بنوو وەستای نجار، خوا یەکەو دەروو هەزار[١٤٣]

١٤٤)- تۆ کاڵەك خۆریت، یا بێستان ڕن؟[١٤٤]

---

[١٣٤] واتە کە برسیت بوو، با تۆشەبەرەکەشت پڕ بێ لە نان، کە نەیخۆیت بە تۆ چی؟

[١٣٥] واتە هەموو کارێك کە بە شل بیگری ئەبێ بە هیچ بەڵام کە بە توند گیرا باشترە.

[١٣٦] بە یەکێك ئەوترێ بە تەوسەوە کە داوای ئیشەکەی خۆی لە تۆ بکات، تا خۆی ئیش بۆ یەکێکی تر بکات.

[١٣٧] واتە من ئیمڕۆ نازت ئەکێشم، بەڵام ڕۆژێ ئەبێ تووشی یەکێکی وابیت، کە نازت نەکێشێ، بەڵکو ئازاریشت بدات.

[١٣٨] بە یەکێك ئەوترێ کە تووشی بەڵایەکی گەورە ببێ.

[١٣٩] واتە زۆر کەیف خۆشە.

[١٤٠] واتە هەموو شتێك ئەبێ بە منداڵی تەربیە بدرێ.

[١٤١] واتە لە هەموو موو ئەکاتەوە.

[١٤٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە بیەوێ نائومێدت بکات لە هەموو ڕوویەکەوە.

[١٤٣] چیرۆکی ئەم پەندە لە راڤە (شرح)ی پەندی (خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە)دا نووسراوە.

[١٤٤] بە یەکێك ئەوترێ کە هەر خواردنی لە سەر بێ بە بێ مەسرەف، کەچی پرسیار لە مەسرەف بکات.

١٤٥)- تۆ لە حەمە ئاشەوانی چاکتر نازانی[١٤٥]

١٤٦)- تۆ لەگەڵ عام یا عام لەگەڵ تۆ[١٤٦]

١٤٧)- تۆ مەنێکی من دوو مەنم، بێجگە لە گوێز و کەمەندم[١٤٧]

١٤٨)- تۆ مەیکە خوا بتداتێ[١٤٨]

١٤٩)- تۆ موویەك ئەبینی، من دەستپێچکێك موو[١٤٩]

١٥٠)- تۆ نە، مزگەوت[١٥٠]

١٥١)- تۆ هەنگاوێك روو بە من بێ، تا من دە هەنگاو روو بە تۆ بێم[١٥١]

١٥٢)- تۆبەی گورگ مەرگە[١٥٢]

١٥٣)- تۆپینی کەر، زەماوەندی سەگە[١٥٣]

١٥٤)- تۆش نەبی بە یارم، خوا ئەسازێنێ کارم[١٥٤]

١٥٥)- تۆفانی مێرووله، دڵۆپێ ئاوە[١٥٥]

١٥٦)- تۆڵە بە تۆڵە، قازانجی زۆرە[١٥٦]

---

[١٤٥] واتە تۆش نادانێکی وەك حەمە ئاشەوان.

[١٤٦] بە یەکێك ئەوترێ کە کارێکی وا بکات کە هیچ کەس لێی رازی نەبێ.

[١٤٧] یەکێك بە یەکێکی ئەڵێ لە رووی هەرەشەوە.

[١٤٨] واتە بە بێ هەوڵ و تەقەلا خوا هیچت ناداتێ، بە یەکێك ئەوترێ، کە هیچ نەکا و بەتەمای خوا بێ.

[١٤٩] واتە تۆ بەقەد من شارەزا نیت وە بە قەد من شت نابینیت.

[١٥٠] میوانێك ئەیڵێ کە خانە خوێکەی لێی لالووت بێ، واتە منەت هەڵناگرم، ئەگەر لە ماڵەکەی تۆشا نەبم، لە خانەی خوادا ئەبم.

[١٥١] بە یەکێك ئەوترێ کە گلەیی کەم هاتوچۆیت لێ بکات.

[١٥٢] واتە پیاوی خراپ بە مردن نەبێ دەست لە خراپە هەڵ ناگرێ.

[١٥٣] ئاشکرایە کە لە کوێدا بەکار دێنرێ.

[١٥٤] واتە خوا کەسی بێ کەسانە.

[١٥٥] بە هەژارێکی بێکەس ئەوترێ، کە تووشی گرێیەکی بچکۆلانە بووبێ، هەر چەند بکا بۆی نەکرێتەوە.

[١٥٦] چونکە ئەگەر وانەکەیت بەرانبەرەکەت یاخی ئەبێ، وە جارێکی تر خراپترت لەگەڵ ئەکات، بەڵام کە وەڵامت دایەوە بە خراپە، ئەو حەلە لە شوێنی خۆی ئەوێستێ، وەکو

١٥٧)- تۆڵە بە سەبرە، بەڵام بە زەبرە[١٥٧]

١٥٨)- تۆڵەی شیری بە شیری و تۆڵەی کیری بە کیری[١٥٨]

١٥٩)- تۆم کۆنە، لە دڵیا وەشیاگە[١٥٩]

١٦٠)- تۆم کرد بە جۆلا، مەکۆم بدزیت[١٦٠]

١٦١)- تێ بکۆشە لێ بنۆشە[١٦١]

١٦٢)- تێر ئاگای لە برسی نییە[١٦٢]

١٦٣)- تیر ئەخا و کەوان ئەشارێتەوە[١٦٣]

١٦٤)- تیر لە تیردانیا نەماوە[١٦٤]

١٦٥)- تیر لە کەوان دەرچوو، ناگەڕێتەوە[١٦٥]

قورئان ئەفەرموێ(جزا سیئە سیئە بمپلها) واتە پاداشتی خراپەیە بە وێنەی خۆی، ئەمە لەگەڵ کەسێکا وایە کە بە خراپە نەبێ چارە نەکرێ، بەڵام لەگەڵ یەکێکی باشا کە خراپەکەی لە ڕووی هەڵەوە بێ، چاك وایە بەرانبەری بکەیت بە چاکە، وەکو قورئان ئەفەرموێ (فمن عفا واصلح فاجره علی الله) واتە ئەگەر کەسێك خۆش بوو وە ناحەزەکەی ئاشت کردەوە، ئەوە پاداشتی لە سەر خوایە.

[١٥٧] واتە تۆڵە، کە دواکەوت، بزانە کە زۆر بە زەبر ئەبێ.

[١٥٨] شیر تێغێکی قورس و درێژ و بڕندەیە، ئەم پەندە زۆرتر لە ناو عەشایەر بە کار دێنرێ، واتە یەکێك شیرمان لێ بدا شیری لێ ئەدەین، وە یەکێك ژنمان لێبێنێ ژنی لێ ئەهێنین.

[١٥٩] بە یەکێك ئەوترێ کە قینێکی کۆنی لە دڵا بێ.

[١٦٠] بە یەکێکی ناوەجاخ ئەوترێ، کە لە تۆوە فێری شتێك بووبێ، کەچی ئەمڕۆ ملە ملەت لەگەڵ بکات.

[١٦١] بە یەکێکی لەش ساغ ئەوترێ، واتە تا تێکۆشیت دەستکەوتت زۆرتر ئەبێ، ئەو حەلە تۆش بە ئارەزووی خۆت ڕابوێرە.

[١٦٢] واتە دەوڵەمەند ئاگای لە هەژار نییە.

[١٦٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە پەناوە پلاری قسە بهاوێژێ.

[١٦٤] بە یەکێك ئەوترێ کە ئەو هێزەی بوویەتی لە کارێکا نەیمابێ.

[١٦٥] واتە ئاگات لە هەموو قسەیەکت بێ، چونکە کە دەرچوو تێ ئەپەڕێ.

١٦٦)- تێر نەخۆرە بانگی کردووە[١٦٦]

١٦٧)- تێر نەخواردن لە باوك مردن خراپترە[١٦٧]

١٦٨)- تیر و شیر، لە یەك ئەسوون[١٦٨]

١٦٩)- تێر، ئەیکوتایە فنگی برسی، ئەیووت: هەرزانی هەی هەرزانی[١٦٩]

١٧٠)- تێر، نای بە فنگی برسییەوە، وتی هەرزانی هەی هەرزانی[١٧٠]

١٧١)- تێرم خواردووە لە کاکلآن نۆرەی توێکلآنە[١٧١]

١٧٢)- تێرم کە و لە خوارەوە دامنێ[١٧٢]

١٧٣)- تێرم و غار ئەکەم[١٧٣]

١٧٤)- تیری بێ نیشان، مەوەشێنە[١٧٤]

١٧٥)- تیرێك و دوو نیشانە[١٧٥]

١٧٦)- تیشکی رۆژ بە بێژنگ ناگیرێ[١٧٦]

---

[١٦٦] بە یەکێك ئەوترێ کە هەر تێر نەخوات.

[١٦٧] واتە برسێتی دەردێکی بێ دەرمانە.

[١٦٨] واتە زۆر دوژمنی یەکن.

[١٦٩] واتە بەشی زۆری دەوڵەمەند لە کەمینی هەژاران، تا لە کاتی تەنگانە و چەڵەمەیانا، شتیان لێ بکڕن بە هەرزان.

[١٧٠] هەمیشە دەوڵەمەند لەهەژاری هەژار بەهرەمەند ئەبێ، بەم رەنگە لە گرانیدا چی بێ لە دەستی ئەسێنێ بە چەند تەنەکەیەك گەنم و جۆ، ئنجا ئەگەر ماڵی بە دەستەوە نەما، ئەو حەلە تەمەع ئەکاتە ناموسی ژنەکەی و کچەکەی و کوڕەکەی، وەك لەم پەندەوە دەرئەکەوێ.

[١٧١] یەکێك ئەیڵێ کە سوودی لە هاوڕێیەتی یەکێك نەدیبێ، وە ئێستا یەکێکی هیچ و پوچتر بیەوێ ببێ بە هاوڕێی.

[١٧٢] واتە ئیشەکەم بۆ جێبەجێ بکە، نەك لە سەری سەرەوە دام بنێی.

[١٧٣] یەکێك ئەیڵێ کە پارەی ببێ، وە بە ئارەزووی خۆی خەرجی بکات.

[١٧٤] واتە دەستت دایە هەر کارێك، وای دەست بدەرێ کە باشی بکەیت.

[١٧٥] بە قسەیەك ئەوترێ کە دوو ئیش بکات.

[١٧٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە بیەوێ بە قسەی هیچ و پووچ پیاوێکی گەورە بچوك بکاتەوە.

١٧٧)- تێگەیشتن لە مێوژە رەشکە خۆشترە[١٧٧]

١٧٨)- تیغی ئێستا ئەوەندە نابڕێ[١٧٨]

١٧٩)- تیغی گەیاندە سەر ئێسقان[١٧٩]

١٨٠)- تیکە تا نەیجووی، قووت نادرێ[١٨٠]

١٨١)- تیکە لە دەم داکەوت بۆ ناو کۆشە[١٨١]

١٨٢)- تیکە، شەش بێ و خۆش بێ[١٨٢]

١٨٣)- تیکەی خۆش و ڕێی لابەلا[١٨٣]

١٨٤)- تیکەی زل، هەم دەم ئەدڕێ، هەم قنگ[١٨٤]

١٨٥)- تیکەیێ کەمتر، برایێ زیاتر[١٨٥]

١٨٦)- تینو ئاو لە خەوا ئەبینێ و بێ دەرپێ دوو گەز جاو[١٨٦]

١٨٧)- تینو هەر ئاوی لە بیرە[١٨٧]

---

[١٧٧] هەر وەك تێنەگەیشتن لە زەهرە مار ناخۆشترە.

[١٧٨] واتە نە بەڵێنی ئێستا وەك جاران بڕ ئەکات، وە نە کەس وەك جاران بە بڕشتە.

[١٧٩] واتە زۆر ئازاری پێ گەیاند.

[١٨٠] واتە هەموو ئیشێك جۆرە هەوڵ و تەقەلایەکی ئەوێ.

[١٨١] واتە شتێك کە لە خۆت زیاد بوو، ئەبێ بگا بە خزم و خوێش و کەس و کار.

[١٨٢] واتە ئەبێ چاکی و باشی خواردن، مەبەستر بێ لە زۆری.

[١٨٣] بە یەکێك ئەوترێ کە بە خۆشی راببوێرێ، وە لە خەڵق لابێ.

[١٨٤] واتە شتی لە ئەندازە بەدەر، لە هەموو سەرێکەوە زەرەرە.

[١٨٥] واتە ئەگەر خۆت پارویەك کەمتر بخۆیت و بیدەیت بە هەژارێك ئەو حەلە برادەرێك قازانج ئەکەیت.

[١٨٦] واتە هەموو کەسێك لە بیری ئەو شتە دایە کە پێویستێتی.

[١٨٧] واتە هەموو کەسێك لە بیری ئەو شتە دایە کە پێویستێتی.

پیتی جیم

١)- جارێك خەڵەتاندمت خوا بت گرێ، جاری دووهەم خەڵەتاندمت خوا خۆم بگرێ[١]

٢)- جاشی کولکن، گوێرەکەی ورگن، منالّی لیکن پەسەندن[٢]

٣)- جام ئەڵێ بشکێم و نەزرنگێم[٣]

٤)- جاو لە گازر ناناڵێنێ[٤]

٥)- جەرگ ئازاری هەیە و بێزاری نییە[٥]

٦)- جەزای مشت، پێ لەقەیە[٦]

٧)- جەنگ بە کۆنە قینەوە ئەکرێ[٧]

٨)- جەنگ خۆش نییە، جەنگنامەکەی خۆشە[٨]

---

[١] چونکە جاری یەکەم نەمناسیت، بەڵام جاری دووهەم ناسیمیت ئیتر نەئەبوو بخەڵەتێم.

[٢] چونکە جاری یەکەم نەمناسیت، بەڵام جاری دووهەم ناسیمیت ئیتر نەئەبوو بخەڵەتێم.

[٣] واتە مەردوم مردنی خۆشترە لە بەدناوی.

[٤] واتە جاو کە بوو بە جاو بەرگەی گازریش ئەگرێ، واتە هەموو خاوەن پیشەیەك لە پیشەی خۆی ناناڵێنێ.

[٥] ئەم تا ئەندازەیەك وایە، کە لەوە تێپەڕی، بێزاریش دەست پێ ئەکا.

[٦] واتە تۆڵە، ئەبێ سەخت تر و بە زەبرتر بێ.

[٧] واتە ئەگەر کۆنە قین نەبێ لە ئارادا، دەم قاڵییەکی بچووك ئەوە ناهێنێ کە دوو دۆست لە سەری زویر بن، وە دەست لە دۆستایەتیەکی کۆن هەڵبگرن.

[٨] کە هەر دوو دەستە دائەنیشن، یەکەمیان سەربەرز و کەیف خۆش، دووهەمیان سەرشۆڕ و بێ کەیف.

٩)- جەنگ کوژاوەتەوە، چلمن بە شوێن دارا ئەگەڕێ[٩]

١٠)- جەهەننەم لە دەری بگەڕێتەوە، نەك لە ناوی[١٠]

١١)- جەهێڵە رووتەی بە گوێ بانەوە، گوو رەق هەڵاتوو بە لای رانەوە[١١]

١٢)- جنێو مەدە بە باوکی سەگم، منیش جنێو ئەدەم بە باوکی بەگت[١٢]

١٣)- جواب هەر شەق نییە[١٣]

١٤)- جوابی دوور درۆیە[١٤]

١٥)- جوابی نادان بێدەنگیە[١٥]

١٦)- جوان لەبەر بەروبێشکەدا بناسە[١٦]

١٧)- جوانوو بەردەرە رەوگ، هۆگری چاکان بوو، ئومێدت پێی ببێ[١٧]

١٨)- جوانی ئافرەت وا بە رەوشت و خویەوە[١٨]

١٩)- جوانی بەدەن بزر ئەبێ، جوانی نەفسێ ئەمێنێ[١٩]

٢٠)- جوانی هەموو درۆیە، شەرت هەر چاو و برۆیە[٢٠]

---

[٩] بە یەکێك ئەوترێ کە لە پاش بڕانەوەی کارێك، ئنجا ئەم بە شوێنیا بسوورێتەوە.

[١٠] واتە زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە هەر باشە.

[١١] بە جەهێڵێکی رووتی چلکنی هەژار ئەوترێ، کە لەسەر بانەوە تەماشای حەوشی ماڵان بکات.

[١٢] واتە جنێو بە کەس مەدە، تا جنێوت پێ نەدەن.

[١٣] واتە جوابی وا هەیە، لە سەد شەق ناخۆشترە.

[١٤] چونکە تا ئەگاتە تۆ، بەگەلێ جۆر ئەگۆڕێ.

[١٥] چونکە نادان وەك پیسی وایە، تا بیجوڵێنی بۆن ئەداتەوە.

[١٦] بە ژنێك ئەوترێ کە پاش منداڵبوون ئنجا خۆی داڕێژێ و جوان ببێ.

[١٧] واتە چۆن رەسەن دوای ماینێکی رەسەن و نارەسەن دوای گوڵە بارگیرێك ئەکەوێ، منداڵیش کە چووە ناو منداڵانەوە رێ و شوێنی خۆی ون ناکات.

[١٨]

[١٩]

[٢٠] چونکە لە پێش هەموو ئەندامێکا ئەبینرێ.

٢١)-   جوانی و هەرزەیی[٢١]

٢٢)-   جوت لە سەرا، دروێنە لە بەرا[٢٢]

٢٣)-   جومعە ببارۆ شەممە خۆشکەرۆ، شەممە ببارۆ پێنج و شەش کەرۆ[٢٣]

٢٤)-   جومعەی پێ تەواو نابێ[٢٤]

٢٥)-   جوو، لە دین ئەبێ، لە خوێن نابێ[٢٥]

٢٦)-   جوو، لەترسا، فەقێ لە برسا، دۆم بۆ پەرۆ خۆش خۆش ئەرۆ[٢٦]

٢٧)-   جووتە گایەکی لە نەگبەتیدا ئەگەڕێ[٢٧]

٢٨)-   جووتیار، کوونی بێ، گا، کاوێژی بۆ ئەکا[٢٨]

٢٩)-   جووجەڵە ئەکوژێ و هێلکە هەڵ ئەهێنێ[٢٩]

٣٠)-   جووجەڵە، لە پایزا ئەژمێرێ[٣٠]

٣١)-   جووجەڵەی بەهار، لە پایزا بژمێرە[٣١]

---

[٢١] واتە لە یەك جیا نابنەوە.

[٢٢] جووت کە لە شوێنێکی بەرزەوە دەست پێکرا، جووتەکە بە رەوانی ئەڕوا بە بێ لێخوڕین، دروێنەش کە لە خوارە دەست پێکرا، سەپانەکە بە قنج و قیتی دروێنەکە ئەکات، بێ ئەوەی پشتی کۆم ببێتەوە، ئنجا ئەم پەندە بە کارێك ئەوترێ کە زۆر لە بار بێ.

[٢٣] ئەم دەستوورە، زۆر جار راست دەرئەچێ.

[٢٤] واتە بە پیاوی ناژمێرێ.

[٢٥] بە یەکێك ئەوترێ کە پارەپەرەست بێ، بەجۆرێك کە دەست لە دینی هەڵبگرێ، بەڵام دەست لە شتێکی خۆی هەڵنەگرێ.

[٢٦] ئەم پەندە لە مەعنای ئەم پەندە دایە کە ئەڵێ (بەرخ هەر لە ناو کۆزا نابێ)

[٢٧] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر بەدبەخت بێ.

[٢٨] کە ئاژاش بوو لە کاتی جووت و گێرەدا کاوێژی لە بیر ئەباتەوە.

[٢٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە رەنجی شان پارە پەیدا بکات کەچی بە فیڕۆ لە بەردی بدات.

[٣٠] کە پاك ئەبێتەوە لە مردن، نەك لە بەهار و هاوینا.

[٣١] واتە ئەو حەلە دەرئەکەوێ چی ماوە و چی نەماوە.

٣٢)- جووچك، پەلامار بە بنچك[٣٢]

٣٣)- جووچكە هەتا دەمرێ لە بن قەرتاڵەدا نابێ[٣٣]

٣٤)- جوولەكەش، خوایەکی هەیە[٣٤]

٣٥)- جوولەکەی نابووت، دەفتەری کۆن ئەخوێنێتەوە[٣٥]

٣٦)- جۆ بە دیوارا هەڵ ئەگێڕێ[٣٦]

٣٧)- جۆگەلە، دەریا لێڵ ناکات[٣٧]

٣٨)- جۆگەیێ ئاوی پیا بڕوا، زەحمەتە وشك ببێ[٣٨]

٣٩)- جۆگەیە هەڵ بگرە ئاوی پیا بڕوا[٣٩]

٤٠)- جۆلا بێ کفن ئەمرێ[٤٠]

٤١)- جۆلا بە سەر دڕی خۆی نارازییە[٤١]

٤٢)- جۆلا کراسی نەبوو تۆپێ جاوی لە خەوا ئەدی[٤٢]

٤٣)- جێ پێ ببینە، ئنجا هەنگاو بنێ[٤٣]

٤٤)- جێگای برین پڕ ئەبێتەوە، جێگای قسە پڕ نابێتەوە[٤٤]

---

[٣٢] بەیەکێکی زەبوون ئەوترێ، کە پەنا بەرێ بۆ یەکێکی لەخۆی بەهێزتر.

[٣٣] ئەم پەندە لە مەعنای ئەم پەندە دایە کە ئەڵێ (بەرخ هەر لە ناو کۆزا نابێ)

[٣٤] ستەم لێکراوێکی گوناهبار ئەیلێ کە ستەمێکی لێکرابێ، واتە من گوناهباریش بم خوایەکم هەیە کە تۆڵەم بسێنێ.

[٣٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەبەر نەبوونی شتی کۆن بخوێنێتەوە.

[٣٦] واتە کاری وا قورس و گران ئەکا کە بە کەم کەس ئەکرێ.

[٣٧] واتە پیاوی گەورە بە قسەی ئەم و ئەو ناشکێ.

[٣٨] واتە باوی ناو کۆمەڵ هەڵگرتن، زۆر گرانە.

[٣٩] واتە کارێك بکە بەهرەی ببێ.

[٤٠] ئەمە وەك ئەو پەندە وایە کە ئەڵێ: ماڵی پڕ لە رازیانەیە و بە دڵیەشە ئەمرێ.

[٤١] بە یەکێك ئەوترێ کە بە شتی خۆی ناڕازیی بێ، وە هەوڵ بۆ شتی بێگانە بدات.

[٤٢] واتە هەموو کەسێك لە خولیای شتێکایە کە پێویستی بێ.

[٤٣] نەوەك بکەوێتە چاڵێکەوە.

[٤٤] چونکە دووهەم کاری گرتووە.

٤٥)- جێگای مەردان، سەر تەندوورە[٤٥]

٤٦)- جێی بازان، بازی لێ نابڕێ[٤٦]

٤٧)- جێی سەبرێی سوتاوە[٤٧]

٤٨)- جێی سەرم بکەرەوە، خۆم جێی قنگم ئەکەمەوە[٤٨]

٤٩)- جێی سەری نابێتەوە هەوڵی جێی قنگیەتی[٤٩]

---

[٤٥] واتە پیاوی مەرد ئەوەیە کە نوێنی خۆی بدا بە میوان، وە خۆی لە سەر تەندووری گەرم بنوێ بە بێ نوێن.

[٤٦] ئەگەر خوا یاربێ.

[٤٧] جێی سەبر: دڵە، بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر بەپەرۆش بێ.

[٤٨] لە سەر ئەم پەندە چیرۆکێك ئەگێڕنەوە کە گۆیا لە پایزا بزن بە مەڕ ئەڵێ: با پێکەوە شوێنێك دروست بکەین بۆ زستانمان کە تیا بحەوێینەوە، مەر ئەڵێ: دووگی خۆم خۆش بێ شوێنم ناوێ، بزن ئەچێ شوێنێك بۆ خۆی دروست ئەکا، لە زستانا کە سەرما و بەفر و باران دێ مەڕ ئەچێ بۆ لای بزن ئەڵێ: جێگام بکەرەوە، ئەڵێ: جێگام نییە، مەڕ ئەڵێ جێی سەرم بکەرەوە، خۆم جێی قنگم ئەکەمەوە، بزن ئەوەشی ناداتێ، وە مەڕ تا بەیانی لەسەرمانا هەڵئەلەرزێ.

[٤٩] ئەم پەندە لە مەعنای پەندی (ڕێوی نەئەچوو بە کونەوە هەژگێکی ئەبەست بە گونەوە) دایە.

پیتی چێ

١)- چ باکم هەیە، دراوم هەیە[١]

٢)- چ باکمە، کوڕە کەچەڵە کاکمە[٢]

٣)- چ بڵێی حەسەن کەچەڵ، چ بڵێی کەچەڵ حەسەن[٣]

٤)- چ خوای گورگ و چ خوای سوار[٤]

٥)- چ کەرەکە بەریتە لای بارەکە، چ بارەکە بەریتە لای کەرەکە[٥]

٦)- چ کەویژێ، چ مەویژێ[٦]

٧)- چ کێوژێ و چ مێوژێ[٧]

---

[١] یەکێك ئەیڵێ، کە بە پارەی زۆر یاخی بووبێ.

[٢] بە تەوسەوە یەکێك بە یەکێکی ئەڵێ.

[٣] بە قسەیەك ئەوترێ، کە بە دوو جۆر بکرێ، وە هەر دوکی وەك یەك وابێ.

[٤] واتە هیچ جیاوازییەك نییە لە ناوەندی ئەم دوانەدا، گورگ مەڕەکە بفڕێنێ، یا پیاو خراپ بیبا.

[٥] بە کارێك ئەوترێ کە بە دوو جۆر بکرێ، وە هەر دوکی وەك یەك وابێ.

[٦] کێوژ: باتمانە، ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی هەورامی حەزی لە مێوژ ئەبێ ئەچێ تۆزێك بکڕێ بیخوات، لە رێ دەنکە مێوژێك ئەدۆزێتەوە، هەڵ ئەگرێ و ئەیخوات، وە بەرودوا ئەگەڕێتەوە، وە ئەڵێ: چ کێوژێ، چ مێوژێ، واتە بەو دەنکە مێوژە ئارەزووەکەی پێ چووە سەر ئیتر پێویست بە مێوژ کڕین نەما، نموونەی ئەم پەندە پەندێکی ترە کە ئەڵێ: (دیداری یاران چ ساڵێك و چ ساتێك)

[٧] کێوژ: باتمانە، ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی هەورامی حەزی لە مێوژ ئەبێ ئەچێ تۆزێك بکڕێ بیخوات، لە رێ دەنکە مێوژێك ئەدۆزێتەوە،هەڵ ئەگرێ و ئەیخوات، وە بەرودوا ئەگەڕێتەوە، وە ئەڵێ: چ کێوژێ، چ مێوژێ، واتە بەو دەنکە مێوژە ئارەزووەکەی پێ چووە سەر ئیتر پێویست بە مێوژ کڕین نەما، نموونەی ئەم پەندە پەندێکی ترە کە ئەڵێ: (دیداری یاران چ ساڵێك و چ ساتێك)

٨)- چ لە بار بچێ، چ لە سوار بچێ[٨]

٩)- چارەی ڕێ، ڕۆینە، چارەی خەو، نوستنە[٩]

١٠)- چارەی نەخۆر، بخۆرە[١٠]

١١)- چاکە ئیستخارەی ناوێ[١١]

١٢)- چاکە بکە و بیدە بە دەم ئاوا[١٢]

١٣)- چاکە لە چاکە ئاوسە[١٣]

١٤)- چاکە لە چاکە ئەبێتەوە[١٤]

١٥)- چاکیان سووژنە، کونێك لە بنە[١٥]

١٦)- چاڵ هەڵکەن، هەمیشە لە چاڵایە[١٦]

١٧)- چاو بە چاو ئەکەوێ و ڕوو بە ڕوو[١٧]

١٨)- چاو برسی ئابڕووی نییە[١٨]

---

[٨] ژنێك ئەیلێ، کە منالێکی لەبار بچێ، وە کەس و کاری پێی بلێن: خەم مەخۆ. ئەمە ئەوە نامێنێ، ئەمیش ئەلێ: چ لە بار بچێ، چ لە سواربچێ، واتە ئەم منالە ئەگەر بمایە، ئەبوو بە سوارێك.

[٩] واتە هیچیان دوا مەخە لە کاتی خۆیان.

[١٠] واتە ماڵی خۆ نەخۆر، بۆ چەکمە بۆر.

[١١] ئیستخارە: بەوە ئەلێن کارێکت کە هاتە پێش، وە نەتزانی بیکەیت یا نەیکەیت، شەو پێش نوستن، دەست نوێژ ئەشۆیت، وە دوو رکات نوێژ ئەکەیت لە پاشا لە خوا ئەپاڕیتەوە کە لە خەوا ڕێی ڕاستت نیشان بدات، تا کارەکە بکەیت، یا نەیکەیت، واتە کاری چاك بە بێ ئیستخارە بکە.

[١٢] واتە مەردوم چاکە ئەبێ بکات هەر لەبەر ئەوەی کە چاکەیە.

[١٣] واتە کە چاکەت کرد چاکە دێتە ڕێت.

[١٤] واتە کە چاکەت کرد چاکە دێتە ڕێت.

[١٥] بە دوو کەس یا زیاتر ئەوترێ، کە یەك لە یەك بەدتر بن.

[١٦] واتە هەر کەسێ چاڵ بۆ مەردوم هەڵکەنێ، خۆی تێی ئەکەوێ.

[١٧] بە یەکێك ئەوترێ کە بیەوێ کارێکی ناشرین بکات لەگەڵ یەکێکی ترا، واتە ئەم کارە مەکە، چونکە سبەینێ چاوتان بە یەك ئەکەوێتەوە وە تەریق ئەبیتەوە.

[١٨] چونکە بۆ شتێکی هیچ و پووچ ڕەنگ زەردی بە سەر خۆیا ئەهێنێ.

١٩)- چاو تیژ، نابڕووداره[١٩]

٢٠)- چاو چاو، دەرناکات[٢٠]

٢١)- چاو چووه خەو، قنگ ئەچێته پاشایی[٢١]

٢٢)- چاو لە دەست بیت، دەست بەستەیت[٢٢]

٢٣)- چاو لە چاو شەرم ئەکات[٢٣]

٢٤)- چاوێ دوژمنی خۆی پێ نەناسێ، بۆ کوێر بوون باشە[٢٤]

٢٥)- چاوێ کە یەشا بۆ دەرکێشان باشە[٢٥]

٢٦)- چاوێ لە دەرێ، خۆڵی تێوەرێ[٢٦]

٢٧)- چاوبازە، ناگیرێ[٢٧]

٢٨)- چاوت لە دەرکە بێ، قوونت لەگوڕکەی بێ[٢٨]

٢٩)- چاوت نەفرێ[٢٩]

---

[١٩] چونکە ڕوو زەردی بە سەر خۆیا ناهێنێ.

[٢٠] واتە زۆر تاریکە.

[٢١] ئیتر شەرم لە کەس ناکات، بە کەیفی خۆی هەرچی وردە وانێکێکی ببێ بەری ئەداتەوە.

[٢٢] چونکە ناوێریت هیچ بکەیت و هیچ بڵێیت، لە ترسی ئەو کەسەی کە چاوت لە دەستێتی.

[٢٣] واتە کارێکت کەبوو، خۆت دوای کەوە، چونکە ئەو شەرمەی کە لە چاوی خۆت ئەکرێ، لە کەسی تر ناکرێ.

[٢٤] واتە مەردوم ئەبێ دوژمنی خۆی بناسێ.

[٢٥] باوکێك بە کوڕێکی خۆی ئەڵێ کە لێی زویر بێ و دەریکات.

[٢٦] واتە ئەو ژنەی کە چاوی لە پیاوی بێگانە بێ، هەر دوو چاوی کوێر بێ.

[٢٧] یەکێك ئەیڵێ کە پێی بڵێن بۆ ئەوەندە تەماشای ژنی نامەحرەم ئەکەیت.

[٢٨] گوڕکە: ئاگردانە، واتە لە ژووریشەوە بی، ئەبێ ئاگاداری دەرەوەی ماڵی خۆت بکەیت.

[٢٩] بە یەکێکی ئەڵێیت، کە چاوەڕوانی ناخۆشییەك بێ بۆت، واتە بەڕێوەیە خۆشی لەخۆت.

٣٠)- چاوی جن دەردێنێ[٣٠]

٣١)- چاوی ڕەشمان کاڵ بووەوە[٣١]

٣٢)- چاوی سوور بووە[٣٢]

٣٣)- چاوی چۆتە پشتی سەری[٣٣]

٣٤)- چاوی مار دەردێنێ[٣٤]

٣٥)- چەپەرە شڕە، چ پێوە بێ، چ لێوە بێ[٣٥]

٣٦)- چەپڵە بە دەستێك لێ نادرێ[٣٦]

٣٧)- چەرخی لە چەمەر کێشا[٣٧]

٣٨)- چەرمی گونی خۆت بخۆ، منەتی قەساب هەڵمەگرە[٣٨]

٣٩)- چەقۆ بە دەستی هەڵنایەت[٣٩]

٤٠)- چەقۆ دروست ئەکا و مشتووی تێ ناخا[٤٠]

٤١)- چەقەڵ بۆ چەم، ڕەخش بۆ ڕۆستەم[٤١]

٤٢)- چەل و مەلە بە سەرمەوە[٤٢]

---

[٣٠] بە یەکێکی جرپنی جاربەزە ئەوترێ.

[٣١] یەکێك ئەیڵێ کە بە تەمای شتێکی باش بووبێ، لە پاشا نائومێد ببێ.

[٣٢] بە یەکێك ئەوترێ کە یاخی بووبێ.

[٣٣] واتە زۆر تووڕە بووە.

[٣٤] واتە زۆر دەستی ڕاستە.

[٣٥] بە یەکێکی هیچ و پووچ ئەوترێ، کە بوون و نەبوونی وەك یەك وابێ.

[٣٦] واتە دۆستایەتی لە دوولاوە ئەبێ، نەك هەر لە لایەکەوە.

[٣٧] واتە تۆڵەی لێ سەند.

[٣٨] چەند جوانە ئەم همەتە بەرزە.

[٣٩] هەڵنایەت: واتە تیژ نابێ، بەیەکێك ئەوترێ کە ئیشی لەبەر نەڕوات.

[٤٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە شتێکت بۆ بکا بە نیوە و نیوەچڵ.

[٤١] واتە هەر کەسێك شایستەی چی بێ، ئەوەی ئەدرێتێ.

[٤٢] یەکێك ئەیڵێ، کە یەکێکی بووبێ بە تووشەوە، بۆ ئەوەی ئیشێکی کە هەیە بۆی بکات، یا بەخێوی بکا تا ئەمرێ.

٤٣)- چەڵتە وەشێن ڕەندەی عامە[٤٣]

٤٤)- چەم بێ چەقەڵ نابێ[٤٤]

٤٥)- چەمی درۆ سەرچاوەکەی کورتە[٤٥]

٤٦)- چەند ساڵ بە ڕۆژوو بوو، ئەنجامی بە گوو بەربانگی کردەوە[٤٦]

٤٧)- چەند ساڵە گەدایە، شەوی جومعە نازانێ[٤٧]

٤٨)- چەوەندەرێك لەو ئەرزە هەڵکەنە[٤٨]

٤٩)- چرا شەوقی بۆ ژێر خۆی نییە[٤٩]

٥٠)- چرا لە پێشەوە نەڕوا، لە پشتەوە ڕووناکی نادات[٥٠]

٥١)- چرا هەڵکە گووی تیاماوە[٥١]

٥٢)- چرای درۆ بێ شەوقە[٥٢]

٥٣)- چرای کەس تا ڕۆژ ناگڕێ[٥٣]

٥٤)- چرای نابووتی هەڵکرد[٥٤]

---

[٤٣] واتە چەنەباز، هەموو کەسێ لێی بێزارە.

[٤٤] واتە لە هەموو تیرە و نەتەوەیەکا، پیاوی خراپ هەڵ ئەکەوێ.

[٤٥] چونکە زوو دەرئەکەوێ.

[٤٦] بە یەکێکی ئاخر شەڕ ئەوترێ.

[٤٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە شارەزای پیشەی خۆی نەبێ.

[٤٨] بە یەکێك ئەوترێ کە بیەوێ بە بێ هەوڵ و تەقەلا شتێکی دەست کەوێ، واتە چۆن چەوەندەرێك لە خۆیەوە سەوز نابێ لە زەوی هەش شتێکیش لە خۆیەوە دەست ناکەوێ.

[٤٩] واتە گەورە ئەبێ وەك چرا ڕووناکی بۆ دەورووبەری خۆی بێ وەك پیرەمێرد ئەڵێ: گەورە ئەوەیە شێوەی شەمعی بێ بۆ خۆی بسووتێ و نەفعی جەمعی بێ.

[٥٠] واتە گەورە و سەرکردە ئەبێ خۆی لە پێشەوە بڕوا و ببێ بە سەرمەشق.

[٥١] بە یەکێك ئەوترێ کە بەشی دۆستایەتی نەهێشتبێتەوە.

[٥٢] واتە درۆ زۆر بڕ ناکات.

[٥٣] واتە هیچ کەس تا سەر بەختی یار نابێ.

[٥٤] واتە بانگی نابووتی دا.

٥٥)- چل نان و قەرزیان نەوتووە[٥٥]

٥٦)- چلەی چاوی دێ[٥٦]

٥٧)- چوار پینەیٚ کەیت ناگاتە بەهار[٥٧]

٥٨)- چوالە بە خوێوە، ڕێواس بە پێوە[٥٨]

٥٩)- چوالە درۆزن، بەلاڵووک عەیار، هەنار گوڵی گرت، بەهار هەی بەهار[٥٩]

٦٠)- چوکڵەشکێن خۆی ئەشکێنێ[٦٠]

٦١)- چوو بۆ خورما خواردن[٦١]

٦٢)- چوو بۆ ڕەشکە وتی: گاڵی تیایە[٦٢]

٦٣)- چوو بۆ ریش سمێڵی نایە بان[٦٣]

٦٤)- چوو بە چەقی لەعنەتا[٦٤]

٦٥)- چووە دوور، بوو بە پوور[٦٥]

---

[٥٥] چونکە زۆرە.

[٥٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە بێدار بێ و چاوی ببینێ، ئەبێژرێ، ئیمشەو هەر چلەی چاوم هاتووە.

[٥٧] واتە زۆر پیرە یا زۆر نەخۆشە.

[٥٨] ڕێواس کە بە پێوە بێ خواردنی خۆشترە، چونکە تەڕ و ناسك و ئاودارە، بەلاّم کە کراو دانرا، سیس ئەبێ و ئاوی نامێنێ.

[٥٩] واتە نە بە چوالە باوەڕ بکە و نە بە بەلاڵووك چونکە ئەویان زوو گوڵ ئەکا و ئەمیان درەنگ.

[٦٠] واتە یەکێك خزمی خۆی بشکێنێ، خۆی ئەشکێنێ.

[٦١] بە یەکێك ئەوترێ لە رووی سووکییەوە کە بمرێ، واتە مرد.

[٦٢] واتە ناتدەمێ.

[٦٣] بە یەکێك ئەوترێ کە دوای کارێك بکەوێ بۆ ئەوەی قازانجێك بکات کەچی تووشی زیان ببێ.

[٦٤] بە یەکێك ئەوترێ کە لە رقانا کارێك نەکا.

[٦٥] بە کارەکەرێکی بێنرخ ئەوترێ، لە ماڵێکا کە شوو بکا بە پیاوێکی دەوڵەمەند، ئنجا بەو بۆنەیەوە، هاتوچۆی بکەن بە گەرمی.

٦٦)- چووم بۆ ڕاو، کەروێشك هات بە پیرمەوە[٦٦]

٦٧)- چوون بە دەست خۆمە، هاتنەوە بەدەست خۆم نییە[٦٧]

٦٨)- چۆتە سەرداریێ، نایەتە خواریێ[٦٨]

٦٩)- چۆلەکە، خۆت چیت و گۆشتاوت چییە[٦٩]

٧٠)- چۆلەکە، هازت کامە، تا بازت کام بێ[٧٠]

٧١)- چۆلەکەی ئیمساڵ بەهی پاری وت: تۆ جیکە جیك ئەزانیت[٧١]

٧٢)- چۆلەکەی دەشتی و بەردی دەشتی[٧٢]

٧٣)- چۆلەکەیەکی ناودەست، باشترە لە دە چۆلەکەی سەر درەخت[٧٣]

٧٤)- چۆمی درۆ.... سەرچاوەی نزیکە[٧٤]

٧٥)- چی بچێنیت، ئەوە ئەدوریتەوە[٧٥]

٧٦)- چێشت بە گەرمی ناگەڕێتەوە[٧٦]

---

[٦٦] وا بڵاوە کە ڕێوی بە پیر یەکێکەوە بچێ باشە، بەلاّم کەروێشك خراپە، یەکێك ئەیلێ، کە بچێ بۆ کارێك بەلاّم لە ڕێ شتێکی وا ببینێ نیشان بدات کە ئەو کارە نابێ.

[٦٧] چونکە نازانیت لە گەڕانەوەدا چی ڕوو ئەدات.

[٦٨] بە یەکێك ئەوترێ کە لە سەر قسەیەك ڕق بگرێ و دەستی لێ هەڵنەگرێ.

[٦٩] هاز: هێزە. بە یەکێکی بێنموود ئەوترێ، کە بەڵێنی یارمەتیەکت پێ بدات.

[٧٠] هاز: هێزە. بە یەکێکی بێنموود ئەوترێ، کە بەڵێنی یارمەتیەکت پێ بدات.

[٧١] بە گەنجێك ئەوترێ، لە ڕووی سەر کۆنەوە کە بە یەکێك بڵێ لە خۆی گەورەتر و داناتر: تۆ فلاّن ئیش ئەزانیت.

[٧٢] بە شتێك ئەوترێ، کە پارەی تێنەچێ.

[٧٣] چونکە ئەم یەکە هی خۆتە و بە دەستتەوەیە.

[٧٤] واتە درۆ زوو دەرئەکەوێ.

[٧٥] واتە چاك بکەیت، چاك دێتە ڕێت، خراپ بکەیت خراپ دێتە ڕێت.

[٧٦] واتە ئەگەر ئەو کەسەی چێشتەکەی بۆ ئەچێ، لەوێ نەبوو، ئەبێ ئەو چێشتە ببرێ بۆ ماڵێکی هەژار، تا نەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خاوەنی.

٧٧)- چێشتی دوو کەیبانوو، سوێر خوێ دەرئەچێ[٧٧]

٧٨)- چیلکە شکێن خۆی ئەشکێنێ[٧٨]

٧٩)- چێو بنێن بە ورگییەوە، ناگەڕێتەوە[٧٩]

٨٠)- چێو لە تاریکی ئەکوتێ[٨٠]

---

[٧٧] بە کارێك ئەوترێ کە دوو کەس سەرپەرشتی بکەن، وە کەسیان ئاگای لەویتر نەبێ.

[٧٨] واتە یەکێك بە ئیشی منالانەوە خەریك بێ، خۆی بێنرخ ئەکا.

[٧٩] واتە زۆر سوورە لەسەر چوون بۆ ئەو شوێنەی کە بۆی ئەچێ.

[٨٠] بە یەکێك ئەوتری، کە لە نەشارەزاییەوە قسە بکا.

پیتی ح

١)- حاجی، حاجی لە مەککە ئەبینێ[١]

٢)- حازر خۆری بەر سێبەرە[٢]

٣)- حازر، بە قەرز مەدە[٣]

٤)- حاشا لەو خوێنەی، شەوی بەسەرابێ[٤]

٥)- حاکم ببێ بە پرد بە سەریا مەڕۆ[٥]

٦)- حاکم بە قسەی گەدا خەڵق ئەگرێ، بەڵام بە تکای ئەو کەس بەرنادا[٦]

٧)- حاڵی قنگی خۆشە[٧]

٨)- حاڵی لە ڕەنگی بپرسە[٨]

٩)- حەپحەپ ئەکەم، چاوی دوژمن کوێر ئەکەم[٩]

١٠)- حەرام بخۆم، شەلەم بخۆم؟[١٠]

١١)- حەرام زۆری، باکی لە گرانی نییە[١١]

---

[١] واتە هەر کەس هاوڕێی خۆی، لەشوێنی خۆی ئەبینێ.

[٢] بە یەکێك ئەوترێ ، کە هەر خواردنی لەسەر بێ، بێ ئەوەی پارەیەك خەرج بکات.

[٣] ئەوەك قەرزەکەت دەست نەکەوێتەوە.

[٤] واتە تۆڵە ئەبێ زۆر زوو بسێنرێ.

[٥] مەبەست لە حاکم، کاربەدەستە، واتە لێی دڵنیا مەبە.

[٦] واتە پیاوی لات و بێدەسەڵات خراپەی لە دەست دێ بەڵام چاکەی لە دەست نایەت.

[٧] بە یەکێك ئەوترێ کە لە وەزعێکی ناخۆشا بێ، لەگەڵ ئەمیشە کە زۆر ئامۆژگاری کرابێ و نەیگرێتە گوێ.

[٨] واتە پێویست بەوە ناکا باسی حاڵی بکەیت، چونکە هەر کەس سەیری بکا، ئەزانێ لە چ حاڵێکایە.

[٩] واتە هەموو کەس بە ئەندازەیەك پێویستە بە چاو و راو.

[١٠] واتە نابێ مەردوم بۆ قازانجێکی کەم خۆی بخاتە ئازارێکی زۆرەوە.

[١١] واتە یەکێك حەرام خۆربێ، لە گرانی ناترسێ، چونکە ماڵی حەرام زۆرە کە بیخوا.

١٢)- حەریف حەریفی خۆی ئەناسێ[١٢]

١٣)- حەسەد، دەردێکی بێ دەرمانە[١٣]

١٤)- حەش ئەگەر بڵێن هێلکەی کرد کردوویەتی؟[١٤]

١٥)- حەفتت ببێ بە بوون، یەکت نەبێ بە چون[١٥]

١٦)- حەفتی بمرێ لە باوان، کلی نابڕێ لە چاوان[١٦]

١٧)- حەق بە حەق، نانێکی رەق[١٧]

١٨)- حەق فەوتاوە وەك ترێی بن گۆم[١٨]

١٩)- حەق نادرێ، ئەسێنرێ[١٩]

٢٠)- حەق، ئاو رائەوەستێنێ[٢٠]

٢١)- حەقە حەقدارم، بەشە بەشدارم[٢١]

٢٢)- حەقدار لە حەقی خۆی واز دێنێ، شاهد واز ناهێنێ[٢٢]

٢٣)- حەقی بزنی کۆڵ بە سەر شاخدارەوە نامێنێ[٢٣]

٢٤)- حەقی کفن بە من ببڕێ، مردوو گۆڕ بە گۆڕ بێ[٢٤]

٢٥)- حەقی من بدە، حەقی تۆ ئاسانە[٢٥]

---

[١٢] واتە هەموو کەس هاوپیشەی خۆی ئەناسێ.

[١٣] چارەی هەر لە خوا ترسانە.

[١٤] واتە نە نەیکردووە، وە هەر چی وترا لە ژێری و بیرەوە دوور بوو باوەڕی پێ مەکە.

[١٥] واتە ئافرەت حەوت جار منالی ببێ، بە قەد منالێك کە لە باری بچێ ئێش و ئازاری نابێ.

[١٦] بە ئافرەتێکی دڵتەڕ ئەوترێ کە بۆ مردنی کەس عادەتی خۆی تێك نەدا.

[١٧] یەکێك ئەیلێ کە حەقێکی بە سەر یەکێکەوە بووبێ و لێی سەندبێ.

[١٨] چونکە کەس دانی پیانانێ.

[١٩] ئەمە جاران وابوو.

[٢٠] بەڵام داخەکەم مرۆڤی بێئینساف راناوەستێنێ.

[٢١] ئەمە بەشدارێك ئەیلێ کە داوای بەشی خۆی بکات لە کەلەپووری مردوەکەی.

[٢٢] بە یەکێك ئەوترێ کە دەخڵی بە سەر ئیشێکەوە نەبێ و دەستیشی لێ هەڵنەگرێت.

[٢٣] واتە دادپرسە، حەقی کەس ون ناکات.

[٢٤] واتە هەموو کەسێك هەر چاوی لە قازانجی خۆیەوەیەتی.

[٢٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە داوای حەقی خۆی بکات لە پێش ئەوەی کە حەقی تۆ بدات.

٢٦)- حەڵاڵ بنی باریکە و سەری قەویٚ، حەرام بنی قەوییە و سەری باریك[٢٦]

٢٧)- حەڵاڵ خۆری، کەم دەسەڵاتییە[٢٧]

٢٨)- حەڵوا خۆری سەر زیارەتە[٢٨]

٢٩)- حەمام بە ترِ گەرم نابیٚ[٢٩]

٣٠)- حەنجەرە، لە پەنجەرە، دەرنەچیٚ باشە[٣٠]

٣١)- حەواڵەی سەرچاڵە بەفرە[٣١]

٣٢)- حەیا باری کردووە[٣٢]

٣٣)- حەیا بە چاوەوەیە[٣٣]

٣٤)- حەیا دڵۆپێکە کە تکا تکا[٣٤]

٣٥)- حەیران و ساوەر قەد پیر نابیٚ، کاروانی ئاش تەواو نابیٚ[٣٥]

٣٦)- حساب حسابە و کاکە برایە[٣٦]

---

[٢٦] واتە ماڵی حەڵاڵ کەمیش بیٚ پیتی زۆرە، بەڵام حەرام زۆریش بیٚ هەر بیٚ پیتە.

[٢٧] واتە زۆر و ستەم لەگەڵ سروشتی ئادەمی دا تێکەڵە، سا مەگەر دینی بە راستی دەرمانی ئەم نەخۆشییە بکات.

[٢٨] بە یەکێك ئەوتریٚ، کە هەموو شتێکی بە خۆرایی دەست کەویٚ.

[٢٩] واتە ئیشی گەورە،هەر بە قسە ناکریٚ.

[٣٠] واتە لە کاتی قسە کردنا زۆر دەنگ بەرز مەکەرەوە.

[٣١] بە یەکێکی ئەڵێیت، کە حەواڵەت بکاتە سەر هەژار یا چرووکێکی دەست قووچاو، واتە ئەم حەواڵەیە، وەك حەواڵەیەك وایە کە بکرێتە سەر چاڵە بەفری شاخەکان، واتە بەفرەکە چەند سارد و سرِە کە ئەچێتە سەری، کابراش وایە.

[٣٢] واتە شەرم نەماوە، بە یەکێك ئەوتریٚ کە بیٚشەرمیەکی نواندبیٚ.

[٣٣] واتە چاو لە چاو شەرم ئەکات، کە چاو نەبوو شەرمیش نامێنیٚ.

[٣٤] واتە تا ئەتوانیت ئاگاداری ئەو دڵۆپە بکە، مەیەڵە بتکیٚ نە لە ناوچەوانی خۆتا، وە نە لە ناوچەوانی یەکێکی ترا بەرانبەر بەخۆت.

[٣٥] واتە نە گۆرانی حەیران کۆن ئەبیٚ و نە ساوەر، وە ئەم دوانە بە درێژایی ژیان هەر ئەمێنن، هەر وەك باراشی ئاش هەر ئەمێنیٚ.

[٣٦] واتە برایەتی و مامەڵە لە یەك جیان، وە نابیٚ تێکەڵی یەك بکرێن.

٣٧)- حوشتر بشمرێ باری حەوت کەر هەڵناگرێ[٣٧]

٣٨)- حوشتر و حەمام؟ مەیمون و عەبا[٣٨]

٣٩)- حوشتر و قەزازییان نەوتوە[٣٩]

٤٠)- حوشتر و کەپولەیان نەوتووە[٤٠]

٤١)- حوشتر و هەڵپەڕین، گامێش و هەڵفڕین[٤١]

٤٢)- حوکمی حاکمە و مەرگی مفاجات[٤٢]

٤٣)- حیز بە خاڵۆی خۆی فێرە[٤٣]

٤٤)- حیز و ئازا پێك هاتن، هەر دوو وەك یەك دەرهاتن[٤٤]

٤٥)- حیزی بە دەستیاو ناشێ[٤٥]

٤٦)- حیزی و سەلامەتی[٤٦]

٤٧)- حیزی و قەرزداری قەت لە بیر ناچن[٤٧]

٤٨)- حیزیش بە بەختە[٤٨]

٤٩)- حیلم لە عیلم چاکترە[٤٩]

---

[٣٧] دەوڵەمەندێکی نابووت ئەیڵێ، کە هەژارێك گاڵتەی پێ بکا. واتە من هەر پەنا و پەسیۆ بگەڕێم لە ماڵەکەما، بەقەد دە ماڵی وەك تۆ شت کۆ ئەکەمەوە.

[٣٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەگەڵ ئیشێکا خەریك بێ کە هیچی لێ نەزانێ.

[٣٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەگەڵ ئیشێکا خەریك بێ کە هیچی لێ نەزانێ.

[٤٠] کەپولە: کەمۆڵەیەکی بچکۆلانەیە، مزی شای پێ ئەگیرێ بۆ شوان، بە خواردنێکی کەم ئەوترێ کە بدرێ بە زۆر خۆرێك.

[٤١] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەگەڵ ئیشێکا خەریك بێ کە هیچی لێ نەزانێ.

[٤٢] واتە ئەبێ مل کەچی بۆ بکرێ.

[٤٣] چونکە بە کەسی تر ناوێرێ.

[٤٤] واتە ئازا کە بوو بە هاودەمی حیز، ئەمیش وەك ئەوی لێدێ.

[٤٥] بە یەکێك ئەوترێ کە پاداشی حیزی بە حیزی بداتەوە.

[٤٦] واتە لە هێندێ کاتا ئەگەر قسەیەك قووت بدەیتەوە لە شەڕێك دوور ئەکەویتەوە.

[٤٧]

[٤٨] واتە بە هێندێ کەسەوە دێ و بە هێندێکیشەوە نایێ.

[٤٩] چونکە خاوەنی یەکەم بە بێ دووهەم ئەتوانێ بژی، بەڵام خاوەنی دووهەم بە بێ یەکەم ناتوانێ بژی.

پیتی خێ

١)- خار نایەتە ڕێی دڵپاك[١]

٢)- خازەی خوشکم ترێکی کەند، مەگەر گڵ لێم ببیەت[٢]

٣)- خاس کەیت بۆ خۆتە و خراپ کەیت بۆ خۆتە[٣]

٤)- خاڵۆی تەماکۆ فرۆش، ئەگەر فنگت نییە بەجۆش، چیتە لە خاڵۆی تەماتە فرۆش[٤]

٥)- خاڵۆی دەستەوسان، چ لە گەرمیان و چ لە کوێستان[٥]

٦)- خاڵان خوارزا مەزن ئەکەن، مامان برازا بزر ئەکەن[٦]

٧)- خانەی چۆڵم، باشترە لە خانەی شەڕم[٧]

٨)- خانزاد ئەوە مایە و ئەوەش قازانج[٨]

٩)- خانوو مەگرە، تا دراوسێ ئەناسی[٩]

---

[١] چونکە گوفتار و کرداری پاکە، کەسێکیش کە وابوو کەس لێی دلگیر نابێ.

[٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە قسەیەکی نهێنی لە لابێ، وە خۆی بۆ ئەم و ئەوی بگێڕێتەوە، کەچی پێشیان بڵێ تکا ئەکەم مەیگێڕنەوە.

[٣] ئەمە لە مەعنای ئەو ئایەتی قورئانە دایە کە ئەفەرموێ(من عمل صالحا فلنفسه و من اسا فعليها).

[٤] واتە ئەوەی بەجۆش نەبێ، دەخلی بە سەر خەڵکەوە نییە.

[٥] بە مەردومی تەمەڵی دەستەوسان ئەوترێ.

[٦] واتە خاڵ خوشکەزای خۆشتر ئەوێ لە مام بۆ برازا.

[٧] واتەماڵەکەم چۆڵ بێ باشترە لەوەی پڕ بێ لە ماڵ و مناڵی بە جەنگ و ئاژاوە.

[٨]

[٩] واتە ئەگەر باش بوو ببە بە دراوسێی، وە ئەگەر خراپ بوو، بڕۆ بۆ شوێنێکی تر.

١٠)- خانووی پڕ لە شووشە بەردێکی بەسە[10]

١١)- خانووی دوو کەیبانوو خۆڵی تا ئەژنۆیە[11]

١٢)- خانووی فەقیر، مانگەشەو چرایەتی[12]

١٣)- خانوویەك تێك دەیت تۆزت هەر لێ ئەنیشێ[13]

١٤)- خاوەن کەر لە پشتی کەرەوە نابینرێ[14]

١٥)- خاوەن ماڵ دەستی هەلگرت، دز ئەڵێ حەق ئەگەیەنم بە جێی خۆی[15]

١٦)- خاوەنی باخ و بێستان شەرمەزارە بە زستان[16]

١٧)- خەبەر بدەن بە هێز نەجرت، کارەکەر، کارەکەری گرت[17]

١٨)- خەتا من چییە بەختەکەم شەڕە، کۆچم ئاوێتەی کۆچی سەگ وەڕە[18]

١٩)- خەتە سووری، لە خۆم دوری[19]

---

[10] ئەم پەندە، لە مەعنای ئەو پەندە دایە کە ئەڵێ:(یەکێك خانووی لە شووشە بێ، بەرد ناگرێتە خانووی کەس).

[11] واتە ماڵی دووژنە، کەسیان لە داخی ئەویتریان، گوێ نادا بە کاروباری ناو ماڵ، لەبەر ئەوە، ماڵەکە بە پەشێوی ئەمێنێتەوە.

[12] یەکێك ئەیڵێ، کە لە ڕوویەکەوە کەم و کوورییەکی ببێ.

[13] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە کارێکا چڵکن بووبێ.

[14] مەبەست ئەو کەسانەن کە مەردوم هەڵ ئەسوڕێنن بە ئارەزووی دڵی خۆیان، وە هەر چیان بوێ پێیان ئەکەن، بێ ئەوەی پێ بزانرێن یا خۆیان ئاشکرا بکەن.

[15] لە کاتێکا بە کاردێنرێ، کە خاوەن حەق دەستی لە حەقەکەی خۆی هەلگرتبێ، کەچی یەکێکی تر دەستی لێ هەڵ نەگرێ.

[16] چونکە لە هاوینا بەشی کەسی لێنەداوە.

[17] هێز نەجرت: یەزدی جورد یەزدی گوردە، کە یەکێکە لە شاکانی زنجیرەی ساسانی ، کە لە پێش ئیسلاما ئێران و عێراق و کوردستانیان حوکم کردووە، واتە دنیا پڕ بووە لە شتی سەیر، وە مەردومی بوودەڵەی بێ ناونیشان، هاتوونەتە پێشەوە.

[18] یەکێك ئەیڵێ، کە تووشی بووبێ بە تووشی چەند کەسێکی زۆربڵێی هەڵەوەڕەوە.

[19] یەکێك ئەیڵێ، کە خەمی مەردومی نەبێ بەڵکو هەر خەمی خۆی بێ.

٢٠)- خەتەنە سوننەتە، نەك لە بنا[٢٠]

٢١)- خەر بەستە، خاوەن رەستە[٢١]

٢٢)- خەر، وەترپین لە چنگ گورگ رزگاری نابێ[٢٢]

٢٣)- خەرگەل، شێخ گەل، شێخ گەل، خەرگەل[٢٣]

٢٤)- خەرمان کوتاندن کاری بزن نییە[٢٤]

٢٥)- خەزێم بوو بە بڕنووتی، هەموو فلقێك کردیە لووتی[٢٥]

٢٦)- خەزێنە هەمیشە لە وێرانەدا شاراوەتەوە[٢٦]

٢٧)- خەسوو بە دوو جووت گایە[٢٧]

٢٨)- خەسوو لەگەڵ تۆمە، بووکێ تۆ گوێت لێ بێ[٢٨]

٢٩)- خەڵاتەکەی خاڵە بەگە[٢٩]

٣٠)- خەلە فرۆش هەواڵی مەن ئەپرسێ[٣٠]

---

[٢٠] واتە لە چاکەشا نابێ مەردوم پێی لێ هەڵبڕێ.

[٢١] خەر:کەرە: واتە ئەوی کەری بەستەوە بێغائلە ئەبێ، بە یەکێك ئەوترێ کە بنج و بناوانی کاری خۆی ببەستێ.

[٢٢] بە ستەم لێکراوێك ئەوترێ کە زاکوزووکی بێ بە دەست زۆردارێکی ستەمکارەوە.

[٢٣]

[٢٤] واتە فرمانی قورس و گران، بە هەموو کەسێك ناکرێ.

[٢٥] خەزێم: بە حەلقەیەکی زێڕ ئەڵێن کە جاران ژنانی ماقوڵ و دەوڵەمەند ئەیانکردە لووتیان، بە یەکێکی هەژار ئەوترێ کە چاو لە ژنی پیاوێکی گەورە بکات، وە بۆ فیز و دەمار ئەمیش وەك ئەو شتی قورس و گران بکات بە خۆیا.

[٢٦] زۆرتر بە کچێکی جوانی رێك و پێك ئەوترێ کە لە ماڵێکی هەژاردا بدۆزرێتەوە.

[٢٧] واتە بەقەد دوو جووت گا، خێر و بێری هەیە بۆ زاواکەی، لەبەر خاتری کچەکەی.

[٢٨] لە کاتێکا ئەوترێ کە لەگەڵ یەکێکا قسە بکەیت و مەبەستت یەکێکی تر بێ.

[٢٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە خەڵاتێك بدا بە یەکێك و لێی بسێنێتەوە.

[٣٠] واتە هەر کەسە هەواڵی ئەو شتە ئەپرسێ کە خۆی پێویستێتی.

٣١)- خەلەی خۆم و گەلەی خۆم[٣١]

٣٢)- خەڵقی کاغەزی سپی ئەخوێننەوە[٣٢]

٣٣) خەڵکی بلاوێنێ قۆچکە بەسەرێ، ئێمەش بلاوێنین هۆڵی کەرێ[٣٣]

٣٤)- خەڵوەش ئەکێشێ و بەنگیش ئەکێشێ[٣٤]

٣٥)- خەمان لە خۆت مەکە بار، دەنا دوو گونت پێدا دێنێتە خوار[٣٥]

٣٦)- خەمی ئەوەم نییە ئاو بردوویەتی، خەمی ئەوەمە کلکی قنجە[٣٦]

٣٧)- خەمی نان بخۆ، خەربزە ئاوە[٣٧]

٣٨)- خەنە، کە زۆر بوو، لە گونان ئەگیرێ[٣٨]

٣٩)- خەنجەر لە کا ئەدا[٣٩]

٤٠)- خەنجەری بێ کالان، لەش بریندار ناکا[٤٠]

٤١)- خەنجەری دەبان لە کێلانا ناوەستێ[٤١]

---

[٣١] واتە دەخڵم بە سەر کەسەوە نییە.

[٣٢] واتە ئاگاتان لە خۆتان بێ، بزانن چی ئەڵێن و چی ئەکەن.

[٣٣] ژنێکی بێ منداڵ ئەیڵێ بەخۆی.

[٣٤] خەڵوە کێشان: چوونە ناو ژوورێکی پەنا و خەریك بوونە بە تەنها بە خوا پەرستیەوە، لەگەڵ بە ڕۆژوو بوون و کەم خواردنا.

[٣٥]

[٣٦] ئەگێڕنەوە کە کابرایەك ئاو ئەیبا، دەست بەرز ئەکاتەوە تا فریای کەون، هاوڕێکەی وا ئەزانێ کلکی لێ ڕواوە، ئێستا بە یەکێك ئەوترێ کە لە پێناوی شتێکی سووکا لەناو بچێ، واتە خەفەتی لەناو چوونی ناخۆم بەڵکو خەفەتی ئەوە ئەخۆم کە ناوێکی سووکی کەوتۆتە دوا.

[٣٧] خەربزە: بە فارسی کاڵەکە. بە یەکێك ئەوترێ، کە شتی هیچ و پووچ بکڕێ و شتی گرنگیش هیچ.

[٣٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە دەست بڵاوی بکا لە شتێکی زۆرا.

[٣٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە بێ پارێز، دەست بوەشێنێ، یا پارە خەرج بکا.

[٤٠]

[٤١] بە یەکێك ئەوترێ، کە هونەرێکی ببێ و لە پڕ دەریخات.

٤٢)- خەنجەری لێ دەیت خوێنی لێ نایەت[٤٢]

٤٣)- خەو برای مەرگە[٤٣]

٤٤)- خەوی ئاشە و پاشە، بە خەبەر بوونەوە، لە سەر دەرناچێ[٤٤]

٤٥)- خەوی شەو، شەرمەزاری رۆژە[٤٥]

٤٦)- خەوی نایە و بیانووی کێچە[٤٦]

٤٧)- خەیارە، لە گۆفکی را دیارە[٤٧]

٤٨)- خەیاڵ پلاوە[٤٨]

٤٩)- خڕ و مڕ بێ، هەر کوڵەکەی پڕ بێ[٤٩]

٥٠)- خراپە بە هەموو کەس، چاکە بە کەم کەس[٥٠]

٥١)- خزم پەرژین نەشکێنێ، بە کەس ناشکێ[٥١]

٥٢)- خزم گۆشتت بخوات، ئێسقانت ناشکێنێ[٥٢]

---

[٤٢] واتە زۆر رقی هەستاوە.

[٤٣] واتە نوستوو، نە دەسەڵاتی هیچی هەیە، وە نە ئاگای لە هیچە.

[٤٤] یەکێك ئەیڵێ، کە ماوەیەکی زۆر لە ژێر باری زۆر و ستەم و دەست درێژیدا بێ، لە پاشا کە ئەو زۆر و ستەمەش نەمێنێ، ئەو کەسە هەر بیری ناچێتەوە.

[٤٥] لە شوێنێك وایە کە نائەمینی بێ، وە بە شەو لەگەڵ نوستیت ماڵەکەت تالان بکەن.

[٤٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە کارێکی بە سەرەوە بێ نەیکا، وە بیانوویەکی بۆ بێنێتەوە کە تەولو نەبێ.

[٤٧]

[٤٨] بە قسەیەك ئەوترێ، کە زۆر گەورە و بێجێ و بێئەنجام بێ.

[٤٩] بە یەکێکی تەمەعاری دنیا پەرست ئەوترێ، کە هیچ کەسێکی مەبەست نەبێ تەنیا خۆی نەبێ، وە هەر بیەوێ گیرفانی خۆی لێ پڕ کا و کوڵی خۆی داگرێ.

[٥٠] واتە خراپە بە هەموو کەسێك ئەکرێ، بەڵام چاکە بە کەم کەس ئەکرێ.

[٥١] واتە ئەو پڕ کێشیەی (زاتکردن) کە خزم هەیەتی، کەسی تر نییەتی.

[٥٢] چونکە بەشی خزمایەتی تیا ئەهێڵێتەوە.

٥٣)- خزم قیبلەیە، قەت خراپ نابێ[٥٣]

٥٤)- خزمایەتیەکەیان، خزمایەتی کەر و خۆڵەمێشە[٥٤]

٥٥)- خزمەتی قنگ کردن، خەڵاتی تسە[٥٥]

٥٦)- خزمی بەرێ، بەرێ بەرێ، خزمی پشتێ، دەشتێ بە دەشتێ[٥٦]

٥٧)- خزمی خەزوری سەپانی ماڵی شێخییە[٥٧]

٥٨)- خزمی خراپ گونی قۆڕە، نە ئەتوانی ببیڕێ، نە ئەتوانی هەڵی گری[٥٨]

٥٩)- خزمی ژنان بەرە بەرە، خزمی پیاوان دەربەدەرە[٥٩]

٦٠)- خزمی زەن، پلاو بزەن، خزمی ریش، لەسەر کەوش و کەڵاش بنیش[٦٠]

٦١)- خلە بار ئەکا بلە کەپر ئەکا[٦١]

٦٢)- خلیسکان تۆڵەی پەلە کەرە[٦٢]

---

[٥٣] واتە خزم لە کاتی تەنگانەدا رووی تێ ئەکرێ وەك رووگە (قبلە).

[٥٤] بە دوو کەس ئەوترێ کە خزمایەتییەکی زۆر دووریان بێ.

[٥٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە خزمەتی نامەرد بکا، واتە لە خراپە زیاتر دەست گیرت نابێ.

[٥٦] تەماشای پەندی و بکە.

[٥٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە درۆ خۆی کردبێ بەخزمی یەکێك لە دەست و پێوەندی پیاوێکی گەورە.

[٥٨] واتە ئەیبڕی ئەمرێ، نایبڕی ئابڕووت ئەبا.

[٥٩] لەم دوو پەندە و پەندی هەژدەهەمینەوە دەرئەکەوێ کە ژن لە زۆر کۆنەوە لە کوردستانا لای مێردی زۆر بەڕێز بووە، وە هەرچی ژن کردبێتی پیاو قسەی تیا نەکردووە، بۆیە ژنیش هەمیشە خزمی خۆی پێش خزمی مێرد خستووە.

[٦٠] لەم دوو پەندە و پەندی هەژدەهەمینەوە دەرئەکەوێ کە ژن لە زۆر کۆنەوە لە کوردستانا لای مێردی زۆر بەڕێز بووە، وە هەرچی ژن کردبێتی پیاو قسەی تیا نەکردووە، بۆیە ژنیش هەمیشە خزمی خۆی پێش خزمی مێرد خستووە.

[٦١] بە یەکێك ئەوترێ کە دەست بداتە کارێك دوای ئەوەی کە مەردوم دەست لەو کارە هەڵ بگرن.

[٦٢] واتە ئەگەر پەلەی نەکردایە، هەڵنەئەخلیسکا.

٦٣)- خو بزه له بابت کەویٚ، نەهێڵی چینچکێك له عاردی کەویٚ[٦٣]

٦٤)- خوا ئەم دەست محتاجی ئەو دەست نەکا[٦٤]

٦٥)- خوا ئەیدا و نازانیٚ بیخوا[٦٥]

٦٦)- خوا ئەیدا، خواگیر لیٚ ناگەڕیٚ[٦٦]

٦٧)- خوا بۆ هەر کونه مشکیٚ، مشکێکی داناوە[٦٧]

٦٨)- خوا بە تیزم کا، بە تیزم، بە تیزی فرە حیزم کا[٦٨]

٦٩)- خوا بە زەبر و بە سەبرە[٦٩]

٧٠)- خوا بدا مەرگم، زاوا نەکا بەرگم[٧٠]

٧١)- خوا بیبڕیٚ چەرخی زەمانە، مەلا (.........) ئەویٚ سەر قەڵەمانە[٧١]

٧٢)- خوا بیدا لە هێلێك ئەیدا[٧٢]

---

[٦٣] خوپزە: نۆکەری ناو ماڵە، بە یەکێك ئەوتریٚ، کە خواردنێکی بۆ دانرا هیچی لیٚ نەمێنێتەوە، یا خێر و بێرێکی کەوتە ژێر دەست، هیچی لە دەست هەڵنەوەریٚ.

[٦٤] چ جای ئەوەی کە یەکێك محتاجی یەکێکی تر بیٚ.

[٦٥] بەیەکێك ئەوتریٚ کە زۆری بیٚ و نەزانیٚ خەرجی بکات.

[٦٦] خواگیر: خوا گرتوو.

[٦٧] واتە هیچ شتێك بیٚخاوەن نییە.

[٦٨] یەکێکی خانەدانی لیٚ قەوماو ئەیڵیٚ، کە یەکێکی بیٚحورمەت گاڵتەی پیٚ بکا.

[٦٩]

[٧٠] چ جای ئەوەی کە یەکێك محتاجی یەکێکی تر بیٚ.

[٧١] ئەمەیە کە ئەڵیٚ: سەگی سپی بۆ بارخانەی لۆکە زەرەری هەیە، ئاخۆ چ کۆلکە مەلایەکی، نەخوێندەواری، بیٚدینی، بیٚشەرمی ساختەچی، لە جیاتی سەر قەڵەمانەی نوشتەیەك، دلوای ئیشێکی ناشرینی لە ئافرەتێکی داوێن پاك، کە ئەویش لە تۆڵەی ئەم قسەیەدا، ئەم پەندەی وتوە وە بەم پەندە وێنەیەکی ئەم ڕووداوەی گرتووە، کە تا جیهان جیهان بیٚ هەر ئەخوێنرێت و ئەخوێنرێتەوە.

[٧٢] بە یەکێك ئەوتریٚ کە لە کارێکی بچکۆلە قازانجێکی گەورەی کردبیٚ.

۷۳)- خوا تا سەر بدا، رزقیش ئەدا[۷۳]

۷٤)- خوا تا کێو نەبینێ بەفری تێناکا[۷٤]

۷۵) خوا تەختە تاش نییە، تەختە رێك خەرە[۷۵]

۷٦)- خوا پێ بە مار نادا[۷٦]

۷۷)- خوا حەقی بزنی کۆڵ لە بزنی شاخدار، ئەسێنێ[۷۷]

۷۸)- خوا خۆی ئەمێنێ و مولکی[۷۸]

۷۹)- خوا خراپتر نەدا[۷۹]

۸۰)- خوا داران بگرێ، ئێمەی خستە مەنمەنەی ماڵان[۸۰]

۸۱)- خوا داری بۆیە بەرز کردۆتەوە، کە چۆلەکەی پێوە بنیشێتەوە[۸۱]

۸۲)- خوا داوێتی لەقەی لێمەدە[۸۲]

۸۳)- خوا دەردیش ئەدا و دەرمانیش ئەدا[۸۳]

---

[۷۳] واتە سەری بێ رزق لە ژێر خاکایە.

[۷٤] واتە تا خوا یەکێك بە خراپ نەزانێ، تووشی خراپەی ناکات.

[۷۵] واتە خوا دارتاش نییە تەختەت بۆ بتاشێ بە پێی پێویستت، بەڵکو دارت بۆ دروست ئەکات تا تۆش لێی دروست بکەیت.

[۷٦] واتە زۆرداری ستەمکار، با هەر بێ دەست بێ.

[۷۷] یەکێکی زەبوونی ستەم لێکراو ئەیڵێ، بەزۆردارێکی ستەمکار.

[۷۸] بە یەکێك ئەوترێ کە خۆی هەڵگرێ بۆ پاشەڕۆژێکی دوور.

[۷۹] واتە لە هەر تەنگانە و ناخۆشیەکدا بیت، خوا تەنگانەی ناخۆشتری لەلایە.

[۸۰] واتە خوا دار بەرووی ئیمساڵ بگرێ کە بەرووی نەگرت، ئەگینا ئێمە نەئەکەوتینە مەنمەنەی ئارد لەم و لەو.

[۸۱] بە یەکێکی گەورە ئەوترێ، کە دەستی کەس نەگرێ، واتە خوا پیاوی گەورەی بۆیە گەورە کردووە، کە دەستی هەژار و لێ قەوماو بگرێ.

[۸۲] بە یەکێك ئەوترێ، کە خوا چاکەیەکی لەگەڵا کردبێ و پێ نەزانێ.

[۸۳] دەردەکە وەك دڵۆپە کوتوپڕ پەیدا ئەبێ، بەڵام دەرمانەکەی ئەبێ بە شوێنیا بگەڕێیت لای پزیشك.

٨٤)- خوا دەرێك ئەگرێ و دەرێكی تر ئەكاتەوە[٨٤]

٨٥)- خوا دەڵێ: لە تۆ حەرەكەت، لە من بەرەكەت[٨٥]

٨٦)- خوا دەمی منی بە ئەسكەنە هەڵ نەكەندووە[٨٦]

٨٧)- خوا دێر گیرە و سەخت گیرە[٨٧]

٨٨)- خوا رۆژ نیشانی ماری سرش نەدا[٨٨]

٨٩)- خوا راستە و راستی لێ خۆش دێ[٨٩]

٩٠)- خوا سەبری بچووكی چل ساڵە[٩٠]

٩١)- خوا سەرما بە پێی حاڵ ئەدا[٩١]

٩٢)- خوا سەرما بە قەدەر بەرگ ئەدا[٩٢]

---

[٨٤] بە یەكێك ئەوترێ كە لەتەنگانەیەكا بێ، وە دەرگای لێ داخرابێ.

[٨٥] واتە خوا نەیكردووە بە باو زێر وزیو بنێرێ بۆ بەندەی خۆی، بەڵكو ئەوەی كردووە بە باو كە تۆ هەوڵ بدەیت و بە شوێن پێ بژێوی خۆتا بگەڕێیت، ئەوسا خواش رزقت بۆ بنێرێ.

[٨٦] واتە خواردن و خواردنەوەی ئەوێ.

[٨٧] واتە با ستەمكار بەوە یاخی نەبێ كەوا خوا چەند رۆژێ مۆڵەتی داوە، ئەوە بۆ ئەوەیە كە بیر بكاتەوە، نەك لەبەر ئەوەیە كە خوا بیری چۆتەوە.

[٨٨] واتە زۆرداری ستەمكار، هەر سڕ بێ و گەرمی نەبێتەوە، تا بە كەسەوە نەدات.

[٨٩] لەبەر ئەوە قورئان لە شوێنا باسی راستی ئەكات، وە هانە هانەی مەردومی لە سەر ئەدات.

[٩٠] چونكە هەموو تۆڵەیەك كە ئەیسێنێ لە گوناهبارێك، ئەبێ بە پێی دەستوور و باوێك بێ كە خوا دایناوە لە جیهانا، وە ئەمە ساڵەهای ساڵی ئەوێ تا بنەڕەتی بۆ دائەمەزرێ، مەگەر هێندێ گوناهی زۆر زل نەبێ كە خێرا خوا لە باڵی خاوەنی ئەدا، وە هەر بە ئاسمانەوە ئەیكا بە كۆی زووخاڵ.

[٩١] هەژارێكی لەش ساغی رەش و رووت ئەیڵێ، لە زستانێكی ساردا بە دەوڵەمەندێك، كە لە سەرمانا خۆی پێچابێتەوە.

[٩٢] هەژارێكی لەش ساغی رەش و رووت ئەیڵێ، لە زستانێكی ساردا بە دەوڵەمەندێك، كە لە سەرمانا خۆی پێچابێتەوە.

٩٣)- خوا غەزەب بگرێ لە بزن، نانی شوان ئەخوا[٩٣]

٩٤)- خوا غەزەب بگرێ لە مێرووله باڵی ئەداتێ[٩٤]

٩٥)- خوا کە سەری دا کڵاویش ئەدا[٩٥]

٩٦)- خوا کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە[٩٦]

٩٧)- خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە[٩٧]

٩٨)- خوا لە کاری خۆی بۆتەوە[٩٨]

٩٩)- خوا ماڵی داوە بە جوو کێری داوە بە نێرەکەر[٩٩]

١٠٠)- خوا نانی بڕیوە و پێغەمبەر دۆ[١٠٠]

١٠١)- خوا نەجاڕ نییە و تەختە تاشە، قەحبە و گەواد بۆ یەك باشە[١٠١]

---

[٩٣] واتە توخنی شتی خۆشەویستی هیچ کەس مەکەوە.

[٩٤] تا بفڕێ و مەل بە حەواوە بیخوات.

[٩٥]

[٩٦] واتە ئاگاداری هەموو شتێك ئەکا.

[٩٧] ئەگێڕنەوە، کە (سوڵتان مەحمود)ی غەزنەوی، رقی لە دارتاشێك هەڵ ئەستێ، ئێوارە وەختە، ئەکاتە سەری، ئەڵێ ئیمشەو تا بەیانی بارێ ئاردی دارم ئەوێ، کابرا خەمی لێ دێ، شەو ژنەکەی پێی ئەڵێ: پیاوەکە: وەورە بنوو. خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە، بەیانی لەگەڵ شەبەق ئەدات دێن بە شوێن دارتاشا، کابرا لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانیا دەست ئەکەن بەگریان، کە دەرگا ئەکەنەوە تەماشا ئەکەن وا سوڵتان مەحموود مردووە و هاتوون بە شوێن دارتاشەکەدا کە سندوقی بۆ دروست کا.

[٩٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە دوای بوونی کارێك ئەم بکەوێتە پەلە پەل، واتە تازە پەلەپەل بۆچی ئەکەیت؟ خۆ ئیشەکە تەواو بووە.

[٩٩] واتە هەر کەسێك شایستەی چی بێ دراوێتێ.

[١٠٠] بە یەکێکی زۆر هەژاری رەجاڵی رەش و رووت ئەوترێ.

[١٠١] بە ژن و پیاوێکی خراپ ئەوترێ کە بۆ یەك رێکەوتبن.

١٠٢)- خوا يار بێ با شیرت داربێ[١٠٢]

١٠٣)- خوا يار بێ، با دوژمن هەزار بێ[١٠٣]

١٠٤)- خوار دانیشە، راست بڵێ[١٠٤]

١٠٥)- خواردن ئاگای لە برا نییە[١٠٥]

١٠٦)- خواردن گەندوگووە، شتن رەنگ و رووە[١٠٦]

١٠٧)- خواردن قابلی هەموو کەسە، جلك قابلی هەموو کەس نییە[١٠٧]

١٠٨)- خواردی تێرە، وتی سوێرە[١٠٨]

١٠٩)- خواردی تیکە و کردی فیکە[١٠٩]

١١٠)- خوازبێنی کەر، نەزەر بێ، ناو گوڵانەکەی گێزەر بێ، ئاخۆ ئەو شاییە چۆن بێ[١١٠]

---

[١٠٢] واتە کە خوا یارمەتیدەرت بوو، دوژمنت هەزار بێ، یا شیرەکەی دەستت دار بێ مەترسە.

[١٠٣] واتە کە خوا یارمەتیدەرت بوو، دوژمنت هەزار بێ، یا شیرەکەی دەستت دار بێ مەترسە.

[١٠٤] واتە خوار دانیشیت و رێك و رەوان قسە بکەیت باشترە لەوەی رێك دانیشیت و خوار و خێچ بدوێیت.

[١٠٥] واتە مەردومی برسی کە خواردنیان بۆ دانا ئاگای لە برا نامێنێ.

[١٠٦] بە یەکێکی پۆخڵی چڵێس ئەوترێ، کە هەر خواردنی مەبەست بێ نەك پاك و تەمیزی.

[١٠٧] چونکە هێندێ کەس بەرگی لێ نایەت.

[١٠٨] بە یەکێك ئەوترێ کە لە دوای خواردنی شتێ بە تێر و پڕی ئنجا نەنگی لێ بدۆزێتەوە.

[١٠٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە شوێنێك بەهرەیەك وەرگرێ، وە دوای ئەوە زوو بە زوو، بڕوا و ئەو شوێنە بەجێ بێڵێ.

[١١٠] بە خوازبێنیەك ئەوترێ کە خوازبێنی کەرەکەی یەکێکی بێنموود بێ، وە گوڵاڵانەکەشی، شتێکی بێنرخ بێ.

١١١)- خواشی ئەویّ و خورماشی ئەویّ[١١١]

١١٢)- خوام لیّ لارە و بەندەم لیّ بیّزارە[١١٢]

١١٣)- خوای گەرمیان و کویّستان هەر یەکیّکە[١١٣]

١١٤)- خوای قولی، نای لە ملی[١١٤]

١١٥)- خوردە مالّ، مەندە میرات[١١٥]

١١٦)- خورماش لە بەغا زۆرە[١١٦]

١١٧)- خورمای بابی یان، داوەتیّ[١١٧]

١١٨)- خوشك و برا شەڕیانە، لەسەر دەنکە زەنگیانە[١١٨]

١١٩)- خوشکەکەت لەخۆراسان تری و نانەکەت لیّرە بوو بە جۆ[١١٩]

---

[١١١] خوا: خویّیە: دیارە کە خویّ و خورما بە یەکەوە ناخوریّن، بە یەکیّك ئەوتریّ کە دوو شتی وا داوا بکا، کە هەرگیز کۆ نەبنەوە.

[١١٢] یەکیّك ئەیلّیّ کە لای خواش و لای بەندەش روو ڕەش بیّ.

[١١٣] بە یەکیّك ئەوتریّ، کە لەبەر کووڕی ڕۆژی خۆی، بیەویّ شویّنیّك بەجیّ بیلّیّ، وە بچیّ بۆ شویّنیّکی تر.

[١١٤] بە یەکیّك ئەوتریّ، کە زۆر و ستەمیّکی لە یەکیّك کردبیّ، وە ئیّستا خوا پیّی نواندبیّ.

[١١٥] واتە هەرچی بخۆیت ئەوە مالّی خۆتە، وە هەر چیش بمیّنیّتەوە ئەبیّ بە مالّی میراتگر.

[١١٦] تەماشای ڕاڤەی پەندی (پەمووش لە شارەزوور زۆرە) بکە.

[١١٧] بە یەکیّك ئەوتریّ، کە دەست لە بیر و باوەڕیّکی هیچ و پووچ هەلّنەگریّ.

[١١٨] بە دووکەس ئەوتریّ، کە لە سەر شتیّکی هیچ و پووچ بچن بە گژ یەکا.

[١١٩] ئەگیّڕنەوە کە ژنیّك دۆستیّکی ئەبیّ، میّردەکەی کە ئاردی گەنمی بۆ ئەکڕیّ، هەموو جاریّ ئەیکا بەنان و کولیّرە چەورە بۆ خۆی و دۆستەکەی، وە لە ئاردی جۆ نان ئەکا بۆ میّردەکەی، هەموو جاریّ میّردەکەی پیّی ئەلّیّ: ئافرەت من هەر ئاردی گەنم ئەکڕم و تۆ هەر نانی جۆم دەرخوارد ئەدەیت، ئەویش ئەلّیّ من بلّیّم چی؟ قەباحەتی خوشکەکەتە، چونکە هەر چەند ئەو ئەتریّ لە خۆراسان، نانەکەی تۆ لیّرە ئەبیّ بە جۆ، کابرا، لەبەر ساویلەکەیی خۆی بڕوا ئەکا، وە ئەچیّ بۆ سەر خوشکەکەی لە خۆراسان، وە تیّروپڕی تیّ هەلّئەدا، کە خوشکەکەی ئەپرسیّ بۆ لیّم ئەدەیت؟ ئەلّیّ تۆ بۆچی ئەوەندە ئەتریت، وە هەموو جاریّ نانەکەی ئیّمە ئەکەیت بە جۆ، خوشکەکەی تیّ ئەگا مەسەلە چییە، ناچار بە

١٢٠)- خوليا، سەرمايەی مفلسه[١٢٠]

١٢١)- خوم شێواوه[١٢١]

١٢٢)- خونچەی ئازادی بەخوێن ئەگەشێتەوه[١٢٢]

١٢٣)- خووی ئەوی گرتووه و بۆنی ئەو ئەدا[١٢٣]

١٢٤)- خووی شیری، هەتا پیری[١٢٤]

١٢٥)- خوويەك بە شیری، مەگەر بمیری[١٢٥]

١٢٦)- خوويەك گیرا بە شیری، تەرك ناكرێ بە پیری[١٢٦]

١٢٧)- خوويەكی گرت بە شیری، تەركی ناكات بە پیری[١٢٧]

١٢٨)- خوێناوی بخواتەوه ئۆخەی ناكا[١٢٨]

١٢٩)- خوێنی بۆ گەڕی ئەشێ[١٢٩]

براكەی ئەڵێ: براله وا نییه كه حاڵی كراویت، ببێت و نەبێ ئەم ژنی تۆیە دۆستی هەیە، وه نانە گەنمەكەی تۆ دەرخواردی ئەو ئەدا، بچۆرەوه خۆتیان لێ مات بدە، وه له ناوەختا بچۆره ژوورەوه بزانه چی ئەبینیت، كه ئەچێتەوه تەماشا ئەكا راستە، وه خوشكەكەی چی پێ وتوه، وایە، ئێستا ئەمە بەیەكێك ئەوترێ كه قسەیەكی ناپەسەندی وا بكا.

[١٢٠] چونكه هیچی نییه پێوەی خەریك بێ خولیا نەبێ.

[١٢١] له كاتێكا ئەوترێ، كه ئاژاوه بێ و دنیا تێك چووبێ.

[١٢٢] چونكه ئازادی و سەربەخۆیی هەر به خوێن سەندراوه.

[١٢٣] به یەكێك ئەوترێ، كه چاو له یەكێك بكا، وه بیەوێ بچێتە سەر رەوشت و خووی ئەو.

[١٢٤] كەواتە تا ئەتوانن خووی جوان فێری منالّتان بكەن.

[١٢٥] كەواتە تا ئەتوانن خووی جوان فێری منالّتان بكەن.

[١٢٦] كەواتە تا ئەتوانن خووی جوان فێری منالّتان بكەن.

[١٢٧] كەواتە تا ئەتوانن خووی جوان فێری منالّتان بكەن.

[١٢٨] واته زۆری رق لێیە.

[١٢٩] بەیەكێكی چەتڵەمەزی پیسی بۆگەنی ناڵەبار ئەوترێ، واته خوێنی زۆر پیسه، وه پیسی به پیسیەوه ئەڕوا.

١٣٠)- خۆێنی کردە کاسەوە[١٣٠]

١٣١)- خۆ ئەسپی نۆربە ناخوات[١٣١]

١٣٢)- خۆ بەڕوو نییە، لە قەپولکی دەرچێ[١٣٢]

١٣٣)- خۆ بن مەمکی نەڕزییوە[١٣٣]

١٣٤)- خۆ پەسەندی، مایەی ریسواییە[١٣٤]

١٣٥)- خۆ دەمی ئەو قنگی خۆی نییە بیقووچێنێ[١٣٥]

١٣٦)- خۆ سەری کەر نەبووە، بە سەد تمەن[١٣٦]

١٣٧)- خۆ ماست نییە بە لێوتەوە دیار بێ[١٣٧]

١٣٨)- خۆ مریشك نیم بە دەنووك شەڕ بکەم[١٣٨]

١٣٩)- خۆ نانم بە سەر ساجەوە نەسووتاوە[١٣٩]

---

[١٣٠] واتە زۆر قسەی خراپی دەربارە کرد.

[١٣١] بە یەکێك ئەوترێ کە پێی ناخۆش بێ میوان رووی تێ بکات، واتە بۆچت پێ ناخۆشە، خۆ ئەسپەکەی نۆربە جۆ ناخوات.

[١٣٢] دایکی کچێك ئەیلێ، کە داوای کچەکەی بکەن و نەیدا، واتە هێشتا منالە، وە پەلەی شو کردنی نییە.

[١٣٣] دایکی کچێك ئەیلێ، کە داوای کچەکەی بکەن و نەیدا، واتە هێشتا منالە، وە پەلەی شو کردنی نییە.

[١٣٤] واتە تا ئەتوانیت لە ناو خەڵقا خۆت پەسەند مەکە.

[١٣٥] نەقشەی ئەم پەندە بە چوار کەس ئەکێشرێ، بەم رەنگە یەکێك قسە زۆر ئەکات، یەکێکیش بە سەریا دێ کە ئەوەندە قسە نەکات. سێهەمێك بە دووهەم ئەڵێ: بۆ خاتری خوا رزگارمان بکە لەدەمی ئەم چەنەبازە، چوارەمێکیش ئەڵێ: خۆ دەمی کابرای چەنەباز قنگی خۆی نییە تا بیقووچێنێ و رزگارتان بکات.

[١٣٦] واتە خۆ گرانیەکی وا نییە کە هیچ دەست نەکەوێ. بە یەکێکی رژد و چرووك ئەوترێ.

[١٣٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە حاشا لە قسەیەکی خۆی بکات.

[١٣٨] واتە هەموو جەنگ کەرێك، جۆرە چەکێکی ئەوێ، وە جەنگ بە بێ چەك ناکرێ.

[١٣٩] واتە پەلەم نییە.

١٤٠)- خۆ، له خۆ ئەکوتێ، بێگانه له کولۆری دارا[١٤٠]

١٤١)- خۆت بکه تێره، به من مەکه خێره[١٤١]

١٤٢)- خۆت بکوژی بۆ بۆره پیاو، ئەڵێ به دەردی خوا مرد[١٤٢]

١٤٣)- خۆت سەری خۆت نەخورێنیت، به کەس ناخورێت[١٤٣]

١٤٤)- خۆت له دەست چوويت، خوا عەقڵ به منالّت بدات[١٤٤]

١٤٥)- خۆت مەکه به مەقاش[١٤٥]

١٤٦)- خۆت مەکوته جەوته[١٤٦]

١٤٧)- خۆت هەڵترێنه، بارت سەنگینه[١٤٧]

١٤٨)- خۆرەتاوی قەراغ بان، دەوامی نییه[١٤٨]

١٤٩)- خۆشه ئاگر خۆشه دوو، برا خاسه نەوەك شوو[١٤٩]

١٥٠)- خۆشت بێ و ترشت بێ، ئەبێ وابێ[١٥٠]

١٥١)- خۆشەویستی، دوور و نزیکی بۆ نییه[١٥١]

---

[١٤٠] واته خزم پرسیار له خزم ئەکات نەك له بێگانه.

[١٤١] به یەکێك ئەوترێ، که ماڵی خۆی به دەمیا نەچێ، کەچی به هاشه و هوشەش، بەڵێنی پیاوەتی به مەردوم بدا.

[١٤٢] بەڵام که وەجاخزاده بوو دوای مردنیشت، پاداشتت ئەداتەوه، وه خێرت بۆ ئەکات.

[١٤٣] واته هەر کەس ئەبێ خۆی خەمی خۆی بخوات.

[١٤٤] به یەکێك ئەوترێ، که له قسەیەکا پلارێکت تێ بگرێ، واته خۆت بە بێ عەقڵی بردته سەر، خوا عەقڵ به منالەکەت بدات.

[١٤٥] تا ئاگرت پێ خۆش کەن، یا ئاگرت پێ هەڵگرن.

[١٤٦] تەماشای راڤەی (مەیکوته جەوته) بکه.

[١٤٧]

[١٤٨] به یەکێك ئەوترێ، که له ئاخر و ئۆخری ئیشێکا پیا بگات.

[١٤٩] تەماشای راڤەی پەندی (نه ئاگر و نه دوو، هیچی نابێ به شوو) بکه.

[١٥٠] واته رازی بێ و رازی نەبێ، ئەبێ ئەو کاره وابێ.

[١٥١] واته یەکێکت خۆش ویست هەر خۆشت ئەوێ با دووریش بکەوێتەوه.

١٥٢)- خۆشی بنۆشی، ئەبێ تاڵیش قوبوڵ بکەیت[152]

١٥٣)- خۆڵ بە سەر شاری بێ حاکم[153]

١٥٤)- خۆڵ لە خۆڵگای گەورە ئەپێورێ[154]

١٥٥)- خۆڵی بەرکوانووی خۆت بخۆیت، لە پلاوی بێگانە چاکترە[155]

١٥٦)- خۆڵی خۆت مەدە بە پوولی خەڵق[156]

١٥٧)- خۆڵی لە دۆشاوی خۆی کرد[157]

١٥٨)- خۆم و دارێ، وام لە شارێ[158]

١٥٩)- خۆمار نیم بە گڵ بژیم[159]

١٦٠)- خۆی بە گورگان خواردن دا[160]

١٦١)- خۆی خستۆتە ساجی عەلی[161]

١٦٢)- خۆی ریشی نییە و بە کۆستە پێئەکەنێ[162]

---

[152] دڵخۆشی یەکێکی پێ ئەدرێتەوە، کە لە دوای خۆشیەك، تووشی ناخۆشی بووبێ.

[153] چونکە هەموو ستەمێکی تیا ئەکرێ.

[154] واتە هەر وەك گڵ لە گڵنجانی گەورە ئەبرێ، مەردومیش تا نزیکی ماڵی گەورە و خانەوادەی گەورە بێ، بەهرەمەند ئەبێ.

[155] ئافەرین پێشینانی بەرێز، بۆ خۆتان و ئامۆژگاری بەرزتان.

[156] بە یەکێك ئەوترێ، کە بیەوێ زەمینێکی خۆی بفرۆشێ.

[157] واتە بە دەستی خۆی، ماڵی خۆی وێران کرد.

[158] یەکێك ئەیڵێ، کە ئەرکی کەسی بە سەرەوە نەبێ، وە هەر خۆی و دار دەستەکەی بێ، لە هەر لایەك دانیشێ دانیشێ.

[159] واتە هەموو کەسێك، پێ بژیوێکی ئەوێ.

[160] بە یەکێك ئەوترێ، کە خۆی بە دەستی خۆی تووشی بەڵایەکی زۆر گەورە بکات.

[161] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەر چێکی بووبێ لە بەردی دابێ.

[162] واتە مەردوم خۆی کە عەیبێکی تیا بوو، ئیتر نابێ ئەو عەیبە لە یەکێکی تر بگرێ.

١٦٣) خۆی گەیاندە حاڵی جاو[١٦٣]

١٦٤)- خۆی کێشایەوە[١٦٤]

١٦٥)- خۆی لێرەیە، کلکی لە بەغدا تۆز ئەکا[١٦٥]

١٦٦)- خۆی لێکردوین بە بوخچەی پەڕۆ[١٦٦]

١٦٧)- خۆی لێکردوین بە هەناری شیرین[١٦٧]

١٦٨)- خۆی لێکردوین بە هەنگوینی شەمە تلێنکە[١٦٨]

١٦٩)- خۆی مامرە، هێلکەی قاز ئەکا[١٦٩]

١٧٠)- خۆی نایکا، خوا بۆی ئەکا[١٧٠]

١٧١)- خێر بێ و بێر بێ، بە سەرتا رژێ[١٧١]

١٧٢)- خێر بە خوێش، نەك بە دەروێش[١٧٢]

١٧٣)- خێڵە و خوار و خێڵە و ژوور، بزنە بەلە و جاجمە سوور[١٧٣]

---

[١٦٣] واتە خۆی خستە حاڵی گیانەڵاو.

[١٦٤] واتە مرد.

[١٦٥] بە یەکێکی بزێوی نارەحەت ئەوترێ، کە هەمیشە هەر ئاژاوە بنێتەوە.

[١٦٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە سەرمانا بەرگی چڵکن و دڕاوی زۆری لەبەر کردبێ.

[١٦٧] واتە خۆی خۆشەویست کردووە.

[١٦٨] واتە زۆر خۆی خۆشەویست کردووە.

[١٦٩] بە یەکێك ئەوترێ کە لاسایی لە خۆی گەورەتر بکاتەوە کە ئاخرێکەی قنگی ئەدڕێ.

[١٧٠] بەیەکێك ئەوترێ، کە خوا کاری باشی بۆ بکات، بێئەوەی خۆی هەوڵی بۆ بدا.

[١٧١] لە کاتێکا ئەوترێ، کە باسی خێر و بێرێك بکرێ.

[١٧٢] واتە ئاخزمی هەژاری خۆت وێستابێ، خێرت بە کەسی تر ناشێ.

[١٧٣] واتە هیچی نییە، بزنە بەلێك و جاجمە سوورێك نەبێ.

پیتی دال

١)- داد لە دەست کەپەنەکە بۆر، ماڵ لە خاوەن ماڵ ئەسێنێ بە زۆر[١]

٢)- دار ئەڵێ: ئەگەر تەور کلکی لە خۆم نەبوایە نەی ئەبڕیمەوە[٢]

٣)- دار بە بەرەکەی ئەناسرێ[٣]

٤)- دار بە پوازی خۆی ئەقڵیشێ[٤]

٥)- دار بە گەورەیی ناچەمێتەوە[٥]

٦)- دار بە کونی زەردەواڵەدا ئەکا[٦]

٧)- دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقڵیشێ[٧]

٨)- دار پیر ئەبێ، جارێك بازی بە سەرەوە ئەنیشێ[٨]

٩)- دار دەستێتی[٩]

١٠)- دار کەلار بوو، سێبەریشی لارە[١٠]

---

[١] کەپەنەك: فەرەنجی یە، بە مەردومی زۆرداری ستەمکار ئەوترێ.

[٢] واتە ئەگەر خزم و خوێش یارمەتی دوژمن نەدەن، دوژمن بە کامی خۆی ناگا.

[٣] واتە مرۆڤ بە بەرهەمی ئەندازەی پیاوەتی دەرئەکەوێ.

[٤] بە یەکێك ئەوترێ کە بەهۆی خزمێکی خۆیەوە دوژمن زەفەری پێ بەرێ.

[٥] واتە پەروەردەی منال ئەبێ لە منالیەوە بێ، نەك دوای گەورەیی.

[٦] واتە ئاژاوە ئەنێتەوە و فیتنە بەرپا ئەکا.

[٧] تەماشای راڤەی پەندی پێنجەم بکە.

[٨] واتە مەردوم لە هەموو ژیانیا جارێك بەخت رووی تێئەکات، ئەبێ ئاگای لە خۆی بێ لە دەستی نەدا.

[٩] تەماشای راڤەی پەندی ٢٦ بکە.

[١٠] بە یەکێکی خراپ ئەوترێ، کە هەموو کارێکی هەر بە خراپە بکا، واتە خراپ چاکەی لێ ناوەشێتەوە.

۱۱)- دار کرمی لەخۆی نەبێ هەزار ساڵ ئەژی[11]

۱۲)- دار لە شوێنی خۆی راقەنێ هیشك ئەبێ[12]

۱۳)- دار لەگەڵ تۆمە، دیوار گوێت لێ بێ[13]

۱٤)- دار نەبێ، ڕژوو لە کوێ ئەبێ[14]

۱٥)- دار نەرم بێ، کرم ئەیخوا[15]

۱٦)- دار نییە نەهەژابێ، کچ نییە نەگەوزابێ[16]

۱۷)- دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە[17]

۱۸)- دار و دیوار گوێی هەیە[18]

۱۹)- دار و گۆشت ئاشنایەتیان نییە[19]

۲۰)- دار وتی: تەور ئەگەر کلکی لە خۆم نەبوایە نەیئەبڕیمەوە[20]

۲۱)- دارا و نەدار گشت ماتی خەمە[21]

---

[11] تەماشای راڤەی پەندی پێنجەم و هەشتەم بکە.

[12] واتە هەموو شتێك کە لە شوێنی خۆی جوولاّ و لەق بوو، لە ناو ئەچێ.

[13] تەماشای پەندی (بووکێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێ) بکە.

[14] بە شتێك ئەوترێ خۆی نەبێ و داوای بەروبوومی بکرێ.

[15] واتە مەردوم نابێ ئەوەندە نەرم و شل بێ تەماعی تێبکرێ.

[16] چونکە هەر دووکیان بەری خۆشیان هەیە، بۆ چنینی هەر ئەبێ پیایاندا هەلگەڕێیت.

[17] واتە مەردومی ناپاك، زۆر ترسنۆکە، وە زوو بە زوو دەرئەکەوێ.

[18] واتە بە سپایی قسە بکە، وە هەمیشە ئاگات لە قسەی خۆت بێ.

[19] واتە ئەگەر لە ژن یا لە منداڵت دا، بە دار لێیان مەدە، چونکە مەبەس لەو لێدانە، تۆڵەسەندن و ئازار پێگەیاندنیان نییە، بەڵکو هەر بۆ ئەوەیە نیشانیان بدەیت، کە تۆ لەو ئیشەیان ناڕازیت، ئنجا ئەوە بە ناوچەوان گرژ کردن بێ، یا بە زللەیەکی سووك بێ یا بە هەر شتێکی تری وابێ کە بە پێی تەربیەی ئەمڕۆ هەڵە نەبێ.

[20] واتە ئەگەر ناپاکی ناوخۆ نەبێ، دوژمن ناتوانێ دەست بە سەر نیشتمان بگرێ.

[21] واتە هەموو کەس بە پێی خۆی خەمێکی هەیە.

٢٢)- داران لە دوورەوە سەریان زەنێرە[٢٢]

٢٣)- دارەگەی سەر کەل، پردەکەی گاڕان[٢٣]

٢٤)- دارەوانیشە و شاخەوانیشە[٢٤]

٢٥)- داری بێ گەڵا نرخی نییە، خوشکی بێ برا زینەتی نییە[٢٥]

٢٦)- داری بێبەر بۆ بڕین باشە[٢٦]

٢٧)- داری تاقەدار قەت نابێ بە دار، دۆستی دوور لە وڵات قەت نابێ بەیار[٢٧]

٢٨)- داری پیرەدار، بە دار نابێ، یاری دوور، بە یار نابێ[٢٨]

٢٩)- داری دا بە رۆحیا[٢٩]

٣٠)- داری دەستێتی[٣٠]

٣١)- داری گەندەڵ بۆ بڕین باشە[٣١]

---

[٢٢] واتە پیاوی گەورەی ناودار لە دووریشەوە هەر دیار و ناسراوە.

[٢٣] زۆر جار یەکێك قسەیەك ئەکا، یەکێکی تر تێناگات لە قسەکە، وە بە قسەیەکی وا وەڵامی ئەداتەوە، کە هەرچی پەیوەندی بێت نیەتی بە قسەی کابراوە، ئنجا بەرانبەرەکەی ئەم پەندەی پێ ئەڵێ، واتە ئەم دوو قسەیە چی بە سەر چیەوەیە هێندێکیش ئەڵێن(دارەکەی سەرکەل، پردەکەی قشلاخ) گاڕان: ناوی کەلێکە لە ناوچەی مەریوان، هەر وەك قشلاخ: ناوە بۆ دێیەك لە جوانڕۆ، وە کەوتۆتە دامێنی کێوی (شاهۆ)وە.

[٢٤] واتە لە زۆر شتا شارەزا و ئاگادارە.

[٢٥]

[٢٦] واتە هەموو شت ئەبێ بە پێی خۆی کەڵکێکی ببێ.

[٢٧]

[٢٨] واتە دەستیان لێهەڵگرە.

[٢٩] واتە تۆڵەی خۆی لێسەند.

[٣٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەموو ئیشێکت بۆ بکا، وە ئەگەر ئەوت بە دەستەوە نەبێ، پەکت بکەوێ.

[٣١] واتە شتی خراپ لابەرە.

٣٢)- داری گەندەڵ بەدار نابێ[٣٢]

٣٣)- داری قەرەداغ پەلکی دەرمانە، خۆزگەم بەو خوشکەی برای میوانە[٣٣]

٣٤)- داری نەرم، مێروولە ئەیخوا[٣٤]

٣٥)- داریان لە قنگی ئەبڕێ، ئەیوت: ئەم تەقە تەقە چییە؟[٣٥]

٣٦)- دارێك خوا غەزەبی لێ گرت، ئەبێ بە چەقەنەی ئاش[٣٦]

٣٧)- دارێکم بە دەستەوەیە هەر دوو سەری گواوییە[٣٧]

٣٨)- دارێکی بۆ کرد[٣٨]

٣٩)- داس لە سەپان مەشارەوە[٣٩]

٤٠)- داکت کورد و بابت کورد، ئەم عنوانەت لە کێ گرت[٤٠]

٤١)- داکی خۆم کابانە، تێر ئەخۆم کفتانە[٤١]

٤٢)- داماوی، سەری پیاو ئەکا بە ماڵی دوژمنا[٤٢]

٤٣)- دان ئێشان، چارەی کێشان[٤٣]

---

[٣٢] واتە شتی خراپ لابەرە.

[٣٣] بە یەکێك ئەوترێ خزمێکی زۆر نزیکی میوانی بێ.

[٣٤] واتە مەردوم کە زەبوون بوو، هەموو کەسێك تەمەعی تێئەکا.

[٣٥] بە مەردومی بێعار ئەوترێ.

[٣٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە خوا سەری لێ بشێوێنێ و ئاوارەی بکات.

[٣٧] یەکێك ئەیلێ، کە ئیشێکی لەبەر بێ، بە هەر لایەکا بیکات لە ڕوویەکەوە خراپ بێ.

[٣٨] واتە تۆڵەی لێسەند.

[٣٩] واتە هەر کەسە شایستەی چییە، بیدەرە دەستی.

[٤٠] بە یەکێك ئەوترێ کە دەعیە و دەمارێکی لە خۆیەوە پەیدا کردبێ.

[٤١] یەکێك ئەیلێ کە خزمێکی نزیکی لە خانەدانێکا دامەزرابێ بە ڕەنگێك کە بتوانێ هەموو جۆرە خواردەمەنیەکی بۆ بنێرێ.

[٤٢] یاخوا کەس تووشی ئەو رۆژە رەشە نەبێ.

[٤٣] واتە هەموو ناخۆشیەك، ئەبێ لە بنا ریشەکێش بکرێ.

٤٤)- دان کێشان و گیان کێشان[٤٤]

٤٥)- دانا بە درکاندن، کەر بە نەقیزە[٤٥]

٤٦)- دانا بە درکاندن، نادان بە کوتەك[٤٦]

٤٧)- دانویان پێکەوە ناکوڵێ[٤٧]

٤٨)- دانی لێ تیژ کردووە[٤٨]

٤٩)- دانیان لە یەك سپی بۆتەوە[٤٩]

٥٠)- داوێ بۆ خەڵقی دابنێیت، لە پێی خۆت ئەئاڵێ[٥٠]

٥١)- داوای رەشکەی کرد، وتی ساوەرم لە سەر هەڵ خستووە[٥١]

٥٢)- داویە لە حەوت ئاو، قولی تەڕ نەبووە[٥٢]

٥٣)- دایە ببینە، دوێتە بخوازە[٥٣]

٥٤)- دایە بمەردە و باوە بوازە، بۆ خۆت بگەڕێ قەلەندەر خاسە[٥٤]

---

[٤٤] واتە جاران ئازاریان وەك یەك وابوو، بەڵام ئێستا بەهۆی بەنجەوە گەلێ لە جاران باشترە.

[٤٥] بە یەکێکی تەمەڵی تەوەزەل ئەوترێ، کە چاو لە ئیش و کار بقوچێنێ.

[٤٦] بە یەکێکی تەمەڵی تەوەزەل ئەوترێ، کە چاو لە ئیش و کار بقوچێنێ.

[٤٧] بە دوو کەس ئەوترێ، کە دژی یەکتر بن، وە پێکەوە هەڵنەکەن.

[٤٨] واتە مرخی لێ خۆش کردووە.

[٤٩] بە دوو کەس ئەوترێ، کە لە پێشەوە شەرمیان لە یەك کردبێ، لە پاشا بەرە بەرە روویان کرابێتەوە، بە ئەندازەیەك کە قسە بڵێن بە یەك.

[٥٠]

[٥١] واتە ناتدەمێ، ئەگینا ساوەر لە سەر رەشکە چۆن هەڵئەخرێ.

[٥٢] واتە لە ژیانیا قاڵ بووە.

[٥٣] دوێت: کچە، واتە کە دایك ژیر بوو، کچەکەشی ژیر ئەبێ، ئەو حەلە بیخوازە.

[٥٤] واتە دایك بمرێ و باوك با بڕوا بۆ گەڕانی خۆی، ئەو حەلە تۆش بە ئارەزووی خۆت بگەڕێ، منداڵێکی سەر بە دەرەوەی تێنەگەیشتوو وا ئەڵێ، کە پەروەردەی باوك پەسەند نەکا، وە حەزی لەبەر بەرەڵڵایی بێ.

٥٥)- دایە! تا تۆ ئامۆژگاری منت کرد، سەد و سی مێشم بە گونی کەرەکەو ژمارد[٥٥]

٥٦)- دایەت نەمەندەن، بابەت نەباسا، بۆ خۆت بگەڕێ قەلەندەر ئاسا[٥٦]

٥٧)- دایەن لە حاڵی مناڵ بەڵەدە[٥٧]

٥٨)- دایك لای ئەولاد قەد کۆن نابێ[٥٨]

٥٩)- دایك مەدحی کچ بکات، مەگەر خاڵوان بیخوازێ[٥٩]

٦٠)- دایك و باوك گوناه ئەکا و فرزەند گیرۆدە ئەبێ[٦٠]

٦١)- دایك و باوك لە قازییە، مناڵ لە وازییە[٦١]

٦٢)- دایکت بمرێ جافر، حەڵوا شیرین نەفس کافر[٦٢]

٦٣)- دایکم وەوی، باوکم وەوی، ئەگەیتە جێ بۆم ئەکەی دارێکی قەوی[٦٣]

---

[٥٥] ئەگێڕنەوە کە دایکێك ئامۆژگاری کوڕێکی خۆی کردووە، لە پاشا ئەمیش وای پێوتووە، ئنجا ئێستا بە یەکێك ئەوترێ کە ئامۆژگاری وەرنەگرێ.

[٥٦] تەماشای پەندی ٥٩ بکە.

[٥٧] واتە مەردوم کاتێك شارەزای سروشتی یەکێك ئەبێ، کە ماوەیەکی زۆر لەگەڵیا هەڵسابێ و دانیشتبێ.

[٥٨] چونکە لە مناڵییەوە هەرچی خێر و خۆشی هەیە لێی دیوە.

[٥٩] بە یەکێك ئەوترێ کە شتێکی ببێ کەس باشی نەڵێ خۆی نەبێ، واتە ئەم قسانی تۆیە مەگەر لە گوێچکەی کەس و کاری خۆتا کار بکات.

[٦٠] وایە زۆر جار فرزەند بە گوناهی باوك، یا دایکەوە گیرۆدە ئەبێ.

[٦١] واتە ماڵ، ئاگای لە ئاژاوەی باوك و دایك نییە.

[٦٢] ئەگێڕنەوە کە ژنێك کوڕێکی ئەبێ ناوی جەعفەر ئەبێ، ڕۆژێك کوڕەکەی بە ئیش ئەچێتە دەرەوە، ئەو ڕۆژە حەڵوای شەکریان ئەبێ و هەموو بەشی خۆیان ئەخۆن، هەر بەشەکەی جافر ئەمێنێتەوە لە گوێ ئاگردانەکە، دایکی هەر ساتە نە ساتێك کەوچکێك لە بەشەکەی جافر ئەخوات، تا هیچی تیا نامێنێ، کە جافر دێتەوە داوای بەشەکەی ئەکات، دایکی ئەڵێ: (دایکت بمرێ جافر، حەڵوا شیرین، نەفس کافر).

[٦٣] وەوی: ژنی کوڕە کە پێی ئەڵێن: بووك خەسوو بە بووکی خۆی ئەڵێ پێش گواستنەوەی.

٦٤)- دایکی بووکێ ئەکورکێنێ، چەکمە ڕەقە ئەخوسێنێ[٦٤]

٦٥)- دایکی بووکێ شەقییە، ئەگەر بترێ حەقییە[٦٥]

٦٦)- دایکی دایکم چارۆ کەماوی، دەست چەورەکەت بە منا ئەساوی[٦٦]

٦٧)- دایکی دز یا سنگ ئەخوا، یا سنگ ئەکوتێ[٦٧]

٦٨)- دایکی کراس ڕەش نەمردووە[٦٨]

٦٩)- دایکی کراس کەوە نەبڕاوە[٦٩]

٧٠)- دایکی منالان، ئەخوا نان و چنگالان[٧٠]

٧١)- دە بدە و هەشت، بگرە مشت[٧١]

٧٢)- دەرەقەتی نایە و خەوی گولی پێوە ئەبینێ[٧٢]

---

[٦٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە خوا دەروویەکی لێکردبێتەوە، وە لە خۆشیانا ئەوەندە بگری بە فرمێسکەکەی چەکمەیەکی کۆنی پێ بخوسێتەوە.

[٦٥] واتە ئەوەندە ماندووە، زۆر لە ئازار و سزادایە.

[٦٦] بە یەکێکی ئەڵێیت، کە نەنگێکی خۆی بێنێ بە سەر تۆدا.

[٦٧] واتە یا سنگی مریشك و قەلی دزراوە ئەخوا، یا کوڕەکەی لە دزیدا ئەکوژرێ و لە سنگی خۆی ئەدا، مەبەس ئەوەیە هەر کەسێ ڕێگای مەترسی بگرێ، هێندێ جار سەر ئەکەوێ و هێندێ جار تووش ئەبێ.

[٦٨] ئەبێ یەکێك حەزی لە کچێك کردبێ و داوای کردبێ، وە ئەو کچە دایکێکی کراس ڕەش یا شینی بووبێ و تەگەرەی تێ خستبێ، هەر کەسێك تەگەرە بخاتە کارێکی خێرەوە، یەکێك لەم دوو پەندەی بۆ ئەخوێنرێتەوە.

[٦٩] ئەبێ یەکێك حەزی لە کچێك کردبێ و داوای کردبێ، وە ئەو کچە دایکێکی کراس ڕەش یا شینی بووبێ و تەگەرەی تێ خستبێ، هەر کەسێك تەگەرە بخاتە کارێکی خێرەوە، یەکێك لەم دوو پەندەی بۆ ئەخوێنرێتەوە.

[٧٠] دایك کە منالی زۆری بوو، هەر یەکێکیان داوای جۆرە خواردنێك ئەکا، وە ورك بۆ شتێك ئەگرێ، دایکەکەیش بە ناچاری بۆیان ئەکا، ئەو حەلە، خۆشی تێریان لێ ئەخوا.

[٧١] واتە دەی قەرز بدە و بە هەشتی حازر.

[٧٢] بە یەکێك ئەوترێ ، کە دەرەقەتی یەکێك تر نەیە و نوقڵانەی خراپی بۆ لێبدا.

٧٣)- دەرەکی هات، بنەکی دەرکرد[٧٣]

٧٤)- دەردەدار بە، تا بە دەرمان بگەیت[٧٤]

٧٥)- دەردی جوانان، دڵۆپەی بانان[٧٥]

٧٦)- دەردی دڵ، بۆ ژێر گڵ[٧٦]

٧٧)- دەردی دڵت بە یەکێك بڵێ خەمخوارت بێ ئەگینا پێت خۆش ئەبێ[٧٧]

٧٨)- دەردی سەعاتێك ئیش، خۆشی ساڵێك لە بیر ئەباتەوە[٧٨]

٧٩)- دەرزی لە چاوی خۆتا ببینە، ئنجا گاسن لە چاوی خەڵقا[٧٩]

٨٠)- دەرزی هەڵ دەی، ناکەوێتە زەوی[٨٠]

٨١)- دەرزییەك بکە بە خۆتا، ئنجا سوژنێك بکە بە خەڵقا[٨١]

٨٢)- دەرگای خۆت داخە و سەگی دراوسێ بە دز مەکە[٨٢]

٨٣)- دەرگای کەس مەتەقێنە، تا دەرگات نەتەقێنن[٨٣]

---

[٧٣] یەکێك ئەیڵێ، کە دەربەدەر ببێ لە جێگا و ڕێگای خۆی بەهۆی یەکێکی دەرەکییەوە.

[٧٤] واتە پێویستی ژیان، ئادەمی ئەبا بۆ دۆزینەوەی دەرمان و داهێنانی هەزاران شت.

[٧٥] واتە نەخۆشی گەنج، وەك دڵۆپەی بان زۆر زوو ئەوێستێتەوە و چاك ئەبێتەوە.

[٧٦] یەکێك ئەیڵێ، کە گرێیەك لە دڵیا بێ و نەتوانێ بیڵێت.

[٧٧]

[٧٨]

[٧٩] بە یەکێك ئەوترێ کە ئەنگی خەڵق ببینێ و ئەنگی خۆی نەبینێ، واتە هەر دەمێك ئەنگێکی بچوکی خۆتت دی ئنجا ناوی ئەنگی مەردوم ببە.

[٨٠] واتە زۆر قەڵەباڵغە.

[٨١] واتە هەرچی خۆت پێت گرانە، بزانە کە خەڵقیش پێی گرانە.

[٨٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئاگاداری ماڵی خۆی ناکا تا ئەدزرێ، ئەو حەلە ئنجا ئەیهێنێ بە سەرئەم و ئەوا.

[٨٣] ئەمە باوێکی تێکڕایی خوایە لە جیهانا، بە دەگمەنیش کەس لێی دەرنەچووە و دەرناچێ.

٨٤)- دەرگایەك لە فەقیر داخرێ، بۆ حەکیم ئەکرێتەوە[٨٤]

٨٥)- دەرگەی بە چەپەرە، سەی حەوحەوکەرە[٨٥]

٨٦)- دەرکراو کە دەستی رۆی، دەستی برا ئەشکێنێ[٨٦]

٨٧)- دەرمانی دوور شفایە[٨٧]

٨٨)- دەرمانی را رەفتەنە، دەرمانی خەو خەفتنە[٨٨]

٨٩)- دەروەزە کیمیایە[٨٩]

٩٠)- دەروێش بە[٩٠]

٩١)- دەروێش دۆخواز بێ دۆ زۆرە[٩١]

٩٢)- دەروێشی، بە سەر خۆشی[٩٢]

٩٣)- دەریا، بە دەمی سەگ پیس نابێ[٩٣]

٩٤)- دەزووی وشك دانێتی[٩٤]

---

[٨٤] واتە یەکێك ماڵی خۆی لە هەژار بگێڕێتەوە، خواش لەوی ئەگێڕێتەوە، بەم رەنگە یا خۆی یا کەسێکی نەخۆش ئەخا، وە ئەوەی لە هەژارەکەی گێڕاوەتەوە بەیەك و دە وە، ئەبێ بیدا بە دەرمان و پزیشك.

[٨٥] بە یەکێك ئەوترێ کە خانووی رێك و پێکی قاپی داری ببێ.

[٨٦] چوکە بە کۆنە قینەوە شەڕ ئەکا.

[٨٧] چونکە بڕوای پێیەتی، وە بە شتێکی باشی ئەزانێ، وە لەم بیر و باوەڕەی خۆی بەهرەمەند ئەبێ.

[٨٨] واتە کە لە سەر سەفەر بووی زوو بکەوەرە رێ، وە کە خەوت هات زوو بنوو.

[٨٩] دەروەزە: دەروازەیە، واتە هەڵوێستان لە بەر دەرگای دەرەوە بۆ سوالکردن کیمیایە، چونکە هەموو رۆژێ بە بێ دەستمایە، شتی زۆر ئەهێنیتەوە.

[٩٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە پێت بڵێ: ئەم بەرگەی لەبەرتایە ناشرین، یا ئەم خواردنەی کە ئەیخۆیت ناخۆشە، واتە مەردوم لە دنیادا ئەبێ بە هەموو شت قەناعەت بکات.

[٩١] یەکێك ئەیلێ، کە شتێکی کەم نرخی نەبووبێ و پەیدای کردبێز

[٩٢] واتە هەژاری بە دڵخۆشیەوە خۆشە.

[٩٣] واتە پیاوی گەورە بە قسەی ئەم و ئەو ناشکێ.

[٩٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەرچی لە بەرا بێ، تەڕ بووبێ.

٩٥)- دەست ئەکا بە دەمی سەگا[٩٥]

٩٦)- دەست ئەکا بە دەمی شێرا[٩٦]

٩٧)- دەست ئیش ئەکا و چاو ئەترسێ[٩٧]

٩٨)- دەست باڵای دەستە[٩٨]

٩٩)- دەست بخەرە دەمی، ناتوانێ بی گەزێت[٩٩]

١٠٠)- دەست بخەرە لاس، دەم بخەرە ماس[١٠٠]

١٠١)- دەست بدەرە دارێ، بکوژە مارێ[١٠١]

١٠٢)- دەست بگرە بە کڵاوی خۆتەوە با نەیبا[١٠٢]

١٠٣)- دەست بڵاو، بە پیر گەدایەوە ئەچێ[١٠٣]

١٠٤)- دەست پان کەیتەوە، لە پێ ئەکەویت[١٠٤]

١٠٥)- دەست خەڕۆ کەر، لەماڵ وێران کەر خراپترە[١٠٥]

١٠٦)- دەست خەڕۆ کردن، دوژمنی دێنێ[١٠٦]

١٠٧)- دەست خەڕۆت کردم، ڕەنجەڕۆم مەکە[١٠٧]

---

[٩٥] واتە زۆر جەربەزە و بێحەیایە.

[٩٦] واتە زۆر ئازایە.

[٩٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە تۆ ئیشێك بکەیت و ئەو بترسێ.

[٩٨] واتە لە ژوور هەموو جۆرە کەسێکەوە، کەسێکی بەرزتر هەیە.

[٩٩] واتە زۆر بەسزمان و گێلۆکەیە.

[١٠٠] لاس: شیاکەیە، واتە تا ئاژەڵ بەرهەم نەهێنی، ماستت دەست ناکەوێ بیخۆیت.

[١٠١] واتە هەرچی خراپ بوو، سەری پان بکەرەوە.

[١٠٢] واتە دەخڵت بە سەر هیچەوە نەبێ، وە بێدەنگ دانیشە.

[١٠٣] چونکە پاشە ڕۆژی لە بیر نییە، وە ڕۆژێ ئەبێ کە هەژار بکەوێ.

[١٠٤] واتە فێری سواڵکردن ببیت، لە ئیشکردن ئەکەویت.

[١٠٥] چونکە یەکەم بە ناوی دۆستایەتییەوەیە، بەڵام دووهەم دوژمنە.

[١٠٦] کەواتە تا ئەتوانیت، کەس دەست خەڕۆ مەکە.

[١٠٧] یەکێك ئەیڵێ بە یەکێك، کە بەڵێنێکی گرنگی پێ دابێ و بۆی نەکردبێ، واتە ئەوەت بۆ نەکردم، یارمەتیەکی ترم بدە.

١٠٨)- دەست دەست نەناسێ[١٠٨]

١٠٩)- دەست سپییە[١٠٩]

١١٠)- دەست شکا و کاری پێئەکرێ، دڵشکاو کاری پێ ناکرێ[١١٠]

١١١)- دەست گیرانی کەس، ناشیرین نییە[١١١]

١١٢)- دەست فرمان نەکا و چاو ئەترسێ[١١٢]

١١٣)- دەست لە بانی دەست، زۆرە[١١٣]

١١٤)- دەست لە دەست و قوەت لە خوا[١١٤]

١١٥)- دەست لە گونان درێژترە[١١٥]

١١٦)- دەست لە هۆڕی پڕا ئەگێڕێتەوە[١١٦]

١١٧)- دەستێ بۆ بەخشیش درێژ بکرێ، باشترە لە دەستێ بۆ وەرگرتن[١١٧]

١١٨)- دەستێ بۆ دزی و قنگێ بە حیزی فێر بووبێ، بە مردن نەبێ رزگاری نابێ[١١٨]

---

[١٠٨] واتە شتێکت کە لە یەکێك خواست، ئەبێ بیدەیتەوە دەست خۆی.

[١٠٩] واتە پیشەیەك نازانێ کە پێی بژی.

[١١٠] چونکە ئادەمی بە دڵەوە وێستاوە، کە دڵەکە شکا، خۆشی پەکی ئەکەوێ.

[١١١] واتە هەموو کەسێك کە شتێکی هەڵبژارد بە پێی ئارەزووی خۆیەتی، وە لە دڵی خۆیا پەسەندە.

[١١٢] بە یەکێك ئەوترێ، بە دەست ئیش بکا، بەڵام لەبەر زۆری ئیشەکەش- کە بە چاو ئەیبینێ- بترسێ.

[١١٣] واتە لە ژوور هەموو خاوەن پیشەیەکەوە، یەکێکی وا هەیە کە گەلێ بەرزتر بێ لەو پیشەیەدا.

[١١٤] لە کاتێکا ئەیڵێیت کە دەست بدەیتە کارێکی گەورە و پشت ببەستیت بە خوا.

[١١٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە بۆ کارێك بچێ و هەروا بێتەوە.

[١١٦] بە دەوڵەمەندێك ئەوترێ، کە لەدارایییەکەی بەشی هەژاری لێنەدا.

[١١٧]

[١١٨]

١١٩)- دەستێ شەرع بیبڕێ، خوێنی نییە[١١٩]

١٢٠)- دەستێ کە فێر بوو بە گەنەکاری، عاری نایە تۆ لە شەرمەزاری[١٢٠]

١٢١)- دەستاوی بووکێ، لە چاومان گیرێ[١٢١]

١٢٢)- دەستت بە کەوگیر بێ چاوت لە فەقیر بێ[١٢٢]

١٢٣)- دەستە شکێنم مەکە[١٢٣]

١٢٤)- دەستە چەورەکەی خۆت مەسوو بە سەر منا[١٢٤]

١٢٥)- دەستە چەورەکەی، سوو بەسەر منا[١٢٥]

١٢٦)- دەستت کە شکا جێی خۆی ناگرێتەوە[١٢٦]

١٢٧)- دەستت هەتا بە هەنگوینە دەیمژی، کە نەما دەیگەزی[١٢٧]

١٢٨)- دەستە و ئەژنۆ دانیشت[١٢٨]

١٢٩)- دەستەیەك ماڵ ئەکەن دەستەیەك ماڵە کۆڵە[١٢٩]

١٣٠)- دەستم گرتووە بە کڵاوی خۆمەوە[١٣٠]

---

[١١٩] چونکە لە سەر حەقە.

[١٢٠] واتە یەکێك کە فێری بەدخوویی بوو، نەنگ و شەرمەزاری لەلا نامێنێ.

[١٢١] بە یەکێك ئەوترێ کە خزمەتێکی بێنرخی خۆی بداتەوە بە چاوتا.

[١٢٢] واتە لە کاتی چێشت تێ کردنا، ئەگەر هەژار هاتە بەر دەرگاکەت، بێ بەشی مەکە.

[١٢٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە بەڵێنێکی پێ دابیت، واتە بەڵێنەکەت ببەرە سەر.

[١٢٤] بە یەکێکی ئەڵێیت، کە تاوانەکەی خۆی بسەپێنێ بە سەر تۆدا.

[١٢٥] بە یەکێکی ئەڵێیت، کە تاوانەکەی خۆی بسەپێنێ بە سەر تۆدا.

[١٢٦] واتە مەردوم تا ئەتوانێ نەیەڵێ نەنگ رووی تێ بکات، چونکە کە رووی تێکرد ئەو کەسە نابێتەوە بە کەسەکەی جاران.

[١٢٧] واتە زۆر بێ وەفایە.

[١٢٨] واتە بە بێکار.

[١٢٩] بە یەکێك ئەوترێ کە بە کارێکی منداڵانەوە خەریك بێ، واتە هاوتەمەنی تۆ خەریکی ئیشی گەورە و پیاوانەن.

[١٣٠] کە با هات نەیبا، واتە تێکەڵی هیچ شتێك نابم.

١٣١)- دەستم لە سەنێرە و دەمم لە پەنێرە[١٣١]

١٣٢)- دەستم لە هەویرە هەر ئەوەندەم لە بیرە[١٣٢]

١٣٣)- دەستی ئەسپ درێژ بێ[١٣٣]

١٣٤)- دەستی براوە لە هەموو لایێ، مەگەر دەست بگرێ بە کرۆکەمایێ[١٣٤]

١٣٥)- دەستی بریم[١٣٥]

١٣٦)- دەستی بزنەکە بخەرە ناو کاسەکە[١٣٦]

١٣٧)- دەستی بڵاوە[١٣٧]

١٣٨)- دەستی بێگانە هەر بۆ ئەوە باشە کە ماری پێ بکوژیت[١٣٨]

---

[١٣١] سەنێر: شیاکەیە، یەکێك ئەیڵێ، کە ئاژەڵدار بێ، وە هەمیشە دەستی لە شیاکەدا بێ، واتە هەر چەند هەمیشە دەستم لە شیاکەدایە، بەڵام هەمیشەش دەمم لە خواردنی پەنیر و ماستایە.

[١٣٢] ئەگێڕنەوە کە ژنێك بوو، زۆری شوو کردبوو، رۆژێ هەویر ئەشێلێ، لێی ئەپرسن، چەند شووت کردووە، ئەویش ئەڵێ: (پێنج و پێنج و پێنجی تریش، حەسەن بێ ریش، ئەولا قامیش، باوکی مناڵەکانیش) ئنجا ئەڵێ: (دەستم لە هەویرە، هەر ئەوەندەم لە بیرە).

[١٣٣] بە تەوسەوە سوپاسی یەکێکی پێ ئەکەیت کە ناوی چاکەی خۆی ببات بە سەرتەوە.

[١٣٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە کەسی بە دەستەوە نەمابێ.

[١٣٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئیخفالی کردبێت.

[١٣٦] بزن کە سەر بڕا، پێستەکەی دەردێ و خۆش ئەکرێ بۆ ئاو تێکردن، ئنجا لە دەمەکەیەوە ئاوی تێ ئەکرێ و بە بەنێکی رەش ئەبەسترێ، یەکێك لە دەستەکانی تەرخان ئەکرێ بۆ ئاو لێ رۆ کردن، وە بە بەنی دەمەکەی ئەویش ئەبەسترێ، ئنجا هەر کەسێك تینووی بوو، بەنی دەستەکەی ئەکاتەوە، وە لەوێوە ئاوەڕۆ ئەکرێ بۆ ناو کاسەکە، کەواتە کە وترا : (دەستی بزنە بخەرە ناو کاسەکە) واتە کاسەیەك ئاو بێنە.

[١٣٧] واتە هەر چی بێتە دەست خەرجی ئەکا.

[١٣٨] چونکە دڵسۆز نییە.

١٣٩)- دەستی تەماع درێژە[١٣٩]

١٤٠)- دەستی خۆی برد بە دەما[١٤٠]

١٤١)- دەستی خۆی نییە و ماری پێ ئەگرێ[١٤١]

١٤٢)- دەستی خەڵقە و ماری پێ ئەگرێ[١٤٢]

١٤٣)- دەستی خێری نایە سەر[١٤٣]

١٤٤)- دەستی دوانزە ئیمامی بڕیوە، بە شوێن چواردە مەعصوما ئەگەڕێ[١٤٤]

١٤٥)- دەستی شەیتان شکێ[١٤٥]

١٤٦)- دەستی شکاو جێی خۆی ناگرێتەوە[١٤٦]

---

[١٣٩] یەکێك ئەیڵێ، کە یەکێکی تر لە وەختی خواردنا شتێکی لێ نزیك بخاتەوە، واتە زەحمەت مەکێشە، خۆم دەستم ئەیگاتێ.

[١٤٠] واتە پەشیمان بووەوە، وە پەنجەی خۆی گەست.

[١٤١] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئیشێکی گران بە یەکێك بکات.

[١٤٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئیشێکی گران بە یەکێك بکات.

[١٤٣] بە یەکێك ئەوترێ، بە تەوسەوە، کە لە جیاتی ئەوەی قازانج بگەیەنێ بە یەکێك، زیانی پێ بگەیەنێ.

[١٤٤] دوانزە ئیمام لای شیعە ئەمانەن (١)ئیمامی عەلی (٢) حەسەن (٣)حسێن، کوڕانی ئیمامی عەلی (٤)عەلی کوڕی حسێن (٥)محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی حسێن کە پێی ئەڵێن :باقر(٦)جەعفەری کوڕی محەمەدی کوڕی عەلی، کە پێی ئەڵێن :صادق (٧)مووسای کوڕی ئیمام جەعفەری صادق کە پێی ئەڵێن :کازم (٨)عەلی کوڕی مووسای کازم، کە پێی ئەڵێن عەلی رەزا (٩)محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی مووسای کازم کە پێی ئەڵێن جەواد (١٠)عەلی کوڕی محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی مووسا، کە پێی ئەڵێن هادی (١١)حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی محەمەد، کە پێی ئەڵێن عەسکەری (١٢)ئەحمەدی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی، کە پێی ئەڵێن مەهدی. چواردە مەعصوم: ئەم دوانزەیەن لەگەڵ پێغەمبەر و فاتیمەدا.

[١٤٥] یەکێك ئەیڵێ، کە لە نەکردنی کارێك، یا نە وتنی قسەیەك پەشیمان بێ. واتە دەستی شەیتان شکێ من ئەم هەڵەم بۆ لە کیس خۆم دا.

[١٤٦] واتە هەر کەسێك شکا، جێی خۆی ناگرێتەوە، کەواتە تا ئەتوانیت ئاگاداری خۆت بکە لەشکان.

١٤٧)- دەستی کەس، پشتی کەس، ناخورێنێ[١٤٧]

١٤٨)- دەستی کرد بە زاخا[١٤٨]

١٤٩)- دەستی لە بنی هەمانەوە دەرچوو[١٤٩]

١٥٠)- دەستی لە دنیا شتووە[١٥٠]

١٥١)- دەستی لە هەموو بنچکان بڕاوە[١٥١]

١٥٢)- دەستی لێ بشۆ[١٥٢]

١٥٣)- دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە[١٥٣]

١٥٤)- دەستی نایە ماڵی خۆی[١٥٤]

١٥٥)- دەستی وا لە کیسەی خەلیفەدا[١٥٥]

١٥٦)- دەستیان لە دەستە، تۆیان مەبەستە[١٥٦]

١٥٧)- دەستیش ئەوەشێنێ و هاواریش ئەکا[١٥٧]

١٥٨)- دەستێك بە تەنیا تەقەی نایەت[١٥٨]

١٥٩)- دەستێك حاکم بیبڕێ خوێنی نییە[١٥٩]

---

[١٤٧] واتە هەموو کەسێك ئەبێ خۆی خەمی خۆی بخوا.

[١٤٨] واتە دەست خەڕۆی کرد.

[١٤٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە هیچی بە دەستەوە نەمابێ، وە بێ دەست مایە مابێتەوە.

[١٥٠] واتە دەستی لە دنیا هەڵگرتووە.

[١٥١] واتە کەسی بە دەستەوە نەماوە.

[١٥٢] واتە بە تەمای مەبە.

[١٥٣] چونکە ئیش ئەکا و پارە پەیدا ئەکا.

[١٥٤] واتە دەستی کرد بە خەرجکردن بە زۆری.

[١٥٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەرچی خەرج کا لەماڵی یەکێکی تر بێ.

[١٥٦] واتە ئەوان دەستیان داوەتە یەك بۆ ئەوەی تۆ بخەن.

[١٥٧] بە یەکێك ئەوترێ کە لەگەڵ مەردوما باش نەبێ، کەچی کە یەکێك لەگەڵ ئەوا کارێکی خراپی کرد، یا ناوێکی برد، دەست بکا بە بۆڵە بۆڵ.

[١٥٨] واتە چەپڵە بە دەستێك لێ نادرێ.

[١٥٩] چونکە لە سەر حەقە و فەرمانەکەی ڕەوایە.

١٦٠)- دەستێك شكا، ڕاست ناگیرێتەوە[١٦٠]

١٦١)- دەستێك نەتوانم بیبڕم، ماچی ئەكەم[١٦١]

١٦٢)- دەش فامیٚ، دەش گریە[١٦٢]

١٦٣)- دەگا پەڕەنە، مەتیلیٚ كەڕەنە[١٦٣]

١٦٤)- دەعیە و دەماری نێرەكەر نایكێشیٚ[١٦٤]

١٦٥)- دەفیٚ دەنگ نادا[١٦٥]

١٦٦)- دەفە وانە، دەرحەق بە زەمانە[١٦٦]

١٦٧)- دەفری بیٚ سەرپۆش پووشی تیٚ ئەكەویٚ[١٦٧]

١٦٨)- دەك نالّبەندت كوێر بیٚ[١٦٨]

---

[١٦٠] واتە تا ئەتوانیت مەیەڵە شتی ناخۆش رووت تیٚ بكات، چونكە كە رووی تیٚ كردیت، جێی سارێژ نابێت.

[١٦١] واتە مەردوم لە جیهانا ئەبیٚ ژیر بیٚ، وە بزانیٚ ئیدارە بكا.

[١٦٢] بە یەكێك ئەوتریٚ ، بزانیٚ ئەو ئیشەی ئەیكا خراپە، كەچی بیشی كات، لە پاشا بشگری بۆ كردنی.

[١٦٣] دەگا: دیٚ، مەتی: پوور، واتە دیٚ پڕە لە دەنگ و باس، پووریٚ كەڕە گوێی لە هیچ نییە. بە یەكێك ئەوتریٚ، كە ئاگای لە دەنگ و باسێكی گرنگ نەبیٚ كە بڵاوبۆتەوە.

[١٦٤] واتە زۆر بە دەعیە و دەمارە.

[١٦٥] بە یەكێك ئەوتریٚ كە قسەی نبیستریٚ، وە لەبەر ئەوە بێدەنگ دانیشتبیٚ.

[١٦٦] دەفە: تەختەیەكی پانە، جۆلا لەكار كردنا، تەنراوی پیٚ سفت ئەكا، دانە: شتێك وەك شانە، بەلاّم گەورەتر و درێژترە، هەودای رایەڵی تەنراوی پیا هاتوچۆ ئەكا، لە كاتی جۆلاییدا، واتە باشی و خراپی دەفە و دانە، بە پێی رۆژە.

[١٦٧] واتە هەموو شتێك ئەبیٚ بە پێی خۆی پارێزگاری بكریٚ.

[١٦٨] جاران ولاّخ كە نالّ ئەكرا سمی زۆر چاك ئەكرا لە هەموو لایەكەوە، ئەگەر لە لایەكەوە تۆزیٚ سمی بوایە، ئەو ولاّخە ناو بە ناو ئەلەنگی، وە ئەزانرا كە باش نالّ نەكراوە، وە ئەو دۆعایە لە نالّبەندەكەی ئەكرا، ئنجا ئێستا بە یەكێك ئەوتریٚ كە شتێكی ناشرینی لێوە روو بدات، واتە ئەو كەسەی تەربیەی كردوویت كوێر بیٚ.

١٦٩)- دەککە نا، مەککە[١٦٩]

١٧٠)- دەڵەك تسنە و پێستیشی ئەکەن بە کەوڵی شایی[١٧٠]

١٧١)- دەم ئەخوا و چاو شەرم ئەکا[١٧١]

١٧٢)- دەم بوەستێ، سەر سەلامەتە[١٧٢]

١٧٣)- دەم تەڕی، کاسە وشك[١٧٣]

١٧٤)- دەمە، چیت لێ کەمە[١٧٤]

١٧٥)- دەمم نەبێ ها کەم، پێم نەبێ راکەم، قوڕی کوێ بە سەرا کەم[١٧٥]

١٧٦)- دەمی بگریت، بە قنگ قسە ئەکا[١٧٦]

١٧٧)- دەمی بوو بە تاقی چۆڵ[١٧٧]

١٧٨)- دەمی بوو بە تاقی چرا[١٧٨]

١٧٩)- دەمی بوو بەتەڵەی تەقیو[١٧٩]

---

[١٦٩] دەککە: شارێکە لە پاکستان، ئەم پەندە لە جێی (تۆ نا مزگەوت) بەکار دێنرێ.

[١٧٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە دیمەن هیچ و پووچ وبێکەڵك بێ، کەچی لە شتێکا زۆر باش و بە بەهرە بێ.

[١٧١] بە یەکێك ئەوتری، کە زۆر بخوا لەسەر خوانی مەردوم، وە بە چاو شەرمیش بکا لە خانەخوێکەی.

[١٧٢] واتە هەر کەس ئاگای لە دەمی خۆی نەبێ، سەری تیا ئەچێ.

[١٧٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە قسە هیچی نەهێشتبێتەوە، وەکی تریش هیچی لە بارا نەبێ.

[١٧٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە وتنی قسەی باشا بەخیل بێ، واتە دەمەکە چیت لێ کەمە ئەبێتەوە ئەگەر قسەیەکی باش بکەیت.

[١٧٥] یەکێك ئەیڵێ، کە زۆر خەفەتبار بێ، وە نەشتوانێت سکاڵای خۆی بکات.

[١٧٦] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆربڵێ بێت.

[١٧٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە قسەیەکی پێ وترا، دەم داچەقێنێ و بێ وەڵام بمێنێتەوە.

[١٧٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە قسەیەکی پێ وترا، دەم داچەقێنێ و بێ وەڵام بمێنێتەوە.

[١٧٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە قسەیەکی پێ وترا، دەم داچەقێنێ و بێ وەڵام بمێنێتەوە.

١٨٠)- دەمی پڕ لە خوێنە[١٨٠]

١٨١)- دەمی خەڵکی، مشتی خۆم نییە، بێنووقێنم[١٨١]

١٨٢)- دەمی دا بە یەکا[١٨٢]

١٨٣)- دەمی سەگ، بە تیکە ببەستە[١٨٣]

١٨٤)- دەمی چۆتە گوو چنینەوە[١٨٤]

١٨٥)- دەمی چۆتە کلیلە[١٨٥]

١٨٦)- دەمی چووە بە خوری خۆیا[١٨٦]

١٨٧)- دەمی گۆ ناکا[١٨٧]

١٨٨)- دەمی لۆرك و پەنیرێ، پێچکم بە قوونی فەقیرێ[١٨٨]

١٨٩)- دەمی نایگاتێ، ئەڵێ سوێرە[١٨٩]

١٩٠)- دەنگ ئەکەم بەد ناوم، دەنگ ناکەم تەنگاوم[١٩٠]

---

[١٨٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە تازە خۆشەویستێکی مردبێ.

[١٨١] واتە دەمی خەڵق بە من ناگیرێ.

[١٨٢] واتە مرد و گیانی دەرچوو.

[١٨٣] واتە ئەو سواڵکەرە بێ شەرمە دەم دڕاوانە کە ئەیانەوێ هەر بە بێ حەیایی شتت لێ بسێنن، تۆش بە تیکە دەمیان ببەستە.

[١٨٤] بە یەکێك ئەوترێ، لە ڕووی سووکیەوە کە زۆر لەڕ و لاواز بووبێ.

[١٨٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە قسەی بۆ نەکرێ، ئنجا لەبەر نەخۆشی بێ یا لەبەر شتێکی تر بێ.

[١٨٦] واتە دەمی چۆتە کلیلە.

[١٨٧] واتە قسەی بە ڕەوانی بۆ ناکرێ.

[١٨٨] واتە کاتێك "لۆرك" و "پەنیر" زۆر ئەبێ لە بەهارانا، ئێمەمانان – کە ساڵ دوانزە مانگە خزمەتی ئاژەڵ ئەکەین بۆ ئەو ڕۆژە – لە خواردنیا مڕ ئەبین – هەژاریش کە بە تەمەڵی دائەنیشێ – دەم ئەگرێ بە قوتەوە.

[١٨٩] بە یەکێك ئەوترێ، دەستی نەگاتە شتێك، کەچی وا نیشان بدا کە ئەم خۆی نایەوێ.

[١٩٠] یەکێك ئەیڵێ، کە شتێکی ناشرین ببینێ و نەتوانێ قسە بکا.

١٩١)- دەنگم خۆش بوایە، بۆ خۆم ئەگریام[١٩١]

١٩٢)- دەنگی خۆی بیستۆتەوە[١٩٢]

١٩٣)- دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە[١٩٣]

١٩٤)- دەنگی هەیە و رەنگی نییە[١٩٤]

١٩٥)- دەهۆڵ درا دەنگی بڕا[١٩٥]

١٩٦)- دەوار، بە گازر، سپی نابێتەوە[١٩٦]

١٩٧)- دەوەرە ئەم کەرە لەو قوڕە دەربێنە[١٩٧]

١٩٨)- دەوەرە چیت دیوە بێگێڕەرەوە[١٩٨]

١٩٩)- دەوەن ئاخری ئەبێتەدار[١٩٩]

٢٠٠)- دەوەن بە ئاشە[٢٠٠]

---

[١٩١] واتە ئەگەر شتێکم پێ بکرایە، چارەی دەردی خۆمم ئەکرد.

[١٩٢] بە یەکێك ئەوترێ کە باسی خۆی بە باشی یا بە خراپ ببیستێتەوە لەم و لەو.

[١٩٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە ناو و شۆرەتێکی گەورەی ببێ، کەچی بێکەڵك و بێنرخیش بێ.

[١٩٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە دەنگ و باسی ببێ و خۆی دیار نەبێ.

[١٩٥] بە چاو راوێ ئەوترێ، کە درۆکەی دەرکەوێ.

[١٩٦] بە مەردومی رەش ئەوترێ، کە هەزار جار خۆی بشوا بە لفکە و سابوون، سپی نەبێتەوە.

[١٩٧] بە یەکێکی هەرزەی نەفام ئەوترێ، کە بە هەرزەیی، خۆی تووشی چورتمێك بکات.

[١٩٨] یەکێك ئەیلێ، کە یەکێك لە رویا قسەیەك بکات، کە ئەم هەرگیز بە دڵیا نەهاتبێ، کە ئەو ئەم قسەیەی پێ بڵێ.

[١٩٩] واتە هەموو شتێك، لە پێشەوە بچووکە، بەرە بەرە گەورە ئەبێت.

[٢٠٠] ئەگێڕنەوە کە کابرایەك، باراش ئەبا بۆ ئاش، لە ڕێگا بە خاوەن باراشێکی تر ئەگات کە لە ئاش ئەگەڕێتەوە، وە پرسیاری ئاشەکەی لێ ئەکات، ئەویش ئەڵێ: زۆر قەڵەباڵغە، وە بە گران نۆرەت بەر ئەکەوێ، ئەمیش ئەڵێ: کێ حەدی هەیە پێش من بکەوێ، بە خوا لەوێ بوومایە نەم ئەهێشت تۆش پێش بکەویت، کابراش ئەڵێ: دە با ئەم دەوەنە دابنێین بە ئاش، وە من ئاردەکەی خۆمی پیا ئەکەم، بزانم تۆ چۆن

٢٠١)- دەوڵەتی جوانی، ئەوە تا شوانی، دەوڵەتی پیری، ئەوەتا میری[٢٠١]

٢٠٢)- دەوڵەمەند پیرۆزت بێ، فەقیر لە کوێت بوو[٢٠٢]

٢٠٣)- دەوڵەمەند، ئەیەڵێ بە ئاش بێتەوە، هەژار نایەڵێ، لە ساج بێتەوە[٢٠٣]

٢٠٤)- دەوڵەمەند، گووی چەورە[٢٠٤]

٢٠٥)- دەوڵەمەندان، هۆهۆی جووتیانە، بێوڵەتانیش، قاسپەی کەویانە[٢٠٥]

٢٠٦)- دەوڵەمەندی، بەدڵە، نەك بە ماڵ گەورەیی بەعەقڵە، نەك بە ساڵ[٢٠٦]

٢٠٧)- ددان لە سنگی هاتیە[٢٠٧]

نایەڵێت؟ وە بارە ئاردەکەی ئەهێنێ کە بیکاتەوە ناو دەوەنەکە، کابراکەی تر توند دەستی ئەگرێ، وە ئەم خۆی رائەپسکێنێ، وە هێندێ لە ئاردەکەی ئەرێژێ، دووبارە کابرا دەستی ئەگرێ و ئەم خۆی رائەپسکێنێتەوە، وە هێندێکی تر لەئاردەکە ئەکاتەوە ناو دەوەنەکە تا هەموو ئاردەکەی خۆی بە با ئەدات، ئنجا ئەبێ بە شەڕیان، وە تێر و پڕ لەیەك ئەدەن، وە سەر و گوێلاکی یەکتری ئەشکێنن، ئێستا ئەمە بە دوو کەسی بێ عەقڵ ئەوترێ، کە لە سەر شتێکی هیچ و پووچ، دەم قاڵییان ببێ، وە بچن بە گژ یەکا، وە هەر دوو لایان زەرەرمەند بن.

[٢٠١] واتە ئادەمی تا گەنجە و توانای ئیشی هەیە دەوڵەمەندە با شوانیش بێ.

[٢٠٢] بە یەکێك ئەوترێ، بە تەوسەوە کە بە هەژارێك بڵێ: ئەمەت لە کوێ بوو، واتە دەوڵەمەند هەزار شتی ببێ، کەس پرسیاری لێ ناکا، بەڵکو هەر پرسیار لە هەژار ئەکرێ.

[٢٠٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە خواردنی شتێکا زۆر بە پەلە بێ.

[٢٠٤] واتە هەموو شتێکی دەوڵەمەند لای هەژار نرخێکی هەیە، تەنانەت گووەکەشی.

[٢٠٥] واتە بەختیاران بە پێویستی ژیانەوە خەریکن، بەدبەختانیش بە شتی منالانەوە خەریکن.

[٢٠٦] واتە دەوڵەمەند، کەسێکە، کە دڵی فراوان بێ، با نەشی بێ، وە هەژار کەسێکە، کە رووناکی لە دڵیا نەبێ، با زۆریشی ببێ، هەر وەك گەورە ئەوەیە کە ژیر بێ، با بە تەمەنیش منال بێ، وە بچوك ئەوەیە، کە ژیر نەبێ با تەمەنیشی زۆر بێ.

[٢٠٧] بە یەکێکی فێڵبازی زۆرزان ئەوترێ.

٢٠٨)- ددانیٚ خۆی خۆش ئەویٚ و نانی پیٚ ناخوات[٢٠٨]

٢٠٩)- درۆ بیٚدەسەڵاتە هەموو کەس پێی ئەوێریٚ[٢٠٩]

٢١٠)- درۆ بەدڵا ناچیٚ[٢١٠]

٢١١)- درۆ شیرینە بەرەکەی تاڵە[٢١١]

٢١٢)- درۆ گوێرەکە نییە، بە دوای ئادەمیدا بقورێنیٚ[٢١٢]

٢١٣)- درۆ فەقیرە[٢١٣]

٢١٤)- درۆ لە دوای مردن ئەکریٚ[٢١٤]

٢١٥)- درۆ ماوەی کورتە[٢١٥]

٢١٦)- درۆ مەنزڵی کۆتایە[٢١٦]

٢١٧)- درۆ ناچێتە دڵەوە[٢١٧]

٢١٨)- درۆ نە فەرزە و، نە سوننەت[٢١٨]

٢١٩)- درۆ هێشتا لە دەم دەرنەچووە لۆقە ئەکات[٢١٩]

---

[٢٠٨] بە یەکێك ئەوتریٚ کە ماڵی خۆی بە دەما نەچیٚ.

[٢٠٩] مەرد نەبیٚ.

[٢١٠] چونکە هەر لە پێشەوە دیارە کە درۆیە.

[٢١١]

[٢١٢] بە یەکێك ئەوتریٚ، کە حاشا لە درۆیەکی خۆی بکا.

[٢١٣] تەماشای پەندی دوای ئەم پەندە بکە.

[٢١٤] بە یەکێکی ئەڵێیت، کە درۆیەکی بە دەمتەوە کردبیٚ، وە هیچ نەترسابیٚ لەوەی کە رۆژیٚ چاوی پێت کەوێتەوە، وە درۆکەی دەرکەویٚ.

[٢١٥] واتە زوو دەرئەکەویٚ.

[٢١٦] واتە کەم بڕ ئەکا.

[٢١٧] چونکە بە سەر و گوێلاکیا دیارە کە درۆیە.

[٢١٨] واتە بۆچی ئەم خەلقە وا شێت گیرن لە سەری.

[٢١٩] بە درۆیەك ئەوتریٚ کە زۆر ناقۆڵا و نالەبار بیٚ، وە هەر لە سەرەتاوە دەرکەویٚ کە درۆیە.

٢٢٠)- درۆ، کەری فەقیرە[٢٢٠]

٢٢١)- درۆزن دوژمنی خوایە[٢٢١]

٢٢٢)- درۆزن شتی لە بیر نامێنێ[٢٢٢]

٢٢٣)- درۆزن کەم هۆشە[٢٢٣]

٢٢٤)- درۆزن هەر جارێك ئاشتا ئەکا[٢٢٤]

٢٢٥)- درۆزن، ئاگر لە ماڵیشی بەربێ، کەس باوەڕی پێناکات[٢٢٥]

٢٢٦)- دراوسێ لە دراوسێ، ئەگرێ سەراسێ[٢٢٦]

٢٢٧)- درای مەزن، نابێتە گۆپاڵ[٢٢٧]

٢٢٨)- درەخت لە پێشا، ناوکەیەکە[٢٢٨]

٢٢٩)- دڕك بەو بچۆ بە چاوی دوژمنا[٢٢٩]

٢٣٠)- دڕك بکێڵیت، دڕك دێتە ڕێت[٢٣٠]

٢٣١)- دڕك ترێ ناگرێ[٢٣١]

---

[٢٢٠] واتە درۆ کەرێکی هەژارە هەموو کەسێك سواری ئەبێ، یا درۆ کەری مەردومی هەژارە، واتە یەکێك سواری ئەبێ کە هەژار بێ لە ژێری و بیرا.

[٢٢١] لەبەر ئەوە قورئان لە ٣٧٣ شوێن ناوی درۆ ئەبا، وە جڵەوگیری لێئەکات، کە یەکێك لەو ئایەتانە ئەفەرموێ (فنجعل لعنەالله علی الکاذبین).

[٢٢٢] چونکە لە خۆیەوە شت هەڵئەبەستێ، وە هیچێ رووی نەداوە تا لە بیری بمێنێ.

[٢٢٣] واتە ئەمەندە درۆ ئەکات، ئاگای لە درۆکانی خۆی نامێنێ.

[٢٢٤] واتە هەر جارێك پێی باوەڕ ئەکەن.

[٢٢٥] ئەمە بچووکترین سزای درۆزنە لە جیهانا، ئنجا ئەبێ سزای رۆژی دوایی چی بێ.

[٢٢٦] سەراسێ: خووە، واتە فێری خووی یەکتری ئەبن.

[٢٢٧] گۆپاڵ، گۆچانی ئەستوورە. واتە دار بە گەورەیی ناچەمێتەوە.

[٢٢٨] واتە هەموو شتێ، لە سەرەتاوە بچووکە و بەرە بەرە گەورە ئەبێ.

[٢٢٩] واتە لە هیچ گۆشەیەکەوە زەبوونی نیشان مەدە بەرانبەر بە دوژمن.

[٢٣٠] واتە ئەگەر خراپە بکەیت لەگەڵ مەردوم ئەوانیش خراپەت لەگەڵ ئەکەن، هەر وەك چاکەیان لەگەڵ بکەیت چاکەت لەگەڵ ئەکەن.

[٢٣١] واتە چاوەڕوانی شتی باش لە پیاوی خراپ مەکە.

٢٣٢)- درێژ دەڕواو کورت دێتەوە[٢٣٢]

٢٣٣)- دز ئەوەندەی ستەمە، کەلەبەر، رەشکا[٢٣٣]

٢٣٤)- دز بازاڕی شێواوی ئەوێ[٢٣٤]

٢٣٥)- دز بە ڕێیەکدا ئەڕوا و خاوەن ماڵ بە هەزار ڕێدا[٢٣٥]

٢٣٦)- دز بدوێنە، هەر باسی پەیژەت بۆ ئەکا[٢٣٦]

٢٣٧)- دز خێرابێ، تاریکە شەو زۆرە[٢٣٧]

٢٣٨)- دز دز ئەناسێ[٢٣٨]

٢٣٩)- دز لە دزی بێ، هەر تاریکەشەو زۆرە[٢٣٩]

٢٤٠)- دز لە سەگ وەڕ ناترسێ، بەڵام ئەسڵەمێتەوە[٢٤٠]

٢٤١)- دز و پاسەوان گردەیان یەك خەن، بە کونە بانا حوشتر سەر ئەخەن[٢٤١]

٢٤٢)- دز و ماڵخۆ ئەگەر یەك بن، گا لە کولانەوە سەر ئەخەن[٢٤٢]

---

[٢٣٢] بە یەکێکی بێ بڕشت ئەوترێ کە دوای هەر کارێك بکەوێ لەم سەرەوە بە هیواوە بڕوا و لەو سەرەوە بێ هیوا بگەڕێتەوە.

[٢٣٣] دوای ئەوە ئیتر سامی ئەشکێ، واتە هەموو گوناهێك تا جارێك ئەیکەت سامی هەیە، دوای ئەوە سام ئەشکێ، ئنجا پیاوی ژیر ئەوەیە ئەو سامەی کە خوا دیاناوە لە سەر هەموو گوناهێك، ئەیشکێنێ.

[٢٣٤] چونکە باشتر دزی تیا ئەکات.

[٢٣٥] واتە ماڵ دزراو، نازانێ سۆراخی ماڵەکەی لە کوێوە بکا.

[٢٣٦] چونکە بیری شەو و ڕۆژی هەر لای دزیی و پەیژەی دزییە.

[٢٣٧] واتە مەردوم لە ئیش کردن بێ وەخت زۆرە.

[٢٣٨] چونکە شارەزای یەکن.

[٢٣٩] تەماشای ڕاڤەی پەندی ٨٩ بکە.

[٢٤٠] وە باشتر خۆی بۆ گورج ئەکاتەوە.

[٢٤١] بە دوو دز ئەوترێ، کە یەك بکەون، یەکێکیان لە ماڵەوە و ئەویتریان لە دەرەوە.

[٢٤٢] بە دوو دز ئەوترێ، کە یەك بکەون، یەکێکیان لە ماڵەوە و ئەویتریان لە دەرەوە.

٢٤٣)- دز یەکێك و شك هەزار[٢٤٣]

٢٤٤)- دزی خۆماڵی، دەرگا بەتاڵی[٢٤٤]

٢٤٥)- دزی گای خۆیەتی[٢٤٥]

٢٤٦)- دزی لە کۆزی خۆدایە[٢٤٦]

٢٤٧)- دزی ماڵی ناگیرێ[٢٤٧]

٢٤٨)- دزی ناشی لە کادان ئەدا[٢٤٨]

٢٤٩)- دزی ناوماڵ ناگیرێ[٢٤٩]

٢٥٠)- دشی دشێ، بەچی ئەچێ[٢٥٠]

٢٥١)- دڵۆپە، ئاسنیش کون ئەکا[٢٥١]

٢٥٢)- دڵ ئاگای لە دڵە[٢٥٢]

٢٥٣)- دڵ ئاوێنەی دڵە[٢٥٣]

٢٥٤)- دڵ بە درۆ نابێ گرۆ[٢٥٤]

---

[٢٤٣] لە دزییەکدا ئەوترێ، کە کەس نەزانێ دزەکە کێیە.

[٢٤٤] واتە دزی ناوماڵ، هەمیشە دەرگای بۆ لەسەر پشتە.

[٢٤٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە دزی لە شتێك بکا کە لە ئەنجاما بۆ خۆی بێ.

[٢٤٦] واتە دزی ماڵیە.

[٢٤٧] بە یەکێك ئەوترێ، لە دانیشتوانی ناوماڵ، کە دزی لە ماڵەکە بکا.

[٢٤٨] بە دزێك ئەوترێ، کە لە دزی نەزانێ.

[٢٤٩] بە یەکێك ئەوترێ لە دەست و پێوەند، کە هەر چەند شتێکی لێ هەڵکەوێ بیدزێ.

[٢٥٠] دش: خوشکی مێردە، یەکێك ئەیڵێ، کە هیچ جۆرە قازانجێکی دەست نەکەوێ. لە خزمێکی دوورییەوە، واتە کە خزم ئەوەندە دوور بوو بە تەماعی چی بم؟

[٢٥١] چونکە بە پشووە، واتە هەر کارێك وابێ، بێ بەر نابێ.

[٢٥٢] چونکە هەرچی بە دڵا تێپەڕێت، لە روخسارا، دەرئەکەوێ، وە بە چاوی دڵ ئەخوێنرێتەوە.

[٢٥٣] چونکە هەرچی بە دڵا تێپەڕێت، لە روخسارا، دەرئەکەوێ، وە بە چاوی دڵ ئەخوێنرێتەوە.

[٢٥٤] گرۆ: هۆگر، واتە دڵ بە خۆڕایی هۆگری یەکێك نابێ.

٢٥٥)- دڵ بەرد نییە لە پەڕەی گوڵ ناسکترە[٢٥٥]

٢٥٦) دڵ تەماشای دڵ ئەکا[٢٥٦]

٢٥٧)- دڵ پیر نابێ، چاو تێر نابێ[٢٥٧]

٢٥٨)- دڵ سفرە نییە، بۆ هەموو کەسێك بکرێتەوە[٢٥٨]

٢٥٩)- دڵ لە دڵ ئاگایە[٢٥٩]

٢٦٠)- دڵ لە دڵ ئەڕوانێ[٢٦٠]

٢٦١)- دڵ لە دڵ مەدە[٢٦١]

٢٦٢)- دڵ مێشە، لە گووش ئەنیشێ[٢٦٢]

٢٦٣)- دڵ و دڵخواز، ئەبێ بە نان و پیاز[٢٦٣]

٢٦٤)- دڵ وەك شووشە وایە، کە شکا ئەشکێ[٢٦٤]

٢٦٥)- دڵم پڕیەتی، دەمم زەردوویەتی[٢٦٥]

٢٦٦)- دڵم وەك گونی هەلاج لێ ئەدا[٢٦٦]

---

[٢٥٥] یەکێك ئەیڵێ: کە بە قسەیەك، یا کردەوەیەك، دڵی یەشابێ.

[٢٥٦] تەماشای راڤەی (دڵ لە دڵ ئەڕوانێ) بکە.

[٢٥٧] واتە ئارەزووی مرۆڤ تا مردن هەر ئەمێنێ.

[٢٥٨] واتە هەرچی لە دڵا بێ ناوترێ.

[٢٥٩] واتە دڵ ئاگای لە دڵە.

[٢٦٠] یەکێك بە یەکێکی ئەڵێ، کە خۆشی بوێ، یا خۆشی نەوێ، واتە من خۆشم ئەوێ چونکە ئەویش منی خۆش ئەوێ، یا خۆشم ناوێ چونکە ئەویش منی خۆش ناوێ.

[٢٦١] واتە دڵنیابە.

[٢٦٢] بە پیاوێکی گەورە ئەوترێ، کە حەزی لە ژنێکی پەستی هیچ و پووچ کردبێ.

[٢٦٣] واتە لە پاش ماوەیەك وەك نان و پیاز بێ نرخ ئەبێ.

[٢٦٤] واتە تا ئەتوانیت دڵی مەردوم راگرە.

[٢٦٥] یەکێك ئەیڵێ، کە قسەی زۆر لە دڵیا بێ، وە نەتوانێ بیانڵێ.

[٢٦٦] یەکێك ئەیڵێ کە لە ترسانا دڵی هەڵپەڕێ.

٢٦٧)- دڵی دڵخواز و نان و پیاز[٢٦٧]

٢٦٨)- دڵی کەس مەیەشێنە، کە یەشانت بێ خەم مەبە[٢٦٨]

٢٦٩)- دڵی وەك گونی هەلاج لێئەدا[٢٦٩]

٢٧٠)- دڵێکە و شاعەباس بردوویەتی[٢٧٠]

٢٧١)- دنیا بۆ دنیایە[٢٧١]

٢٧٢)- دنیا بۆیە خۆشە بێ دەرگەیە[٢٧٢]

٢٧٣)- دنیا بازاڕی خوایە[٢٧٣]

٢٧٤)- دنیا بە درۆ و قیامەت بە ڕاست[٢٧٤]

٢٧٥)- دنیا بەهەشتی بلّحانە، گاهی بخۆ، راهی بڕۆ[٢٧٥]

٢٧٦)- دنیا بەهەشتی کەرانە[٢٧٦]

٢٧٧)- دنیا بنی قووڵە[٢٧٧]

٢٧٨)- دنیا بووە بە سەڵتەماوی، ئێمەش بووین بە قلیچکە گواوی[٢٧٨]

---

[٢٦٧] واتە لەگەڵ دڵخوازی خۆتا بیت و نان و پیاز بخۆیت گەلێ خۆشترە لەوەی کە لەگەڵ دڵخوازا نەبیت با هەزاران ناز و نیعمەتیشت لە پێش بێ.

[٢٦٨] واتە کە شیرت وەشاند، ئەبێ قەڵغانت پێ بێ.

[٢٦٩] واتە زۆر ئەترسێ لە شتێك.

[٢٧٠] بە یەکێك ئەوترێ، کەحەزی لە شتێك کردبێ و پەشیمان نەبێتەو لێی.

[٢٧١] واتە تۆ باش بیت، باش ئەبم، خراپ بیت، خراپ ئەبم.

[٢٧٢] واتە مەردوم بە ئارەزووی خۆی دێت و دەڕوا، بەڵام ئێستا بەداخەوە لە سەد لاوە دەرگا داخراوە.

[٢٧٣] واتە هەموو کەسێك ئەتوانێ لە بازاڕی دنیادا، رەزای خوا بکڕێ، بە کردەوەی جوان و رەوشت و خووی بەرز.

[٢٧٤] واتە ئەگەر لە دنیادا درۆ بچێتە سەر، لە قیامەتا ناچێتە سەر.

[٢٧٥] چونکە هیچ ئامانجێکیان نییە خواردن و خواردنەوە نەبێ.

[٢٧٦] چونکە هیچ ئامانجێکیان نییە خواردن و خواردنەوە نەبێ.

[٢٧٧] واتە مەردوم ئەبێ زۆر وریا و دووربین بێ.

[٢٧٨] یەکێکی بووەی لێقەوماو ئەیڵێ، بە یەکێکی هیچ و پووچ، کە ئەمڕۆ هەڵگەڕابێت.

٢٧٩)- دنيا تا سەر بۆ کەس نامێنێ[٢٧٩]

٢٨٠)- دنيا جووڵە جووڵێتی، موختار قوونە قوونێتی[٢٨٠]

٢٨١)- دنيا حەريف ئەيخوا، يا زەريف[٢٨١]

٢٨٢)- دنيا خەرميزە[٢٨٢]

٢٨٣)- دنيا دارايی دەردی دڵە، شوو کردن پەڕەی گوڵە[٢٨٣]

٢٨٤)- دنيا دەوران دەورانە[٢٨٤]

٢٨٥)- دنيا دوو دەرگەيە، لەوەی دێيی، لەوەی دەرئەچيت[٢٨٥]

٢٨٦)- دنيا چەمە هەموو شتێکی تيايە[٢٨٦]

٢٨٧)- دنيا گوڵێکە، هەر دەمە لە چەشنێکە[٢٨٧]

٢٨٨)- دنيا کێ خواردی؟ زبان لووسان، لووس و پووسان، بێ ناموسان[٢٨٨]

٢٨٩)- دنيا کەرە سواری بە هەڕە[٢٨٩]

٢٩٠)- دنيا کڵاو کڵاوە[٢٩٠]

٢٩١)- دنيا کويرە و دويرە[٢٩١]

---

[٢٧٩]

[٢٨٠] واتە دنيا لە پێشکەوتنايە، پياوی نائەهل قنگە قنگێتی کە دەرنەکرێ.

[٢٨١] يەکەم بەهۆی زمانی لووسەوە و دووهەم بە هۆی روخساری جوانەوە. چونکە نە کۆڵ ئەدا و نە هيچيشی پێ نەنگە.

[٢٨٢] واتە هەر يەکێك شتێکی کرد، ئيتر مەردوم چاوی لێئەکەن.

[٢٨٣]

[٢٨٤] واتە هەر رۆژەی لەگەڵ يەکێکە، وە بەدەم يەکێکەوە پێئەکەنێ.

[٢٨٥] واتە هەزار ساڵ بژيت نە لە هاتنت تێ ئەگەيت، نە لە چوونت.

[٢٨٦] لە چاك و لە خراپ.

[٢٨٧] دەمێ سوور و دەمێ شين.

[٢٨٨] ئەم دنيا بۆگەنە، هەر پيرۆزی ئەم سێ دەستەيە بێ.

[٢٨٩] واتە زۆر وردی مەکەرەوە.

[٢٩٠] واتە هەر رۆژەی لەگەڵ يەکێکە، وە بەدەم يەکێکەوە پێئەکەنێ.

[٢٩١] واتە دنيا قووڵە و رێگای دوورە.

٢٩٢)- دنیا لە هەی هەی، کۆستە لە خەمی ریش[٢٩٢]

٢٩٣)- دنیا هەورە، گورگ دەمی چەورە[٢٩٣]

٢٩٤)- دنیا وەك ماستی مەیو وایە[٢٩٤]

٢٩٥)- دنیا یا زۆردار ئەیخوا یا بێعار[٢٩٥]

٢٩٦)- دنیاش دەیەوێ، قیامەتیش دەیەوێ[٢٩٦]

٢٩٧)- دنیای بە دەست و دەم گرتووە[٢٩٧]

٢٩٨)- دنیای بە هەر دوو دەست گرتووە[٢٩٨]

٢٩٩)- دنیای لێ بووە بە چەرمی چۆلەکە[٢٩٩]

٣٠٠)- دنیای لێ بووە بە کونە مشك، جێی تیا نابێتەوە[٣٠٠]

٣٠١)- دنیایە و گەزگەزێن، دەستم هەیە گەزت ئەکەم، دەستت بوو گەزم بکە[٣٠١]

٣٠٢)- دوا دواییە و ناپیاویە[٣٠٢]

---

[٢٩٢] بە یەکێك ئەوترێ بە شتێکی زۆر هیچ و پووچەوە خەریك بێ، وە بێ ئاگا بێ لە شتی گرنگ.

[٢٩٣] بەیەکێك ئەوترێ کە لە کاتێکی ئاژاوە و نائەمینیدا، هەر رۆژە لە لایەکەوە دەست بوەشێنێ.

[٢٩٤] واتە ئەمین و بە ئاسایشە.

[٢٩٥] زۆردار بە زۆرداری خۆی ئەیخوا، بێعاریش بە بێعاری خۆی.

[٢٩٦] خۆزگە بەوانەی کە بۆ هەر دوو لا ئیش ئەکەن، وە لە هیچیانا درێغی ناکەن.

[٢٩٧] واتە زۆر هەوڵی بۆ ئەدا.

[٢٩٨] واتە زۆر هەوڵی بۆ ئەدا.

[٢٩٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەبەر خەم و خەفەتێك دنیای لێ تەنگ بووبێ.

[٣٠٠]

[٣٠١] گەز گەزێن: واتە گاز گرتن لە یەکتری، واتە ئەمرۆ من دەستم هەیە، دەستی خۆم ئەوەشێنم، تۆش سبەینێ دەستت بوو دەستی خۆت بوەشێنە.

[٣٠٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە تا کاری پێت بێ دڵت راگرێ، کە لەگەڵ کاریشی پێت نەما دەربەستت نەبێ.

٣٠٣)- دویّ و پیّر، ئەمرۆت بەخیّر[٣٠٣]

٣٠٤)- دوان زۆرە و یەکیّك کەمە[٣٠٤]

٣٠٥)- دوای رووتکردنەوە، تەشتی تەلاّبنیّ بە سەرتەوە[٣٠٥]

٣٠٦)- دوای شەڕ ئاشتیە[٣٠٦]

٣٠٧)- دوای کلاّوی بابردوو کەوتووە[٣٠٧]

٣٠٨)- دوای مردن رەحمەت چاکە[٣٠٨]

٣٠٩)- دوژمن بکەیت بە دۆست، دۆست مەکە بە دوژمن[٣٠٩]

٣١٠)- دوژمن قەت بە دۆست نابیّ[٣١٠]

---

[٣٠٣] واتە ئەمە دوو رۆژە تۆ هاتوویت، کوێرا وا هار بوویت؟!

[٣٠٤] واتە منالّ یەکێکی کەمە، چونکە کە مرد پیاو بیّوەجاخ ئەمێنێتەوە، دوانیش زۆرە، چونکە نە بەخێو ئەکریّ و نە پەروەردە.

[٣٠٥] چونکە هیچت پیّ نەماوە تا لێی بترسیت.

[٣٠٦] واتە جەنگ و ناکۆکی، نابیّ بە درێژایی ژیان بیّ.

[٣٠٧] بە یەکێك ئەوتریّ، دوای کارێکی وا کەوتبیّ کە هەرگیز بۆی نەبیّ.

[٣٠٨] ئەمە بۆ مردویەکە کە چاکەی لە خراپەی زیاتر بیّ، یا ئەگەر خراپەی زۆری کردبیّ، لە رووی نادانییەوە بووبیّ، یا خراپەکانی هەمووی هەر لە بەنی خۆی و خوادا بووبیّ، بەلاّم ئەگەر یەکێك خراپ بووبیّ لەگەلّ نیشتمان و هاونیشتمانیا، وە مایەی دووبەرەکی و ئاژاوە و ناکۆکی و پاشکەوتنی ولاّت بووبیّ، بۆ ئەوانە دوای مردنیان نەفرین چاکە، تا هەموو خراپێك بسلّەمێتەوە لە خراپیەکەی، وە تێبگات کە دوای مردن، بەشی نەفرینە بە تێکڕایی، خوا لە قورئانا نەفرینی کردووە لە گەلی (عاد) و (پمود) و (لوگ) و (فرعون) دوای مردنیان بە هەزاران سالّ، هەر وەك ئەفەرمویّ (والزین ینقچون عهد الله من بعد میپاقه و یقگعون ما امر الله بە ان یوصل و یفسدون فی الارچ اولئك لهم اللعنه و لهم سوو الدار) واتە ئەوانەی پەیمانی خوا ئەپچڕن لە دوای بەستنی، وە هەرچی خوا فەرمانی داوە بە پەیوەندی کردنی ئەوان ئەیفوتێنن، وە ئاژاوە ئەنێنەوە لە ولاّتا، ئەمانە نەفرینی خوا و سزای دۆزەخ بەشیانە.

[٣٠٩]

[٣١٠]

٣١١)- دوژمن کەریشی بگێیت هەر چاکە[٣١١]

٣١٢)- دوژمن لە ماڵت نائومێد بێ[٣١٢]

٣١٣)- دوژمن نینۆکی نەبێ خۆی پێ بخورێنێ[٣١٣]

٣١٤)- دوژمن هەر دوژمنە، با خۆشی لە ئاوی زەمزەم هەڵێنێ[٣١٤]

٣١٥)- دوژمن یەك.... دۆست هەزار[٣١٥]

٣١٦)- دوژمن، بچوکیش بێ، ئیشی زل ئەکا[٣١٦]

٣١٧)- دوژمن، هێدی بکەرەوە، ئنجا تەپ بدەرە سەری[٣١٧]

٣١٨)- دوژمنایەتی زانا، لە دۆستایەتی نەزان خۆشترە[٣١٨]

٣١٩)- دوژمنی خۆی بە شەکر ئەخنکێنێ[٣١٩]

٣٢٠)- دوژمنی دانا بوو بە دۆستم، چاوەڕێم کەی بکەوێ کۆستم[٣٢٠]

٣٢١)- دوژمنی دانا لە دۆستی نادان باشترە[٣٢١]

٣٢٢)- دوژمنێك زۆرە، سەد دۆست کەمە[٣٢٢]

---

[٣١١] واتە بە هەر رەنگێ دڵ گیری بکەیت، هەر باشە.

[٣١٢] واتە لە ماڵتا بە کامی خۆی نەگات.

[٣١٣]

[٣١٤]

[٣١٥] واتە تا دۆستت زۆرتر و دوژمن کەمتر بێ باشترە.

[٣١٦] واتە دوژمندار ئەبێ هەمیشە ئاگای لە خۆی بێ.

[٣١٧] واتە لە ماڵتا بە کامی خۆی نەگات.

[٣١٨] چونکە دوژمنی زانا زیانیشت پێ بگەیەنێ وات پێ ناگەیەنێ کە بزانیت لەوەوەیە، بەڵام دۆستی نەزان روو بە روو جووتەی وات لێئەدا، حەوت پەراسووت ئەشکێنێ.

[٣١٩] بە یەکێکی ژیر و دانا ئەوترێ، کە دوژمنی خۆی بە خزمەت و پیاوەتی بکوژێ.

[٣٢٠] چونکە بە جۆرێکی وا ریشەی ژیانی ئەبڕێتەوە، کە ئەم پێنەزانێت.

[٣٢١] چونکە هەر چۆنێك بێ، دانا بێ پەردە دوژمنایەتیت لەگەڵ ناکا، بەڵام دۆستی نادان هەر ساتە نا ساتێك، لە سەر شتێکی هیچ و پووچ یەخەت ئەگرێ.

[٣٢٢] واتە تا دۆستت زۆرتر و دوژمن کەمتر بێ باشترە.

٣٢٣)- دوڕ دوڕ شێخ لەنگەر[٣٢٣]

٣٢٤)- دوعای کەر قوڵ ببوایە، جۆی بۆ ئەباری[٣٢٤]

٣٢٥)- دوعای کرد میز نەکا بە خۆیا، گوشی کرد بە خۆیا[٣٢٥]

٣٢٦)- دوکانی بەکرو، دوو قاڵب سابوون[٣٢٦]

٣٢٧)- دوو ئاو بە نانێك[٣٢٧]

٣٢٨)- دوو پشقلی بکردایە، گۆشتی ئەخورا[٣٢٨]

٣٢٩)- دوو پیت و لەتێکی خوێندووە[٣٢٩]

٣٣٠)- دوو جولەکە لە سەر ماڵی موسوڵمان شەڕیانە[٣٣٠]

٣٣١)- دوو دڵ مەبە، ئەگەر بووشی دڵتەنگ مەبە[٣٣١]

٣٣٢)- دوو روو، بێ ئابڕووە[٣٣٢]

٣٣٣)- دوو گا لە دۆڵێ رەنگی یەك ناگرن، بەڵام خولقی یەك ئەگرن[٣٣٣]

---

[٣٢٣] بە کەسێك ئەوترێ، کە قسەیەکی گرتبێ بە دەمەوە، وە هەر کە قسەیەکی تر بکا، خێرا بیباتەوە سەر ئەو باسە.

[٣٢٤] بە یەکێك ئەوترێ کە دوعای خراپت لێ بکا.

[٣٢٥] ئەگێڕنەوە: کە ژنێك منالێکی ئەبێ، هەموو شەو میز ئەکا بە خۆیا، ژنە ئەچێتە لای دوعا نووسێ، دوعایەکی بۆ بنوسێ و کە میز نەکا بە خۆیا، دوای دوعاکە، هەموو شەو گووش ئەکا بە خۆیا، ئنجا بەم بۆنەیەوە ئەم پەندە وتراوە، بە یەکێك ئەوتری کە دەست بداتە کارێك تا باشتری بکا، کەچی خراپتری کا.

[٣٢٦] بە شتێکی کەم و کووڕ ئەوترێ.

[٣٢٧] یەکێك ئەیڵێ کە برسی بێن وە لە جیاتی نان، ئاو بخواتەوە.

[٣٢٨] بە مەردومی گێژ و وێژ و سادە و کەڕەواڵە، ئەوترێ.

[٣٢٩] پیت: حەرفە، بە یەکێك ئەوترێ کە خوێندەوارییەکی کەمی ببێ.

[٣٣٠] بە دوو کەس، یا دوو دەستە ئەوترێ، کە لە سەر ماڵی یەکێك یا دەستەیەك کەوتبنە مشت و مڕ.

[٣٣١]

[٣٣٢] بۆیە رووی دێ، لەگەڵ هەموو کەسێکا بە روویەك بوێستێ و بە زبانێك بدوێ.

[٣٣٣] واتە ئاوەڵ، خووی ئاوەڵ ئەگرێ.

٣٣٤)- دوو فەلە کاروانێکە، دوو ژنا حەمامێکە دوو کەران گاڕانێکە[٣٣٤]

٣٣٥)- دوو فوو و سەبرێکی ئەویٚ[٣٣٥]

٣٣٦)- دوو کاڵەك بە دەستیٚ هەڵناگیریٚ[٣٣٦]

٣٣٧)- دوو کەس بچن بۆ لای قازی، هەر یەکێکیان دێتەوە بە رازی[٣٣٧]

٣٣٨)- دوو کەس لە پشتی بێژنگەوە سەیری یەکتری بکەن، ئەم چۆن ئەو ئەبینیٚ، ئەویش ئەم وا ئەبینیٚ[٣٣٨]

٣٣٩)- دوو مەمك لە باخەڵێکا بن، هەڵئەتەقێن بە یەکا[٣٣٩]

٣٤٠)- دوو نینۆکان دەخورێنم، دوو کەسان بە شەڕ دێنم[٣٤٠]

٣٤١)- دوور برۆ و دروست وەرەوە[٣٤١]

---

[٣٣٤] واتە چونکە یەکەمیان زۆر قسە ئەکەن، وە دووهەمیان زۆر دەنگە دەنگ ئەکەن، وە سێهەمیان زۆر تەپە تەپ ئەکەن.

[٣٣٥] ئەگێڕنەوە کە دوو کەس دائەنیشن بۆ نان خواردن، میوانەکە خێرا یاپراخێك هەڵ ئەگریٚ کە ئەیخاتە دەمی، ئەبینیٚ زۆر گەرمە، رووشی نایە تفی بکاتەوە، ناچار سەر بەرز ئەکاتەوە بۆ بن میچی خانۆکە و ئەڵیٚ ئەم خانووە چەندی تیٚ چووە؟ ئەڵیٚ: دوو فوو و سەبرێکن ئنجا ئێستا بە یەکێك ئەوتریٚ، کە لە کارێکا زۆر پەلە بکات خۆی پەشیمان بێتەوە.

[٣٣٦] واتە دوو مەبەستی جوێی لە یەکەوە دوور، لە کاتێکا بە یەك کەس ناکریٚ.

[٣٣٧] چونکە هەر یەکێکیان خاوەن مافە و حوکمی بۆ ئەدریٚ.

[٣٣٨] واتە هەر کەسێك بە چاوێکی خراپ سەیری یەکیٚ بکا، نابیٚ بە تەمای ئەوە بیٚ کە ئەو بە چاوێکی باش تەماشای ئەم بکات.

[٣٣٩] بە دوو کەس ئەوترێن، کە لە ماڵێکا بن و بە یەکا هەڵتەقی بن، واتە ئەمە شتێکی ناچارییە، تەنانەت بۆ دوو مەمکیش کە لە یەك باخەڵا بن.

[٣٤٠] وا دەنگ بڵاوە، کە دوو کەس، دەمەقاڵێیان بوو، ئەگەر یەکێك لەولاوە هەر دوو نینۆکی پەنجە گەورەکانی دەستی لە یەك بدا، ئەوان دەمقاڵێکەیان، ئەبیٚ بە جەنگێکی سەخت، ئنجا ئەم پەندە یەکێك ئەیڵیٚ کە حەزی لە جەنگ و ئاژاوە بیٚ.

[٣٤١] بە یەکێك ئەوتریٚ، کە خەریکی کارێك بێت، واتە پەلە و دەست و بردی تیا مەکە، با خراپ نەبێت، وە بە شێنەیی بیکە، با زۆریشی پیٚ بچێت.

٣٤٢)- دووربینی ئەکا[٣٤٢]

٣٤٣)- دووربینی، پەشیمانی لە دوا نییە[٣٤٣]

٣٤٤)- دوورکوژە[٣٤٤]

٣٤٥)- دوورو دۆست خۆشە[٣٤٥]

٣٤٦)- دووڕووی دوو زبان سەریان بەخوێنەوەیە[٣٤٦]

٣٤٧)- دووری و دۆستی[٣٤٧]

٣٤٨)- دووگ بە پشیلە ئەسپێرێ[٣٤٨]

٣٤٩)- دووگی خۆم خۆش بێ خانووم بۆ چییە[٣٤٩]

٣٥٠)- دووگی چەور بێ بەلا نییە[٣٥٠]

٣٥١)- دووکەڵی ماڵی خۆت لە ئاگری شوێنان گەرمترە[٣٥١]

٣٥٢)- دووی لێدا[٣٥٢]

---

[٣٤٢] واتە تەماشای دوایی کار ئەکات.

[٣٤٣] چونکە هەموو شتێك لەو دووربینیەدا، بەرچاو ئەخرێ، وە بۆ هەموو شتێك شتێك دائەنرێ.

[٣٤٤] بە شتێك ئەوترێ، کە لە دوورەوە جوان بێ.

[٣٤٥] دۆستێك بە دەستێکی ئەڵێ، کە دووهەمیان بیەوێ زۆرتر تێکەڵ بن، وە هەمیشە پێکەوە بن، واتە دۆستی لەگەڵ دووری دا باشتر ئەمێنێ، وەی لەگەڵ نزیکی دا.

[٣٤٦] واتە رۆژێ ئەبێ، لە سەر دوو زبانییەکەی، بکوژرێ.

[٣٤٧] دۆستێك بە دەستێکی ئەڵێ، کە دووهەمیان بیەوێ زۆرتر تێکەڵ بن، وە هەمیشە پێکەوە بن، واتە دۆستی لەگەڵ دووری دا باشتر ئەمێنێ، وەی لەگەڵ نزیکی دا.

[٣٤٨] بە یەکێك ئەوترێ کە ماڵی خۆی بداتە دەست مەردومی نائەمین.

[٣٤٩] ئەمە لە زمانی مەڕەوە وتراوە، گۆیا بە مەڕیان وتووە بۆ خانوویەك دروست ناکەیت بۆ زستان، ئەویش وای وەلام داوەتەوە.

[٣٥٠] واتە هەر کەسێك داراییەکی ببێ، چاك وایە بەشی هەژارانی لێبدات، تا تەماعی تێ نەکەن.

[٣٥١] واتە بە کەمی خۆت داکەوە، چاوت لە ماڵی کەس نەبێ.

[٣٥٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە بمرێ، یا زەرەرێکی وا بکا کە بە تەواوی بروخێ.

٣٥٣)- دۆ بێ و ، دۆکەش بە خولق و خوو بێ[٣٥٣]

٣٥٤)- دۆ بدە بە بێ دۆ، لای وایە ماستە، پەنجەی بۆ ئەبا بزانێ راستە[٣٥٤]

٣٥٥)- دۆ و دۆشاو تێکەل ئەکا[٣٥٥]

٣٥٦)- دۆ، بۆ دەروێش، قات نییە[٣٥٦]

٣٥٧)- دۆخینی قوونێ، زاخاوی ناوێ[٣٥٧]

٣٥٨)- دۆست ئەوەیە ئەم گریەنێ دوژمن ئەوەیە ئەمکەنێنێ[٣٥٨]

٣٥٩)- دۆست بە سەرم کا بە گوێزێك، گوێزەکەش پووت بێ[٣٥٩]

٣٦٠)- دۆست پەیدا کردن چەند گرانە، دوژمن پەیدا کردن چەند ئاسانە[٣٦٠]

٣٦١)- دۆست لەسەر ئەروانێ و دوژمن لە پێ[٣٦١]

٣٦٢)- دۆست و دوژمن لە تەنگانەدا دەردەکەون[٣٦٢]

٣٦٣)- دۆست و دوژمن لە یەك جیا نەئەکرانەوە[٣٦٣]

---

[٣٥٣] ئەم پەندە لە مەعنای پەندی (نانت جۆین و خولقت گەنمین بێ) دایە.

[٣٥٤] واتە هەر شت بدە بە هەژاری نەك بەدارا.

[٣٥٥] بە یەکێك ئەوترێ کە بە سەریا هات هەرچی بە دەما بێ بیلێ.

[٣٥٦] یەکێکی بێنەوا ئەیلێ، کە لە لایەکەوە شتێکی دەست کەوتبێ، واتە خوا پەك ناخات.

[٣٥٧] واتە بەندە خوێن نەقش و گوڵ لێ کردنی ناوێ، بە شتێك ئەوترێ، کە پێویست بە جوان کردنی نەبێ.

[٣٥٨] دۆستێك ئەیلێ بە دۆستێك کە ئامۆژگاری بکات، وە نەنگەکانی بە بێ پەردە پێ بڵێ، بەجۆرێك کە لووتی بچووزێتەوە.

[٣٥٩] چونکە مەبەست گوێزەکە نییە، بەڵکو بە سەرکردنەوەکەیە.

[٣٦٠] واتە ئەگەر ئازایت دۆست بۆ خۆت پەیدا بکە.

[٣٦١] کەواتە تا ئەتوانیت پێ و پێڵاوت جوان بێ.

[٣٦٢] کە یەکەمیان زۆر بە دەورتا دێ و یارمەتیت ئەدا، دووهەمیشیان هیچ.

[٣٦٣] واتە دنیا هێشتا تاریك بوو، وە شەبەقی نەدا بوو.

٣٦٤)- دۆست و دوژمن لێك ناكاتەوە[٣٦٤]

٣٦٥)- دۆست و دوژمنی خۆی ناناسێ[٣٦٥]

٣٦٦) دۆستی دۆستم دۆستمە، دوژمنی دوژمنم دۆستمە[٣٦٦]

٣٦٧)- دۆستی سەر كاسەیە[٣٦٧]

٣٦٨) دۆشاو بۆ پاشا قات نییە[٣٦٨]

٣٦٩)- دۆشاو بۆ ریشی پاشا قات نییە[٣٦٩]

٣٧٠)- دۆشاو بە گونت لە جێی بێ ئاوا[٣٧٠]

٣٧١)- دۆعای نا بە حەق، سەر بە ساحێبێتی[٣٧١]

٣٧٢)- دۆڵەی پڕ ئاشتی ماڵە[٣٧٢]

٣٧٣)- دۆم ئەڵێ: دنیا بە قرچێ، مشتەی منی تیا نەچێ[٣٧٣]

٣٧٤)- دۆم بۆ سەر و پێیەك، ماڵی خۆی جیا ئەكاتەوە[٣٧٤]

---

[٣٦٤] واتە زۆر هەرزەیە.

[٣٦٥] واتە زۆر هەرزەیە.

[٣٦٦] ئەگەر ئەم دەستوورە راست بێ، دۆستی دوژمن و دوژمنی دۆستیشم دوژمنە.

[٣٦٧] بە یەكێك ئەڵێن: كە هەر لە كاتی تیكە گلاندنا بتناسێ.

[٣٦٨] كە ریشی پێ دەق كا،بە دەوڵەمەندێك ئەوترێ، كە شتێكی بوێ، واتە بە ئاسانی دەستی ئەكەوێ.

[٣٦٩] كە ریشی پێ دەق كا،بە دەوڵەمەندێك ئەوترێ، كە شتێكی بوێ، واتە بە ئاسانی دەستی ئەكەوێ.

[٣٧٠] بە یەكێك ئەوترێ لە رووی سووكیەوە، كە قسەیەكی منالآنە بكات.

[٣٧١] واتە یەكێك بە ناڕەوا دۆعا لە یەكێك بكات، دۆعاكەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەر خۆی.

[٣٧٢] دۆڵە: مەركانەیەكی گەورەیە، نانی بەردەستی تیا هەڵئەچنرێ. ئەم پەندە لە مەعنای: (كاسەی پڕ ئاشتی ماڵە) دایە.

[٣٧٣] ئەمە ئەوپەڕی خود پەرستیە.

[٣٧٤] واتە تا بۆی هەڵكەوێ، بە سەر تۆوە ئەلەوەڕێ، بەلآم كە سەر و پێیەكەی شك برد، ماڵی خۆی جیا ئەكاتەوە.

۳۷۵)- دۆم بێ و کەلاش بۆ خۆی بکا[۳۷۵]

۳۷٦)- دۆم بێ و لەزری لێ بێ[۳۷٦]

۳۷۷)- دۆم بە دانیشتن ماڵ وێرانە[۳۷۷]

۳۷۸)- دێ پڕە لە دەنگ و باس پوڕێ خۆی لێ کەڕ ئەکات[۳۷۸]

۳۷۹)- دێ نەگەیی، دووکەڵ بگات[۳۷۹]

۳۸۰)- دیاری شوان، یا شنگە، یا هەڵەکۆك[۳۸۰]

۳۸۱)- دیاری مێروله، قاچە کوللەیەکە[۳۸۱]

۳۸۲)- دێتنی ساڵێك و سەعاتەکی یەکە[۳۸۲]

۳۸۳)- دیدەنی یاران، چ ساڵێك و چ ساتێك[۳۸۳]

۳۸٤)- دێر بێ و نێر بێ[۳۸٤]

---

[۳۷۵] واتە زۆر چاکی ئەکات.

[۳۷٦] دۆم: زۆر ترسنۆکە، ئنجا وەرە لەرزی لێبێت، ئەبێ چی بەسەر بێ؟ بە یەکێك ئەوترێ، کە تووشی شتێکی وا ببێ کە زۆری لێ بترسێ.

[۳۷۷] چونکە ئەوەی پەیدای نەکا، نیەتی بیخوات، یەکێك ئەڵێ کە پێویست بێ بە ئیشکردن.

[۳۷۸] بە یەکێك ئەوترێ بەدناوییەکی بە دواوە بێ، بشزانێ و گوێی نەداتێ.

[۳۷۹] بە یەکێك ئەوترێ، کە زوو بە زوو، دەنگێکی خراپی ناشرینی لێ دەربچێ.

[۳۸۰] یەکێکی هەژار ئەیلێ کەدیارییەکی کەم نرخ ببا بۆ یەکێك.

[۳۸۱] یەکێکی هەژار ئەیلێ کەدیارییەکی کەم نرخ ببا بۆ یەکێك.

[۳۸۲] میوانێکی خۆشەویست دەیلێ بە خانەخوێکەی لە کاتێکا کە میوانەکەی بیەوێ بگەڕێتەوە و خانەخوێکەشی نەیەلێ.

[۳۸۳] یەکێك ئەیلێ کە لە دوور بێتەوە ناو کەس و کاری، وە لە دوای چەند رۆژێك، بیەوێ بگەڕێتەوە، وە خزمەکانی نەیەلن، وە داوای لێبکەن، کە چەند رۆژێکی تر بمێنێتەوە.

[۳۸٤] واتە ئەو شتەی دەست ئەکەوێ هەر باش بێ، با درەنگیش دەست کەوێ.

٣٨٥)- دیزه به کۆڵه[٣٨٥]

٣٨٦)- دیزه بێینەوه ئەسکوێی خۆتی لێ داگره[٣٨٦]

٣٨٧)- دیزه رەشەی دوو کون له بنا، دەسته چەورەکەت سوو به سەر منا[٣٨٧]

٣٨٨)- دیزه کەر، مەنای گۆزه کەر ئەکات[٣٨٨]

٣٨٩)- دیزەی رەشه، خۆتی لێ مەده[٣٨٩]

٣٩٠)- دێگەڵەی نەدیوه چەند ماڵه[٣٩٠]

٣٩١)- دێگونه چاره هاته روو، دەنکه هەنارەیان نایه پشت کەنوو[٣٩١]

---

[٣٨٥] به دایکی کچێك ئەوترێ، که کچەکەی شوی نەکردبێ، واته چۆن دیزه به بەردێکی بچووك ئەشکێ، کچیش تا شوو ئەکات به قسەیەیك ناشرین ئەشکێ، بۆیه دایکی کچ ئەڵێ بەو کەسەی داوای کچەکەی ئەکا: من ئێستا دیزه به کۆڵ و ئەو بەرد له مشته.

[٣٨٦] خانه خوێیەك ئەیڵێ، که میوانەکەی داوای دۆی لێ بکات، واته دۆمان ئەگەر ببوایه له دیزەکەدا ئەبوو، خۆ هیچی تیا نییه، کەواته دۆمان نییه.

[٣٨٧] به ژنێکی دێز ئەوترێ، که ئەنگێکی خۆی بنێ به سەر یەکێکی تردا.

[٣٨٨] یەکێك ئەیڵێ، که یەکێکی تر جڵەوگێری ئەم بکا له کارێکا که کاری ئەویش وەك ئەم وابێ. وەك مامۆستایەکی مەکتەب که جڵەوگێری مامۆستایەکی قوتابخانەی ئەهلی بکات.

[٣٨٩] به یەکێك ئەوترێ، هەر کەسێك لێی بکەوێ و ئازاری بدات، خوا تۆڵەی لێ بسێنێ.

[٣٩٠] به یەکێك ئەوترێ، به تەوسەوه که خۆی هەڵ بکا، وه وا نیشان بدا، که ئاگای لێی نییه.

[٣٩١] ئەگێڕنەوه که پیاوێك ژنێکی ئەبێ ئەمرێ، وه کچێکی زۆر جوانی لێ ئەبێ، ناوی (دەنکه هەنار) ئەبێ، له پاشا کابرا ژنێکی تر دێنێ، وه کچێکی زۆر ناشرینی لێ ئەبێ، ناوی ئەنێن (دیگونەچار) ئەم باوەژنه زۆر لەگەڵ دەنکه هەنارا خراپ ئەبێ، رۆژێ کوره دەوڵەمەندێك، چاوی به دەنکه هەناره ئەکەوێ، زۆری پێ جوان ئەبێ، وه حەزی لێ ئەکا، وه ئەنێرێ بۆ خوازبێنی و ئەیدەنێ، بەڵام شەوی گواستنەوەی باوەژنەکەی، کچەکەی خۆی بۆ ئەکا به بووك و بۆی ئەنێرێ، وه دەنکه هەنار ئەشارێتەوه، کوڕەکه که چاوی به دێگونەچار ئەکەوێ، سەرسام ئەبێ وه دەستی بۆ نابا، له پاشا پێ ئەزانرێ، وه دێگونەچار ئەنێرنەوه بۆ دایکی وه دەنکه هەنار ئەبەن

٣٩٢)- دێڵێ حیز، گۆڵی گورگ خنکێنی لێ نابێ[٣٩٢]

٣٩٣)- دێڵە شرێ، مەکە ترِە ترِێ، ئەمیشت ئەبرِێ[٣٩٣]

٣٩٤)- دێو کەم بوو لە دێوەڵان، ئەوەش هاتە سەربانی کوندەڵان[٣٩٤]

٣٩٥)- دیواخانی ترِانە، قاڵی و مافوور هەرزانە[٣٩٥]

بۆ کورِەکە، ئنجا بەم بۆنەیەوە، ئەم پەندە وتراوە، ئێستا بە هەموو شتێکی جوان و باش ئەوترێ، کە بگۆرِێ بە شتێکی ناشرینی خراپ.

[٣٩٢] واتە خێزانی حیز، پیاوی تیا هەڵناکەوێ.

[٣٩٣] بە ژنێکی ناکەس بەچە ئەوترێ، کە لە ماڵی باوکی نان نەبووبێ بیخوا، ئێستا لە ماڵی مێردەکەی ناشکوری بکا.

[٣٩٤] یەکێك ئەیڵێ کە خۆی خێزانی زۆر بێ، وە خزمێکی لێ قەوماویشی بێتە سەر.

[٣٩٥] بە دیوەخانی یەکێك ئەوترێ کە هەر میوانێك رووی تێ بکا، هەموو جۆرە مەسرەفێکی لەسەر خۆی بێ.

پیتی ڕێ

١)- ڕازت لای یەكێك دانێ و پرست لای هەزار[١]

٢)- ڕاست بە ڕاستی، خوار بە شكستی[٢]

٣)- ڕاست بە و بە لای شێرا بڕۆ[٣]

٤)- ڕاست و چەپی خۆی لێك ناكاتەوە[٤]

٥)- ڕاستی ڕەفتی، چەفتی كەفتی[٥]

٦)- ڕاستی وەك گۆچان وایە[٦]

٧)- ڕاوی ڕێوێ، بۆ كەوڵێتی[٧]

٨)- ڕاوی گردی ڕەش ئەكا[٨]

٩)- ڕای خۆی، وا لەدەست خۆی[٩]

١٠)- ڕەتی بڵاوە[١٠]

---

[١] واتە نهێنی دڵی خۆت بە كەس مەڵێ، بەڵام بۆ هەموو كارێك تا ئـەتوانیت، پـرس بكـە و ڕاوێژ لەگەڵ دۆستا بكە.

[٢] واتە پاداشی كردەوەی مەردوم دێتەوە ڕێی، چاكەی بە چاكە و خراپەی بە خراپە.

[٣] واتە كە ڕاست بوویت لە هیچ مەترسە.

[٤] واتە زۆر گەلحۆ و كەڕەواڵەیە.

[٥] واتە كە ڕاست بوویت ئەڕۆیت و تێ ئەپەڕیت، بەڵام كە خوار بوویت ئەكەویت.

[٦] واتە ڕاستی هەرگیز نییە.

[٧] بە دەوڵەمەندێك ئەوترێ، كە بیانویەكی پێ بگیرێ، واتە مەبەس پارەكەیـەتی كـە لێـی بسەندن.

[٨] واتە ئازا و لێهاتووە، بە گژ هەموو شتێكا ئەچێ.

[٩] بە یەكێك ئەوترێ، كە هەموو شتێ بە دەست خۆی بێ.

[١٠] واتە ئیشی زۆرە و بیری بڵاوە.

١١)- ڕەپی خۆت دەر بێنە، سیسی خۆمی بهاومێ[11]

١٢)- ڕەحم بە بەچکەی مار ناکرێ[12]

١٣)- ڕەحم کردن بە زۆردار، زوڵمە لە هەژار[13]

١٤)- ڕەحمەت لە کفن دزی پێشوو[14]

١٥)- ڕەخش بێ و ڕەخشی ڕۆستەم بێ[15]

١٦)- ڕەز، بۆ ڕەزەوان، بەز بۆ بەزەوان[16]

١٧)- ڕەش ڕاهات[17]

١٨)- ڕەش هەر، ڕەشە[18]

١٩)- ڕەش و سپی لێك ناکاتەوە[19]

٢٠)- ڕەشبە وەك تاوە، ئەتخوازن بە ناوی باوە[20]

٢١)- ڕەشەبا وتی بە کایەن: قاپی بکەرەوە کات بۆ تێ بکەم، کایەن وتی: ئەوی تیا ماوە مەیبە، هیچیشم بۆ تێ مەکە[21]

---

[11] واتە تۆ کاری خۆت مەکە با من کاری خۆم بکەم.

[12] چونکە کە گەورە بوو، پێتەوە ئەدا.

[13] چونکە تا دەستی ببێ، ستەم ئەکات لە هەژار.

[14] ئەگێڕنەوە کە لە کۆنا دەستەیەك بوون شەو کفنی مردوویان دزیوە، چەند زەلامێکی مەرد بۆیان دائەنیشن تا ئەیانگرن و تۆڵەیان ئەدەن. دوای ئەوان دەستەیەکی تر لە کفن دز پەیدا ئەبن، لەگەڵ ئەوەی کە کفنەکە ئەدزن، هەر مردوویەکیش ئافرەتێکی جوانی ڕێك و پێك بووایە، دەستی نامەردیان بۆ ئەبردن، ئنجا بەم بۆنەیەوە ئەم پەندە وتراوە.

[15] بە یەکێکی ئەڵێیت، کە زۆر پەسەند بێ لات، بە ڕەنگێك کە هەر چیش سەر بەو بێ، هەر وا لە لات پەسەند بێ.

[16] واتە هەر کارێك بە پیاوی خۆی بسپێرە.

[17] واتە ون بووە.

[18] واتە خراپ هەر خراپە.

[19] واتە زۆر نادان و کەودەنە.

[20] بە کچێکی ناشرین ئەوترێ، کە شویەکی باشی کردبێ بە هۆی دەوڵەمەندی باوکییەوە.

[21] بە یەکێك ئەوترێ کە یەکێکی فێڵباز بیەوێ هەموو ماڵەکەی بخوات، تا لەم پەندە دەرس وەرگرێ و خۆی بۆ شل نەکات.

٢٢)- رەشی، رووتی، کڵاوت نییە، ئەم جەژن بەو جەژن پڵاوت نییە[٢٢]

٢٣)- رەگی خرنوك لە ئاوە[٢٣]

٢٤)- رەفیقی دز و شەریکی قافڵە[٢٤]

٢٥)- رەقە وەك توو، رەشە وەك موو، دەوڵەتی باوکی ئەیدا بە شوو[٢٥]

٢٦)- رەمەزانە، مەرگی ژنانە[٢٦]

٢٧)- رەنج پەیژەی سەرکەوتنە[٢٧]

٢٨)- رەنج سەرەنجامی گەنجە[٢٨]

٢٩)- رەنجی بوو بە رەنجی فەرهاد[٢٩]

٣٠)- رەنگ زەردی کێشان، مایەی بێدەسەڵاتییە[٣٠]

٣١)- رەنگی جاجمەکەی لێ نیشتووە[٣١]

٣٢)- رەنگی زەردە وەك مردیان، چارەی ناکرێ بە نوشتیان[٣٢]

٣٣)- ردێنی خۆت مەخەرە دەست منالان[٣٣]

٣٤)- رژدی، ریسوایی لە دوایە[٣٤]

---

[٢٢] هەژاری لات، بەخۆی ئەڵێ.

[٢٣] بە دارابیەك ئەوترێ کە لە بن نەیەت.

[٢٤] بە یەکێك ئەڵێن، کە لە ماڵێکا بێ، وە لە پیت و فەڕی ماڵەکەدا بەشداربێ، کەچی لەگەڵ دزی دەریشەوەدا دەستی ببێ.

[٢٥] تەماشای پەندی ٤٤ بکە.

[٢٦] چونکە ئەرکی ژن لە رەمەزانانا، گەلێ لە ئەرکی پیاو زیاترە.

[٢٧] واتە هیچ شتێك بەبێ رەنج دەست ناکەوێ.

[٢٨] واتە تا رەنج نەدەیت، گەنج دەست ناخەیت.

[٢٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەر رەنجێك بدا بێسوود بێ.

[٣٠] واتە نەبوونی زۆر جار رەنگ زەردی بە سەر مەردوما ئەهێنێ.

[٣١] بە نەخۆشێك ئەوترێ، کە رەنگی مردووی لێ نیشتبێ.

[٣٢] واتە خوا بۆ هەموو نەخۆشیەك دەرمانێکی داناوە، تۆش دەرمانەکەی بدۆزەرەوە.

[٣٣] واتە جڵەوی خۆت مەدەرە دەست نادانان.

[٣٤] واتە لە هیچ شوێنێکا رژدی مەکە.

٣٥)- رزق به پێ ناگیرێ[٣٥]

٣٦)- رزق هەر ئەوە نییە بە بەرچاوەوە بێ[٣٦]

٣٧)- رکێشە بە رەگ، گلێنە بە بنەتۆو[٣٧]

٣٨)- رم بە کەوان نا هاوێژێ[٣٨]

٣٩)- رم جێ بکەرەوە، ئنجا بی دزە[٣٩]

٤٠)- روو بە ڕوو ئەکەوێت و چاو بە چاو[٤٠]

٤١)- روو بە روو دەم چەور، پاشملە دەم تەور[٤١]

٤٢)- رووزەردی کێشان، مایەی بێ دەسەڵاتییە[٤٢]

٤٣)- رووناکی مانگەشەو، سەر لە ئێوارە دیارە[٤٣]

٤٤)- رووی رۆژ بە بێژنگ ناگیرێ[٤٤]

٤٥)- رووی رەش بێ داران، کە منی خستە مەنە مەنەی منالان[٤٥]

---

[٣٥] واتە رۆر جار دوای ئەکەویت و کەچی هیچ.

[٣٦] رۆژی: پێ بژێیوێکە کە خوا بتداتێ، واتە رۆژی هەر ئەوە نییە کە ئەبینرێ، بەڵکو زۆری نابینرێ، نابینیت هی وا هەیە ئیشێکی سەد فلسی بە پەنجا فلس ئەکات.

[٣٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە خویەکی خراپا چوبێتەوە سەر خزمێکی خراپی، لە باوکەوە یا لە دایکەوە.

[٣٨] واتە کاری گەورە بە پیاوی بچووك ناکرێ.

[٣٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە شتێك بدزێ و بۆی حەشار نەدرێ، واتە کە ناتوانێت حەشاری بدەیت، مەیدزە.

[٤٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئیشێکی ناشرین بکات لەگەڵ ئاشنایەکی خۆیا. واتا کاری وامەکە، سبەینێ چاوتان بە یەکتری ئەکەوێتەوە وە رووزەردیت بۆ ئەمێنێتەوە.

[٤١] واتە لە ڕووتا دۆست و لە پاشملە دوژمنە.

[٤٢] بەڵێ زۆری رووزەردی لەبەر نەبوونییە، بەڵام هی واش هەیە ئەگەر هەرچی دۆلاری ئەمریکا و پاوەندی ئسترلینی هەیە هی ئەو بێن هەر رووزەردە تا مردن.

[٤٣] واتە هەموو کارێك، لە سەرەتاوە دەرئەکەوێ کە چۆنە.

[٤٤] واتە پیاوی گەورە، بە درۆ و دەلەسە ناشارێتەوە.

[٤٥] واتە ئیمساڵ دار بەڕوو بەری نەگرت، ناچارم بووم مەنە مەنە بەڕوو قەرز بکەم، یەکێك ئەیلێ، کە کەم وکورییەك، رووی تێکردبێ، وە ناچار بووبێ بە داواکردن لەم و لەو.

٤٦)- رووی زەمانە رەش بێ[٤٦]

٤٧)- رووی قەڵغانی تێ کردووە[٤٧]

٤٨)- رووی کردە رەشەبا[٤٨]

٤٩)- رووی نەبوونی رەش بێ[٤٩]

٥٠)- روویێ لە زۆرێ پترە[٥٠]

٥١)- رۆژ بە پەنجە ئەژمێرێ[٥١]

٥٢)- رۆژ بووە بە ساڵ، سك بووە بە جەواڵ[٥٢]

٥٣)- رۆژ دەڕوا، قەزا ناڕوا[٥٣]

٥٤)- رۆژ دیارە پەنجەی ناوێ[٥٤]

٥٥)- رۆژ لە رۆژاوا هەڵات[٥٥]

٥٦)- رۆژ هەموو رۆژێ لە جێگەیەك هەڵنایە[٥٦]

٥٧)- رۆژان رۆژیان لە شوێنە[٥٧]

٥٨)- رۆژی پاك بۆ تەمەڵ، شەوەزەنگە[٥٨]

---

[٤٦] یەکێك ئەیلێ، کە گلەی لە بەختی خۆی بێ.

[٤٧] واتە ئامادەی جەنگە.

[٤٨] واتە مرد، بە یەکێك ئەوترێ، لە رووی سووکییەوە، کە بمرێ.

[٤٩] هەژارێك ئەیلێ، کە ئارەزووی شتێکی بێ، بیکا و نەی بێ.

[٥٠] واتە زۆر جار ئەوی بە تکا ئەکرێ بە زۆر ناکرێ.

[٥١] واتە زۆر چاوەڕوانی شتێکە.

[٥٢] واتە رۆژگار درێژبووە، وە مەردوم هەر بەوەدا ئەگات کە نان بخوات.

[٥٣] واتە ئەوی خوا چارەنوسی کردبێ هەرگیز بە سەرتا تێناپەڕێ.

[٥٤] بە یەکێکی گەورەی ناودار ئەوترێ، کە پێویست بە پرسیار نەبێ.

[٥٥] بە کارێك ئەوترێ کە بە پێچەوانەی ئاوات و ئومێدی تۆ بێتە دی.

[٥٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئەمڕۆ ئەو دەستی ببێ و یارمەتی تۆ نەدات واتە هەموو رۆژ وانابێ کە من پێویست بم بە تۆ.

[٥٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئیمڕۆ لە خۆشییەکا بێ وە ئاگای لە پاشە رۆژ نەبێ.

[٥٨] چونکە ئیشی تیا ناکات.

٥٩)- رۆژی نەفسییە، کەس ئاگای لە کەس نییە[٥٩]

٦٠)- رۆژێك بە کەڵەشێری، نەك هەزار رۆژ بە مریشکی[٦٠]

٦١)- رۆژێك بە مل بەرزی، نەك سەدساڵ بە مل حیزی[٦١]

٦٢)- رۆژێك کەڵەشێری لەسەد رۆژ مریشکی چاکترە[٦٢]

٦٣)- رۆستەم نێر بوو یا مێ[٦٣]

٦٤)- رۆڵە لەبەر دایك هەڵ ئەگرێ[٦٤]

٦٥)- رۆن کە زۆر بوو، قنگی پێ چەور ئەکەن[٦٥]

٦٦)- رۆن لە پیاو بکڕە و گەنم لە ژن[٦٦]

٦٧)- رۆنی خۆم، ئەدا لە سەری خۆم[٦٧]

٦٨)- رۆنی رژاو، ئەکا بە خێری باوکی[٦٨]

٦٩)- رێ بێ رۆیشتن نابڕێ[٦٩]

---

[٥٩] بە رۆژی تەنگانە و چەڵەمە ئەوترێ.

[٦٠] واتە پیاوی مەرد و گەلی مەرد، ئەوەیە کە بە ئازادی و سەربەرزی بژین نەك بە ژێردەستی و سەرشۆڕی.

[٦١] واتە پیاوی مەرد و گەلی مەرد، ئەوەیە کە بە ئازادی و سەربەرزی بژین نەك بە ژێردەستی و سەرشۆڕی.

[٦٢] واتە پیاوی مەرد و گەلی مەرد، ئەوەیە کە بە ئازادی و سەربەرزی بژین نەك بە ژێردەستی و سەرشۆڕی.

[٦٣] بە یەکێك ئەوترێ کە سەعاتێك قسەی بۆ بکرێ لە بابەتێکەوە، کەچی لە پڕ قسەیەك بدرکێنێ نیشان بدات کە لە قسەکانت لە هیچی نەگەیشتووە.

[٦٤] واتە دزێکی زۆر چالاکە.

[٦٥] بە شتێك ئەوترێ، کە لەبەر زۆری سووك بووبێ لەبەر چاو.

[٦٦] رۆن بە رەنجی شانی ژن پێك دێ، هەر وەك گەنم بە رەنجی شانی پیاو پێك دێ، کەواتە رۆن لەیەکێك بکڕە کە ئازاری پێوە نەدی بێ، وە گەنمیش هەروا، تا بە هەرزان لێی بکڕیت.

[٦٧] بە یەکێکی ئەڵێیت، کە لە رووی پیاوەتییەوە، ماڵی خۆت دەرخوارد بدات.

[٦٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە ماڵێکی لە دەست چوو بکا بە خێری باوکی.

[٦٩] واتە دەرمانی رێ رۆیشتنە.

٧٠)- رێ باریکە، شەو تاریکە[٧٠]

٧١)- رێ لە دز ناگیرێ[٧١]

٧٢)- رێبوار ئەڕوا سەگ ئەوەڕێ[٧٢]

٧٣)- رێبوار بە خەوتن لە کاروان بە جێ ئەمێنێ[٧٣]

٧٤)- ریخۆڵە بە کێشە[٧٤]

٧٥)- ریخۆڵەم ئالاوە بە پێما ناتوانم بڕۆم[٧٥]

٧٦)- ریسەکەمان بووەوە بە خوری[٧٦]

٧٧)- ریش نەبێ بە تووشەوە، کە بوو بە تووشەوە، ئەبێ شانەی بۆ هەڵگریت[٧٧]

٧٨)- ریشەی دابەستراوە، بە کزە با هەڵ ناکەندرێ[٧٨]

٧٩)- ریشم لەبەر هەتاو سپی نەکردووە[٧٩]

٨٠)- ریشی ئەتاشێ و ئاوێنەشی ئەداتە دەست[٨٠]

٨١)- ریشی تەمەعکار بە قنگی مفلس[٨١]

---

[٧٠] واتە دنیا ناخۆشە، وە هەمووی گیروگرفت و ترس و بیمە.

[٧١] چونکە هەر رێیەکی لێ بگریت ئەو لە رێیەکی ترەوە بۆت دێ.

[٧٢] واتە بێئەوەی تۆ گوناهت بێ پیاوی خراپ قسەت لێ ئەکەن.

[٧٣] واتە دەخیل سەد دەخیل لە کاروانی ژیان دوا نەکەوی.

[٧٤] زۆرتر بە منداڵێکی نەخۆش ئەوترێ کە لە پێ نەکەوتبێ، وە هەر خۆی کێش بکات.

[٧٥] یەکێکی دەوڵەمەندی قورس ئەیڵێ کە نەتوانێ ئەو شوێنەی کە تیایەتی بەجێی بێڵێ.

[٧٦] یەکێك ئەیڵێ، کە بە کارێکەوە خەریك بێ، وە لە ناو قەدا ئیشەکەی تێك بچێ.

[٧٧] واتە هەر ئیشێك کە بوو بە تووشەوە با حەزیشی لێ نەکەیت ناچاریت ئەبێ لەگەڵیا بڕۆیت.

[٧٨] واتە دۆستایەتی کۆن، بە زویرییەکی بچووك لاناچێ.

[٧٩] یەکێکی دنیا دیدەی شارەزا ئەیڵێ کە لە هەموو ئەریتێکی رۆژگار گەیشتبێ.

[٨٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەڵەیەکت پێ بکا و لە پاشیشا پێت پێبکەنێ.

[٨١] بە یەکێك ئەوترێ، کە پارەیەکی دابێ بە یەکێکی ساختەچی درۆزن بۆ قازانج، وە کابرا نابوت بووبێ و پارەکە فەوتابێ.

٨٢)- رێگەی درۆ نزیکە[٨٢]

٨٣)- ڕێوی ببێتە پۆست، دوژمن نابێتە دۆست[٨٣]

٨٤)- ڕێوی بە بێ مریشك هەڵناکا[٨٤]

٨٥)- ڕێوی بە فێڵ ناوێستێ، مەگەر تەڵە پێی بەستێ[٨٥]

٨٦)- ڕێوی دەمی نە ئەگەیشتە ترێ ئەیوت ترشە[٨٦]

٨٧)- ڕێوی فێڵی خۆی ئەکا، مریشك باوکەڕۆ ئەکا[٨٧]

٨٨)- ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ ئەبێ[٨٨]

٨٩)- ڕێوی ماڵ و شێری دەرەوەیە[٨٩]

٩٠)- ڕێوی نەئەچوو بە کونەوە، هەژگێکیشی بەستبوو بە گونەوە[٩٠]

٩١)- ڕێوی هاتووە بە پیرتەوە[٩١]

٩٢)- ڕێویەکی گەڕۆك، لە شێرێکی نوستو چاکترە[٩٢]

٩٣)- ڕێی ئەکەوێتە کونی مار[٩٣]

---

[٨٢] واتە درۆ زوو دەرئەکەوێ.

[٨٣] واتە دوژمن بە دۆست بوون نەبووە و نابێ.

[٨٤] بە یەکێك ئەوترێ کە فێری خواردنی ماڵی حەرام بووبێ، وە نەتوانێ دەستی لێ هەڵگرێ.

[٨٥] بە یەکێکی فێڵبازی زۆرزان ئەوترێ.

[٨٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە دڵ شتێکی بوێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە دەستی نەکەوێ، بڵێ: من خۆم نامەوێ.

[٨٧] واتە هەر یەکە هەوڵی خۆیەتی.

[٨٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە قەوم و قیلەی خۆی هەڵگەڕابێتەوە.

[٨٩] واتە لە ماڵا نەرم و هێمن و لەسەرخۆ، لە دەرەوەش ئازا و نە بەردبە.

[٩٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە خۆی بار بێ بە سەر یەکێکەوە، کەچی کلکێکیشی بە دواوە بێ.

[٩١] واتە بەخت رووی تێکردویت.

[٩٢] چونکە یەکەم شتێکی هەر لە دەست دێ، بەڵام دووهەم هیچی لە دەست نایەت.

[٩٣] بە مەردومی زیرەکی بزێو ئەوترێ.

پیتی زێ

١)- زاخاوی چاوی دایەوە[١]

٢)- زارا بازرگان بێ و کەیبانوو نێرگس، کۆتەڵ با ئەیبا لە هەڵمی وردەتس[٢]

٣)- زارت پڕ لە خوێن بێ، لای کەس رۆی مەکە[٣]

٤)- زاڵم زەواڵت بۆ بێ[٤]

٥)- زامی زبان سارێژ نابێ[٥]

٦)- زامی شمشێر خۆش ئەبێتەوە، زامی قسە خۆش نابێتەوە[٦]

٧)- زەبوون عەزیت دان، شێوەی نا مەردییە[٧]

٨)- زەخمیش ئەکا، تیماریش ئەکا[٨]

٩)- زەردە زەوی، هەڵدەکەوی[٩]

١٠)- زەردە لوو، بۆ گەرو[١٠]

---

[١] واتە تێر تەماشای ئافرەتی نامەحرەمی کرد.

[٢] کوتەڵ: کاڵای هەڵواسراوی مردووە، بۆ شیوەن لەسەر کردن.

[٣] واتە نهێنی خۆت بۆ کەس مەدرکێنە.

[٤] چونکە مایەی دواکەوتنی گەل و وێرانی وڵاتە.

[٥] واتە برینی جەستە چاك ئەبێتەوە، بەڵام برینی زمان چاکبوونەوەی نییە.

[٦] واتە برینی جەستە چاك ئەبێتەوە، بەڵام برینی زمان چاکبوونەوەی نییە.

[٧] کەواتە سەگ لە نامەرد گەلێ مەردترە، چونکە تا زەلام بە پێوە بێ پێی ئەوەڕێ، کە لەگەل دانیشت ئیتر بە جێی دێڵێ.

[٨] بەیەکێك ئەوترێ، کە دڵیش بشکێنێ و ئاشتیشی بکاتەوە.

[٩] واتە زەوی خراپ، رێ ئەکەوێ، کە شتی باش بێنێ.

[١٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە خواردنی زۆر مەبەس بێ.

١١)- زەر بۆ سەر خەزێنە ئەچێ[11]

١٢)- زەرم داوە، بەڵام کڕیوە[12]

١٣)- زەڕینی هانووە[13]

١٤)- زەڕینی هەیە، پەڕینی نییە[14]

١٥)- زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە هەر باشە[15]

١٦)- زەمانەیی گون درێژە و زەمانەیی کێر درێژە[16]

١٧)- زەمانی سەگ و گورگ، شیوەنی شوانە[17]

١٨)- زەینی بووە بە زەینی سور سورە[18]

١٩)- زبان باز، قسەی لە دڵا جێگە ناگرێ[19]

٢٠)- زبان بوەستێ سەر رەحەتە[20]

---

[11] واتە پارە پارە ئەهێنێ.

[12] بە یەکێك ئەوترێ، کە تۆ پارەی تیا خەرج بکەیت و ئەزێتی پێوە بکێشیت، کەچی ئەو لە جیاتی قازانج ئازارت پێ بگەیەنێ.

[13] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە هۆی پارە یا پایەیەکی بەرزەوە خەریك بێ یاخی ببێ.

[14] بە یەکێك ئەوترێ، کە گوفتاری ببێ و کرداری نەبێ.

[15] دیارە پێنج سەد دینار زەرە بکەیت، لە هەزار چاکترە، بەڵام ئەمە تێگەیشتن و بیری قوڵی ئەوێ، وە هەموو کەسێك بە ئاسانی لەمە ئاگات.

[16] واتە مەردوم دەمێ لە سەرەوەیە و دەمێ لە ژێرەوەیە.

[17] واتە کە سەگ و گورگ زۆر بوو، ئاژەڵ زۆر ئەخورێ، ئەو حەلە شوان ئەبێ هەر شیوەن بکات، بە یەکێکی بێدەسەڵات ئەوترێ کە هەر ساتە نە ساتێ، زۆردار شتێکی لێ داگیر بکات.

[18] واتە هیچی بۆ لەبەر ناکرێ.

[19] واتە درۆزن قسەی ناچێتە دڵەوە.

[20] واتە هەموو چورتمێك کە تووشی مەردوم ئەبێ، لە زبانییەوەیەتی کەوابوو تا ئەتوانیت ئاگاتان لێی بێ.

٢١)- زبان بەڵای سەرە[٢١]

٢٢)- زبان بیەڵێ سەر رەحەتە[٢٢]

٢٣)- زبان تەڕ و پاراوە[٢٣]

٢٤)- زبان لە دەما ئێشکچی سەرە[٢٤]

٢٥)- زبان نەبڕم سەرت، ئەبڕی سەرم[٢٥]

٢٦)- زبانی خۆت ئەسپی خۆتە[٢٦]

٢٧)- زبانی سوور، سەری سەوز ئەفەوتێنێ[٢٧]

٢٨)- زبانی لەتەك سەریا بازی ئەکا[٢٨]

٢٩)- زج کەری دوای برنج کوتە[٢٩]

---

[٢١] واتە هەموو چورتمێك کە تووشی مەردوم ئەبێ، لە زبانییەوەیەتی کەوابوو تا ئەتوانیت ئاگاتان لێی بێ.

[٢٢] واتە هەموو چورتمێك کە تووشی مەردوم ئەبێ، لە زبانییەوەیەتی کەوابوو تا ئەتوانیت ئاگاتان لێی بێ.

[٢٣] واتە چۆنی با بدەیت با ئەخوات، وەچی ئارەزوو بکەیت ئەیڵێت.

[٢٤] واتە ئەگەر ئاگات لە زبانت بوو، سەرت سەلامەتە، وە ئەگەر ئاگات لێ نەبوو، بە قسەیەك سەری خۆت بە فەتارەت ئەدەیت.

[٢٥] واتە یا ئەبێ تۆ بیت یا ئەبێ من بم.

[٢٦] واتە چۆنی لنگ ئەدەیت لنگی بدە.

[٢٧] واتە هەزار جار مێزەر و کەشیدە و شاڵی سەوزت بە سەرەوە بێ وە لە پەنای ئەمانەدا دڵنیابی، هەر ئەبێ ئاگات لە زبانت بێ، ئەگینا سەرت بە فەتارەت ئەدا.

[٢٨] واتە هەموو قسەیەکی مایەی سەریەتی.

[٢٩] زج، ئەو نرکە تایبەتییە کە لە هەناسەدانی برنج کوتەوە پەیدا ئەبێ، لە کاتێکا کە دەسکەکە ئەماڵێ بە برنجەکە لە ناو دەنگەکەدا، واتە فلان کەس برنج کوت نییە، بەڵکو لای برنج کوتەوە دانیشتووە (زج)ەکەی بۆ ئەکا، بە یەکێك ئەوترێ، کە خۆی ئیش کەر نەبێ، بەڵکو خۆی هەڵسوێ لە ئیش کەرێکەوە، تا وا نیشان بدا کە گۆیا ئیش کەرە، وە مەردوم بە ئیش کەری بزانن.

٣٠)- زرێ له باخهڵا ئهکا[٣٠]

٣١)- زستانان باران بێت بڕۆ، بههاران ههور بێت مهڕۆ[٣١]

٣٢)- زستان به پینه و پهڕۆ، بههار به شۆخی بڕۆ[٣٢]

٣٣)- زستان به شرِکه و بههار به رۆنکه[٣٣]

٣٤)- زستان هات، بهرگی فهقیر دڕا[٣٤]

٣٥)- زك تێشوو ههڵناگرێ[٣٥]

٣٦)- زگێکی تێر له ههزار زگی برسی چاکتره[٣٦]

٣٧)- زڵلهی رۆژگاری نهدیوه[٣٧]

٣٨)- زله موویهکی له چاوی خهڵقی دا ئهبینێ، کاریتهیهك له چاوی خۆیا نابینێ[٣٨]

٣٩)- زۆر بده له ههسان، منهتی دۆمه ژن مهزان[٣٩]

---

[٣٠] به یهکێك ئهوترێ که له کارێکا زۆر کارامهبێ.

[٣١] چونکه زستانان هیوای خۆش کردنهوه نییه لهبهر ئهوه بشبارێ ههر بڕۆ، بهڵام له بههارانا چونکه هیوای خۆشکردنهوه ههیه ئهگهر ههوریش بوو مهڕۆ تا ئهبارێ و خۆش ئهکا.

[٣٢] واته له زستانانا مهبهس ههر ئهوهیه که سهرمات نهبێ، ئیتر خوای ئهکرد کاڵات دڕاو ئهبوو، یا پینهکراو ئهبوو.

[٣٣] واته له زستانانا مهبهس ههر ئهوهیه که سهرمات نهبێ، ئیتر خوای ئهکرد کاڵات دڕاو ئهبوو، یا پینهکراو ئهبوو.

[٣٤] بهرگی فهقیر، بێبهرگییه، که له هاوینانا، پێوهی دهرناکهوێ.

[٣٥] واته زیاد له سکی خۆت مهخۆ.

[٣٦] واته زیاد له سکی خۆت مهخۆ.

[٣٧] به یهکێك ئهوترێ، که ساردی و گهرمی رۆژگاری نهدی بێ.

[٣٨] زله موو: تاڵێ موو.

[٣٩] وا بڵاوه که ژنه دۆم چهقۆ باش تیژ ئهکهن، واته خۆت چهقۆ به ههسان تیژ که و زۆری بساوه، وه منهتی کهس ههڵ مهگره.

٤٠)- زۆر بێ و بۆر بێ[٤٠]

٤١)- زۆردار ئاوی سەرەوژوور ئەڕوا[٤١]

٤٢)- زۆردار ژنیشت بگێ، ئەبێ شوکرانە بژێربی[٤٢]

٤٣)- زۆردار هەمیشە ماڵ وێرانە[٤٣]

٤٤)- زۆرنا بدەیتە دەست ناشی، فوو ئەکا بە سەرە زلەکەیا[٤٤]

٤٥)- زۆرناژەن کە برسی بوو بیری کفتەی شایی ئەکا[٤٥]

٤٦)- زۆر کاری گەورە پیاوی بچوك ئەیکا[٤٦]

٤٧)- زۆر کە هات، قەواڵە بەتاڵە[٤٧]

٤٨)- زۆر کەم، ژن ئەوەستێ بیر بکاتەوە، مەگەر لەبەر ئاوێنە[٤٨]

٤٩)- زۆر وتن، هەر قورئان خۆشە[٤٩]

٥٠)- زۆرە ملێ، ملشکانی لە دوایە[٥٠]

٥١)- زۆری پێیە و کەمی دەرئەخا[٥١]

---

[٤٠] بە یەکێك ئەوترێ بە تەوسەوە، کە زۆری شتی مەبەس بێ، نەك باشی و چاکی.

[٤١] چونکە کوتەکی ئاش ئەگێڕێ.

[٤٢] ئەم پەندە لە مەعنای پەندی (دەستێك نەتوانم بیبڕم ماچی ئەکەم)دایە.

[٤٣] چونکە هەر چی ئەکا هەر بە زۆر و ستەمە.

[٤٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە شتێکا ناشی بێ.

[٤٥] چونکە لەوە باشتری نەخواردووە، بە یەکێك ئەوترێ کە لە هێندێ کاتا یادی هێندێ خواردەمەنی بکات.

[٤٦] کەواتە ئەندامی لیژنە و حیزب ئەوەندەی پێویستە بە پیاوی گەورە و دەست دار، ئەوەندەش پێویستە بە پیاوی بچوکی ئیش کەر.

[٤٧] چونکە تا قەواڵەی خۆی ئەخوێنێتەوە پێستی ئەکەنن.

[٤٨] واتە ژن بیر لە هیچ ناکاتەوە، مەگەر لە جوان کردنی خۆی لەبەر ئاوێنە.

[٤٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر قسە بکا.

[٥٠] واتە تا ئەتوانیت زۆرە ملێ مەکە لەگەڵ کەسا.

[٥١] بە یەکێکی زیرەکی وریا ئەوترێ، کە دانیشت لە کۆڕێکا چەند قسەیەکی جوان بکا، وە ڕووی حازری بکاتە خۆی.

٥٢)- زوو باژۆ، هورد باژۆ، گاسوور ماندیی نەبێ[٥٢]

٥٣)- زیندو گێی مردوو پەرستە[٥٣]

٥٤)- زیندە بەڵا، مردە باڵا[٥٤]

٥٥)- زیرە بۆ کرمان ئەبا[٥٥]

٥٦)- زێی لە زەمانە بڕیوە[٥٦]

٥٧)- زانا لە لای لاساران، دەبنە کەری بێگانان[٥٧]

٥٨)- زانی ئەزم، نەیزانی دزم[٥٨]

٥٩)- زبان، ئامان[٥٩]

٦٠)- زبان پارێزگارتە، ئەگەر پاراستت دەتپارێزێ[٦٠]

---

[٥٢] باژۆ: واتە بڕۆ، بە یەکێك ئەوترێ کە کارێك بکا، واتە وای بکە کە زەرەر نەبێ بۆ فلاّن شت.

[٥٣] واتە هیچی بۆ لەبەر ناکرێ.

[٥٤] بە یەکێك ئەوترێ ، کە لە ژیانیا هەر خەم و خەفەت بووبێ بۆت، لە دوای مردنیشی هەر مایەی دەردی سەریت بووبێ.

[٥٥] کرمان: لە هەموو شوێنێك زیرەی زۆرترە، بە یەکێك ئەوترێ کە شتێك بەرێ بۆ یەکێك کە ئەو شتەی زۆر بێ.

[٥٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەموو هیوایەکی لەخۆی بڕی بێ.

[٥٧] واتە زانا لە پەروەردە کردنی لاسارانا دەستەوەستانە، وە هەر هەوڵ و تەقەلایەك بدا بێ سوودە.

[٥٨] یەکێك ئەیڵێ کە سەربەستانە لە کاتێکی تایبەتیدا خۆی بکا بە ماڵێکدا، ئنجا ئەگەر خاوەن ماڵ پێی زانی ئەوا میوانە، وە ئەگەر پێی نەزانی ئەوا دزە و شتێك ئەدزێ.

[٥٩] مەردوم خۆی بە زمانی خۆی ئەڵێ کەئاگای لە خۆی بێ و سەری خاوەنی بە فەتارەت نەدا.

[٦٠] واتە هەرچی فەلاکەت هەیە هەموو لە زمانەوەیە، ئنجا ئەگەر لغاوت کرد و نەت هێشت قسە بکات ئەوا ئەویش تۆ ئەپارێزێ.

٦١)- زبان زۆردار نییە لە زەوتا، دێوی خەیبەرە لە ئەشکەوتا[٦١]

٦٢)- زبانی شیرین، لە بەهەشتەوە هاتووە[٦٢]

٦٣)- زستانان ئاگر و ئەز، بەهاران ئەز و بەز، هاوینان ئەزو رەز[٦٣]

٦٤)- زنجیری دوژمن بە یەکێتی نەبێ ناپچڕێ[٦٤]

٦٥)- زوئەلفەقار بۆ هەموو عەلی ناوێ نەهاتووە[٦٥]

٦٦)- زەلام بۆ کوشتن، ژن بۆ دانیشتن[٦٦]

٦٧)- زەوی تەزێنە[٦٧]

٦٨)- زێر بوونە پولەکە، مێرد بوونە جوولەکە[٦٨]

---

[٦١] واتە زبان زۆردار نییە لە زەوتکردنی شت لەم و لەو، بەڵکو دێوی قەڵای خەیبەرە و وا لە ناو ئەشکەوتێکا خۆی ماتداوە، ناو بە ناو وتەیەك خوێنت ئەکاتە کاسەوە.

[٦٢] واتە بە زبانی شیرین، مار لە کون دێتە دەر.

[٦٣] واتە زستانان من و ئاگر، بەهاران من و خواردنی چەوری، هاوینان من و میوەهاتی.

[٦٤]

[٦٥] بەڵکو هەر شایستەی امامی عەلی یە.

[٦٦] واتە بەرخی نێر بۆ سەربڕینە نەك لە بۆ دۆشین و ڕان.

[٦٧] بریتییە لە ئادەمی تەمەڵ کە لە شوێنێك دانیشت تاقەتی نەبێ هەستێت.

[٦٨] ئەم پەندەی ئەیەوێ چارەی دەردێکی کوشندەمان بکات، ئەویش ئەمەیە هەر کچێك هاتە سەر شوو کردن، ئەوی داوای ئەکات لە زێڕ و ناوماڵ و پەڵپ گرتن لە ماڵی مێردەکەی تا ئەیخاتە سەر ساجی عەلی و هەر چیەکی ببێ هەمووی بە هیچە پێ خەرج ئەکەن. مێردی بەسزمانیش – وەك جووەکەی جاران ئەبێ هەر دەستی بە سنگیەوە بێ، لە پاش چەند ڕۆژێ کابراکە تەماشا ئەکات وا هیچی بە دەستەوە نەماوە، بەڵکو قەرزدار و ماڵ وێرانیش ماوەتەوە. هەر لەبەر ئەمەیە کەوا گەنجە خوێندەوارەکانمان هەموو لە دەرەوە ژن ئەهێنن، وە سەر بە وڵاتەکەی خۆیانا ناکانەوە.

٦٩)- زیندوو کوژی مردوو پەرست[٦٩]

[٦٩] زۆر مردوی وا هەیە، دوای مردنی بە پرسە و سێ ڕۆژانە و خەتمی تەهلیلە و گۆڕ هەڵبەستن و قەفەزی شیش لە سەر دروستکردن و بۆیە کاری ڕازاندنەوەی، ئەوەندە پارەی تیا خەرج ئەکرێ، ئەگەر نیوەی ئەوەی بۆ بدرایە بە دوکتۆر و دەرمان، لەوانەبوو کە نەمردایە. کەواتە ئێمە " زیندوو کوژی مردوو پەرستین".

پێتی ژێ

١)- ژمارەی جووجەڵە و مریشك پاییز دەرئەکەوێ[١]

٢)- ژن بێ باوەڕیشە و خۆش باوەڕیشە[٢]

٣)- ژن بە بێ کەسی هار ئەبێ، پیاو بە بێ کەسی هەژار ئەبێ[٣]

٤)- ژن بدە بە ژن مردوو، گا بدە بە گا مردوو[٤]

٥)- ژن تا جووتێ پێڵاو ئەکڕێ، هەزار جووت ئەدڕێ[٥]

٦)- ژن تا نەزێ بێگانەیە[٦]

٧)- ژن کە تووڕە بوو، ئەو گۆزەیەی کە پڕە لە نهێنی ئەیشکێنێ[٧]

٨)- ژن لە ساجێ، مێرد لە حەجێ، پێکەوە گەیشتنەجێ[٨]

٩)- ژن هەسانی مێردیە[٩]

١٠)- ژن هەیە ماڵ وێران ئەکان و ژنە هەیە ماڵ ئاوا ئەکا[١٠]

---

[١] چونکە تا پاییز ئەوی ئەمرێ ئەمرێ و ئەوی ئەمێنێ ئەمێنێ.

[٢] واتە زۆر بێباوەڕ بە پیاو، بەڵام زۆر زووش ئیخفال ئەکرێ.

[٣] واتە زۆر بێباوەڕ بە پیاو، بەڵام زۆر زووش ئیخفال ئەکرێ.

[٤] چونکە هەر دووکیان نرخیان ئەزانن.

[٥] چونکە دەرنگ رێ ئەکەوێ لە سەر رەنگی و لە سەر نرخی و لە سەر گەورە و بچوکی.

[٦] واتە تا منداڵ نەکەوێتە بەینەوە، دڵنیا نابن لە یەك.

[٧] چونکە کە تووڕە بوو خراپ تووڕە ئەبێ، ئەیەوێ بە تەواوی بت روخێنێ.

[٨] بە ژنێکی تەمەڵ ئەوترێ، کە درەنگ شتی لە ژێر دەست دەرچێ.

[٩] واتە مێرد بە قسەی ئیخفال ئەبێ.

[١٠] یەکەمیان دەردی بێدەرمان و دووهەمیان مەڵحەمی گیانە.

١١)- ژن و تفەنگ و ماین لە کن کێ بێ هی وییە[11]

١٢)- ژن و ماڵیان وتووە[12]

١٣)- ژن وەك هەنگە، یا هەنگوینت ئەداتێ، یا پێتەوە ئەدات[13]

١٤)- ژن یا بە هەمانەیێ پارە، یا بە هەمانەیێ درۆ[14]

١٥)- ژنێ مێردە کردی سەنگی: عالەم هەڵسێ نایکا لەنگی[15]

١٦)- ژنت بە دەست خەڵقەوە بێ، ماڵت بە دەست خەڵقەوە نەبێ[16]

١٧)- ژنە حیز نەبوو، بە ڕوو حیز بوو[17]

١٨)- ژنت شەریکی بێ، ماڵت شەریکی نەبێ[18]

١٩)- ژنە کە نەتوانێ تۆڵە بسێنێ، وەك ماڵ ئەگری[19]

٢٠)- ژنی بەد ژانە، گەر خۆتی لێ دەیت ماڵت وێرانە[20]

٢١)- ژنی بدە ژن مردیان، داینێ لە جێی حۆریان[21]

---

[11] واتە بێ وەفان.

[12] واتە کە ژن بوو ئەبێ ناوماڵ ببێ.

[13] واتە نیشیشی هەیە و نۆشیشی هەیە.

[14] واتە ژن بە پارەی زۆر شوو ئەکا، ئنجا یا هەمانەیەك پارەی بۆ هەڵڕێژە، یا هەمانەیەك درۆ.

[15] واتە ژنێك کە مێرد سەنگین و گرانی کرد لە بەر چاوان، ئیتر کەس ناتاوانێ لەنگی بکا.

[16] واتە خۆ ژن شەریکی نابێ، کەواتە با ماڵیشت شەریکی نەبێ، چونکە پەشیمانی لە دوا ئەبێ.

[17] واتە شەل نییە، پای شکاوە.

[18] واتە خۆ ژن شەریکی نابێ، کەواتە با ماڵیشت شەریکی نەبێ، چونکە پەشیمانی لە دوا ئەبێ.

[19] چونکە گریان چەکی بێدەسەڵاتە.

[20]

[21] چونکە پیاوی پیر نرخی ژن زۆرتر ئەزانێ.

٢٢)- ژنی پیاوی کوێر ئارایشی ناوێ[٢٢]

٢٣)- ژنی جوان دۆستی بۆ ئەبێ[٢٣]

٢٤)- ژنی خۆی ئەگێ و منەت بە سەر هاوسێدا ئەنێ[٢٤]

٢٥)- ژنی میران بە، وەکی میران بە[٢٥]

٢٦)- ژنی مێردە کرد ترۆ، عالەم هەڵسێ نایکا پەڕۆ[٢٦]

٢٧)- ژنیان کرد بە کوێخا، ساڵی حەوت جار بزی بڕییەوە[٢٧]

٢٨)- ژنیش هەیە، ژانیش هەیە[٢٨]

٢٩)- ژنێکم ئەوێ ژنانە، پێستە بکا بە هەمانە[٢٩]

٣٠)- ژنێکم ئەوێ زبان دلێر، باوان خەزور بە یەکەوە نێر[٣٠]

٣١)- ژوو ژوو، وتوویە: ئاخۆ گیان لەبەر ببێ بێچوی لە بێچوی من نەرم و شل تربێ[٣١]

٣٢)- ژیانی بێ ئەرك و ئازار، سودی نییە[٣٢]

٣٣)- ژیانی بێ ژن، وەك ماڵی بێ چەقۆ وایە[٣٣]

---

[٢٢] چونکە جوان و ناشرین لای کوێرە وەك یەکە.

[٢٣]

[٢٤] بە یەکێك ئەوترێ کە پلاو و گۆشت بۆ خۆی بخوا و دەعیە و دەمار بە سەر مەردوما لێ بدا.

[٢٥]

[٢٦] واتە ژنێك کە مێرد شکانی، ئیتر بە هیچ جۆرێ پینە و پەڕۆ ناکرێ.

[٢٧] بۆ ئەوەی بی ڕێسێ، بە یەکێك ئەوترێ کە شتێك لە ئەندازە بەدەر بە کار بێنێ.

[٢٨] واتە هێندێ ژن مایەی ژیانی پڕ لە خۆشی و هێندێکیش مایەی ژیانی پڕ لە ژانە.

[٢٩] واتە ئیش کەر و دەست ڕەنگین بێ.

[٣٠] واتە ژنێکی قسە زانم ئەوێ، کە ماڵی باوکی وەك باوکی خۆم نێر بێ.

[٣١] واتە مەردوم ئەنگی منالی خۆی نابینێ.

[٣٢] چونکە خوا وای کردووە، هەرچی بە ڕەنجی شان و عەرەقی ناوچەوان پەیدا بکرێ خۆشتر و بە نرخترە.

[٣٣] واتە ئافرەت مایەی خۆشی و بەختیاری ژیانە.

٣٤)- ژێر بەندە زبان، ژێر دیزە ئاگر[٣٤]

٣٥)- ژیشك ئەڵێ لە بەچکەی من نەرم و شلتر نییە[٣٥]

[٣٤] واتە ئاگر چۆن دیزە ئەهێنێتە کوڵ، زبانیش وایە بۆ مەردوم.

[٣٥] واتە هەموو کەسێك منالّی خۆی پێ جوانە.

پیتی سین

١)- سابوون مەدە لە ژێر پێم[١]

٢)- ساتێك بژی و شێر بی، نەك سەد ساڵ و لە ژێر بی[٢]

٣)- سارده لوو، بۆ گەلوو[٣]

٤)- ساغمان بە کۆڵی کەر ئەگەڕێ[٤]

٥)- ساڵ بە ساڵ، خۆزگە بە پار[٥]

٦)- ساڵ دوانزە مانگە بزن فنگی بە دەرەوەیە کەس قسە ناکات، جارێ مەڕ فنگی دەرکەوێ، لێی ئەکرێ بە هەرا[٦]

٧)- ساڵ سییە، سیوەیل برسییە[٧]

٨)- ساڵێ ماڵ و ساڵێ مناڵ[٨]

---

[١] واتە بە قسەی لووس هەڵم مەخەڵەتێنە، بە یەکێکی ئەڵێیت کە بییەوێ هەڵت دا بۆ ئەوەی ئیشێکت پێ بکا.

[٢] واتە ساتێك بژیت بە ئازادی خۆشترە لە ژیانی سەد ساڵ بە دیلی.

[٣] بە چێشتێك ئەوترێ، کە هەر بە ساردی بخورێ.

[٤] واتە هەموو نەخۆش و کەفتە کارین.

[٥] چونکە هەموو کەسێك لە ماوەی ئەو ساڵەدا چەند دۆست و ئاشنایەکی ئەمرن، وە چەند کەسێکی تر دێنە جێگایان کە تامی ئەوان نادەن و جێیان پڕ ناکەنەوە.

[٦] یەکێك ئەیلێ کە جارێك بە هەڵە شتێك بکات و لێی بکەن بە هەرا.

[٧] واتە دەغڵ و دانی ئیمساڵ زۆر بە بڕشت بوو، وە یەك و سی بڕی، کەچی لە سیوەیل نان دەست ناکەوێ، وە مەردوم هەر برسییەتی.

[٨] واتە ئەو ساڵەی ژن مناڵی تیا ببێ نایپەرژێتە سەر ماڵ لەبەر بەخێو کردنی مناڵەکە، ئەو ساڵەی مناڵی تیا نەبێ ئەتوانێ سەرپەرشتی خۆی بکات، کەواتە باوابێ.

٩)- سالانمان خایاندووە مانگانیش ئەخایەنین[٩]

١٠)- سالەکەی تەرە سالە[١٠]

١١)- سالی جارێك باز بە سەر دارەوە ئەنیشێتەوە[١١]

١٢)- سالێکە و دوو بەهار[١٢]

١٣)- سالێکی تریش هەر ئەم رۆژەیە[١٣]

١٤)- ساوەر ئالیکی مێردییە[١٤]

١٥)- سایەی سەران، لە مێزەران[١٥]

١٦)- سەبر تالە و بەری شیرینە[١٦]

١٧)- سەبر لە بێ دەسەلاتییە[١٧]

١٨)- سەپانی کردم پالەوەدمرم، خەمی چاڵ و کەندو کەوتۆتە بەرم[١٨]

١٩)- سەد بار گۆشت لەڕ بێ، هەر لەسەر نانە[١٩]

---

[٩] یەکێك ئەیلێ، کە زۆر چاوەڕوانی کردبێ، وە چەند مانگێکی مابێ، چاوەڕوانی ئەویش بکا.

[١٠] بە سالێك ئەوترێ کە بەفر و بارانی زۆر بێ.

[١١] واتە هەل زۆر کەم هەڵ ئەکەوێ، وریا بە لە دەستی نەدەیت.

[١٢] یەکێك ئەیلێ کە لە سالێکا دوو جار بەهرەمەند بووبێ بە بەهرەی گەورە.

[١٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە بیەوێ ئیشێك بکا لە سالی ئایندەدا، واتە ئەی ئێستە بۆ نایکەیت، خۆ سالێکی تریش هەر ئەمرۆیە.

[١٤] واتە خواردنی پیاوی بەهێزە.

[١٥] بە پیاوی گەورە و ماقوڵ ئەوترێ کە جاران سەروپێچیان ئەبەست بە سەرەوە لە مێزەر، یا لە کەشیدە، یا لە شتی تر.

[١٦] چونکە کە سەبرت کرد، بەبەری کردەوەی خۆت ئەگەیت.

[١٧] بەلام کەسێك کە دەسەلاتی بوو، ئەگەر ستەمێکی لێکرا، خۆی تۆڵەی خۆی ئەسێنێ.

[١٨] واتە ئەوانەی کە جاران پالیان بۆ ئەدامەوە لە کوڕوکچ و ژن و بوك، سەپانییان بۆ کردم، وە دەست کەوتێکی باشم بوو، ئێستا کەوتوومەتە خەمی چاڵ هەڵکەندن و کەندوو پەیدا کردن بۆ ئەوەی دەغلی تێبکەم.

[١٩] خزمێکی هەژار، بە خزمێکی دەولەمەندی ئەلێ کە خۆی بە زلتر بگرێ.

٢٠)- سەد بەرتیل، قەرزێك نابژێرێتەوە[٢٠]

٢١)- سەد جار پیرە، هەر کۆنە بە گیرە[٢١]

٢٢)- سەد جەردە، لاتێك رووت ناكا[٢٢]

٢٣)- سەد حەكیم، بە قەد دەردە دارێك نازانێ[٢٣]

٢٤)- سەد رەحمەت، لە كفن دزی پێشوو[٢٤]

٢٥)- سەد ساڵ بە چۆڵی، رۆژێ بە ئاوەدانی[٢٥]

٢٦)- سەد ساڵ بكەیت بێگانە پەرستی، دوایی هەر دێنیت نشوستی[٢٦]

٢٧)- سەد سەر بە توربەێی، یەك سەر بە تور بەیی[٢٧]

---

[٢٠] واتە كە قەرزدار بوویت، بەرتیل مەدە بۆ نەدانەوەی قەرزەكە، وە ئەوی ئەیدەیت بە بەرتیلا، بیدەرەوە بە قەرزەكەدا.

[٢١] واتە كە قەرزدار بوویت، بەرتیل مەدە بۆ نەدانەوەی قەرزەكە، وە ئەوی ئەیدەیت بە بەرتیلا، بیدەرەوە بە قەرزەكەدا.

[٢٢] چونكە هیچی پێ نییە.

[٢٣] چونكە ئەویان بە زەبری كتێب ئەیزانێ، بەلام ئەمیان بە خۆی، وە لە خۆیا ئەیزانێ.

[٢٤] ئەگێڕنەوە كە كابرایەك بووە، هەر مردویەك بنێژرایە، شەو گۆڕەكەی هەڵ ئەدایەوە و كفنەكەی ئەدزی، لە پاشا كابرا ئەگرن و لە بەندیخانە توندی ئەكەن، دوای ماوەیەك، كفن دزێكی تر پەیدا ئەبێ، هەر وەك كفنەكە ئەدزێ، دەست درێژیش ئەكا بۆ هێندێ لە مردۆكان، ئنجا بەم بۆنەیەوە ئەم پەندە وتراوە.

[٢٥] واتە شوێنێك سەد سال چۆڵ بێ لە ئازیز، هەر كە رۆژێ ئاوەدان بووەوە، هەمووی لە بیر ئەچێتەوە.

[٢٦] چونكە بێگانە هەر قازانجی خۆی و پاشكەوتنی تۆی ئەوێ.

[٢٧] توربە: توورەكەیە، واتە سەری وا هەیە بە تەنها ئەخرێتە توربەیەكەوە، بۆ كێشانە كردن لەگەڵ سەد سەری ترا كە هەموویان لە یەك توربەدان واتە تاقە مرۆڤی وا هەیە، سەد مرۆڤ ئەهێنێ.

۲۸)- سەد گۆزە دروست ئەکا و دەستە، لە یەکێکیان نانێ[۲۸]

۲۹)- سەد گوناح و یەك تەوبە[۲۹]

۳۰)- سەد فیکم بە فیکێکی[۳۰]

۳۱)- سەد قەزوان بخۆیت، بە گوێزێ پێت ئەگەم[۳۱]

۳۲)- سەد قەل و بەردێك[۳۲]

۳۳)- سەد کراس بدڕە بە پاکی کراسێ مەدڕە بە پیسی[۳۳]

۳٤)- سەد و سی مەساڵە، بە بێ پەڕە مریشکێك ئیشیان بەتاڵە[۳٤]

۳۵)- سەدبار گاڵ بین، زادی خواین[۳۵]

۳٦)- سەدساڵ بی پەسنی، هەر ئەچێتەوە سەر نانە وەچنی[۳٦]

---

[۲۸] بە یەکێك ئەوترێ، کە دەست بداتە زۆر کار، وە هیچیان تەواو نەکا، وە بە نیوە و نیوەچڵ بە جێیان بێڵێ.

[۲۹] واتە خوا بەخشندەی مێهرەبانە، بۆ بیانوو ئەگەڕێ کە لە بەندەی خۆی خۆش ببێ، وە بە یەك تۆبە و پەشیمانی، لە سەد گوناح خۆش ئەبێ.

[۳۰] واتە زۆر فێڵباز و زۆرزانە.

[۳۱] یەکێکی دەست دار، بە یەکێکی بێ دەستی ئەڵێ، کە لە پێش دەست دارەکەدا دەستی دابێتە کارێك، واتە تۆ ساڵێك لە پێش منا ئیش بکەیت، من بە حەفتەیەك ئەتگەمێ و بەجێشت دێلم.

[۳۲] بە لەشکرێکی زۆری بێهێز ئەوترێ، کە بەرگەی هیچ نەگرێ، هەر وەك بە قسەیەکی رەقی قورس و گران ئەوترێ، کە بەرانبەر بە چەند قسە و توانجێکی هیچ و پووچ بوترێ، وەك بە تاقە بەردێك سەد قەل هەڵفڕێنیت.

[۳۳] تەماشای پەندی (کراسێ بە پیسی، هەزار بە پاکی) بکە.

[۳٤] مەساڵە: پارچەکانی جۆلاییە کە هەموویان سەد و سێن، کە یەکێکیان مەکۆیە کە ئەگەر پەڕە مریشکێکی پیانەکرێ کاری جۆلایەکە ناکرێ. بە کارێك ئەوترێ کە هەموو کەرەسەیەکی تەواو و ئامادە بێ تاقە یەك شتی بچکۆلانەی نەبێ، کە بە بێ ئەوە نەکرێ.

[۳۵] خزمێکی هەژار، بە خزمێکی دەوڵەمەندی ئەڵێ کە خۆی بە زلتر بگرێ.

[۳٦] بی پەسنی: واتە پەسەندی بکەیت. ئەگێڕنەوە کە کوڕە گەورەیەك لە راوا چاوی بە کچە شوانێك ئەکەوێ حەزی لێ ئەکات کە ئەگەڕێتەوە بەدایکی ئەڵێ، ئەویش هەر

٣٧)- سەر ئەدا و سیر نادا[٣٧]

٣٨)- سەر بۆ سەربڕین، نەك بۆ سەر زەنشت[٣٨]

٣٩)- سەر بدە، سڕ مەدە[٣٩]

٤٠)- سەر درو بن دڕی جاوێکن[٤٠]

٤١)- سەر سووك و عەلاوە کەم[٤١]

چەند بە سەریا دێ، پەشیمان نابێتەوە، لە پاشا ناچار کچەکەی بۆ دێنن، وە سەروبەری لە ئاڵتون ئەگرن، کچەکە، کە ئەگوێزێتەوە، ئێواری سینی بۆ ئەبەن، دوو نانی لێ هەڵ ئەگرێ و ئەویکەی تری ئەگەڕێنتەوە دواوە، سبەینێ هەروا نیوەڕۆ هەروا دایکی کوڕەکە، لە دەست و پێوەند و کارەکەر و پێش خزمەت ئەپرسێ، کە بۆچی ئەم سینییە هەروا ئەگەڕێتەوە دواوە، ئەوانیش پێی ئەڵێن کە هەموو جارێك دوو نانی وشکی لێ هەڵ ئەگرێ و هیچی تر، ئەمجارە دایکی کوڕەکە خۆی لێ مات ئەدات، کە سینی بۆ ئەبەن وەك جاران دوو نانی لێ هەڵ ئەگرێ و ئەویکەی تری ئەنێرێتە دواوە، لە پاشا نانەکان پارچە پارچە ئەکات، وە هەر پارچەیەکی ئەخاتە سوچ و قوژبنێکەوە، لە پاشا ئنجا بە سەریانەوە ئەگەڕێ، وە لەبەر دەمی هەر پارچە نانێکا، وەك کاتی شوانێکەی کە نانەوە چنی کردووە ئەوێستێ، وە ئەڵێ :(ماڵ ئاوا نانی شوان)، لە پاشا کە هەموو کۆ ئەکاتەوە، ئنجا دەست ئەکا بە خواردنی، دایکی کوڕەکە کە ئەمە ئەبینێ، ئەڵێ (سەد ساڵ بی پەسنی هەر ئەچێتەوە سەر نانەوە چنی) ئنجا ئێستا ئەم پەندە بە یەکێکی ناوەجاخ ئەوترێ، کە سەدساڵ بی ئاخنیت لە کاڵا و ناوماڵی جوان، وە سەروبەری لە ئاڵتون بگریت، ڕۆژێك ئەبێ لە شتێکا بچێتەوە سەر نارەسەنی خۆی.

[٣٧] واتە سەری خۆی ئەکا بە قوربانی نهێنی برادەرێك، بەراستی ئەمە بەرزترین ڕەوشتی ئادەمییە.

[٣٨] واتە مەردوم بمرێ، چاکترە لەوەی کە نەنگێك ڕووی تێ بکا.

[٣٩] چونکە زۆر سڕی وا هەیە ئەگەر بدرکێ زۆر سەری تیا ئەچێ، کە وابوو تاقە سەرێك بڕوا چاکترە لە چەند سەرێك.

[٤٠] واتە هەر دوو ڕووی یەکن، بە یەکێك ئەوترێ کە دەر و ناوی وەك یەك وابێ.

[٤١] واتە دەست کەوتم کەم بێ و سەرم سووك بێ، باشترە لەوەی دەستکەوت زۆربێ بە خەم و خەفەت و دەردی سەرییەوە.

٤٢)- سەر كزی دڵ وریایە[٤٢]

٤٣)- سەر كڵافەی ون كردووە[٤٣]

٤٤)- سەر لە بن بەردابێ، لە بن منەتا نەبێ[٤٤]

٤٥)- سەر هاتووە بۆ پێ[٤٥]

٤٦)- سەر هەڵبڕە، خوا بناسە[٤٦]

٤٧)- سەر هەڵێنە، خوا ببینە[٤٧]

٤٨)- سەر و قنگی كەڵا شكێن[٤٨]

٤٩)- سەر و ماڵم لە تۆ درێغی نییە، بزن لە چوار دەشایی كەمتر نییە[٤٩]

٥٠)- سەر، وتی، بە زبانێ، هەتا تۆم جیرانێ ج رەحەتیم نین لە گیانێ[٥٠]

٥١)- سەرێ بە دەستی خۆت نەیخورێنی، خوروی ناشكێ[٥١]

٥٢)- سەرێ تێنێ كاوجۆ، هەتا دەمری هەر بیخۆ[٥٢]

---

[٤٢] بە یەكێك ئەوترێ، كە بە دیمەن گێلۆكە و لە دڵا وریا و تێگەیشتوو بێ.

[٤٣] واتە سەری لێ تێك چووە.

[٤٤] واتە مردن باشترە لەمنەتی نامەرد.

[٤٥] بـاوە لـە نـاو كـوردەواری دا، هـەر منداڵێـك كـە درەنـگ پـێ بگـرێ ئەیخەنـە نـاو سەبەتەیەكەوە، وە ئەیگێڕن بە ماڵە دراوسێ دا، وە ئـەڵێن : (سـەر هـاتووە بۆ پـێ) ئەوانیش ئەڵێن : (خوا پێی بداتێ)، وە مەبەس لـەم كردەوەیـە هـەر ئـەم نزایەیـە كـە بۆی بكەن.

[٤٦] بە یەكێك ئەوترێ، كە بییەوێ زۆر و ستەمێكت لێ بكات.

[٤٧] بە یەكێك ئەوترێ، كە بییەوێ زۆر و ستەمێكت لێ بكات.

[٤٨] بە دوو كەس ئەوترێ، لە ڕووی سووكییەوە، كە لە هەموو شتێكا لە یەك بچن.

[٤٩] واتە دۆستایەتی جیایە و سەودا و موعامەلەش جیایە.

[٥٠] واتە بەشی زۆری ناخۆشی، كە دووچاری مەردوم ئەبێ، لە زبانیەوەیەتی.

[٥١] چونكە كەس وەك خۆت، شارەزای دەردی تۆ نییە، واتە هەموو كـەس ئـەبێ خـۆی دەرمانی دەردی خۆی بكات.

[٥٢] واتە تا ئەتوانیت هەل لە دەست مەدە، چونكە زۆر جاری وا هـەڵ ئەكـەوێ، بەشـی هەموو ژیانت دەست ئەكەوێ.

٥٣)- سەرێ لە سکی دایك دەرهات، ناچێتەوە جێی خۆی[٥٣]

٥٤)- سەربەسەر، بێ دەردیسەر[٥٤]

٥٥)- سەرت فیداکە، سرِت ئاشکرا مەکە[٥٥]

٥٦)- سەرت نایەشێ، بۆچ پەڕۆی تێوە ئەپێچیت[٥٦]

٥٧)- سەرت هەڵبڕە، شیرت دەربڕە[٥٧]

٥٨)- سەرەنجامی گا، هەر دۆڵە[٥٨]

٥٩)- سەرەواو، لە سکیا نییە[٥٩]

٦٠)- سەرخۆش پاڵیشی پێوە نەنێیت هەر ئەکەوێ[٦٠]

٦١)- سەردرەکە، ماڵ بسپارە[٦١]

٦٢)- سەرچۆپی بدەیت بە گامێش، لای کادان نادا بە کەس[٦٢]

٦٣)- سەرچۆپی بدەیتە دەست سەگ، بۆ لای سەبەتەی نانی رائەکێشێ[٦٣]

٦٤)- سەرچاوەی دڵی، تاریکە[٦٤]

---

[٥٣] تەماشای پەندی (شیر کە دۆشرا، ناچێتەوە گوان) بکە.

[٥٤] بە پیاو و ژنێك ئەوترێ، کە هاوتای یەك بن بە بێ زیاد و کەم.

[٥٥] چونکە زۆر سرِی وا هەیە ئەگەر بدرکێ زۆر سەری تیا ئەچێ، کە وابوو تاقە سەرێك بڕوا چاکترە لە چەند سەرێك.

[٥٦] واتە هەر چیت پێویست نەبوو بە کاری مەهێنە.

[٥٧] بە یەکێك ئەوترێ کە ستەمێکی لێ کرابێ، واتە بەرگری لە ماف خۆت پێویستیەکی پیرۆزە.

[٥٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە سەر باو (عادەت)ێکی خراپی خۆی، کە فێری بووە هەر درێژە بسێنێ، وە هەموو رۆژێ بۆی بچێ و دوای بکەوێ.

[٥٩] واتە هیچ خوێندەواری نییە.

[٦٠] تەماشای پەندی (لە سەر خۆش گەڕێ، بۆ خۆی ئەکەوێ) بکە.

[٦١] واتە خۆت دەرکە با ماڵەکەت بڕوا، چونکە ماڵ ئەبێتەوە.

[٦٢] بە گەورەیەکی تەماعکار ئەوترێ، کە هەر چاوی لە قازانجی خۆیەوە بێ.

[٦٣] بە گەورەیەکی تەماعکار ئەوترێ، کە هەر چاوی لە قازانجی خۆیەوە بێ.

[٦٤] واتە نە هیوای هەیە و نە هیچ شك ئەبا.

٦٥)- سەرچاوەی دڵی، رووناکە[٦٥]

٦٦)- سەرگەرمی بە بێگارییەوە، لە بێ کاری باشترە[٦٦]

٦٧)- سەرم نایەشێ، پرێسکەی لێ ببەستم[٦٧]

٦٨)- سەرما بە قەد حاڵە[٦٨]

٦٩)- سەرمای زستان، لە هەوەڵەوە دیارە[٦٩]

٧٠)- سەرنانە سەر شێت، پیاو باقی دار ئەکات[٧٠]

٧١)- سەری ئەبڕێ و ریشی بە شانە ئەکا[٧١]

٧٢)- سەری ئەتاشێ و ئاوێنەشی ئەداتە دەست[٧٢]

٧٣)- سەری بێ دەلاك ئەتاشێ[٧٣]

٧٤)- سەری بێ دەلاك مەتاشە[٧٤]

٧٥)- سەری بێ رۆژی لە ژێر خاکایە[٧٥]

٧٦)- سەری بێ سەودا ناوەستێ[٧٦]

٧٧)- سەری بێ کڵاو نییە لە دنیادا[٧٧]

---

[٦٥] واتە گورچوی پڕە.

[٦٦] واتە ئیش بکەیت بۆ مەردوم با بە بێگاریش بێ، چاکترە لە بێ ئیشی.

[٦٧] بەیەکێك ئەوترێ، کە خۆی گرێی لە ژیانا نەبێ، وە خۆی بۆ خۆی گرێ پەیدا بکا.

[٦٨] هەژارێکی رەش و رووت ئەیڵێ بە دەوڵەمەندێکی پۆشتە، لە زستانا.

[٦٩] بە کارێك ئەوترێ، کە هەر لە سەرەتاوە باش نەیەت.

[٧٠] باقی دار: قەرزدارە.

[٧١] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە پەنهایی خراپە بکات لەگەڵ یەکێکا، کەچی بە دیمەنیش، رێزی بگرێ و قسەی خۆشی لەگەڵ بکا.

[٧٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە کەتنێکی کردبێ بە یەکێك و جاریشی لێ بدا.

[٧٣] واتە بێ پرس و ڕا ئیش ئەکا.

[٧٤] واتە بێ پرس و ڕا ئیش ئەکا.

[٧٥] واتە مردوم تا بە سەر زیندو بێ، خوا رۆژی خۆی بۆ ئەنێرێ.

[٧٦] بە یەکێك ئەوترێ کە بە بێئیش و کارو هەوڵ و تەقەلا دانەنیشێ.

[٧٧] واتە هەر سەرێك هاتە دنیاوە، خوا رۆژی خۆی بۆ ئەنێرێ.

٧٨)- سەری بە سوجدەوە ڕۆیوە[٧٨]

٧٩)- سەری بووە بە ئاش، قنگی بووە بە ماش[٧٩]

٨٠)- سەری خۆم بەستە پریاسکە[٨٠]

٨١)- سەری خۆی دا لە بەرد[٨١]

٨٢)- سەری دا لە بەرد[٨٢]

٨٣)- سەری دار و بنی دار[٨٣]

٨٤)- سەری دنیا بە پوش نەگیراوە[٨٤]

٨٥)- سەری دنیای لێ هاتۆتەوە یەك[٨٥]

٨٦)- سەری دووو بەرانان لە مەنجەڵێکا ناکوڵێ[٨٦]

٨٧)- سەری ڕەش چوو، سەری سپی لەجێ[٨٧]

٨٨)- سەری زل دەوڵەتە، پێی زل مەینەتە[٨٨]

---

[٧٨] بە تەوسەوە بە یەکێك ئەوترێ، کە بە درۆ خۆی بە پیاوێکی لە خوا ترس نیشان بدا.

[٧٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە سەری لێ تێك چووبێ.

[٨٠] یەکێك ئەیلێ کە خۆی تووشی کارێکی لابەلا کردبێ.

[٨١] واتە ناماقوڵی کرد.

[٨٢] بە یەکێك ئەوترێ لە ڕووی سووکییەوە کە قسەیەکی ناشیرینی دەربارە کردبێت، واتە بۆ خۆی وت.

[٨٣] کاتێك ئەوترێ کە چەند کەسێك دەمقاڵێیان ببێ لە سەر سەرەتای بەهار یا پاییز. بەم ڕەنگە ئەوەیان بڵێ ئەوەندەیە و ئەمیان بڵێ ئەمەندەیە، واتە ئەم حساباتە تەواو نین، بەڵکو کە دار چرۆی کرد بەهار و کە گەڵاش هەڵ وەری پاییزە.

[٨٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە کارێکی نابەجێ بکات بە ئاشکرا، واتە لە سەر هەموو شتێك پرسینەوە هەیە.

[٨٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە کارێکا سەری لێ تێك چووبێ، وە ڕێ نەدۆزێتەوە.

[٨٦] واتە دوو پیاوی گەورە، لە یەك شوێنا هەڵناکەن.

[٨٧] کاتێك ئەبێژرێ، کە پیاوێکی خراپ ڕۆیبێ و یەکێکی خراپ چووبێتە جێی.

[٨٨] واتە دوو پیاوی گەورە، لە یەك شوێنا هەڵناکەن.

٨٩)- سەری شکاندووە و ریشی بە شانە ئەکا[٨٩]

٩٠)- سەری شکاو و قنچی دڕاوی بۆ ماوەتەوە[٩٠]

٩١)- سەری گرتۆتە خەنە، ئەچێ بۆ راوەگەنە[٩١]

٩٢)- سەری گوریسەکە کورت بووە نەگەیشت بە تۆ[٩٢]

٩٣)- سەری کەر بگرە، نۆرەی سەیف الله یە[٩٣]

٩٤)- سەری کەچەڵان، ئەکەوێتە باخەڵان[٩٤]

٩٥)- سەری کرتوە کۆمە، لە خۆی گرتوە لۆمە[٩٥]

٩٦)- سەری کوێرەماری لادەست ئەکەوێ[٩٦]

٩٧)- سەری لە گوێ قەبر ئەلەرزێ[٩٧]

٩٨)- سەری لێ ئەخورێ[٩٨]

٩٩)- سەری نایەشێ، پەڕۆی تێ ئەبەستێ[٩٩]

١٠٠)- سەری نایەوە[١٠٠]

---

[٨٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە دوای دەست وەشاندن لە یەکێك، ئنجا دڵنەوایی بکات.

[٩٠] بە یەکێك ئەوترێ کە لە کارێکا تێ شکابێ، وە بە هەموو رەنگ زەرەری کردبێ.

[٩١] بە ژنێکی داوێن پیس ئەوترێ، کە بە شوێن داوێن پیسی دا بسوڕێتەوە.

[٩٢] یەکێك ئەیلێ، کە قسەیەکی نهێنی بکات لەگەڵ یەکێکا بە چرپە، وە یەکێکی تر کەو لەو شوێنەیە بپرسێ لەو چرپەیە.

[٩٣] واتە تا یەکێك بێدەنگ ئەکەیت، یەکێکی تر هەڵ ئەداتێ.

[٩٤] بە یەکێکی هیچ و پووچ ئەوترێ کە ئافرەتێکی جوانی رێك و پێك بووبێ بە هاوسەری ژیانی.

[٩٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە سەر کردەوەیەك لۆمە بکرێ، وە ئەم گوێی نەداتێ، وە لەسەر کردەوەکەی خۆی هەر بڕوا.

[٩٦] واتە هەرچی لای مەردوم دەست نەکەوێ، لای ئەو دەست ئەکەوێ.

[٩٧] واتە زۆر پیرە، وە کاتی مردنی هاتووە.

[٩٨] واتە ئارەزووی لەو شتەیە کە قسەی لێ ئەکەن.

[٩٩] بە یەکێك ئەوترێ کەخۆی تووشی بێکارێك بکات.

[١٠٠] واتە بە داخەوە مرد.

١٠١)- سەرێك لە ناو سەرانا نەبێ بەرشەقان کەوێ[١٠١]

١٠٢)- سەرێك لە ناو سەرانا نەبێ، بۆ برِی باشە[١٠٢]

١٠٣)- سەرێکی هەیە و هەزار سەودا[١٠٣]

١٠٤)- سەرێی گا ئەکرێ بە قنگی کەرەوە[١٠٤]

١٠٥)- سەگ ئەوەرِێ و کاروان رێ ئەکا[١٠٥]

١٠٦)- سەگ بە زەبری کلکی ئێسقان ئەشکێنێ[١٠٦]

١٠٧)- سەگ بە شۆرین گلاوی دەرناچێ[١٠٧]

١٠٨)- سەگ بە لۆقە و خاوەن ماڵ بە رەوت[١٠٨]

١٠٩)- سەگ بە مانگە شەو ئەوەرِێ[١٠٩]

١١٠)- سەگ بە مەرەس، جوان شکار ناکا[١١٠]

١١١)- سەگ بە وەرِین ماندوو نابێ[١١١]

---

[١٠١] واتە ئەو کەسەی دوورەپەرێز بێ لە خزمەتی کۆمەڵە و گەل بۆ نەمان چاکە.

[١٠٢] واتە ئەو کەسەی دوورەپەرێز بێ لە خزمەتی کۆمەڵە و گەل بۆ نەمان چاکە.

[١٠٣] بە یەکێك ئەوترێ کە هەر دەمەی خەریکی کارێك بێ.

[١٠٤] واتە تێکەڵ و پێکەڵە، وە کەس لە کەس ناپرسێتەوە.

[١٠٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە ناوی پیاوێکی گەورە ببا بە سووکی، واتە وەرِینی سەگ چەند کار ئەکاتە سەر سورِانەوەی مانگ بە ئاسمانەوە، قسەی ئەم ئەویش ئەوەندە کار ئەکاتە سەر ئەو جۆرە پیاوانە.

[١٠٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە پشتیوانی یەکێکەوە خراپەیەك بکا.

[١٠٧] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر پیس و گوناهبار بێ.

[١٠٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە دوای کارێك بکەوێ بە پەلە و دەست و برد.

[١٠٩] بە یەکێك ئەوترێ کە بە خراپە ناوی پیاوێکی پاکی گەورە ببا.

[١١٠] مەرەس: رستی ملی تانجییە کە لە کاتی راوا ئەکرێتە ملی، واتە هەرچی مەرەسی لە ملا بێ، مەعنای وا نییە کە زۆر چاك راو ئەکا. بە یەکێك ئەوترێ کە بە دیمەن زۆر رێك و پێك بێ.

[١١١] بە یەکێك ئەوترێ کە کەوتە دەمدرێژی نەیبرِێتەوە.

١١٢)- سەگ بتڕێ ئەڵێ: بدە بەشم[١١٢]

١١٣)- سەگ بتڕێ، کۆشی بۆ ئەگرێتەوە[١١٣]

١١٤)- سەگ خاوەنی خۆی ناناسێ[١١٤]

١١٥)- سەگ دەستی ئەشکێ، کلکی هەڵ ئەبەستن[١١٥]

١١٦)- سەگ دڵی خۆشە بەداری گوڵەوە بەستراوە[١١٦]

١١٧)- سەگ گوێی ببڕی وریا ئەبێ، کلکی ببڕی خێرا ئەبێ[١١٧]

١١٨)- سەگ کە نەوەڕی، بۆ کوشتن باشە[١١٨]

١١٩)- سەگ کلك و گوێی نەکەیت باش پاس ناکا[١١٩]

١٢٠)- سەگ لە سەگ بەردە، خۆت تەماشا کە[١٢٠]

١٢١)- سەگ لە سەگ رەهاکە خۆت نیگاکە[١٢١]

١٢٢)- سەگ لە قەسابخانە نەمرێ، عومری بە بادە[١٢٢]

١٢٣)- سەگ لە کولێرە ڕاناکا[١٢٣]

---

[١١٢] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر لات و کەم دەست بێ.

[١١٣] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر لات و کەم دەست بێ.

[١١٤] بە شوێنێکی زۆر چڕ و پڕ و قەڵەباڵغ ئەوترێ.

[١١٥] بە کارێك ئەوترێ، کە هیچی بە سەر هیچەوە نەبێ.

[١١٦] بە پیاوێکی خراپ ئەوترێ، کە کەوتبێتە لای پیاوێکی گەورەی باش.

[١١٧]

[١١٨] واتە هەر کەسێك پێویستی خۆی بە جێ هێنا بۆ دەر کردن باشە.

[١١٩] ئەم پەندە لە ناوچەیەکی دەرەبەگی دا وتراوە، کە نایەوێ دەست و پێوەند نینۆکیان ببێ تا سەری خۆیانی پێ بخورێنن.

[١٢٠] واتە پیاو خراپ لە پیاو خراپ بەردە، وە بەو رەنگە تۆڵەی لێ بسێنە.

[١٢١] واتە پیاو خراپ لە پیاو خراپ بەردە، وە بەو رەنگە تۆڵەی لێ بسێنە.

[١٢٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەمیشە لەو شوێنانە بێ، کە خواردنی چەور و مشەی تیا دەست کەوێ.

[١٢٣] زۆرتر ژنێك ئەڵێ، کە لەبەر خراپی مێردەکەی لێی تۆرابێ، واتە کەس لە خۆڕایی دەست لە ژیانی خۆش هەڵناگرێ.

١٢٤)- سەگ لەبەر ماڵی خاوەنیا ئازایە[١٢٤]

١٢٥)- سەگ نایەوێ کلکی بلەقێنێ، کلك سەگ ئەلەقێنێ[١٢٥]

١٢٦)- سەگ و سیروان، پێی پێ ئەکەنێ[١٢٦]

١٢٧)- سەگ و شوانی هاتەوە[١٢٧]

١٢٨)- سەگ وەڕی، بووك دەرپەڕی[١٢٨]

١٢٩)- سەگی برسی، ئەکەوێتە شوێن پیاو[١٢٩]

١٣٠)- سەگی تێر، ڕاو ناکا[١٣٠]

١٣١)- سەگی پێ سووتاوی پێ ناگا[١٣١]

١٣٢)- سەگی دز لە ماڵی، بە بۆڵە بۆڵ ئەچێتە دەرەوە[١٣٢]

١٣٣)- سەگی دوای دێڵە بەبایە و چاری ناکرێ[١٣٣]

١٣٤)- سەگی دوای سوارانە[١٣٤]

١٣٥)- سەگی ڕەش، بە بزن حساب ئەکا[١٣٥]

---

[١٢٤] بە یەکێك ئەوترێ کە هەر لە مەڵبەندێکی تایبەتی دا بتوانێ ئازایی بکا.

[١٢٥] بە پیاوێکی خراپ ئەوترێ، کە بە ئیشارەی یەکێکی تر خراپەیەك بکا.

[١٢٦] لە ڕووی تیتاڵییەوە بە یەکێکی بێ نرخ ئەوترێ، کە مەردوم پێی پێ بکەنن.

[١٢٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە زەرەرێکی زۆری کردبێ، وەك یەکێکی ئاژاڵدار کە ڕانەکەی قڕ بووبێ، وە سەگ و شوانەکەی نەبێ، هیچی تری نەمابێ.

[١٢٨] بە یەکێکی جرپن ئەوترێ، لە کاتێکا پێویست بێ سەنگی و گرانی خۆی نیشان بدا، کەچی ئەو بە دەم هەموو تەقە و ڕەقەیەکەوە هەستێ و سەر کۆڵان بگرێ، وەك بووکێك کە لە پەردەدابێ، کەچی بەوەڕەی سەگێك لە پەردە دەرپەڕێ.

[١٢٩] واتە دەست و پێوەند تا برسی بن خزمەت باشتر ئەکەن.

[١٣٠] زۆرتر ئاغا ئەیڵێ بۆ خزمەتکار.

[١٣١] واتە زۆر خوێڕییە.

[١٣٢] واتە هەر چی خواردن بێ تیا دەست ناکەوێ.

[١٣٣]

[١٣٤] بە یەکێك ئە وترێ، لە ڕووی سووکیەوە کە هەمیشە بە دوای پیاوی گەورەوە بێ.

[١٣٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر حەسود بێ.

۱۳٦)- سەگی سپی، بۆ بارخانەی لۆکە زەرە[۱۳٦]

۱۳۷)- سەگی کونە ماسییە و پاسی جرتاوا ئەکا[۱۳۷]

۱۳۸)- سەگی لێدراو، لە سێبەری دار ئەترسێ[۱۳۸]

۱۳۹)- سەگی هار، چل شەوی عومرە[۱۳۹]

۱٤۰)- سەگی هەڵەوەر دز ئەهێنێتە سەر خاوەنی[۱٤۰]

۱٤۱)- سەفەر سەنگی محەکە[۱٤۱]

۱٤۲)- سەفەرە، هەر لەبەرە[۱٤۲]

۱٤۳)- سەلکی سیریت؟ قنچکی پیازیت[۱٤۳]

۱٤٤)- سەنگم پێ مەگۆڕە[۱٤٤]

۱٤٥)- سەی سادق تۆ ئەیکەیت بە گیسکێك خاسە ئەر ناحاجی ئەوڵا خول ئەدەم ئەیکا وەدیزەیی دانوولە[۱٤٥]

---

[۱۳٦] بە یەکێکی خراپ ئەوترێ، کە خراپییەکەی بووبێ بە مایەی شکستی هاورێکانی.

[۱۳۷] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە سەر شتێك هەڵ بداتێ، کە هیچ دەخڵێکی بە سەریەوە نەبێ.

[۱۳۸] بە پیاوێکی خراپ ئەوترێ، کە زۆر سزا و بەندیخانە و لێدانی دیبێ وە بەم بۆنەیەوە، لە خشەی مار و مێروو بترسێ.

[۱۳۹] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە تەواوی یاخی بووبێ، وە بە راستە و چەپەدا، دەست درێژی بکات بۆ مەردوم.

[۱٤۰] بە خوار دەستی یەکێك ئەوترێ، کە زۆر قسە بکات، وە لە هەموو قسەیەکا هەڵ بداتێ.

[۱٤۱] واتە بە هۆی سەفەر کردنەوە لە هاورێ ئەگەیت.

[۱٤۲] واتە سەفەر کە لەبەر بوو، تا زوو بکرێ باشترە.

[۱٤۳] بە یەکێك ئەوترێ، لە رووی سەرکۆنەوە، کە لە کارێکی تایبەتی تۆدا هەڵ بداتێ.

[۱٤٤] یەکێك ئەیڵێ بەیەکێك کە بیەوێ ئیخفالی کات.

[۱٤٥] سەی سادق و حاجی ئەوڵا دوو پیرن، گوایە هەر کەسێك بچێتە سەر خوابگاهەکەیان خێرێکیان بۆ بکا، چی لە دڵابێ خوا بۆی ئەکا بەڵام یەکەمیان بە خێرێکی گران و دووهەمیان بە خێرێکی سووك و ئاسان، بە یەکێك ئەوترێ کە

١٤٦)- سەی لێ گڵاو ئەبێ[١٤٦]

١٤٧)- سەی نان دە، سەفەلەی نان مەدە[١٤٧]

١٤٨)- سەیر لەوەدایە، خاوەن تەڵەکە بێتەوە[١٤٨]

١٤٩)- سەیرە ئەو دنیا پان و بەرینە، هەر کەس کاری خۆی لە لا شیرینە[١٤٩]

١٥٠)- سەیرە لە کۆیە[١٥٠]

١٥١)- سرکە ئەفرۆشێ[١٥١]

١٥٢)- سرکە گەڕایەوە ئەبێ بە شەراب[١٥٢]

١٥٣)- سرکە لە ناو چاوی ئەبارێ[١٥٣]

١٥٤)- سری خۆم و تری خۆم[١٥٤]

١٥٥)- سزای گرانجان، لێ نەکرینە[١٥٥]

ئیشێکت پێی ببێ، واتە ئەگەر تۆ بەم پارەیە، یا بەم دیارییە نەیکەیت، یەکێکی تر هەیە بە هەرزانتر ئەیکا.

[١٤٦] واتە لە سەگ گڵاوترە.

[١٤٧] واتە نان بدە بە سەگ و مەیدە بە سپڵەی ناکەس بەچە.

[١٤٨] ئەگێڕنەوە کە کابرایەك لە دەشت تەڵەیەك ئەنێتەوە، بە ڕێکەوت ڕێوییەکی پێوە ئەبێ، لە دوای تۆزێك شێرێك بەوێدا ئەڕوا چاوی بە ڕێوییەکە ئەکەوێ کەوا پێوە بووە وە پەلە پەل ئەکات، شێرەکە ئەڵێ: بەخوا سەیرە، ڕێوییەکە ئەڵێ: سەیر لەوەدایە خاوەن تەڵەکە بێتەوە واتە ئەو حەلە سەرم ئەبڕێ و کەوڵم ئەکا و گۆشتەکەم فڕێ ئەدا و پێستەکەم ئەبات، کەواتە ئێستام پاشەییە لە چاو ئەو حەلەدا.

[١٤٩]

[١٥٠] بەشتێك ئەوترێ، کە زۆر سەیر بێ.

[١٥١] واتە زۆر تووڕەیە.

[١٥٢]

[١٥٣] واتە زۆر تووڕەیە.

[١٥٤] یەکێك ئەیڵێ کە لە تاقە ھۆدەیەکی سەر بەخۆدا بێ، وە پێی بوترێ: تۆ بۆچی لەگەڵ یەکێکی ترا خانوویەکی بچکۆلانە ناگریت.

[١٥٥] بە خوا تۆڵەی چاکە، خۆزگە هەموو کەسێك ئەم تۆڵەیەی بەکار بێنایە، ئەو حەلە کەس نەی ئەوێرا یاری بە نرخی هیچ شتێك بکا، نەخوازەلا خواردەمەنی.

١٥٦)- سفرەی بەتاڵ (بسم الله)ی لێ ناکرێ[١٥٦]

١٥٧)- سك تێشوو هەڵناگرێ[١٥٧]

١٥٨)- سك هەڵ ئەگوشێ[١٥٨]

١٥٩)- سکە برسین چ ناپرسی[١٥٩]

١٦٠)- سکە رۆیە[١٦٠]

١٦١)- سکی تێرم، ئەسپی ژێرم[١٦١]

١٦٢)- سکی سوتاوە[١٦٢]

١٦٣)- سڵاوی کوردە، بێ مەڵامەت نییە[١٦٣]

١٦٤)- سم سمی کەرە و چنگ چنگی یاسێ، من سەرم لەم کارە ئەماسێ[١٦٤]

---

[١٥٦] واتە بسم الله بۆ خواردن ئەکرێ، کە خواردن لە سەر سفرە نەبوو هیچ.

[١٥٧] واتە زیادە خۆری مەکە کەڵکت ناگرێ.

[١٥٨] واتە زۆر برسییە.

[١٥٩] واتە یەکێك کە برسی بوو، ناپرسێتەوە لە حەڵاڵ و حەرام.

[١٦٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەرچی دەست کەوێ بیدا بە خواردن بۆ سکی.

[١٦١] یەکێك ئەیلێ کە سکی تێر بێ، وە بەو بۆنەیەوە بە قەد ئەسپێك بەهێز بێ لە سەر رێ رۆین.

[١٦٢] بە ژنێك ئەوترێ، کە منالی مردبێ.

[١٦٣] بە یەکێك ئەوترێ تا کارێکی پێت نەبێ، سڵاوت لێ نەکا.

[١٦٤] ئەگێڕنەوە کە پیرێژنێك، بوکێکی ئەبێ، ناوی (یاسێ) ئەبێ، کە کورتەی (یاسەمەن)ە ئەوەندەی نان ناداتێ کە تێری پێ بخوات رۆژێك پیرێژن سواغی ئەو ژوورە ئەدا کە کوپەڵەی کەرەی تیا ئەبێ وە خۆی ئەچێتە دەرەوە، بوکەکەی لە برسانا سواری کەرەکەیان ئەبێ، وە بە ناو ژوورەکەدا ئەڕوا تا ئەچێتە سەر کوپەی کەرەکە، چنگێك کەرەی لێ دەردێنێ و ئەیخوا، خەسۆکەی کە دێتەوە، جێ سمی کەرەکە ئەبینێ لە ناو سواغەکەدا، کە ئەچێتە سەر کوپە کەرەکەش، جێ چنگی بوکەکەی ئەبینێ، کە لە بوکەکەی ئەپرسێ، ئەڵێ: نازانم، وە ئەبێ کەرەکە چووبێتە ژوورەکە، ئەمیش ئەڵێ (سم سمی کەرە و چنگ چنگی یاسێ، من سەرم لەم کارە ئەماسێ). ئێستا ئەم پەندە بە یەکێك ئەوترێ کە دەستی لە کارێکا بێ و بەڵام بەڵگەی لە سەر نەبێ.

١٦٥)- سمی کەر بەسم تەراش ئەتاشرێ[١٦٥]

١٦٦)- سمێڵی گوگرە بووە[١٦٦]

١٦٧)- سنگ شێری ماکەر پشت[١٦٧]

١٦٨)- سنگ لەقێنە[١٦٨]

١٦٩)- سنگ هەڵکێشە[١٦٩]

١٧٠)- سنعات و قنیات[١٧٠]

١٧١)- سنعەت بازنی زێرە[١٧١]

١٧٢)- سنعەتە و سەبەتە، مسگەری نییە و قنگ هەڵسوڕان[١٧٢]

١٧٣)- سنعەتکار دەوڵەمەند نابێ و لە برسیشانا نامرێ[١٧٣]

١٧٤)- سوار ئاگای لە پیادە نییە[١٧٤]

١٧٥)- سوار تا نەگلێ نابێ بە سوار[١٧٥]

---

[١٦٥] بە یەکێکی هەرزەی بێ ژیر ئەوترێ کە شتێکی خراپی لەگەڵ کردبێت، واتە کەر چۆن سمی ئەتاشرێ کە درێژ بوو، ئەمیش ئەبێ نینۆك بکرێ.

[١٦٦] بە کوڕێك ئەوترێ، کە تازە خەتی دابێ.

[١٦٧] بە مەردومی زل و قەبە و پفەڵی بێهونەر ئەوترێ.

[١٦٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە ناو مەردوما فتنە بەرپا بکات.

[١٦٩] واتە چەموش و ناڕەحەتە.

[١٧٠] واتە مەردوم لەم جیهانەدا بە دوو شت ئەژی یەکەم پیشەسازی دووهەم قەناعەت کردن.

[١٧١] لە هەر ساتێکدا ویستت ئەتوانیت بازنەکەت بکەیت بە پارە.

[١٧٢] سنعەتکارێك ئەیلێ کە سنعەتەکەی لە برەودا بێ.

[١٧٣] ئێستاش بەشی زۆری سەنعەتکار وایە، بەڵام سنعەتی واش هەیە لە پاش چەند ساڵێك خاوەنەکەی لە دەست ئەکەوێ.

[١٧٤] واتە پیاوی گەورە، ئاگای لە دەنگ و باسی پیاوی بچوك نییە.

[١٧٥] واتە مەردوم تا هەڵە نەکا و ڕۆژگار بۆی ڕاست نەکاتەوە، وە دەرسی قورس و گرانی دانەدا، قاڵ نابێ.

١٧٦)- سوار له سەر زین ئەهێنێتە خوارێ[176]

١٧٧)- سوار و پیادە ئارەزووی دەست بۆسییان بێ، ئەو خۆی هەڵئەبڕێ و ئەم خۆی دائەنەوێنێ[177]

١٧٨)- سوار و پیادە ئەگەر حەز بکەن، دەست بۆسی ئەکەن[178]

١٧٩)- سوار و پیادە هەر ئەگەنە جێ، بەڵام درەنگ و زوو ئەکەوێ[179]

١٨٠)- سواربوون عەیبێك، دابەزنی دوو عەیب[180]

١٨١)- سواری ئەسپی خەڵق بیت، هەر پیادەیت[181]

١٨٢)- سواری سوار خۆر وا لەدواوە، رمی ناوە بە رووی شاوە[182]

١٨٣)- سواری گای هار بووە[183]

١٨٤)- سواری کەری بووە و لە کەری ئەگەڕێ[184]

١٨٥)- سواری کێری کەر لە پیادەرەوی خاسترە[185]

---

[176] واتە زۆر بێحەیا و درە.

[177] واتە دوو کەسی لە یەك زویر، ئەگەر بیانەوێ ئاشتیان بێتەوە، ئەتوانن لە یەك نزیك بکەونەوە.

[178] واتە دوو کەسی لە یەك زویر، ئەگەر بیانەوێ ئاشتیان بێتەوە، ئەتوانن لە یەك نزیك بکەونەوە

[179] هەژارێك بە دەوڵەمەندێکی ئەڵێ، کە ئەمیان بە ئاسانی کارێك بکا و ئەویان بە رەنج و کۆشش.

[180] واتە مەردوم دەست نەداتە کارێك، کە دەستی دایە تا تەواوی نەکات دەستی لێ هەڵنەگرێ.

[181] هەژارێك بە دەوڵەمەندێکی ئەڵێ، کە ئەمیان بە ئاسانی کارێك بکا و ئەویان بە رەنج و کۆشش.

[182] چونکە ئەبێ باری منەت هەڵگریت.

[183] واتە بە گژ کارێکی زۆر سەختا چووە.

[184] بە یەکێك ئەوترێ کە خۆشی نەزانێ چی ئەکات.

[185] واتە بە تەنها، ئیشی گەورە ناکرێ.

١٨٦)- سوارێك به تەنها تۆز ناكا[١٨٦]

١٨٧)- سواڵ كیمیایه[١٨٧]

١٨٨)- سوالكەر تورەكەی پڕ و ڕووی ڕەشه[١٨٨]

١٨٩)- سووژنێك بۆ كەری وێستاو زۆره[١٨٩]

١٩٠)- سووره بۆم سازداوی، ئەگەر سەر بگریٚ[١٩٠]

١٩١)- سوورەی مل پانه، مووچەی تۆ هەر دوو نانه[١٩١]

١٩٢)- سووری دوو دوو گره[١٩٢]

١٩٣)- سووری دیوه و سەمای له بیر چۆتەوه[١٩٣]

١٩٤)- سووك بڕۆ، سەلامەت وەرەوه[١٩٤]

١٩٥)- سووك مەژگ، باری هەوار ناچیٚ[١٩٥]

١٩٦)- سویجگەری تەكەی دیٚ[١٩٦]

---

[١٨٦] به دەستەیەك پێشمەرگه ئەڵێن، كه له پشت دەستەیەكی ترەوه بیٚ، وه لـه تـۆپ و فرۆكه كۆ نەكا.

[١٨٧] چونكه نه پارەی ئەویٚ و نەدەست مایه.

[١٨٨] بەلام ئەوانەی كه به دزی و حیزی و درۆ و دەلەسه و فرۆفێڵ تورەكەی خۆیان پـڕ ئەكەن، ڕووشیان ڕەشـه لـه هـەر دوو جیهانـا و جێگاشـیان ئـاگری دۆزەخـه لـه ڕۆژی دوایی دا.

[١٨٩] واته ئازاری زەبوون مەده.

[١٩٠] یەكێك ئەیلیٚ كه خەریك بیٚ ژن بێنیٚ.

[١٩١] به بەردەستی مالّی ئەوتریٚ، كه زیاد له مووچەی خۆی داوا بكات.

[١٩٢] به یەكێك ئەوتریٚ، كه له جیاتی بەشێك، دووبەش هەلگریٚ.

[١٩٣] به یەكێك ئەوتریٚ كه لەگـەڵ چـەرخا بگـەڕیٚ، وه هەرچـی هاتـه ڕوو ئـەم تێكـەلّی ببیٚ.

[١٩٤] خۆزگه ئەم پەنده له بەردەمی هەموو ئوتومەبیلچییەكا هەڵ ئەواسرا.

[١٩٥] مەژگ: مێشكه، واته بیٚعەقڵ باری ناگاته هەوار.

[١٩٦] به یەكێكی لاواز ئەوتریٚ كه لۆژەی سەری بیٚ.

۱۹۷)- سوێند دوو سەری هەیە[197]

۱۹۸)- سۆرە باشە، سۆرەزا خراپە[198]

۱۹۹)- سۆرە، لەتێ زۆرە[199]

۲۰۰)- سۆفیلکەی بەرماڵ بەشان، بە ڕۆژ ئەگەڕێ کۆڵان بە کۆڵان، بە شەو دێتەوە ئەڵێ : (یاالله ایمان)[200]

۲۰۱)- سۆلە سۆ، گولۆلۆ لەپۆ[201]

۲۰۲)- سێ و دووی دڵی خۆی ئەکا[202]

۲۰۳)- سێ و دووی لێ مەکە[203]

۲۰٤)- سێبەری دەست کەوێ پانی ئەکاتەوە[204]

۲۰۵)- سێپەڕە لە گونانە[205]

۲۰٦)- سیر بخۆ و زوڕنا لێدە[206]

۲۰۷)- سیر مەدە لە سمێڵم[207]

---

[197] واتە بە ڕاست ئەخورێ و بە درۆ ئەخورێ، ئنجا ئەگەر تۆ ئەیخۆیت هەر بەڕاست بیخۆ نەك بە درۆ.

[198] سۆرە: خزمی مێردە لە شوبرا و دش و خەسوو، واتە ئەمانە خۆیان لە منالەکانیان باشترن.

[199] واتە لە خزمی مێرد لەتێك زۆرە بۆ ئاژاوە نانەوە لە ماڵا.

[200] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە ڕۆژ خوێڕی بسوڕێتەوە، وە شەواوشەو نەبێ، خوای بیر نەکەوێتەوە.

[201] سۆ: بنەماڵە و وەچەیە. پۆ: ئەو شتەیە کە لە سەر رایەل ئەتەنرێ. یەکێك ئەیڵێ کە لە خزمی نزیکی خۆی ژن بێنێ.

[202] واتە لەو کارەدا دوو دڵە، نازانێ بی کات یان نەیکات.

[203] واتە بێ بیر کردنەوە ئیشەکە بکە.

[204] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر رقی لە یەکێك بێ، وە دوژمنی بێ.

[205] واتە بەهارێکی زۆر تەڕە.

[206] بە یەکێك ئەوترێ، کە هیچی لە دەست نەیەت قسە وتن نەبێ.

[207] واتە هەڵم مەدە و هەڵم مەخەڵەتێنە.

٢٠٨)- سیر و پیاز پێکەوە نایانکرێ[٢٠٨]

٢٠٩)- سیرە کۆڵەی سیروانە[٢٠٩]

٢١٠)- سیروان لە کونێکەوە پەیدا نابێ[٢١٠]

٢١١)- سیروان لێشت نەدەم هەر ئەمبەیت[٢١١]

٢١٢)- سێف سوور، بۆ دەس کوڕی خان خاسە[٢١٢]

---

[٢٠٨] بە دوو کەس یا دوو دز ئەوترێ، کە هەرگیز کۆ نەبنەوە.

[٢٠٩] سیرەکۆڵە: بەردێکی گەورەیە کە لە ناو ئاوێکی خوڕا لوس بووبێ کە پێشی ئەڵێن: هێلەساو، بە یەکێك ئەوترێ، کە ڕۆژگار قاڵی کردبێ.

[٢١٠] سیروان: ئاوێکی زۆرە لە ڕۆژئاوای کوردستانی ئێرانەوە دێتە دەرەوە، وە لە خوار بەغداوە تێکەڵی دەجلە ئەبێ، ئنجا ئەم هەموو ئاوە لە تاقە کونێکەوە پەیدا نابێ، بەڵکو لە چەن کون و لەچەند سەرچاوەیەکەوە پەیدا ئەبێ، بە یەکێك ئەوترێ، کە مەسرەفێکی زۆر و دەستکەوتێکی زۆری ببێ، واتە ئەم دەستکەوتە هەر لە لایەکەوە نییە، بەڵکو لە گەلێ لاوەیە.

[٢١١] سیروان چەمێکی زۆر گەورەیە کەسێك لێ نەدا نایبا، واتە هەموو شتێکی خراپ کە من نەیکەم ئیتر ئەنجامی خراپییەکی چۆن یەخەگیرم ئەبێ؟ بەلام داخەکەم ئەمە چەند ساڵێکە لە سیروانیش نەدەیت هەر ئەتبا واتە لە ماڵی خۆشت نەیەیتە دەرەوە، وە دەست بە کلاوی خۆشتەوە بگریت لە کونی ژوورەوە شەڕ هەر ئەتدۆزێتەوە، وە یەخە گیرت ئەبێ.

[٢١٢] یەکێك ئەیڵێ، کە یەکێکی تر شتێکی لێ بسێنێ، لە تەزبیح یا هەر شتێکی تر.

پیتی شین

١)- شا ئەیکەوێتە گەدا، گەدا ئەیکەوێتە شا[١]

٢)- شا بە سەپانی خۆی نازانێ[٢]

٣)- شا، بێ شالیار نابێ[٣]

٤)- شا، دای ، شالیار نەیدا[٤]

٥)- شاباشی خۆم داوە و قنج هەڵ ئەپەڕم[٥]

٦)- شاخی بزنێکی پێ تیمار ناکرێ[٦]

٧)- شاد مەبە، بە بوونی، شاد بە ، بە ژینی[٧]

٨)- شار خەڵوەتە و گورگ هەڵمەتە[٨]

٩)- شاران گەشتە، زۆر درۆزنە[٩]

---

[١] واتە دنیا دەوران دەورانە.

[٢] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر بێ نیاز بێ.

[٣] شالیار: ئەبێ یار و ئاوەڵی شا بێ، کە وەزیرە، واتە شار بێ وەزیر نابێ، بە تەوسەوە ئەوترێ، کە هەمیشە لەگەڵ پیاوێکی گەورەدا بێ بۆ هەموو شوێنێك، وە لێی جیا نەبێتەوە.

[٤] یەکێك ئەیڵێ کە پیاوێکی گەورە شتێکی بداتێ کەچی لەو بچوکتر نەیەڵێ بیداتێ.

[٥] واتە پێویستی سەرشانی خۆمم بەجێ هێنا، وە هیچم بە سەرەوە نەما، ئیتر لە هیچ ناترسم.

[٦] واتە دەست پاچەیە هیچی پێ ناکرێ.

[٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە کوڕێکی نۆبەرەی بووبێ، واتە هەر بوون مەبەس نییە، بەڵکو مان مەبەسە، وە بوونی بە بێ مان، چ کەڵکێکی نییە.

[٨] بەوانە ئەوترێ، کە لەگەڵ هەڵێکیان بۆ هەڵکەوێ دەست بکەن بە تالان و بڕۆ.

[٩] چونکە ئەیەوێ قسەی خۆش و زل بگێڕێتەوە، ئەمەش بە درۆ نەبێ دەست ناکەوێ.

١٠)- شاران له حسرەت بەغدا ئەگران، بەغداش وێران بوو[١٠]

١١)- شارستانی، ڤیر و سیایەکی لادێیی بەسە[١١]

١٢)- شاری بێحاکم وێران بێ[١٢]

١٣)- شاناخسێ، بە قنگی مەروێوەیە[١٣]

١٤)- شانازی بە کێلی گۆڕی باوکەوە ناکرێ[١٤]

١٥)- شانم کردووە کۆمە، هەڵم گرتووە لۆمە[١٥]

١٦)- شانی دادا[١٦]

١٧)- شانی دایە بەر[١٧]

١٨)- شانی لێ ئەخورێ[١٨]

١٩)- شایی بۆ دووانە، گڕ لە هەمووانە[١٩]

---

[١٠] وا دیارە ئەم ئەم پەندە لە سەدەی حەوتەما وتراوە کە هۆلاکۆ هێرشی بردۆتە بەغدا و وێرانی کردووە و ئێستا یەکێکی گەورە ئەیلێ کە لێ کەوتبێ، وە یەکێك گاڵتەی پێ بکا.

[١١] شارستانی کەشت بکرێن لە لادێی، بۆ ئەوەی کە قازانجێك بکەن لادێیش زۆر فیرسیچمە و گیرە گیر کەرە، بەڵام شارستانییەکە بە قازانجێکی کەم رازییە، بە رەنگێکی وا کە لادێییەکە بڵێ: ڤیر و سیا لەم چەند فلسە واتە شارستانی ئەم ڤیروسیایەی بەسە.

[١٢] چونکە حاکم لە هەموو کەس زیاتر تەرازووی دادی بە دەستەوەیە.

[١٣] (شاناخسێو مەروێ) دوو دێن لە نزیك یەکەوە، ئێستا بە دوو کەس ئەڵێن کە هەمیشە پێکەوە بن.

[١٤] چونکە چاکی و خراپی ئەو بە تۆ چی.

[١٥] یەکێك ئەیلێ کە لۆمەیەك رووی تێ کردبێ، وە گوێی نەداتێ.

[١٦] واتە مرد، لە رووی سووکییەوە بە کار دێنرێ.

[١٧] واتە چووە ژێر بارێکی قورسەوە.

[١٨] واتە حەزی لەو کارەیە.

[١٩] بە کارێك ئەوترێ دوان لێی بەهرەمەند بن، کەچی کەسانی تر پێی کەیف خۆش بن.

٢٠)- شایی شایی کەران و خورری دراوسێیان[٢٠]

٢١)- شەخس زەبری نەنوێنێ، دیزەیێ دانوولە ناکەن بەخێری[٢١]

٢٢)- شەدەم بۆ دەربەند ئەویست، کە دەربەند گیرا، شەدەم بۆچییە[٢٢]

٢٣)- شەڕ بێ و خێری منی تیابێ[٢٣]

٢٤)- شەڕ بە شیر، مامەڵە بە دراو[٢٤]

٢٥)- شەڕ بە چەك، مامەڵە بە پارە[٢٥]

٢٦)- شەر بە کۆنە قینەوە ئەکرێ[٢٦]

٢٧)- شەڕ خۆش نییە، شەڕنامەی خۆشە[٢٧]

٢٨)- شەر دز دروست ئەکا ئاشتی هەڵی ئەواسێ[٢٨]

٢٩)- شەڕ لە بادینان، تۆز لە پێش ماڵی مە[٢٩]

---

[٢٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە یەکێکی تر کەوتبێتە خۆشییەکەوە کەچی ئەم هەڵپەڕێ.

[٢١] شەخس: خوابگاە (مرقد)ی پیاوێکی گەورەی ئایینییە، واتە وەختێك مەردوم خێری بۆ ئەکەن، کە شتێکی لێ ببینن. کار بەدەستێك ئەیلێ کە زەبر و زەنگێکی نواندبێ لە ناو مەردوما.

[٢٢] ئەگێڕنەوە کە لە دەربەندی بازیان شاییەك ئەبێ، یەکێك لە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، ئەیەوێ بچێ بۆ هەڵپەرکێی ئەو شاییە بەو بۆنەیەوە، ئەنێرێ بۆ شار کە شەدەیەکی بۆ بکرن تا لەو شاییەدا بیبەستێ بە سەریەوە، بەرێکەوت لەشکری دوژمن دێ و دەربەند ئەگرێ، وە کابراش شەدەکەی بۆ دێتەوە، ئنجا بەم بۆنەیەوە ئەم قسەیە ئەکا کەوا لەو رۆژەوە بووە بە پەند.

[٢٣]

[٢٤] واتە نە مامەڵە بکە بە بێپارە، وە نە جەنگ بکە بە بێ چەك، وە هەر چیت دەست دایە، ئەبێ خۆی بۆ ئامادە بکەیت.

[٢٥] واتە نە مامەڵە بکە بە بێپارە، وە نە جەنگ بکە بە بێ چەك، وە هەر چیت دەست دایە، ئەبێ خۆی بۆ ئامادە بکەیت.

[٢٦] واتە ئەگەر کۆنە قینە نەبێ و دەمقاڵێ نابێ بە شەڕ.

[٢٧] مەبەس لە شەڕنامە باسی زاڵ بوون و دانانی مەرجە لەسەر دوژمن.

[٢٨] ئنجا بزانە جەنگ و ئاشتی چەند لە یەك جیان.

[٢٩] یەکێك ئەیلێ کە شەڕێکی دوور لەو بە گڕە گڕ بێ بەرماڵی پێ بگرێ.

٣٠)- شەڕ لە بەتاڵی چاکترە[٣٠]

٣١)- شەڕ لە سەر تەنگی جێگەیە[٣١]

٣٢)- شەڕ لە سەر کەمی سفرەیە[٣٢]

٣٣)- شەڕ لە شۆمی، نەك لە تۆمی[٣٣]

٣٤)- شەڕ لە شێف و ئاشتی لە خەرمان[٣٤]

٣٥)- شەڕ لە نیوەی بگەڕێتەوە چاکترە[٣٥]

٣٦)- شەڕ و نیوەشەڕ، بران[٣٦]

٣٧)- شەرابی دەستی دولبەر، خۆشترە لە ئاوی کەوسەر[٣٧]

٣٨)- شەرابی مفت قازیش ئەیخوا[٣٨]

٣٩)- شەرت هۆ هۆ نییە، شەرت کۆکۆیە[٣٩]

---

[٣٠] واتە بێ کاری ئەوەندە خراپە، ئەگەر بە شەڕەوە خەریك بیت، باشترە لەوەی بێکار بیت.

[٣١] واتە هەموو جەنگێك لەسەر جۆرە کەم و کورپییەکە، ئنجا یا کەم و کورپی جێگا یا کەم و کورپی خواردن.

[٣٢] واتە هەموو جەنگێك لەسەر جۆرە کەم و کورپییەکە، ئنجا یا کەم و کورپی جێگا یا کەم و کورپی خواردن.

[٣٣] شۆم: شێفە، واتە شەڕی دوو هاوبەش، لە کشت و کاڵا، لە کاتی شێفابی کە هێشتا تۆو نەکراوە باشترە لەوەی کە دوای تۆو کردن بێ، چونکە ئەو حەلە زووتر جیا ئەبنەوە.

[٣٤] واتە لە کاتی بێ ئیشی دا شەڕ و زویری بە هەر جا، بەلام لە کاتی ئیش و فرمانا ئەبێ هەموو شەڕ و زویرییەك بخرێتە لاوە تا ئیشەکە تەواو ئەکرێ.

[٣٥] چونکە شەڕ وەك زەهر وایە تا کەمتری بخۆیت باشترە.

[٣٦] واتە ئادەمی کە تووشی شەڕ بوو، دەستی خۆی بوەشێنێ.

[٣٧]

[٣٨] واتە شتی خۆڕایی با حەرامیش بێ، دەستی لێ هەڵناگیرێ، مەگەر لە لایەن یەکێکی لە خوا ترسەوە.

[٣٩] واتە کردار حساب نەك گوفتار.

٤٠)- شەڕە، بێرە کۆڵم[٤٠]

٤١)- شەرعی مار، بە دار[٤١]

٤٢)- شەرغم لەگەڵ مەلایە، هاوارم بۆ تۆ خوایە[٤٢]

٤٣)- شەڕکەر واز ئەهێنێ، ناوبژی کەر واز ناهێنێ[٤٣]

٤٤)- شەڕکەر، ئاشتیت لە بیر بێ[٤٤]

٤٥)- شەرمی سەران، لە مێزەران[٤٥]

٤٦)- شەڕی ئەو دۆڵە، مەهێنەرە ئەم کۆڵە[٤٦]

٤٧)- شەڕی بەیانیان لە خێری ئێواران باشترە[٤٧]

---

[٤٠] یەکێك ئەیلێ کە شەڕێکی دوور لەو، بێت و یەخەگیری ببێ، واتە وەك خۆم داوای ئەم شەڕەم کردبێ کە بێتە کۆڵم وایە.

[٤١] ئەگێڕنەوە کە مارێك ئەچێتە ناو دەوەنێکەوە، وە یەکێك ئاگر ئەنێ بە دەوەنەکەوە، شێخ هۆمەر ناوێك دێ دار دەستەکەی ڕەت ئەکات بۆ مارەکە، بۆ ئەوەی کە ڕزگاری بکات، کەچی مارەکە ئەپەڕێتە ملی شێخ هۆمەر و تێوەی ئەئاڵێ، وە هەرچی ئەکات نایەتە خوارەوە، لە پاشا ئەچن بۆ لای چەند کەسێك کە شەرعیان بکەن، وە هەموو، شەرعەکە وا ئەکەن، کە مارەکە لە ملی شێخ هۆمەر بێتەوە، بەڵام مارەکە بە قسەی کەسیان ناکات، وە لە ملی نابێتەوە، لە پاشا ئەچنە لای ڕێوی بۆ شەرع کردن، ڕێوییەکە بە مارەکە ئەڵێ تا نەیەتیە خوارەوە شەرعتان ناکەم کە لەگەڵ دێتە خوارەوە خێرا بە دار سەری پان ئەکاتەوە، ئنجا ئەڵێ : (شەرعی مار، بەدار) واتە زۆرداری ستەمکار، ئەبێ وەك مار سەری پان کرێتەوە.

[٤٢] بە کارێك ئەوترێ ستەمکار خۆی فەرماندەر بێ.

[٤٣] تەماشای پەندی: (باوك کوژراو دەست هەڵ ئەگرێ، پلاو خۆر دەست هەڵ ناگرێ) بکە.

[٤٤] واتە هەر کەس چو بە گژ یەکێکا، با بەشی پاشەڕۆژی تیا بهێڵێتەوە.

[٤٥] تەماشای پەندی (سایەی سەران، لە مێزەران) بکە.

[٤٦] واتە تا ئەتوانی، مەیەڵە شەڕ پەرە بسێنێ.

[٤٧] واتە بەیانیان کاتی ئیش و کار و هەڵسورشانە، ئەبێ بە شتێکەوە هەر خەریك بیت با شەڕیش بێ، بەڵام ئێواران وا نییە، ئەگەر دەست لە خێر و قازانجێکیش هەڵگریت قەیناکە.

٤٨)- شەڕی خۆترپێن مەکە[٤٨]

٤٩)- شەڕی ژن و مێردان، هەتا ماڵ نوستنان[٤٩]

٥٠)- شەڕی ڕۆیگە و خێری ماگە[٥٠]

٥١)- شەڕێك بێ و خێری منی تیا بێ[٥١]

٥٢)- شەریکی دز و ڕەفیقی قافڵە[٥٢]

٥٣)- شەریکی و خەریکی[٥٣]

٥٤)- شەشی بە تەشپییەکە، حەوتی ڕبەیەکە[٥٤]

٥٥)- شەق ئەزانێ قۆناغ لە کوێیە[٥٥]

٥٦)- شەقەی قەڵماسکی نەبیستووە[٥٦]

٥٧)- شەل نییە، پای شکاوە[٥٧]

٥٨)- شەلە باوان، کوێرە باوان[٥٨]

---

[٤٨] واتە شەرت کە کرد شەرێك بکە کە بیبەیتەوە نەك بی دۆڕێنیت.

[٤٩] واتە ئەو حەلە ئیتر پێکەوە ئەنون و ئاشتیان ئەبێتەوە.

[٥٠] بە یەکێکی خراپ ئەوترێ کە تاقەتی شەڕی نەمابێ، وە لە بیری مردن و چاکە کردنا بێ.

[٥١] یەکێك ئەیڵێ کە لە شەڕی دوو کەسەوە بەهرەمەند ببێ.

[٥٢] بە یەکێك ئەوترێ کە لە شوێنێك ئەمین دار بێ، وە شت لەو شوێنە بدزێ و ساغی کاتەوە بە هۆی یەکێك لە دەرەوە.

[٥٣] یەکێك ئەیڵێ کە شەریکی یەکێکی تر بێ، وە بەهۆی ئەو شەراکەتەوە دەستی بەسترابێ، وە نەتوانێ سەربەست هەڵسوڕێ.

[٥٤] بە قسەیەکی وا ئەوترێ، کە هیچی بە سەر هیچەوە نەبێ.

[٥٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە پێویستێکی سەرشانی بەجێ نەهێنابێ، وە ئێستا بە زۆر پێی کرابێ.

[٥٦] بە یەکێك ئەوترێ کە ساردی و گەرمی ڕۆژگاری نەچەشتبێ.

[٥٧] بە شتێکی عەیبدار ئەوترێ، کە خاوەنەکەی بە ناوێکی تر ناوی ببات.

[٥٨] یەکێك ئەیڵێ کە لێی قەومابێ، وە بە بێجێگا و ڕێگا مابێتەوە، وە بە ناچاری چووبێتەوە ماڵی گەورەیەکی، واتە هەر کامێکمان لێمان بقەومێ هەر ئەبێ بێینەو ئەم ماڵە باوانە.

٥٩)- شەلەم بخۆم و جەھەنەمیش بچێژم[٥٩]

٦٠)- شەلم کوێرم، ناپارێزم[٦٠]

٦١)- شەممە بە کەم کەس[٦١]

٦٢)- شەممە کار و شەممە بار، هەر بووکی تیا مەکە سوار[٦٢]

٦٣)- شەممە لە مانگ ببڕێ[٦٣]

٦٤)- شەممە لە ملی جوولەکەیە[٦٤]

٦٥)- شتن رەنگ و رووە، خواردن گەند و گووە[٦٥]

٦٦)- شەن و کەو ئەکا[٦٦]

٦٧)- شەنە، لەمەنە، کەمتر نییە[٦٧]

٦٨)- شەو ئەنوێ، بەجلی گایە، رۆژیش ئەڵێی پاشایە[٦٨]

٦٩)- شەو دەڕوا، رۆژ دەڕوا، قەزا و بەڵا ناڕوا[٦٩]

---

[٥٩] یەکێك ئەیڵێ، کە لە شوێنێکی ناخۆشی خراپ بێ، وە دەست کەوتەکەشی شتێکی هیچ و پووچ بێ.

[٦٠] یەکێك ئەیڵێ کە دەست بوەشێنێ بێ ئەوەی وردبێتەوە.

[٦١] بە یەکێك ئەوترێ کە بڵێ، فیسار کەس باش هەڵگڕا، واتە ئەمجۆرە هەڵگڕانە دەست کەم کەس ئەکەوێ.

[٦٢] واتە هەموو کاروبارێك لە رۆژی شەموانا پیرۆزە، بووك گواستنەوە نەبێ، کە ئەم پیرۆزییەکە لە شەوی هەینی دایە.

[٦٣] بە شتێك ئەوترێ، کە هەرگیز نەگونجێ ببێ.

[٦٤] بە یەکێك ئەوترێ کە کارێکی بدرێ بەسەرا، واتە چۆن شەممە لەملی جوولەکەیە، ئەم کارەش لەملی تۆیە.

[٦٥] واتە کەم بخۆ و زۆر خۆت بشۆ.

[٦٦] بە یەکێك ئەوترێ کە لە نالّیش بدا و لە بزماریش بدا.

[٦٧] واتە ئەم لەو کەمتر نییە، بە یەکێك ئەوترێ، کە بڵێ: من لە ۆت وەجاخزادەترم.

[٦٨] بە یەکێك ئەوترێ کە لە ماڵی خۆیا شتی دڕاوی پێنەکراو لەبەر بکات بەڵام لە دەرەوە شتی جوانی بە نرخ بپۆشێ.

[٦٩] واتە قەزا و بەڵا بەسەر کەسا تێ ناپەڕێ، وە هەر ئەبێ بێتەدی.

٧٠)- شەو دەروێش بە، ڕۆژ دەروێش مەبە[٧٠]

٧١)- شەو قەڵای مێردانە[٧١]

٧٢)- شەوی جەژن فەقیریش دەوڵەمەندە[٧٢]

٧٣)- شەوێك و دز هەزار[٧٣]

٧٤)- شەیتان پەلەی کرد، چاوێکی خۆی کوێر کرد[٧٤]

٧٥)- شەیتان ناوبژی کەریان بێ[٧٥]

٧٦)- شەیتانی ئینسان ئینسانە[٧٦]

٧٧)- شتی باش خۆی هاوار ئەکا[٧٧]

٧٨)- شتی چاك پارەی بۆ خۆیەتی[٧٨]

٧٩)- شتی کەم تیز بە خاوەنییەوە ئەکا[٧٩]

٨٠)- شتێ بخۆ، شتێ بدە، شتێ هەڵگرە[٨٠]

---

[٧٠] دەروێش بە شەو هەر نوێژ و خواپەرستی ئەکا، بەڵام بە ڕۆژ ئیشی هەر درۆ و دەلەسە و فروفێڵ و دەست برینە، کەواتە وەك دەروێش بە لە شەوا، نەك لە ڕۆژا.

[٧١] چونکە تاریکە، وە هەموو کەسێك ئەتوانێ، هەموو کارێکی تیا بکات.

[٧٢] واتە یەکێك ئەگەر کاسەی جەژنی بوو، بە دەوڵەمەند ناژمێرێ چونکە هەموو کەس هەر چەند هەژار بێ لەو شەوەدا خواردنێکی ئەبێ هەر ببێ.

[٧٣] بە چەند کەسێك ئەوترێ کە هەموو لە یەك شت دزی بکەن، وە هیچیان ئاگایان لەوانیکەی تر نەبێ.

[٧٤] واتە لە هیچ کارێکا پەلە مەکە.

[٧٥] بە دوو کەس، یا دوو دەستەی خراپ ئەوترێ، کە بچن بە گژ یەکا، واتە یاخوا هەمیشە هەر لە شەڕا بن.

[٧٦] واتە بەشی زۆری مەردوم، بە قسەی ، بە قسەی هاوڕێی خۆی لە خشتە ئەچێ.

[٧٧] واتە باشی و خراپی چاو و ڕاوی ناوێ، بە یەکێك ئەوترێ کە چاو ڕاو بکا بۆ شتی خۆی، واتە ئەگەر ڕاستە ئەکەیت وا باشە، ئەم چاو ڕاوەی بۆچییە.

[٧٨] چونکە قازانج ئەکات لە جیاتی زەرەر.

[٧٩] کەواتە شت نەدان بە کەس، باشترە لە شتی کەم دان.

[٨٠] واتە ئەوی دەستت ئەکەوێ بیکە بە سێ کەرتەوە، بەشێکی بخۆ، بەشێکی خەرج کە لە ڕێی قازانجی گشتی دا بەشێکیشی هەڵگرە بۆ پاشە ڕۆژت.

٨١)- شتێ بخەرە بن پێت با بگەیتە ئەو[81]

٨٢)- شتێ گۆشتی پێ نەگرم، بۆ گۆشتی پێ دانێم[82]

٨٣)- شرە، بخۆ بێ کەسییە[83]

٨٤)- شرکە بێ و رۆنکە بێ[84]

٨٥)- شلّقە مەشکە و چزە تاوە[85]

٨٦)- شمشێر لە گاسنێ، هەر چەند بی پەسنێ هەر ئەچێتەوە سەر ئاسنێ[86]

٨٧)- شنگلّی بدە بە مالاّ، شەیتان بەرە بە چالاّ[87]

٨٨)- شوان ئارەزووی لە پەنیر بێ، لە گونی بەرانا دروستی ئەکا[88]

٨٩)- شوان بە شوانی عار نییە بە نانەوەچنی عارە[89]

٩٠)- شوان تا دانیشێ، گەلەی دوور ئەکەوێتەوە[90]

٩١)- شوانی ناپاك لە گورگ خراپترە[91]

---

[81] بە یەکێك ئەوترێ بە تەوسەوە کە زۆر هەولّ بدات بۆ گەیشتن بە یەکێك لە شتێکا، واتە تۆ ناگەیتە ئەو مەگەر گلمتکێك بخەیتە ژێر پێتەوە.

[82] یەکێك ئەیلێ، کە داوای ئیشێکی لێ بکەن، کە دەردی سەری تیابێ.

[83] واتە ئەمرۆ رۆژی کەوا بخۆرە، بەلاّم چونکە لە تۆ پۆشتەتر نییە کەواتە بخۆ.

[84] بە کالاّ و پۆشاکی کۆن ئەوترێ، واتە هەر پاك و تەمیز بێ با شڕ و دڕاویشی بێ قەیناکا.

[85] بە ژنێکی نەوسن ئەوترێ لەوانەی ئەگەر مەشکە بژەنێ، دوای ژەندنی خێرا کەرەکەی هەلّچزێنێ و بیخوا.

[86] تەماشای پەندی (سەد سالّ بی پەسنی) بکە.

[87] بە یەکێکی تەمەلّ ئەوترێ، کە تاقەتی نەبێ ئیشی ناومالّ بکات.

[88] واتە هەموو کەسێك لە ئیشی خۆیا چی بوێ ئەتوانێ بیکا.

[89] بە یەکێك ئەوترێ، کە پیشەیەکی پێ نەنگ نەبێ، کەچی پێویستێك لە پێویستانی ئەو پیشەیەی پێ نەنگ بێ.

[90] واتە ئیشی ئەمرۆ مەخەرە سبەینێ.

[91] چونکە گورگەکە مەڕێ ئەخوا و ئەڕوا، بەلاّم شوانی ناپاك هەموو رۆژ دەستی ناپاکی ئیش ئەکات.

٩٢)- شوست و شۆی لیٚ بڕی[٩٢]

٩٣)- شوکرانەی ناعەلاجی روو نەکاتە کەس[٩٣]

٩٤)- شوڵی لیٚ هەڵکێشاوە[٩٤]

٩٥)- شوێن کڵاوی با بردو کەوتووە[٩٥]

٩٦)- شوێن کڵاوی بابردوو مەکەوە[٩٦]

٩٧)- شوێنی خۆت بناسە[٩٧]

٩٨)- شوێنی شێرە، ڕێوی لیٚ ئەکەن گێرە[٩٨]

٩٩)- شیاکەی لە قنگ هەڵسو، بی کەرە گاگەل[٩٩]

١٠٠)- شیاکەی، لە قنگ هەڵسویت، ئەچێتە گاگەل[١٠٠]

١٠١)- شێت باشە، شێتەزا خراپە[١٠١]

١٠٢)- شێت بەرنە لای شێخ، شێخ بەرنە لای کیٚ[١٠٢]

١٠٣)- شێت بگا بە شێت، تەمەرێز هەی تەمەرێز[١٠٣]

---

[٩٢] واتە ئەوەندەی قسەی پێوت تەرزە شکێنی کرد.

[٩٣] بەم رەنگە بەلایەکی گەورەت بە سەرا بێ، وە دەست بە دەستا بدەیت و بڵێیت: خوایە شوکر.

[٩٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە کارێکا پێی لیٚ هەڵبڕێ، وە زۆر بە جەختی بچێتە ژێری.

[٩٥] واتە دوای کارێك کەوتووە کە هەرگیز نابێ.

[٩٦] واتە دوای کارێك کەوتووە کە هەرگیز نابێ.

[٩٧] واتە لە جێیەك دامەنیشە کە هەڵت سێنن.

[٩٨] بە شوێنێك ئەوترێ، کە لەوەپێش یەکێکی گەورەی تیا بووبێ، وە ئێستا تیا نەمابێ، وە لە شوێنەکەی ئەو چەند کەسێکی هیچ و پووچ دانیشتبن.

[٩٩] واتە زۆر کەڕەواڵە و بەسزمانە.

[١٠٠] واتە زۆر کەڕەواڵە و بەسزمانە.

[١٠١] واتە لەگەڵ شێتا هەرچۆنێ بێ ئیدارە ئەکرێ، بەلام لەگەڵ ئەوەی شێتا ئیدارە ناکرێ، چونکە ئەم شێتی کوڕی شێتە.

[١٠٢] بە شێخێك، یا زانایەکی ئایینی ئەوترێ، کە لە ڕێی دین لایدابێ.

[١٠٣] واتە بەهۆی شەڕە شەقیانەوە، ئەبێ بە تەپ و تۆز، چ تەپ و تۆزێ.

١٠٤)- شێت بگا بە شێت، قنگی ئەخورێ[١٠٤]

١٠٥)- شێت کە شێت بوو ئەبرێ بۆ لای شێخ، شێخ ئەگەر شێت بوو ببرێ بۆ کوێ[١٠٥]

١٠٦)- شێت لە عەقڵی خۆی رازییە، کەس لە بەختی خۆی رازی نییە[١٠٦]

١٠٧)- شێتە بۆ شێتیت؟ ئەڵێ: بۆم ئەلوێ[١٠٧]

١٠٨)- شێتی عاقڵ گێ[١٠٨]

١٠٩)- شێر ئەگەر بتخوا، پەنا بە لانەی رێوی مەبە[١٠٩]

١١٠)- شێر بە گوێ ئەگرێ[١١٠]

١١١)- شیر بەرە بەرە، ئەبێتە کەرە[١١١]

١١٢)- شێر بم شکێنێ، نەك رێوی بمخوا[١١٢]

١١٣)- شێر دەشکێنێ، چەقەڵ و رێوی دەیخوا[١١٣]

١١٤)- شێر کە پیر بوو، چەقەڵ، گاڵتەی پێ ئەکا[١١٤]

---

[١٠٤] واتە هەر کەسێ بە هاولفی خۆی دڵی ئەکرێتەوە، ئەم پەندە بە پیاوی بەرێز ئەوترێ.

[١٠٥] ئەمە وەك ئەوە وایە بڵێیت: هەموو شت بە خۆی ئەپارێزرێ، خۆی ئەگەر بۆگەن بوو، بەچی بپارێزرێ؟!

[١٠٦]

[١٠٧] بە یەکێك ئەوترێ، هەرچی داوا بکات بۆی بچێتە سەر.

[١٠٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە دیمەن ساویلکە و کەرەواڵە و لە دڵیشا وریا و زۆرزان بێ، بە رەنگێکی وا کە بە سەد میچێکی لێ نەبەنەوە.

[١٠٩] واتە مەردوم بش کوژرێ، بە دەستی مەرد بکوژرێ، نەك بە دەستی نامەرد.

[١١٠] واتە زۆر ئازا و بەزاتە.

[١١١] واتە هەموو شتێك بە پێی خۆی دان بە خۆدا گرتنێکی ئەوێ.

[١١٢] واتە مەردوم بش کوژرێ، بە دەستی مەرد بکوژرێ، نەك بە دەستی نامەرد.

[١١٣] واتە لە سایەی پیاوێکی گەورەوە زۆر کەس ئەلەوەڕێ.

[١١٤] بە گەنجێك ئەوترێ، کە گاڵتە بە پیرێك بکا.

١١٥)- شیر کە دۆشرا، ناچێتەوە گوان[115]

١١٦)- شێر نوستبێتیش مەچۆرە سەری[116]

١١٧)- شێر، کە پیر بوو، ئەبێ بە مەخسەرەی کەران[117]

١١٨)- شێر، کە پیر بوو، رێوی دەمی تێ ئەژەنێ[118]

١١٩)- شێر، کە لە بێشە دەرپەڕی، چ نێری چ مێ[119]

١٢٠)- شێر، لە دەنگی کەڵەشێر، ئەترسێ[120]

١٢١)- شێرە بەفرینە، کەس لێی ناترسێ[121]

١٢٢)- شیری حوشتر و دیداری عەرەب[122]

١٢٣)- شێریماڵەوەیە و رێوی دەرەوە[123]

---

[115] واتە قسەیەك یا کردەوەیەك کە کرا، ئیتر ناگەرێتەوە.

[116] ئەوەك خەبەری بێتەوە.

[117] بە گەنجێك ئەوترێ، کە گاڵتە بە پیرێك بکا.

[118] بە گەنجێك ئەوترێ، کە گاڵتە بە پیرێك بکا.

[119] واتە مەردوم کە ئازا بوو جیاوازی نییە لە ناوەندی نێر و مێ دا.

[120] چونکە دەنگی کەڵەشێر نیشانەی ئاوەدانییە، ئاوەدانیش واتە ئادەمی، هەر لەبەر ئەمەیە کە پێی ئەڵێن: کەڵەشێر، واتە کەڵی شێرە.

[121] شێرە بەفرینە: شتێکە لە وێنەی شێرێکی گەورە دروست ئەکرێ لە بەفر، لە ساڵێکا بەفر زۆر ببارێ، ئنجا بەو کەسانەی کە سنگ شێری ماکەر پشتن پێیان ئەوترێ: شێرە بەفرینە، واتە بێنرخن.

[122] واتە نە ئەوم ئەوێ بی خۆم و نە ئەمم ئەوێ ببینم. بە شتێك ئەوترێ کە نەتەوێ هەرگیز چاوت پێی بکەوێ، بەڵام شاعرێکی ئێرانی لە مدحی عەرەبێکی حوشترسوارا ئەڵێ:

گر این شتر و شتر سوار این عرب ست   من شیری شتر خواهم دیدار عرب

واتە ئەگەر حوشتر ئەمەیە و حوشتر سوار ئەم عەرەبەیە، من ئارەزووی شیری حوشتر و دیداری عەرەب ئەکەم.

[123] بە یەکێك ئەوترێ کە لە ناو پیاوانا نەوێرێ قسە بکات، بەڵام لە ناو ماڵی خۆیا هەمیشە شاتەی بێ.

١٢٤)- شیری میسر، له کیلانا ناوێستێ[١٢٤]

١٢٥)- شین و شایی، دەستەوایی[١٢٥]

١٢٦)- شیو لەشکرە، یا دێ یا دەچێ[١٢٦]

١٢٧)- شێوی خۆش، له هەڵمی ڕا دیارە[١٢٧]

١٢٨)- شێوی زۆر کابان، یا سوێرە یا بێخوێ[١٢٨]

---

[١٢٤] واتە هەر کەسێك جەوهەرێکی ببێ، بێ پەروا جەوهەرەکەی خۆی دەرئەخات.

[١٢٥] واتـە خۆشـی و ناخۆشـی دەسـتیاوە، بـەم رەنگـە هـەر کەسـێك بـە خۆشـی و ناخۆشیمەوە بێ منیش بە خۆشی و ناخۆشـی ئـەوەوە ئـەبم، وە ئەگـەر نـەبێ ئـەوان منیش نابم.

[١٢٦] واتە چۆن لەشکر جارێ سەر ئەکەوێ و جارێ ژێر، شیویش وایە.

[١٢٧] بە شتێك ئەوترێ، کە هەر بە بۆن و بەرامەیا دیار بێ کە باشە.

[١٢٨] یا هەموو خوێی تێ ئەکەن، یا هیچیان تێی ناکەن.

پیتی عەین

١)- عاشقی کاشی کەووگ بووگە[١]

٢)- عاقڵ کەر ئەبێ، کەر عاقڵ نابێ[٢]

٣)- عاقڵ، دووجار ناخەڵەتێ[٣]

٤)- عالەم بە جن پێ ئەکەنێ، جنیش بە ئاشەوان[٤]

٥)- عالەم هەڵ ئەستا خلەی ئەگا، خلەش هەڵ ئەستا بلەی ئەگا[٥]

٦)- عەباسی خۆت دەربێنە ئنجا گاڵتە بە شایی من بکە[٦]

٧)- عەرەب چە عەرەب، نەدارۆ ئەندێش[٧]

٨)- عەشرەت گلێرە، وەختی کولێرە[٨]

٩)- عەقڵ بە گەورە و بچوکی نییە[٩]

١٠)- عەقڵ نەبێ گیان لە عەزابایە[١٠]

---

[١] کەوگ: شینە. بە یەکێك ئەوترێ کە حەزی لە شتی زەرقی رەنگاورەنگ بێ.

[٢] واتە کەم جار مەردومی ژیر بە هۆی شتێکەوە تووڕە ئەبێ و کاری ناپەسەند ئەکات، بەڵام پیاوی کەر هەرگیزە ژیر نابێ.

[٣] چونکە جاری یەکەم کە خەڵەتا، ئەگەر عەقڵی بێ دەرس وەرئەگرێ، بۆ جارێکی تر، کە وەری نەگرت، ئەوە مەعنای وایە کە عەقڵی نییە.

[٤] بە یەکێکی هیچ و پووچ ئەوترێ، کە گاڵتە بە یەکێکی لە خۆی باشتر بکات، وایە هەموو کەس بە تۆ پێئەکەنێ، تۆش بە من.

[٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە خۆی ژێر دەستی هەموو کەسێك بێ کەچی ئەویش ئازایەتی خۆی بەسەر یەکێکی بەسزمانا بنوێنێ.

[٦] واتە یەکێك گاڵتە ئەکات بە یەکێك لە شتێکا، کەخۆی لەو زیاتر بێ لەو شتەدا.

[٧] واتە عەرەب لە عەرەب ناترسێ، چونکە پشتی یەك نادەن لە زەوی.

[٨] واتە کەس وکار، لە کاتی خۆشیدا پێتەوەن.

[٩] واتە زۆر کەسی وا هەیە بە تەمەن مناڵە کەچی زۆر ژیرترە لە زۆر کەس لەوانەی کە بە تەمەن لەم گەورەترن.

[١٠] چونکە هەر عەقڵە لێخوری ئادەمی بۆ رێی راست.

١١)- عەقڵی گونم و عەقڵی ژنم وەك یەك وایە[11]

١٢)- عەقڵی لە ئەژنۆیایەتی[12]

١٣)- عەقڵی منداڵی، تڕی کەنداڵی[13]

١٤)- عەمەل سستی قسە دروست[14]

١٥)- عەنەزەی دەوری مەرەزە[15]

١٦)- عوزر، روو سپی ناکا[16]

١٧)- عوزر، لە قەباحەت خراپتر[17]

١٨)- عومری پیرە مەڕێکی ماوە[18]

١٩)- عومری درێژ، شەرمی لە کەس نییە[19]

٢٠)- عومری گەیشتە شەستە، موروان ئەکاتە دەستە[20]

٢١)- عیسایی بە دینی خۆی مووسایی بە دینی خۆی[21]

٢٢)- عێل، باوانی عێلە[22]

---

[11] ئەمە قسەی هێندێ پیاوی قەبەی، کەللە بۆشی مێشك پووتە کە گونی خۆی و گێزەر لێك ناکاتەوە، ئەگەر ئەمە وایە و بۆچی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام لە کاتی تەنگ و چەڵەمەدا، راوێژی کردووە لەگەڵ خێزانی خۆیا، وە بە قسەی کردوون، وەك لە صلحی حدیبەدا.

[12] واتە زۆر بێعەقڵە.

[13] واتە وەك یەك بێنرخن.

[14] بە یەکێك ئەوترێ کە قسەی ببێ و کردەوەی نەبێ.

[15] عەنەزە:جۆرە وڵاخێکی رەسەنە، کە هەمیشە لە ناو مێرگ و دەوروبەری مەرەزەدا بێ بۆ لەوەڕین، بەیەکێك ئەوترێ کە هەمیشە لە مڵ ومووشی خواردندا بێ.

[16] واتە شەرمەزاری لانابا.

[17] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەڵەیەك بکات و لە پاشا عوزرێکی وای بۆ بێنێتەوە لە هەڵەکە ناشرین تر بێ.

[18] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیا بێ.

[19] واتە شتێکت کە بوو، بە هەڵە باشی مەیخۆ، وە هەڵی گرە بۆ کاتی پیریت، کە کەس نایەت بەلاتا.

[20] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە گوفتار یا بە کردار خۆی مناڵ بکاتەوە.

[21] واتە هەر کەسە لە ئایینی خۆیا سەربەستە.

[22] واتە کوڕی هۆز، هەرگیز پشتی کوڕی هۆز نادا لە زەوی.

پيتی غەين

١)-	غەزيم بوو بە برِنووتی، هەموو فلّقیَ كرديە لووتی.

٢)-	غەمی نان بخۆ، خەربزە (كالّك) ئاوە.

پیتی فێ

١)- فەخر، بەڕەی ناو دڕاوە[١]

٢)- فەخر، گونی شۆڕە[٢]

٣)- فەرقی گونی خۆی و گێزەر ناکا[٣]

٤)- فەرموودە و تڕکەن هیلاك نابن[٤]

٥)- فەقیانە سپی کەرێ نایکێشێ، لە ماڵیا نییە دەنکە بڕوێشێ، نییە لێفە شڕێ، قاچی تێکێشێ[٥]

٦)- فەقیانە سپی، سەڵتە با بردوو، دوو ژنت بۆچییە لە برسا مردوو[٦]

٧)- فەقیر ئەیەڵێ لە ئاش بێتەوە، دەوڵەمەند نایەڵێ لە ساج بێتەوە[٧]

٨)- فەقیر گوو ئەکا، چیلکە ئەچێ بە قنگیا[٨]

٩)- فەقیر لای باوە ئەتسێ[٩]

---

[١] واتە فەخر نەنگێکی وایە کە داناپۆشرێ، وەك بەڕەیەك کە ناوەڕاستەکەی دڕابێ.

[٢] واتە تووشی ئازارت ئەکات.

[٣] واتە زۆر بێ عەقڵە.

[٤] فەرموودە: چەنەبازە، واتە ئەم دووانە هەرگیز هیلاك بوونیان نییە.

[٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەر چێکی دەست کەوێ بیدا بە بەرگی جوان و بە خۆیا بژەنێ، لە ماڵیشا هیچ نەبێ.

[٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەر چێکی دەست کەوێ بیدا بە بەرگی جوان و بە خۆیا بژەنێ، لە ماڵیشا هیچ نەبێ.

[٧] واتە هەژار لە دەوڵەمەند بە سەبرترە.

[٨] واتە بەدبەختە.

[٩] واتە زۆر بەدبەختە، ئەوی ئەشی کا خراپی ئەکا.

١٠)- فەقیری خۆشە، قۆرتی ناخۆشە[١٠]

١١)- فەقیری راست، شەریکی دەوڵەمەندە[١١]

١٢)- فەنی تۆلە شەڕە سەگت چی[١٢]

١٣)- فرۆشتن، لە خواستن چاکترە[١٣]

١٤)- فڕە فڕی ماشان لە دەنگی قورحان خۆشترە[١٤]

١٥)- فرستادە هیچی لەسەر نییە[١٥]

١٦)- فرمان لە سارا، رۆن لە بەهارا[١٦]

١٧)- فرمانکەرە بمرێ، تەدبیرکەرە نەمرێ[١٧]

١٨)- فوو لە ئاگر کەیت، سمێڵت ئەسووتێ[١٨]

١٩)- فوو لە دۆ ناکا[١٩]

---

[١٠] یەکێکی هەژاری کەم دەست ئەیڵێ، کە خۆی یا ماڵ و منداڵی تووشی نەخۆشی یا شتێکی وا بووبێ کە پێویست بە پارە خەرج کردن بێ.

[١١] لە ئیسلامەتیدا سود نییە، ئنجا ئەگەر هەژار سەر راست بێ، بەم رەنگە لەگەڵ قەرزی کرد، لە کاتی خۆیدا بیداتەوە، ئەو حەلە دەوڵەمەندیش درێغی لێ ناکات، وە بە بێ سوود قەرزەکەی ئەداتێ، وە هەژارەکە ئەبێ بە هاوبەشی دەوڵەمەندەکە لە داراییەکەیدا.

[١٢] فەنی: توتکە سەگە. بە یەکێك ئەوترێ کە چووبێ بە گژ پیاوێکی گەورەدا و ژێر کەوتبێ.

[١٣] واتە شتی ناو ماڵت بفرۆشیت و نامانگوری خۆتی بێ لابەریت چاکترە لەوەی کە شت لەم و لەو بخوازیت.

[١٤] واتە دەنگی هەڵقوڕاندنی شۆربای ماش، لە گوێچکەی برسی دا لە دەنگی قورئان خۆشترە، یەکێك ئەیڵێ کە زۆری برسی بێ، وە لە جیاتی ئەوەی نانی بۆ دانێن کەچی قورئانی بۆ بخوێنن.

[١٥] چونکە هەرچی ئەڵێ و ئەیگەیەنێ،قسەی خۆی نییە ، بەڵکو قسەی یەکێکی ترە.

[١٦] سارا: دەشتە، واتە ئیشی بەهاران و هاوینان لەدەشتا خۆشە، وەك رۆنی بەهاران.

[١٧] واتە یا خوا هەر بچوك بێ بە بالاٚ گەردانی گەورەی ماڵ.

[١٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئاگری دوژمنایەتی هەلگیرسێنێ لە ناوەندی دوو کەسا.

[١٩] واتە لە حەلاڵ و حەرام ناپرسێتەوە.

٢٠)- فێر کەران فێریان مەکە، کە فێریان ئەکەیت تێریان بکە[٢٠]

٢١)- فێری رۆین بە و بەر لەوەی راکەیت[٢١]

٢٢)- فێری رۆین بە، ئنجا دەست بکە بە راکردن[٢٢]

٢٣)- فیکە بە برای بێ لێو ئەکەن[٢٣]

٢٤)- فیکەی خۆی ئەناسێ[٢٤]

---

[٢٠] واتە هەر چاکەیەکت کرد بی بەرە سەر تا دوایی.

[٢١] واتە هەموو کارێك ئەبێ پلە پلە دەستی بدرێتێ.

[٢٢] واتە هەر چاکەیەکت کرد بی بەرە سەر تا دوایی.

[٢٣] بە یەکێك ئەوترێ کە کارێك بە یەکێك بکات کە لێی نەزانێ.

[٢٤] بە یەکێك ئەوترێ ئەگەر بە قسە پلارێکیان تێگرت، خێرا تێ بگا.

پیتی قاف

١)- قازانج سەری مایەی خوارد[١]

٢)- قازانجی گاوان، ماکەر گاینە[٢]

٣)- قازانی گەردوون هەر چەند دێر تێتە جۆش، ئاخری هەر تێتە جۆش[٣]

٤)- قازانی مێردان بە حەوت ساڵ دێتە جۆش[٤]

٥)- قالۆنچە بۆنی گوڵ بکا سەری دێشێ[٥]

٦)- قالاو چی کرد، تا قشقەڕە بیکا[٦]

٧)- قەبر هەڵکەن، بیزانیایە کەی ئەمرێ چاڵێکی بۆ خۆی هەڵ ئەکەند[٧]

٨)- قەتیول و بەتیول، مەردنەپەی پول[٨]

٩)- قەحبە کە پیر بوو، تەوبە ئەکا[٩]

١٠)- قەحبە لە کێری زل ناترسێ[١٠]

١١)- قەدری دان وا بە لێوەوە[١١]

---

[١] واتە بۆ قازانج چووم کەچی دەست مایەکەشم دانا.

[٢] واتە پیشەی سووك، قازانجیشی هەر سووکە.

[٣] واتە هەر کەسێك لە جیهانا هەڵە بکات، تۆڵەی خۆی ئەبێ هەر بدا.

[٤] واتە پیاوی گەورە، درەنگ تووڕە ئەبێ.

[٥] بە یەکێك ئەوترێ کە لەگەڵ هێندێ شتی باشا سەر و ساختی نەبێ.

[٦] واتە گەورە چی کرد، تا بچوکیش بیکا، واتە شتی گەورە نەتوانێ بیکا، بچوك هەر ناتوانێ.

[٧] واتە کەس علمی غەیبی نییە، ئەگینا هەرچی قازانج بوایە بۆخۆی ئەبرد.

[٨] واتە گەورە و بچوك لە کراسی خۆیا بۆ پارە مردووە.

[٩] بە یەکێکی خراپ ئەوترێ، کە دوای ئەوەی پەکی کەوت ئنجا دەست لە خراپی هەڵگرێ.

[١٠]

١٢)- قەدری زەڕ بەلای زەڕەنگەرەوەیە[12]

١٣)- قەدری مانگ نییە تا نەگاتە شەو[13]

١٤)- قەرز بە قەرز دەست ئارداوی[14]

١٥)- قەرز دوو ماڵ ئاوەدان ئەکاتەوە[15]

١٦)- قەرز کۆن ئەبێ، نافەوتێ[16]

١٧)- قەرز کردن و دانەوەی دوو دڵ ئاوەدان ئەکات[17]

١٨)- قەرز کردنەکەی خۆشە، دانەوەی ناخۆشە[18]

١٩)- قەرزار، قەرزاری نەکوشتوە[19]

٢٠)- قەرزی بێنە و نییەیە[20]

٢١)- قەرزی کۆن و خزمی دووری بەیاد کردوە[21]

---

[11] بە یەکێك ئەوترێ، ئەو کەسەی کە مایەی حورمەتی بووبێ نەمێنێ.

[12] چونکە هەر ئەو ئەیناسێ و پەسەندی ئەکا.

[13] واتە هەموو شت لە وەختی پێویستا نرخی دەرئەکەوێ.

[14] واتە ئەم ئاردی دا بەو بە قەرز، وە ئەویش قەرزەکەی دایەوە بەم بە بێ زیاد و کەم، وە هیچ لایەکیان هیچیان دەست نەکەوت دەستی ئارداویی نەبێ.

[15] یەکەم ئەو کەسەی قەرزەکە ئەکات، دووهەم خاوەن قەرز چونکە لە وەختێکا بۆی ئەهێنێتەوە کە خۆی زۆر پێویستی بە پارەکەیە.

[16] ئەمە ڕەوشت و خووی جارانی کورد بوو کە زۆر موسڵمان بوون وە هەر چۆنێك بوایە قەرزەکەی ئەدایەوە، بەڵام ئێستا هەرچی قەرز بدا بە یەکێك، دوژمنێك بۆ خۆی ئەکڕێ.

[17] یەکەم دڵی قەرزدارەکە، کە پێویستە بە قەرزەکە و دەستی ئەکەوێ، دووهەم خاوەن قەرزەکە، کە قەرزەکەی دەست ئەکەوێتەوە.

[18] واتە تا ئەتوانی قەرز مەکە.

[19] قەرزارێك ئەیڵێ، کە خاوەن قەرز داوای قەرزەکەی لێ بکاتەوە وە تەنگی پێ هەڵ بچنێ.

[20] یەکێك ئەیڵێ، کە قەرزی دابێ بە یەکێك، وە هەر چەند داوای بکاتەوە، بڵێ: نییە.

٢٢)- قەزای دیزە کەوت لە گۆزە[٢٢]

٢٣)- قەزر تا بمێنێ قەڵەو ئەبێ[٢٣]

٢٤)- قەساب گۆشتی بێ ئێسقان نافرۆشێ[٢٤]

٢٥)- قەساب کاتێ ئاشنایە، گۆشتی لێ قەرز نەکەیت[٢٥]

٢٦)- قەل ئەگەر مەلێکی شەریف بووایە، گووی نەئەخوارد[٢٦]

٢٧)- قەل بە قەل ئەڵێ روو رەش[٢٧]

٢٨)- قەل بە قەل ئەڵێ رووت رەش بێ[٢٨]

٢٩)- قەل بەخێو کەیت، چاوت دەردێنێ[٢٩]

٣٠)- قەل فڕی، قشقەڕە دەرپەڕی[٣٠]

٣١)- قەیاری هاتووە[٣١]

٣٢)- قەیسەری لێ بووە بە کونە مشك[٣٢]

---

[٢١] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەژار کەوتبێ، وە بە دوو شتی رۆیوا بگەڕێ کە زیندوی بکاتەوە.

[٢٢] بە بەڵایەك ئەوترێ، کە بۆ یەکێك بێ و بەر یەکێکی تریکەوێ.

[٢٣] بەم رەنگە قەرزدار شەرمەزار ئەبێ.

[٢٤] واتە شتی بێ نەنگ نییە.

[٢٥] واتە ئاشنایەتی قەساب هەر ئەوەندە بڕ ئەکا کە ماددە نەیەتە پێشەوە.

[٢٦]

[٢٧] بە پیاوێکی خراپ ئەوترێ کە ناوی یەکێکی تر بە خراپ ببا.

[٢٨] بە پیاوێکی خراپ ئەوترێ کە ناوی یەکێکی تر بە خراپ ببا.

[٢٩] واتە خزمەتی ناڕەسەن مەکە.

[٣٠] بە دوو کەسی خراپ ئەوترێ، کە لەگەڵ یەکێکیان کارێکی کرد ئەوی تریشیان بیکا.

[٣١] قەیار: زیادەی سمی وڵاخی یەك سمە، بە یەکێك ئەوترێ کە یاخی، وە زیاد لە ئەندازەی خۆی سەربەست بووبێ، واتە چۆن ئەو ئەبێ قەیار بکرێ، ئەمیش ئەبێ نینۆك بکرێ.

۳۳)- قرانێکم نییه بیدەم به شێلانه، ئامۆزاکەم ئەڵێ: ژن بێرانه[۳۳]

۳٤)- قسه ئەکەیت بەدناویت، قسەش ناکەیت پونگاویت[۳٤]

۳٥)- قسه به پاش حەوت کێو ئەگاتەوه بەخێو[۳٥]

۳٦)- قسه بی گێزه و بی بێژه و بی وێژه[۳٦]

۳۷)- قسه تا نەجوویت، قووتی نەدەیت[۳۷]

۳۸)- قسه تا نەکولێنیت، دەری نەهێنیت[۳۸]

۳۹)- قسه حەوت پلەی هەیه[۳۹]

٤۰)- قسه قسه ئەهێنێ[٤۰]

٤۱)- قسه که بوو بەدوو، ئەبێ به گوو[٤۱]

٤۲)- قسه کەوته زارێ، ئەکەوێته شارێ[٤۲]

٤۳)- قسه کردن به پاره بووایه، کەس نەی ئەکڕی[٤۳]

---

[۳۲] به یەکێك ئەوترێ که له شتێك بترسێ و خۆی لێ بشارێتەوه.

[۳۳] شێلانه: قەیسییه. به یەکێکی ئەڵێت، که پێت بڵێ: فلان کار بکه، که تۆ لەوه گەلێ سووکترت پێ نەکرێ.

[۳٤] یەکێك ئەیڵێ که قسەیەك له دڵیا بێ، نه بتوانێ بیکا نه بتوانێ نەیکا.

[۳٥] کەواته تا ئەتوانیت ناوی کەس به خراپه مەبه.

[۳٦] واته قسەیەك که هاتیته سەر کردنی، له پێشەوه — وەك دانەوێڵه به قەڵبێری مێشکت گێژی بده و سەر کۆزەرەکەی بگره، ئنجا بێژنگی بیر بی بێژەرەوه، وه هەرچی زیوانێکی پێوەیه بی گره، ئنجا به پاکی و پوختەیی بیڵێ.

[۳۷] واته ئەو قسەیەی ئەتەوێ بیکەیت، تا بیری لێ نەکەیتەوه نەیڵێیت.

[۳۸] واته له ئەنجامی قسەکەت ورد بەرەوه، ئنجا بیکه.

[۳۹] واته حەوت جار ئەبێ ئەم دیو ئەو دیوی بکەیت، وه له هەموو لایەکەوه لێی ورد ببیتەوه، ئنجا بیکه.

[٤۰] واته قسه قسه رائەکێشێ.

[٤۱] واته قسەیەك هەر تاقه جارێك ئەبێ بکرێ.

[٤۲] زار: دەمه، واته قسەکه له دەم دەرچوو، ئیتر بڵاو ئەبێتەوه بەشارا، کەواته تا ئەتوانی ئاگات له نهێنی خۆت بێ.

٤٤)- قسه له قافا خۆشه[٤٤]

٤٥)- قسه له قافیەدا خۆشه[٤٥]

٤٦)- قسه مەکه بۆ دۆستی وێت، نەوا ئەویش دۆستێکی بێت[٤٦]

٤٧)- قسه ناچێته جەواڵەوه[٤٧]

٤٨)- قسه ناچێته گیرفانەوه[٤٨]

٤٩)- قسه هاته روو، نامێنێ ئەرجوو[٤٩]

٥٠)- قسه هەتا نەکوڵێ دەرنایەت[٥٠]

٥١)- قسه هەزاره، دوانی بەکاره[٥١]

٥٢)- قسه هیچی تێ ناچێ[٥٢]

٥٣)- قسه یا له شێت ببیسه، یا له مناڵ[٥٣]

٥٤)- قسەکەت له دەما بە شەکر بێ[٥٤]

---

[٤٣] واته قسه قسه رائەکێشێ.

[٤٤] واته قسەی بێجێ مەکە.

[٤٥] واته قسەی بێجێ مەکە.

[٤٦] وێت: خۆت، واته قسەی نهێنی خۆت مەگێڕەوه بۆ دۆستێکی خۆت نە وەك ئەو کەسەش دۆستێکی ببێ بۆی بگێڕێتەوه.

[٤٧] به یەکێك ئەوترێ، کە قسەیەکی نابەجێ بکات، وه تۆ قسەکەی ببەیتە دواوه، واته قسه ئەوەیه بچێته مێشکەوه خۆ ناچێته جەواڵەوه یا گیرفانەوه.

[٤٨] به یەکێك ئەوترێ، کە قسەیەکی نابەجێ بکات، وه تۆ قسەکەی ببەیتە دواوه، واته قسه ئەوەیه بچێته مێشکەوه خۆ ناچێته جەواڵەوه یا گیرفانەوه.

[٤٩] واته کە قسەیەك درا له ناوەندی دوو کەسا، ئیتر ئەبێ بێ پەردە قسە بکرێ، وه جێی تکا نامێنێ.

[٥٠] تەماشای راڤەی پەندی تۆهەم بکە له پیتی (ق).

[٥١] به یەکێك ئەوترێ کە له بابەت شتێکەوه قسەی زۆری بێ کەڵك بکات.

[٥٢] کەواته له قسەی باشا، درێغی مەکه، یاخۆ به یەکێك ئەوترێ، کە قسەی هاشە و هوشە زۆر بکات.

[٥٣] چونکه هەر دوکیان، بێ پەردە قسە ئەکەن.

٥٥)- قسەم حەقە، بۆیە رەقە[٥٥]

٥٦)- قسەی ئەوو، تڕی دەیایی لایەکە[٥٦]

٥٧)- قسەی تتەر، کوێستانی تەر[٥٧]

٥٨)- قسەی پاڵودار، تاڵە و نالەبار[٥٨]

٥٩)- قسەی پیاو لە سەنەد گەورەترە[٥٩]

٦٠)- قسەی پێشینان وەك نەقشی دیوار وایە[٦٠]

٦١)- قسەی پێشینانە، ماج قەرەوڵی گانە[٦١]

٦٢)- قسەی حەق ڕەقە[٦٢]

٦٣)- قسەی حسابی زۆر زوو سەوز ئەبێ[٦٣]

٦٤)- قسەی خۆت بۆ یار مەکە یاریش یاری هەیە[٦٤]

٦٥)- قسەی خۆش کوێستانی کێرە[٦٥]

٦٦)- قسەی خۆمان، لە بیر خۆمان[٦٦]

---

[٥٤] یەکێك ئەیڵێ کە بیەوێ قسە بە یەکێکی تر بڕێ و خۆی قسە بکا.

[٥٥] بە یەکێکی ئەڵێیت کە پێت بڵێ: تۆ زۆر قسەت رەقە.

[٥٦] واتە هیچ نرخی نییە.

[٥٧] یەکێك ئەیڵێ کە بە هاشە و هوشە و بەڵێنی خۆش ئیخفاڵ کرابێ.

[٥٨] واتە قسەی بە توێکل ناخۆشە، وە هەرگیز توانج مەگرە کەس.

[٥٩]

[٦٠]

[٦١] قەرەوڵ: سەرەتایە، واتە کار کە گەیشتە ماچ و موچ، ئەش گاتە شتێکی ناشرین تر.

[٦٢] چونکە لە قازانجی ئەو کەسە نییە کە قسەکەی پێ ئەڵێت.

[٦٣] بە قسەیەکی راست ئەوترێ، کە لەگەڵ کرا خێرا بێتە جێ، واتە قسەی راست زوو دەرئەکەوێ.

[٦٤] واتە یارەکەشت بۆ یاری خۆی ئەگێڕێتەوە، ئەو حەلە بڵاو ئەبێتەوە.

[٦٥]

٦٧)- قسەی خولە، باسی بلەی لە ناو برد[٦٧]

٦٨)- قسەی دڵت بۆ من بێ[٦٨]

٦٩)- قسەی ڕاست بەردە، ڕاست گۆبە، درۆ بەردە[٦٩]

٧٠)- قسەی سوارە[٧٠]

٧١)- قسەی شەو، وەك خەو، کەمتر دێتە ڕوو[٧١]

٧٢)- قسەی گوێ ئاگردانە[٧٢]

٧٣)- قسەی کورت درێژ مەکە، ڕێگەی نزیك دوور مەکە[٧٣]

٧٤)- قسەی نەخشی بەردە[٧٤]

٧٥)- قسەی وەك قوڕی زستان وایە[٧٥]

٧٦)- قسەیەك بکە سەر بگرێ، ڕبەیەك بگرە جێ بگرێ[٧٦]

٧٧)- قسەیەك بکە کەڵك بگرێ، مەنێك بپێوە سەر بگرێ[٧٧]

٧٨)- قسەیەك دەمم کەوتەرە، سەرم لوا جەتەرە[٧٨]

---

[٦٦] یەکێك ئەڵێ بە چەند کەسێك کە بە کۆمەڵی قسە لە کارێك بکەن وە یەکێکی بێگانە بچێ بە سەریانا وە ئەوانیش قسەکە هەڵگرن بۆ وەختێکی تر.

[٦٧] بە قسەیەك ئەوترێ، کە بە سەر قسەیەکی ترا بێ، وە ئەویان ئەمیان داپۆشێ.

[٦٨] بە یەکێکی ئەڵێت کە قسەیەکی ساردت لەگەڵ بکات، واتە ئەم قسە ساردەت هەر بە سەر زارییە، وە بە دڵ هەر لەگەڵما مێهرەبانیت.

[٦٩] واتە قسەی ڕاست وەك بەرد ڕەقە، ڕاست بە و دەست لە درۆ هەڵگرە.

[٧٠] واتە قسەی لە سەرەوەیە.

[٧١] واتە قسەیەك لە شەوا بکرێ، کەمتر دێتە جێ.

[٧٢] واتە هیچ نرخێکی نییە، بە یەکێك ئەوترێ کە هاشە و هوشە بکات.

[٧٣] واتە هەموو شتێك لە کورتی ببڕێتەوە.

[٧٤] واتە کە قسەیەکی کرد ئەیباتە سەر.

[٧٥] واتە لێی ناگیرێ.

[٧٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە قسەی زل و پف هەڵدراو بکا.

[٧٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە قسەی زل و پف هەڵدراو بکا.

٧٩)- قسەیەکیش بۆ دز بکەین[٧٩]

٨٠)- قفڵ بۆ پیاوی بە حەیایە[٨٠]

٨١)- قفڵ بۆ حەڵاڵ زادە لێ ئەدرێ[٨١]

٨٢)- قفڵی لە دەمی خۆی داوە[٨٢]

٨٣)- قنگ بە قەڵماسك باس ناکرێ[٨٣]

٨٤)- قنگ بدەرە سەر دەرپێی خۆت[٨٤]

٨٥)- قنگ حیز بە، دەم حیز مەبە[٨٥]

٨٦)- قنگێ فێری ترین بێ، تەرکی ناکات[٨٦]

٨٧)- قنگە، برۆ بەولاوە، بۆنی گوت لێ دێ[٨٧]

٨٨)- قنگەلاشك، لە خۆی بەشك[٨٨]

٨٩)- قنگی رەش و سپی، لە بوارا دەرئەکەوێ[٨٩]

---

[٧٨] دەمم کەوتەرە: واتە لە دەمم دەرچوو. لواجەوتەرە: واتە چوو بە جەوتا، واتە لە پێناوی قسەکەدا سەرمی تیا چوو.

[٧٩] واتە تاوان بار، ئەگەر بیانوو (عوزر)یەکی بە دەستەوە بوو، پێویستە نەکرێ بە ژێر لێوەوە.

[٨٠] ئەگینا بێحەیا، یا ئەیشکێنێ وە یا بە شتێك هەڵی ئەگرێ.

[٨١] ئەگینا بێحەیا، یا ئەیشکێنێ وە یا بە شتێك هەڵی ئەگرێ.

[٨٢] واتە بە هیچ جۆرێ قسە نەکا.

[٨٣] بەڵکو بە ئازایی و رەوشت و خوو، باس ئەکرێ.

[٨٤] واتە دەست درێژی مەکە، وە ئاگات لە دەست و زبانت بێ.

[٨٥] چونکە یەکەم زەرەری هەر بۆ خۆیەتی، بەلام دووهەم زەرەری بۆ مەردومە.

[٨٦] بە یەکێك ئەوترێ کە فێری شتێکی ناشرین بووبێ.

[٨٧] بە پیاوێك ئەوترێ، کە دەوڵەمەند ببێ، وە بە ژنە کۆنەکەی — کە رەفیقی هەژاریەتی رازی نەبێ، وە ژنی بە سەر بێنێ وە ئەم بخاتە لاوە.

[٨٨] قنگەلاشك: بنجە درکێکی وشکەوە بووە، کە بابیباتە پەنایەکەوە لە ڕووی تەوسەوە بە یەکێك ئەوترێ، کە قسەیەك بکرێ وە ئەو بیباتە سەر خۆی.

٩٠)- قنگی کەر حەمامە[٩٠]

٩١)- قنگی کردە رەشەبا[٩١]

٩٢)- قورِ بە سەر ئەو کەسەی فیرعەون پێی بڵێ کافر[٩٢]

٩٣)- قورئان ئەفرۆشرێ، ئەدرێ بەنان[٩٣]

٩٤)- قورئانی دا بە تەمورە[٩٤]

٩٥)- قوراوی دنیای بە قنگدا هەڵپژاوە[٩٥]

٩٦)- قوڕی بۆ گیراوەتەوە[٩٦]

٩٧)- قوزە چێلە، نە بە کەڵکی سیرمەدێ، نە بە کەڵکی پێستە[٩٧]

٩٨)- قوزەکە مەترسە، قوزەکە مەلەرزە[٩٨]

٩٩)- قوزی لە قەحبان، مشتە لە دۆمان ناکرێ[٩٩]

١٠٠)- قوزی ی بەرکوانوو بێقەدرە[١٠٠]

١٠١)- قوزی ی گوێ ئاگردان قەدری نییە[١٠١]

---

[٨٩] واتە هەموو شتێك لە کاتی تاقی کردنەوەدا دەرئەکەوێ.

[٩٠] بە شتێك ئەوترێ کە نەگونجێ.

[٩١] واتە مرد، لە رووی سووکیەوە ئەوەترێ.

[٩٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە تاوان بارێك، بە تاوان بار، ناوی ببا.

[٩٣] بەیەکێك ئەوترێ، کە حورمەتی نان نەزانێ چییە.

[٩٤] واتە حەڵاڵی دا بە حەرام.

[٩٥] بەیەکێك ئەوترێ، کە هەموو جۆرە ناخۆشییەکی لە جیهانا دیبێ.

[٩٦] واتە تووشی چورتمێکی زۆر گەورە بووە.

[٩٧] بە یەکێك ئەوترێ کە بە کەڵکی هیچ نەیەت.

[٩٨] یەکێك ئەیڵێ لە ناوەندی دوو کەسا، کە بیەوێ لە سەر کارێك رێکیان خات.

[٩٩] چونکە هەمیشە، خۆیان پێویستن پێیان.

[١٠٠] کوانوو: ئاگردانە، واتە چونکە لە منداڵیەوە لە ماڵێکا گەورە بوون وە لە گوێ ئاگردانێك دانیشتوون، بۆیە لەبەرچاوی بێ نرخە.

١٠٢)- قوڵفی کەعبەی گرتووە[١٠٢]

١٠٣)- قوڵفی کعبە کەج نابێ[١٠٣]

١٠٤)- قومارچی ئەگەر نەڵێ: بە گونمەوە شەق ئەبا[١٠٤]

١٠٥)- قونێ بدە منالێ، دەمی مەدەرێ[١٠٥]

١٠٦)- قونی سەر تەندور، کەوتە سەر مافوور[١٠٦]

١٠٧)- قوونێ لە دووم مەڕۆ، بۆنی گووت لێ دێ[١٠٧]

١٠٨)- قوونێ، هەر کلت پیا ئەوێ[١٠٨]

١٠٩)- قۆندەرە بۆ کەسێکە بزانێ لە پێی کا، نە وەك ناکەس ئەم پێ و ئەو پێی کا[١٠٩]

١١٠)- قۆندەرەکانی جیڕەی دێ، سکی لە برسا قۆڕەی دێ[١١٠]

١١١)- قیاسی کەشکە، لە مشك[١١١]

١١٢)- قیری کەوای سپییە[١١٢]

---

[١٠١] کوانوو: ئاگردانە، واتە چونکە لە منالیەوە لە ماڵێکا گەورە بوون وە لە گوێ ئاگردانێك دانیشتوون، بۆیە لەبەرچاوی بێ نرخە.

[١٠٢] واتە پشتی بەهێزە.

[١٠٣] یەکێك ئەیڵێ، کە داوای کارێك لە یەکێك بکات، ئەویش بڵێ: ئەم کارە ناکرێ، ئەمیش بڵێ: بۆچی ناکرێ؟ خۆ قوڵفی کەعبە کەج نابێ.

[١٠٤] چونکە بە کردار ژێرکەوتووە، ئنجا ئەگەر بە گوفتاریش ژێر کەوێ شەق ئەبات.

[١٠٥] واتە قنگت بدەیتە دەست منال باشترە، لەوەی قسەی خۆتی بدەیتێ.

[١٠٦] بەیەکێکی هەژار ئەوترێ، کە جاران نەی بووبێ و ئێستا بیبێ.

[١٠٧] بەیەکێك ئەوترێ کە لەگەڵ خۆشی بە فیز بێ.

[١٠٨] بە شتێکی وا ئەوترێ کە بۆت بێت وە بە هیچ کولۆجێك پێویستت پێ نەبێ.

[١٠٩]

[١١٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە نەی بێ، کەچی کالا و بەرگی جوانی بەنرخ بپۆشێ.

[١١١] بە یەکێك ئەوترێ، کە قیاسی شتێك بکا لە شتێکی تر کە زۆر لە یەکەوە دوور بن.

[١١٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە نەنگێکی ئاشکرای ببێ، بە رەنگێکی وا کە هەرگیز لێی نەبێتەوە.

پیتی کاف

١)- کا بۆ خۆم و جۆ بۆ کەرەکەم[١]

٢)- کا هی خۆت نەبوو، کادان هی خۆت بوو[٢]

٣)- کابان لە کەوگیری دا دیارە[٣]

٤)- کابان، یا بێ بەشە، یا روو رەشە[٤]

٥)- کابرایەك بوو نەدی و بدی، کوڕێکی بوو لە بری ناوکی کێری بڕی[٥]

٦)- کاتی سەرخەرمان یارانت جەمە، لە کاتی تەنگی یارانت کەمە[٦]

٧)- کاتی کەڵك وکار، ئەمانکەن بە یار کاتی چز و بز، ئەمانکەن بەدز[٧]

٨)- کاتێك جەنگیت، ئاشتیت لە بیر بێ[٨]

٩)- کاژێ و کێژێ، لەیەك ئەئاژێ[٩]

١٠)- کار لە کار ترازا[١٠]

---

[١] بە یەکێك ئەوترێ کە داوای شتێك بکات بۆ خۆشی و بۆ یەکێکی تریش.

[٢] بە یەکێك ئەوترێ کە لە سەر خوانی مەردوم ئەوەندە بخوات تا نەخۆش ئەکەوێ.

[٣] واتە هەر دەستدانە کەوگیرەکەی نیشان ئەدا کە کابانە.

[٤] واتە ئەو چێشتەی کەیبانو لێی ئەنێ، یا باش دەرئەچێ و بەشی خۆی نامێنێتەوە، یا خراپ دەرئەچێ و تەریق ئەبێتەوە.

[٥] بە یەکێك ئەوترێ کە نەدی وبدی بێ، وە ئەو کارەی کە ئەیکات پاش و پێش بێ.

[٦] واتە لە کاتی خێر و بێرا دۆست زۆرن، لەکاتی تەنگ و چەڵەمەدا کەمن.

[٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەکاتی ئیش و کارا بتخوێنێتەوە بەڵام لە کاتی چێشت و گۆشتا هیچ.

[٨] واتە بەشی ئاشتی تیا بێڵەرەوە.

[٩] بە دوو کەسی بێ حەیای، دەم پیس ئەوترێ، کە بەربووبنە یەکتری.

[١٠] واتە کارەکە لە دەست دەرچوو.

١١)- کارد و کفنی کردگه[١١]

١٢)- کارسازم نارد، کار بسازێنێ، نەمزانی کارساز، کار ئەترازێنێ[١٢]

١٣)- کاری خێر بە تەعجیل، کاری شەڕ بە تەحلیل[١٣]

١٤)- کاری زل بە بچوك مەسپێرە[١٤]

١٥)- کاریتە لە کفر هەڵ ناکەوێ[١٥]

١٦)- کارێکی پێ کرد، با بە دەواری شڕی نەکا[١٦]

١٧)- کاسە دراوسێتی بەران، کافروەران[١٧]

١٨)- کاسە دراوسێتی بردم، لە عەزرەتی مردم[١٨]

١٩)- کاسە دراوسێتی یا بەرشێو ئەبێ، یا دوا شێو[١٩]

٢٠)- کاسە دراوسێتی، دوو پێی هەیە[٢٠]

---

[١١] کارد: کێردە، واتە خۆی ئامادە کردووە بۆ کوشتن.

[١٢] ئەگێڕنەوە کە کابرایەك ئەیەوێ ژنێك بێنێ، برادەرێکی خۆی ئەنێرێ بۆ خوازبێنی ئافرەتێك، کابراکە ئەبینێ خۆی حەزی لێ ئەکات، وە بۆ خۆی خوازبێنی ئەکات و ئەیسازێنێ، ئنجا بەم بۆنەیەوە کابراکەی تر ئەم پەندە ئەڵێ.

[١٣] واتە ئیشی باش دەست و بردی لێبکە، وە زوو بە زوو بیکە، بەڵام کاری خراپ لێی ورد بەرەوە، وە ئەم دیو ئەو دیوی بکە.

[١٤] چونکە بۆی ناکرێ.

[١٥] کاریتە: نیرگەی خانووە، کفر، دارێکی گەڵا وردە لە ناو خڕ و چەما ئەڕوێ واتە پیاوی گەورە لە خێزانی پەست و نەخوێندەوار هەڵ ناکەوێ.

[١٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە گوفتار، یا بە کردار حەشر بکات بە یەکێکی تر.

[١٧] وەران: بیخۆن. واتە یاخوا هەر بێ بڕوا بە تەمای چێشتی کاسە دراوسێتی بێ.

[١٨] بە یەکێك ئەوترێ کە شتێ ببەخشێ، کەچی لەدڵا پێی ناخۆش بێ.

[١٩] یەکێك ئەیلێ کە بە تەمای شتی یەکێکی تر بێ، واتە شتی خەڵق کە چاوەڕوانی بکرێ لەکاتی خۆیا نایەت، بەڵکو یا پێش ئەکەوێ، یا پاش ئەکەوێ.

[٢٠] واتە نانی کاسە دراوسێتی کە هات و خورا، ئەبێ تۆش بۆ ئەوەی بکەیت و بۆی بنێریتەوە.

٢١)- کاسە کە پڕ بوو ئەڕژێ[٢١]

٢٢)- کاسە کە پڕ بوو لێی ئەڕژێ[٢٢]

٢٣)- کاسە لە ئاش گەرم ترە[٢٣]

٢٤)- کاسە و ئاوسێ بەران، کافر وەران[٢٤]

٢٥)- کاسەکەی بە مل منا ئەشکێنێ[٢٥]

٢٦)- کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە[٢٦]

٢٧)- کاسەی پڕ بووە[٢٧]

٢٨)- کاسەی هاوسەر، بە یەکتر ئەدەن بەقەرز[٢٨]

٢٩)- کاغەزی سپی، ئەخوێنێتەوە[٢٩]

٣٠)- کاغەزی نەنووسراوە ئەخوێنێتەوە[٣٠]

٣١)- کاکە و برالە ئەکەن[٣١]

---

[٢١] بە یەکێك ئەوترێ کە ماوەیەکی زۆر بێ لە خەم و خەفەتا بێ، واتە چۆن کاسە کە پڕ بوو لێی ئەڕژێ، کاسەی خەمیش وایە، بۆیە پێغەمبەریش لە کاتی تەنگانەدا فەرموویەتی : " اشتدی ازمە تنفرجی" واتە ئەی تەنگانە پڕ بە تا لێت بڕژێ.

[٢٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە یاخی بووبێ.

[٢٣] ئاش: چێشتە بە یەکێك ئەوترێ، کە لە ئیشی یەکێکا ئەم سەرگەرمتر بێ لە خاوەنەکەی.

[٢٤] واتە کاسە دراوسێتی هەر بۆ ئەوە باشە کە بێ بڕوا بیخوا.

[٢٥] واتە گوناەکەی بە سەر منا ئەسەپێنێ.

[٢٦] چونکە ئارەزووی هەموو لایەکیان بەجێ دێ.

[٢٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە یاخی بووبێ.

[٢٨] واتە ئەو کاسە دراوسێتییەی کە بۆیان دێ، نایخۆن، وە بە یەکێکی تری ئەدەن بە قەرز.

[٢٩] واتە زۆر زیرەك و بلیمەتە، بە رەنگێك کە قسەی نەوتراوە ئەدۆزێتەوە، وە کاغەزی نەنوسراوە ئەخوێنێتەوە.

[٣٠] واتە زۆر زیرەك و بلیمەتە، بە رەنگێك کە قسەی نەوتراوە ئەدۆزێتەوە، وە کاغەزی نەنوسراوە ئەخوێنێتەوە.

[٣١] بە دوو نێرینە ئەڵێن کە سەر بە سەرێ بکەن.

٣٢)- کالاّ کێ دڕی؟ ئەوی ئەیپرسی[٣٢]

٣٣)- کالاّ لە قەد بالاّ[٣٣]

٣٤)- کالاّ هەڵ ئەگرێ لە دوکانان، گەنم هەڵ ئەگرێ لە خەرمانان ئەکەوێتە دەستی نەزانان[٣٤]

٣٥)- کاڵەك بە ئەژنۆ ئەشکێنێ[٣٥]

٣٦)- کاڵەك خۆری، یا بێستان ڕن؟[٣٦]

٣٧)- کاڵەکی شیرین، ماڵی چەقەڵە[٣٧]

٣٨)- کانییەك ئاوت لێ خواردەوە، بەردی تێ فڕێ مەدە[٣٨]

٣٩)- کای تۆ نییە[٣٩]

٤٠)- کای چی و جۆی چی؟[٤٠]

---

[٣٢] واتە یەکێك کالاّ ئەدڕێ کە ئەپرسێ لە جوانی و ناشرینی، بەلاّم ئەوانەی کە جوانی و ناشرینی ئەخوێننەوە، کالاّیەك ئەوەندە لەبەر ناکەن کە بیدڕن.

[٣٣] بە شتێك ئەوترێ کە لەپلەی خاوەنەکەیا بێ.

[٣٤] واتە بە ڕەنجی شان و عەرەقی ناوچەوان پارە پەیدا ئەکا، وە ئەیدا بە کوتاڵ و زەخیرە و ئەیخاتە ژێر دەستی ژن و ماڵ و مناڵ کە قەدری ناگرن.

[٣٥] بە یەکێك ئەوترێ ، کە لە کارێکا زۆر پەشیمان بێ.

[٣٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئاگای لە خەرج کردنی ماڵ نەبێ، کەچی لە هێندێ شتیش بپرسێ، واتە تۆ هەر بخۆ دەخڵت بە سەر شتی ترەوە نەبێ.

[٣٧] بە زۆردارێکی ستەم کار ئەوترێ، کە هەر کەسێك شتێکی باشی ببێ، ئەو داگیری بکا.

[٣٨] واتە هەر چی شتێك کە بەهرەت لێ وەرگرت، لەقەی لێ مەدە.

[٣٩] بە یەکێك ئەوترێ ، کە قسە لە شتێك بکات کە لە پایەی ئەوا نەبێ، وە بەرزتر بێ لە ژێری ئەو.

[٤٠] ئەڵێن لە باهارانا، نێرەکەر کە چاوی بە ماکەر ئەکەوێ و لێی دا ئەهێلێ، داوای پەڕینی لێ ئەکا، ئەویش ئەڵێ: تۆ ئێستا کەیفی خۆت ئەکەیت و ئەڕۆیت، وە من سبەینێ ئەکەومە ژێر دوو بارەوە، باری سك و باری پشت بە بێ ئاو ئالیك، نێرەکەرەکەش کە کێری ئەماڵێ بە سەر سنگیا یەك لە دوای یەك – گۆیا پێی ئەڵێ: کات لە سەر خۆم و جۆت لە سەر خۆم، وە بەم ڕەنگە ماکەرەکە ڕازی ئەکات، کە

٤١)- کای کۆن ئاگری تێ بەر نەبێ[41]

٤٢)- کای کۆن بە با مەکە[42]

٤٣)- کە ئاگر کەوتەوە تەڕ و وشك پێکەوە ئەسوتێ[43]

٤٤)- کە بوویت بە ڕێوی سەر و قنگی کەڵاشەکەم بکڕێنەرەوە[44]

٤٥)- کە تازە هات کۆنە بەتاڵە[45]

٤٦)- کە تازە هات کۆنە خەڵاتە[46]

٤٧)- کە پارەت دا مەلا لە مزگەوت دەرئەهێنێ[47]

٤٨)- کە پیاو زۆری وت، چاکیش ئەڵێ و خراپیش ئەڵێ[48]

٤٩)- کە پیاو لە دوای کەرەوە ڕۆی، ئەبێ بۆنی تەرسی بکا[49]

٥٠)- کە خەوت هات، سەرینت ناوێ، کە برسیت بوو پێخۆرت ناوێ[50]

٥١)- کە خوا دای پێغەمبەریش چنگێکی ئەخاتە سەر[51]

نێرەکەرەکە ئیشی خۆی تەواو کرد و دابەزی، کێری سیس ئەبێتەوە، وە بە لای ڕاست و چەپا تەکەی دێ گوێپیا پێی ئەڵێ: کای چی و جۆی چی؟ ئەم پەندە بە یەکێك ئەوترێ، کە تا ئیشێکی پێت بێ، بەڵێن لە سەر بەڵێنت پێ بدا کە ئیشەکەی نەما، ئیتر کای چی و جۆی چی.

[41] بە یەکێك ئەوترێ کە کۆنە عاشق بووبێ و بیری بکەوێتەوە و یا دڵ بریندار بووبێ و برینەکەی بکولێتەوە.

[42] بە یەکێك ئەوترێ کە قسەیەکی کۆن زیندوو بکاتەوە.

[43] واتە تا زووتر بیکوژێنیتەوە باشترە.

[44] بە یەکێك ئەوترێ لە رووی سوکیەوە کە هەڕەشەیەکت لێ بکات، واتە هیچت لە دەست نایەت ئەوە نەبێ کە بووی بە ڕێوی سەر و قنگی کلاشەکەم بکڕێنیتەوە.

[45] واتە کە ژنی تازەت هێنا، ژنە کۆنەکەت لە لا ئەبێ بە هیچ.

[46] واتە کە کاڵای تازەت دروست کرد، کاڵا کۆنەکەت بدە بە یەکێکی تر.

[47] واتە هەموو شت بە پارە جێبەجێ ئەکرێ.

[48] واتە کەوابوو زۆر قسە مەکە با خراپ بە دەمتا نەیەت.

[49] یەکێك ئەیڵێ کە لە هاوڕێیەتی یەکێکەوە، دڵی شکابێ.

[50] واتە نە بنوو تا خەوت نەیەت، وە نە بخۆ تا برسیت نەبێ.

[51] واتە کە دەرگای خۆشی کرایەوە بە جارێك ئەکرێتەوە.

٥٢)- كە خوا دای، نازرسێ کوڕی کێی[٥٢]

٥٣)- کە زۆر هات، قەواڵە بەتاڵە[٥٣]

٥٤)- کە شیرت وەشاند ئەبێ قەڵغانت پێ بێ[٥٤]

٥٥)- کە چاو چوە خەو، قنگ ئەچێتە پاشایی[٥٥]

٥٦)- کە چوویتە جێیان، جێی خۆت بناسە[٥٦]

٥٧)- کە چویتە شاری کوێران، دەست بە چاوەوە بگرە[٥٧]

٥٨)- کە گاجووت کاوێژ بکا لە حیزی جوتیارە[٥٨]

٥٩)- کە گوڵ نیت، دڕکیش مەبە[٥٩]

٦٠)- کە فێرت کرد تێری کە[٦٠]

٦١)- کە کەس نەبێ، رەجەب سەر پاڵەیە[٦١]

٦٢)- کە کەس نەبوو من شای کەسانم[٦٢]

٦٣)- کە کەس نەیخواست، شوو ئەکا بە من[٦٣]

---

[٥٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە پایەکی لە خۆی بەرزتر دەست کەوتبێ.

[٥٣] یەکێك ئەیڵێ کە نەتوانێ کارێك بکا کەچی بە زۆر پێی بکەن.

[٥٤] چونکە ئەو کەسەی کە تۆ دەستی لێ ئەوەشێنیت ئەویش دەست لە تۆ ئەوەشێنێ.

[٥٥] واتە ئەو حەلە بە بێ ترس، بەری ئەداتەوە.

[٥٦] ئەگینا هەڵت ئەستێنن لەو جێگایەی کە لێی دانیشتویت.

[٥٧] واتە هەموو کەسێك ئەبێ لەگەڵ ئەو ناوچەیەی کە تیایەتی رێ بکەوێ.

[٥٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە خوار دەستەکەی ئیش باش نەکات.

[٥٩] بە یەکێك ئەوترێ کە هیوای باشی لێ بکرێ، کەچی بە پێچەوانەوە خراپەی ببێ.

[٦٠] تەماشای پەندی (فێرکەران فێریان مەکە) بکە.

[٦١] پاڵە: کرێکارە. سەرپاڵە: سەرکرێکارە، لە کاتێکا ئەوترێ، کە پیاوی باش نەمابن، وەهەرچی و پەرچی جێی ئەوانی گرتبێتەوە.

[٦٢] یەکێك ئەیڵێ کە لە خۆی پێشتر بۆ کارێك نەبێ.

[٦٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە شتێکی ببێ بە تۆی نەفرۆشێ، کە زانی کەس لێی ناکرێ ئنجا بیەوێ پێت بفرۆشێ.

٦٤)- كە كەوچکت نییە، بۆ گو ئەخۆیت؟[٦٤]

٦٥)- کە مەرِم گورگ بیخوا، با گورگی نیشتمان بیخوا[٦٥]

٦٦)- کە مەلا لە دێ نەبوو، کەڵەشێر بڵقاسم بەگە[٦٦]

٦٧)- کە من رازی بووم بە نانی جەو، سەری خاقان بە قنگی خەسرەو[٦٧]

٦٨)- کە من کەوتمە دەریوزە، ئەم هۆزەنا، ئەو هۆزە[٦٨]

٦٩)- کە من نەمام، با لە دوای من دنیا وێران بێ[٦٩]

٧٠)- کە نەزانی بزێیت بۆ کەڵ ئەگریت؟[٧٠]

٧١)- کە نەزانی گیرا ئاو، کە ئاو گیرا جاو[٧١]

٧٢)- کە نەنەولێسك بە خەڵاتت بێ کێکفی قۆپی بە بەراتت بێ[٧٢]

٧٣)- کە هەتیوچە سوار ئەبێ، لای لفکەکەی خوار ئەبێ، ئەگەر نەیگریت هار ئەبێ[٧٣]

---

[٦٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە بچێتە ژێر بارێك کە دەرەقەتی نەیەت.

[٦٥] لەم رۆژەدا هەر گەلێك نەگا بەم پایەیە لە نیشتمان پەروەریی دا بە لرفەیەك قوت ئەدرێ.

[٦٦] واتە کە گەورەی بە راستی لە شوێنێك نەبوو، هەموو گەجەر و گوجەرێك خۆی ئەکا بە گەورە.

[٦٧] واتە کە من بە نانی جۆ رازی بووم، ئیتر کلکە لەقێ بۆ کەس ناکەم.

[٦٨] واتە مەردوم کە لە نیشتمانی خۆی دوور کەوتەوە و ئیتر لەهەر شوێنێ بژی بۆ ئەو چون یەکە.

[٦٩] ئەمە قسەی یەکێکی خۆ پەرستە کە لە جیهانا هەر چاوی لە خۆشی خۆیەوە بێ، ئەگینا هەزاری وەك من و تۆ ببین بە بالاّ گەردانی خۆشی و خۆشبەختی کۆمەڵە و گەل.

[٧٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە بچێتە ژێر ئیشێك و نەتوانێ بیکا.

[٧١] بە یەکێك ئەوترێ، کە بچێتە ژێر ئیشێك و نەتوانێ بیکا.

[٧٢] کەنەنە: تەشوێیەکی بچکۆلانەی دەم کەوانەییە، ناو کەوچك و ئەسکۆیی پێ هەڵ ئەکەندرێ، لێسك: تیغێکی کەوانەییە ناوی کەوچك و ئەسکۆیی پێ لوس ئەکرێ. بە یەکێك ئەوترێ، کەدیارییەکت بۆ بێنێ هیچی تێ نەچێ.

[٧٣] بە یەکێکی ناوەجاخی ناکەس بەچە ئەوترێ.

٧٤)- که وتی، تێژ، تێژ[٧٤]

٧٥)- کەبووتەر با کەبووتەر، باز با باز[٧٥]

٧٦)- کەر ئەو کەرە، کورتانەکەی گۆڕاوە[٧٦]

٧٧)- کەر ئەو کەرەیە لەکاروان بزەڕێ[٧٧]

٧٨)- کەر ئەوەتە لە کاروانسەردا بزەڕێ[٧٨]

٧٩)- کەر بۆنی زەعفەران نازانێ[٧٩]

٨٠)- کەر بێ کورتان نابێ[٨٠]

٨١)- کەر بارەکەی تفەنگیش بێ، گورگ هەر ئەیخوا[٨١]

٨٢)- کەر بە پەیغام ئاو ناخواتەوە[٨٢]

٨٣)- کەر بە جۆ بمرێ شەهیدە[٨٣]

---

[٧٤] ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی شارەزووری وتوویەتی: خوا چۆن ئەتوانێ بە جارێك ئەم هەموو دڕکی دەشت و شاخە وا تیژ بکات، وە نووکەکانیان وا دا بدات؟ یەکێکیش ئەڵێ: خوا کە وتی تێژ تێژ، ئنجا ئێستا ئەمە بە یەکێکی زۆر بە دەسەڵات ئەوترێ، کە لەگەڵ ویستی شتێك بکا بیکا.

[٧٥] کەبووتەر: بە زبانی فارسی جۆرە کۆترێکە، واتە کۆتر بەرامبەر بە کۆتر و باز بەرامبەر بە باز ئەخوێنێ.

[٧٦] بەشتێك ئەوترێ کە تۆزێ دیمەنەکەی گۆڕابێ، بەڵام شتەکە هەر وەك خۆی وابێ.

[٧٧] واتە باریش بەرێ و سەرەڕای ئەوەش بزەڕێ.

[٧٨] کەر کە لە سەفەر بگەڕێتەوە، زۆر ماندووە، وە روو ئەکاتە کاروانسەرا کە تەویلەیە ئنجا ئەگەر لەوێ زەڕی، ئەوە نیشانەی بەدەقی و بەهێزییەتی، واتە ئازا ئەوەتا لە رۆژی سەفەر بارەبەریدا دا ئازا بێ.

[٧٩] واتە مەردومی تێنەگەیشتوو لە شتی ورد ناگات.

[٨٠] واتە هەموو گیانلەبەرێك بە جل و بەرگی خۆیەوە.

[٨١] چونکە نازانێ بە کاری بێنێ، بە یەکێك یا گەلێك ئەوترێ کە جەنگاوەر نەبێ، وە نەزانێ چەکی جەنگی بەکار بێنێ.

[٨٢] واتە کەر بە بێ وتن ئاو ناخواتەوە، بە یەکێك ئەوترێ کە ئامۆژگاری کاری تێنەکات.

[٨٣] بە یەکێکی نەوسنی چڵێس ئەوترێ، کە لە زۆر خواردنەوە نەخۆش کەوتبێ.

٨٤)- کەر بە حەج نابێ بە حاجی[٨٤]

٨٥)- کەر بە دەنکە جۆیەك ئەزەڕێ[٨٥]

٨٦)- کەر بە کاروان قەڵەو نابێ[٨٦]

٨٧)- کەر بە میوانداری قەڵەو نابێ[٨٧]

٨٨)- کەر بە نەقیزە نەبێ نارِوا بەرِێوە[٨٨]

٨٩)- کەر بترِێ کۆشی بۆ ئەگرێتەوە[٨٩]

٩٠)- کەر بەستە، خاوەن رەستە[٩٠]

٩١)- کەر بەستە، لە خەم رەستە[٩١]

٩٢)- کەر بکەوێ، دانی ئەشکێ[٩٢]

٩٣)- کەر تۆپیوە و شایی سەگە[٩٣]

٩٤)- کەر تا ئەتۆپێ، لە لەقە وەشاندن ناکەوێ[٩٤]

٩٥)- کەر جۆی ئەوێ و جۆش ئاو[٩٥]

---

[٨٤] چونکە چۆن ئەچێ، هەروا دێتەوە.

[٨٥] بەیەکێك ئەوترێ، کە زوو لە خۆی بگۆڕێ و یاخی ببێ.

[٨٦] بە هەژارێك ئەوترێ، کە بە ڕێکەوت لە لایەکەوە خواردنێکی دەست کەوتبێ.

[٨٧] بە هەژارێك ئەوترێ، کە بە ڕێکەوت لە لایەکەوە خواردنێکی دەست کەوتبێ.

[٨٨] بە مەردومی تێنەگەیشتوو ئەوترێ، کە بۆ هەموو شتێك ئەبێ پێی بوترێ.

[٨٩] بە یەکێکی زۆر هەژار ئەوترێ.

[٩٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە کەری خۆی بەستبێتەوە، واتە ئیشی خۆی بنج بەست کردبێ، وە بێخەم دانیشتبێ.

[٩١] بە یەکێك ئەوترێ، کە کەری خۆی بەستبێتەوە، واتە ئیشی خۆی بنج بەست کردبێ، وە بێخەم دانیشتبێ.

[٩٢] بە شوێنی بێ لەوەڕ ئەوترێ.

[٩٣] بە یەکێکی دەوڵەمەندی بێ ژیری و بیر ئەوترێ کە بمرێ، وە کەلەپورەکەی بمێنێتەوە بۆ چەند خزم و خوێشێکی خراپی.

[٩٤] بە یەکێکی خراپ ئەوترێ، کە تا مردن دەست لە ستەمکاری هەڵنەگرێ.

[٩٥] واتە هەر شتێك پێویستی بە شتێك هەیە.

٩٦)- کەر زاوە کوڕی بووە[٩٦]
٩٧)- کەر چوە بەغدا بوو بە ئێستر[٩٧]
٩٨)- کەر چیەتی لە نوقوڵ و نەبات، مشتێ جۆ و کونجی ڕەبات[٩٨]
٩٩)- کەر قەڵەویش بێ گۆشتی ناخورێ[٩٩]
١٠٠)- کەر کە بە بارەوە کەوت بە کلکی ڕاست ئەکرێتەوە[١٠٠]
١٠١)- کەر کە تۆپی قەل لە پێشا چاوی کوێر ئەکا[١٠١]
١٠٢)- کەر کە تۆپی، دالاش زۆر ئەبێ[١٠٢]
١٠٣)- کەر کە جۆی دی کا ناخوا[١٠٣]
١٠٤)- کەر کە نۆی برد، دەش ئەبا[١٠٤]

---

[٩٦] لە ڕووی گاڵتە کردنەوە بە کوڕی یەکێك ئەوترێ.
[٩٧] واتە کەر بە کەری خۆیەوە لە گەڕان و چوونە شاران بەهرەمەند ئەبێ چ جای ئادەمی.
[٩٨] تەماشای پەندی: (کەر قەدری نوقول نازانێ) بکە.
[٩٩] بە یەکێکی دەوڵەمەندی ڕژد ئەوترێ کە بە درێژایی سال پوولێکی لە دەست نەبێتەوە.
[١٠٠] واتە هەر کەسێك یا هەر گەلێك کە کەوت، کاتێك ڕاست ئەبێتەوە، بە یارمەتی یەکێکی تر، کە خۆی مایەی ڕاست بوونەوەی تیابێ.
[١٠١] چونکە چاو زەقێی نیشانەی ژیانە، وە قەل و داڵ لێی ئەترسن، جا بۆ ئەوەی لە چاوی دانەچڵەکێن، پێشەکی دەری ئەهێنن، ئنجا دەست ئەکەن بە خواردنی، هەروا بێگانەی داگیرکەریش، کە هاتە سەر گەلێکی دواکەوتوو، پێشەکی بیر و باوەڕی دینی و نیشتمانی لە ناو دڵ و دەروونیانا ئەڕوخێنێ، چونکە نیشانەی ژیانیانە، ئنجا دەمی تێ ئەژەنێ.
[١٠٢] بە پیاوێکی دەوڵەمەندی خراپ ئەوترێ کە لەگەڵ مرد، ڕەش و ڕووتی زۆری پێوەبنیشێ.
[١٠٣] بە یەکێك ئەوترێ لە ڕوی سووکیەوە کە خواردنی لەبەر دەما بوو لە خۆشەکە بخوا و لە ناخۆشەکە نەخوا.
[١٠٤] یەکێك ئەیلێ کە خۆی باری ژیانی قورس و گران بێ، کەچی سەرەڕای ئەوە سەربارێکی تری لە سەر دانرێ.

١٠٥)- کەر کەوتو، کوندە دڕا[١٠٥]

١٠٦)- کەر کول و بار سووك[١٠٦]

١٠٧)- کەر لە قوڕا ئەگێت[١٠٧]

١٠٨)- کەر لە کاروان بەجێ بمێنێ، کلك و گوێی ئەکەن[١٠٨]

١٠٩)- کەر لە کاروان بەجێ ما، گورگ ئەیخوا[١٠٩]

١١٠)- کەر لە کاروان گل ئەداتەوە[١١٠]

١١١)- کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە[١١١]

١١٢)- کەر مردگ، خاوەن ناڕازی[١١٢]

١١٣)- کەر هەر ئەو کەرە، کورتانەکەی گۆڕاوە[١١٣]

١١٤)- کەر هشتی برد نۆش ئەبا[١١٤]

١١٥)- کەر و جاشێك قلیان قاوەڵتیەتی[١١٥]

١١٦)- کەر و جەواڵ و گوریسم دا، بۆ سوژنێك و تاڵێ بەن ئیشەکە تێك نادەم[١١٦]

---

[١٠٥] بە کارێك ئەڵێن کە لە ناوەڕاستا بپچڕێ.

[١٠٦] بە یەکێك ئەوترێ کە سەڵت و قوڵت بێ و باری سووك بێ.

[١٠٧] بە یەکێك ئەوترێ کە یەکێکی تر بگرێ بە پرسیار لێ کردنی، یا بە داوا کردنی شتێك لێی لە کاتێکی تەنگ و چەڵەمەدا.

[١٠٨] واتە هیچ کەسێك نابێ لە دەستەی خۆی دوا بکەوێ.

[١٠٩] واتە تا ئەتوانیت لە گەلی خۆت بڕ مەبە و لا مەدە.

[١١٠] بە خاوەن قەرزی بێ ئینساف ئەوترێ.

[١١١] بە دوو قسە ئەوترێ کە پەیوەندیان بە یەکەوە نەبێ.

[١١٢] یەکێك ئەیڵێ کە هیچ درێغی نەکردبێ لەو کارەی کە پێی سپێراوە کەچی خاوەن کەرەکە لێی ناڕازی بێ.

[١١٣] بە یەکێکی هەرزە ئەوترێ، کە ماوەیەکی زۆر چووبێتە دەرەوە، بە ناوی خوێندن یا گەڕانەوە، وە هەر وەك خۆی گەڕابێتەوە.

[١١٤] واتە یەکێ چەندە بتوانێ ئیش بکا، ئەتوانێ تۆزێکی تریش زیاتر ئیش بکا.

[١١٥] واتە ئێجگار زۆر خۆرە.

[١١٦]

١١٧)- کەر و خۆڵەمێشن[١١٧]

١١٨)- کەر و ماجومیان نەوتووە[١١٨]

١١٩)- کەر، دوو ریاڵ، کورتان سێ قڕان[١١٩]

١٢٠)- کەر، قەدری نوقوڵ نازانێ[١٢٠]

١٢١)- کەرێ کە بیبەیتە سەربان، ئەبێ بیشی هێنیتە خوارەوە[١٢١]

١٢٢)- کەرە کوڵ تڕی نانی خۆی بڕی[١٢٢]

١٢٣)- کەرە کوڵ مەڕۆ هەورازە، چیت داوە لە ئێستری جامبازە[١٢٣]

١٢٤)- کەرە لیاس، ئەوەندەی قسە نەکرد زبانیان بڕی[١٢٤]

١٢٥)- کەرەکە، مەمرە بەهارە، چووزەرە کەما دیارە[١٢٥]

١٢٦)- کەرەکە، مەمرە بەهارە، کورتانەکەت دیارە[١٢٦]

١٢٧)- کەرەکە، مەمرە بەهارە، کورتانەکەت لە شارە[١٢٧]

١٢٨)- کەرەکەی خۆتت لێ بووە بە رموزن[١٢٨]

---

[١١٧] بە دوو کەسی هیچ و پووچ ئەوترێ، کە هەمیشە پێکەوە بن.

[١١٨] بە یەکێك ئەوترێ کە لەگەڵ کارێکا خەریك بێ کە هیچی لێ نەزانێ.

[١١٩] ریاڵ: لە ئێران دوو قران ونیوە، بە یەکێك ئەوترێ کە بەرگ و کاڵایەکی لە بەردابێ لە ئەندازەی خۆی زیاتر بێ.

[١٢٠] واتە هەموو شتێك شایستەی هەموو کەسێك نییە. بە یەکێك ئەوترێ کە لەگەڵ نەفامێکدا بدوێ بە نەرم و شلی و نەزاکەت.

[١٢١] واتە هەر کەسێ ئیشی بێ جێ بکا، راستیشی بکاتەوە.

[١٢٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەڵەیەکی کردبێ لەگەڵ یەکێکا، وە بەو بۆنەیەوە خۆی بێبەش کردبێ لە یارمەتی ئەو کەسە.

[١٢٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە چاو لە یەکێکی گەورەتر بکا لە خۆی.

[١٢٤] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر قسە بکات.

[١٢٥] بە گاڵتەوە بە یەکێك ئەوترێ کە هیوای بە شتێك نەمابێ واتە بێهیوا مەبە.

[١٢٦] بە گاڵتەوە بە یەکێك ئەوترێ کە هیوای بە شتێك نەمابێ واتە بێهیوا مەبە.

[١٢٧] بە گاڵتەوە بە یەکێك ئەوترێ کە هیوای بە شتێك نەمابێ واتە بێهیوا مەبە.

[١٢٨] رموزن: وتەیەکی گیانداری ئێسك قورسی پێ ئەشوبهێنرێ، بە یەکێك ئەوترێ کە شتێکی خۆی لێ گۆڕا بێ بە شتێکی تر.

١٢٩)- کەرم داو هورم دا، خۆم بۆ گوریس بەلێدان دا[١٢٩]

١٣٠)- کەروێشك بە گا ئەگرێ[١٣٠]

١٣١)- کەروێشك بە عەرەبانە ئەگرێ[١٣١]

١٣٢)- کەروێشك بە عەرەبانە ناگیرێ[١٣٢]

١٣٣)- کەروێشك بە کڵاو ئەگرێ[١٣٣]

١٣٤)- کەروێشك لە کاتی راوا بە تانجی وت: من بۆ خۆم رائەکەم، تۆ بۆ ئاغات، خەیاڵت خاوە نامگریت[١٣٤]

١٣٥)- کەری ئەم بارە نییە[١٣٥]

١٣٦)- کەری بێ خاوان، بارکێشی گاوان[١٣٦]

١٣٧)- کەری بەتاڵ خێرا ئەڕوا[١٣٧]

١٣٨)- کەری بەقاڵ ناکەوێتە چاڵ[١٣٨]

١٣٩)- کەری تۆپیو جۆ ناخوا[١٣٩]

---

[١٢٩] بە یەکێك ئەوترێ کە دەست لە شتی گرنگ هەڵبگرێ، کەچی لەسەر شتی بێ کەڵك زۆر چەقەچەق بکا.

[١٣٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆرزان بێ، وە ئیش لە سەر پشت بکا بە بێ پەلە و دەست و برد.

[١٣١] بە مەردومی تەمەڵ ئەوترێ.

[١٣٢] چونکە عەرەبانە نایگاتێ، بە یەکێك ئەوترێ کە دوای شتێك بکەوێ بە رەنگێك کە هەرگیز نەیگاتێ.

[١٣٣] بە کارێك ئەوترێ، کە لە کردنا نەبێ.

[١٣٤]

[١٣٥] بە یەکێك ئەترێ کە دەرەقەتی ئیشێك نەیەت واتە ئەم کارە بەو ناکرێ.

[١٣٦] بە شتێکی بێخاوەن ئەوترێ، کە یەکێك بە کاری بێنێ و بەهرەی لێ وەرگرێ.

[١٣٧] لە رووی سووکییەوە بە یەکێك ئەوترێ، کە لەبەر بێ کاری ئەو کارەی کە پێی سپێراوە باشی بکات.

[١٣٨] چونکە زۆر هاتوچۆی کردووە و شارەزا بووە.

[١٣٩] لە رووی سووکیەوە بە یەکێك ئەوترێ کە نەتوانێ ئیشێك بکات.

١٤٠)- کەری تۆپیو، بار نابا[١٤٠]

١٤١)- کەری پیر و هەوساری نۆ، زەرەزەرپیەتی لە دەوری جۆ[١٤١]

١٤٢)- کەری خۆت ئەبێ لە پلە رزگار بکەیت[١٤٢]

١٤٣)- کەری خۆمە و گوێی ناڵ ئەکەم[١٤٣]

١٤٤)- کەری خۆی بەستۆتەوە[١٤٤]

١٤٥)- کەری دەروێشە و هەڵەگەڕ[١٤٥]

١٤٦)- کەری دێز حەز بە تۆپینی خۆی و زەرەری خاوەنی ئەکات[١٤٦]

١٤٧)- کەری شەل لەو وەختەدا ئەگاتە بەرەوە، کە کاروان وچان ئەگرێ[١٤٧]

١٤٨)- کەری کێ تۆپیوە؟[١٤٨]

١٤٩)- کەری لێ بووە بە رموزن[١٤٩]

١٥٠)- کەری ماندوو، بە تەمای وەشەیە[١٥٠]

١٥١)- کەری مردوو جۆ ناخوا[١٥١]

---

[١٤٠] لە رووی سووکیەوە بە یەکێك ئەوترێ کە نەتوانێ ئیشێك بکات.

[١٤١] بە پیاوێکی پیر ئەوترێ، کە خۆی هەڵپاچی بێ و بەرگی تازەی لەبەر کردبێ، وە دەور و خولی ژنێکی تازەی بێ کە مارەی بکات.

[١٤٢] واتە مەردوم ئەبێ کاری خۆی بباتە سەر.

[١٤٣] یەکێك ئەیڵێ کە کارێك بکات، وە پێی بڵێن وای مەکە، واتە من بە ئارەزووی خۆمی ئەکەم.

[١٤٤] بەیەکێك ئەترێ کە ئیشی خۆی بنج بەست کردبێ و پاڵی لێدابێتەوە.

[١٤٥] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر گەڕۆك و سەر بە دەرەوە بێ.

[١٤٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە زیان بە خۆی بگەیەنێ بۆ ئەوەی زیان لە یەکێك بدات.

[١٤٧] واتە مەردوم هەر ئەوەندە لە سەر کارێك درێژەی ببێ و دەستی لێ هەڵنەگرێ، بە ئامانجی خۆی هەر ئەگا.

[١٤٨] بە یەکێك ئەوترێ کە کارێکی باشی وا بکات کە لێی نەوەشێتەوە.

[١٤٩] بە یەکێك ئەوترێ کە یەکێکی هیچ و پووچی لێ بووبێ بە پیاوێکی گەورەی بەڕێز.

[١٥٠] بە یەکێك ئەوترێ کە لە کارێکا ماندوو بووبێ.

[١٥١] ئەم پەندە وەك پەندی (کەری تۆپیو بار نابا) وایە.

١٥٢)- کەری ناو جۆگەیە، لە هەر دو لا ئەخوا[١٥٢]

١٥٣)- کەریشی پێ ئەگێ و شایەتمانیشی پێ دێنێ[١٥٣]

١٥٤)- کەرێك بە پارەی بەفر بکڕێ ئەبێ لە ئاوا بخنکێ[١٥٤]

١٥٥)- کەرێکم دا بە کەرێ سنگان لە بن گوێی دەرێ[١٥٥]

١٥٦)- کەس ئەوەیە، کە لە رۆژی تەنگانەدا، فریات ئەکەوێ[١٥٦]

١٥٧)- کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترش[١٥٧]

١٥٨)- کەس بوو بە ناکەس، ناکەس بوو بە کەس، قەدیم وەجاخان دەرچوون رەنج عەبەس[١٥٨]

١٥٩)- کەس پێی ناڵێ قنگت چەند جەواڵ کا ئەگرێ[١٥٩]

١٦٠)- کەس پێی ناڵێ کەرت بە چەند[١٦٠]

١٦١)- کەس شەیتانی بە چاوی خۆی نەدیوە[١٦١]

١٦٢)- کەس گۆشتت بخوا، ئێسقانت ناشکێنێ[١٦٢]

---

[١٥٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە بەنی دوو خوانا دانیشتبێ، وە لە هەر دوو لا بخوات.

[١٥٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئەمرۆ کارێکت پێ بکا و سبەینێ کارێکی تری پێچەوانەی پێشووت پێ بکات.

[١٥٤] واتە هەر چی بە پارەی حەرام کڕا خێر ناداتەوە.

[١٥٥] یەکێك ئەیڵێ کە شتێك بگۆڕێتەوە بە شتێکی تر بە بێقازانج و سودێك.

[١٥٦] نەك هەر لە کاتی خۆشی دا لەگەڵتابێ.

[١٥٧] واتە کەس قسەی خراپ ناکات دەربارەی شتی خۆی.

[١٥٨] لە شوێنێکا ئەوترێ، کە نرخی خوێندن و خوێندەواری و رەوست و خووی بەرز نەمابێ.

[١٥٩] لە رووی سووکییەوە بە یەکێك ئەوترێ کە خۆی بە گەورە و سەرۆك بزانێ.

[١٦٠] واتە کەس پرسیاری لێ ناکا.

[١٦١] واتە مەردوم خۆی سەرچاوەی خراپەیە بۆ خۆی وەك قورئان ئەفەرموێ " و ما اصابك من سیئە فمن نفسك" واتە کەسێك دوو غەریزەی تیایە، یەکێکیان بانگی ئەکا بۆ چاکە و ئەویتریان بانگی ئەکا بۆ خراپە، ئنجا یەکەمیان ناوبرا بە فریشتە و دووهەمیان ناوبرا بە شەیتان، کە هەر دووکیان لە مرۆڤەکە خۆیایەتی .

[١٦٢] واتە خزم بەشی خزمایەتی هەر تیا ئەهێڵێتەوە.

١٦٣)- كەس قاچی نەچێ بە گوی فلان کەسا[١٦٣]

١٦٤)- کەس قەبری کەس ناچێ[١٦٤]

١٦٥)- کەس کاغەزی کەس ناخوێنێتەوە[١٦٥]

١٦٦)- کەس کەس ناباتە بەهەشت[١٦٦]

١٦٧)- کەس کەسێکی خۆی نەوێ، خەوی خراپی پێوە ئەبینێ[١٦٧]

١٦٨)- کەس کوێری بۆ چاوی خۆی ناوێ[١٦٨]

١٦٩)- کەس لۆخاتری ئاشەوانێ ناچێتە ئاشێ[١٦٩]

١٧٠)- کەس لە پڕێ، نابێ بە کوڕێ[١٧٠]

١٧١)- کەس لە کەس ئاوس نییە، کەڵك لە کەڵك ئاوسە[١٧١]

١٧٢)- کەس لە کردە نائومێد نابێ[١٧٢]

١٧٣)- کەس لە لەشی ساغ نانالێنێ[١٧٣]

---

[١٦٣] واتە هەرگیز رزگاری نابێ لێی.

[١٦٤] یەکێك ئەیڵێ کە یەکێکی تر سەرزەنشتی بکات لەسەر گوناهێك واتە گوناهی خۆم لە ملی خۆمە، وە تۆ نایەیتە ناو گۆڕی منەوە.

[١٦٥] واتە کەس گوێ لە قسەی کەس ناگرێ.

[١٦٦] واتە ئیشی دنیا هەمووی بە دەستیاوە، لە ڕۆژی دوایشا هەموو کەسێك هەر بە کردەوەی خۆی ئەچێتە بەهەشت، ئیتر بەندەگی بۆچ؟

[١٦٧] واتە چونکە کەسێتی، لە بێداریدا دەستی تێی ناچێ، بەڵام خەوی ناخۆشی پێوە ئەبینێ.

[١٦٨] یەکێك کە تووشی شتێکی ناخۆش و خراپ ببێ ئەڵێ: بڵێم چی؟ دەسەڵاتی کاری خوام نییە، کەس کوێری بۆ چاوی خۆی ئەوێ؟

[١٦٩] بەڵکو هەر کەسە بۆ ئیشی خۆی ئەچێ.

[١٧٠] واتە هەموو ئادەمییەك لە پێشەوە هیچ نازانێ، لە پاشا بەرە بەرە گەورە ئەبێ و ژیر ئەبێ تا ئەبێ بە مرۆڤێکی تەواو.

[١٧١] واتە من و تۆ تەماشای یەکتری ناکەین، بەڵکو تەماشای کەڵکی یەکتری ئەکەین، ئنجا کەڵکت گرتم، ئەوا کەڵکت ئەگرم، وە ئەگەر کەڵکت نەگرتم، کەڵکت ناگرم.

[١٧٢] واتە هەر کەس ڕەنج بدا، گەنجی دەست ئەکەوێ.

[١٧٣] یەکێك ئەیڵێ کە نەخۆش بێ، وە نەتوانێ هەڵسوڕێ.

١٧٤)- کەس ناتوانێ پێی بڵێ: بەری چاووت کلی پێوەیە[١٧٤]

١٧٥)- کەس ناتوانێ پێی بڵێ: پێت خوار دانا[١٧٥]

١٧٦)- کەس نازانێ بە نەفسی کێ رزگاری ئەبێ، کەسیش نازانێ بە نەفسی کێ گرفتار ئەبێ[١٧٦]

١٧٧)- کەس ناچێتە گۆڕی کەس[١٧٧]

١٧٨)- کەس ناڵێ: خاڵۆ، کەرت بە چەند[١٧٨]

١٧٩)- کەس نەتسێ و کەس نەترێ، میروا لە دیدا[١٧٩]

١٨٠)- کەسێ کەسە، ئەلفێکی بەسە[١٨٠]

١٨١)- کەسی بێ کەسان خوایە[١٨١]

١٨٢)- کەسی گو بە کڵاوی ناپێوێ[١٨٢]

١٨٣)- کەسێك بە مەویژێك نەزانێ، بە کەویژێکیش نازانێ[١٨٣]

١٨٤)- کەسێك لە گورگ بترسێ، ئەبێ سەگ رابگرێ[١٨٤]

---

[١٧٤] بە یەکێك ئەوترێ کە هیچ جۆرە نەنگێك رووی تێ نەکردبێ.

[١٧٥] بە یەکێك ئەوترێ کە هیچ جۆرە نەنگێك رووی تێ نەکردبێ.

[١٧٦] واتە زۆر جار خزمەتی یەکێك ئەکەیت، وە ئارەزوویەکی مەشروعی بەجێ دێنێ، وە ئەمە ئەبێ بەهۆی رزگار بوونت لای خوا، هەر وەك زۆر جاریش بە نەفسی یەکێك گرفتارەوە تووشی تۆڵەی خوا ئەبێ.

[١٧٧] تەماشای پەندی (کەس قەبری کەس ناچێ) بکە.

[١٧٨] یەکێك ئەیڵێ کە کەس پرسیاری لێ نەکا.

[١٧٩] بە یەکێك ئەوترێ کە مورکێك لە خۆی بنێ، وە نەیەڵێ کەس بە دەنگی بەرز قسە بکا.

[١٨٠] واتە ژیر کە قسەیەکی پێ وترا ئەیگرێتەوە گوێ، بەڵام ناژیر هەمیشە پێویستە بە نەقیزە.

[١٨١] یەکێك ئەیڵێ کە خۆی بە زەبوون و بێ کەس بزانێ.

[١٨٢] واتە کەس بە هیچی نازانێ و لێی ناپرسێتەوە.

[١٨٣] مەویژە: مێوژە، کەویژە: باتمانە. کە یەکێك بە کەم نەزانێ بە زۆریش نازانێ.

[١٨٤] واتە هەر کەسێك لە شتێك ترسا ئەبێ دووربینی بکات، بۆ خۆ پاراستنی خۆی لەو شتە.

١٨٥)- کەشکیش برای دۆیە[185]

١٨٦)- کەچەل ئەوەندەی زەحمەتە، کڵاوی کەچەڵی داکەوێ[186]

١٨٧)- کەچەل بە بەختە[187]

١٨٨)- کەچەڵ ئەوەندەی ئەوێ سەری دەر نەکەوێ[188]

١٨٩)- کەچەڵ حەسەن، حەسەن کەچەڵ[189]

١٩٠)- کەچەڵ سەری بە کوڵۆ ماست ئەشکێ[190]

١٩١)- کەچەڵ شاییە یا چەمەرە؟ لە هەر کوێ ترشی شەمەرە[191]

١٩٢)- کەچەڵ، بە چ حاڵی، وا بە فاڵی، قنگ هەڵئەماڵێ[192]

١٩٣)- کەچەڵ، دەرمانکەر بوایە، دەرمانی سەری خۆی ئەکرد[193]

١٩٤)- کەڵافەی شین کەوتۆتە بەینیانەوە[194]

---

[185] بە یەکێك ئەوترێ، کە خزمی یەکێکی خراپ بێ، واتە ئەمیش وەك ئەو وایە.

[186] واتە ئەنگدار، هەر ئەوەندە ئەنگەکەی ئەشارێتەوە تا دەر ئەکەوێ کە پێی زانرا، ئیتر باکی نییە.

[187] بە یەکێك ئەوترێ کە شتێکی باشی دەست کەوتبێ.

[188] کە لەگەڵ سەری دەرکەوت، ئیتر دەست لە هەموو شتێك هەڵ ئەگرێ و بە داپۆشینی سەریەوە خەریکە ئەبێ.

[189] بە قسەیەك ئەوترێ کە بە دو جۆر بکرێ، وە هەر دوکی وەك یەك وابێ، واتە وا بڵێت و وا بڵێت چۆن یەکن.

[190] یەکێکی زەبوون ئەیڵێ کە پێی بڵێن: بچۆ بە گژ فلانا کەوا ئەم ستەمەی لێ کردیت، واتە چۆن سەری کەچەل بەرگەی هیچ ناگرێ، زەبونێکی وەکو منیش بەرگەی هیچ ناگرم.

[191] بە یەکێك ئەوترێ کە لە هەر کوێیەك خواردن و لێسە ببێ، ئەو لەوێ بێ.

[192] بە یەکێکی هەژاری رەش و رووت ئەوترێ ، کە کورێنی بکا لە کوڵانانا.

[193] یەکێك ئەیڵێ بە یەکێکی تر کە گرێیەکی ببێ و بیەوێت ئەم بۆی بکاتەوە، واتە منیش وەك تۆ ئەو گرێیەم هەیە، وە ئەگەر بمزانیایە چارەی چییە، چارەی گرێی دڵی خۆمم ئەکرد.

[194] بە دوو کەس ئەوترێن، کە زویری کەوتبێتە بەینیانەوە.

١٩٥)- کەڵافەی گورگ کەوتۆتە بەینیانەوە[١٩٥]

١٩٦)- کەلەپەز، هەل نەستێ، سەگ ئەچێتە جێی[١٩٦]

١٩٧)- کەڵەشێر بانگ ئەدا و گووش ئەخوا[١٩٧]

١٩٨)- کەڵەشێر لە سەرە نوێلکی خۆی ئازایە[١٩٨]

١٩٩)- کەڵەشێر لە ناوەختا بخوێنێ سەری خۆی ئەخوا[١٩٩]

٢٠٠)- کەڵەشێری برسی، خەو بە خەرمانی ئاو بردووەوە ئەبینێ[٢٠٠]

٢٠١)- کەڵەشێریش نەبێ رۆژ ئەبێتەوە[٢٠١]

٢٠٢)- کەللەی بێ عەقڵ، وەك میوەی سەرما بردوو وایە[٢٠٢]

٢٠٣)- کەم ئەخۆم و کز ئەنیشم[٢٠٣]

٢٠٤)- کەم بخۆ و کز دانیشە[٢٠٤]

٢٠٥)- کەم بخۆ و مەچۆرە لای حەکیم[٢٠٥]

٢٠٦)- کەم بڵێ و زۆر ببە[٢٠٦]

---

[١٩٥] بە دوو کەس ئەوترێن، کە زۆردارێکی ستەم کار کەوتبێتە بەینیانەوە وە لە هەر دو لایان بخوا.

[١٩٦] کەلەپەز: پاچەچییە، دیارە کە پاچەچی رۆی ئنجا تۆیەی سەگە ئەمە بە یەکێك ئەوترێ، کە بە سەر کارێکەوە بێ و بڕوا، دوای ئەو خراپێك بێتە شوێنی.

[١٩٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە چاکەش بکا و خراپەش بکا.

[١٩٨] واتە هەر کەسێك لە شوێن و مەڵبەندی خۆیا شارەزا و ئازایە.

[١٩٩] واتە مەبە بە کەڵەشێری ناوەخت با سەری خۆت نەخۆیت.

[٢٠٠] چونکە هەموو گیاندارێك بە بیری ئەو شتەوە ئەنوێ کە پێویستی بێ.

[٢٠١] یەکێك ئەیڵێ کە لە یارمەتی یەکێکی تر نائومێد بێ.

[٢٠٢] واتە هیچ کەڵکی نییە، وە بەهرەی لێ وەرناگیرێ.

[٢٠٣] واتە هەوڵ نادەم بۆ پایەی بەرز تا دوور بم لە بەڵای رۆژگار.

[٢٠٤] واتە مەردوم بەهێمن بژی با گوزەرانیشی خۆش نەبێ، باشترە لە هەڵپەکردن و خۆخستنە مەترسییەوە، لە پێناوی رابواردنێکی خۆشترا.

[٢٠٥] چونکە زۆرترینی نەخۆشی لە زیادەخۆرییەوە پەیدا ئەبێ.

[٢٠٦] چونکە لە زۆر بیستن قازانج ئەکەیت، وە لە زۆر وتن تووشی زیان ئەبیت.

٢٠٧)- کەم خۆری دایم خۆربە[٢٠٧]

٢٠٨)- کەم خواردن، لە بێ دەسەڵاتییە[٢٠٨]

٢٠٩)- کەم دەستی خۆشە، قۆرتی ناخۆشە[٢٠٩]

٢١٠)- کەم چیکڵدانەیە[٢١٠]

٢١١)- کەما بۆ کەر، کەر کە تۆپی، ئیتر کەمابۆچی؟[٢١١]

٢١٢)- کەمە بۆچی ئەچیت؟ بۆ زۆر[٢١٢]

٢١٣)- کەمەرە و لوولە هارە دێ، سك لە برسا قۆڕەی دێ[٢١٣]

٢١٤)- کەمتیار پیاوی چاکە، قولە پێی بسمێ دەنگ ناکا[٢١٤]

٢١٥)- کەمی من و کەرەمی تۆ[٢١٥]

٢١٦)- کەنیلێ لەگەڵ تۆمە، وەویلێ تۆ گوێت لێبێ[٢١٦]

٢١٧)- کەو ئەو کەومیە بەرانبەری کەو بخوێنێ[٢١٧]

---

[٢٠٧] ئەم دەستوورە هەر وەك بۆ خواردن زۆر باشە، بۆ هەموو شتێکی تریش لە ژیانا هەروا باشە.

[٢٠٨] بە کاربەدەستێکی بچووك ئەوترێ کە هیچی بە دەست نەبێ.

[٢٠٩] تەماشای پەندی (فەقیری خۆشە، قۆرتی ناخۆشە) بکە.

[٢١٠] واتە زۆر زوو تووڕە ئەبێ.

[٢١١] بە یەکێك ئەوترێ کە هەوڵی شتێك بدا بۆ یەکێك کە ئەو یەکە نەمابێ، واتە کە ئەو یەکە نەما، ئیتر تۆ ئەم هەوڵە بۆچی ئەدەیت.

[٢١٢] یەکێك ئەیلێ کە شتێکی کەمی بە دیاری بۆ بچێ، وە ئەم دیارییەکی زۆرتر بنێرێتەوە، وە یەکێك پێی بڵێ: تۆ ئەم هەموو شتە بۆ ئەنێریت؟ ئەویش ئەڵێ: (کەمە بۆچی ئەچیت؟ بۆ زۆر) واتە بە کەمیان وا وت ئەویش وای وەڵام دایەوە.

[٢١٣] بە یەکێك ئەوترێ کە هەرچێکی دەست کەوێ بیدا بە شتی جوان و بیکا بە خۆیا.

[٢١٤] واتە لەگەڵ هەر کەسێکا قسە ئەکەیت بە زبانی شیرین بیدوێنە.

[٢١٥] یەکێکی هەژاری نەدارا ئەیلێ، کە دیارییەکی کەم ببا بۆ دەوڵەمەندێك بۆ ئەوەی دەست گیرۆییەکی بکا.

[٢١٦] کەنیلێ: کچەکەیەتی: وەویلێ: بووکەکەیەتی.

[٢١٧] بە یەکێك ئەوترێ کە لە پاشملەی یەکێك قسە بکات، واتە ئەگەر راست ئەکەیت لە رووی خۆیا قسە بکە.

٢١٨)- کەو ئەوەیە، کە بەرانبەری کەو بخوێنێ[٢١٨]

٢١٩)- کەو زمانی خۆی دوژمنێتی[٢١٩]

٢٢٠)- کەوای سپی و سابوون بە قەرز[٢٢٠]

٢٢١)- کەوتۆتە ساجی عەلی[٢٢١]

٢٢٢)- کەوتۆتە سەر سایە[٢٢٢]

٢٢٣)- کەوڵە، باوی نەماوە هەواری لێ گۆڕاوە[٢٢٣]

٢٢٤)- کتێب بۆ ئاخری ئەگێرێتەوە[٢٢٤]

٢٢٥)- کتك باڵی ببوایە تۆوی چۆلەکەی ئەبڕی[٢٢٥]

٢٢٦)- کتك چڵپاوە[٢٢٦]

---

[٢١٨] یەکێك ئەیڵێ، کە لە پاش ملە بوختانێکی بۆ هەڵبەستن،واتە ئەگەر راست ئەکەن با بێنە روو قسە بکەن.

[٢١٩] ئەگەر نەخوێنێ و جاڕ لە خۆی نەدا کەس راوی ناکات.

[٢٢٠] واتە کە تۆ ناتوانیت سابون بکڕی، کەوای سپی مەکە، بەڵکو کەوایەك بکە کە چڵك هەڵگرێ.

[٢٢١] واتە هیچی بە دەستەوە نەماوە.

[٢٢٢] سایە بەرانبەر بە حینجەیە، بەم رەنگە منالّ لە پێشەوە دەرس کە ئەخوێنێ، بە حینجە ئەیخوێنێ، لە پاشا کە فێری خوێندنەوە بوو، ئنجا دەس لە حینە هەڵ ئەگرێ وە هەر بە سایە ئەیخوێنێ، بەیەکێك ئەوترێ کە چاوی کرابێتەوە، وە بە تەواوی فێری قسە کردن بووبێ.

[٢٢٣] ژنێك ئەیڵێ، بە مێرەدەکەی کە لەبەر پیری کەم کەم بچێتە سەر جێگاکەی.

[٢٢٤] واتە پاشە رۆژ هەموو شتێ دەرئەخا.

[٢٢٥] بە زۆردارێکی دڵ رەقی بێ دەست ئەوترێ، کە ئەگەر دەستی ببێ دەستی خراپ بوەشێنێ.

[٢٢٦] بەشتێك ئەوترێ کە شتێکی پیس پیسی کردبێ، وەك ئافرەتێکی پاك و تەمیز کە ببێ بە چارەنووسی پیاوێکی هیچ و پووچ، لە پاشا تەلاقی بدا یەکێکی تر کە بیەوێ بیهێنێ، پێی بڵێن: مەیهێنە کتك چڵپاوە، واتە کتك دەمی تێخستووە و پیسی کردووە.

٢٢٧)- كتك و مشك، بوون بە خوشك[٢٢٧]

٢٢٨)- كتك، ختكی شێر ئەدا[٢٢٨]

٢٢٩)- كتك، دەمی نەئەگەیشتە دووگ، ئەیوت سوێرە[٢٢٩]

٢٣٠)- كتك، لەسەر رمانە[٢٣٠]

٢٣١)- كتكا نییەن لە ماڵۆ، مشكان تلیلیلی یانە[٢٣١]

٢٣٢)- كچ بە بێ باوك نرخی نییە، باخ بە بێ پەرژین جوانی نییە[٢٣٢]

٢٣٣)- كچ، قەڵایە ناگیرێ[٢٣٣]

٢٣٤)- كچێ، دایك مدحی بكات، ئەبێ خاڵوان بیخوازێ[٢٣٤]

٢٣٥)- كچە تیمی گەڵاڵان، بوونە كابانی ماڵان[٢٣٥]

٢٣٦)- كچم، لەگەڵ تۆمە، بووكێ تۆ گوێت لێبێ[٢٣٦]

٢٣٧)- كچی بێ دایك وەك باخی بێ پەرژینە[٢٣٧]

٢٣٨)- كچی خۆت مەكە بە قوربانی كوڕی خەڵق[٢٣٨]

---

[٢٢٧] بەدوو دوژمن ئەوترێ، كە بووبن بە برا بۆ خواردنی ماڵی یەكێك.

[٢٢٨] بە یەكێكی هیچ و پووچ ئەوترێ، كە بیەوێ فێڵ لە پیاوێكی گەورە بكات.

[٢٢٩] تەماشای پەندی: (رێوی دەمی نەئەگەیشتە ترێ، ئەی وت ترشە) بكە.

[٢٣٠] واتە زۆر چڕ و قەڵەباڵغە، وە جێی پشیلە نەماوە مەگەر بە سەر نوكی رمەوە نەبێ.

[٢٣١] بە رۆژێ ئەوترێ كە پیاوانی گەورەی وڵات نەمابن، وە ناپیاوان چوبنە جێگایان.

[٢٣٢] باوك هەر وەك نرخە بۆ كچی خۆی، پەرژینیشە بۆی.

[٢٣٣] واتە ئەبێ، وەك قوللە و قەڵا سەخت و قایم بێ.

[٢٣٤] واتە كچ ئەوەیە كە خەڵقی مدحی بكات نەك دایكی.

[٢٣٥] بە یەكێك ئەوترێ كە هیچێكی وای نەكردبێ، كەچی جێی خۆشی گرتبێ.

[٢٣٦] یەكێك ئەیڵێ كە ئامۆژگاری یەكێك بكات و مەبەسی یەكێكی تر بێ.

[٢٣٧] بە راستی هەر دایكە كە كچی خۆی وەك بیبیلەی چاو نیگای دێڵێ.

[٢٣٨] واتە ئەگەر كوڕێكی خراپ داوای كچەكەتی كرد مەیدەرێ، با كچەكەت نەبێ بە قوربانی ئەو.

٢٣٩)- كراسێ بە پیسی، هەزار بە پاکی[٢٣٩]

٢٤٠)- کراسێ سورتر، گەڕەکێ دوورتر[٢٤٠]

٢٤١)- کراسی حەیرانێم چار بەرە، هەر کەس خەمی خۆی لەبەرە[٢٤١]

٢٤٢)- کراسی قورئان لەبەر بکەیت، پێت باوەڕ ناکەم[٢٤٢]

٢٤٣)- کراسی کەتان شۆڕەی دێ، سکی لە برسا قۆڕەی دێ[٢٤٣]

٢٤٤)- کرەی میری سور ئەکا[٢٤٤]

٢٤٥)- کردە پەشیمان بە نە کردە پەشیمان مەبە[٢٤٥]

٢٤٦)- کردەی ئەوە، بردەی شەیتان[٢٤٦]

٢٤٧)- کردەی ئێمە و بردەی خەڵقە[٢٤٧]

٢٤٨)- کردەی گایە و خوردەی کەر[٢٤٨]

٢٤٩)- کردەی من و بردەی شەیتان[٢٤٩]

---

[٢٣٩] واتە یەکێك کراسێك بە پیسی بدڕێ، ئیتر ناوبانگ دەرئەکات بە خراپە، دوای ئەوە هەزار کراس بدڕێ بە پاکی، کەس پێی باوەڕ ناکا، کە واتە تا ئەتوانیت، ناوبانگی پاك و تەمیزی خۆت لەکەدار مەکە.

[٢٤٠] بە ژنێك ئەوترێ کە هەر رۆژە شوو بکا بە یەکێك.

[٢٤١] یەکێك ئەیڵێ بە خۆی کە بە پیشەی خۆیەوە خەریك بێ، وە هیچ وچانی تیا نەدا.

[٢٤٢] واتە لەجیاتی سوێندێك بخۆیت، کراسێك لەبەر بکەیت لە قورئان باوەڕ ناکەم.

[٢٤٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە نەی بێ، کەچی پارەیەکی زۆر لە شتێکی بێنرخا خەرج بکا.

[٢٤٤] واتە بەو کارە زۆر سوپاس گوزارە، وە هەمیشە چاوە چاوی بۆ ئەکات.

[٢٤٥] واتە مەردوم ئیشێك بکات و پەشیمان ببێتەوە، باشترە لەوەی نەیکات پەشیمان ببێتەوە.

[٢٤٦] بە یەکێك ئەوترێ کە دەست کەوتەکەی بێ پیت بێ.

[٢٤٧] یەکێك ئەیڵێ، ئەوی دەستی ئەکەوێ لەم و لەوا خەرجی بکات.

[٢٤٨] بە یەکێك ئەوترێ هەرچی ئەم پەیدای بکا یەکێکی تر بیخوا.

[٢٤٩] یەکێك ئەیڵێ کە ساڵ دوانزە مانگە هەوڵ بدا کەچی هیچیشی دیار نەبێ.

٢٥٠)- كردمان بە جۆلا، مەكۆكەی لێ دزین[٢٥٠]

٢٥١)- كردن و بردن و مردن، سەریان پێكەوە ناوە[٢٥١]

٢٥٢)- كردن، هەتا مردن[٢٥٢]

٢٥٣)- كردی بە بنێشتە خۆشەی ژێر دانی[٢٥٣]

٢٥٤)- كردی بە گیسكەكەی هەیاسی خاس[٢٥٤]

٢٥٥)- كردی بە كەرەی نێوە زەڕ[٢٥٥]

٢٥٦)- كردی بە نەخشی دیوار[٢٥٦]

٢٥٧)- كرم رەگی داری خواردی، پیشەت ئەبێتە هەناسە ساردی[٢٥٧]

٢٥٨)- كڕین و مامەڵە، سەنگی محەكە[٢٥٨]

٢٥٩)- كرێی شت خواستن، هێنانەوەیەتی[٢٥٩]

٢٦٠)- كشە كشە پۆپنە ڕەشە، میوان شەوێ دوو شەو خۆشە[٢٦٠]

---

[٢٥٠] بە یەكێك ئەوترێ كە تۆ متمانەی پێ بكەیت، وە كاروباری خۆتی بخەیتە ژێر دەست، كەچی ئەو ناپاكیت لەگەڵ بكات.

[٢٥١] واتە ژیان لە یەكەم ڕۆژیەوە كردن و بردنە تا مردن، هەناسەیەك ئەم سیانە لە یەك جیانابنەوە.

[٢٥٢] واتە جیهان جێی هەوڵ و تەقەلایە تا مردن.

[٢٥٣] بە یەكێك ئەوترێ كە قسەیەك زۆر بڵێتەوە.

[٢٥٤] واتە دەمێ قسەی خۆشەوە كەرە و دەمێ قسەی تاڵە وەكەرەوەی لەگەڵ كرد.

[٢٥٥] بە یەكێك ئەوترێ كە لە كاتی قسە كردنا قسەی پێ ببڕن.

[٢٥٦] بە یەكێك ئەوترێ كە بە قسەیەك سەرسام بكرێ، بە جۆرێك كە لە عاستی خۆی وشك ببێ.

[٢٥٧] بە یەكێك ئەوترێ كە لە لایەكەوە زیانبار بووبێ و پێی نەزانیبێ.

[٢٥٨] واتە هەر كەسێك لە سەودا و معامەلەدا باش بوو، باشە، خراپ بوو، خراپە.

[٢٥٩] واتە شتێكت كە خواست لە یەكێك بۆ ماوەیەك، كرێكەی ئەوەیە كە ئیشەكەت تەواو كرد شتەكە بنێرێتەوە بۆ خاوەنێ.

[٢٦٠] ئەگێڕنەوە كە یەكێك ئەبێ بە میوانی یەكێك لە زستانا، وە زیاد لە ئەندازە ئەمێنێتەوە، خانەخوێكە وەڕس ئەبێ، وە ئەیەوێ ئەمە دەربڕێ لای میوانەكەی، ڕۆژێ لەبەر چاوی میوانەكە بە مریشكی حەوشەكەی خۆی ئەڵێ: (كشە كشە مریشكە

٢٦١)- كفنی له كوێیه تا گۆڕی له كوێ بێ[٢٦١]

٢٦٢)- كل له چاو ئه‌فرێنێ[٢٦٢]

٢٦٣)- كلاشدم، بكه‌ره كونه‌وه‌، كلاشدم ده‌رئه‌كا[٢٦٣]

٢٦٤)- كلاو سوری به‌ر له‌شكره[٢٦٤]

٢٦٥)- كلاو هه‌ڵ ئه‌خا[٢٦٥]

٢٦٦)- كلاوی بكه‌وێته مزگه‌وت، به گۆچان ده‌ری ئه‌هێنێ[٢٦٦]

٢٦٧)- كلاوی لار داناوه[٢٦٧]

٢٦٨)- كلاوی له حه‌ق دڕاوه[٢٦٨]

٢٦٩)- كلاوێكی بۆ دانێن، تا ئێوارێ له‌گه‌ڵی ئه‌دوێ[٢٦٩]

٢٧٠)- كلكی كه‌ر به ده‌سه سڕ ئه‌گرێ[٢٧٠]

٢٧١)- كلكی له سه‌گ كه‌متره[٢٧١]

ره‌شه‌، میوان شه‌وێ دوو شه‌و خۆشه‌). كه میوانه‌كه ئه‌مه ئه‌بیسێت، ئه‌میش به مریشكه‌كه ئه‌ڵێ : (كشه كشه پۆپنه لارێ، من میوانم تا به‌هارێ).

[٢٦١] به یه‌كێك ئه‌وترێ كه هیچی نه‌بێ.

[٢٦٢] واته دزێكی زۆر چالاكه.

[٢٦٣] كلاشدم: به دووپشك ئه‌ڵێن كه ئه‌گه‌ر به‌ن ببه‌ستیت به یه‌كێكیانه‌وه وه بی نێریته ناو كونێكه‌وه كه دووپشكی تری تیا بێ یه‌كه یه‌كه ئه‌یان هێنێته ده‌ره‌وه بۆ كوشتن، به گه‌لێك ئه‌وترێ كه خۆ خۆربێ، وه یارمه‌تی دوژمنی خۆی بدات بۆ كوشتنی گه‌له‌كه‌ی خۆی.

[٢٦٤] به مه‌ردومی زۆر جه‌ربه‌زه‌ی چه‌تڵه‌مه‌ز ئه‌وترێ.

[٢٦٥] واته زۆر كه‌یف خۆشه.

[٢٦٦] واته سه‌ر و ساختی له‌گه‌ڵ مزگه‌وتا نییه.

[٢٦٧] به یه‌كێك ئه‌وترێ كه زۆر به خه‌م بێ.

[٢٦٨] واته ئه‌وه‌نده راست گۆ و حه‌ق بێژه‌، به چه‌پۆك كلاوه‌كه‌یان دڕاندووه.

[٢٦٩] به مه‌ردومی چه‌نه‌بازی زۆربڵێ ئه‌وترێ.

[٢٧٠] به ته‌وسه‌وه به یه‌كێك ئه‌وترێ، كه زۆر پاك و ته‌میزی بخوێننه‌وه.

[٢٧١] واته زۆر، زۆرزانه.

٢٧٢)- كنگر دانەی بە ڕەحمەت، نەك برنج دانەی بە زەحمەت[٢٧٢]

٢٧٣)- كنگر و ماستیش بۆ وەختی خۆی[٢٧٣]

٢٧٤)- كوتەك ئەزانێ قۆناغ لە كوێیە[٢٧٤]

٢٧٥)- كوتەك لە بەهەشتەوە هاتووە[٢٧٥]

٢٧٦)- كوتەكی، ئاشی دێم ئەگێڕێ[٢٧٦]

٢٧٧)- كوڕ ئەبێ كوڕ بێ، لە ئاشان نۆرە بڕ بێ[٢٧٧]

٢٧٨)- كوڕ بووم سەر گوێی خۆم ئەئەنگاوت[٢٧٨]

٢٧٩)- كوڕ تالان گێڕەوەیە و كچ تالان بەر[٢٧٩]

٢٨٠)- كوڕ نەبووە و كلاوی بۆ ئەدرون[٢٨٠]

٢٨١)- كوڕ هەبێ، تاریكە شەو زۆرە[٢٨١]

٢٨٢)- كوڕ، خالۆ وەلەدە[٢٨٢]

---

[٢٧٢] واتە دەنكە كنگری دەشتی بخۆیت بە خۆشی باشترە لە پلاوێ بە ناخۆشی.

[٢٧٣] یەكێك ئەیڵێ بە یەكێك، كەدڵی یەشاندبێ، واتە ئەمەت با بە سەرەوە بمێنێ تا ڕۆژی خۆی دێ.

[٢٧٤] بۆ هەڕەشە كردن لە یەكێك ئەوترێ.

[٢٧٥] یەكێك ئەیڵێ كە بە قسەی خۆش ئەو ئیشەی كە ئەیەوێ بۆی نەكرێ تا هێز بە كار نەهێنێ.

[٢٧٦] واتە زۆر بە زەبر و زەنگە.

[٢٧٧] واتە بە هیچ كولۆجێك نابێ بەش خوراو بێ.

[٢٧٨] واتە زۆر چوست و چالاك و تیژڕەوبوم، وەك ئەو تانجییانەی كە لە كاتی ڕاوا ئەوەندە خێرا ڕائەكەن و هەڵمەت ئەبەنە سەر نێچیر هەر دوو پاشویان ئەدەن لە گوێیان و بریندارى ئەكەن.

[٢٧٩] واتە كوڕ هەرچی ئەبا بۆ خۆی ئەبا، بەڵام كچ بۆ مێردەكەیەتی.

[٢٨٠] واتە كاری ناپێویست مەكە.

[٢٨١] واتە كوڕی ئازا ئەگەر ببێ ماوە زۆرە بۆ تۆڵە سەندن.

[٢٨٢] واتە منداڵ ئەچێتەوە سەرخاڵوانی، چونكە زیاتر ڕەوشت و خوی دایكی وەرگرتووە، كە ئەویش ڕەوشتی ماڵی خۆی وەرگرتووە.

٢٨٣)- کورتان بۆ کەر ئەکرێ، کە کەر تۆپی، کورتان بۆچی[٢٨٣]

٢٨٤)- کورد کەوتە گۆڕان، ماڵی بوو وێران، گۆڕان کەوتە کورد، گۆی لە مەیدان برد[٢٨٤]

٢٨٥)- کورد هەر کوردە[٢٨٥]

٢٨٦)- کورد و گۆران، شەڕیانە، لە سەر ماڵی مسڵمانان[٢٨٦]

٢٨٧)- کورد، بدوێنە، شەرعی خۆی ئەکا[٢٨٧]

٢٨٨)- کوردە، مەیدەرێ پیازێ، دوان دوان ئەخوازێ[٢٨٨]

٢٨٩)- کوڕی ئازا، ماڵی بۆ چییە؟ کوڕی حیزیش ماڵی بۆ چییە؟[٢٨٩]

٢٩٠)- کوڕی باوکی خۆیەتی[٢٩٠]

٢٩١)- کوڕی خۆی سوننەت ئەکا و منەت بە سەر خەڵکا ئەکا[٢٩١]

٢٩٢)- کوڕی رەند، بۆ شەوی زەنگ[٢٩٢]

٢٩٣)- کوڕی سەگ بە گورگ بخنکێنە[٢٩٣]

---

[٢٨٣]

[٢٨٤] کورد و گۆڕان، کە بە یەکەوە ناوبران مەبەس لە کوردەکەیان نیشتەجێ و مەبەس لە گۆڕان کۆچەرییە، واتە شاری کە بچێتە ناو کۆچەرییەوە، ناتوانێ بژی، بەڵام کە کۆچەری چووە ناو شارەوە، زۆر بە هەڵپە و وریایەوە سەرکەوتووە.

[٢٨٥] واتە کەس رەوشت و خووی نەتەوایەتی خۆی ون ناکا.

[٢٨٦] بە دوو کەس ئەڵێن کە چاویان لە ماڵی یەکێکەوە بێ بیخۆن.

[٢٨٧] واتە ئەمەندە دڵپاك و حەق پەرستە، پێ لە گوناهی خۆی ئەنێ.

[٢٨٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە بەدا بە دەم یەکێکی ترەوە، واتە خۆتی بۆ شل مەکە ئەگینا هیچت پێ ناهێڵێ.

[٢٨٩] چونکە کە ئازا بوو ماڵیشی ئەبێ خۆی پەیدای ئەکات، کە حیز بوو ماڵیشی بێ خۆی لەدەستی ئەدا.

[٢٩٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە چاکیدا یان خراپیدا چووبێتەوە سەر باوکی.

[٢٩١]

[٢٩٢] واتە کوڕی ئازا بۆ شەوی تاریکە.

[٢٩٣] واتە تۆڵە لە پیاو خراپ بسێنە بە پیاوێکی خراپ.

٢٩٤)- کوڕی سەگە و، گورگ ئەخنکێنێت[٢٩٤]

٢٩٥)- کوڕی گوێ ئاگردان، کون لە جەرگیا نییە[٢٩٥]

٢٩٦)- کوڕی میرەسەنێ، لە پشتی دەبەستێ داوەبەنێ، نانی بێ خوێ ئەخوا و ترێ سوێر دەکەنێ[٢٩٦]

٢٩٧)- کوچك ئەکولێنێ[٢٩٧]

٢٩٨)- کوچك لە ئاگر گەرمترە[٢٩٨]

٢٩٩)- کوچك، تا نەجولێ، سەنگینە[٢٩٩]

٣٠٠)- کولۆ فرێدەر، پاداشی بەردە[٣٠٠]

٣٠١)- کوڵ چوارشەممەی مانگی سەفەرە، پڕ ئاشووبە و خۆتی لێ لادە[٣٠١]

٣٠٢)- کولە ترێ، نانی خۆی بڕی[٣٠٢]

---

[٢٩٤] بە کوڕی ستەمکارێك ئەوترێ کە پیاوێکی زۆردار کەڵەمە بکات.

[٢٩٥] بە یەکێك ئەوترێ کە لە ماڵی خۆیا دانیشتبێت، وە مەردوم بنێرێ بۆ جەنگ و کاری ترسناك.

[٢٩٦] بەو لاتە برسیە ترِ زلانە ئەوترێ کە تا ئەبرێنە سەر تاتەشۆر لە قسەی زل ناکەون.

[٢٩٧] واتە هەوڵی بێ سود ئەدا.

[٢٩٨] بە دڵسۆزێك ئەڵێن لە یارمەتی لێ قەوماوا بە جەخت تر بێ لە خۆی.

[٢٩٩] واتە هەموو کەسێك لە شوێنی خۆی بەڕێزە.

[٣٠٠] واتە کێ گڵمتکێکی پیاماڵیت، تۆ بەردێکی پیا بماڵە.

[٣٠١] ئەم ڕۆژە ئەو ڕۆژەیە کە لە جەنگی (ئوحود) دانی پێغەمبەری تیا شکێنرا، وە پێغەمبەر بە برینداری تیا گەڕایەوە بۆ (مەدینە).جاران بە بیرەوەری من ئەو ڕۆژە بە شوم ئەزانرا، وە لەزۆر ماڵەوە چینی قوڵیان ئەنارد بۆ لای شێخ و مەلاکان، کە دە ئایەتی قورئانیان بۆ تیا بنووسن لەو ئایەتانەی کە بە (سلام) دەست پێ ئەکات، وەك (سلام علی نوح ڤ العالمین) ئنجا ئاویان ئەکردە ناو کاشێکەوە و ئەیانخواردەوە، کە خوا ئەو ساڵە بپارێزێ لە بەڵا و ئاشوبی ڕۆژگار.

[٣٠٢] بە یەکێکی زۆربڵێ ئەوترێ، کە قسەیەکی ناشرینی کردبێ و خۆی نەنگدار کردبێ و لای یەکێك، یا کۆمەڵێك.

٣٠٣)- كوڵه تری، نانی خۆی بری[٣٠٣]

٣٠٤)- کون به سەهۆڵ ناگیرێ[٣٠٤]

٣٠٥)- کون بەسەهۆڵ بگیرێ هەر ئەکرێتەوە[٣٠٥]

٣٠٦)- کون لەجەرگیا نییە[٣٠٦]

٣٠٧)- کونە مشکی لێ بووە بەقەیسەری[٣٠٧]

٣٠٨)- کونی قنگی قیرینە ناوچەوانی شیرینە[٣٠٨]

٣٠٩)- کووزەڵە بە نان ئەکا[٣٠٩]

٣١٠)- کوێر تا ئەمرێ بە تەمای چاوە[٣١٠]

٣١١)- کوێر کوێر نابا بەرێوە[٣١١]

٣١٢)- کوێرە چیت ئەوێ، دوو چاوی ساغ[٣١٢]

٣١٣)- کوێرە، باوان، شەلە، باوان[٣١٣]

٣١٤)- کۆتەرەی پەنا کەندوان هەڵگرە بۆ هەرمێ پشکوان[٣١٤]

---

[٣٠٣] بە یەکێك ئەوترێ کە بە گوفتار یا کردار هەڵەیەکی زلی کردبێ، وە جێی خۆی سلۆق کردبێ.

[٣٠٤] بە یەکێك ئەوترێ کە چارەی شتێك بکا بە شتێکی هیچ و پووچ، واتە ئەم چارەیە تا سەر نییە.

[٣٠٥] بە یەکێك ئەوترێ کە چارەی شتێك بکا بە شتێکی هیچ و پووچ، واتە ئەم چارەیە تا سەر نییە.

[٣٠٦] واتە زۆر بە جەرگە.

[٣٠٧] بە یەکێك ئەوترێ کە لە ترسانا نەزانێ چی بکا، وە چۆن خۆی بشارێتەوە.

[٣٠٨] بە ژنێکی ناشرین ئەوترێ، کە بەختی یاربێ و شویەکی باشی کردبێ.

[٣٠٩] بەیەکێك ئەوترێ کە زۆر هەژار بێ.

[٣١٠] بەیەکێك ئەوترێ کە هەمیشە بە تەمای شتێك بێ و دەستی نەکەوێ.

[٣١١] واتە مەردومی نەشارەزا ناتوانێ ببێت بە رێ نیشاندەر لە هیچ کارێکا.

[٣١٢] واتە هەر کەسێك ئاواتی خۆی داوا ئەکات.

[٣١٣] یەکێك ئەیڵێ بە گەورەیەکی خۆی، کە لێی قەومابێ، وە پەنای پێ بردبێ.

[٣١٤] واتە لە جیهانا زۆر قایم کار بە.

٣١٥)- کۆتر له دەماخی ئەفڕێ[٣١٥]

٣١٦)- کۆزرو بە بای عومری نا[٣١٦]

٣١٧)- کۆزی کاران ببینه و قەپوچك له ماست داگره[٣١٧]

٣١٨)- کۆسە، بەندێکی دی و پەندێکی گرت[٣١٨]

٣١٩)- کۆستی کەوتووە[٣١٩]

٣٢٠)- کۆکۆ لە هۆهۆ نەبێ[٣٢٠]

٣٢١)- کۆنە ئەفرۆشێ بە نرخی تازە[٣٢١]

٣٢٢)- کۆنە چەکمە رەقە[٣٢٢]

٣٢٣)- کۆنەیار، ماینی بەزینە[٣٢٣]

٣٢٤)- کێ لە کێیە، شێخە دێیە[٣٢٤]

٣٢٥)- کیژ، ماڵی خەڵقینە، کوڕ کوڕی زێڕینە[٣٢٥]

٣٢٦)- کیژی بە دایك مەنجەڵی بە سەرپۆشە[٣٢٦]

٣٢٧)- کێ گۆڕ بۆ گۆڕ هەڵکەن ئەکەنێ[٣٢٧]

---

[٣١٥] واتە لووتی ئەوەندە بەرزە، کۆتر هێلانەی تیا ئەکا.

[٣١٦] واتە زۆری لێ دا.

[٣١٧] یەکێك ئەیڵێ کە داوای شتێکی لێ بکرێ کە نەیبێت، وەك لە لادێ داوای ماست بکەیت لە ماڵێك کە کۆزەکەی کار و بەرخی تیا نەبێ، واتە کە کار و بەرخ نەبێ بمژێ شیر لە کوێ ئەبێ تا ماست ببێ.

[٣١٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە هەموو رووداوێك، دەرسێ وەرگرێ.

[٣١٩] واتە باوانی شێواوە.

[٣٢٠] واتە تا لە دوای جووتەوە (هۆ هۆ) نەکەیت، دەغڵ و دان کۆ ناکەیتەوە.

[٣٢١] واتە فێڵباز و دەم لووسە.

[٣٢٢] بە یەکێکی بێ ناونیشان ئەوترێ، کە بە ناو ئاغا و وەکی تریش هیچی نەبێ.

[٣٢٣] واتە هەر حەڵی بیەوێ ئەتوانێ پێی بگات.

[٣٢٤] بە شوێنێك ئەوترێ، کە هیچی بە سەر هیچەوە نەبێ.

[٣٢٥] ئەمڕۆ لە ماڵی باوکێتی و سبەینێ بە ئێجگاری لە ماڵی مێردێتی.

[٣٢٦] واتە هەر نەنگێکی ببێ بۆی داپەپۆشێ.

[٣٢٧] واتە هەموو زۆردارێك تۆڵەی خۆی وەرئەگرێ.

٣٢٨)- كێ گوو بە کڵاو ئەپێوێ[٣٢٨]

٣٢٩)- كێ كردی، كێ بردی[٣٢٩]

٣٣٠)- كێر بە پاتە ئەستوور نابێ[٣٣٠]

٣٣١)- كێر بە روودا ئەچێ[٣٣١]

٣٣٢)- كێر لە قەحبە ناخوازرێ[٣٣٢]

٣٣٣)- كێرێ لە دەرپێی خۆتا نەبێ، خوا بیبڕێ[٣٣٣]

٣٣٤)- كێرەكە مەلەرزە (.......)ەكە مەترسە[٣٣٤]

٣٣٥)- كێری ئەمڕۆ بە قنگی سبەینێ[٣٣٥]

٣٣٦)- كێری ئەمڕۆ بە قوونی سبەینێ[٣٣٦]

٣٣٧)- كیسەڵ بگریتە كۆڵ میزت پیا ئەكات[٣٣٧]

٣٣٨)- كیسەڵ ئەڵێ من بە جامی سەپان ئاو ناخۆمەوە[٣٣٨]

---

[٣٢٨] واتە هەر چی نرخ بێ نیەتی.

[٣٢٩] بە یەكێك ئەوترێ، كە بە هەوڵ و تەقەلایەكی زۆر، دارایی كۆ بكاتەوە، لەپاشا دەست یەكێكی تر بكەوێ.

[٣٣٠] پاتە: پەڕۆیە. بە یەكێك ئەوترێ كە بیەوێ بە شتی هیچ و چووچ خۆی گەورە بكا.

[٣٣١] بۆیە هەموو كەسێك كە ژن بێنێ، بە دووی جوانا ئەگەڕێ.

[٣٣٢] چونكە خۆی هەمیشە پێویستێتی.

[٣٣٣] واتە بە منالی كچەوە مەنازە.

[٣٣٤] یەكێك ئەیلێ بە یەكێك كە هەڕەشەی زۆری لێ كردبێ واتە ئیتر ئەوە ناهێنێ كە من ئەوەندە بترسم وە بڵێم (كێرەكە مەلەرزە(.......)ەكە مەترسە، وە بڕۆ چیت لە دەست دێ بیكە.

[٣٣٥] واتە پشت بە دنیا نابەسترێ، لەبەر ئەوە دەست لە خۆشی ئەمڕۆ هەڵناگیرێ بۆ سبەینێ، چونكە ئەگونجێ سبەینێ بگۆڕێ.

[٣٣٦] یەكێك ئەیلێ كە هەر چاوی لە ئەمڕۆوە بێ، وە چاوی لەسبەینێوە نەبێ واتە حازر مەدە بە قەرز.

[٣٣٧] واتە ئەگەر خزمەتی ناوەجاخ بكەیت لە جیاتی قازانج زیانت پێ ئەگەیەنێ.

[٣٣٨] بە یەكێك ئەوترێ، كە خۆی لە یەكێكی تر بەرزتر بزانێ.

۳۳۹)- کیسەی بۆ هەڵدروە[339]

۳٤۰)- کێشکە، خۆی چییە و چەلاوی چییە[340]

۳٤۱)- کێشکەی سەرسوانان قسان دەگێڕێتەوە[341]

۳٤۲)- کێچ بە گا ئەفرۆشێ[342]

۳٤۳)- کێچ گاز ئەگرێ، ئەسپێ تووش ئەبێ[343]

۳٤٤)- کێچ کەوتە کەوڵی[344]

۳٤٥)- کێچی هەڵهێناوە[345]

۳٤٦)- کیمیای ناگاتێ[346]

۳٤۷)- کێو بە کێو ناگا، ئادەمی بە ئادەمی ئەگات[347]

۳٤۸)- کێوێك ئەڕوخێنێ کەندەڵانێك پڕ ئەبێتەوە[348]

---

[339] واتە لە سەداسەد بە تەمای ئەو شتەیە.

[340] کێشکە: چۆلەکەیە، ئەم پەندە وەك پەندی (چۆلەکە خۆت چیت و گۆشتاوت چییە) وایە.

[341] واتە تا ئەتوانیت قسە بە ئاهێستە بکە، کە کەس گوێی لێ نەبێ.

[342] بە یەکێك ئەوترێ کە شتی خۆی زۆر بە گرنگ بداتە قەڵەم.

[343] بە یەکێکی جەربەزە ئەوتری، کە ئاژاوەیەك بنێتەوە، خۆی دەرباز ببێ وەیەکێکی تر تێوە بگلێ.

[344] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئیشێکی بە دەستەوە بێ، وە تا تەواوی نەکات دەستی لێ هەڵ ناگرێ.

[345] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر دانیشتبێ، وە لە دانیشتن وەڕس بووبێ.

[346] بە کارێك ئەوترێ، کە قازانجی ئێجگار زۆر نەبێ.

[347] واتە هەر کێو بە کێو ناگات، ئەگینا ئەگونجێ ئادەمی بە ئادەمی بگات.

[348] بە دەوڵەمەندێکە ئەوترێ کە بمرێ، وە داراییەکەی دابەش ببێ بە سەر چەند خزمێکی هەژاریا.

پیتی گاف

١)- گا بە تەنیا گێرە ناکا[1]

٢)- گا بە جڵ و جۆڕ، ژن بە سەر و پۆڕ[2]

٣)- گا بە دەنگی نارِوا[3]

٤)- گا بە گونا ئەناسیٚ[4]

٥)- گا بە گونتاری[5]

٦)- گا بدە بە گامردە، ژن بدە بە ژن مردە[6]

٧)- گا رەنگی گا ناگریٚ، خووی ئەگریٚ[7]

٨)- گا زمانی نییە و بەندە ئیمانی نییە[8]

٩)- گا گورواوە، کلکی ماوە[9]

١٠)- گا گووی کرد، دنیای پیس کرد[10]

١١)- گا گێرە بکا، میزی تیٚ ئەکا[11]

---

[1] واتە یەکێك بەتەنیا، وە بە بیٚ یارمەتی دەرێك باش ئیشی پیٚ ناکریٚ.

[2] واتە هەر شتە، بە شتی خۆیەوە جوانە.

[3] واتە کەس بە قسەی ناکا.

[4] واتە زۆر نادانە.

[5] بە یەکێك ئەوتریٚ، کە قسەیەکی ناپەسەند بکا.

[6] واتە چونکە نرخیان ئەزانن.

[7] واتە هاودەمی پیاوی خراپ مەکە، چونکە ئەگەر رەنگیشی نەگریت، خووی ئەگریت.

[8] ئەگینا بە تێلا لیٚی نەئەدا لە سەر جووت نەکردن، چونکە ئەگونجیٚ ژانی کردبیٚ، بەلاّم زمانی نییە تا هاوار بکا بلیٚ: نەخۆشم. بە زالّمێك ئەوتریٚ، کە بەزەی بەهەژارا نەیەتەوە.

[9] بە کارێك ئەوتریٚ، کە بەشی زۆری کرابیٚ.

[10] بە یەکێك ئەوتریٚ، کە قسەیەکی ناپەسەند بکات.

[11] واتە ئەمە شتێکی ناچارییە.

١٢)- گا کاوێژ بکات لە حیزی جوتیارەوەیە[١٢]

١٣)- گا کردی و کەر خواردی[١٣]

١٤) گا لە گاگەل بەجێ بمێنێ، شاخی خۆی ئەشکێنێ[١٤]

١٥)- گا هەر گایە و دۆڵ هەر دۆڵە[١٥]

١٦)- گا هیلاك بوو، گێرد هەرزان بوو[١٦]

١٧)- گا، لەو گایە گۆشت لەو گۆشتە[١٧]

١٨)- گا، وێڵ ئەکا، گوێرەکە بەخێو ئەکا[١٨]

١٩)- گازیشی هەیە و نازیشی هەیە[١٩]

٢٠)- گاسنێ لە چاوی خۆیا نابینێ، سووژنێ لە چاوی خەڵقا ئەبینێ[٢٠]

٢١)- گاسوور تۆ بنوە و من ئەنوم بزانم کاممان قەرزار ئەیبا[٢١]

---

[١٢] واتە ئەگەر جوتیار ئازا و وریا بێ، نایەڵێ گا لە کاتی جوت و گێرەدا، کاوێژ بکات. بە یەکێك ئەوترێ، کە دەسەڵاتی بەسەر بەردەستەکانیا نەبێ.

[١٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە کردەی ئەم بێ و بردەی یەکێکی تر.

[١٤] واتە هیچ کەسێك نابێ لە گەلی خۆی هەڵگەڕێتەوە.

[١٥] واتە چۆن گاکەی خۆم و دۆڵەکەی ئاوایی خۆم ئەناسمەوە، فلان کەسیش بە خۆی و جێگا و ڕێگاکەیەوە ئاوا ئەناسمەوە.

[١٦] واتە گاکە ناتوانێ بڕوا بەڕێدا، کێرد حازرە بۆ سەربڕینی، واتە هەر گرێیەك کە نەتوانی بیکەیتەوە، بیبڕە لە بنا.

[١٧] بەیەکێك ئەوترێ، کە لە تەنگانەیەکا بچێ بە دەنگ خزمێکی دووریەوە، تا ڕزگاری بکا.

[١٨] واتە ئادەمی ئەبێ باشتر وابێ، وە هیچ دایك و باوکێك نابێ منداڵی خۆی پێ نەگەیەنێ.

[١٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە دەستیشت لێ بوەشێنێ و دڵ نەوایشت بکا.

[٢٠] واتە نەنگی خۆی نابینێ، کەچی نەنگی بچوکی مەردوم ئەبینێ.

[٢١] ئەگێڕنەوە کابرایەك بەهۆی بێ بارانییەوە، ساڵێك هیچی نابێ ناچار دەست ئەکا بە قەرز و قۆڵە، ساڵی ئایندە ئەیەوێ جووت و تووێکی زۆر بکا، تا قەرزەکانی پێ بداتەوە، لە جووتە گاکەی یەکێکیان سورێکی خەفۆك ئەبێ، هەر چەند ئەکا جووتی بۆ ناکا، ئەمیش ئەڵێ: من و تۆ ئەگەر بنوین، سبەینێ کە قەرزار هات، هەر تۆ ئەبەن ئەتفرۆشن بە قەساب و کەوڵت ئەکەن، ئەمە ئێستا بە یەکێکی ئەڵێیت کە ئەرکی بەسەرتەوە بێ و

٢٢)- گاگا، بە خەروار، گاگا، بە مستاڵ[٢٢]

٢٣)- گاگەل بە گردەوە رۆی، پیرێژن لە گۆلکە سوری ئەپێچایەوە[٢٣]

٢٤)- گاڵ نەبوو لە خۆتەنی، بە رۆش بوو بە ئامێتەنی[٢٤]

٢٥)- گالە کلاو رۆژنە سەر ئەخا[٢٥]

٢٦)- گاڵت وە گوێزە[٢٦]

٢٧)- گاڵیش زادی خوایە[٢٧]

٢٨)- گام نییە لە گاگەلان، پێم لە بەفرێدا سووتان[٢٨]

٢٩)- گام وا بە بارەوە، دۆینەم وا بە دارەوە، مەلا درەنگە کوڕەکەم بکە بە مەلا[٢٩]

ئیشت لەگەڵ نەکا، واتە هەر تۆ زەرەر ئەکەیت چونکە من لەسەر بەردی رەق ئەژیم، بەڵام تۆ نانت دەست ناکەوێ بی خۆیت.

[٢٢] بە شتێك ئەوترێ کە هێندێ جار زۆر و هێندێ جار کەم بێ.

[٢٣] واتە گاگەلەکە هەمووی جەردە بردی، کەچی پیرێژن خەریکی پێچانەوەی گوێرەکەکەی بوو. بە یەکێك ئەوتری کە لە کاتی زیانێکی گەورەدا خۆی بە شتی هیچ و پووچەوە خەریك بکات.

[٢٤] لە خۆتەنی: واتە لە خۆیا، ئامێتەنی: واتە لە ئامێتە کردنی بە یەکێك ئەوترێ، کە خۆی لەخۆیا باش نەبێ، کەچی سەرباریشی بۆ پەیدا ببێ.

[٢٥] واتە دزێکی زۆر چوست و چالاکە.

[٢٦] ئەگێڕنەوە کە جارێکیان جاف لە کاتی چوونیان بۆ کوێستان، ران ئەکەنە ناو پەڵە گاڵێك لە شارەزوور، خاوەن گاڵ هاوار ئەکاتە خاوەن ران کە ئاژەڵەکەی دەرکات لە ناو گاڵەکەدا، ئەویش ئەڵێ: من ئاژاڵی خۆم دەرناکەم، تۆ ئەگەر رازی نیت پەڵە گاڵەکەت بە سەوزی لێرە هەلگرە بۆ شوێنێکی تر، ئنجا ئێستا بە یەکێك ئەوترێ بۆ لابردنی شتێك کە لە کردنا نەبێ.

[٢٧] یەکێك ئەیڵێ بە یەکێك، کە بە چاوی سووك تەماشای خزمێکی هەژاری خۆی بکات.

[٢٨] بە یەکێك ئەوترێ کە بە خۆڕایی خۆی ماندوو بکات لە کاری ئەم و ئەوا.

[٢٩] ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی جاف لە رێگای گەرمیان و کوێستانا لا ئەداتە لای مەلای دێیەك، وە کوڕەکەی لەگەڵ خۆیا ئەبا، داوا لە مەلا ئەکا کە کوڕەکەی بۆ بکا بە مەلای خوێندەوار، وە قسەکەی سەرەوەی پێ ئەڵێ: کەوا ئێستا بووە بە پەند، وە ئەوترێ بە

٣٠)- گان بە قەرز ناکرێ[30]

٣١)- گاندانیش بە بەختە[31]

٣٢)- گانی دەوڵەمەند جلێ لەبانی، گانی بێوەڵەت عالەم پێی زانی[32]

٣٣)- گاور بە تەمای سەفەرالی بێ، کەرپشتە ڕیشە و جەواڵ خاڵی بێ[33]

٣٤)- گای بێ گاوانە[34]

٣٥)- گای بخوزە، لە سەر پێستی شەقی کەیت ناجووڵێ[35]

٣٦)- گای بێگارییە و جلی ماڵە گەورەی لێکراوە[36]

٣٧)- گای تەنها لەوەڕاوە[37]

هەموو کەسێك کە کارێکی دوور و درێژی ببێ وە بیەوێ زوو بە زوو لە چەند دەمێکا بۆی بکرێ.
[30]

[31] واتە لە هەموو شتێکا بەدبەختی و بەختیاری هەیە.

[32] واتە دەوڵەمەند هەرچی بکا کەس قسەی لێ ناکا، کەچی هەژار هەر چی بکا قسەی لێ ئەکەن.

[33] مەبەس لە گاور، پیاوی بێ دەسەلاتە، چونکە جاران لە وڵاتی ئیسلاما گاور هەمیشە کەمایەتی (اقلیات) بوون، وە خۆیان بە زەبوون زانیوە، هەر چەند ئیسلام چاودێری خۆیان و مافیانی کردووە، وەك مسڵمانەکان، مەبەس لە سەفەرالیش، پیاوی بێئینسافە، وا دەرئەکەوێ کە یەکەم جار گاورێك قەرز بە سەر سەفەرالی ناوێکی قەرز کوێرەوە بووە، وە ئەوەندە هاتوچۆی کردووە تا کەرەکەی ناوکە ڕێژ بووە، بێئەوەی تەنەکەیەك جۆی دەست بکەوێ، بە یەکێکی زەبوون ئەوترێ، کە پارەی لای یەکێکی قەرز کوێر بێ، واتە ئەوەندە دێت و ئەچێ، تا کەرەکەی ناوکەڕێژ ئەبێ، وە هیچیشی دەست ناکەوێ.

[34] بە یەکێك ئەوترێ، کە کەسی نەبێ سەرپەرشتی بکا.

[35] بە یەکێکی قین ئەستوور ئەوترێ.

[36] گای بێگاری: گایەکە لەلایەن زۆردارێکەوە داگیر کرابێ، وە لەبەر چەوسانەوە لەڕ و لاواز بووبێ، جلی ماڵە گەورە: جلێکی تازە و نوێیە، بە یەکێك ئەوترێ، کە بەرگێکی تازەی دەڵبی لەبەرا بێ.

[37] بە کەسێك ئەوترێ کە لەگەڵ کەسا هەڵ نەکا، وە نەتوانێ بژی.

٣٨)- گای خۆم دی بە دۆڵۆ، نیم بە تەنگ هەمانە بە کۆڵۆ[٣٨]

٣٩)- گای لە گاگەلدا نییە و پێی بەفر بردویەتی[٣٩]

٤٠)- گای ناو گوێرەکەیە[٤٠]

٤١)- گای یەك ئاخورە[٤١]

٤٢)- گایەك بدە و گوێزێك بخۆ بەیانیان، گایەك بدە و گوێزێك مەخۆ بە شەوان[٤٢]

٤٣)- گایەك بکەوێتە گاگەلەوە، ئەگەر ڕەنگی ئەوانە نەگرێ خووی ئەوان ئەگرێ[٤٣]

٤٤)- گایەکی ڕیخن، سەدی پاکی پێوە ڕیخن ئەبێ[٤٤]

٤٥)- گەر لە بێشە شێر نەما، گورگ و مام ڕێوی ئەکەونە سەما[٤٥]

٤٦)- گەرما ئاوی سارد ئەخاتە برەو[٤٦]

٤٧)- گەڕی بارە ترێیە[٤٧]

٤٨)- گەز ئەرز ئەناسی[٤٨]

---

[٣٨] مەبەس لە هەمانە بە کۆل کەسێکە کە گای ون بووبێ، وە توێشووی بەستبێتە پشت تا بە دوویا بگەڕێ، بە یەکێك ئەوترێ کە هەر خۆی مەبەست بێ، وە دەربەستی کەس نەبێ.

[٣٩] بە یەکێك ئەوترێ، خۆی جۆرە ئیش و کارێکی نەبێ، وە لە هیچە خۆی لە کاروباری ئەم و ئەوا هەڵقورتێنێ.

[٤٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەگەڵ منالانا یاری بکا.

[٤١] بە یەکێك ئەوترێ، کە بییەوێ هەر بە تەنیا بژی، وە لەگەڵ کەسا نەبێ.

[٤٢] واتە بەیانیان بە دڵی ناشتا ئەوەندە گوێز خواردن باشە، وە شەوان ئەوەندە خراپە.

[٤٣] واتە مەردوم خووی ئاوەڵی خۆی ئەگرێ، کەوابوو تۆش ئاوەڵی پیاوی خراپ مەکە.

[٤٤] واتە یەکێکی خراپ، ئەتوانێ چەند کەسێکی باش خراپ بکا.

[٤٥] ئەمە دەستورێکی ڕاست و دروستە خوا نیشانی هیچ گەلێکی نەدا چونکە ئەمە سەرەتای مردنیەتی.

[٤٦] واتە هەموو شتێك تا کاتی خۆی نەیەت نرخی دەرناکەوێ.

[٤٧] بە یەکێك ئەوترێ کە دوای بڕانەوەی کارێك ئنجا گەڕ بکات.

[٤٨] واتە هەموو شتێك بە پێوانە دەرئەکەوێ.

٤٩)- گەز گەز باڵا ئەکا[49]

٥٠)- گەزی چی و جاوی چی؟![50]

---

[49] واتە زۆر کەیف خۆشە.

[50] ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی جوتیار لە پێش مانگی رەمەزانا لە کاتی جووت کردنا گاسنەکەی لە کووپەڵەیەك گیر ئەبێ، کە ئەیباتەوە بۆ ماڵەوە بە ژنەکەی ئەڵێ: ئافرەت ئەمە هی رەمەزانە هەڵیگرە، کابرا مەبەسی مانگی رەمەزان ئەبێ، ژنەکەشی وا تێ ئەگات کە سپاردە (امانت)ی یەکێکە کە ناوی رەمەزانە. رۆژێ لە رۆژان دوو سوالکەر یەکێکیان ناوی رەمەزان ئەبێ ئەچنە ماڵی کابرا بۆ سواڵ. ژنەکەی کە ئەزانێ یەکێکیان ناوی رەمەزانە، خێرا کووپەڵە زێڕەکەی بۆ ئەهێنێ و ئەیداتە دەستی، وە پێی ئەڵێ ئەمە سپاردەکەی خۆتە، کابراش کە ئەزانێ ئەمە هەڵەیە کراوە خێرا پێی پێوە ئەنێ و خۆی ون ئەکات، کابرای جووتیار کە ئێوارێ دێتەوە ژنەکەی بۆی ئەگێڕێتەوە، زۆر توورە ئەبێ، وە سێ بە سێ تەڵاق ئەخوات کە بڕوا و نەیەتەوە بە ماڵەکەیا تا لە ژنەکەی خۆی کەرتری چاو پێ نەکەوێ، کابرا ئەڕواتا ئەگاتە کانی و ئاوێك لە برسانا لێی ئەکەوێ ژنە لادێییەك– کە ناوی خاتە ئەبێ– دێ بۆ سەر ئاوەکە، کە چاوی بە کابرا ئەکەوێ وا ماندوو مردوو لێی کەوتووە، ئەپرسێ: برا لە کوێوەو دێیت؟ کابراش لە داخی دڵی خۆی ئەڵێ : لە گۆڕ و جەهەننەمەوە دێم، خێرا ژنەکە لێی ئەپرسێ ئەڵێ، بە قوربانت بم (تەپل)ی برام ناناسیت لە جەهەننەم؟ ئاخۆ ئەحواڵی چۆن بێ؟ کابراش ئەڵێ: بەڵێ ئەیناسم، هاوڕێمە وە زۆر لە سزادایە، چونکە زۆر قەرزارە، خێرا ژنە کابرا ئەباتەوە ماڵەوە، وە خزمەتێکی زۆر باشی ئەکات، لە پاشا هەر چی چەکێکی زیوی ئەبێ هەمووی بۆ ئەهێنێ کە بۆی بەرێ تا بیداتەوە بە قەرزی براکەیا کابرا لە خۆشیانا ئەگەشێتەوە، وە خێرا تێی ئەقاچێنێ لە ڕێ تووشی ماڵە جۆلایەك ئەبێ، لا ئەدات و خۆی لەوێ حەشار ئەدات، ئێوارێ مێردەکەی خاتە کە دێتەوە، داستانەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە، کابرا خێرا دەست ئەداتە تفەنگەکەی و سواری ئەسپەکەی ئەبێ و ئەڕوا بە دووی کابرادا، کە نزیکی ماڵی جۆلا ئەکەوێتەوە، کابرا خشڵ بەر لە دوورەوە کە سوارەکە بەدی ئەکات، خێرا دڵی خەبەر ئەدا وەچە جۆلاکە ئەڵێ: ئەم سوارە کە وا هات کاربەدەستی گەز و جاوە لە لایەن دەوڵەتەوە، هەر کەسێك گەزی کورت، یا جاوی پیس بێ ئەی گرێ، هەست خۆت بشارەوە، لە پاشا سوارەکە کە ئەگاتە پێشەوە دائەبەزێ و تفەنگەکەی ئەکات بە قەڵپوزی زینەکەدا و لە کابرا ئەپرسێ: کەسی نەناسیاو نەهاتۆتە ئێرە؟ ئەمیش دەست ڕائەکێشێ بۆ کابرای جۆلا، ئەویش هەڵ ئەکوتێتە سەری بە لێدان و تێهەڵدان، کابرای

٥١)- گەزیزە پیر بوو لە نزاران، هەر ئێمە ماینەوە لە کۆنە هەواران[٥١]

٥٢)- گەلاوێژ کەوتە شەوێ، دەست بەرە بۆ باخەڵی مێوێ[٥٢]

٥٣)- گەلەمان نەدی بی، گەلە ڕێمان دیوە[٥٣]

٥٤)- گەنجێ بە باربێ، بە زەهرە مار بێ[٥٤]

٥٥)- گەنجان گەنجانە، مانگا یەکێکە و کەڵەگا پەنجانە[٥٥]

٥٦)- گەنم گرد و جۆ بلاو[٥٦]

جۆلاش هاوار ئەکات: بۆ لێم ئەدەیت بە خوا گەزم تەواو جاوم پاکە: ئەمیش ئەڵێ سەگباب (گەزی چی و جاوی چی!) لەم مشت و مڕەدا کابرای خشڵ بەر سواری ئەسپی کابرا ئەبێ و تفەنگەکەی ئەکاتە شانی و تێی ئەقاچێنێ! کابرای جۆلا و خشڵ براویش هیچیان لە قسەی یەکتری ناگەن لە پاشا کابرای خشڵ براو بە نائومێدی دێتە دەرەوە تەماشا ئەکات وا تفەنگ و ولاخەکەشی براوە، ناچار لۆژە لۆژ ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، ژنەکەی کە پرسیاری تفەنگ و ئەسپەکەی لێ ئەکات ئەڵێ: بە خوا ئافرەت چووم بۆ جەهەننەم بۆ لای تەپلی برا، دەست و پێی لە زنجیر و کۆتا بوو لە سەر قەرزداری، منیش لەبەر ئەوەی کە پارەم پێ نەبوو تفەنگ و ئەسپەکەم بۆ دانا تا رزگارم کرد، کابرای جوتیاریش تفەنگ و ئەسپ و خشڵەکان لەگەڵ خۆی ئەباتەوە بۆ ماڵەوە، وە بە ژنەکەی ئەڵێ: ئافرەت لەتۆ کەرترم دۆزییەوە تەلاقەکەم نەکەوتووە.

[٥١] گەزیزە: گوڵێکی حەوت ڕەنگی جوانە، لەئاخر و ئۆخری بەهارا پیر ئەبێ، واتە بەهار بڕایەوە و ئێمە هەر لە کۆنەوە هەواری زستانانین، یەکێك ئەیڵێ بە چەند کەسێك کە ئەوان لە کوێستانی ژیان بن و ئەمیش لە ناخۆشی دابێ.

[٥٢] واتە ئنجا شیرین ئەبێ، وە ترشی تیا نامێنێ.

[٥٣] گەلە: ڕانە. گەلەڕێ: ڕێیەکە کە باران پیا بڕوا، واتە ئەگەر ڕانیشمان نەدی بێ، ڕێیەکمان دییوە کە ڕانی پیارۆییبێ. یەکێك ئەیڵێ بە یەکێك کە ئەو بە نەشارەزا بزانێ لە کارێکا.

[٥٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە دەوڵەمەند بێ و خێر لە دەوڵەتەکەی خۆی نەبینێ.

[٥٥] بە چەند کوڕێك ئەوترێ، کە بە تەمای کچێك بن.

[٥٦] بە چەند دۆستێکی هاودەم ئەوترێ، کە کوتوپڕ کۆ ببنەوە و کوتوپڕ بلاوەی لێ بکەن.

٥٧)- گەنم هەرێ، جۆ هەرێ، هەرزنە تسنەی قنگێ کەرێ، تۆش هەرێ؟![٥٧]

٥٨)- گەوج نەچێتە بازاڕ، بازاڕ ئەگەنێ[٥٨]

٥٩)- گەورە ئاو ئەرێژێ و بچوك پێی تێ ئەخا[٥٩]

٦٠)- گەورە دەڵێن لە خانان، گچکە دەگێڕنەوە لە بانان[٦٠]

٦١)- گەورە قەدری خۆی بە خۆیەوەیە[٦١]

٦٢)- گەورەکچ بە ماچێك حیز نابێ[٦٢]

٦٣)- گەوهەر لە ناو قوڕا ون نابێ[٦٣]

٦٤)- گەوهەری خۆت مەدۆڕێنە[٦٤]

٦٥)- گەیگە چانییە و دیزە فرۆشتن[٦٥]

٦٦)- گرەو لە شەیتان ئەباتەوە[٦٦]

---

[٥٧] هەرێ: ئەرێ، واتە ئەی گەنم تۆ بە هەر جا، ئەی جۆ تۆ بە هەر جا، بەڵام هەرزنە تسنە تۆ بۆچی؟! بە یەکێکی هیچ و پووچ ئەوترێ لە ناو چەند کەسێکا، کە شتێك لەوان قوبوڵ کرابێ، وە ئەم یەکەش بییەوێ لەویش قوبوڵ بکرێ، واتە ئەوا بە هەر جا، ئەی کابرای هیچ و پووچ تۆ بۆچی؟!

[٥٨] واتە هەر بە گەوج بازاڕ گەرم ئەبێ، چونکە شتێکی پێویست نییە و کەچی ئەیکڕێ، کە ئەشی کڕێ نازانێ سەودا بکا و تێ ئەشکێ.

[٥٩] واتە کەوابوو ئەی گەورە، ئاوی باش بڕێژە بۆ بچوك وە هەمیشە سەر مەشقی چاك بە بۆی.

[٦٠] کەواتە هەرگیز قسەی نهێنی مەکە لە شوێنێك کە منالّی لێ بێ.

[٦١] واتە ئەبێ بزانی حورمەتی خۆی رابگرێ.

[٦٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە هەموو ژیانیا جارێك هەڵەیەك بکات.

[٦٣] واتە خوێندەواری بە نرخ هەر دەرئەکەوێ، ئەگەر ئەم رۆش پەشەند نەکرێ رۆژێ هەر ئەبێ پەسەند بکرێ.

[٦٤] واتە قسەی خۆت لە بەرد مەدە.

[٦٥] گەیگە چان: ناوی دێیەکە، دانیشتوەکانی دیزەی چاك دروست ئەکەن، بەیەکێك ئەوترێ کە شتێك باش دروست بکا، وە هەر ئەوە بفرۆشێ.

[٦٦] واتە زۆر فێڵبازە.

٦٧)- گرد و کەژێ، لێك ئەهەژێ[٦٧]

٦٨)- گردەی تۆو بردەی بابێ[٦٨]

٦٩)- گرناقاچ! خۆش گرناقاچ، دوانزە کوێخا و چوار کرمانج[٦٩]

٧٠)- گریانیش دڵی خۆشی ئەوێ[٧٠]

٧١)- گرێی بەختی کرایەوە[٧١]

٧٢)- گرێی دەست، مەخەرە دان[٧٢]

٧٣)- گزگل بکەین بە گوێزە بانە[٧٣]

٧٤)- گزوفتی بۆ ئەدا[٧٤]

٧٥)- گشت شتێ فەرزە، شایی و شیوەن قەرزە[٧٥]

٧٦)- گشت گیانم بکەن بە دەرزی ئاژن، هەر پێم بڵێن کوێخاژن[٧٦]

٧٧)- گشت گیانی ملۆچە ئەکا[٧٧]

٧٨)- گڤەی داوێنی دێ[٧٨]

---

[٦٧] بە دوو کەس ئەوترێ، کە لە هەموو شتێکا یەك کەوتبن.

[٦٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە ستەمێکی لێ کردبیت، وە ماڵێکی بە ناڕەوا بردبیت، واتە یاخوا هەر تۆ گردی کەیتەوە و بای رۆژگار بە بای بدا.

[٦٩] گرناقاچ: دێیەکە لە ناوچەی شێخ بزەینی لە قەڵەم ڕەوی کەرکوك هەموو ئاواییەکەی شانزە پیاوی تیا بووە، واتە لەم شانزە کەسە دوانزەیان کوێخا بوون، بە چەند کەسێك ئەوترێ، کە هەموو بیانەوێ گەورە و سەرۆك بن.

[٧٠] واتە هیچ بە بێ حەز لێ کردن ناکرێ.

[٧١] زۆرتر بە کچێك ئەوترێ، کە لە پاش ماوەیەکی زۆر شوویەکی باشی دەست کەوتبێ.

[٧٢] واتە ئیش زوو ڕاپەڕێنە، تا گرێ کوێرەی تێ نەکەوتووە.

[٧٣] لە وەڵامی مژدەیەکا ئەوترێ، کە بە لاتەوە گرنگ نەبێ.

[٧٤] واتە زۆر بە جەختی ئارەزووی ئەکات.

[٧٥] واتە ئەگەر بە شایی و شیوەنی خەڵقەوە نەبیت، خەڵقیش بە هی تۆوە نابێ.

[٧٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە حەزی لە ناوی گەورە بێ.

[٧٧] واتە زۆر کەیف خۆشە.

[٧٨] واتە زۆر بە گوڕە لە ڕێ ڕۆینا.

٧٩)- گلۆڵەیەك موبرێسە و خۆت لە بێ حەیا لادە[٧٩]

٨٠)- گڵ مەیل بڕە[٨٠]

٨١)- گڵی دوور دەرمانە[٨١]

٨٢)- گڵی ژن و مێرد لە گلنجانێك هەڵ ئەکەندرێ[٨٢]

٨٣)- گندۆرە بە ڕەنگ نییە[٨٣]

٨٤)- گوێ عەزیز بوو، گوارەش عەزیزە[٨٤]

٨٥)- گور چووی پڕە[٨٥]

٨٦)- گوڕەی داوێنی دێ[٨٦]

٨٧)- گورگ ئەڵێ: ئەمشەو هەورە، دەمم چەورە[٨٧]

٨٨)- گورگ ئەڵێ: قوربانت بم مەڕ، دەخۆم دونگی تەڕ، نابیت لە لەوەڕ[٨٨]

---

[٧٩] واتە کە بێ حەیا رووی تێ کردیت، خۆت بە شتێکەوە خەریك کە وە هەرگیز دەم مەنێرە دەمی.

[٨٠] خۆشەویستێکت ئەمرێ و ئەکرێ بە ژێر گڵەوە، دوای ئەوە بەرە بەرە ئەو مەیل و خۆشەویستیە کەم ئەبێتەوە تا نامێنێ. بە یەکێك ئەوترێ کە عەزیزێکی مردبێ، وە زۆر بۆی پەرێشان بێ.

[٨١] چونکە لە دوورەوە هاتووە ، بە یەکێك ئەوترێ کە لە دوورەوە بێتە شارێك و لە پیاوە گەورەکانی ئەو شارە بەرێزتر بێ، بێ ئەوەی لەوان زیاتر بێ.

[٨٢] واتە ئەبێ هەر دووکیان هاوبیر و هاوسروشت بن.

[٨٣] واتە بە دیمەن هەڵ مەخەڵەتێ.

[٨٤] هەر وەك چاو کە عەزیز بوو چاویلکەش عەزیزە.

[٨٥] واتە ئەوەندەی هەیە دڵنیا بووە، پشتێنی لێ کردۆتەوە.

[٨٦] واتە گڤەی داوێنی دێ.

[٨٧] واتە لە شەوی هەورا، شوان لە ترسی باران زۆر ئاگای لە خۆی نییە، لەبەر ئەوە منیش دەستم وەشاندووە و دەمم چەورە، بە یەکێك ئەوترێ کە لە ئاژاوەیەکدا دەستێکی وەشاندبێ و تیکەیەکی چەوری گلاندبێ.

[٨٨] بە یەکێك ئەوترێ کە تەماعت تێ بکات، وە بییەوێ بە قسە هەڵت فریوێنێ.

٨٩)- گورگ گورگێنێ ئەکا، رۆژی تەنگانە فنگ لە یەك ئەکا[89]

٩٠)- گورگ کە پیر بوو ئەبێ بە مەخسەرەی سەگەل[90]

٩١)- گورگ نایە هەزارە، وەی لەوە، یەکێ دارە[91]

٩٢)- گورگ و شوانی؟؟[92]

٩٣)- گورگ و مەڕ، پێکەوە، ئاو ئەخۆنەوە[93]

٩٤)- گورگە و لە پێستی مەڕایە[94]

٩٥)- گورگی باران دیدەیە[95]

٩٦)- گورگی راو دیدە، بەر رەت ناکەوێ[96]

٩٧)- گورگیان کرد بە وەکیلی مەڕ[97]

---

[89] بە چەند کەسێك ئەڵێن کە لە خۆشی دا پێکەوە بن و لە تەنگانەدا لە یەك جیا ببنەوە، وەك گورگ کە لە زستانا بەفر کەوت و برسی بوو، زۆرجار بە گەلە روو ئەکەنـە ئـاوەدانی بۆ مل و مووش، کە لەگەڵ یـەکێکیان لـێ بریندار کرا، لـەجیاتی ئـەوە ی بـە هـەموویان پەلاماری دووژمنەکەیان بدەن– کـە کـابرای تفـەنگ بـە دەسـتە– کەچـی پـڕ بـەهاورێ بریندارەکەی خۆیانا ئەکەن و ئەیخۆن.

[90] پیرێك ئەیلێ کە چەند گەنجێك گاڵتەی پێ بکەن.

[91] واتە گورگ کە کەوتە رانێکی هەزار سەرییەوە، قوڕ بـە سـەر ئـەو کەسـانەی کـە تاقـە سەرێکیان هەیە لەو رانەدا، بە کەسێك ئـەوترێ لەگـەڵ دەردێـك، یـا بەلایـە کـی تێکڕایـی داکەوت، تاقە کوڕێك یا دەست مایەیەکی کەمیان هەبێ، کە لەگەڵ ئەما هیچی نامێنێ.

[92] واتە چۆن شتی وا ئەبێ.

[93] واتە دنیا زۆر ئەمینە.

[94] بە یەکێك ئەوترێ ، کە لە دڵا وەك دڕندە وابێ، بە دیمەنیش خۆی بە پیاوی باش بداتە قەڵەم.

[95] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە سەد ئاو بدا قولی تەڕ نەبێ.

[96] چونکە شارەزایە، ئەزانێ چۆن خۆی ئەشارێتەوە.

[97] بە یەکێکی دەست پیس ئەوترێ، کە بکرێ بە ئەمین داری شتێك.

٩٨)- گوڕی بەر ئاگر و تاوییەکانە[٩٨]
٩٩)- گوریس کە پچڕا ئەبێ بە چوار بەشەوە[٩٩]
١٠٠)- گوریس لە کوێ پسا، لەوێ گرێی بدەرەوە[١٠٠]
١٠١)- گوریسی راخستووە، دنیای تێ خستووە[١٠١]
١٠٢)- گوریش بە یەك لۆنە نەئەهاتەوە ئنجا نۆرەی دوو لۆنەیە[١٠٢]
١٠٣)- گوزرێ لە هاوسێم کەوێ وا ئەزانم لە رەشکەی کا کەوتووە[١٠٣]
١٠٤)- گول لە گولی مەڕوانە، لە هەڵ و گوڕی بڕوانە[١٠٤]
١٠٥)- گولۆڵەم کەوتە لێژی کەس چاکم پێ نایەژی[١٠٥]
١٠٦)- گوڵ بێ قنچك نابێ[١٠٦]
١٠٧)- گوڵ بە باوەشێن ناگەشێتەوە[١٠٧]

---

[٩٨] واتە گوڕ بەستنەوەی ئەوانەی کە لە ماڵی خۆیان دانیشتوون لەبەرئاگر بۆ جەنگ و فداکاری، وەك هەڵمەت و تاودانییەکانە بەهێزە. بە یەکێك ئەوترێ کە لە شەڕا نەبێ و قسەی زل بکا.

[٩٩] گوریسێك دوو سەری هەیە، کە پچڕا ئەبێ بە چوار سەرەوە. بە بەرەی یەکێك ئەوترێ کە بیانەوێ جیا ببنەوە، واتە جیابوونەوە کەمتر بێ، تەفرەقە کەمتر ئەبێ.

[١٠٠] واتە تووشی هەر مەسرەفێك بوویت بە قەد پێویست پارە خەرج کە نەکەیت زیاتر لەوە خەرج بکەیت.

[١٠١] واتە زۆر تەماعکارە.

[١٠٢] یەکێك ئەیڵێ کە گوزەرانێکی کەم و کوڕی ببێ، وە زۆر بە تەنگی بژی، کەچی لە لابەلایەکەوە مەسرەفێکی تری بێتە سەر.

[١٠٣] واتە ئادەمی ئەوەندەی بە ئێش و ئازاری خۆی دەربەستە، ئەوەندە بە ئێش و ئازاری یەکێکی تر دەربەست نییە.

[١٠٤] بە یەکێکی گولەکەی ریوەڵە ئەوترێ، کە زۆر بە زەبر و زەنگ بێ.

[١٠٥] کەواتە تا ئەتوانیت هەوڵ بدە بۆ ئەوەی گولۆڵەت نەکەوێتە لێژی.

[١٠٦] هەر وەك گۆشتی بە بێ ئێسقان نابێ.

[١٠٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە قسەی پف هەڵدراو و بەڵێن دان هیچی نەهێشتبێتەوە، بە کردەوەش هیچ.

۱۰۸)- گوڵە ژاڵە، بەڵێ ئاڵە، بەڵام تاڵە[108]

۱۰۹)- گوللە و باروتی هەمزاغایە و بە کەندەڵا نیوەی ئەنێ[109]

۱۱۰)- گونی بۆ ئەدا لە خوم[110]

۱۱۱)- گونی خۆی و گێزەر لێك ناکاتەوە[111]

۱۱۲)- گونی گۆیژە ئەکێڵێ[112]

۱۱۳)- گونی گوندار دەردێنێ[113]

۱۱٤)- گونێن و منێن، گونی بارگیرێتی[114]

۱۱٥)- گوو ناکات تا برسی نەبێت[115]

۱۱٦)- گوولە سەرە نوێلك ئەکا، بەشکو پێی بلێن قنگت داوەشێ[116]

۱۱۷)- گووی گەرمی لە ژێر خۆیدا دیوە[117]

۱۱۸)- گووی کردە برنجی میری[118]

---

[108] بە یەکێك ئەوترێ، لە لایەکەوە بەهرەیەکی جوانی ببێ، بەڵام لە لایەکی ترەوە خویەکی ئەوەندە ناشرینی ببێ بەهرەکەی ون بکات.

[109] بە یەکێك ئەوترێ کە لەسەر حسابی یەکێکی تر پارە خەرج بکا بە زۆری.

[110] بە یەکێك ئەوترێ کە شتێك رویدابێ، وە مەردوم وابزانن کە ئەو کەسە بەو شتە خەمبارە، یەکێکی تریش بڵێ: کوڕە بەڵێ، گونی بۆ ئەدا لە خوم، واتە لە جیاتی جل و بەرگی شین بکا، مەگەر گونی بۆ لە خوم بدا.

[111] واتە زۆر بێ ژیری وبیرە.

[112] گۆیژە: شاخێکە لە رۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە، واتە زۆر بە دەعیە و دەمارە.

[113] واتە زۆر بە دەسەڵات و دەست رۆیوە.

[114] بە یەکێك ئەوترێ، کە قسەی کەس وەرنەگرێ.

[115] واتە زۆر پیسکە و چروکە.

[116] بە یەکێك ئەڵێن، کە حەزی لە ناو و شۆرەت بێ، بابە خراپی، وە لەگەڵ جنێودا نیشابێ.

[117]

[118] بە یەکێك ئەوترێ، کە دڵی ئاشنایەکی زویر کردبێ بە جۆرێك کە ئیتر بە تەمای خێری نەمابێ.

١١٩)- گووی وشك به قنگی كه‌سه‌وه نانوسێ[١١٩]

١٢٠)- گوێره‌كه به رۆژگار ئه‌بێ به گا[١٢٠]

١٢١)- گوێره‌كه‌ی خۆماڵی به گا نابێ[١٢١]

١٢٢)- گوێره‌كه‌ی ده‌رماڵ، به گا نابێ[١٢٢]

١٢٣)- گوێره‌كه‌ی ده‌وڵه‌مه‌ند هی فه‌قیری به‌سته‌وه[١٢٣]

١٢٤)- گوێره‌كه‌ی زیانكار، ئابڕووی گاگه‌ل ئه‌با[١٢٤]

١٢٥)- گوێره‌كه‌ی مه‌ردوم گوێره و سار ئه‌بڕێ[١٢٥]

١٣٦)- گوێری باری، به منالی[١٣٦]

١٢٧)- گوێز به تڕ ئه‌شكێنێ[١٢٧]

١٢٨)- گوێز به ژماره، مایه‌ی خاوه‌نی دیاره[١٢٨]

١٢٩)- گوێز به گومه‌زا هه‌ڵ ئه‌خا[١٢٩]

١٣٠)- گوێز له باری خۆی ئه‌ژمێرێ[١٣٠]

---

[١١٩] واته یه‌كێك پاك بێ، سه‌د بوختانی بۆ بكه‌یت هیچی پێوه نانوسێ.

[١٢٠] واته هه‌موو شتێك به‌ره به‌ره گه‌وره ئه‌بێ.

[١٢١] چونكه بێ ڕێزه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كه هه‌میشه له‌به‌رچاوه، واته كه‌س قه‌دری شتی خۆی له لا نییه.

[١٢٢] چونكه بێ ڕێزه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كه هه‌میشه له‌به‌رچاوه، واته كه‌س قه‌دری شتی خۆی له لا نییه.

[١٢٣] واته ده‌وڵه‌مه‌ند گوێره‌كه‌كه‌شی، گوێره‌كه‌ی فه‌قیر ئه‌به‌زێنێ.

[١٢٤] واته هه‌موو كه‌سێكی خراپ، كه له ناو ده‌سته‌یه‌كا په‌یدا بوو، ئابڕوی ئه‌و ده‌سته‌یه ئه‌بات.

[١٢٥] ئه‌م په‌نده وه‌ك په‌ندی (گۆلكی بێگانه په‌ت ئه‌پسێنێ) وایه.

[١٢٦] واته زیره‌كی و هه‌ڵكه‌وتوویی هه‌ر له منالییه‌وه دیاره.

[١٢٧] واته زۆر به ده‌عیه‌یه.

[١٢٨] به‌ڵام به گۆتره، نه‌مایه دیاره و نه قازانج.

[١٢٩] به یه‌كێك ئه‌وترێ، كه ئامۆژگاری یه‌كێك بكا كه ئامۆژگاری وه‌ر نه‌گرێ.

[١٣٠] به یه‌كێك ئه‌وترێ، كه ئاگای له حاڵی یه‌كێكی تر نه‌بێ له شتێكا كه ئه‌و له‌م كه‌متر بێ.

١٣١)- گوێز لە سەر سکی بشکێنە[١٣١]

١٣٢)- گوێزێ بێ و سەرم کەیتەوە[١٣٢]

١٣٣)- گوێزی بە ژمارە، مایەی ساحێبی دیارە[١٣٣]

١٣٤)- گوێزی کوێر سمۆرە پێی فێرە[١٣٤]

١٣٥)- گوێی لێ خەفاندووە[١٣٥]

١٣٦)- گۆڕ هەڵتەکێنە[١٣٦]

١٣٧)- گۆڕی هێناوەتە گۆڕخانە[١٣٧]

١٣٨)- گۆزە هەموو جارێ بە ساغی ناگەڕێتەوە لە کانی[١٣٨]

١٣٩)- گۆزەش برای دیزەیە[١٣٩]

١٤٠)- گۆزەی تازە، دوو رۆژ ئاوی خۆشە[١٤٠]

١٤١)- گۆزەی نوێ ئاوی ساردە[١٤١]

---

[١٣١] بە یەکێك ئەوترێ کە سکی زۆر توند بێ.

[١٣٢] یەکێك ئەیلێ بە پیاوێکی گەورە، واتە تۆ هەر من بە سەر بکەرەوە با بە گوێزێکی پوتیش بێ.

[١٣٣] واتە هەر چی بە ژمارە بوو، بە تەواوی دەرئەکەوێ.

[١٣٤] بە یەکێك ئەوترێ کە شارەزای پەیدا کردنی شتی وابێ کە بە هەموو کەسێك پەیدا نەکرێ.

[١٣٥] بە یەکێك ئەوترێ کە گوێ نەداتە شتێك.

[١٣٦] بە مردویەك ئەوترێ، کە لەدوای مردنی ئەو، شتێکی وا روو بدا کە ئەو لە کاتی خۆیا نەیهێشتبێ ئەو شتە ببێ، واتە وەرەوە دنیا جارێکی تر بۆ رێك خستنی ئەو کارە.

[١٣٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە یەکێکی گەمارۆدابێ، وە بە هەموو رەنگێك ئازاری بدا و تەنگی پێ هەڵ بچنێ.

[١٣٨] واتە مەردوم هەمیشە هەر قازانج ناکات بەڵکو ناو بە ناو زەرەریش ئەکات.

[١٣٩] بە دوو برا یا دوو خوشك ئەوترێ، کە یەکێك بڵێ ئەویان لەمیان باشترە، تۆش ئەڵێیت: جیاوازییان نییە (گۆزەش، برای دیزەیە.)

[١٤٠] واتە هەموو شت کۆن ئەبێ و لەبەر چاو ئەکەوێ، ئەمیش وەك پەندی دوای خۆی وایە لە بە کارهێنانا.

[١٤١] بە پیاوێك ئەوترێ کە ژنی تازەی هێنابێ.

١٤٢)- گۆشت بده به قەساب با لێی بدزێ[١٤٢]

١٤٣)- گۆشت بگەنێ خوێی ئەکەن، خوێ بگەنێ چی ئەکەن؟[١٤٣]

١٤٤)- گۆشت هەر چەند لەڕ بێ لە بانی نانە[١٤٤]

١٤٥)- گۆشت هەر لایقی بازە[١٤٥]

١٤٦)- گۆشتی ئەخوا و گۆشتاوی ناخوا[١٤٦]

١٤٧)- گۆشتی ئەخورێ[١٤٧]

١٤٨)- گۆشتی بۆ تۆ و ئێسقانی بۆ من[١٤٨]

١٤٩)- گۆشتی سەر چەپەرە[١٤٩]

١٥٠)- گۆشتی گونی خۆت بخۆ و منەتی قەساب هەڵ مەگرە[١٥٠]

١٥١)- گۆشتی قیمەت ناکا[١٥١]

١٥٢)- گۆشتی لارانم ئەخۆم، منەتی قەساب هەڵناگرم[١٥٢]

---

[١٤٢] واتە هەموو کارێك بدەن بە خاوەنی خۆی.

[١٤٣] بە مامۆستایەکی ئاینی، یا پەروەردەیی (تربیە و تعلیم) ئەوترێ کە لە ڕێی خۆیان لابدەن، وە خراپ بن، واتە مەردومی خراپ بە هۆی ئامۆژگاری ئەوانەوە باش ئەبێ، ئەی ئەگەر- خوا نەخواستە- ئەوانە خراپ بوون کێ بییان هێنێتەوە سەر ڕێ.

[١٤٤] واتە لە نان خۆشتر و بە نرختره.

[١٤٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە شایستەی ئیشێك بێ.

[١٤٦] بە یەکێك ئەوترێ کە لە شتێك بخوات و لە شتێکی تر نەخوات لە بەر حەرامی، لەگەڵ ئەمیشە کە هیچ جیاوازییەکیان نەبێ.

[١٤٧] واتە زۆر بەسزمان و کەڕەواڵەیە.

[١٤٨] بە مامۆستا، یا لەلەیەك ئەوترێ، کە منداڵێکی بدرێتە دەست بۆ ئەوەی پێی بخوێنێ، یا فێری هەستان و دانیشتنی بکات واتە لە پێناوی فێرکردنیا هەر ئازارێکی بدەیت قەیناکات.

[١٤٩] واتە بێ نرخە.

[١٥٠] واتە تا ئەتوانی چاوت لە دەستی کەسەوە نەبێ و منەتی کەس هەڵ مەگرە.

[١٥١] بە ئافرەتێکی ناشرین ئەوترێ، کە کەس داوای نەکات.

[١٥٢] واتە تا ئەتوانی چاوت لە دەستی کەسەوە نەبێ و منەتی کەس هەڵ مەگرە.

١٥٣)- گۆشتی مەڕی گیْژ، گانی ژنی دریْژ زۆر خۆشە[١٥٣]

١٥٤)- گۆشتی ناخوا حەرامە، گۆشتاومی ئەخوا بەتامە[١٥٤]

١٥٥)- گۆشتی یەك بخۆن، پیْشەی یەك ناشیْکینن[١٥٥]

١٥٦)- گۆلکی بیْگانە پەت ئەپسیْنیْ[١٥٦]

١٥٧)- گۆم تا قوڵ بیْ مەلەی خۆشە[١٥٧]

١٥٨)- گیا ئەوەیە بە دەمی مەڕ خۆش بیْ[١٥٨]

١٥٩)- گیا بە جیْی سەختەوە ئەمیْنیْ[١٥٩]

١٦٠)- گیا رەشە، بە دەمی مەڕ خۆشە[١٦٠]

١٦١)- گیا لە سەر بنجی خۆی شین ئەبیْ[١٦١]

١٦٢)- گیان بە ترین دەرناچیْ[١٦٢]

١٦٣)- گیانی بە گویْ جویی وە[١٦٣]

١٦٤)- گیانی تۆ لە گیانی من شیرین تر نییە[١٦٤]

---

[١٥٣]

[١٥٤]

[١٥٥] بە دووکەس ئەوتریْ کە زۆر پەیوەستییان لەگەڵ یەك ببیْ، بە رەنگیْکی وا کە دەستیان نەچیْتە یەك.

[١٥٦] بە یەکیْك ئەوتریْ ، کە خۆی منالْی نەبیْ، وە منالْیْکی بیْگانە بکات بە منالْی خۆی، واتە رۆژیْك ئەبیْ پەت بپچڕیْ و بڕوا.

[١٥٧] واتە مەردوم لە شویْنی بچوکا ناتوانیْ باش هەڵسوڕیْ، بەلاْم کە شویْنەکەی گەورە بوو، ئەو حەلە وەك نەهەنگ بە هەموو لایەکا هەڵ ئەسوڕیْ.

[١٥٨] ئەم پەندە بە مەعنای پەندی (گیا رەشە، بە دەمی مەڕ خۆشە)یە.

[١٥٩] واتە پارە لای پیاوی سەر رەقی دەست قووچاو ئەمیْنیْ.

[١٦٠] بە ژنیْکی ناشرین ئەوتریْ کە لە لای میْردەکەی خۆشەویست بیْ.

[١٦١] واتە هەموو کەسێك ئەچیْتەوە سەر تیرە و رەگەزی خۆی.

[١٦٢] واتە شەرمەزار بوون مەرگ ناهیْنیْ.

[١٦٣] واتە زۆر بیْ عەقڵە.

[١٦٤] یەکیْك ئەیڵیْ، کە ریْگایەکی ترسناکی بخەنە بەر، ئەمیش نەچیْ.

١٦٥)- گیانی خۆم لەو دەشتە نەدۆزیوەتەوە[١٦٥]

١٦٦)- گیانی خۆی لە قەرەج سەندەوە[١٦٦]

١٦٧)- گیای تۆ نییە[١٦٧]

١٦٨)- گیرۆدەی هەوەڵ مامەڵە بێ[١٦٨]

١٦٩)- گیرفانی بۆ هەڵدروە[١٦٩]

١٧٠)- گیرفانی قووڵە[١٧٠]

١٧١)- گیسکێ نەخواردم، کاوڕێ جرنگاندم[١٧١]

١٧٢)- گیسکە قوت سەد ساڵ لێی دەی بە مێکوت، ئەو قسەیەی ئەیوت هەر ئەیوت[١٧٢]

١٧٣)- گیسکی بەهار لە دایکی خۆی هەڵدێ[١٧٣]

---

[١٦٥] یەکێك ئەیڵێ، کە ڕێگایەکی ترسناکی بخەنە بەر، ئەمیش ئەچێ.

[١٦٦] واتە خۆی لە بەڵایەکی زۆر قورس ڕزگار کرد.

[١٦٧] واتە ئەم باسە تۆ تێی ناگەیت.

[١٦٨] واتە لە هەوەڵ مامەڵەدا ئەخەڵەتێ.

[١٦٩] واتە بە تەمایەتی، وە کیسەی بۆ هەڵدروە.

[١٧٠] واتە زۆر چروکە، وە هەر چەند ئەکات دەستی ناگاتە بنکی گیرفانی.

[١٧١] یەکێك ئەیڵێ کە بۆ قازانجێك بچێ بۆ شوێنێك، کەچی بە زیانێکەوە بگەڕێتەوە.

[١٧٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەسەر قسەیەکی خۆی بمێنێتەوە، وە لێی لانەدات.

[١٧٣] چونکە تێر و تەسەڵە، واتە گەنجی دەوڵەمەندی تێر و تەسەل بە هیچ شتێکەوە ناوێستێ.

پيتى لام

١)- لات پاڵەوانى خوايە[1]

٢)- لاتانە ئەفرۆشێ[2]

٣)- لادێيى رۆن بێنێ و ئاو بەرێ هەر ئەو قازانج ئەكا[3]

٤)- لاف لە غەريبى و گوز لە بيابان[4]

٥)- لافاو، لە تكە تكە پەيدا ئەبێ[5]

٦)- لام خۆشە لە دۆزەخا بم بە سەربەست، نەك لە بەهەشتا بم بە ژێر دەست[6]

٧)- لاو لاوى بێ داڵدە بەرز نابێتەوە[7]

٨)- لاى دادا[8]

٩)- لاى ديزەى رەشەوە دانيشتيت، رەش ئەبيت[9]

---

[1] واتە لە هيچ ناترسێ، چونكە هيچى نييە.

[2] بە لاتێك ئەوترێ، كە بيانويەكت پێ بگرێ بۆ ئەوەى شتێكى بدەيتێ.

[3] چونكە ئەركى زۆرە.

[4] گوز: بە فارسى ترە، واتە لە غەريبى دا چونكە كەس ناتناسێ هەر درۆيەك بكەيت كەس پێ نازانێ تا بە درۆت بخەنەوە، لە چۆڵ و بيابانيشا هەر ترێ بكەنيت كەسى گوێى لێ نييە.

[5] واتە هەموو شتێكى زۆر لە پێشەوە كەم كەم كۆ ئەبێتەوە.

[6] بە ڕاستى سەربەستى لە هەر شوێنێك بێ ئەو شوێنە بەهەشتە وە ژێر دەستى لە هەر لايەك بێ ئەولايە دۆزەخە.

[7] بە منالێكى بێكەسى بێ پشتيوان ئەوترێ.

[8] واتە مرد، لە رووى سووكيەوە ئەوترێ.

[9] واتە هاوڕێيى خراپ بكەيت خراپ ئەبيت، كەواتە تا ئەتوانيت هاوڕێيى باش بكە، وەك قورئان ئەفەرموێ " و كونوا مع الصالحين" واتە لەگەڵ چاكانا بن.

١٠)- لای چاوه ساغەکەوە ئەیدا و لای چاوه کوێرەکەوه ئەیدزێتەوە[10]

١١)- لای کوورەوە بیت پریشکت لێ ئەپەڕێ[11]

١٢)- لای کوورەی ئاسنگەرەوە دانیشتیت، پرشنگت بەرئەکەوێ[12]

١٣)- لای لایەش ئەکا و ئەش گری[13]

١٤)- لە ئاش دوا کەوتووه و لە ڕێ را ئەکا[14]

١٥)- لە ئاو بدە بتبا مەچۆ بە سەر پردی نامەردا[15]

١٦)- لە ئاو شەو وسڵ ئەکا[16]

١٧)- لە ئاوی خوڕ مەترسە، لە ئاوی مەنگ بترسە[17]

١٨)- لە ئاوی شەو پارێز ئەکا[18]

١٩)- لە ئاوی شەو وەرع ئەکا[19]

٢٠)- لە ئاوی مەند و لە پیاوی مۆن بترسە[20]

---

[10] بە یەکێك ئەوترێ، لە لایەکەوە شتێکت بداتێ و لە لایەکی ترەوە لێت بسێنێتەوە.

[11] کەواتە تا ئەتوانیت نزیکی کورەی ئاژاوە مەکەوە.

[12] واتە هاوڕێیی خراپ بکەیت خراپ ئەبیت، کەواتە تا ئەتوانیت هاوڕێیی باش بکە، وەك قورئان ئەفەرموێ " و کونوا مع الصالحین" واتە لەگەڵ چاکانا بن.

[13] بە یەکێك ئەوتری، بە سەر مەردومیشا بێ و خۆشی ئەو کارە بکا کە مەردومی تیا ئامۆژگاری ئەکا.

[14] بە یەکێك ئەوترێ کە لە سەرەتای کارێکا سستی کردبێ و لە دواییدا کەوتبێتە پەلەپەل.

[15] تەماشای پەندی (ئاو بت با، لە پردی نامەرد مەپەڕەرەوە) بکە.

[16] واتە لە حەڵاڵ و حەرام ئەپرسێتەوە.

[17] بە یەکێك ئەوترێ کە مەنگ بێ، وە بە درێژایی ساڵ لەگەڵیا بیت و تێی نەگەیت کە چییە.

[18] واتە لە حەڵاڵ و حەرام ئەپرسێتەوە.

[19] چونکە نازانێت چی لە دەروونایە.

[20] چونکە نازانێت چی لە دەروونایە.

٢١)- له ئەسپ دائەبەزێ سواری کەر ئەبێ[٢١]

٢٢)- له ئەسپی نەبوو ئاخوڕ ئەبەستێ[٢٢]

٢٣)- له ئێستریان پرسی باوکت کێیە؟ وتی خاڵم ئەسپە[٢٣]

٢٤)- له ئێوارێوە تا بەیانی ئەستێرە ئەژمێرێ[٢٤]

٢٥)- له بۆ نەوسێ خۆیدا هەرسێ[٢٥]

٢٦)- له بێ ئیشیدا سەری ئەیەشێ[٢٦]

٢٧)- له بێ خەبەران کەشکەك سلاوات[٢٧]

٢٨)- له بێ ژن وایە، ژندار نان و قوز ئەخوا[٢٨]

٢٩)- له بێ کەسی، ئەتۆم بەسی[٢٩]

٣٠)- له بێ ماڵ وایە بێژنگ و حاجەت و هێڵەکە[٣٠]

٣١)- له باوان هیچ نییە، له خەزوران تلیلیلی بە[٣١]

٣٢)- له بەختانمە ئەبێ وا بڵێ[٣٢]

---

[٢١] زۆرتر بە یەکێك ئەوترێ، کە ژنەکەی تەلاق بدات و ژنێکی خراپتر بێنێ.

[٢٢] بە کارێك ئەوترێ کە لە پێش وەختا بکرێ.

[٢٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە ناوی باوکی خۆی نەبات لە بەر هەژاری، وە شانازی بە خزمێکی دەوڵەمەندییەوە بکات.

[٢٤] واتە شەو بێدارە.

[٢٥] هەرس: ورچە. بە یەکێك ئەوترێ کە بۆ شتێکی هیچ و پووچ خۆی بخاتە چورتمێکی گەورەوە.

[٢٦] بە یەکێك ئەوترێ کە لە بەر بێ ئیشی وەك گوێرەکەی گێژ بسوڕێتەوە.

[٢٧] لە ڕووی تیتاڵییەوە بە یەکێك ئەوترێ کە ئاگای لە کارێك نەبێ.

[٢٨] بە یەکێك ئەوترێ کە شتێکی نەبێ، وە زۆری حەز لێ بێ.

[٢٩] یەکێکی بێکەس بە هاوڕێیەکی هیچ و پووچی خۆی ئەڵێ.

[٣٠] چونکە هیچی بە خۆیەوە نەدیوە.

[٣١] واتە ماڵی خاوەن کچ ئاگایان لە هیچ نییە، کەچی لە ماڵی ئەو کوڕەی کە بە تەمای کچەکەیە شاییە، کە گوایە کچەکە دراوە.

[٣٢] یەکێك ئەیڵێ بە یەکێك، کە قسەیەکی ساردی کردبێ دەربارەی ئەم.

٣٣)- له بەختەکەی خۆم وارا ئەبینم، بچمە سەر سیروان هیچ ئاو نابینم[٣٣]

٣٤)- له بەر باجی، له پشت، قەیچی[٣٤]

٣٥)- له بەر خاتری خاتران، چومەتە سەر دینی گاوران[٣٥]

٣٦)- له بەر گەروی کێوی ئاگرینا سەر چۆپی ئەکێشێ[٣٦]

٣٧)- له بەرم نییه، له پشتم نییه، بۆرە سوار ئەڕوا بە گونمەوە[٣٧]

٣٨)- له براز مویەك بکرێتەوە، وەڵیفەتە[٣٨]

٣٩)- له برسانا ئاو ئەکوڵێنێ[٣٩]

٤٠)- له بن سێبەری شێرا بنوو، با شێرەکە بتخوا[٤٠]

٤١)- له بوکێ زمان نەبوو، له خەسوویێ ئیمان نەبوو[٤١]

---

[٣٣] یەکێك ئەیلێ بە یەکێك، که قسەیەکی ساردی کردبێ دەربارەی ئەم

[٣٤] قەیچی: مەقەستە. واتە روو بەڕوو بە باجی باجی قسەت لەگەڵ ئەکا، کەچی لە پشتەوە دەمی وەك مقەست لێت ئەخاتە کار.

[٣٥] یەکێك ئەیلێ که لەبەر تکای یەکێك لایدا بێ له رێی راست.

[٣٦] کێوی ئاگرین: کێوێکە که بیری ئاگر فرێدەری تیابێ. سەر چۆپی کێشان: هەڵپەڕنە لە پەڕی هەڵپەڕکێوە بە جۆرێك که زەلامەکان بگێرێ بە گردی. بە یەکێك ئەوترێ کە لە شوێنێکی مۆلەکە دانیشتبێ بە بێ خەم.

[٣٧] یەکێك ئەیلێ بە یەکێکی بێگانە که بکوژرێ، وە ئەم هیچ مەبەستی نەبێ، واتە ئەم لاوچاکە نەکچەزامە، نە کوڕە زامە، ئەکوژرێ قیر و سیا بەلام ئەمە خۆپەرستییە و پەسەند نییە.

[٣٨] واتە له دوژمن زەرەرێك بدەیت یا کەمیش بێ هەر باشە.

[٣٩] بە یەکێکی زۆر هەژاری نەدارا ئەوترێ، که خواردن لهماڵیا نەبێ.

[٤٠] واتە لەگەڵ مەرد بێ و تووشی زەرەر بێت، چاکترە لەوەی لەگەڵ نامەرد بی و تووشی قازانج بیت.

[٤١] دوژمنایەتی بووك و خەسوو له کۆنەوە هەیە، بووك مناڵ و دنیا نەدیدە و بێدەم و پل، خەسوش دنیا دیدە و بێ رەحم و له خوا نەترس، ئنجا وەرە ئەم ئاگر و ئاوە چۆن بە یەکەوە ئیدارە ئەکەن.

٤٢)- له بیستی، هەر تۆم پێویستی[٤٢]

٤٣)- له پارەوە دوو ساڵه[٤٣]

٤٤)- له پاش تەنگانه خۆشییه[٤٤]

٤٥)- له پاش تەنگانه فەرحانییه[٤٥]

٤٦)- له پاش ترێ خەمشەی بڕێ[٤٦]

٤٧)- له پاش ترکەندن قنگ قووچاندن کەڵکی نییه[٤٧]

٤٨)- له پاش ڕەشی ڕەنگی تر نییه[٤٨]

٤٩)- له پاش ڕووت کردنەوە، تەشیت تەلا بنێ بە سەرتەوە[٤٩]

٥٠)- له پاش چووە، مەچۆ[٥٠]

٥١)- له پاش مردن ڕەحمەت چاکه[٥١]

---

[٤٢] یەکێك بە هاوڕێیەکی زۆر لە باری خۆی ئەڵێ کە زۆر ڕێك بن، وە دڵی یەکتری ڕابگرن.

[٤٣] لە ڕووی تیتاڵییەوە بە یەکێك ئەوترێ کە ئاگای لە کارێك نەبێ.

[٤٤] وەك قورئان ئەفەرموێ: (فان مع العسر يسرا ان مع العسر يسرا)واتە لەگەڵ هەموو تەنگانەیەکا فەرەحییە.

[٤٥] وەك قورئان ئەفەرموێ: (فان مع العسر يسرا ان مع العسر يسرا)واتە لەگەڵ هەموو تەنگانەیەکا فەرەحییە.

[٤٦] بە یەکێك ئەوترێ کە ئیشێکی قەوماندبێ ئنجا پەشیمان بووبێتەوە.

[٤٧] بە یەکێك ئەوترێ کە لە دوای هەڵەیەکی زل ئنجا خۆی کۆ بکاتەوە واتە ئەم کۆ کردنەوەیە ئەبوایە لە پێش هەڵەکەدا بوایە.

[٤٨] واتە لە پاش ڕوورەشی ئیتر چی؟

[٤٩] بە یەکێك ئەوترێ کە لە دوای قەومانی کارێك ئنجا مەترسی لێ بکات.

[٥٠] واتە دوای شتی ڕابوردوو مەکەوە.

[٥١] ئەمە بۆ مردوویەکە کە چاکەی لە خراپەی زیاتر بێ، یا ئەگەر خراپەی زۆری کردبێ لە ڕووی نادانییەوە بووبێ یا خراپەکانی هەموی هەر لە بەنی خۆی و خوادا بێ، بەڵام ئەگەر یەکێك خراپ بووبێ لەگەڵ هاونیشتمانیا، وە مایەی دوو بەرەکی و ئاژاوە و وێرانی و دواکەوتنی وڵات بووبێ، بۆ ئەوانە دوای مردنیان نەفرین (لعنت) چاکە، تا هەموو خراپێك تێ بگات کە دوای مردن بەشی نەفرینە لە هەموو کەسێکەوە. سا

٥٢)- له پاش مردووه درۆ ئەكرێ[٥٢]

٥٣)- له پاش میران، سەران ئەبڕێ[٥٣]

٥٤)- له پاشمله سەری شا ئەبڕێ[٥٤]

٥٥)- له پەشیمانی دا شاخی لێ ڕواوه[٥٥]

٥٦)- له پەنای کەرا راوه چێرگ ئەکا[٥٦]

٥٧)- له پەنجەی ساغ کرم دەردێنێ[٥٧]

٥٨)- له پڕێ، نابێ به کوڕێ[٥٨]

٥٩)- له پشت کەرەوه بڕۆی ئەبێ بۆنی تەرسی بکەیت[٥٩]

٦٠)- له پیران تەوێ ، له زستان شەوێ[٦٠]

بەڵکو بسڵەمێتەوه له خراپییەکەی خوا له قورئانا نەفرینی کردووه لـه گـەلی (عـاد و سـەمود و لـوت و فرعـون) دوای مردنیـان بـه هـەزاران سـاڵ وه ئەفـەرموێ: (والـذین ینقضون عهدالله من بعد میثاقه. و یقطعون ما امر الله به ان یوصـل و یفسـدون فی الارض اولئك لهم اللعنه و لهم سوءالدار) واتـه ئەوانـەی ریشـتەی یەکێتییـەك ئەپچڕن کـه خـوا فەرمانی داوه به بەستنی وه ئاژاوه ئەنێنەوه له وڵاتا، ئەوانه نەفرینیان بـۆ هەیـه، وه جێی سزا بەشیانه له دۆزەخا.

[٥٢] واته ئەگەر مردوو پیاوی گەوره بێ، گەلێ درۆی به دەمەوه ئەکرێ.

[٥٣] به یەکێك ئەوترێ، له روودا قسـه نـەکات، بـەڵکو هـەر لـه پاشملـه هاشـه و هوشـه بکات.

[٥٤] به یەکێك ئەوترێ، که هەر له پاشمله ئازابێ.

[٥٥] واته زۆر پەشیمانه.

[٥٦] وا بڵاوه که چێرگ سڵ له کەر ناکات، لەبەر ئەوه راوچـی لـه پـەنا کـەرا ئەچـێ بـۆ راوه چێرگ، ئەم پەنده به زۆر زانێك ئەوترێ که لـه پـەنا پیـاوێکی بـەڕێزی گێلۆکـەدا هێندێ شت لەم و لەو بکێشێتەوه.

[٥٧] واته ئەمەنده دانایه له هەموو شت رەخنه ئەگرێ.

[٥٨] واته هەموو شتێك بەرەبەره پێ ئەگات.

[٥٩] یەکێك ئەیلێ به هاوڕێیەکی که له قسەیەکی دلگیر بووبێ.

[٦٠] واته پیر بەنچەتایەك ئەمرێ، زستانیش هەر شەوێ گۆڕی دەستی خۆی ئەوەشێنێ.

٦١)- له پێستی مەڕا گورگی ئەکا[٦١]

٦٢)- له پێشەوه ئەڵێ: جانەجانه، له پشتەوه کونان دەکا له مەرجانه[٦٢]

٦٣)- له تاو بێوەژن ئەچمه سەرداری، پلارم تێ ئەگرن ئەم خەنه خواری[٦٣]

٦٤)- له تاو پلاو، ترش ئەکاته ئاو[٦٤]

٦٥)- له تاو نەوس، کەوته حەز[٦٥]

٦٦)- له تەڕ ئەخوا و له وشك ئەنوێ[٦٦]

٦٧)- لەتەك خرسا ئەچێته جەواڵەوه[٦٧]

٦٨)- لەتەك کوێرا که نانت خوارد، خوا له ناوا ببینه[٦٨]

٦٩)- له تەمەڵیدا باری بۆ هەوار ناچێ[٦٩]

٧٠)- له ترێ لۆتی مەشهورتره[٧٠]

٧١)- له تڕه نەرێ، چووه تسەنەرێ[٧١]

٧٢)- له تڕەنگەری رۆی بۆ تسەنگەرێ[٧٢]

٧٣)- له ترسی ئاگر، پاڵ ئەدا به ئاوەوه[٧٣]

---

[٦١] واته به ناوی باشییەوه خراپی ئەکات.

[٦٢] به یەکێکی دووڕوو ئەوترێ که له ڕووو جۆرێ قسه بکا و له پاشملەش جۆرێك.

[٦٣] یەکێك ئەیلێ که هەر بەشی لێ بێوەژنا بێ.

[٦٤] بەهەژارێك ئەوترێ که له تاو شتێك که حەزی لێ ئەکات شتێکی تر بخوات.

[٦٥] به یەکێك ئەوترێ، که زۆر نەوسن و چڵێس بێ.

[٦٦] به یەکێك ئەوترێ، که گوزەرانێکی باشی ببێ، وه خۆش رابوێرێ.

[٦٧] خرس:ورچه، به یەکێك ئەوترێ، که بتوانێ هاودەمی هەموو خراپێك بکات.

[٦٨] واته له ترسی خوا گزی لێ مەکه.

[٦٩]

[٧٠] به شتێك ئەوترێ، که دەنگی دابێتەوه و بڵاو بووبێتەوه.

[٧١] ترەنەرێ، جێگای تر، ئەسڵەکەی تر ئەندرێیه. تسەندرێ جێگای تس، واته له جێگایەکەوه که ناوبانگێکی ببێ، چووه جێگایەك که هەر چی ناوبانگ بێ نییەتی.

[٧٢] به یەکێك ئەوترێ که له شوێنێکی خراپەوه بچێ بۆ شوێنێکی خراپتر.

[٧٣] به یەکێك ئەوترێ، که له دەست بەڵایەك راکا بۆ بەڵایەکی تر.

٧٤)- له ترسی مار پاڵ به ئاگرەوه ئەدات[٧٤]

٧٥)- له تفەنگی خاڵی دوو کەس ئەترسێ[٧٥]

٧٦)- له جێ وێرانه گەنج دەرئەکەوێ[٧٦]

٧٧)- له جێی بەرزی بنیشه قسەی قەوی بوێشه[٧٧]

٧٨)- له جێی سنگان قوزەڵقورته[٧٨]

٧٩)- له جێی شابازان، کۆر کۆره وازان[٧٩]

٨٠)- له جێی شێران، سەگان ئەکەن گێران[٨٠]

٨١)- له جێی چۆڵا فیکه مەکه، نانی گەرم به تیکه مەکه[٨١]

٨٢)- له جێیەك نانوێ، ئاو بچێته ژێری[٨٢]

٨٣)- له چۆڵ و بیابانا بی لەگەڵ زۆردارا، لەوه باشتره کە رۆژ بکەیتەوه له کۆشکا لەگەڵ نەزانا[٨٣]

---

[٧٤] به یەکێك ئەوترێ، کە له ناو ناخۆشییەك خۆی بخاته ناو ناخۆشیەکی ترەوه.

[٧٥] یەکەم ئەو کەسەی کە رووی لوولەکەی تێ ئەکرێ، دووەەم ئەو کەسەی کە ئەی تروکێنێ.

[٧٦] واته له زۆر ماڵی هەژارکوڕ و کچی زۆر ژیر و رێك و پێکی لێ دەرئەچێ، هەروەك له زۆر کەلاوه کوپەڵه پاره ئەدۆزرێتەوه.

[٧٧] بویشه: له بوێژەوه وەرگیراوه، واته پیاوی گەوره ئەتوانێ چەند ئارەزوو ئەکا، قسەی زل بکا.

[٧٨] واته پاداشی خراپه خراپەیه.

[٧٩] کۆر کۆره: باڵندەیەکی بۆرەقنەی بێهۆش و بیره. به یەکێکی ناوەجاخی خراپ ئەوترێ کە له جێی پیاوێکی گەوره دانیشتبێ.

[٨٠] کۆر کۆره: باڵندەیەکی بۆرەقنەی بێهۆش و بیره. به یەکێکی ناوەجاخی خراپ ئەوترێ کە له جێی پیاوێکی گەوره دانیشتبێ.

[٨١] له جێی چۆڵا فیکه مەکە، نە وەك پیاو خراپێکت لێ راپەڕێ، نانی گەرم به تیکه مەکه، نه وەك دەمت بسوتێنێ.

[٨٢] واته زۆر دووربین و پارێزگاره.

[٨٣] واته زۆر دووربین و پارێزگاره.

٨٤)- لە چەمان لە پێشەوە بڕۆ، لە لمێ لە دواوە[٨٤]

٨٥)- لە حەمامی زر و زەنگ، نە من دەنگ نە تۆ دەنگ[٨٥]

٨٦)- لە حەوت ئاسمانا ئەستێرەیەکی نییە[٨٦]

٨٧)- لە حەوت ئاسیاو مشتێ ئاردی نییە[٨٧]

٨٨)- لە حەوت ئاوی داوە، قولی تەڕ نەبووە[٨٨]

٨٩)- لە حیز وایە هەموو کەس حیزە[٨٩]

٩٠)- لە حیزی جوتیار، گا کاوێژ ئەکا[٩٠]

---

[٨٤] چونکە لە ئاوا کە لە پێشەوە بوویت، ئەگەر کەوتیتە خنکان، چونکە چاویان تێتەوەیە رزگارت ئەکەن، لە لما کە لە دواوە بوویت، ئەگەر رۆش بچێت قەیناکە چونکە هەر رزگارت ئەبێ.

[٨٥] ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی زۆرداری ستەمکار، زۆر ستەم ئەکات لە پیاوێکی هەژار، کابرای هەژار، بیر ئەکاتەوە چۆن تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە، دێ پێستی بەرانێکی گەورەی تیسکن پەیدا ئەکات، وە هەر تیسکەی زەنگۆڵەیەکی پێوە ئەکات، وەخۆی ئەشارێتەوە لەو حەمامەی کە هەموو جارێ تەرخان (قورغ) ئەکرێ بۆ ئەو کابرایە، شەو کابرای ستەمکار کە ئەچێ بۆ حەمام لە ناوەڕاستی خۆشتنا کابرای هەژار پێستەکە لەبەر ئەکا، وە بە چوار چنکۆڵە بۆی ئەچێتە ژوورەوە، وە لەبەر دەمیا خۆی بۆ رائەوەشێنێ، کابرا لە ترسا بێهۆش ئەکەوێ، ئیتر هەر چێکی تری لێ ئەکا ئەیکا، وە ئەچێتە دەرێ پێستەکە دائەکەنێ و دەرباز ئەبێ، لە پاشا کابرا هۆشی بە خۆیا دێتەوە تۆزێ ئاو ئەکا بە خۆیا و دێتە دەرەوە، خۆی پۆشتە ئەکاتەوە، وە بە دەم لەرزەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە چل شەو ئەکەوێ، لە پاشا کە چاك ئەبێتەو خەڵق و خوا ئەچن بۆ لای، وە لە سەرەی ئەوانا کابرای هەژاریش ئەچێ بۆلای، وە بە دزییەوە پێی ئەڵێ (لە حەمامی زر و زەنگ، نە تۆ دەنگ نە من دەنگ).

[٨٦] واتە ئەستێرەی بەختی ئاوا بووە.

[٨٧] ئاسیاو: ئاشە، واتە حەوت ئاش ئەگەڕێ کەچی مشتێ مزە شك نابا، بە یەکێکی دەست بڵاو ئەوترێ.

[٨٨] واتە زۆر دنیا دیدەیە.

[٨٩] چونکە لە چاوی خۆیەوە تەماشای هەموو کەسێك ئەکات.

[٩٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە دەست و پێوەندی باش نەبن.

٩١)- له خاك هێمن تره[٩١]

٩٢)- له خۆشیانا پێی ناکەوێته زەوی[٩٢]

٩٣)- له خۆشیانا هار بووه[٩٣]

٩٤)- نه خۆشیدا بەرخی بازی ئەکات[٩٤]

٩٥)- له خشەی مار و مێروو ئەترسێ[٩٥]

٩٦)- له داوێنی ئەبڕێ و ئەیداته ناو شانی[٩٦]

٩٧)- له دەرمالّی قەرەتاجی بتڕێ، نان و دۆی ئەبڕێ[٩٧]

٩٨)- له دز وایه هەموو کەس دزه[٩٨]

٩٩)- له دوای باران کەپەنەك؟[٩٩]

١٠٠)- له دووی چوان مەچۆ[١٠٠]

١٠١)- له ڕۆن نیسکێ، له موو تیسکێ[١٠١]

---

[٩١] به یەکێ! ئەوترێ، که زۆر هێواش و لەسەرخۆ بێ.

[٩٢] واته وەك باڵی گرتبێ وایه.

[٩٣] واته یاخی بووه.

[٩٤] به یەکێك ئەوترێ که زۆر کەیف خۆش بێ.

[٩٥] واته زۆر ترسنۆکه.

[٩٦] زۆرتر به ژنێك ئەوترێ، که له مەسرەف کردنا ڕاست بێ لەگەڵ مێردەکەیا.

[٩٧] قەرەتاجی: پیاوێکی گەورەی نان بده بووه له سەلجوقیەکان، واته ئەم کابرایه ئەوەنده شوومه، ئەگەر له بەر ماڵی نان بدەیەکی وەك قەرەتاجی بتڕێ، نان و دۆی ئەویش ئەبڕێ.

[٩٨] چونکه له چاو خۆیەوه تەماشای مەردووم ئەکات.

[٩٩] کەپەنەك: فەرەنجییه. به یەکێك ئەوترێ که لەدوای قەومانی کارێك ئنجا خۆی بۆ ئاماده بکا.

[١٠٠] واته شت که له دەست چوو دوای مەکەوه.

[١٠١] یەکێك ئەیلێ له ڕووی ئامۆژگارییەوه به کەیبانووی ماڵێك که دەست بڵاو بێ، واته له ژیانا مەردوم ئەبێ پاشەکەوتی بکا، بەم ڕەنگه له هەموو کەوچکه ڕۆنێ به قەد نیسکێك، وه له هەموو دەست پێچکه موویەك تیسکێکی لێ گل بداتەوه.

١٠٢)- له راستی ڕەحمەت ئەباری[١٠٢]

١٠٣)- له راستیدا ئاو ئەویستێ[١٠٣]

١٠٤)- له ڕەشی ئەکوژێ[١٠٤]

١٠٥)- له ڕقی دراوسێ قنگی منالی خۆی ئەدڕێ[١٠٥]

١٠٦)- له ڕیشم هەڵ ئەگرم ئەیخەمە سەر سمێڵم[١٠٦]

١٠٧)- له ڕێوی بە پێچ ترە[١٠٧]

١٠٨)- له ڕێوی دایك مردوو ئەكا[١٠٨]

١٠٩)- له ڕێوییان پرسی کوێ خۆشە، وتی ناو ڕەز، ئەگەر نەبوو، بەرانبەری بوێستە[١٠٩]

١١٠)- له زۆرزانی، پف ئەكا له ماستی[١١٠]

١١١)- له زستان بە ئەرکترە[١١١]

١١٢)- له زستان شەوێ، له پیران تەوێ، له بۆرە سواران هەوێ[١١٢]

---

[١٠٢] واته هەرگیز لەراستی تووشی زیان نابێ.

[١٠٣] ئاو له شوێنی زۆر تەختا ناڕوا و ئەوێستێ، واته هەموو شتێك له راستیدا وایه.

[١٠٤] به یەکێك ئەوترێ که له سەر شتی هیچ و پووچ ملی مەردوم بشکێنێ وەك یەکێك که هەر تارماییەکی بەدی کرد و تفەنگێکی پێوە بنێ.

[١٠٥] به یەکێك ئەوترێ که له ڕقی ئەم و ئەو زەرەر له خۆی بدات.

[١٠٦] یەکێك ئەیلێ که له گوزەرانی ماڵێدا پینە و پەڕۆ بکا و بەم ڕەنگە لەم هەلگرێ بیخاته سەر ئەو، وە لەو هەلگرێ بیخاته سەر ئەم.

[١٠٧] واته زۆر فێڵبازە.

[١٠٨] به گیانداری لەڕ و لاواز و تێ قوپاو ئەوترێ.

[١٠٩]

[١١٠]

[١١١] به یەکێك ئەوترێ که ئەرکی ئێجگار زۆربێ.

[١١٢] واته پشت به خۆشی زستان و به ساغی پیر و به قنج و قیتی بۆرە سوار مەبەستە، چونکه ئەویان که له شەوێکا گۆڕی حەقی بەرودوا ئەکاتەوە، ئەمیشیان پەنجە تایەك ڕاست نابێتەوە و ئەویتریشیان به هوویەك ئەکەوێتە خوارەوە.

١١٣)- له زێی دا و پێی تەڕ نەبوو[113]

١١٤)- لە ژێر ئەم کاسەیەدا نیو کاسەیەك هەیە[114]

١١٥)- لە ژێر لێفەی باوکیا نەترپیوە[115]

١١٦)- لە سایەی گوڵە گەنمێکەوە هەزار گوڵە مرۆر ئاو ئەخواتەوە[116]

١١٧)- لە سەر باسکێك دابنیشە، هەر دوو دیوت لێ دیار بێ[117]

١١٨)- لە سەر ڕێگا بنویت، خەوی هاشەو پاشە ئەبینیت[118]

١١٩)- لە سەر ڕێگا لابدەیت، دڕك ئەچێ بە پێتا[119]

١٢٠)- لە سەر شکستە ڕۆین پەشیمانی ئەهێنێ[120]

١٢١)- لە سەر فرسەتان باز مەبە[121]

١٢٢)- لە سەر قوڕێ، تۆزێ دەکات[122]

١٢٣)- لە سەر ماڵم، بدە لە باڵم[123]

---

[113] ئەم پەندە وەك پەندی (لە هەزار ئاوی داوە قولەپێی تەڕ نەبووە) وایە.

[114] بە گوفتار یا کردارێك ئەوترێ کە مەبەستێکی نادیاری ببێ.

[115] واتە بێ ڕەوشت و خو گەورە بووە.

[116] بە پیاوێکی گەورە و بەڕێز ئەوترێ کە بە هۆی ئەوەوە زۆر کەس بەهرەمەند ببێ.

[117] واتە بیر لە بەر و دوای ئیش و کارت بکەرەوە، وە چاوت لە بەر و دوای ڕۆژگارت بێ.

[118] چونکە هەمیشە مەردوم بە سەرتا ئەڕۆنو پێت پیا ئەنێن، واتە ئەگەر ئەتەوێ بحەسێیتەوە، لە قەڵەباڵغ دوور بکەرەوە.

[119] واتە لە دەستوور و باوی وڵات لامەدە.

[120] واتە شتێك کە لە ماڵا شکا لە سەری مەڕۆ، چونکە پەشیمان ئەبیتەوە.

[121] واتە بە سەر هەڵەوە مەڕۆ.

[122] واتە لە هەموو شوێنێك ئاژاوە ئەنێتەوە.

[123] یەکێك ئەیلێ بە یەکێك کە بە ماڵی خۆی دەست گیرۆیی کردبێ، کەچی سەرەڕای ئەوەش پیاو خراپی بکات، واتە دەستیشم گرتویت و پیاو خراپیشم ئەکەیت؟

۱۲٤)- لە سەرت زیاتر، وچان بدە بە دەستت[۱۲٤]

۱۲٥)- لە سەرەوە شۆخ لە ژێرەوە پەڕۆ[۱۲٥]

۱۲٦)- لە سەرەوە هەی ئەکا و لە ژێرەوە دەی ئەکا[۱۲٦]

۱۲۷)- لە سەگ سواڵ ئەکا[۱۲۷]

۱۲۸)- لە سەگی دڕ لە حاکمی کوڕ، لە ئافرەتی دەم شڕ بترسە[۱۲۸]

۱۲۹)- لە سووژن بێکەس ترە[۱۲۹]

۱۳۰)- لە سێبەری خۆی ئەسڵەمێتەوە[۱۳۰]

۱۳۱)- لە سیروان پێ مەلە ئەکا، لە پیربازۆك خەلە ئەکا[۱۳۱]

۱۳۲)- لە شارێکا کە پیاو نەما بە کەڵەشێر ئەڵێن بڵقاسم بەگ[۱۳۲]

۱۳۳)- لە شەڕا بەشی ئاشتی، لە ئاشتیدا بەشی شەڕ بێڵەرەوە[۱۳۳]

---

[۱۲٤] واتە ئەوەندە مێشکت پێویستە بە حەسانەوە، دەستت زۆرتر پێویستە چونکە ئەرکی زۆرترە.

[۱۲٥] بە یەکێك ئەوترێ لە سەرەوە کاڵای جوان و لە ژێرەوە کاڵای دڕاوی لە بەرابێ، یا بە دیمەن لە پێستی مەڕ و بە دڵیش گورگ بێ.

[۱۲٦] بە یەکێك ئەوترێ کە بە دیمەن خۆی بکا بە کۆتری ئاشتی و لە ژێریشەوە ئاژاوە بنێتەوە ئاگر خۆش بکا.

[۱۲۷] واتە زۆر نەدارا و رەجاڵە.

[۱۲۸] واتە زۆر ترسنۆکە.

[۱۲۹] بە یەکێك ئەوترێ کە کەسی نەبێ.

[۱۳۰] واتە زۆر ترسنۆکە.

[۱۳۱] بە مەردومی بەهەڵپەی رەت بڵاو ئەوترێ.

[۱۳۲] لە کاتێکا ئەوترێ، کە پیاوێکی چاك لە پیشەیەکا نەمابێ، وە یەکێکی هیچ و پووچ چووبێتە جێگاکەی.

[۱۳۳] واتە لە شەڕدا ئەوەندەی تیا بێڵەرەوە ئەگەر ئاشتان بووەوە، رووت بێ قسە لەگەڵ ئاشناکەتا بکەیت، هەروا لە ئاشتیشا ئەوەندە ئاشت مەبن کە هەموو نهێنیەکتان ئاشکرا ببێ لای ئاشناکەتان بە رەنگێکی وا ئەگەر شەڕتان بوو زەفەرت پێ ببات.

١٣٤)- له شەڕا شەریکم، له خێرا تەریکم[١٣٤]

١٣٥)- له شەڕا هەر ناوبژی کەر تیا ئەچێ[١٣٥]

١٣٦)- له شەمشەمە کوێرەیان پرسی بۆ هەر به شەو ئەگەڕێیت؟ وتی نامەوێ چارەی قورسی رۆژ ببینم[١٣٦]

١٣٧)- له شومی دا بایەقوشی ناگاتێ[١٣٧]

١٣٨)- له شێر ترسان عەیب نییه[١٣٨]

١٣٩)- له شیرازه دەرچووه[١٣٩]

١٤٠)- له شیری بەری دایکی حەڵاڵترە[١٤٠]

١٤١)- له عەباداران مەترسه، له شەده لاران بترسه[١٤١]

١٤٢)- له عەرش تا قورش، کەس به دۆی خۆی نالێ ترش[١٤٢]

١٤٣)- له عەزرەت نانی تیری کاغەز ئەجاوێ[١٤٣]

١٤٤)- له عیسایان ئەدا مووسا ئەچوو به تاسەوه[١٤٤]

١٤٥)- له قۆڕەی سکی ئەسڵەمێتەوه[١٤٥]

---

[١٣٤] چونکه پەڵی هەر دوو لای بەر ئەکەوێ.

[١٣٥] چونکه پەڵی هەر دوو لای بەر ئەکەوێ.

[١٣٦] بەیەکێکی چەوت و چەوێڵ ئەوترێ که یارای ئەوەی نەبێ بچێتە رووی پیاوێکی گەورەی راست پەرست.

[١٣٧]

[١٣٨] یەکێك ئەیڵێ که له پیاوێکی گەورە یا لەیەکێکی دڕ بترسێ.

[١٣٩] به یەکێك ئەوترێ که هەموو سنورێکی شکاندبێ و هیچی تیا نەهێشتبێتەوه.

[١٤٠] به شتێك ئەوترێ، که زۆر حەڵاڵ بێ.

[١٤١] واته له پیاوی بەساڵاچو مەترسه، بەڵکو له گەنجی بەخۆناز بترسه.

[١٤٢] واته کەس ئەنگی خۆی نالێ.

[١٤٣] به یەکێك ئەوترێ، که زۆر حەزی له خواردنێك بێ و دەستی نەکەوێ، وە به خواردنێکی تر خۆی ئیخفال بکا.

[١٤٤] بەیەکێك ئەوترێ، که ئەگەر له یەکێکی تر بدەن ئەم بترسێ.

[١٤٥] واته زۆر ترسنۆکه.

١٤٦)- له قامکی ساغ کرم دەردێنێ[١٤٦]

١٤٧)- له قەلانیش بوو له کۆترانیش[١٤٧]

١٤٨)- له قەنگەوە لغاوی ئەکا[١٤٨]

١٤٩)- له قل هۆ الله ساتمه ئەکا[١٤٩]

١٥٠)- له قلّپەی گۆزە ئەترسێ[١٥٠]

١٥١)- له قنگەلاشێکیان پرسی مالّت له کوێیه؟ وتی با ئەیزانێ[١٥١]

١٥٢)- له قوڕ تۆز هەلّناسێ[١٥٢]

١٥٣)- له قینی دراوسێ قنگی منالّی خۆی ئەدڕێ[١٥٣]

١٥٤)- له کۆپانی خۆی ئەخوا[١٥٤]

١٥٥)- له کەر وایه کەس بیر ناکاتەوە[١٥٥]

١٥٦)- له کەرێ جل و جۆر له بووکێ سەر و پۆر[١٥٦]

١٥٧)- له کەری تۆپیو ئەگەڕێ نالّی بکێشێتەوە[١٥٧]

١٥٨)- له کەشکیش بوو، له مەشکیش بوو[١٥٨]

---

[١٤٦] تەماشای پەندی (له پەنجەی ساغ کرم دەردێنێ) بکە.

[١٤٧] واته له هەر دوولا نائومێد بوو.

[١٤٨] واته کارەکەی پاش و پێشه.

[١٤٩] واته هیچ خوێندەواری نییه.

[١٥٠]

[١٥١] یەکێك ئەیلێ که ئیشی خۆی بە دەست خۆی نەبێ.

[١٥٢] به یەکێکی رژدی چروك ئەوترێ، که هیچی له دەست نەبێتەوە.

[١٥٣] به یەکێك ئەوترێ که رقی له یەکێك هەستا به کەسێکی خۆی برێژێ.

[١٥٤] واته لەبەر بێ قازانجی له سەرمایەی خۆی ئەخوا.

[١٥٥] چونکه له چاوی خۆیەوە تەماشای هەموو کەسێك ئەکا.

[١٥٦] واته کەر به زەنگۆلّه و گێز و گولّەنگ و بوکیش به سەروپێچەوە جوانه.

[١٥٧] واته زۆر رجالّ و نەدارایه.

[١٥٨] به یەکێك ئەوترێ، ئەوی هەیەتی بەسەر و بەرەوە بڕوا.

١٥٩)- له كفری فیرعەون مەشهورترە[159]

١٦٠)- له كلی شەیتان وەرە خوارەوە[160]

١٦١)- له كویّ پسا: لەویّ گریّی بدەرەوە[161]

١٦٢)- له كولّه چوارشەمە سورترە[162]

١٦٣)- له كیّویان پرسی بۆوا بەرزی؟ وتی له سایی دۆلّەكەی بەردەممەوە[163]

١٦٤)- له گایەك چی بدەم به برایەك له مەلیّك هەر یەكە پەلیّك[164]

---

[159] فیرعەون پاشای میسر بووە لـه كـاتی مووسـا پیّغەمبـەرا، خـۆی بـه خـوای میسـر زانیوە، هەر چەند مووسا لەگـەلّیا خـەریك بـووە كـه بـڕوا بیّنـیّ بـه خـوای ئاسمـان و زەوی، وە به پیّغەمبەریّتی مووسا، بـڕوای نـەهیّناوە، تـا لـه دواییـدا لـەدەریای سـورا خنكا، ئنجا قورئان له شویّن باسی بیّ بڕوایی فیرعەون ئەكا، وە لەدوای شەیتان هیچ پیاو خراپیّك به قەد فیرعـەون نـاو نـەبراوە لـه قورئانـا بـه خراپـە، وە هەرچـی نـاوی مووسای پیّ گەیشتبیّ، ناوی بیّ بڕوایی فیرعەونیشی پیّ گەیشتووە.

[160] به یەكیّك ئەوتریّ، كـه لەسـەر كـاریّكی چـەوت و چـەویّل قـینی گرتبـیّ و بـه هـیچ جۆریّك نەیەتەوە سەرریّی راست.

[161] واتە لەگەلّ هەر دۆست و ئاشنایەكدا پەیوەستیت پچڕا خیّرا بی بەستەرەوە.

[162] كولّەچوراشەمە: دواترین چوراشەممەی مـانگی سـەفەرە، كـه دانیّكـی پیّغەمبـەری تیا شكیّنرا له جەنگی ئوحودا، وە گـەلیّ هـاوریّی پیّغەمبـەری تیـا كـوژرا. بـه یـەكیّك ئەوتریّ كه زۆر سوور بیّ له سەر شەڕ.

[163] لـه زبـان دەولّەمەندیّكـەوە ئـەوتریّ كـه لـه نـاو كۆمـەلّیّكی هـەژارا بـژی و هـەلّیان سوریّنیّ له كاروباری خۆیا، وە له سەر حسابی ئەوان دەولّەمەند ببیّ.

[164] ئەگیّڕنەوە كه كابرایەك گایـەك و مریشـكیّكی ئـەبیّ، گاكـەی جـووتی بـۆ ئـەكات و مریشكەكەی هیّلكەی بۆ ئەكات، ئەم كابرایە برایەكی زۆر هەژار و رەجالّی ئەبیّ، رۆژیّ داوای لیّ ئەكات كه بەشیّكی بداتیّ لە گاكەی ئەمیش ئەلّیّ: (له گایـەك چـی بـدەم بـه برایەك، له مەلیّك هەر یەكە پـەلیّك) واتـە گایـەك بەشـی دابـەش كـردن ناكـات، بـەلاّم مریشكیّك بەشی ئەكات، بەم رەنگە هەر یەكە پەلیّك، ئنجا بـه یـەكیّك ئـەوتریّ كـه لـه شتیّكی باشا بەشت نەدا، وە له شتیّكی هیچ و پووچا بەشت بدات.

١٦٥)- لە گەورە گەورەی پشدەرێ، هۆمان کەوتە قون فرە هاجەرێ[١٦٥]

١٦٦)- لە گوریسی جوو درێژترە[١٦٦]

١٦٧)- لە گوریسی رەش و سپی ئەسڵەمێتەوە[١٦٧]

١٦٨)- لە گوریسی ناو هەمانە بە پێچ ترە[١٦٨]

١٦٩)- لە گوڵ پاکتر[١٦٩]

١٧٠)- لە گوڵێ کاڵتری پێ ناڵێم[١٧٠]

١٧١)- لە گوڵیان پرسی زۆر گەشی، وتی باخەوانەکەم مەردە[١٧١]

١٧٢)- لە گونی بەرانا پەنیر ئەکا[١٧٢]

١٧٣)- لە گونی گا رووت ترە[١٧٣]

١٧٤)- لە گوێی گادا نوستوە[١٧٤]

١٧٥)- لە لێفەی باوکیا ئەترپیوە[١٧٥]

---

[١٦٥] یەکێك ئەیڵێ کە جاران ئاشنای زۆری بووبێ و پیاوی گەورەی زۆری ناسی بێ، وە بەو هۆیەوە هەموو ئیشێکی بۆ کرابێ، بەڵام ئێستا ئەوانەی نەمابن، وە هۆی کەوتبێتە یەکێکی هیچ و پووچی بێ نرخەوە.

[١٦٦] گوریسی جوو: تەمەعکارییەتی، واتە لە جوو بە تەماعترە، وە ئاواتی لەو زیاترە.

[١٦٧] کە لە مار ئەچێ، چونکە لەوەپێش مار پێوەی داوە، بە یەکێك ئەوترێ کە دەستێکی لێ وەشێنرابێ.

[١٦٨] واتە ئێجگار چەوت و چەوێڵ و بەفرِ و فێڵە.

[١٦٩] واتە هەر چی ئەنگ بێ نییەتی.

[١٧٠] واتە قسەیەکی وای پێ ناڵێم کە دڵی گەرد بگرێ.

[١٧١] بە یەکێك ئەوترێ، کە شتێکی لە ژێر دەستابێ، وە شتەکەی زۆر پاك و تەمیز و رێك و پێك بێ.

[١٧٢] واتە شوان لە دزی بێ، مەرِی دۆشینی ئەدۆشێ و شیرەکەی ئەکا بە پەنیر، با لە گونی بەرانیشا بێ. بە یەکێك ئەوترێ کە شتێکی لە ژێر دەستابێ، وە بە هەموو جۆرێ بتوانێ دەست کاری بکا.

[١٧٣] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر رەش و رووت بێ.

[١٧٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر بێئاگا بێ لە شتێك.

[١٧٥] واتە هەر لە ماڵان و کۆڵانانا گەورە بووە.

١٧٦)- له ماسی نێر شەرم ئەکا[١٧٦]

١٧٧)- له ماڵ درەنگی پێ چووە و له کەژ پەلەپەتی[١٧٧]

١٧٨)- له ماڵ لێیانداوە و له گیای کەژی ئەتۆرێ[١٧٨]

١٧٩)- له ماڵەوە برێشکە ئەخوا، له دەرەوە بە سابون دەست ئەشوا[١٧٩]

١٨٠)- له ماڵی باوان نەتخوارد نان دۆ، له ماڵی خەزوران عاجبایت مەبۆ[١٨٠]

١٨١)- له ماڵی جوو بخۆ و له ماڵی گەور بنو[١٨١]

١٨٢)- له ماڵی زاوا باسێ نییە، له ماڵی وەویی تلیلییە[١٨٢]

١٨٣)- له ماڵیا نییە دەنگە بروێشێ، قۆزی بێ زواد چۆپی ئەکێشێ[١٨٣]

١٨٤)- له ماین دابەزیم، سواری کەر بووم[١٨٤]

١٨٥)- له ماینی نەبوو، ئاخوڕ هەڵ ئەبەستێ[١٨٥]

١٨٦)- له مەڕ دۆشان بێینە کەر دۆشان[١٨٦]

---

[١٧٦] بە تەوسەوە بە ژنێك ئەوترێ، کە بە دیمەن لە پیاوی نامەحرەم شەرم بکا، وەکی تریش وانەبێ.

[١٧٧] بەیەکێك ئەوترێ، کە لە لایەك دواکەوتبێ و لە لایەکی تر پەلە پەل بکات.

[١٧٨] واتە بە کەر ناوێرێ بە کورتان شێرە.

[١٧٩] بۆ ئەوەی نیشان بدا کە چێشت و گۆشتی خواردووە، بە یەکێکی هەمەت بەرز ئەوترێ، کە خۆی بە تێر و پڕ نیشان بدا.

[١٨٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە ماڵی باوانیا هیچی نەدی بێ، وە ئێستا کەوتبێتە شوێنێکی گەورە و ئاوەدانەوە.

[١٨١] چونکە یەکەمیان پاك و تەمیز ترە لە دووهەم، بەڵام دووهەم ئەمین ترە لە یەکەم.

[١٨٢] تەماشای پەندی (لە باوان هیچ نییە) بکە.

[١٨٣] بە یەکێکی قنج و قیت ئەوترێ، کە نانی نەبێ و دەست لە کورێنیش هەڵ نەگرێ.

[١٨٤] یەکێك ئەیلێ، کە ژنێکی باشی بووبێ و نەمابێ، ئێستا ژنێکی هیچ و پووچی بە تووشەوە بووبێ.

[١٨٥] بە یەکێك ئەوترێ کە هێشتا ئەو شتەی دوای کەوتووە دەستی نەکەوتبێ، کەچی خۆی بۆ ئامادە بکا.

[١٨٦] یەکێك ئەیلێ کە لە خێر و بێرێکی باشەوە هاتبێتە سەر شتێکی هیچ و پووچ.

١٨٧)- له مه‌نجه‌ڵێکا ناکوڵێن[١٨٧]

١٨٨)- له من کرده و له شه‌ماڵ برده[١٨٨]

١٨٩)- له من نه‌ده‌ن له تۆ بده‌ن وا ئه‌زانم له ره‌شکه‌ی کا ئه‌ده‌ن[١٨٩]

١٩٠)- له نۆ ده‌ستمان، کۆڵێ به‌ستمان[١٩٠]

١٩١)- له ناعه‌لاجی دا به جووله‌که ئه‌ڵێ: به ڕیشی مه‌ردانه‌ت قه‌سه‌م[١٩١]

١٩٢)- له ناعلاجی، به دوژمن ئه‌ڵێ باجی[١٩٢]

١٩٣)- له ناڵیش ئه‌دا و له بزماریش ئه‌دا[١٩٣]

١٩٤)- له ناو بێوه‌ژن ئه‌چمه کونه‌وه، چرا هه‌ڵ ئه‌که‌ن ئه‌م دۆزنه‌وه[١٩٤]

١٩٥)- له ناو گولا کوێر باشقه‌یه[١٩٥]

١٩٦)- له ناو گووزاڵکدا بۆ ده‌نکی تاڵ ئه‌گه‌ڕێ[١٩٦]

١٩٧)- له ناو کوێرانا مشمۆر باشقه‌یه[١٩٧]

---

[١٨٧] به دوو که‌س ئه‌وترێ که به سروشت له یه‌که‌وه دووربن.

[١٨٨] یه‌کێك ئه‌یلێ که به درێژاییساڵ کسب و کار بکا و پاره په‌یدا بکا که‌چی هه‌ر ڕۆژه خوا شتێکی وای بۆ بنێرێ که تووشی پاره خه‌رجکردنی بکا.

[١٨٩] یه‌کێك وا ئه‌ڵێ که خۆپه‌رست بێ، وه هه‌ر خۆی مه‌به‌ست بێ.

[١٩٠] واته کۆڵێکمان به‌ست له نۆبه‌ره‌ی ده‌ستمان، به یه‌کێك ئه‌وترێ که له نۆبه‌ره‌ی خۆی سفتاح بکات.

[١٩١] جاران له جووله‌که نامه‌ردتر نه‌بوو، به‌ڵام ئێستا له جووله‌که نامه‌ردتر ئێجگار زۆره.

[١٩٢] به یه‌کێك ئه‌وترێ، که به ناچاری مه‌رایی یه‌کێك بکات.

[١٩٣] واته باشیش ئه‌ڵێ و خراپیش ئه‌ڵێ.

[١٩٤] یه‌کێك ئه‌یلێ که هه‌ر به‌شی لێ بێوه‌ژنا بێ.

[١٩٥] واته له هه‌ر نه‌نگێك، نه‌نگێکی ناشرین تر هه‌یه.

[١٩٦] له کاتێکدا که ده‌نکه‌کان هه‌موو تاڵن، به یه‌کێك ئه‌وترێ که له ناو شتێکدا که هیچی تری تیا نه‌بێ ئه‌و شته نه‌بێ، بۆ ئه‌و شته بگه‌ڕێ.

[١٩٧]

١٩٨)- له نێرەكەريان پرسی كوێ خۆشە؟ وتی سەرخەرمان، وتيان ئەگەر نەبوو، وتی قەراغ و بيجاری[١٩٨]

١٩٩)- له هۆمەريان پرسی خەڵقی كوێيت؟ وتی هێشتا ژنم نەهێناوە[١٩٩]

٢٠٠)- له هەر لا ئاشە، كتك فەراشە[٢٠٠]

٢٠١)- له هەريش بوو، له مەريش بوو[٢٠١]

٢٠٢)- له هەزار ئاش ئەكا، ئاشێ ناماڵێتەوە[٢٠٢]

٢٠٣)- له هەزار ئاوی داوە قولەپێی تەڕ نەبووە[٢٠٣]

٢٠٤)- له هەموو جێيێ حوقە چوار ئيزرەمە[٢٠٤]

٢٠٥)- له هەموو ديزەيەكا ئەسكوێيە[٢٠٥]

٢٠٦)- له هەموو هەورێك باران نابارێ[٢٠٦]

٢٠٧)- له هەولێر كۆنتر[٢٠٧]

٢٠٨)- له هوو موو ئەكاتەوە[٢٠٨]

---

[١٩٨] به يەكێك ئەوترێ، كه هەر چاوی له قازانج و سودی خۆيەوە بێ.

[١٩٩] واته پياو ژنی له كوێ هێنا ئەبێ بە خەڵقی ئەو شوێنە. ئەمە وا ئەكەيەنێ كە كورد له بنياتەوە ژنی خۆی له لاخۆشەويست و بەڕێز بووە، بە ڕەنگێك كە دەستی له كەس و كاری خۆی هەڵگرتووە بۆ كەس و كاری ژنەكەی.

[٢٠٠] به يەكێك ئەوترێ، كه له هەر كوێيەك خواردن و ڕابواردنێكی خۆش ببێ ئەو لەوێ بێ.

[٢٠١] به يەكێك ئەوترێ كه له هەموو سەرێكەوە بێ ئ‍ـ‍ازا بووبێ له كارێك.

[٢٠٢] به يەكێك ئەوترێ، كه هيچ قسەيەكی تەواو نەكا، وە نەيباتە سەر يەك.

[٢٠٣] واته زۆر پوختە و دنيا ديدەيە.

[٢٠٤] واته حەق له هەموو شوێنێك هەر حەقە.

[٢٠٥] به يەكێك ئەوترێ، كه خۆی تێكەڵی هەموو كارێك بكا.

[٢٠٦] واته هەر چی تۆ هيوات پێ بوو، وە نەبێ بەهرەی لێ وەربگريت.

[٢٠٧] واته ئێجگار كۆنە.

[٢٠٨] واته له (هـ) كه دوو چاوی هەيە _ چاوێكيان كە وەك (م) وايە لێی ئەكاتەوە، واته مەردومێكی پاشەكەوتييە، وە له هەموو شتێك شتێك گل ئەداتەوە.

٢٠٩)- له هێلکەی سپی مریشکی رەش و له مریشکی رەش هێلکەی سپی پەیدا ئەبێ[٢٠٩]

٢١٠)- له وەختی راوا گوی دێ[٢١٠]

٢١١)- له وڵاخی نەبوو ئاخوڕ ئەبەستێ[٢١١]

٢١٢)- لەر بێ و ماڵی خۆم بێ[٢١٢]

٢١٣)- لەڕ کوژە[٢١٣]

٢١٤)- لەڕی خۆت، له چاخی خەڵق چاکترە[٢١٤]

٢١٥)- لەسەر خۆش گەڕێ، بۆ خۆی ئەکەوێ[٢١٥]

٢١٦)- لەش بەبارە[٢١٦]

٢١٧)- لەش بەدۆشاوە[٢١٧]

٢١٨)- لەشی ساغ پاشایەتییە[٢١٨]

---

[٢٠٩] واتە ئەمە نیشانەی گەورەیی خوایە.

[٢١٠] ئەگێڕنەوە کە ئەحمەدی ساغا تانجییەکی بووە هەموو جارێك له وەختی راوا گوی هاتووە تا نێچیرەکە له دەست دەرچووە، ئێستا بە هەموو کەسێك ئەوترێ، کە لە کاتی هەلێکا بە شتێکی هیچ و پووچەوە خەریك بێ تا هەلەکەی لەدەست دەرئەچێ.

[٢١١] بە کارێك ئەوترێ، کە پێش وەخت بکرێ.

[٢١٢] واتە ماڵ، کەم بێ و بۆ خۆم بێ، باشترە لەوەی زۆر بێ و ستەمکار تەمەعی تێ بکا.

[٢١٣] بە نەخۆشییەك ئەوترێ، کە زۆرتر لەڕ و لاواز بکوژێ.

[٢١٤] چونکە بێ منتە.

[٢١٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە دەستی دابێتە کارێکی خراپ، وە دەستی لێ هەڵ نەگرێ، واتە پیاوی وا وەك سەرخۆش وایە، رۆژێك ئەبێ کە خۆی بکەوێ.

[٢١٦] بە یەکێك ئەوترێ، بەبایەك ساغ و بە بایەك نەخۆش بێ.

[٢١٧] بە یەکێك ئەوترێ، بەبایەك ساغ و بە بایەك نەخۆش بێ.

[٢١٨] چونکە کە لەشت ساغ بوو، هەموو شتێکت لەلا خۆشە، بەڵام کە لەش بە بار بوویت هەموو شتێکت لەلا تاڵە.

٢١٩)- لەچەکان، هاتۆتە سەر حەیزەران[٢١٩]

٢٢٠)- لەگەڵ ئەسڵان هەموو فەسڵان، لەگەڵ نائەسڵان مەچۆرە کایە، رەنجی چەند ساڵەت ئەچێ بە زایە[٢٢٠]

٢٢١)- لەگەڵ ئەسڵان، هەموو فەسڵان لەگەڵ نائەسڵان بەهیچ فەسڵان[٢٢١]

٢٢٢)- لەگەڵ بەرخ بنوو لەگەڵ چۆلەکە هەستە[٢٢٢]

٢٢٣)- لەگەڵ بڕوا، گورگان خواردوو ئەبێ[٢٢٣]

٢٢٤)- لەگەڵ تری خۆیا شەڕ ئەکا[٢٢٤]

٢٢٥)- لەگەڵ سێبەری خۆیا شەڕ ئەکا[٢٢٥]

٢٢٦)- لەگەڵ گورگ شایی ئەکات، لەگەڵ مەڕ شین ئەکا[٢٢٦]

٢٢٧)- لەگەڵ گورگێ دۆنگی دەخوا، لەگەڵ مەڕێ شیوەن ئەکا[٢٢٧]

٢٢٨)- لەگەڵ گورگا گۆشت ئەخوا، لەگەڵ مەڕا شین ئەکا[٢٢٨]

٢٢٩)- لەگەڵ عاقڵان هەڕۆ سەربانێ، لەگەڵ بێ عەقڵان هەڕۆ ناوخانێ[٢٢٩]

٢٣٠)- لەگەڵ لاوان لە لەشکریت، لەگەڵ کیژان لە گازریت[٢٣٠]

---

[٢١٩] واتە لە ناو هەموو جۆرە چەکێکا هەر دارێکی حەیزەران شک ئەبات، بە یەکێك ئەوترێ کە هیچی بە دەستەوە نەمابێ شتێکی هیچ و پووچ نەبێ.

[٢٢٠] چونکە پەشیمان بوونەوەی لە دوایە.

[٢٢١] چونکە پەشیمان بوونەوەی لە دوایە.

[٢٢٢] واتە ئێواران زوو بنوو، وە بەیانیان زوو هەستە.

[٢٢٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە کۆمەڵە و گەلی خۆی بڕبێ.

[٢٢٤] واتە زۆر توورە و تڕۆیە.

[٢٢٥] واتە زۆر توورە و تڕۆیە.

[٢٢٦] بە یەکێك ئەوترێ کە لەگەڵ تۆش بێ و لەگەڵ دوژمنەکەشت بێ.

[٢٢٧] بە یەکێك ئەوترێ کە لەگەڵ تۆش بێ و لەگەڵ دوژمنەکەشت بێ.

[٢٢٨] بە یەکێك ئەوترێ کە لەگەڵ تۆش بێ و لەگەڵ دوژمنەکەشت بێ.

[٢٢٩] واتە لەگەڵ مەردومی ژیرا هەموو قسەیەك بکە بە ئاشکرا، بەڵام لەگەڵ ناژیرا لە ژێر پەردەوە قسە بکە.

[٢٣٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەگەڵ دوو دەستە بێ، وە هیچیان بە هیچیان نەزانن.

٢٣١)- لەگەڵ ناکەسدا مەچۆرە جەواڵ، با نەڕوا عومرت حەتاڵ و بەتاڵ[٢٣١]

٢٣٢)- لەعەزرەت پلاو ترش ئەکاتە ئاو[٢٣٢]

٢٣٣)- لەکاکڵانیش بوو لە توێکڵانیش[٢٣٣]

٢٣٤)- لەم ئەرزە چەوەندەرێك هەڵکەنە[٢٣٤]

٢٣٥)- لەم قوڕە هەر ئەوەندە تۆز هەڵئەستێ[٢٣٥]

٢٣٦)- لەم لا چیچی، لەولاچیچی، ئەڵێی حیزی مایە پوچی[٢٣٦]

٢٣٧)- لەم لایان بردم، لەولایان بردم، خەبەر داریان کردم[٢٣٧]

٢٣٨)- لەم ناو مشتە موویەك دەربێنە[٢٣٨]

٢٣٩)- لەهەر لایەکەوە با بێ ئەو شەن ئەکا[٢٣٩]

٢٤٠)- لەو جێیە ئاو هەیە زەوی نییە، لەو جێیە زەوی هەیە ئاو نییە[٢٤٠]

٢٤١)- لەو محەمەدانە نییە کە سڵاواتی لێ بدرێ[٢٤١]

---

[٢٣١] واتە هاوڕێی ناکەس کەمە.

[٢٣٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر حەزی لە خواردنێك بێ و دەستی نەکەوێ، وە بە خواردنێکی تر خۆی ئیخفال بکا.

[٢٣٣] بە یەکێك ئەیلێ کە لە شتێك بێبەش بووبێ بە کاکڵە و توێکڵییەوە.

[٢٣٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە بییەوێ بە بێ هەوڵ و تەقەلا شتێکی دەست کەوێ واتە چۆن چەوەندەرێك لە خۆیەوە سەوز نابێ لە زەوی هیچ شتێکیش لە خۆیەوە دەست ناکەوێ.

[٢٣٥] بە یەکێکی رژدی چروك ئەوترێ، کە پیاوەتییەکی کەمی لە دەست دەرچووبێ.

[٢٣٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئیشێك نەکا، وە هەر بە سوڕانەوە و دانیشتن لەم لاو لەولا خەریك بێ.

[٢٣٧] واتە پیاو ئەبێ لە گەڕان و هاتوچۆ پەند وەرگرێ.

[٢٣٨] تەماشای پەندی (لەم ئەرزە، چەوەندەرێك هەڵکەنە) بکە.

[٢٣٩] واتە با لە هەر لایەکەوە بێ ئەو نایدا بە خەسار، وە بەهرەی خۆی لێ ئەبینێ بەم رەنگە شەن و کەوی خۆی ئەکات بە یەکێك ئەوترێ کە بە پێی رۆژ هەڵسوڕێ، وە لەگەڵ هەموو کەسێکا رێ بکەوێ و بڕوا بە رێدا.

[٢٤٠] واتە هەرگیز دنیا بە کامی کەس نابێ.

[٢٤١] بە محەمەد ناوێکی خراپ ئەوترێ.

٢٤٢)- لەوە بترسە لە خوا ناترسێ[٢٤٢]

٢٤٣)- لەوەپێش کاوڕ بازی بوو، ئێستا بەران بازییە[٢٤٣]

٢٤٤)- لباس رەنگ و رووە، خواردن گەنگ و گووە[٢٤٤]

٢٤٥)- لنگە کەوشێکی لە دیوانا هەیە[٢٤٥]

٢٤٦)- لنگی جووت کرد[٢٤٦]

٢٤٧)- لووت با بمێنێ لە بەینی چاوا[٢٤٧]

٢٤٨)- لووت لووتی خۆتە هەر چەند چڵمن بێ[٢٤٨]

٢٤٩)- لووت نەبێ لە بەینا چاو چاو ئەخوا[٢٤٩]

٢٥٠)- لووتی بگری گیانی دەر ئەچێ[٢٥٠]

٢٥١)- لووتی لە ئاسمانە[٢٥١]

٢٥٢)- لووتی لە کورە کاژاوە[٢٥٢]

٢٥٣)- لووتی لێ ئەخورێ[٢٥٣]

٢٥٤)- نۆ خۆمان نابێتە نان، لۆ خەڵقی ئەبێتە ناسکە نان[٢٥٤]

---

[٢٤٢] چونکە کە لە خوا نەترسا، هەموو شتێك ئەکا.

[٢٤٣] واتە جاران ئیشەکەی بچووك بوو، بەڵام ئێستا زلتر و گەورەترە.

[٢٤٤] واتە تا ئەتوانیت کاڵات پاك و تەمیز بێ، وەك قورئان ئەفەرموێ " و لباسك فکهر" واتە کاڵات پاك بێ.

[٢٤٥] بە یەکێك ئەوترێ کە خزمێکی لای ئاغا یا کار بەدەستێکی گەورە بێ.

[٢٤٦] ئەم پەندە بە مەعنا پەندی دەهەمە.

[٢٤٧] چونکە ئەگەر لووت نەبێ چاو چاو ئەخوا.

[٢٤٨] بە یەکێك ئەوترێ کە نەنگ لە خزمێکی خۆی بگرێ.

[٢٤٩] بە گەورەیەك ئەوترێ لە شوێنێکا کە شەرمی لێ بکرێ.

[٢٥٠] واتە زۆر لاواز و زەبوون و تێ قوپاوە.

[٢٥١] واتە زۆر بە دەعیە و دەمارە.

[٢٥٢] کورە کاژوە: شاخێکی زۆر بەرزە لە شاربازێر، واتە زۆر بە دەعیە و دەمارە.

[٢٥٣] واتە ئارەزووی ئەکات.

[٢٥٤] بە خزمێك ئەوترێ کە رێزی بێگانە زۆرتر بگرێ لە کەس و کاری خۆی.

٢٥٥)- لۆژەی سەری دێ[٢٥٥]

٢٥٦)- لۆمەی عەبدان لە گۆڕە و شار گرانترە[٢٥٦]

٢٥٧)- لێخوڕە دەشتە[٢٥٧]

٢٥٨)- لێرەش بچوکە[٢٥٨]

٢٥٩)- لێفەی سواڵ سەرما ناگێڕێتەوە[٢٥٩]

٢٦٠)- لێم بووە بە مووی لوت[٢٦٠]

٢٦١)- لێم بووە بە مارەکەی شێخ هۆمەر[٢٦١]

٢٦٢)- لێم بوویت بە ئەستێرەی سیوەیل، هەر دەرناکەویت[٢٦٢]

٢٦٣)- لێم چۆتە دارێ، نایەتە خوار[٢٦٣]

٢٦٤)- لێو بە دان نازانێ[٢٦٤]

٢٦٥)- لێوێکی با دێنێ و لێوێکی بۆران[٢٦٥]

---

[٢٥٥] واتە بێ تاقەتە.

[٢٥٦] واتە مەردوم ئەبێ لە زبانی ئەم و ئەو بترسێ، چونکە لۆمە و تەشەری مەردوم زۆر ناخۆشە.

[٢٥٧] بە کارێك ئەوترێ، کە گیر و گرفتی لە رێدا نەبێ.

[٢٥٨] بە شتێك ئەوترێ، کە بە دیمەن بچوك و وەکی تریش زۆر بە کەڵك بێ.

[٢٥٩] چونکە تا دڕاو و کونکون نەبێ ناتدەنێ، کەواتە تۆش تا ئەتوانی سواڵ مەکە.

[٢٦٠] بە یەکێك ئەوترێ، بە هیچ جۆر لێت دوور نەکەوێتەوە.

[٢٦١] واتە بە هیچ جۆرێك لێم نابێتەوە.

[٢٦٢]

[٢٦٣] بە یەکێك ئەوترێ کە هەرگیز پەشیمان نەبێتەوە لەو قسەیەی کە کردویەتی.

[٢٦٤] واتە زۆر بە نهێنییە.

[٢٦٥] بە مەردومی تووڕە و ترۆ ئەوترێ.

٢٦٦)- لێی بووه به كورده نامووسی[٢٦٦]
٢٦٧)- لێی دەن لە ماڵی گەورە، یاپراخ و دووگی چەورە[٢٦٧]

---

[٢٦٦] بە یەكێك ئەوترێ كە كارێك بكات نەك لەبەر ئەوەی كە پێی باشە بەڵكو لەبەر نەنگەی خەڵق.
[٢٦٧] واتە داوای نامانگوری خۆت لە پیاوی گەورە بكە، چونكە بەرچاو فراوانە.

پیتی میم

١)- ما پیاوی ماڵێ، ئەما زیانی ساڵێ[١]

٢)- مار ئەکوژێ، و تولەمار بەخێو ئەکا[٢]

٣)- مار بە قسەی خۆش لە کون دێتە دەر[٣]

٤)- مار تا راست نەبێتەوە، ناچێ بە کونا[٤]

٥)- مار پێوەی داوە و لە گوریس سڵ ئەکات[٥]

٦)- مار حەزی لە سیر نەبوو، سیریش دەچوو لە بەر دەرکی کونی ئەو شین نەبوو[٦]

٧)- مار حەزی لە مارەگیرە نەبوو، لەبەر کونەکەیا سەوز ئەبوو[٧]

٨)- مار کاژ فڕێ ئەدا، خوو فڕێ نادا[٨]

٩)- مار کە مردنی نزیکبووەوە ئەچێتە سەر رێگا[٩]

---

[١] بە یەکێك ئەوترێ کە لە سەر مان و نەمان بێ، واتە ماما، ئەش ما خۆمان خۆش.

[٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە پیاوی زۆرداری ستەمکار لە ناو ببا کەچی ئەوە و وەچەی بەخێو بکات.

[٣]

[٤] واتە هەموو کەسێك بۆ هەموو کارێك ئەبێ بە پێی ئەو کارە بجوڵێتەوە.

[٥] بە یەکێك ئەوترێ، زۆر و ستەم ترساندبێتی.

[٦] واتە هەموو شت بە ئارەزوی مەردوم نابێ، وە زۆر جار ئەوی تۆ حەزت لێی نییە بە لوتتەوە ئەبێ.

[٧] مارەگیرە: گیایەکی دڕکاوییە، مار ناوێرێ خۆی لێ بدا بە یەکێك ئەیلێ کە رقی لە یەکێك بێ، کەچی هەمیشە لەبەر چاوی بێ.

[٨] بە یەکێکی بەدکردار ئەوترێ، کە وا نیشان بدا کە بەرگی بەدکرداری فرێداوە، واتە ئەوانە هەرگیز سروشتیان ناگۆڕێ.

[٩]

۱۰)- مار له کوێ پەپکه ئەخوات، پونگه لەوێ شین ئەبێ[10]

۱۱)- مار هاتۆته سەر رێگات[11]

۱۲)- ماران گەستە، گوریس ببینێ وا ئەزانێ مارە[12]

۱۳)- مارانگاز له گوریسی رەش و سپی ئەسڵەمێتەوە[13]

۱٤)- مارانگاز لەخشەی گوریس ئەترسێ[14]

۱٥)- مارانگاز لەخشەی مار و مێروو ئەترسێ[15]

۱٦)- ماری ئاوی که پیر بوو، قورباق ئەکا به قنگییەوە[16]

۱۷)- ماری بێ ئیجازەیە[17]

۱۸)- ماری رەش بۆی یەق ئەکاتەوە[18]

۱۹)- ماری سکی خۆت ئەتخوا[19]

۲۰)- ماری کلك بڕاو، کلکی له بیر ناچێتەوە[20]

---

[10] تەماشای پەدی ژمارە بکە.

[11] واته بەختەوەریت.

[12]

[13] واته یەکێك که زللەی رۆژگاری خوارد، ئیترژیر ئەبێ و بەپارێزەوە دەست ئەداته هەموو شتێك.

[14] واته یەکێك که زللەی رۆژگاری خوارد، ئیترژیر ئەبێ و بەپارێزەوە دەست ئەداته هەموو شتێك.

[15] واته یەکێك که زللەی رۆژگاری خوارد، ئیترژیر ئەبێ و بەپارێزەوە دەست ئەداته هەموو شتێك.

[16] به یەکێك ئەوترێ، که دەست دار بووبێ و بێدەست کەوتبێ، وه کەس شەرمی لێ نەکا.

[17] واته ئەمانی نییه.

[18] واته زۆر رەجال و گەدا و داوەشاوە.

[19] به یەکێکی دەروون پیسلاقێن ئەستوری بوغز له سك ئەوترێ.

[20] واته هەر کەسێ ستەمێکی لێکرا هەرگیز فەرامۆشی ناکا.

٢١)- ماری مار خۆریشی هەیە[٢١]

٢٢)- ماست تا نەیژەنی، کەرە نادات[٢٢]

٢٣)- ماست نییە بە لێوتەوە دیار بێ[٢٣]

٢٤)- ماستاو سارد ئەکاتەوە[٢٤]

٢٥)- ماستاوی بۆ ئەکا[٢٥]

٢٦)- ماستی مەیو هەوێنی ناوێ[٢٦]

٢٧)- ماسی بێ کێردە[٢٧]

٢٨)- ماسی گەورە لە تاڤگەدا ناگیرێ[٢٨]

٢٩)- ماسی لە ئاو بڕا ئەخنکێ[٢٩]

٣٠)- ماسی لە ئاوا تەڕ نابێ[٣٠]

٣١)- ماسی لە بووارا ئەگیرێ[٣١]

٣٢)- ماسی لە دەریادا ئەبەخشێ[٣٢]

٣٣)- ماسی لە دەریادا سەودا ناکرێ[٣٣]

---

[٢١] بە زۆردارێك ئەوترێ، کە دەستی باڵای دەستی زۆردارێکی تر بێ.

[٢٢] واتە تا رەنج نەدەیت، گەنجت دەست ناکەوێ.

[٢٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە حاشا لە چاکەی یەکێك بکات.

[٢٤] واتە کلکە لەقێ روپامایی بۆ ئەکات.

[٢٥] واتە کلکە لەقێ روپامایی بۆ ئەکات.

[٢٦] واتە هەموو کارێك کە تەواو بوو ئیتر هیچی تری ناوێ.

[٢٧] واتە هیچ ئەرك و بێگارێکی بە سەرەوە نییە.

[٢٨] واتە پایەی گەورە لە شوێنی بچوکا دەست ناکەوێ.

[٢٩] بە یەکێك ئەوترێ کە خۆشەویستەکەی لێی دوور کەوێتەوە.

[٣٠] چونکە بێ ئاوی بە خۆیەوە نەدیوە، تا وشك بووبێ و ئنجا چووبێتەوە ناو ئاوەوە و تەڕ بووبێ.

[٣١]

[٣٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە خاوەنی شتێك نەبێ و بیبەخشێ.

[٣٣] واتە شت لە گۆترە ناکڕێ.

٣٤)- ماسی لە سەریەوە بۆن ئەکا[٣٤]

٣٥)- ماڵ ئەچێ و خاوەن ماڵ ئیمانی ئەچێ[٣٥]

٣٦)- ماڵ ئەوەیە بە نسیبی خاوەنی بێ[٣٦]

٣٧)- ماڵ بۆ ماڵخۆ نەچێ حەرامە[٣٧]

٣٨)- ماڵ بە خاوەن ماڵ حەرامە[٣٨]

٣٩)- ماڵ سوتاو لە هەموو کەس بە چنگ ترە[٣٩]

٤٠)- ماڵ سووتاو بە ماڵ ئەبێ، سکەڕۆ بە ماڵ نابێ[٤٠]

٤١)- ماڵ چووە ماڵان، چوو بە تالاّن[٤١]

٤٢)- ماڵ کە لە خاوەنی نەکا حەرامە[٤٢]

٤٣)- ماڵ لۆ کەیفیە یا لۆ حەیفیە[٤٣]

٤٤)- ماڵ لۆ مێردانە، عەزاب لۆ ژنانە[٤٤]

---

[٣٤] واتە هەموو کۆمەڵە و گەلێك کە بۆگەنی تێ ئەکەوێ لە پیاوە گەورەکانییەوە دەست پێ ئەکات.

[٣٥] چونکە بۆ دۆزینەوەی ماڵە دزراوەکەی زۆر کەسی پاك ئەدا بە دەمەوە، وە تووشی ئازاریان ئەکات.

[٣٦] ئەگینا سەد ساڵ بە ناو ماڵی تۆبێ کە لە دوایدا بە نسیبت نەبێ ماڵی چی.

[٣٧] واتە شتی هەزار ئەبێ وەك خۆی هەژارانە بێ.

[٣٨] یەکێك ئەیڵێ، کە ماڵێکی داگیر کرابێ، بە جۆرێك کە خۆی نەتوانێ بەهرەی لێ ببینێ.

[٣٩] واتە لێ قەوماو لە کاتی تەنگانەدا باشتر بە تەنگ ماڵی خۆیەوەیەتی.

[٤٠] چونکە ئەو پاشەکەوت ئەکات، بەڵام ئەم هەرچێکی دەست کەوێ ئەی هێنێ بە لچیا.

[٤١] واتە کە ماڵی یەکێك دابەش کرا بە سەر ماڵانا بۆ ئەوەی بۆت هەڵگرن هیچت دەست ناکەوێتەوە، مەگەر بە دەگمەن.

[٤٢] بە تەوسەوە بە ماڵێکی خراپ ئەوترێ، کە خاوەنەکەشی یەکێکی خراپ بێ.

[٤٣] واتە ماڵ بۆ خۆشیە، نەك بۆ ناخۆشی.

[٤٤] واتە ژن ئازاری ماڵداری ئەکێشێ بۆ مێردەکەی.

٤٥)- ماڵ لە خۆیا نەبوو، میوانیش رووی تێ کرد[٤٥]

٤٦)- ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە؟![٤٦]

٤٧)- ماڵ لە کیس یا لە منەت[٤٧]

٤٨)- ماڵ لە ماڵخۆ حەرامە؟![٤٨]

٤٩)- ماڵ لە ماڵخوا حەرام ناکرێ[٤٩]

٥٠)- ماڵ لە هەواران، قنگ لە کۆچەکان[٥٠]

٥١)- ماڵ ماڵی منە و ماڵ ئاوی خەڵق[٥١]

٥٢)- ماڵت ماڵ نەبێ و بازاڕت بازاڕ بێ[٥٢]

٥٣)- ماڵتان ئەڵێی هەلاج گەسکی داوە[٥٣]

٥٤)- ماڵەکەی تۆ ئەخۆم بە بەلاش، هینەکەی خۆم ئەخەمە پاش[٥٤]

٥٥)- ماڵمان پشتا و پشتە، شیری کاکم لە پشتە[٥٥]

٥٦)- ماڵمان ماڵی، کیسەمان خاڵی[٥٦]

---

[٤٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە هیچی نەبێ کەچی میوانیش رووی تێ بکا.

[٤٦] واتە نە لێی قەدەغە نییە.

[٤٧] واتە ماڵ دەرمنەت، یا دەرکیسە.

[٤٨] ئەم دوو پەندە وەك پەندی (ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە؟) وایە.

[٤٩] ئەم دوو پەندە وەك پەندی (ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە؟) وایە.

[٥٠] بە یەکێك ئەوتری کە خۆی لێرە بێ و ناوماڵیشی لە شوێنێکی تر.

[٥١] یەکێك ئەیلێ، کە یەکێکی تر لە ماڵەکەیا خاوەن ماڵی بکات.

[٥٢] واتە ماڵت ئەگەر لە ماڵ نەچێ قەیناکات، بەلام بازاڕت ئەبێ لە بازاڕ بچێ ئەگینا نازێت.

[٥٣] واتە هیچی تیا نییە.

[٥٤] بە یەکێك ئەوترێ کە ماڵی تۆ بخوا و ماڵی خۆی هەڵگرێ.

[٥٥] یەکێك ئەیلێ کە پشت ماڵەکەی خزمێکی گەورەی خۆی بێ.

[٥٦] ماڵمان ماڵی: واتە گسکمان لێدا بە دوو برای دەست بلاو ئەوترێ کە هیچیان لە ماڵا نەهێشتبێ.

٥٧)-ماڵی با، بە با ئەچێ[٥٧]

٥٨)- ماڵی بووکێ گەرمن، ماڵی زاوا نەرمن[٥٨]

٥٩)- ماڵی پڕ لە ژنان، چ ئاونینە لە کونان[٥٩]

٦٠)- ماڵی پڕە لە رازیانە و بە دڵ یەشە ئەمرێ[٦٠]

٦١)- ماڵی حەڵاڵ لە دەست ناچێ[٦١]

٦٢)- ماڵی خۆ نەخۆر، بۆ چەکمە بۆر[٦٢]

٦٣)- ماڵی خۆت توند بگرە، سەگی ئاوایی بە دز مەگرە[٦٣]

٦٤)- ماڵی خۆیم بە پێش چاوی خۆمەوە بێ[٦٤]

٦٥)- ماڵی خەڵکی، لەگەڵ خەڵکا ئەخورێ[٦٥]

٦٦)- ماڵی خەلیل، ماڵاوای جەلیل[٦٦]

٦٧)- ماڵی دزیەتی مەگەر شەو بکرێ بە خۆدا[٦٧]

---

[٥٧] واتە ماڵی بە هەوانتە دەست ئەکەوێ ئەبێ بە هەوانتەش لە دەست دەرچێ.

[٥٨] ئنجا گەرمی بووکێ و نەرمی ماڵی زاوا یەکیان گرت بە چوونە باخەڵی یەك، بزانە چ خۆشیەك پەیدا ئەبێ.

[٥٩] چونکە ئیشکەر کە زۆر بوون ئەمیان ئەڵێ: ئەویان ئەیکا و ئەویان ئەڵێ: ئەمیان ئەیکات، لەو ناوەدا کوندەکان بە وشکی ئەمێننەوە.

[٦٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە چارەی دەردی خۆی لە لای خۆی بێ و نەیکا.

[٦١] چونکە چاو لە دوو نییە.

[٦٢] بە چروکێك ئەوترێ، کە یەکێکی تر ماڵەکەی خواردبێ.

[٦٣] واتە کە ئاگاداری خۆتت نەکرد و دزرا، خۆت لە دزەکە گوناهبارتریت.

[٦٤] ئەگێڕنەوە کە باڵووڵی دانا بەشی دەمێ بنێشتی ئەبێ، ئەینێ بە پشتی چاویەوە، لێی ئەپرسن: بۆ وا ئەکەیت؟ ئەڵێ: ماڵی خۆم با بە پێش چاوی خۆمەوە بێ، واتە ئەمانەت نەماوە.

[٦٥] واتە ماڵی خۆت ئەتوانی هەر خۆت بیخۆیت، بەڵام ماڵێك کە لەم و لەوێ بسێنیت، بە تەنیا بۆت ناخورێ، بەڵکو ئەبێ بەشی خەڵکی لێ بدەیت.

[٦٦] یەکێك ئەیلێ، کە یەکێکی تر لە ماڵەکەیا خاوەن ماڵی بکا.

[٦٧] چونکە بە رۆژ ئەبینرێ و ئەناسرێتەوە.

٦٨)- ماڵی زیاد، سەر ناشکێنێ[٦٨]

٦٩)- ماڵی سپی بۆ رۆژی رەش[٦٩]

٧٠)- ماڵی چاو لە دوو خێر ناداتەوە[٧٠]

٧١)- ماڵی چووە سەر بەشی ماڵان[٧١]

٧٢)- ماڵی گەش، بۆ رۆژی رەش[٧٢]

٧٣)- ماڵی فرەکوزان، ئاوی نییە لە گۆزان[٧٣]

٧٤)- ماڵی قەڵب سەر و بەری ساحێبی ئەگرێتەوە[٧٤]

٧٥)- ماڵی مە، بەرەو بایە، هەمیشە دەرگەی پێوەدرایە[٧٥]

٧٦)- ماڵی مەردوم، لە دەوری گردن[٧٦]

٧٧)- ماڵی مرێ، لە خۆیەوە ئەکرێ[٧٧]

٧٨)- ماڵی مفت قازی مەراغاش ئەیخوا[٧٨]

٧٩)- ماڵی ها بە کۆڵیوە[٧٩]

---

[٦٨] واتە ئەگەر قازانجی نەبێ زەرەری نابێ.

[٦٩] واتە لە رۆژی سپی دا ماڵی سپی پاشەکەوت بکە بۆ رۆژێك کە لێت بقەومێ .

[٧٠] چونکە بە چاوێکی پیس و دڵێکی پیسەوە هەر چاویان تێوەیەتی.

[٧١] بە یەکێك ئەوترێ کە ماڵەکەی دابەش بکرێ بە سەر ماڵانا.

[٧٢] تەماشای چوار پەندی لەمەوپێش بکە.

[٧٣] واتە ماڵێك کە ژنی زۆری تیا بێ، گۆزەکانیان هەمیشە بێ ئاوە چونکە هەر یەکێکیان بە تەمای ئەویتریانە.

[٧٤] واتە ئەدرێتەوە بە سەریا.

[٧٥] بەماڵێك ئەوترێ کە ژنەکەی سەر بە دەرەوە بێ.

[٧٦] بە دەوڵەمەندێك ئەوترێ کە بمرێ و بەشدار تێی بوروکێ.

[٧٧] بە هەژارێك ئەوترێ، کە ماڵەکەی چوار دیوا و چوار دار بێ.

[٧٨] ماڵی مفت: ماڵێکە کە منەتی تیا نەبێ، یا خاوەنی نەبێ وەك کوپەڵەیەك کە لەو دەشتە بدۆزرێتەوە بەڵام ماڵێ: کە منەتی تیابێ زۆر هەژاری مەرد بێزی نایەت بیخوات چ جای قازی مەراغا.

[٧٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە جێگا و رێگایەکی نەبێ، وە هەر شەوە لە شوێنێك بێ.

٨٠)- ماڵی وا بە کۆڵیەوە[٨٠]

٨١)- ماڵیان کرد بە ماڵێك، خەلەیان کردە چاڵێك[٨١]

٨٢)- ماڵێکی ئاوەدان، لە سەد ماڵی وێران باشترە[٨٢]

٨٣)- مامان کە زۆر بوو سەری منال گیر ئەخوا[٨٣]

٨٤)- مامەی ترۆزی، ئەمڕۆ ناسۆزی[٨٤]

٨٥)- ماندوو حەسانەوەی سەپان، دەستکەنەی نۆکە[٨٥]

٨٦)- ماندوو مردوو، کوڕان لێ بووردوو[٨٦]

٨٧)- مانگ تا نەگاتە شەوێ، قەدری نییە[٨٧]

٨٨)- مانگ دیارە حەوەجەی بە پەنجە نییە[٨٨]

٨٩)- مانگ لە من ڕۆن بێ، ئەستێران چێوە بە قوون بێ[٨٩]

٩٠)- مانگا بە دزییەوە کەڵ ئەگرێ و بە ئاشکرا ئەزێ[٩٠]

٩١)- مانگا دۆشین و قەزوان تەقاندنیان نەوتوە[٩١]

---

[٨٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە جێگا و ڕێگایەکی نەبێ، وە هەر شەوە لە شوێنێك بێ.

[٨١] بە دوو کەس ئەڵێن کە ببن بە یەك ماڵ.

[٨٢] چونکە لەو بەهرە وەرئەگیرێ، بەڵام لە مان بەهرە وەرناگیرێ.

[٨٣] چونکە ئەبێ بە فرە کوێخا.

[٨٤] واتە ئەگەر ئەمڕۆ بارە ترۆزییەکەت بەم نرخە نەدەیت سبەینێ سیس ئەبێ و پارە ناکا.

[٨٥] واتە مەردومی ئیشکەر حەسانەوەی بۆ نییە.

[٨٦]

[٨٧] واتە هەموو شتێك تا پێویست نەبێ، نرخ پەیدا ناکات.

[٨٨] بە یەکێکی گەورەی ناودار ئەوترێ، کە یەکێك ناونیشانی هەڵدا، واتە پێویست بە ناونیشانی نییە.

[٨٩] واتە کە گەورە لە من ڕازی بوو، بچوك با هەر بۆ خۆی بڵێ.

[٩٠] واتە تاوان بە دزیشەوە بکرێ، لە ئەنجاما هەر دەرئەکەوێ.

[٩١] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەگەڵ کارێکی زۆر گرنگا بە شتێکی ترەوە خەریك بێ.

٩٢)- مانگا قنگی دڕا بوو، بەڵمە برنجیان تێ ئەئاخنی[٩٢]

٩٣) مانگا مرد شیرا ئەبێ، ژنە مرد خێرا ئەبێ[٩٣]

٩٤)- مانگا مردو دۆ بڕا[٩٤]

٩٥)- مانگا نییە بمژێ، مێردە نییە بکوژێ[٩٥]

٩٦)- مانگا و ماکەر، ماڵ ئاوا کەر[٩٦]

٩٧)- مانگە شەو لە ئێوارەوە دیارە[٩٧]

٩٨)- مانگی شەرمێیەتی[٩٨]

٩٩)- ماوە پیر قەل و برازا[٩٩]

١٠٠)- مایەی بوو بە مایەی پیاز فرۆش[١٠٠]

١٠١)- مایەی سەفەر سەلامەتییە[١٠١]

---

[٩٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئەنگێکی بڵاو بووبێتەوە بە ناو مەردوما کەچی بییەوێ داپۆشێ.

[٩٣] بە تەوسەوە بەوانە ئەوترێ، کە لەدوای مردنی یەکێکی خراپ باسی چاکەیان ئەکەن بە درۆ.

[٩٤] بە یەکێك ئەوترێ کە گەورەیەکی بە کەڵکی لە دەست چووبێ.

[٩٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە نە ئیشێکی ببێ پێوەی خەریك بێ، وە نە گەورەیەکی ببێ لێی بترسێ.

[٩٦] بۆ لادێیی لەم دوانە بە کەڵك تر نییە.

[٩٧] واتە هەموو شتێك کە لە سەرەتاوە دەرئەکەوێ، باشی و خراپی.

[٩٨] واتە یەکەم مانگی شو کردنیەتی.

[٩٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە عومرێکی ئێجگار زۆری ببێ، وە لەو ماڵە یا لەو دێیەدا لەو پیرتر و بە عومرتر نەمابێ.

[١٠٠] واتە وەك پیاز فرۆشێك پیازەکەی هەمووی بگەنێ یا پوت ببێتەوە ئەمیش مایەکەی هیچی نەما.

[١٠١] زۆرتر بە نەخۆشێك ئەوترێ، کە چاك بووبێتەوە.

١٠٢)- مەتی تەشی ڕێس بێ، بە کێری کەریش ئەیرێسێ[١٠٢]

١٠٣)- مەتی تەمای نەبوو شوو بکا کەچی داوای مارەیی و هەشت یەکی ئەکا[١٠٣]

١٠٤)- مەتی نەئەترِی بە زۆر ئەیان ترِاند[١٠٤]

١٠٥)- مەتیلێ ناویان نەئەبرد، ئەچو لەسەر ڕێگا گوی ئەکرد[١٠٥]

١٠٦)- مەچۆرە ژێر داری شکستە[١٠٦]

١٠٧)- مەحکەمە ماڵی باوکی کەس نییە[١٠٧]

١٠٨)- مەخۆ شتێ تۆ بخوا مەکە کارێ لە پات بخا[١٠٨]

١٠٩)- مەڕ بە پێی خۆی و بزن بە پێی خۆی هەڵ ئەواسرێ[١٠٩]

١١٠)- مەڕ بە ڕێگای خۆیا ئەڕوا و گورگ بە ڕێگای خۆیا[١١٠]

١١١)- مەڕ پێ لەبەرخی خۆی نانێ[١١١]

---

[١٠٢] مەتی: پوورە، واتە هەر کەسێك لە کارێکا شارەزا بوو، کارەکەی خۆی هەر تەواو ئەکات.

[١٠٣] بە یەکێك ئەوترێ کە لە پێشەوە نەیەوەێ تێکەڵی کارێك ببێ، کەچی لە دواییدا لە پێش هەموو کەسێکەوە داوای بەشی خۆی بکا.

[١٠٤] واتە ئەو ئیشەی پێ ناکرێ و بە زۆر پێی ئەکەن.

[١٠٥] تا ناوی بەرن، بە یەکێك ئەوترێ کە هەر بییەوێ خۆی بخاتە ناو ناوانەوە.

[١٠٦] واتە ئیشێك کە زانیت پیت ناکرێ دەستی مەدەرێ.

[١٠٧] واتە بە یەك چاو تەماشای هەموو کەسێك ئەکا، وە ترازووی دەستی هەرگیز سەر ناکا.

[١٠٨] واتە شتێ وەرمەگرە کە ببێ بە مایەی دیلیت.

[١٠٩] واتە هەر کەسە بەپێی گوناهی خۆی سزا ئەدرێ.

[١١٠] واتە چاك و خراپ هەر یەکە ڕێی تایبەتی خۆی هەیە.

[١١١] واتە تۆش ئاگات لەکەس و کارت بێ.

١١٢)- مەر دەیش مەترۆ؟[112]

١١٣)- مەڕ لەگەڵ دوور بکەوێتەوە گورگ ئەیخوا[113]

١١٤)- مەڕ و بزن رۆن ئەکەن و ژن خۆی رائەوەشێنێ[114]

١١٥)- مەڕ و گورگ پێکەوە ئاو ئەخۆنەوە[115]

١١٦)- مەرەزە دێمی، پاراو کەماولۆ[116]

١١٧)- مەرحەبای ئاغا شەرابە[117]

١١٨)- مەرد بەکێشانە نییە[118]

١١٩)- مەرد، بنو لەسەر بەرد[119]

١٢٠)- مەردی بەر ئاگر، کونی لە جەرگا نییە[120]

---

[112] واتە بۆچ مردووش ئەترێ؟ یەکێکی دەوڵەمەند ئەیڵێ بە یەکێکی هەژار کە دەستێکی لێ وەشاندبێ، یا قسەیەکی ناشرینی دەربارە کردبێ، وەك بڵێت (پەڵوڵەش دەم ئەسوتێنێ).

[113] واتە مەردوم لە کۆمەڵە و گەلی خۆی نابێ جیا ببێتەوە.

[114] بە یەکێك ئەوترێ کە بە بەرهەم و بەروبومی رەنجی خەڵقەوە خۆی هەڵکێشێ، وە بیداتە پاڵ خۆی.

[115] واتە دنیا زۆر ئەمینە.

[116] مەرەزە بە ئاوی زۆر و (کەما و لۆ) بە دێم ئەبێ، وە پێچەوانەکەی هەرگیز نەبووە و نابێ، ئنجا ئەم پەندە بە کارێکی پاش و پێش ئەوترێ وەك ئەوەی مەرەزە بە دێم و کەماو لۆ بەئاو بێ.

[117] واتە ئاغا کە مەرحەبات لێ بکات بۆ ئەوەیە بەو مەرحەبایە سەرخۆشت بکا و بێگارت پێ بکا.

[118] بەڵکو بە پیاوەتی و مەردایەتیە.

[119] واتە یەکێ مەرد بێ چاوی لە رابواردنی خۆیەوە نییە، بەڵکو هەر چاوی لە خزمەتی کۆمەڵە و گەلەوەیە.

[120] واتە ئەوی لەسەرمای زستانا لەبەر ئاگر دانیشتبێ، ئاگای لەوانە نییە کە لەبەر سەرما ئیش ئەکەن.

١٢١)- مەردی هۆشیار، دەست بە کونێکا ناکا دووجار[121]

١٢٢)- مەرگ لەگەڵ ئاوەڵان جەژنە[122]

١٢٣)- مەڕوانە سەری تاسی، بڕوانە بەختی خاسی[123]

١٢٤)- مەڕی بێ شوان گورگ ئەیخوا[124]

١٢٥)- مەڕی لەڕ، خزمەتی بۆ گۆشتی چەورە[125]

١٢٦)- مەزەب چارن، تۆپز هی پێنجێیە[126]

١٢٧)- مەزەب یەکە و کوتەك دوو[127]

١٢٨)- مەشکەی مانگا ساڵێ لە دارە و ساڵێ لە خوارە[128]

١٢٩)- مەقاش کە بوو، دەستی خۆت مەسوتێنە[129]

١٣٠)- مەکەوەرە سەر سەمتی کێرت جلە شڕێ بخەرە ژێرت[130]

١٣١)- مەکر لە ژنان، خەتەرە لە شەیتان[131]

---

[121] چونکە کە جاری یەکەم شتێکی پیوەدا لە کونەکەدا، ئەبێ پەند وەرگرێ بۆ جارێکی تر کە دەستی پیانەکاتەوە.

[122] واتە بەڵا بە تێکڕایی زۆر ناخۆش نییە.

[123] بە ئافرەتێکی کەچەڵ یا ناشرین ئەوترێ، کە شویەکی باشی کردبێ.

[124] واتە هەموو شتێك پێویستە خاوەندارێتی بکرێ.

[125] واتە ڕەنج لەگەڵ هەر شتێکا بدەیت بۆ قازانجی ئەدەیت.

[126] شافعی و حەنەفی و مالکی و حەنبەلی، لەم چوارە بەدەر پووچە، مەگەر بە زۆری کوتەك.

[127] واتە ماف زەبر و زەنگ و هێزی لەگەڵا نەبێ دەستگیر نابێ.

[128] چونکە مانگا ساڵێ ئەزێ و ساڵێ نازێ.

[129] بە یەکێك ئەوترێ کە بییەوێ کارێکی ناشرین بکا بە دەستی خۆی لە کاتێکا کە یەکێکی تر ببێ ئەو کارەی بۆ بکا، واتە تا یەکێك ببێ ئەو کارەت بۆبکا خۆت مەیکە.

[130] بە یەکێك ئەوترێ، کە نانی نەبێ و کەوتبێتە کەڵکەڵەی ژن هێنان.

[131] واتە ئەوەندەی بیری خراپ لە شەیتانەوە بەدڵا دێ، ئەوەندەش فڕوفێڵ لە ژنانەوە ڕوو ئەدا، ئنجا ژن تا خوێندەوار تر بێ فڕوفێڵی گەورەتر و قوڵترە، یەکێ تۆزێ ئاگای لە داستانی هێندێ لە ژنانی ئەورووپایی و ئەمریکایی بێ کە چ جۆرە

١٣٢)- مەگەر خاك لێم ببیەت[١٣٢]

١٣٣)- مەل بە باڵێك نافڕێ[١٣٣]

١٣٤)- مەل نەماوە کۆر کۆرە بووە، بە شای مەلان[١٣٤]

١٣٥)- مەل هەیە گۆشتی ئەخورێ، مەل هەیە گۆشتی ئەدرێتێ[١٣٥]

١٣٦)- مەلا ئەمە ئاردە؟[١٣٦]

١٣٧)- مەلا بەزێنە[١٣٧]

١٣٨)- مەلا مووساش رازی نەبوو[١٣٨]

١٣٩)- مەلا، مەلایت بنێ بە تاقۆ. بنیشە وەلای گەمە و مەزاقۆ[١٣٩]

١٤٠)- مەلای ماوەرانیش نایباتە دواوە[١٤٠]

پیلانێ ئەخەنە کار لەگەڵ مێردا یا لەگەڵ هەر کەسێك کە خۆیان بیبیانەوێ بڕوا بەم قسەیە ئەکا.

[١٣٢] بە یەکێك ئەوترێ، بۆ کەسی ناگێڕمەوە تا ئەمرم و ئەبمەوە بەخاك، ئەوسا مەگەر خاك لەخاکی جەستەمی ببیەت.

[١٣٣] بەڵکو بەدوو باڵ ئەفڕێ.

[١٣٤] تەماشای پەندی (لەجێی شابازان، کۆر کۆرە وازان) بکە.

[١٣٥] واتە پیاوی وا هەیە ئەبێ خزمەت بکا، پیاوی واش هەیە ئەبێ خزمەت بکرێ.

[١٣٦] بە یەکێك ئەوترێ کە کارێکی ناپەسەندی کردبێ.

[١٣٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە قسەی خۆی هەرگیز پەشیمان نەبێتەوە با هەڵەش بێ.

[١٣٨] بە یەکێك ئەوترێ کە کارێك بکرێ و ئەو رازی نەبێ، وە بشڵێ: من بەمە رازی نیم.

[١٣٩] واتە مەردوم هەر چەند خوێندەوار و خواپەرست بێ ئەبێ ناو بە ناو بۆ پێکەنین و کرانەوەی دڵ گاڵتە و گەمەی ببێ، بەڵام بە ڕەنگێك کە لە پەردەی ئەدەب نەچێتە دەرەوە.

[١٤٠] ماوەران: دێیەکە لە قەڵەمڕەوی هەولێر: لە زانایانی حیدری، حیدری کوڕی ئەحمەدی کوڕی حیدری یەکەم لەوێ مدرس بووە. زۆر زانا و دانا، وە تاقانە هەڵکەوتوویەك بووە لە چەرخی خۆیا، مەدرەسەکەی هەمیشە پڕ بووە لە فەقێ و مەلای زیرەك و خوێندەواری بەرز، کە بە درێژایی ساڵ، لە خەرمانی زانین و زانیاری ئەو، گوڵەوە چنییان کردووە زۆر لە فەقێکانی، لەئێران و خلخال و خراسان و

١٤١)- مەلایەتی چ ئاسانە، ژیر بوون چ گرانە[١٤١]

١٤٢)- مەلە کردنی چۆلەکە، نیشانەی باران بارینە[١٤٢]

١٤٣)- مەلکە دۆمیان کرد بە حاکم لە پێش هەموو شتێکا سەری دایکی خۆی تاشی[١٤٣]

١٤٤)- مەلکە مەنای مِن ئەکا، خۆشی وشە رن ئەکا[١٤٤]

١٤٥)- مەلیچك پەنا ئەباتە بەر بنچك[١٤٥]

١٤٦)- مەمرە و مژی، بۆ خۆی ئەژی[١٤٦]

داغستانەوە هاتوون، هەر مەسەلەیەکی زۆر قورس و گران رووی بدایە پرسیار لەو ئەکرا، وە فتوا لەو وەرئەگیرا، لە دەورووبەری ساڵی ھ لە دایك بووە، وە لە ساڵی ھ کۆچی دوایی کردووە، وە سێ کوڕی زۆر زانا و بزانی بووە، کە ناویان ئەحمەد و عەبدوڵا و ئیبراهیمە، هەروەها ئیبراهیمیان دوو کوڕی زۆر زانا و بلیمەتی بووە کە ناویان ئیسماعیل و صبغەالله یە، کە ئەم صبغەاللهیە مەشهورە بە صبغەاللەی گەورە، کە مامۆستای بێتوشی، وە هەموو زانایانی کوردستان بووە، ئەمانە هەموو لە ماوەران تدریسیان کردووە، وە بە هەزاران زانایان و دانایانیان پێ گەیاندووە، کە هەر یەکێکیان تا ماون وەك ئەستێرەی بەری بەیان بە ئاسمانی کوردستانەوە ورشە و پرشەی هاتووە وە لە دوای خۆشیان ئنجا ناوی پیرۆزیان لەسەر رووپەرەی مێژووی کورد و عەرەب وەك گوڵەباخێك کە بە دەم بای بەری بەیانەوە بگەشێتەوە بۆنی خۆش بڵاو ئەکەنەوە.

[١٤١] واتە خوێندەواری ئاسانە و ژیر بوون گرانە.

[١٤٢] بەم رەنگە نیشانەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیە، کە گەرمیش لە بەهاراندا نیشانەی بارانە.

[١٤٣] واتە ناوەجاخ لەگەڵ دایك و باوکی خۆشیا هەر ناوەجاخە.

[١٤٤] مەلکە: ناوی ژنە، مەنا: واتە منعی من ئەکات. وشکە رن: مەبەس کلکە لەقێ و روپامایی یە.

[١٤٥] واتە مەلی بچکۆلانە پەنا ئەباتە بەر شتی بچووك، مەلی گەورەش پەنا ئەباتە بەر شتی گەورە.

[١٤٦] مەمرە و مژی: بە گوزەرانێکی وا کەم و کورِ ئەوترێ، کە نە ژیان بێ و نە مردن، بە یەکێك ئەوترێ کە بە کولەمەرگی هەر بۆ خۆی بژی.

١٤٧) مەمشۆ بە گواوێ، خاسێتی دوایم ناوێ[١٤٧]

١٤٨)- مەمکە لە کەڵەشێری زەماوەند[١٤٨]

١٤٩)- مەن کە پڕ بوو ئەڕژێ[١٤٩]

١٥٠)- مەنە، مەنای منی ئەکرد، خۆشی وشکەرنی ئەکرد[١٥٠]

١٥١)- مەنجەڵ بوو بە مەنجەڵۆکە، ئاغاژن بوو بە جنۆکە[١٥١]

١٥٢)- مەنجەڵ خل بووەوە، سەرقاپی خۆی دۆزیەوە[١٥٢]

١٥٣)- مەنجەڵی مەردان بە چل ساڵ دێتە جۆش[١٥٣]

١٥٤)- مەنزڵ پاك ئەی بڕێ[١٥٤]

١٥٥)- مەی لە مەیخانە و کەباب لە کەبابخانە[١٥٥]

١٥٦)- مەیدان مشك نەیخواردووە[١٥٦]

١٥٧)- مەیکوتە جەوتە[١٥٧]

---

[١٤٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە ئاشکرا ناوت بەرێ بە خراپە، وەکی تریش دەست گیرۆیت بکات.

[١٤٨] واتە بە کوشتم مەدە.

[١٤٩] واتە مەردوم کە زۆر قینی خواردەوە ئاخرێکەی دەری ئەبڕێ.

[١٥٠] تەماشای راڤەی پەندی () بکە.

[١٥١] بە ماڵ و ژنێك ئەوترێ، کە بووە بووبێ و لێی قەومابێ.

[١٥٢] بە یەکێك ئەوترێ کە هاوبیرێکی خۆی بدۆزێتەوە، وە لەگەڵیا ببێ بە هاوڕێ.

[١٥٣] واتە پیاوی مەرد زۆر درەنگ تووڕە ئەبێ.

[١٥٤] واتە هەر مەردومی پاك قۆناغی ژیان ئەبڕێ بە بێ زیان، بەڵام ناپاك رۆژێ ئەبێ کە پەردەی بدڕێ.

[١٥٥] واتە هەموو شتێك لە شوێنی تایبەتی خۆیا خۆشە.

[١٥٦] بە یەکێك ئەوترێ کە بە کارێك بڵێ: ئەمە چییە، منیش ئەتوانم بیکەم.

[١٥٧] ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی برسی چاوی بە زەلامێك و بارێك ئەکەوێ وائەزانێ کە بارەکەی ئاردە، ئەویش دوای ئەکەوێ بە هیوا ئەوەی کە لە قۆناغ خاوەنەکەی ئەگەر چەند کولێرەیەکی لێ کرد ئەمیش کولێرەیەکی بەربکەوێ، کابرای خاوەن بار، تێ ئەگات، وە پێی ئەڵێ (مەیکوتە جەوتە) واتە خۆت ماندوو مەکە، چونکە ئارد نییە

١٥٨)- مەیمون خۆی جوان بوو، ئاوڵەشی دەردا[158]

١٥٩)- مەیمون کە قنگی سوتا، بەچکەی خۆی ئەنێتە ژێری[159]

١٦٠)- مەیمون هەر مەیمونە با قەیفەیشی لە بەرابێ[160]

١٦١)- مەیمون و گوڵە سور کردیان دەست بازی، هێشتا مەیمونیش بە گوڵ نارازی[161]

١٦٢)- مرۆڤ بە قسە، مەنجەڵ بە ئاگر[162]

١٦٣)- مرد و شەیتان دەستی لێ هەڵ ئەگرێ، زیندوو دەستی لێ هەڵناگرێ[163]

١٦٤)- مردە شۆر بە حەقی خۆی گەیشت مردوو گۆڕ بە گۆڕ بێ[164]

١٦٥)- مردن بۆ ژیانە، نەك ژیان بۆ مردن[165]

١٦٦)- مردن کەری دەجاڵە، لە هەمووماڵە[166]

١٦٧)- مردن لەگەڵ ئاوەڵان جەژنە[167]

جەوتە، ئنجا ئێستا ئەم پەندە بە هەموو کەسێك ئەوترێ، کە بە هیوایەك دوای شتێك بکەوێ وە هیواکەی لە شوێنی خۆی نەبێ.

[158] بە یەکێك ئەوترێ کە نەنگێکی ببێ، وە نەنگێکی تری لێ روودابێ.

[159] بە یەکێکی خۆپەرست ئەوترێ، کە ئەگەر هاتوو تووشی رۆژێکی رەش بوو، بۆ رزگار کردنی خۆی خۆشەویست ترین کەسی بکا بە قوربانی.

[160] واتە شتی ناشرین بە کاڵای جوان جوان نابێ.

[161] بە ژن و مێردێك ئەڵێن کە ژنەکەی جوان بێو مێردەکە ناشرین. کەچی هێشتا پیاوەکە بە ژنەکە نارازی بێ.

[162] واتە پیاو بە قسەی ناخۆش ئاگر ئەسێنێ و مەنجەڵ بە ئاگر.

[163] تەماشای پەندی (لە پاش مردن رەحمەت چاکە) بکە.

[164] واتە هەموو کەسێك چاوی لەحەقی خۆیەتی، دوای ئەوەی وەری گرت ئیتر هەرچی ئەبێ با ببێ.

[165] واتە مەردوم مردن قبوڵ ئەکات بۆ خاتری ژیان، نەك بە پێچەوانەوە.

[166] واتە کەس دڵی لە خۆی نەمێنێ، مردن ئەچێتە ماڵی و ئەبێ بە میوانی.

[167] تەماشای پەندی: (مەرگ لەگەڵ ئەوەلان، جەژنە) بکە.

١٦٨)- مردن مردنه لنگ بزاوتن چییه؟[١٦٨]

١٦٩)- مردن مردنه لنگه فرتێ چییه؟[١٦٩]

١٧٠)- مردن هەر جارێکه[١٧٠]

١٧١)- مردنی پێ نیشانده تا به لەرز و تا رازی بێ[١٧١]

١٧٢)- مردنی میری، چاکتره له ژینی ئەسیری[١٧٢]

١٧٣)- مردوت نەمرێ، پێت له شیوەنگا نەبڕێ[١٧٣]

١٧٤)- مردوو به پەله قاژه زیندوو نابێتەوه[١٧٤]

١٧٥)- مردوو به شیوەن زیندوو نابێتەوه[١٧٥]

١٧٦)- مردوو که مرد شەیتان دەستی لێ هەڵ ئەگرێ[١٧٦]

١٧٧)- مردوو کوشتن نیشانەی نا پیاوییه[١٧٧]

١٧٨)- مردوو لەمه پاکتر ناشۆرێ[١٧٨]

---

[١٦٨] یەکێك ئەیلێ، که پێشەکی له شتێك بترسێ، له پاشا گوێی نەداتێ وه تێ هەڵچێ.

[١٦٩] یەکێك ئەیلێ که پێشەکی له شتێك بترسێ، له پاشا گوێی نەداتێ وه تێ هەڵچێ.

[١٧٠] ئەم پەنده وەك پەندی (پیاو هەر جارێك ئەمرێ) وایه.

[١٧١] واته چۆن مردن که یەخه گیری یەکێك بوو ئەو کەسه به لەرزوتا رازی ئەبێ، تۆش له هەموو کارێکا وا بکه، واته باری قورس بده به سەر یەکێکا تا به بارێکی سوکتر رازی ببێ.

[١٧٢] واته له دەوڵەتی خۆتا بمریت باشتره لەوەی به دیلی بژیت له دەوڵەتێکی بێگانەدا.

[١٧٣] به یەکێك ئەوترێ، که هەمیشه له ئیش و کاری مەردوما بێ.

[١٧٤]

[١٧٥]

[١٧٦] واته ئەی تۆ بۆ دەستی لێ هەڵناگری.

[١٧٧] به یەکێك ئەوترێ که بچێ به گژ زەبوونێکا.

[١٧٨] به هەلێك ئەوترێ، که هەڵ کەوتبێ، واته هەلی چاکه و له دەستی مەدە.

۱۷۹)- مردوو لەوێ کەوتووە، بۆرە بۆری بە زیندوو خستووە[179]

۱۸۰)- مردوو مردوو وەسیەتی با بردی[180]

۱۸۱)- مردوو و زیندوو بە ئاو پاك ئەبێتەوە[181]

۱۸۲)- مردوو، بێ کفن لە ماڵ دەرناچێ[182]

۱۸۳)- مردووی ئیسفەهان، نابرێتە کاشان[183]

۱۸٤)- مردووی پار هاوینێ ئەمسال ئەیکا شینێ[184]

۱۸۵)- مردووی خەڵق باراشی ئاشە[185]

۱۸٦)- مردووی ناوەجاخ گو ئەکاتە کفن[186]

۱۸۷)- مردووی، بەشی زیندوو خۆرە[187]

۱۸۸)- مردوویەك و زیندویەك پێکەوە ئەنێتە قەبرێك[188]

۱۸۹)- مروچە خۆی چەس، تا گازی چەبێ[189]

---

[179] بە یەکێك ئەوترێ کە دەستی لە ئیشێکی پێویست هەڵگرتبێ، وە خۆی بە ئیشێکی هیچ و پووچەوە خەریك کردبێ.

[180] بە مردوویەك ئەوترێ و کە لە دوای خۆی وەسێتەکەی بە جێ نەهێنرێ.

[181] واتە هەموو شتێك بە شۆرین و بە ئاو پاك ئەبێتەوە.

[182] زۆرتر نێك ئەیلێ کە مێردەکەی تەلاقی دابێ،وە بە بێ هیچە دەری کردبێ.

[183] واتە هەر وەك مردووی شوێنێك نابرێ بۆ شوێنێکی تر، خێرێکیشی کە بۆ بکرێ هەر ئەبێ لەو شوێنە بۆی بکرێ کە لێی مردووە، نابێ بنێرێ بۆ شوێنێکی تر.

[184] بە یەکێك ئەوترێ، کە زیانێکی کۆنی بیر کەوتبێتەوە وە خۆی بۆ پەست و زویر کردبێ.

[185] واتە شت لای خاوەنی خۆی سەنگینە، بە یەکێك ئەوترێ کە بە سوکی دەست بداتە شتێکی خۆشەویستی مەردوم.

[186] بە کەسێکی نزیك ئەوترێ، لە جیاتی قازانج زیانی ببێ.

[187] بە مەردومی بێ کەڵك ئەوترێ.

[188] واتە زۆر دڵ رەق و بێ رەحمە.

[189] بە دوژمنێکی بێ نرخ ئەوترێ، کە هەڕەشەت لێ بکا.

١٩٠)- مریشك ئاو بخواتەوە، سەربەرز ئەكاتەوە[١٩٠]

١٩١)- مریشك ئەڵێ یاخوا هەموو رۆژێ لە ماڵی خاوەنەکەم یەکێك بمرێ تا تێر برنجی پرسە بخۆم، سەگ ئەڵێ یاخوا هەموو رۆژێ لە ماڵی خاوەنەکەم شایی بێ، تا تێر گرتگی زەماوەند بخۆم[١٩١]

١٩٢)- مریشك باری خست نیشانەی میوان هاتنە[١٩٢]

١٩٣)- مریشك تەنگاو بێ، هێلکە لە سەر بەرد ئەکات[١٩٣]

١٩٤)- مریشك خۆی خۆڵ ئەکا بە سەر خۆیا کەس ناتوانێ خۆڵی بە سەرا بکا[١٩٤]

١٩٥)- مریشك خەو بە چاڵە گەنمەوە ئەبینێ[١٩٥]

١٩٦)- مریشك لاسایی قاز بکاتەوە قنگی ئەدرێ[١٩٦]

١٩٧)- مریشك لە دانەوێڵە سڵ ناکات[١٩٧]

١٩٨)- مریشك هێلکەش ئەکا و ریقنەش ئەکا[١٩٨]

١٩٩)- مریشکی برسی ئاشی ئاو بردو لە خەوا ئەبینێ[١٩٩]

---

[١٩٠] واتە هەر کارێکت کرد، پشووی تیا بدە.

[١٩١] واتە هەر کەسێك بە پێی نەفسییەتی خۆی ئەدوێ، سپڵە بە پێی خۆی و بەوەفا بە پێی خۆی.

[١٩٢] باری خست: واتە لەسەر تەنشت کەوت.

[١٩٣] واتە هەمیشە جێی نەرم و شلت دەست ناکەوێ.

[١٩٤] واتە مەردوم ئەگەر خۆی باش بێ کەس ناتوانێ خراپی بڵێ.

[١٩٥] تەماشای سێ پەند دوای ئەم پەندە بکە.

[١٩٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە پارە خەرج کردنا لاسایی لە خۆی دەوڵەمەندتر بکاتەوە.

[١٩٧] واتە کەس بە خۆڕایی دەست لە ژیانی خۆش هەڵناگرێ.

[١٩٨] بە یەکێك ئەوترێ کە ئیشی باشیش و خراپیش بکات، یا دوو منداڵی ببێ یەکێکیان باش و یەکێکیان خراپ.

[١٩٩] چونکە هەموو گیان لەبەرێك بە بیری ئەو شتەوە ئەنوێ کە پێویستی بێ.

٢٠٠)- مریشکی رەش، هێلکەی سپی ئەکا[٢٠٠]

٢٠١)- مریشکێکی هێلکەکەر، لە گایەکی جووت نەکەر باشترە[٢٠١]

٢٠٢)- مزگەوت بێ مەلا نابێ[٢٠٢]

٢٠٣)- مزگەوت روخاوە، محرابی ماوە[٢٠٣]

٢٠٤)- مزگەوتی کەر، خۆڵە کەوەیە[٢٠٤]

٢٠٥)- مزگێنی هێلکە پەموانەیە[٢٠٥]

٢٠٦)- مژدەی شیرینی لە بنی دانایە[٢٠٦]

٢٠٧)- مژدەی هێلکەیەك، دەنکە پەموانەیەکە[٢٠٧]

٢٠٨)- مژمۆر لە ناو کوێرانا، چاو ساغە[٢٠٨]

٢٠٩)- مستە خۆڵەك لەمستە زێرەکی باشترە[٢٠٩]

---

[٢٠٠] بە یەکێکی خراپ ئەوترێ، کە ئیشێکی باش بکا، یا منداڵێکی باشی لێ کەوتبێتەوە.

[٢٠١] چونکە یەکەمیان کەڵکێکی هەیە، بەڵام دووهەم نا.

[٢٠٢] واتە هیچ شوێنێك بێ گەورە نابێ.

[٢٠٣] بە یەکێکی گەورە، یا شوێنێکی گرنگ ئەوترێ، کە خۆیان نەمابن بەڵام بەڵگە و نیشانە و ناوبانگیان مابێ.

[٢٠٤] واتە چۆن مسڵمان لە مزگەوت خۆی پاك ئەکاتەوە، بە دەست نوێژ شتن و مەلە کردن، کەریش کە گەیشتە خۆڵەمێش و سەرە نوێلکێك، تیا ئەگەوزێ، بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر هاتوچۆی شوێنێکی خراپ بکات.

[٢٠٥] واتە مزگێنی هەموو شتیك بە پێی ئەو شتەیە، گەورە گەورە و بچوك و بچوك.

[٢٠٦] واتە وەك قسەی ناخۆش نییە بشارێتەوە و بەڵکو ئەم باس ئەکرێ.

[٢٠٧] تەماشای پەندی بکە.

[٢٠٨] مژمۆر: کەسێکە کە بە عاستەم چاوی ببینێ، ئنجا ئەم مژمۆرانە لە ناو کوێرانا بە چاوساغ دائەنرێن هەر وەك لە ناو چاو ساغانا بە کوێر دائەنرێن.

[٢٠٩] مەبەس لە مستە خۆڵ: پارچەیەکە لە زەوی، چونکە مستە زێرەکە ئەبڕێتەوە، بەڵام بەروبومی پارچە زەوییەکە نابڕێتەوە.

٢١٠)- مستەکۆڵە لەدرەوش ئەگەڕێتەوە[٢١٠]

٢١١)- مسقالێك گۆشت لە سەد شاهد چاکترە[٢١١]

٢١٢)- مشت لە درێشە ئەگەڕێتەوە[٢١٢]

٢١٣)- مشتەری ئێواران یا دزە یا حیزە[٢١٣]

٢١٤)- مشتەری ئێواران، یا دزە یا حیزە[٢١٤]

٢١٥)- مشتەی ناو هەمانەکە کوشتومی[٢١٥]

٢١٦)- مشتەی ناوەتە، ناو هەمانەوە[٢١٦]

٢١٧)- مشتی داوە بە درەوشا[٢١٧]

---

[٢١٠] واتە هێز لە هێز ئەگەڕێتەوە.

[٢١١] واتە مەردوم هەر چەند جوان بێ بەڵام کە لەڕ و لاواز بوو جوانییەکەی دەرناکەوێ و ئەو حەلە تۆزێ قەڵەوی بۆ دەرخستنی ئەو جوانییە لە سەد شاهد باشترە، کە گەواهی بدەن لە سەر جوانییەکەی.

[٢١٢] درێشە: درەوشە، واتە دەست لە هێز و دەسەڵات ئەگەڕێتەوە.

[٢١٣] واتە یا بۆ دزی دێ چونکە بازاڕ بلە ئێوارانا چۆڵە، وە یا بۆ پاشماوەی دێ کە بە هەرزان بیکڕێ.

[٢١٤] چونکە خاوەن دوکان پەلە پەلێتی کە دوکان هەڵگرێ.

[٢١٥] ئەگێڕنەوە: کە کابرایەکی دۆم رقی لە ژنەکەی هەڵ ئەستێ، وە مشتەی دۆمیکەی بۆ ئەخاتە ناو هەمانەیەکەوە، وە بەو هەمانەیە دەست ئەکات بە لێدانی، ژنەکە دەست ئەکات بە هاوار هاوار، ژنانی دراوسێ لێی کۆ ئەبنەوە، کە ئەزانن بە هەمانە لێی ئەدا دەستی ناگرن، وە پێی ئەڵێن: ئافرەت ئەم هاوار هاوارەت لە چییە؟ هەمانەی فش و فۆڵ چ ئازارێکی هەیە تا تۆ ئەمەی بۆ بکەیت، ئەویش ئەڵێ: مشتەی ناو هەمانەکە کوشتومی. ئنجا ئێستا بە قسەیەك یا کردەوەیەك ئەوترێ، کە بە دیمەن قورس نەبێ بەڵام ناواخنی ببێ، وە لە دڵی بەرانبەرەکەیا زۆر کاریگەر بێ.

[٢١٦] بە یەکێك ئەوترێ کە قسەی بە توێکڵ بکات، وە قسەی بە دیمەن قورس و گران نەبێ، بەڵام وەکی تر کاریگەر بێ.

[٢١٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە چوبێ بە گژ ئیشێکی گەورەدا، وە زیانی لێوە توش بووبێ.

٢١٨)- مشتێك نمونەی خەروارێکە[٢١٨]

٢١٩)- مشك لە ماڵیا سەفرا داوێتییە سەری[٢١٩]

٢٢٠)- مشك لە ماڵیا کلکی چەور نابێ[٢٢٠]

٢٢١)- مشك لە هەمانە زدرەری پێ ناگا، هەمانە لە مشك زەرەری پێ ئەگا[٢٢١]

٢٢٢)- مشکێ لەبەردەمی دەرەوە وانێکەوە بێ هەر چاکە[٢٢٢]

٢٢٣)- مشکی کوێر لە ماڵیا نان ناقرتێنێ[٢٢٣]

٢٢٤)- مل لە چەقۆ ئەسوێ[٢٢٤]

٢٢٥)- مڵك گورگ نەخۆری دز نەبەرە[٢٢٥]

٢٢٦)- ملی بە نۆ تەور نابڕێتەوە[٢٢٦]

٢٢٧)- ملێچك، خۆی ئەداتە پاڵ بنچك[٢٢٧]

٢٢٨)- من ئاغا و تۆ ئاغا، کێ جێمان بۆ ڕاخا[٢٢٨]

٢٢٩)- من ئەڵێم سیر، ئەو ئەڵێ پیاز[٢٢٩]

٢٣٠)- من ئەڵێم نێرە، ئەو ئەڵێ بیدۆشە[٢٣٠]

---

[٢١٨] بە شتێکی کەم ئەوترێ لە شتێکی زۆر.

[٢١٩] واتە زۆر رژد و چروکە، وە هەرچی خواردن بێ لە ماڵیا نییە.

[٢٢٠] واتە زۆر رژد و چروکە، وە هەرچی خواردن بێ لە ماڵیا نییە.

[٢٢١] واتە مەردوم ئەبێ ئاگادار بێ، وە هەرگیز لە پیاو خراپ نزیك نەکەوێتەوە.

[٢٢٢] چونکە ئاوەدانیە بۆی.

[٢٢٣] تەماشای پەندی ژمارە بکە.

[٢٢٤] بە لاتێك ئەوتری کە شەڕ بفرۆشێ، بۆ ئەوەی شتێکی دەست کەوێ.

[٢٢٥] واتە مڵك نە ئاژاڵە گورگ بیخوا، نە پارە و ناو ماڵە بدزرێ.

[٢٢٦] واتە زۆر مل ئەستوورە.

[٢٢٧] بە بچوکێك ئەوترێ، کە خۆی بداتە پاڵ گەورەیەك.

[٢٢٨] دوو کەس بە یەکێ ئەڵێن کە هیچیان خزمەتی ئەویتریان نەکا.

[٢٢٩] بە دوو کەس ئەوترێ، کە دانویان پێکەوە نەکوڵێ.

[٢٣٠] بە یەکێك ئەوترێ کە تۆ قسەیەکی بۆ بکەیت و ئەو وەری نەگرێ وە هەر لە سەر قسەکەی خۆی بمێنێتەوە.

٢٣١)- من بۆ تۆ مردوو، تۆ من بەهیچ نەگرتوو[٢٣١]

٢٣٢)- من بۆ تۆمە، تۆ بۆ کێتە؟[٢٣٢]

٢٣٣)- من بۆم دانا ناو، ئەوبۆی دانام داو[٢٣٣]

٢٣٤)- من بەرزت ئەکەمەوە، خوا بت باتەوە[٢٣٤]

٢٣٥)- من بووم بە تۆ، تۆ بووی بە من، من بووم بە جن، تۆ بووی بە ژن[٢٣٥]

٢٣٦)- من بێژنگ نەبوومایە، منداڵەکانم لە تینوانا نەئەخنکان[٢٣٦]

٢٣٧)- من چی ئەڵێم و تەمورە چی ئەڵێ؟ [٢٣٧]

٢٣٨)- من زوو لە فیکەی خۆم گەیشتم[٢٣٨]

٢٣٩)- من کە بە ئاگری یەکێ گەش نەبمەوە، بە دوکەڵی بۆچی رەش ببمەوە[٢٣٩]

٢٤٠)- من کە رازی بووم بە نانی جەو، سەری خاقان بەفنگی کەیخوسرەو[٢٤٠]

---

[٢٣١] یەکێك ئەیڵێ بە یەکێك، کە ئەو بۆ ئەم دڵسۆزبێ، وە ئەم پێی نەزانێ.

[٢٣٢] یەکێك ئەیڵێ کە ئامۆژگاری یەکێك بکات و ئەویش لێی وەرنەگرێ و گیرە گیری لەگەڵ بکات، واتە من مەبەسم قازانجی تۆیە، تۆ لەم گیرە گیرە مەبەست چییە؟

[٢٣٣] یەکێك ئەیڵێ بە یەکێك، کە ئەم لەخێری ئەوا قسەی کردبێ و ئەو لە شەڕی ئەما دوابێ.

[٢٣٤] یەکێك ئەیڵێ بە یەکێك، کە لێی دڵگیر بووبێ، واتە من ئەتدەمە دەست خوا، کە بت باتەوە بۆلای خۆی.

[٢٣٥] ژنێك ئەیڵێ، کە ژنێکی ناکەس بەچە بچێ بە گژیا.

[٢٣٦] واتە من دەست شڕ نەبوومایە ئەمڕۆ منداڵەکانم پێویست بە نان و ئاو نەئەبوون.

[٢٣٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە دوای قسە بۆ کردنی تۆ، ئەو قسەیەکی وا بکا نیشان بدا کە لە قسەکانی تۆ نەگەیشتووە.

[٢٣٨] یەکێك ئەیڵێ کە لە چۆنێتییەك بگات کە دەخڵی بەوەوە بێ.

[٢٣٩] واتە من کە لە قازانجت بەشدار نەبم، لە زەرەرت بۆچی بەشداربم.

[٢٤٠] واتە من کە قانع بم بە بەشی خوا،ئیتر نە کلکە لەقێ ئەکەم بۆ کەس و نە ماکەرمەلە.

٢٤١)- من كردم به كزه كز، ئەو بردی به زەبری کوز[٢٤١]

٢٤٢)- من له ئاش دێمەوە ئەو ئەڵێ نۆرەت نییه[٢٤٢]

٢٤٣)- من مردوو تۆ زیندوو[٢٤٣]

٢٤٤)- من منم تۆ کێیت؟[٢٤٤]

٢٤٥)- مناڵ له مناڵیەوە دیاره[٢٤٥]

٢٤٦)- مناڵی به دەرمانان، ناچێته سەربانان[٢٤٦]

٢٤٧)- مو ئەقەڵێشێ[٢٤٧]

٢٤٨)- مو به بەینانا ناچێ[٢٤٨]

٢٤٩)- مو، ماست لێك ئەكاتەوە[٢٤٩]

٢٥٠)- مورووی کوندار پەکی ناکەوێ[٢٥٠]

٢٥١)- مورووی ماڵ ئاوسێ مەگەر به شەو بکرێته مل[٢٥١]

---

[٢٤١] ژنێك ئەیڵێ که به هەژاری و چنگله چزێ لەگەڵ مێردەکەیا ژیابێ تا دەوڵەمەند بووبێ. ئنجا ژنێکی بەسەر هێنابێ، وه ئەو ماڵەی که ئەم کۆی کردۆتەوە، بیداته دەست ئەو.

[٢٤٢] به یەکێکی بێ ئاگا له دەنگ و باسی جیهان ئەوترێ، که قسەی وا بکا که وەختی به سەر چووبێ.

[٢٤٣] یەکێك ئەیڵێ، که خەبەرێك بدا له پاشه ڕۆژەوە، واته ئەگەر من مردم تۆ مایت بزانه که ئەمه وا ئەبێ.

[٢٤٤] یەکێکی یاخی لوت بەرز ئەیڵێ به یەکێکی تر.

[٢٤٥] واته نیشانەی زیرەکی یا کەودەنی له مناڵیەوه دەرئەکەوێ.

[٢٤٦] به مناڵێکی خۆشەویست ئەوترێ، که باوك و دایکی چاوی تێ بڕن وه هەمیشه دەرمان بکەن به دەمیا.

[٢٤٧] به یەکێکی زۆر دانا ئەوترێ که هەموو شتێك له یەك جیا بکاتەوه.

[٢٤٨] به دوو کەس ئەوترێ، که زۆر تێکەل بن، واته هیچ شتێك له یەکیان ناکات.

[٢٤٩] به یەکێك ئەوترێ، که زۆر وردبێ، وه هەموو شت ببینێ.

[٢٥٠] واته هەموو ئافرەتێك شوو ئەکا، وه هیچی به بێ مێرد نامێنێتەوه.

[٢٥١] تەماشای پەندی بکه.

٢٥٢)- مووروی دزیەتی، مەگەر بە شەو بکرێتە مل[٢٥٢]

٢٥٣)- مووچەکەمان بکە بەداڕووجان[٢٥٣]

٢٥٤)- موی سپی قەڵغانی روو ڕەشی پیرە[٢٥٤]

٢٥٥)- مویەك لە بەراز بکرێتەوە هەر باشە[٢٥٥]

٢٥٦)- مویەك لەم ناو مستە هەڵکەنە[٢٥٦]

٢٥٧)- مۆرەی بە سەر چووە[٢٥٧]

٢٥٨)- مۆم ئەڵێ بسوتێم، نەك بتوێمەوە[٢٥٨]

٢٥٩)- مۆم دائەگیرسێ ناسوتێ[٢٥٩]

٢٦٠)- مێخ زنجیر با ئەیبا و کورۆکە کەمای ئەدەنە بەر[٢٦٠]

٢٦١)- مێخ سنگان با ئەیبا پێچە کولوی ئەدەنە بەر[٢٦١]

---

[٢٥٢] بە شتێکی دزراو ئەوترێ، کە لە ترسی خاوەنەکەی نەوێریت بە ڕۆژ بە کاری بێنیت.

[٢٥٣] بە یەکێك ئەوترێ کە هەڕە هەڕت بەسەرا بکات.

[٢٥٤] واتە پیر ئەبێ شەرم بکا لە موی سپی خۆی، وە دەست بگرێتەوە لە کاری خراپ، وە ئەو موە سپییە بۆی ببێ بە قەڵغان لە خراپە.

[٢٥٥] بە چروکێکی پیسکەی ڕەزیل ئەوترێ کە شتێکی لێ بسەندرێ.

[٢٥٦] بە شتێك ئەوترێ کە دەست نەکەوێ و پەیدا نەبێ.

[٢٥٧] بە یەکێك ئەوترێ کە باوی نەمابێ.

[٢٥٨] چونکە بۆ سوتان دروست کراوە نەك بۆ توانەوە، واتە هەموو شتێك ئەبێ چاوی لە پێویستی خۆیەوە بێ.

[٢٥٩] چونکە بۆ داگیرسان دروست کراوە نەك بۆ سوتان.

[٢٦٠] بە یەکێکی گەورە و بە دەسەڵات ئەوترێ کە تووشی ڕۆژێکی ڕەش بووبێ، وە لە قین و روخانابێ، کەچی کەس و کاری بێن بە هێندێ شتی هیچ و پووچ بیانەوێ رای بگرن.

[٢٦١] بە یەکێکی گەورە و بە دەسەڵات ئەوترێ کە تووشی ڕۆژێکی ڕەش بووبێ، وە لە قین و روخانابێ، کەچی کەس و کاری بێن بە هێندێ شتی هیچ و پووچ بیانەوێ رای بگرن.

٢٦٢)- مێخی دوو حاجه، ناچێ به زەوییدا[٢٦٢]

٢٦٣)- میراتی کەر بۆ کەمتیاره[٢٦٣]

٢٦٤)- مێرد که سوار بوو یاره، که دابەزی ماره[٢٦٤]

٢٦٥)- میریان دا به دۆم له پێشا دایکی خۆی گا[٢٦٥]

٢٦٦)- میزی کەف ناگرێ[٢٦٦]

٢٦٧)- مێش ئەقەپێنێتەوه[٢٦٧]

٢٦٨)- مێش پیس نییه، دڵ تێك ئەدا[٢٦٨]

٢٦٩)- مێش له دەمی خۆی دەرناکا[٢٦٩]

٢٧٠)- مێشکی نەزان، ئەشکەوتی شەیتانه[٢٧٠]

٢٧١)- مێشوله کۆمەڵه بێ، فیل یخ ئەدا[٢٧١]

---

[٢٦٢] واته مێخی دووپەل داناکوترێ، به تکایەك ئەوترێ که دوو سێ پەلی لێ بووبێتەوه، وه هەر پەلەی تکایەکی تایبەتی بێ.

[٢٦٣] له رووی سوکییەوه بەیەکێك ئەوترێ، که کەلەپورەکەی بەجێ مابێ بۆ یەکێکی وەك خۆی هیچ و پووچ.

[٢٦٤] واته هەموو کەسێك تا ئیشی پێته به دەورووپشتا دێ، که ئیشەکەی نەما هیچ.

[٢٦٥] به یەکێك ئەوترێ، که لەگەڵ رۆژێ دەستی بوو له پێش هەموو کەسێکا بچێ به گژ خزم و خوێشی خۆیا له جیاتی ئەوەی خزمەتیان بکا.

[٢٦٦] واته ئەو کاریه که به تەمایت به زوویی بۆت ناکا.

[٢٦٧] به یەکێك ئەوترێ، که بێ ئیش دانیشتبێ.

[٢٦٨] به قسەیەك ئەوترێ که بەدیمەن قورس نەبێ، وەکی تر پێی دڵتەنگ بیت.

[٢٦٩] واته بەبێزمان و بێدەسەڵاته.

[٢٧٠] هەمیشه هیلانه و هێلکەی تیا ئەکات.

[٢٧١] واته یەکێتی و یەك کەوتن پێویسته بۆ هەموو خێزان و تیره و نەتەوه و گەلێك، چونکه به بێ یەکێتی زەبوونن، وه لەگەڵ یەکێتی دا بەهێزن، تەماشاکەن گەلی خواپێداو هەموو وەك یەك کەس وانه، گەلی بەدبەختی خۆ خۆریش وەك ئاردی ناو دڕکان وایه، هیچی به هیچەوه نانووسێ.

٢٧٢)- مێشێك میوانی نابێ[٢٧٢]

٢٧٣)- میوان ئازیزە[٢٧٣]

٢٧٤)- میوان ئاوازۆ، خاوەن ماڵ کڵاو هەڵوازۆ[٢٧٤]

٢٧٥)- میوان بە خوڵقی خانە خوێوە بەندە[٢٧٥]

٢٧٦)- میوان بە دیارییەوە دیارە[٢٧٦]

٢٧٧)- میوان جەژنی خانە خوێیە[٢٧٧]

٢٧٨)- میوان دیاری خوایە[٢٧٨]

٢٧٩)- میوان سەگی هاهایە، هەویر شلە و لێی نایە[٢٧٩]

٢٨٠)- میوان کەری خانە خوێیە[٢٨٠]

٢٨١)- میوان لە میوانی خۆش ناوێ. خانەخوێ لە هەر دوو لایێ[٢٨١]

---

[٢٧٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئامۆژگاری، یا بەسەرهاتێکی گرنگ کاری تێ نەکا، ئەبێژرێ ئەم هەموو ئامۆژگارییەی ئەکەم کەچی مێشێك میوانی نابێ، واتە یەکێك مێشێك ببێ بە میوانی چەندەی موبالات پێ ئەکات ئەم واش نییە.

[٢٧٣] چونکە دیاری خوایە.

[٢٧٤] واتە کە میوان دەنگی هات، خاوەن ماڵ خێرا ئەچێ بە پیرییەوە.

[٢٧٥] واتە رووی خۆش بوو دائەنیشێ و رووی گرژ بوو ئەڕوا.

[٢٧٦] با دیارییەکەشی کەم بێ.

[٢٧٧] چونکە ئەویش بە بۆنەی میوانەکەوە نانی ئەکەوێتە رۆنەوە.

[٢٧٨] کە رووی تێ کردی نابێ پێت ناخۆش بێ.

[٢٧٩] بە میوانێك ئەوترێ کە لەگەڵ یەکێك دەمەقاڵێی بوو لەگەڵ خانەخوێکەیا ئەم بێ ئەوەی تێ بگات هەر لەخۆیەوە تێ هەڵکات وە پشتیوانی خانەخوێکەی بکات، ئنجا چونکە نازانێ مەسەلە چییە، نازانێ بڵێ چی، وە قسەکانی لە گوێی کابرادا هیچ مەعنایەکی نییە هەر ئەوە نەبێ کە دەنگە دەنگ و حەوە حەوە.

[٢٨٠] چونکە ئەبێ بە فەرمانی ئەو هەستێ و دانیشێ.

[٢٨١] چونکە خۆی بارە بە سەر خانەخوێکەوە، ئنجا وەرە بارێکی تریشی بێتە سەر.

٢٨٢)- میوان نان ئەخۆیت؟[٢٨٢]

٢٨٣)- میوان هات خاوەن ماڵی دەرکرد[٢٨٣]

٢٨٤)- میوان و خانەخوێ کە بوو بە شەڕیان، چارەی میوان هەر ڕۆینە[٢٨٤]

٢٨٥)- میوانی بێ دیاری، کافر بێ بە حاڵی[٢٨٥]

٢٨٦)- میوانی جاروبارا، شیرین و شیرین کردارا[٢٨٦]

٢٨٧)- میوانی درەنگ وەخت گلەیی لەسەر خۆیەتی[٢٨٧]

٢٨٨)- میوانی ساتێ، جاسوسی ساڵێ[٢٨٨]

٢٨٩)- مێوژە ڕەشە، هەر چەند ڕەشە، بەڵام خۆشە[٢٨٩]

٢٩٠)- میوەی نەگەیو تاڵە[٢٩٠]

٢٩١)- میوەیەك کە گەیی ئەگەر نەیکەیتەوە ئەگەنێ[٢٩١]

---

[٢٨٢] ئەم پرسیارە لە کوردەواریی دا زۆر نەنگە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی تەوسەوە کراوە بە پەند، واتە چۆن پرسیاری وا ئەکرێ، وە چۆن شتی وا ئەوترێ.

[٢٨٣] بە میوانێك ئەوترێ، کە لە ماڵی خانەخوێکەیا خاوەن ماڵی بکات.

[٢٨٤] چونکە خاوەن ماڵ خۆی دەست لە ماڵی خۆی هەڵناگرێ.

[٢٨٥]

[٢٨٦]

[٢٨٧] واتە ئەگەر نانێکی ڕێك و پێك ئامادە نەکرا.

[٢٨٨] بە میوانێك ئەوترێ، کە هەر بۆ قسە وەرگرتن بێ بۆلات.

[٢٨٩] یەکێك ئەیلێ بە شتێکی ناشرین کە خۆی حەزی لێ بکات.

[٢٩٠] بە کچێك ئەوترێ، کە منداڵ بێ و وەختی شووی نەهاتبێ، وە بە کوڕێکی منداڵ ئەوترێ، کە وەختی ژن هێنانی نەهاتبێ.

[٢٩١] بە خاوەن کچێك ئەوترێ، کە کچەکەی وەختی شووی هاتبێ و نەیدا بە شوو.

پیتی نون

١)- نا تورێنیٚ بە گیای بەهارا[١]

٢)- نا عەلاجی سەر بەماڵی دوژمنا ئەکا[٢]

٣)- نابیٚ هەرچی گا بیکا، هەموی بخوا[٣]

٤)- ناپاك گیرفانی پڕ و رووی رەشە[٤]

٥)- ناپیاو ئەگەر ماڵی بوو بە کەعبە سەری پیا مەکە[٥]

٦)- ناخۆشی پیر، وە سەرِەشی قیر[٦]

٧)- ناخۆشی جوان، وە سەتکەی یان[٧]

٨)- نادر شلی کوتەکە[٨]

---

[١] بە یەکێك ئەوترێ، کە نەخۆش بێ بە ڕەنگێکی وا کە هیوای مانی لیٚ نەکریٚ.

[٢] بەم رەنگە یەکێك لە برسانا هاتە سەر مردن، وە هیچ نەبوو بیخوات گۆشتی سەگ و بەراز نەبیٚ، دروستە ئەوەندەیان لیٚ بخوات کە نەمریٚ، وەك قورئان ئەفەرمویٚ: (انما حرم علیکم المیتە و الدم و لحم الخنزیر و ما اهل بە لغیر الله، فمن اچگر غیرباغ و لاعاد فلا اپم علیە ان الله غفور و رحیم) واتە ئەوەی کە قەدەغە کراوە لێتان هەر مردارەوە بووە و خوێن و گۆشتی بەراز و ئەوەی کە سەر براییٚ بە ناوی غیری خواوە، ئنجا هەر کەسێك ناچار بوو (بەخواردنی یەکێك لەمانە) بە بیٚ یاخی بوون و دەرچوون لە سنور، ئەوە گوناهی لە سەر نییە، بیٚگومان خوالیٚخۆشبو میٚهرەبانە.

[٣] واتە هەموو کەسێك چی دەست کەوت، ئەبیٚ بەشێکی هەڵگریٚ بۆ پاشەرۆژ.

[٤] چونکە بۆ پەیدا کردنی ماڵی دنیا هیچی پیٚ عەیب نییە، وە هەر چی نامەردی هەیە ئەیکات.

[٥] چونکە نامەردە، نامەردیش ئەوەیە کە پێی وتراوە.

[٦] واتە هەرگیز لێی نابێتەوە تا مردن.

[٧] واتە هەر لە خۆیەوە ئەڕوا.

[٨] یەکێك ئەیلیٚ کە نەوێریٚ گوفتار یا کردارێك بکات لە ترسی یەکێکی تر.

٩)- ناز به سەر یەکێکا بکە، نازت بکێشێ[٩]

١٠)- ناز بدە بە پیاز، دێتە گازە گاز[١٠]

١١)- ناز لە ئەندازە دەرچوو، ئەبێ بە جەنگ[١١]

١٢)- نازانێ گو بخوا و کەوچك هەڵ ئەگرێ[١٢]

١٣)- نازانێ کەر بگێ و لە ئاخوڕی ئەکا[١٣]

١٤)- نازانێ هەڵپەڕێ، ئەڵێ حەوشەکەی خوارە[١٤]

١٥)- نازانم، ڕەحەتی گیانم[١٥]

١٦)- نازت بەقەد جیازت[١٦]

١٧)- نازی دیگەران بە سەر زمانە، هینی جگەران بە دیدە و گیانە[١٧]

١٨)- نازیان دا بە پیاز، دەستی کرد بە گازە گاز[١٨]

١٩)- ناعەلاجی حەرام حەڵاڵ ئەکا[١٩]

---

[٩]

[١٠] واتە خزمەتی نامەرد بکەیت، پەشیمان ئەبیتەوە چونکە قاچت ئەگرێ.

[١١] چونکە هەڵناگیرێ، ئەو حەلە جەنگ پەیدا ئەبێ.

[١٢] بەیەکێك ئەوترێ، لەرووی سوکییەو کە قسەیەك بکا، بەلام نەزانێ چۆنی بکا، وە لێی تێك بچێ.

[١٣] بە یەکێکی ناشی ئەوترێ، کە یەکێك لە ئیش بکا بە بێ سوود.

[١٤] بە یەکێك ئەوترێ کە بیانویەکی هیچ و پووچ بێنێتەوە بۆ شتێك.

[١٥] واتە وەلامێك کە زەرەری تیا بوو مەیدەرەوە، وە بڵێ نازانم.

[١٦] واتە هەموو کەسێك بەقەد کەلکی بۆ مەردوم نازی لێ قبوڵ ئەکرێ.

[١٧] جگەران: منالانی جگەرگۆشەی خۆت، دیگەران: وتەیەکی فارسییە واتە غەیری منالان و جگەرگۆشان.

[١٨] تەماشای پەندی ()بکە.

[١٩] بەم رەنگە یەکێك لە برسانا هاتە سەر مردن، وە هیچ نەبوو بیخوات گۆشتی سەگ و بەراز نەبێ، دروستە ئەوەندەیان لێ بخوات کە نەمرێ، وەك قورئان ئەفەرموێ: (انما حرم علیکم المیته و الدم و لحم الخنزیر و ما اهل به لغیر الله، فمن اچگر غیرباغ و لاعاد فلا اپم علیه ان الله غفور و رحیم) واتە ئەوەی کە قەدەغە کراوە لێتان هەر

٢٠)- نالْ بێ بزمار نابێ[٢٠]

٢١)- نان ئەو نانە، ئەمڕۆ لە خوانە[٢١]

٢٢)- نان بۆ خۆم و جۆ بۆ کەرەکەم[٢٢]

٢٣)- نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب[٢٣]

٢٤)- نان بە سەگ بدە لەبەر خاوەنی[٢٤]

٢٥)- نان بدە بە سەگ مەیدە بە سپڵە[٢٥]

٢٦)- نان بدە بە نانەوا، با نیوەی بۆ خۆی ببا[٢٦]

٢٧)- نان خۆری سفرە دڕە[٢٧]

٢٨)- نان خوردە و خانە بێزار[٢٨]

٢٩)- نان دیرەم، چ غەم دیرەم[٢٩]

مردارەوە بووە و خوێن و گۆشتی بەراز و ئەوەی کە سەر بڕابێ بە ناوی غیری خواوە، ئنجا هەر کەسێك ناچار بوو (بەخواردنی یەکێك لەمانە) بە بێ یاخی بوون و دەرچوون لە سنور، ئەوە گوناهی لە سەر نییە، بێگومان خوالێخۆشبو مێهرەبانە.

[٢٠]

[٢١] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئەمڕۆ بە هۆی دارایییەوە لە ڕوبێ.

[٢٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە داوای شتێکی لێ کردی و داتێ ئنجا داوای شتێکی ترت لێ بکا بە ناوێکی ترەوە.

[٢٣] واتە هەر کارێك ئەبێ بە خاوەنی خۆی بسپێرێ.

[٢٤] واتە خزمەتی ناکەسێك بکە لەبەر خاتری کەسێکی باشی.

[٢٥] چونکە سەگ بە وەفایە، وە سپڵە پێ نەزانە.

[٢٦] چونکە نانێکی جوانت بۆ ئەکا، وە هیچی خەسار ناکا.

[٢٧] بە مەردومی سپڵەی پێ نەزان ئەوترێ.

[٢٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئیشی خۆی بە یەکێك جێبەجێ بکا و دوای ئەوە ، ئیتر خۆی تێ نەگەیەنێ.

[٢٩] دیرەم: لە دارەمی فارسییەوە وەرگیراوە، واتە من نانم هەیە، ئیتر چ غەمێکم هەیە.

٣٠)- نان گیرا ئاو، ئاو گیرا جاو[٣٠]

٣١)- نان که بووه کەرتك، خۆی ناگرێتەوە[٣١]

٣٢)- نان که لەت بوو بە یەکەوە نانوسێ[٣٢]

٣٣)- نان و تف ئەخوا[٣٣]

٣٤)- نان و پیازیش بێ، بە قاتو نیازیش بێ[٣٤]

٣٥)- نان و نمەکیان پێکەوە خواردووە[٣٥]

٣٦)- نان، نانی گەنم و دین دینی محەمەد[٣٦]

٣٧)- نانت جۆیت و خوڵقت گەنمین بێ[٣٧]

٣٨)- نانت جۆین بێ و بێوەیی ماڵی خۆت بیت[٣٨]

٣٩)- نانت لە خوانە، خزمت لە دەورانە[٣٩]

---

[٣٠] واتە خواردن کە لە بین گیرا بە ئاو ئەچێتە خوارەوە، بەڵام کە ئاو لەبین گیرا ئەوە نیشانەی مردن و لە کفن هەڵدرونە.

[٣١] بە هەڵەیەك ئەوترێ کە پینە نەکرێ.

[٣٢] بە هەڵەیەك ئەوترێ کە پینە نەکرێ.

[٣٣] واتە زۆر هەژار و لاتە.

[٣٤] یەکێك ئەیڵێ کە هیچی نەبێ داینێ لەبەر دەمی میوانەکەیا شتێکی هیچ و پوچ و کەم و کور نەبێ، واتە ببورە.

[٣٥] واتە حەقیان بە سەریەکەوە هەیە.

[٣٦] بە خواردنێك ئەوترێ: کە لەبەر دەمتا دای بنێن، وە زۆر بە لاتەوە پەسەند بێ.

[٣٧] واتە ئەگەر سینی و خوانیشت نەبوو بۆ میوان، روت خۆش بێ و زبانت شیرین بێ، چونکە میوان ئەمەی پێ خۆشترە لەوەی سەد جۆر خواردەمەنی بۆ دانێت و مۆن بیت لەگەڵیا.

[٣٨] واتە نابێ جۆ بخۆیت و بێوەی بیت گەلی خۆشتر و باشترە لەوەی دوو ژەمە پلاو گۆشت بخۆیت بە خەم و خەفەتەوە.

[٣٩] واتە کە نان بدە بوویت و نانت لە سەر خوان بوو، خزم و کەس و کاریشت هەمیشە لە دەورووبەرت ئەبن.

٤٠)- نانت نەبێ لە تەشتێ خۆ، کورت نەبێ لە کۆشێ خۆ، تەمات نەبێ بە برایێ خۆ[٤٠]

٤١)- نانەکەش ئەخوا و سفرەکەش ئەدڕێ[٤١]

٤٢)- نانی بێ خوێ ئەخوا و تڕی سوێر ئەکەنێ[٤٢]

٤٣) نانی بە ئاو ناگات[٤٣]

٤٤)- نانی پاڵەوان هەر کەس بیخوا ئەبێ زۆران بگرێ[٤٤]

٤٥)- نانی جۆ ئەخوا و بە سابون دەست ئەشوا[٤٥]

٤٦)- نانی جۆ ئەخوات و تڕی پاقلاوە لێ ئەدا[٤٦]

٤٧)- نانی جۆ دۆی ترش، ئەخۆی بخۆ، ناخۆی چش[٤٧]

٤٨)- نانی جۆ، بێ زەحمەت دەس ناکەوێ[٤٨]

٤٩)- نانی جولەکە بخۆ و ، لە ماڵی گاور بنوو[٤٩]

٥٠)- نانی خۆی لە سەر سفرەی خەڵك ئەخوا[٥٠]

٤٠

٤١ تەماشای پەندی () بکە.

٤٢ بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر لات بێ بەڵام قسەی زل بێ.

٤٣ واتە تا نان پەیدا ئەکات ئاوی نییە، وە تا ئاو پەیدا ئەکات نان نییە.

٤٤ بە یەکێك ئەوترێ کە هەر نانی مەردوم بخوات بێ ئەوەی نانێك بە یەکێك بداتەوە.

٤٥ واتە زۆر پاك و تەمیزە.

٤٦

٤٧ یەکێك ئەیلێ بە گاڵتە و پێکەنینەوە، کە میوانێکی بێ، وە هیچ شك نەبا بۆی دابنێ، شتێکی بێنرخ نەبێ.

٤٨ واتە هەموو شتێك جۆرە رەنج و ئیشێکی ئەوێ.

٤٩ چونکە خواردەمەنی جولەکە لە هی گاور پاکترە، وە ماڵی گاور لە ماڵی جولەکە ئەمین ترە.

٥٠ بە یەکێك ئەوترێ، کە نانی خۆی بکات بە پیاوەتی خەڵك.

٥١)- نانی دڕاو پینە ئەکا[٥١]

٥٢)- نانی ڕۆم ئەخوا و خەرج بە عەجەم ئەدا[٥٢]

٥٣)- نانی شوانی چ لە هوری، چ لە توری[٥٣]

٥٤)- نانی گاورت خوارد، ئەبێ سڵاوات لە دیداری گاور بدەیت[٥٤]

٥٥)- نانی کەوتۆتە ڕۆنەوە[٥٥]

٥٦)- نانی کونە ماسی ئەخوا و پاسی جرتاوا ئەکا[٥٦]

٥٧)- نانی مەرد لە سکی نامەردا نامێنێ[٥٧]

٥٨)- نانی من و کوزەڵەی کانی، میوانی هەی میوانی[٥٨]

٥٩)- نانی مێرا، بێ منەتە، خەوی شەوا، بێ عیللەتە[٥٩]

٦٠)- نانی مێردان لە مێردان قەرزە[٦٠]

٦١)- نانی نانییە[٦١]

---

[٥١] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر وریا و دانابێ بە جۆرێك کە بتوانێ هەموو شتێك پینە بکات و دای پۆشێ.

[٥٢] بەیەکێك ئەوترێ کە بە نان و خوانی یەکێك بژی و کەچی سوودی بۆ یەکێکی تر بێ.

[٥٣] مەبەس لە هور سکە. مەبەس لە تور نانە بەرەیە، واتە نانی شوان چ لە سکیابێ، چ لە نانە بەرەکەیابێ، بە شتێك ئەوترێ کە هەر دوولای وەك یەك وابێ.

[٥٤] واتە لە هەر کەسێك بەهرەمەند بوویت ئەبێ ناوی بە باش بەریت.

[٥٥] واتە کەوتۆتە شوێنێکی باشی بە خۆراك.

[٥٦] تەماشای پەندی بکە.

[٥٧] واتە پیاوی نامەرد هیچی لە بەر چاو نییە.

[٥٨] یەکێکی هەژار ئەیڵێ بە میوانێك، کە ئەرکی زۆری نەبێ واتە کە تۆ بە نان و کوزەڵەی ماڵی من ڕازی بیت یاخوا بەخێر بێیت.

[٥٩] بە یەکێکی نان بدە ئەوترێ، کە نان و خوانی بێ منەت بێ.

[٦٠] واتە پیاو ئەبێ زوو پاداشی پیاوەتی بداتەوە.

[٦١] بە یەکێك ئەوترێ کە نان بە نان بدات.

٦٢)- نانی نییه و به ئاو کۆلاوه[٦٢]

٦٣)- نانی نییه و چاو ئەڕێژێ[٦٣]

٦٤)- نانی هاری گرتووه به دەمەوه[٦٤]

٦٥)- نانێکم خوارد بەو رۆنەوه، ئەڕۆمەوه بەو شوێنەوه[٦٥]

٦٦)- نانێکی خواردووه به رۆنەوه، هەموو رۆژێ دەچێ به شوێنیەوه[٦٦]

٦٧)- ناوبژی کەر، دڵی فراوانه[٦٧]

٦٨)- ناوکی خست[٦٨]

٦٩)- ناوکی گرتەوه[٦٩]

٧٠)- ناونیشانی پەڵە هەوره کەس[٧٠]

٧١)- ناوی به کۆرەگەی ئاشا چێ[٧١]

---

[٦٢] واته له جیاتی نانیش ئاو ئەخواتەوه.

[٦٣] واته له جیاتی نان خواردنیش هەر چاو ئەڕێژێ.

[٦٤] واته چاوی سور بووه و یاخی بووه.

[٦٥] به یەکێك ئەوترێ که له شوێنێك قازانجێکی دەست کەوتبێ، وه به تەمای ئەو قازانجه بێ، وه بۆی بچێتەوه.

[٦٦] به یەکێك ئەوترێ که سفتاحێکی کردبێ، له شوێنێك وه هەموو جارێك بەو شوێنیەوه بچێ.

[٦٧] چونکه دڵی به هیچ لایەکیان ناسوتێ.

[٦٨] واته دایچڵەکاند.

[٦٩] واته زەرەرێکی قورسی لێدا.

[٧٠] ئەگێڕنەوه که کابرایەکی شێتۆکه بووه هەر چەند پارەیەکی کۆ کردبێتەوه، بردویەتی له دەشت، له عاستی پەڵە هەورێك کردویەتی به ژێر گڵەوه، وه وایزانیوه که ئەو پەڵە هەوره له شوێنی خۆی هەر ئەمێنێ، ئنجا ئەم پەنده به یەکێك ئەوترێ که ناونیشانێکی وەك ئەو پەڵە هەوره هەڵدا بۆ شتێك.

[٧١] کۆرەگە: نێی ئاشه، به یەکێك ئەوترێ که حەزت لێی نەبێ، وه نەتەوێ ناویشی ببەیت.

۷۲)- ناوی خۆی بیستۆتەوە[۷۲]

۷۳)- ناوی سەگ برا چێوە بگرە بە دەستەوە[۷۳]

۷٤)- ناوی شات هێنا قاڵی راخە[۷٤]

۷۵)- ناوی گەورە و دێی وێران[۷۵]

۷٦)- ناوی گورگیان برد، گورگ حازر[۷٦]

۷۷)- ناوی هەیە، ناوکی نییە[۷۷]

۷۸)- نە ئاگری بی، نە هاواری گۆران[۷۸]

۷۹)- نە ئاگر و نە دوو، هیچی نابێ بە شوو[۷۹]

۸۰)- نە ئەرز قوتی دام، نە ئاسمان هەڵیکێشام[۸۰]

---

[۷۲] بە یەکێك ئەوترێ، کە ناوبانگی بێ حەیایی یا هەرشتێکی تری خۆی بیستبێتەوە، وە کەمێ لوتی بەرز کردبێتەوە.

[۷۳] بە پیاوێکی خراپی لە خوا نەترسی ستەمکار ئەوترێ، کە ناو ببرێ.

[۷٤] واتە شاتان خۆش بوێ، چونکە گەورەی هەموانە، وە مایەی یەکێتی گەل و کۆمەڵە و نیشتمانە.

[۷۵] بە یەکێك ئەوترێ، کە ناوێکی گەورەی ببێ، کەچی وەکی تریش هیچی نەبێ.

[۷٦] بە یەکێك ئەوترێ کە لە کاتی ناوبردنی لە شوێنێك کوتوپڕ حازر بێ.

[۷۷] واتە ناوی هەیە و کرداری نییە.

[۷۸] واتە باوەڕ بە هیچیان مەکە، چونکە ئەویان گڕ و کفێکە، ئەمیان هەر دەنگە دەنگێکە.

[۷۹] ئەگێڕنەوە کە خوشك وبرایەك بە رێگایەکا ئەڕۆن بارانێکی زۆریان لێ ئەدات، لە پاشانا ئاگرێك ئەکەنەوە کە خۆیانی پێ وشك کەنەوە کچەکە تومەز دەرپێکەشی تەڕ بووە، وە لەبەر براکەی رووی نایەت وشکی کاتەوە، وە لەبەر خۆیەوە ئەڵێ: (نەئاگر و نە دوو، هیچی نابێ بە شوو) براکەی ئەیەوێ لەسەر ئەم قسەیە بیکوژێ: کچەکە پێی ئەڵێ: برا گیان داوای شوو ناکەم، بەڵام مەبەستم ئەوەبوو، ئەگەر لە جیاتی تۆ مێرد بووایە رووم ئەهات بە تەواوی خۆم وشك کەمەوە، ئەگینا برا گیان بە خوا (خۆشە ئاگر خۆشە دوو، برا خاسە نەوەك شوو).

[۸۰] یەکێك ئەیڵێ کە لە ناو چەند کەسێکا تەریق ببێتەوە، بە جۆرێك کە حەز بکات لەو دەمەدا بچێ بە ناخی زەویدا.

٨١)- نه ئەم هێلكە و ڕۆنە، نە ئەم زەبرە بە قونە[٨١]

٨٢)- نـە ئەوەنـدە تـاڵ بـە، فڕێـت بـدەن، نـە ئەوەنـدەش شـیرین بـە، قوتـت بدەن[٨٢]

٨٣)- نە ئەوەندە وشك بە، بشكێت، نە ئەوەندەش تەڕ بە، بگوشرێت[٨٣]

٨٤)- نە بۆ كوێر هەڵپەڕە، نە بۆ كەڕ گۆرانی بڵێ[٨٤]

٨٥)- نە بازاڕی چۆڵ، نە شایی بێ دەهۆڵ[٨٥]

٨٦)- نە بای دیوە و نە باران[٨٦]

٨٧)- نە بە بەرخی تێر شیرم خواردنە بە كاوڕی تێر گیا[٨٧]

٨٨)- نە بە پێكەنینی زاڵم باوەڕ بكە، نە بە خۆشی زستان[٨٨]

٨٩)- نە بەرگ بۆ كوێر، نە خواردن بۆ تێر[٨٩]

٩٠)- نە بخۆیت نە بكەیت، تەماشای سای گەردنی بكەیت[٩٠]

---

[٨١] ئەگێڕنەوە كە یەكێك ئەبێ بە میوانی ماڵێك، بۆ قاوەڵتی هێلكە و ڕۆنی بـۆ ئەكـەن، بەڵام ئەوەندەی ئیش پێ ئەكەن، كابرا ئێوارێ ناتوانێ لەسەر قنگ دانشـێ، وە ئـەڵێ (نە ئەم هێلكە و ڕۆنە، نە ئەم زەبرە بە قونـە) ئنجـا ئێسـتا ئـەم پەنـدە بـە یـەكێك ئەوترێ كە خزمەتێكت بكا و بێگارێكی قورست پیا بدا.

[٨٢] واتە لە هەموو شتێكا مام ناوەندی بە.

[٨٣] واتە لە هەموو شتێكا مام ناوەندی بە.

[٨٤] چونكە بێكەڵكە، وە كەسیان بەهرەی لێ وەرناگرن.

[٨٥] واتە هەموو شتێك بە شتی خۆیەوە خۆشە، بەم ڕەنگە بازاڕ بە خەڵقەوە شـایی بـە دەهۆڵەوە و قوتابخانە بە قوتابییەوە.

[٨٦] بە مەردومی بێعار ئەوترێ.

[٨٧] واتە نە بە منالّی لە بەروبومی باوك و دایك بەهرەمەند بـووم ، نـە بـە گـەورەیی لـە ماڵ و مێرد.

[٨٨] چونكە هەر دوكیان لە ساتێكا ئەگۆڕێن.

[٨٩] چـونكە ئـەویان چـاوی نییـە تـا جـوان و ناشـیرین لێـك بكاتـەوە ئەمیشـیان تێـرە ئارەزووی خواردنی نییە.

[٩٠] بە ئافرەتێكی زۆر سپی و جوان و ناسك و نازدار ئەوترێ.

٩١)- نه بمشۆ بە گوواوێ، نە بمخەرە سەر چاوێ[٩١]

٩٢)- نە بێژە عەرەبا مەرحەبا دەریتە سەرعەبا[٩٢]

٩٣)- نە بێژە عەرەبا مەرحەبا، هەم ئەخوات و هەم ئەبا[٩٣]

٩٤)- نە پێت هەڵکەوێ لەمێخ نە بچۆ بۆ لای شێخ[٩٤]

٩٥)- نە پێڵاوی تەنگ، نە خانەی بەجەنگ[٩٥]

٩٦)- نە تەنراوە و نەهۆنراوە، بە لەشی ساغی بدرپێت[٩٦]

٩٧)- نە ترە دەنگی بێ، نەتسە بۆنی بێ[٩٧]

٩٨)- نە تووتنی جێ میز، نە کچی دایك حیز[٩٨]

٩٩)- نە خانەی سەرشیو، نەئاغا ژنی کچەتیو[٩٩]

١٠٠)- نە خسووم هەیە بکوژێ، نە گۆلکم هەیە بمژێ[١٠٠]

١٠١)- نە دەرزییە بشکێ، نە دەزوە بپچڕێ[١٠١]

---

[٩١] بە یەکێك ئەوترێ کە هێندێ جار رێزت بگرێ و هێندێ جاریش قسەی سوکت پێ بڵێ.

[٩٢] چونکە رویان زۆر قایمە، ئەوی خواردی خواردی، ئەویشی مایەوە ئەیەوێ لەگەڵ خۆیا بیبا.

[٩٣] چونکە رویان زۆر قایمە، ئەوی خواردی خواردی، ئەویشی مایەوە ئەیەوێ لەگەڵ خۆیا بیبا.

[٩٤] واتە نە بە شەو بچۆ بۆ دزی تا لە مێخی دەوار هەڵەنگوێت، نە بشچۆ بۆ لای شێخ بۆ تۆبە کردن.

[٩٥] چونکە ئەویان قاچت بریندار ئەکا و ئەمیان دڵت.

[٩٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە باسی لەبەر کردنی کاڵایەك یا خشڵێك بکات کە هێشتا دروست نەکرابێ.

[٩٧] بە یەکێك ئەوترێ کە لە هیچ روویەکەوە کەڵکی نەبێ.

[٩٨] واتە هیچیان باش نین.

[٩٩] واتە هیچیانت نەوێ.

[١٠٠] بە یەکێك ئەوترێ کە منالّ و دەست گر و پێ گری نەبێ.

[١٠١] واتە زۆر لەڕ و لاواز و رەق و تەقە.

١٠٢)- نە رەنج بۆ ناکەس، نە شین بۆ مردوو[١٠٢]
١٠٣)- نە ڕێسراوە نەچنراوە، تەقەتەقی دێ لە دواوە[١٠٣]
١٠٤)- نە ژنی نزیك باوان نە گوێرەکەی نزیك ئاوەدان[١٠٤]
١٠٥)- نە سێ ماین لە دۆڵێك، نە سێ ژن لە سەر کە مۆڵێك[١٠٥]
١٠٦)- نە ساڵی دوو بەهار، نە ژنی دووچکدار، نە پیاوی گوێ بە گوار[١٠٦]
١٠٧)- نە ساڵی لە سەرەتاوە خۆش و نە بووکی لە سەرەتاوە خێرا[١٠٧]
١٠٨)- نە سەربانی لێژ، نە بانگوشی گێژ[١٠٨]
١٠٩)- نە سەری بێ ماڵ، نە ماڵی بێ سەر[١٠٩]
١١٠)- نە سەلکی سیریت، نە قنچکی پیازیت[١١٠]
١١١)- نە سێبەری بەردان، نە بەقای مێردان[١١١]
١١٢)- نە سیر و نە پیاز، نە ئینسانی وەسواس[١١٢]

---

[١٠٢] واتە هەردووکیان بێ کەڵکە.
[١٠٣] بە شتێك ئەوترێ کە هیچی لێ نەکرابێ کەچی خۆی بۆ ئامادە بکەن.
[١٠٤] واتە ئەویان هەمیشە ئەچێتەوە ماڵی دایکی و ئەمیان هەر ساتە نە ساتێك ئەچێتە ناو دێ.
[١٠٥] واتە پێکەوە هەرگیز هەڵناکەن.
[١٠٦] دوچکە: کلکە، واتە ژنێ کە لە مێردکەی پێشووی منالی ببێ کەڵکی نییە.
[١٠٧] چونکە زۆرتر یەکەمیان لەدوایی دا، زۆر ناخۆشی کردووە، وە دووهەمیان لەدواییدا، زۆر تەمەڵ دەرچووە.
[١٠٨] واتە هەر دوکیان یەکە یەکە خراپن، ئنجا وەرە یەك بکەون.
[١٠٩] واتە هیچیان بە تەنها نرخی نییە.
[١١٠] ئەم پەندە وەك پەندی (سەلکی سیریت؟ قنچکی پیازیت) وایە.
[١١١] واتە سێبەری بەردێك کە لە بنیا دانیشیت چەندە پشتی پێ ئەبەسترێ وەفای مێردیش بۆ ژنی هەر ئەوەندە پشتی پێ ئەبەسترێ. بەلام ئەمە بەتێکرایی وا نییە، بەڵکو بۆ هێندێکە بە دەگمەن.
[١١٢]

١١٣)- نه شارەزا کوێره[113]

١١٤)- نه شارەزا وەك کوێر وایه[114]

١١٥)- نه شەیتان بینه، نه (اعوزباالله) بکه[115]

١١٦)- نه شێت بگێ و نه شێت بت گێ[116]

١١٧)- نه شیش بسوتێ و نه کەباب[117]

١١٨)- نه شیعەم و نه سوننی، بابایەکم کرنی[118]

١١٩)- نه شین بۆ بێ کەس، نه رەنج بۆ ناکەس[119]

١٢٠)- نه قازەنی، نه بازەنی، ئینه بلبلی خۆش ئاوازەنی[120]

١٢١)- نه کۆنەکانی به باخ که، نه لەدوای چون ئاخ که، نه هەتیوچه چراخ که[121]

١٢٢)- نه کەر بگێ و نه کەر بتگێ[122]

---

[113] چونکه هەر دووکیان نازانن چی بکەن.

[114] چونکه هەر دووکیان نازانن چی بکەن.

[115]

[116] واته لەگەڵ مەردومی بێ عەقڵا هەرگیز تێکەڵی مەکه.

[117] بەدو لا ئەوترێ که کارێکی خێریان به دەستەوه بێ، واته هیچ لایەکتان پەلپ لەویتریان مەگرن. به رەنگێکی وا که تووشی زەرەر ببێ.

[118] کرن: ناوی شارێکه له ئێران.

[119] بەدو لا ئەوترێ که کارێکی خێریان به دەستەوه بێ، واته هیچ لایەکتان پەلپ لەویتریان مەگرن. به رەنگێکی وا که تووشی زەرەر ببێ.

[120] ئەگێڕنەوه که سێ هەورامی له قەراغ چەمێك چاویان ئەکەوێ به کیسەڵێك، یەکێکیان ئەڵێ: ئەمه قازه، یەکێکی تریان ئەڵێ: نەخێر بازه ئەویکەی تریان که خۆی لەوان به زیرتر ئەزانێ ئەڵێ: (نه قازەنی، نه بازەنی، ئینه بلبلی خۆش ئاوازەنی). ئنجا ئێستا ئەم پەنده به یەکێك ئەوترێ که قسەیەکی وا هەڵه بکات له بابەت شتێکەوه.

[121] تەماشای پەندی بکه.

[122] تەماشای پەندی بکه.

١٢٣)- نه كەوڵ ئەبێ بە پۆست، نە دوژمن ئەبێ بە دۆست[١٢٣]

١٢٤)- نە كردی و نە خواردی لە سمێڵان مەیی[١٢٤]

١٢٥)- نە كوتەك لەگەڵ ئاغایان نە شەرع لەگەڵ مەلایان[١٢٥]

١٢٦)- نە كوندەی نزیكە ئاوان، نە ژنی نزیكە پاوان[١٢٦]

١٢٧)- نە گورگ خۆرە و نە دز بەرە[١٢٧]

١٢٨)- نە گوللەی هەیە و نە باروت،ماڵێكی هەیە رەق و رووت[١٢٨]

١٢٩)- نە گوڵی گەنمی دیوە و نە چەقچەقەی ئاش[١٢٩]

١٣٠)- نە ماڵت لەسەر شیو بێ، نە ژنت كچە تیو بێ[١٣٠]

١٣١)- نە ماڵی هەیە رەحمان بیبا، نە دینی هەیە شەیتان بیبا[١٣١]

١٣٢)- نە هاواری گۆران، نە سۆفیەتی ژنان[١٣٢]

١٣٣)- نە هەرشتەی ماش، نە پلاوی باش[١٣٣]

---

[١٢٣] واتە چۆن بەرگ و كالاّ نابێ بە پێستی ئەندام، دوژمنیش نابێ بە دۆست.

[١٢٤] واتە هیچی نەكردووە و هیچی نەخواردووە بە سمێڵیەوە مەیوە، بە یەكێك ئەوترێ كە لە كارێكا نەبێ كەچی نیشانەی ئەو كاریە پێوەبێ، وەك یەكێك ئاردی نەدزی بێ و كەچی شانی ئارداوی بێ.

[١٢٥] واتە نە بە كوتەك دەرەقەتی ئاغا دێت نە بە شەرع دەرەقەتی مەلا دێت.

[١٢٦] چونكە یەكەمیان هەمیشە وشك و برنگ و بێ ئاوە، لەبەر ئەوەی كە نزیكە لە ئاوەوە، هەموو كەس ئەڵێ: ئاوی تێكراوە، دووهەمیان هەمیشە لە ماڵە باوانێتی، مەگەر بە دەگمەن مێرد بیبینێ.

[١٢٧] بە شتێكی بێ نرخ ئەوترێ.

[١٢٨]

[١٢٩] بە یەكێك ئەوترێ بە تەوسەوە، كە لە شتێكا خۆیت لێ گێل و هەڵە بكات.

[١٣٠] چونكە ئەم دوانە هەمیشە بۆگەن ئەدەنەوە.

[١٣١] بە یەكێك ئەوترێ نە دینی ببێ و نەدنیا.

[١٣٢] چونكە یەكەمیان زۆر دەم بە هاوار و دووهەمیان هیچ ئیعتبارێكی پێ نییە.

[١٣٣] وادیارە ئەم كابرایەی كە ئەم پەندەی وتووە، میوانی یەكێك بووە كە چێشتی هەرشتەی بۆ ردوە بە ماش، لەجیاتی ئەوەی كە بە نیسك بۆی بكات، ئەمیش ئەبێ

١٣٤)- نه هێنده تاڵ به فرێت بدەن، نه هێنده شیرین به قوتت بدەن[١٣٤]

١٣٥)- نه هێنده وشك به بشكێت، نه هێنده تەڕ به بگوشرێت[١٣٥]

١٣٦)- نەبونی، شورەیی نییه[١٣٦]

١٣٧)- نەخۆش، میوانی خوایه[١٣٧]

١٣٨)- نەخۆشه، شەكر و شیری پێ خۆشه[١٣٨]

١٣٩)- نەخشی روی ئاو زو تێك ئەچێ[١٣٩]

١٤٠)- نەدار دەبێته ماشه، نه كەر ئەبێته پاشا[١٤٠]

١٤١)- نەداربێ و نه پەردو لەعنەت بێ له هەر دو[١٤١]

١٤٢)- نەدی وبدی، كوڕێكیان بوو كێر و گونیان بڕی[١٤٢]

١٤٣)- نەرمۆكەی بن كایێ، ئاگرت بەردا دنیایێ[١٤٣]

وتبێتی كه تا ئێستا شتی وای نەدیوه، كابرای خانەخوێش ئەبێ عوزری بۆ هێنابێتەوه. كه نەیتوانیوه پلاوێكی باشی به دایك و باوكی بۆ بكا، كابرای میوانیش ئەڵێ: كه پلاوی باشت بۆ نەكرا، با شتێكی مام ناوەندی بوایه له بەینی ئەم دوانەدا، واته نه وەك ئەویان باش، نەوەك ئەمیان خراپ.

[١٣٤] واته له هەموو شتێكا مام ناوەندی به.

[١٣٥] واته له هەموو شتێكا مام ناوەندی به.

[١٣٦] بەڵام گەلێ بوون به شوورەییه.

[١٣٧] واته زۆری لێ مەكه بۆ خواردن.

[١٣٨] به یەكێك ئەوترێ كه ناز و نووز بكات بۆ شتێكی باش.

[١٣٩] به كارێك ئەوترێ، كه بناغەی نەبێ، وه هەر قسه بێ.

[١٤٠] ماشه: مەقاشه.

[١٤١] به دوو كەسی خراپ ئەوترێ، كه یەكێك بڵێ فلانیان له فلانیان باشتره.

[١٤٢] به یەكێك ئەوترێ، شتێكی وای دەست كەوتبێ كه به خۆیەوه نەدیبێ، وه هەر بیگرێ به دەستەوه و نەزانێ چی لێ بكا.

[١٤٣] به یەكێكی بێ دەنگ ئەوترێ، كه به بێ دەنگی ئاژاوەیەكی نابێتەوه.

١٤٤)- نەزان بەپێیەك زانا بە دوو پێ تێ ئەكەوێ[١٤٤]

١٤٥)- نەزمێ دەزانێ، ئەویش سێ پێیە[١٤٥]

١٤٦)- نەچیتە ناو ئاوی، مەلە فێر نابێ[١٤٦]

١٤٧)- نەفس ئەگەر بگریت مشتێكە، بەری دەیت دەشتێكە[١٤٧]

١٤٨)- نەقڵی كفر، كفر نییە[١٤٨]

١٤٩)- نەقیزە ئەزانێ كەر بە كوێدا ئەڕوا[١٤٩]

١٥٠)- نەكردە كارێ، چۆن ئەبا بارێ[١٥٠]

---

[١٤٤] بە یەكێكی ساویلكەی كەڕەواڵە ئەوترێ، كە بە ساویلكەیی خۆی لە هێندێ شت رزگار ببێ. ئەگێڕنەوە كە كابرایەكی كەڕەواڵە، لەبەرهەژاری ژنی بۆ نایەت، لەگەڵ حاكمی ئەو شوێنەدا سەر وساختی ئەبێ، حاكمەكە رۆژێ لێی ئەپرسێ تۆ بۆ ژن ناهێنیت؟ ئەویش ئەڵێ پارەم نییە حاكمیش ئەڵێ من سەد قرانت ئەدەمێ ژنێكی پێ بێنە، بەڵام بەو مەرجەی كە هێنات لە پێشەوە بۆ شەو و رۆژێك بی هێنیت بۆ ماڵی ئێمە چاوم پێ بكەوێ بزانم چۆنە، ئەمیش ئەڵێ: باشە، لە پاشا پارەكەی لێ وەرئەگرێ، وە ژنێكی جوانكیلەی پێ ئەهێنێ لە پاش چەند رۆژێك ئەچێ بۆ لای حاكم لێی ئەپرسێ ژنەكەت گواستەوە؟ ئەڵێ بەڵێ، ئەڵێ: ئەی بۆ نەت هێنا بۆ ماڵی ئێمە تا بیبینم، ئەمیش ئەڵێ بە خوا پێم وت نەهات، وە وتی: من ناچم چونكە نازانم منی بۆچییە؟ حاكمەكەش ئەڵێ: من هیچی لێ ناكەم هەر ترێكی پیا ئەكەنم، كابراكەش بە هەموو سادەییەكەوە ئەڵێ: ئنجا قوربان تۆ ترەكە بكەنە بە (....) ی منا، منیش ئەچم پیا ئەماڵم، بەم رەنگە كابرا رزگاری ئەبێ، وە ژنێكیشی دەست ئەكەوێ، وە حاكمیش بە نائومێدی ئەمێنێتەوە .

[١٤٥] بە یەكێك ئەوترێ كە خوویەكی ناشرینی ببێ، وە هەر چەند پێی بلێیت دەستی لێ هەڵ نەگرێ.

[١٤٦] واتە فێربوونی هەموو شتێك جۆرە هەوڵ و تەقەلایەكی ئەوێ.

[١٤٧] واتە ئارەزووی ئادەمی بێپایانە، ئنجا ئەگەر لغاوی بگریت ئەوا لە شوێنی خۆی ئەوێستێ، وە ئەگەر لغاوی بەر بدەیت ئەوا بۆت ناگیرێتەوە.

[١٤٨]

[١٤٩] تەماشای پەندی (كوتەك ئەزانێ قۆناغ لە كوێیە) بكە.

[١٥٠] بە یەكێكی نەشارەزا ئەوترێ، كە ئیشێكی وای پێ سپێرا بێ كە هیچی لێ نەزانێ.

١٥١)- نەگبەتی باشە، قۆرتی خراپە[١٥١]

١٥٢)- نەڵێیت کوا ماڵت، ناڵێم کوا قەبرت[١٥٢]

١٥٣)- نەم دیایە باوکت، ئەمردم لە عەزرەت دایکت[١٥٣]

١٥٤)- نەمرێ و نەچێ، لەخۆی ئەچێ[١٥٤]

١٥٥)- نەهاتی خۆشە، قۆرتی ناخۆشە[١٥٥]

١٥٦)- نەوشیروان حاکم بێ و بەختەك وەزیر بێ سەد کەلاوە بە پارەیەك[١٥٦]

١٥٧)- نرخێکە و شاعەباس بڕیویّتی[١٥٧]

١٥٨)- نزیکە لە خۆشیانا شادە مەرگ ببێ[١٥٨]

١٥١

١٥٢ واتە یەکێك هەواڵم نەپرسێ، هەواڵی ناپرسم.

١٥٣ لە رووی سووکیەوە بە یەکێك ئەوترێ کە لە خۆی گۆڕابێ.

١٥٤ واتە ئەم منداڵە نەمرێ و بمێنێ، لەباوکی ئەچێ، یا لە دایکی .

١٥٥ بە یەکێکی هەژاری دەست کورت ئەوترێ، کە تووشی قۆرتێکی تر بووبێ لە نەخۆشی یا مردوو مردن.

١٥٦ ئەگێڕنەوە کە نەوشیروان لە سەرەتاوە زۆردار و ستەمکار بووە، وەزیرێکی بووە ناوی (بەختەك) بووە، هەر چەند ئەکات بەختەك نازانێ چۆن ئامۆژگاری نەوشیروان بکا، رۆژێك نەوشیروان و بەختەك بە ناو شاری (مداین) دا ئەگەڕێن، لە کەلاوەیەکدا دوو کوندەبەبوو ئەبینن بەسەر دارێکەوە. یەك لەدوای یەك ئەخوێنن، واش دەنگ بڵاو بووە لە ناو خەڵقا کە گۆیا بەختەك زبانی باڵندە و گیان لەبەران ئەزانێ. بەم بۆنەیەوە نەوشیروان لە بەختەك ئەپرسێ: ئەم دوو کوندەبەبووە چی ئەڵێن؟ ئەمیش ئەڵێ پاشام یەکێکیان خوازبێنی کچی ئەوتریان ئەکا بۆ کوڕی خۆی ئەویشیان پەڵپی مارەییەکی زۆر سەیر لێ ئەگرێ، ئەڵێ ئەبێ کچەکەم لە سەر سەد کەلاوە مارە بکرێ، نەوشیروانیش ئەڵێ: ئەی ئەم ئەڵێ چی؟ بە خوا پاشام ئەمیش ئەڵێ: نەوشیروان حاکم بێ و بەختەك وەزیر بێ سەد کەلاوە بەپارەیەك لەسەر ئەم قسەیە نەوشیروان تەوبە ئەکات، وە دەست لە زۆر و ستەم هەڵ ئەگرێ، ئنجا ئێستا ئەم پەندە بە یەکێکی ستەمکار ئەوترێ کە لە جیاتی وڵات ئاوا بکاتەوە وێرانی بکات.

١٥٧ واتە ئەم شتە لەو نرخە کەمتر نییە.

١٥٨ بە یەکێك ئەوترێ ، کە زۆر کەیف خۆش بێ.

١٥٩)- نمەك ئەخوا و نمەكدان ئەدڕێنێ[١٥٩]

١٦٠)- نمەكی سوێرە[١٦٠]

١٦١)- نوێ هاتن، كونە خەلاتن[١٦١]

١٦٢)- نوێژ لە سەر داوێنی بكە[١٦٢]

١٦٣)- نوێژكەریت نورینیت، فرمانكەریت شیرینیت[١٦٣]

١٦٤) نۆ بكە بە سێ[١٦٤]

١٦٥)- نۆ عەربە خۆی لە سكیا گیر ئەبێ، دوو قسە لە زگیا گیر نابێ[١٦٥]

١٦٦)- نۆكەری بێجیرە و موچە، تاجی سەری ئاغاس[١٦٦]

١٦٧)- نۆكێك بە نۆ پارو ئەخوا[١٦٧]

١٦٨)- نێر بێ و مێ بێ بۆ دۆی ئەوێ[١٦٨]

١٦٩)- نێرە بیدۆشە[١٦٩]

١٧٠)- نێرە قیتێ، هەرچی ئەبینێ دڵی ئەچێتێ[١٧٠]

---

[١٥٩] واتە سپڵە و پێ نەزانە.

[١٦٠] بە یەكێكی دەست داری خزمەت گوزار ئەوترێ كە خزمەتی هەر كەسێك بكا، لێی هەڵگەڕێتەوە وە خراپەی بڵێ.

[١٦١] واتە كە نوێ هات، كۆنە ئەبێ بەخەڵات.

[١٦٢] واتە زۆر موسڵمان و لەخوا ترسە.

[١٦٣] بە بەردەست ئەوترێ، كە لە ماڵا كە پیشەیان ئیش كردنە، واتە ئەگەر ئەتەوێ شیرین بی ئیشكەربە. وە ئەگەر ئەتەوێ نورانی بیت نوێژكەر بە.

[١٦٤] واتە نۆ مانگی خۆشیانی ساڵ هەوڵ بدە بۆ سێ مانگ زستان.

[١٦٥] عەربە: چوار ربەی سلێمانییە، بە یەكێك ئەوترێ كە نەتوانێ قسەیەكی نهێنی هەڵگرێ.

[١٦٦] بە یەكێك ئەوترێ كە بە بێپارە و موچە ئیش بكا بۆ یەكێك.

[١٦٧] واتە زۆر رژد و چروكە.

[١٦٨] بە یەكێك ئەوترێ، كە هەر چێكی دەست كەوێ بیخوات.

[١٦٩] بە یەكێك ئەوترێ، كە لە سەر قسەیەكی ناڕەوایخۆی لانەچێ و هەر بمێنێتەوە.

[١٧٠] بە یەكێك ئەوترێ چاوی بە هەرشتێك بكەوێ حەزی لێ بكات.

١٧١)- نێرەکەر بە بارە تەنگزەوە ئەگێ[١٧١]

١٧٢)- نێرەکەریان کرد بە سەر پشك، کێری گەورەی بۆ خۆی هەلگرت[١٧٢]

١٧٣)- نیرگە، لە تویسی هەل نەکە فتگە[١٧٣]

١٧٤)- نێزە لە پێشا ئەبێ جێی بکەیتەوە ئنجا بیدزیت[١٧٤]

١٧٥)- نیشانەی رۆژ لە بنە رۆژەوە دیارە[١٧٥]

١٧٦)- نیشانەی شت لە یەکەم رۆژەوە دیارە[١٧٦]

١٧٧)- نێچیری خۆت لە دەست دەر مەکە[١٧٧]

١٧٨)- نینۆك درێژ بوو شەیتان نوێژی لە سەر ئەکا[١٧٨]

١٧٩)- نینۆك و گۆشت لێك نابن[١٧٩]

١٨٠)- نیوەی هەزار پێنج سەدە[١٨٠]

---

[١٧١] تەنگز: دڕکە، بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر حەشەری بێ، وە بە هیچەوە نەوێستێ.

[١٧٢] بە گەورەیەك ئەوترێ، کە بەشی زۆری بۆ خۆی هەلگرێ.

[١٧٣] توێسی: گیایەکی دڕکاوییە جەوی دەرئەکات، واتە پیاوی گەورە لە خێزانی نەرم و نەخوێندەوار هەلّ ناکەوێ.

[١٧٤] واتە تا نەزانیت شتێکت بۆ ئەچێتە سەرمەیکە.

[١٧٥] واتە هەموو کارێك لە سەرەتاوە دیارە کە چۆن ئەبێ.

[١٧٦]

[١٧٧] واتە ئەو هەلەی بۆت هەلّ ئەکەوێ لە دەستی مەدە.

[١٧٨] واتە هەرگیز نینۆکت درێژ مەکە، چونکە چلّك و پیسی لە ژێریا کۆ ئەبێتەوە، نەخوازەلا لە کاتی تارەت گرتنا.

[١٧٩] واتە پێویست بە یەکن.

[١٨٠] بە یەکێك ئەوترێ کە درێژە بە قسەیەك بدا، واتە بیبڕەوە چونکە قسەکە ئاشکرا بوو لە هەموو لایەکەوە.

پیتی واو

١)- وا دەكەم داكم ئەمرێ، وا دەكەم بابم ئەمرێ[١]

٢)- وا نەدڕاوە، پینە بكرێ[٢]

٣)- واتە تانەی بێژی، نەی وێژی[٣]

٤)- وامزانی ئەم گومەزە شەخسی تیایە[٤]

٥)- وای لە قوونێ، وای لە دۆشاوێ[٥]

٦)- وە بیرم بدێرە، بە ملاك بۆم بنێرە[٦]

٧)- وەجاخزادە بە ئیشارە و ناوەجاخ بە كوتەك[٧]

---

[١] ئەم پەندە لە مەعنای پەندی (لەم لاتەڕۆم ئاو ئەمبا، لەولا ئەڕۆم گورگ ئەم خوا) دایە.

[٢] بە هەڵەیەك ئەوترێ، كە ئەوەندە زل بێ پینە نەكرێ.

[٣] واتە قسە تا لە بێژنگ و هێلەكی نەدەیت نەیڵێت.

[٤] گومەز: لە كوردستانا، بە زۆری پیرێكی تیا نێژراوە، بە یەكێكی بە سەر و سورەت ئەوترێ، كە تۆ ، بە مرۆڤێكی ژیری تێگەیشتووی بە نرخی بزانیت، كەچی وانەبێ.

[٥] ئەگێڕنەوە كە كوڕێك، دوو مەشكە دۆشاو ئەبا بۆ فرۆشتن، لە ڕێگا تووشی كابرایەكی نامەرد ئەبێ، تەمەعی تێ ئەكات، وە وانیشان ئەدا كە گوایە ئەیەوێ دۆشاوەكەی لێ بكڕێ، وە داوا ئەكا كە نیشانی بدا، كوڕەكەش دەمی مەشكەكانی بۆ ئەكاتەوە، كابراش لە دوای تەماشا كردنیان ئەڵێ نامەوێ، وە دەمی هەر دوو مەشكەكە بە كراوەیی ئەداتەوە دەست كوڕەكە، ئەمیش دەمی هەر مەشكەیەی بە دەستێك ئەگرێ، لە پێش ئەوەی كە بیان بەستێتەوە كابرای نامەرد سواری ئەبێ، كوڕە نازانێ چی بكات، دەست لە مەشكەكان بەرئەدا دۆشاوەكە ئەڕژێ، دەستیان لێ بەر نادا كابرا تەنگە تاوی كردووە، ئنجا بەم بۆنەیەوەئەڵێ: (وای لە قوونێ، وای لە دۆشاوێ).

[٦] ملاك: كەوچكی چێشت پێخواردن، واتە تۆ یادم بكە با بە كەوچكێك چێشتیش بێ كە بۆم بنێریت.

[٧] چونكە ئەویان شەرمی بە خۆیەتی، نەك ئەمیان.

٨)- وەجاخزادە هانینی گرانە و راگرتنی ئاسانە[٨]

٩)- وەجرتەی خۆت پێ ناکەنیت، وە بڵەی من پێ ئەکەنیت؟[٩]

١٠)- وەحەی لێکەیت ئەچێتە گاگەل[١٠]

١١)- وەختی چزوبز، ئەمانکەن بە دز، وەختی کەڵك و کار ئەمانکەن بە یار[١١]

١٢)- وەختێك بووك و خەسو رێك ئەکەوێ، کە حوشتر بە پەیژەدا سەر بکەوێ[١٢]

١٣)- وەرە ئەم کەرە لەم قورە دەربێنە[١٣]

١٤)- وەستای قسان، کۆڵەواری دەستان[١٤]

١٥)- وەستای نجار، بنو بێ خەم و خەیاڵ، خوا یەکە و دەرگەی هەزار[١٥]

١٦)- وەفای مێردی، سێبەری بەردی[١٦]

---

[٨] چونکە خۆی بە هاوسەری هەموو کەسێك نازانێ، بەڵام دوای ئەوەی کە هات ئیتر دەنگی لێ دەر ناچێ.

[٩] ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی جرتاویی و کابرایەکی بڵەسەنیی یەکانگیر ئەبن، کابرای یەکەم لە کابرای دووهەم ئەپرسێ، کوێندەریت؟ ئەمیش ئەڵێ بڵەسەنیم، کابرای جرتاویی بە (بڵە، بڵە) ئەکەوێتە گاڵتە پێ کردنی، ئەمیش ئەڵێ (وەجرتەی خۆت پێ ناکەنیت، وە بڵەی من پێ ئەکەنیت؟) واتە مەردوم ئەبێ خەریکی نەنگی خۆی بێ، نەك نەنگی ئەم و ئەو.

[١٠] واتە زۆر کەرە.

[١١] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە وەختی خۆشی و رابواردنا نەیەڵێ بچیت بە لایا، لە وەختی ئیش و بێگاریشا بتخوێنێتەوە.

[١٢] واتە خۆ ئەمیان هەرگیز نابێ، کەواتە ئەویشیان نابێ.

[١٣] بە یەکێك ئەوترێ کە بتەوێ پینەی قسەیەکی بکەیت، کەچی لەو میانەدا هەڵەیەکی تر بکات کە تۆ نەتوانیت بۆی پینە بکەیت.

[١٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە بەگوفتار تەواو بێ، بەڵام بە کردار هیچی لەدەست نەیەت.

[١٥] تەماشای چیرۆکی پەندی (خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە) بکە.

[١٦] واتە زۆر مێرد لەگەڵ ژنی خۆیا بێ وەفایە، وە ژنەکەی وەك لە بن سێبەری بەردێکا دانیشتبێت وایە کە لە دوای پێنج دەقیقە نەمێنێ.

١٧)- وەك ئاردی بەڕو بە پەینکەی خۆی نابێ[١٧]

١٨)- وەك ئاگری بن کا وایە[١٨]

١٩)- وەك ئەسپێی کراسە کۆن وایە[١٩]

٢٠)- وەك بازەکەی فلاّن کەس وایە بە مریشکی ئاوایی فێرە[٢٠]

٢١)- وەك بە بەرزیی دا ئەڕوانیت، بە نزمیشا بڕوانە[٢١]

٢٢)- وەك تڕی بن گۆم ڕۆی[٢٢]

٢٣)- وەك پەشتەماڵی حەمام هەر ساتە بە بەر یەکێکەوەیە[٢٣]

٢٤)- وەك پیازی عەودالاّن، خواردنی هەیە و بردنی نییە[٢٤]

٢٥)- وەك حوشتری ناو پەموو وایە[٢٥]

٢٦)- وەك خەنجەری دەبان لە کالانا ناوەستێ[٢٦]

٢٧)- وەك سەگە بە مانگەشەو بوەڕێ وایە[٢٧]

٢٨)- وەك سەگی پێ سوتاو وایە[٢٨]

٢٩)- وەك سووژن بێ کەسە[٢٩]

---

[١٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە ئیش و کاری تێکەڵ و پێکەڵ و بیری پەرت بێ.

[١٨] بەیەکێك ئەوترێ، کە بەپەنهانی دوو زبانی بکات، وە ئاگری ئاژاوە و ئاکۆکی هەڵ گیرسێنێ.

[١٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە قسە زۆر برنگێنێتەوە وە لە مەردوم نەبێتەوە.

[٢٠] بە زۆردارێکی ستەمکار ئەوترێ، کە بتوانێ زۆر و ستەم هەر لە ئەهلی ئاوایی یەکەی خۆی بکا، وە هەر بەوان بوێرێ.

[٢١] واتە وەك تەماشای خۆت ئەکەیت تەماشای مەردومیش بکە، بە یەکێك ئەوترێ، کە هەر قازانجی خۆی بوێ.

[٢٢] بە شتێك ئەوترێ، کە بکرێ و کەس پێی نەزانێ، یا لە بیر بچێتەوە.

[٢٣] بە یەکێك ئەوترێ کە هەر ڕۆژەی لەگەڵ یەکێکا بێ.

[٢٤] پیازی عەودالاّن لەبەر ناسکی نابرێتە دەرەوە، وە بۆ دوور نابرێ.

[٢٥] بە یەکێکی درێژ داهۆڵ ئەوترێ، کە لەگەڵ چەند منالێکا یاری بکات.

[٢٦] بە یەکێك ئەوترێ کە جەوهەرێکی ببێ و دەری خات.

[٢٧] بە یەکێك ئەوترێ، کە ناوی پیاوێکی گەورە بەخراپ ببا.

[٢٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر خوێڕی و گەڕۆك بێ.

٣٠)- وەك چرا شەوقی بۆ ژێر خۆی نییە[٣٠]

٣١)- وەك چراوایە سێبەری بۆ خۆیەتی و تیشکی بۆ بێگانە[٣١]

٣٢)- وەك گای عەلی خۆی ئەلێسێتەوە[٣٢]

٣٣)- وەك گای مارۆ وایە[٣٣]

٣٤)- وەك گەنمە قەندەهاری هەموو شتێکی لێ دێ[٣٤]

٣٥)- وەك گو، وایە تا چیلکەی تێوەژەنی، بۆن ئەداتەوە[٣٥]

٣٦)- وەك گورگ بە دەم خشپەوە ئەچێ[٣٦]

٣٧)- وەك گوریسی گاگێرە وایە[٣٧]

٣٨)- وەك گوریسی ناو هەمانە وایە[٣٨]

٣٩)- وەك گولۆڵە بەفر، هەتا تلەوە بێ گەورەتر ئەبێ[٣٩]

٤٠)- وەك گیسك لە دایکی خۆی هەڵدێ[٤٠]

٤١)- وەك کەپەکی لێ هاتووە، بە پەینکەی خۆی نابێ[٤١]

٤٢)- وەك کەری دەروێش سەر بە هەموو ماڵێکا ئەکا[٤٢]

---

[٢٩]

[٣٠] بە یەکێك ئەوترێ کە قازانجی هەر بۆ بێگانە بێ نەك بۆ کەس و کاری خۆی.

[٣١] بە یەکێك ئەوترێ کە قازانجی هەر بۆ بێگانە بێ نەك بۆ کەس و کاری خۆی.

[٣٢] چیرۆکی ئەم پەندە لە پەندی (بوە بەگای مام عەلی) دا نووسراوە.

[٣٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە هەموو لایەکەوە دیار بێ.

[٣٤] بە یەکێکی بە جەوهەر ئەوترێ، کە هەموو شتێکی لێ بێ.

[٣٥] بەمەردومی پیسی ناپاکی قەبەی دەم دڕاو ئەوترێ.

[٣٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە هەر لایەکەوە سوسەی شتێکی کرد دوای کەوێ.

[٣٧] بە یەکێك ئەوترێ کە جڵەوی کاری لە دەست دەرچووبێ.

[٣٨] واتە زۆر بە پێچە.

[٣٩] بە کارێك ئەوترێ، تا دەستی بدەیتێ خراپتر ببێ.

[٤٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە فو لە دۆ ئەکا.

[٤١] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەبەر ئیش و کار زۆری سەری لێ شێوابێ، وە ئیشەکانی لەیەك پچڕابێ.

٤٣)- وەك کەری دێز وایە حەزی بە تۆپینی خۆی و زەرەری ساحێبی ئەکات[٤٣]

٤٤) وەك کەری ناو جۆگە لە هەر دوو لا ئەخوا[٤٤]

٤٥)- وەك کەڵەشێری ناوەخت وایە[٤٥]

٤٦)- وەك کەو چو[٤٦]

٤٧)- وەك کێشکەی بەچلانە[٤٧]

٤٨)- وەك مۆم وایە روناکی بۆ ژێر خۆی نییە[٤٨]

٤٩)- وەك ماری بێ ئیجازە وایە[٤٩]

٥٠) وەك ماری پێ لەزگە[٥٠]

٥١)- وەك ماستی مەیو وایە[٥١]

٥٢)- وەك ماسی وایە، جارێ سەر ئاو ئەکەوێ جارێ ژێر ئاو[٥٢]

٥٣)- وەك مامە خەمە وایە[٥٣]

٥٤)- وەك مریشك وایە لە سەر خەرمانی گەنم هەڵیگرە، لە گودا چینە ئەکا[٥٤]

---

[٤٢] بەیەکێك ئەوترێ، کە هاتوچۆی هەموو شوێنێك بکات.

[٤٣] بە مەردومی زۆر حەسود ئەوترێ کە زیان بە مەردوم بگەیەنێ با خۆشی لە پێناوی ئەوەدا تووشی زیان بێ.

[٤٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە دوو لا بەهرەمەند بێ.

[٤٥] بەیەکێك ئەوترێ، کە هەموو کارێکی لە ناوەختا بێ.

[٤٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە قسەیەك یا بە بینینی یەکێك وابچێ قسەی بۆ نەکرێ.

[٤٧] بە خواردنێکی کەم ئەوترێ، کە لە بەردەمی چەند زەلامێکا دابنرێ، واتە ئەم خواردنە وەك چۆلەکەیەك وایە کە بۆ چل کەس دابنرێ.

[٤٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە خزمەتی بێگانە بکا، وە خزمەتی خزم و خوێشی خۆی نەکا.

[٤٩] بە یەکێك ئەوترێ کە زۆر خراپ بێ و هەرگیز لێی دڵنیا نەبن.

[٥٠] بە یەکێك ئەوترێ کە بیری خۆی هەرگیز دەرنەبڕێ.

[٥١] بە یەکێکی سەر راست ئەوترێ، کە لەهیچ شتێکا سەرپێچی نەبێ.

[٥٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە هیچ ئەرکێکی بە سەرەوە نەبێ.

[٥٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە هەموو شتێك خەفەت بخوا.

٥٥)- وەك میزی حوشتر هەر بۆ دواوە ئەگەڕێتەوە[٥٥]

٥٦)- وەك مێشە سەگانە وایە، بە هەر شتێکەوە نیشت لێی نابێتەوە[٥٦]

٥٧)- وەك ناجێکەی ئەحمەدی ساغا لە وەختی راوا گوی دێ[٥٧]

٥٨)- وەك نسکێنە هەل ئەچێ[٥٨]

٥٩)- وەك نێرەکەرەکەی عوزمێر پێغەمبەر وایە زەڕینی هەیە و پەڕینی نییە[٥٩]

٦٠)- وەك نیسك وایە بەروپشتی بۆ نییە[٦٠]

٦١)- وەك هەڵمات وایە، باری بۆ نییە[٦١]

٦٢)- وەك هێلکە و رۆنی سەر کلاو رۆژنە وایە[٦٢]

٦٣)- وەکا چالەکە وایە، تا لێی دەی قەڵەو ئەبێ[٦٣]

٦٤)- وەلی، وەلی ئەناسێ[٦٤]

---

[٥٤] بە یەکێکی پەست ئەوترێ کە لە پیشەیەکی بەرز بیهێننە خوارەوە بچێ دەست بداتە کارێکی پەست.

[٥٥] بە شتێك ئەوترێ، کە پاشەوپاش بگەڕێتە دواوە.

[٥٦]

[٥٧] ئەگێڕنەوە کە ئەحمەدی ساغا تانجییەکی بووە هەموو جارێك لە وەختی راوا گوی کردووە، تا نێچیرەکەی لە دەست دەرچووە، ئێستا بە هەموو کەسێك ئەوترێ، کە لە کاتی هەلێکا بە شتێکی هیچ و پووچەوە خەریك بێ تا هەلەکەی لە دەست دەرئەچێ.

[٥٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە تووڕە و تڕۆ بێ.

[٥٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە گوفتاری ببێ و کرداری نەبێ.

[٦٠] بە مەردومی دوو ڕوی دوو زبان ئەوترێ.

[٦١] بە یەکێك ئەوترێ کە هەر ساتەی لەسەر باری بێ.

[٦٢] بە ئیشێك ئەوترێ، کە لە شوێنێك بێ، وە تۆ لە شوێنێکی دوور هەوڵی بۆ بدەیت، کە ئەو هەوڵە بێ کەڵك بێ، واتە ئەگەر ئەتەوێ ئەو ئیشە ببێ، بچۆ بۆ شوێنی خۆی لەوێ هەوڵی بۆ بدە.

[٦٣] چالەکە: دەعبایەکی پانکەڵەی چوار پێی قەڵەوە، گۆشتی ئەخورێ.

[٦٤] واتە هەموو کەسێك هاوبیری خۆی ئەناسێ.

٦٥)- وتی ریشت بگرم، دنیات پێ بگێڕم، وتی خۆ تۆشم هەر لەگەڵایت[٦٥]

٦٦)- وتی گاسوور من رق تۆ رق، بزانین کاممان ئاخری ئەیبەینەوە؟![٦٦]

٦٧)- وتی: بێنە مەلا، وتی ئەستغفرالله، وتی هانێ مەلا! وتی بارەك الله[٦٧]

٦٨)- وتی: رۆستەم نێر بوو، یا مێ[٦٨]

٦٩)- وتی: سواربوونی حوشتر زۆر خۆشە، وتی: ئەی خۆت بۆچی سوار نابی[٦٩]

٧٠)- وتی: میمکە ها جەرە کەچەڵە دایکم وتی دیزەیێ دۆمان بۆ بنێرێ، وتی: ئەو زمانە شیرینەی دایکت هەیەتی، شەپێ کەرەشی بۆ ئەنێمە بانی[٧٠]

٧١)- وتی: نێرە، وتی: بیدۆشە[٧١]

٧٢)- وتیان ئێستر: باوکت کێیە؟ وتی خاڵم ئەسپە[٧٢]

٧٣)- وتیان بە بەراز: بۆ بە رۆژ دەرناکەوێ؟ وتی: لەبەر ئیشە باشەکانی شەوم[٧٣]

---

[٦٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە بیبەوێ ئابڕوی یەکێکی تر بەرێ، کەچی ئابڕوی خۆشی پێ بچێ.

[٦٦] واتە ئەگەر دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتێك، مان لە یەك بگرن، ئاخری هەر بە زەرەری بێدەسەڵاتەکە تەواو ئەبێ.

[٦٧] جاران مەلا مانگانەیان نەبووە، نە لە لایەن دەوڵەت و نە لە لایەن ئاواییەوە، ماوەتەوە چەند تەنەکەیەك گەنم و جۆ و چەند مەڕ و بزنە لاتێك کە ساڵە و ساڵ بە ناوی زەکاتەوە وەریان گرتووە لەبەر ئەوە زۆر دەست کورت بوون، بێزیشیان نەهاتووە باسی هەژاری خۆیان بکەن، یا داوای شت بکەن یا کارێکی ناشایستە رویان تێ بکا، یا شتێ: وەربگرن بەرانبەر بە وەرامێکی شەرعی.

[٦٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە تۆ قسەیەکی بۆ بکەیت و ئەو تێی نەگا وە قسەیەکی وا بکا نیشان بدا کە تێ نەگەیشتووە.

[٦٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە هانە هانەی مەردوم بدا بۆ کردنی کارێك، کەچی خۆی نەیکا.

[٧٠] بە یەکێك قسە رەق ئەوترێ، کە داوای شێتکت لێ بکا.

[٧١] بە یەکێك ئەوترێ، کە داوای کارێکت لێ بکا کە لە کردن نەبێ، وە هەر چەندە تۆ پێی بڵێیت ئەو دانەکەوێ.

[٧٢] بە یەکێك ئەوترێ کە لەخێزانێکی بێناونیشان بێ، وە روی نەیەت ناویان ببا، بەڵام یەکێکی تیا هەڵکەوتبێ، هەمیشە خۆی بەوا هەڵواسێ.

[٧٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە لەبەر شەرمەزاری خۆی دەر نەکەوێ.

٧٤)- وتیان به دۆم قوزت ڕەشە، وتی: بە میراتم کەوێ هەر ئەوەتە[٧٤]

٧٥)- وتیان بە قەحبە: بۆ منالّت نابێ؟ وتی یەکێ ئەیکا و دوان تێکی ئەدات[٧٥]

٧٦)- وتیان پشیلە گوت بۆ دەرمان ئەشێ، ئەچوو ئەیشاردەوە[٧٦]

٧٧)- وتیان حوشتر بۆ بەرز ئەڕوانی؟ وتی دووربینی ئەکەم[٧٧]

٧٨)- وتیان حوشتر بۆ ملت درێژە؟ وتی دوربینی پێ ئەکەم[٧٨]

٧٩)- وتیان حوشتر برات بووە، وتی: بە من چی، باری من هەر چل مەنە[٧٩]

٨٠)- وتیان حوشتر لە کوێ بووی؟ وتی: لە حەمام، وتیان: بە قاچ و قولی گواویتا دیارە[٨٠]

٨١)- وتیان ڕانە، هەرۆ، بڕۆ، شوانت مرێ! وتی: خاوەنیشم بمرێ بێ شوان نابم[٨١]

٨٢)- وتیان ڕێوی چەند بەند ئەزانی؟ وتی: نەوەد و نۆ، چاکتریان پێچ کردنەوەیە[٨٢]

٨٣)- وتیان ڕێوی کێ شایەتتە؟ وتی کلکم[٨٣]

---

[٧٤] یەکێك ئەیلێ، کە ئەنگێکی لێ بگیرێ، واتە هەر ئەوە شك ئەبەم وە لەوە زیاتر لە توانام نییە.

[٧٥]

[٧٦] بە مەردومی زۆر سپڵە و پیسکە ئەوترێ کە هەموو شتێکی خۆی لە مەردوم بشارێتەوە.

[٧٧] واتە هەموو کەسێك پێویستە بە دووربینی.

[٧٨] واتە هەموو کەسێك پێویستە بە دووربینی.

[٧٩] واتە برا کە باری من سوك نەکا بە من چی.

[٨٠] بە یەکێك ئەوترێ کە درۆیەکی وا بکا کە پێی وابێ بۆی ئەچێتە سەر کەچی لە هەموو کەسێکیشەوە ئاشکرا بێ.

[٨١] یەکێك ئەیلێ، کە لای چەور بێ وە هەموو کەس چاوی تێوە بێ.

[٨٢] بەڵێ هەمیشە پێچ و پەنا پیشەی فێڵبازانە.

[٨٣] بە دوو کەس ئەوترێ، کە کەسیان پشتی ئەویکەی تریان نەدا لە زەوی، وە هەموو تاوان و کەم و کورییەکی بۆ پاساو بدا.

٨٤)- وتیان شەیتان خوا ئیمانت بداتیَ؟ وتی درۆیەکی ناموستەجاب[٨٤]

٨٥)- وتیان شیّتە بۆ شیّتی؟ وتی: بۆم ئەلویَ[٨٥]

٨٦)- وتیان قرژاڵ! بۆ بە دوو سەر ئەڕۆیت؟ وتی بۆ جوانان هیچ عەیب نییە[٨٦]

٨٧)- وتیان کابرا ژنەکەت زۆر ئەگەڕیَ، وتی ئەگەر زۆر بگەڕایە، ریّی ئەکەوتە ماڵی خۆشمان[٨٧]

٨٨) وتیان لە کویَ زەمی خۆت بیست، وتی: لەو شویّنەی کە هی دراوسیّم تیا بیست[٨٨]

٨٩)- وتیان مام ریّوی، خورما ئەخۆی یا میّوژ، وتی ئەمیش و ئەویش[٨٩]

٩٠)- وتیان مام گورگ ئەمڕۆ نۆرە ئاژەڵتە، وتی خۆ پیّشم پەتییە، بەلام ناچارم هەر ئەبیَ بچم[٩٠]

٩١)- وتیان مام گورگ بۆ نادیاری؟ وتی لە کاری خۆم شەرمەزارم[٩١]

٩٢)- وتیان مەیمون خوا غەزەبت لیَ بگریَ، وتی: بمکا بە ئاسك[٩٢]

٩٣)- وتیان: بەردە بۆ بەردی؟ وتی: بەرد ئەبینم، بۆیە بومەتە بەرد[٩٣]

---

[٨٤] بە یەکیّك ئەوتریَ، کە بییەویَ درۆیەك بکا، بەڵام لەبەر ئاشکرایی پیّی نەکریَ، وە بە ناچاری دان بە راستەکەدا بنیَ.

[٨٥] بە یەکیّك ئەوتریَ، کە پشتیوانیّکی ببیَ پیّی بنازیَ، وە بەو بۆنەیەوە یاخی ببیَ.

[٨٦] بە یەکیّکی ناشرین ئەوتریَ، کە کاریّکی ناشرین بکات.

[٨٧] بە شتیّك ئەوتریَ کە لە حەد تیّپەڕی بیَ.

[٨٨] واتە کە لە ماڵە دراوسیّکەت ناوی یەکیّك برا، ناوی تۆش ئەبریَ.

[٨٩] بە یەکیّك ئەوتریَ، کە زۆر تەمەعکار بیَ، وە بە هیچ پڕ نەبیّتەوە.

[٩٠] بە یەکیّك ئەوتریَ، کە ئیشیّکی پیا بدەیت، بە دڵ پیّی خۆش بیَ، وەکی تریش وا نیشان بدا کە پیّی ناخۆشە.

[٩١] بە یەکیّك ئەوتریَ، کە لەبەر شەرمەزاری خۆی دەر نەکەویَ.

[٩٢] واتە لەمە زیاتر چیم لیَ بکات.

[٩٣] یەکیّك ئەیلیَ، کە خراپە لەگەڵ یەکیّکا بکا، کە ئەویش خراپەی لەگەڵ ئەما کردبیَ، من بۆیە دڵم رەقە لە عاستی ئەو، چونکە ئەویش لە عاستی من دڵی رەقە.

٩٤)- وتیان: بەهار ئەوەندە بۆ تەمەنت کورتە؟ وتی خوا غەزەب لە دراوسێی خراپ بگرێ[٩٤]

٩٥)- ورگ بە ژمارە ناخوا[٩٥]

٩٦)- ورگ دڕاوە[٩٦]

٩٧)- ورگی داوە بە شانیا[٩٧]

٩٨)- وشتر باری خورمایە و وشتر خوار ئەخوا[٩٨]

٩٩)- وشتی بە وشتی، خۆی چ نییە، دەعیەی کوشتی[٩٩]

١٠٠)- وڵات لە هەی هەی، کۆستە لە ئیش خۆی[١٠٠]

١٠١)- وڵاخی هەڵەشە، زوو خۆی ئەپڕوکێنێ[١٠١]

١٠٢)- وێرانە ماڵ! قوڕ بە چ لایەکتەوە بدەم[١٠٢]

---

[٩٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر باش بێ، بەڵام بەهۆی هێندێ شتی دەورووپشتییەوە هیچ چاکەیەکی لە دەست نەیەت .

[٩٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە بییەوێ بە ژمارە خواردنت بداتێ، واتە ورگ ئەیەوێ تێر بخوا، ئنجا ئەمە بە کەم یا بە زۆر.

[٩٦] بە مەردومی زۆرخۆر ئەوترێ.

[٩٧] بە چڵێسێك ئەوترێ، کە دووی خواردن بکەوێ.

[٩٨] بە یەکێك ئەوترێ کە یارای ئەوەی نەبێ بەهرە لە شتێك وەربگرێ.

[٩٩] بە مەردومێکی بە دەعیە و دەمار ئەوترێ کە لەو پێناوەدا زەرەرمەند بووبێ.

[١٠٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆی قسەی لێ بکەن، وە ئەو گوێی نەداتێ وە هەر لەگەڵ ئیشی خۆیا خەریك بێ.

[١٠١] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە ئیش و کارا هەڵەشەبێ، وە بە جرت و فرت ئیش بکات.

[١٠٢] واتە هەمووی بە قوڕ گیراوە، بە یەکێك ئەوترێ، کە لە هەموو ڕوویەکەوە خراپ و ماڵ وێران بێ.

پیتی هێ

١)- هات بنو، نەهات بنو[١]

٢)- هاتم شاخ بکەم، گوێم نایە بانی[٢]

٣) هاتینەوە سەر بای بەرە[٣]

٤)- هازا گۆ و هازا مەیدان[٤]

٥)- هالاوێك، خۆشترە لە پلاوێك[٥]

٦)- هاڵە بە ئەنگورا ئەڕوانێ ئاو ئەگرێ[٦]

---

[١] ئەم پەندە ئەگەر مەعنای وایە بە تەمەڵی دانیشە و هەوڵ مەدە، وە چاو ببڕە سەر نفیشت (قەزا و قەدەر)ی خوا، ئەمە وانییە، وە پێچەوانەی فەرموودەی قورئانە کە ئەفەرموێ (و ان لیس اللانسان الاماسعی) واتە هەر چی مەردوم بە هەوڵ و تەقەلای خۆی دەستی نەخات دەستی ناکەوێ، وە سەرنفیشت تابعی کۆششی ئادەمییە، وە ئەگەر مەعنای وایە نە بەهات زۆر کەیف خۆش و یاخی بە، وە نە بە نەهاتی زۆر خەمبار و خەفەتبار بە، زۆر جوانەوەرێکی ئایەتی (لا تاسوا علی مافاتکم، ولا تفرحوا بما اتاکم)ە، واتە نە لە سەر چووە خەفەت بخۆ، وە نە لەسەر هات زۆر کەیف خۆش و یاخی ببە.

[٢] واتە هاتم خۆم دەرخەم کەچی گوێچکەشم دانا، بە یەکێك ئەوترێ، کە بۆ قازانجێك بچێ، کەچی تووشی زیان ببێ.

[٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەر قسەیەك بکا بیباتە سەر باسێکی تایبەتی.

[٤] هازا: هڕای عەرەبییە کە بە مەعنا ئەمەیە. بە یەکێك ئەوترێ کە لە شتێکا خۆی هەڵ بکێشێ، واتە فەرموو ئەگەر ئەتوانی بیکە.

[٥] لە کاتێکا ئەوترێ، کە زۆر سەرمات بێ، وە هالاوێکی گەرمی ببینیت.

[٦] واتە منالّ چاو لە گەورە ئەکا.

٧)- هاڵە رۆی هەنگور ما، روو رەشی بۆ باخەوان ما[٧]

٨)- هامسای خراو لە گۆڕەوشار خراوترە[٨]

٩)- هاوڕێی بەدخوو، نەشت سووتێنێ رەشت ئەکات[٩]

١٠)- هاوڕێی گان ئەکا، ئەو بن کلکی ژان ئەکا[١٠]

١١)- هاوڕێیەکی باش لە دە برای خراپ باشترە[١١]

١٢)- هاوسێ لە هاوسێ، ئەگرێ سەراسێ[١٢]

١٣)- هاوین بەڕەی فەقیرە[١٣]

١٤)- هاوینان دۆ، زستانان لۆ[١٤]

١٥)- هەباسە، لە دیواخانان چ باسە؟[١٥]

١٦)- هەتا ئاو زۆرترە، ئاش خۆشترە[١٦]

١٧)- هەتا ئەیکەم بە سەر پاڵو، ئەبێتەوە بە ژێر پاڵو[١٧]

١٨)- هەتا تاڵی نەبینیت، خۆشی نابینیت[١٨]

---

[٧] هاڵە: بەرسیلەیە. هەنگور: ترێیە، واتە بەرسیلەی رەزەکان بوون بە ترێ و خۆش بوون، ئیتر باخەوان نایەڵێ کەس نزیکی باخەکەی بکەوێتەوە.

[٨] هامسا: دراوسێیە، گۆڕەوشار: سزای ناوگۆڕە.

[٩] واتە لەبەر چاوی خەڵق.

[١٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە هاوڕێکەی ئیشێکی باشی کردبێ، وە ئەم زۆری پێ ناخۆش بووبێ.

[١١] چونکە لەو بەهرەمەند ئەبێ، بەڵام لەم بەهرەمەند نابێ.

[١٢] سەراسێ: سەریەشەیە، واتە دراوسێ لە هێندێ دراوسێ وە تووشی سەریەشە ئەبێ.

[١٣] چونکە هەژار لە هاوینا هەر لە سەر زەوی دائەنیشێ.

[١٤] لۆ: گیایەکی بەهاریە وەك "کەما" گزرە ئەکرێ و لە زستانا ئەدرێ بە ئاژاڵ، زۆر بە شیرە.

[١٥] بە یەکێك ئەوترێ کە سەر بە دەرەوە بێ وە هاتوچۆی ماڵان بکا بە زۆری.

[١٦] چونکە بەرداش زۆر بە سووکی و خێرایی ئەسووڕێتەوە.

[١٧] یەکێك ئەیلێ بە یەکێك، کە هەر چەند بەرزی بکاتەوە، ئەو هەر خۆی نزم بکاتەوە.

[١٨] چونکە تا رەنج نەدەیت گەنجت دەست ناکەوێ.

١٩)- هەتا جۆزەردان، سەد پاشا گەردان[١٩]

٢٠)- هەتا جوانی مەستی کە پیر بوویت سستی کەی خوا ئەپەرستی[٢٠]

٢١)- هەتا خۆم بووم بە بانانەوە، بەرتیلیان ئەدا و ئەپاڕانەوە[٢١]

٢٢) هەتا دەڵێم و دەڵێمەوە، بەخۆ دەچم و دێمەوە[٢٢]

٢٣) هەتا شەقەی قەڵماسکی نەبیست کێڵ و گەنمی نەکرد[٢٣]

٢٤)- هەتا گندۆر بوو، قەوم و قیلەمان زۆر بوو کە گندۆر بە سەر چوو، قەوم و قیلەش بەسەر چوو[٢٤]

٢٥) هەتا گندۆر گندۆر بوو، خزمی مەگەلەك زۆر بوو، گندۆر هاتە بڕانێ، خزم هاتنە قڕانێ[٢٥]

٢٦)- هەتا کچەتیم دەبنە خانەدان، گونی کەرێ دەبێتە باینجان[٢٦]

---

[١٩] بە یەکێك ئەوترێ ، کە خەمی لێ هاتبێ وە تۆش دڵخۆشی بدەیتەوە پێی بڵێت: خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە.

[٢٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە خوا پەرستی نەکات.

[٢١] یەکێك ئەیڵێ کە لێ کەوتبێ.

[٢٢] بە یەکێك ئەوترێ کە لەش قورس بێ، وە ئەو ئیشەی کە پیا ئەدرێ نەیکات.

[٢٣] ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی لەك لە کاتی خەرمان و شەن کردنا، بای شەماڵی بۆ نایەت تا گەنمەکەی شەن بکات، لە سەر ئەوە توورە ئەبێ لە خوا و لە رقانا ئاسمان ئەداتە بەر قۆچەقانێ، بە رێکەوت دوای ئەوە با هەڵ ئەکا و خەرمانەکەی شەن ئەکات، ئنجا ئەم پەندە ئەڵێ:
گێل کردن: گێژکردنی دەغڵە بۆ گرتنی کا و پووشەکەی، واتە تا شەقەی قۆچەقانێت نەبیست، بات نە نارد بۆ شەن کردنی خەرمانەکە، وە بۆ جیا کردنەوەی کا و دانەکەی لە یەك.

[٢٤] یەکێك ئەیڵێ کە تا بووبێتی خزمان و برادەران هاتوچۆیان کردبێ، کە لەگەڵ نەیما ئەوانیش پێی لێ بڕن.

[٢٥] بە کەسێك ئەوترێ کە لە کاتی بوونتا هاتوچۆت بکات و لە کاتی نەبوونیتا لێت دوورکەوێتەوە.

[٢٦] چونکە بە منالی بێ لغاو گەورە بووە.

٣٧)- هەتا لە سەر دەستان نەڕۆیت، قەدری پێیان نازانیت[٢٧]

٢٨)- هەتا لە مار نەدەیت، پێتەوە نادات[٢٨]

٢٩)- هەتا ما کراس نەبوو لە بەریا، کە مرد ئالآیان ئەکرد بە سەریا[٢٩]

٣٠)- هەتا ماڵ وێستابێ، مزگەوت حەرامە[٣٠]

٣١)- هەتا ماڵخۆ دزی گرت، دز ماڵخۆی گرت[٣١]

٣٢)- هەتا من وتم بسم الله ئەو وتی الحمدالله[٣٢]

٣٣)- هەتا نەترێ، چوارمەشقی دانانیشێ[٣٣]

٣٤)- هەتا هاتم بوو، هەر هات هاتم بوو، کە نەهاتم بوو، روی زوڵماتم بوو[٣٤]

٣٥)- هەتا هەتە، عالەم براتە[٣٥]

٣٦)- هەتە، درێغ مەکە، نیتە قەرز مەکە[٣٦]

٣٧)- هەتیو ئەگریا ئەی وت: بەشەکەم کەمە، سەگ پڕی پیا کرد و ئەویشی فڕاند[٣٧]

---

[٢٧] واتە نیعمەتی خوا تا هەیە نرخی نازانرێ، کە نەما ئنجا نرخی دەرئەکەوێ.

[٢٨] واتە تا تۆ زیان بە خەڵق نەگەیەنیت، کەسیش زیان بە تۆ ناگەیەنێ.

[٢٩] بە یەکێك ئەوترێ، تا لە ژیانایە هەژار و بێ ناو بێ، کە مرد بەیداخ لەسەر گۆڕەکەی هەڵدەن.

[٣٠] واتە تا لە خۆت و ماڵ و منالّت نەمێنێتەوە، بەخێر ناشێ.

[٣١] بە یەکێك ئەوترێ، کە گلەیی یەکێکی بە سەرەوە بێ، کەچی لە پێش ئەوەی کە خاوەنی گلە گلەیی خۆی بکا، ئەم گلیەیی لەو بکا.

[٣٢] واتە تا من دەستم پێ کرد ئەو لێ بووەوە.

[٣٣] بە یەکێك ئەوترێ هەڵەیەکی زلی کردبێ و بۆگەنی دابێتەوە ئنجا پەندی وەرگرتبێ.

[٣٤] واتە تا ئەتوانیت مەیەڵە نەهاتی رووت تێ کا.

[٣٥] واتە تا ئەتوانیت مەیەڵە نەهاتی رووت تێ کا.

[٣٦] واتە کە بوت چروکی مەکە، کە نەتبوو دەست بڵاوی مەکە.

[٣٧] بە یەکێکی کەم دەست ئەوترێ، کە شتێکی کەمی ببێ، کەچی ئەویشی لە دەست بسێنن.

٣٨)- هەتیوچە، بە دەنکە جۆیەك ئەزمرێ[٣٨]

٣٩)- هەتیوم کەو شوومم کە[٣٩]

٤٠)- هەر ئاهێ لە ئاگاهێ[٤٠]

٤١)- هەر ئەوتاس و حەمامەیە[٤١]

٤٢)- هەر بازی بازی، بە ریشی بابا بازی[٤٢]

٤٣)- هەر بەربەکەی کرێوەیە[٤٣]

٤٤)- هەر پەنجەیەك خوێنی خۆی لێ دێ[٤٤]

٤٥)- هەر پیاوێکە هەزار پیاو ئەهێنێ[٤٥]

---

[٣٨] چونکە هیچی بە خۆیەوە نەدیوە.

[٣٩] واتە لە ناو کۆمەڵی دواکەوتودا، هەتیو لە بەر هەژاری و بێکەسی سەرسەری دەر ئەچێ.

[٤٠] واتە هەر عەقڵە لە خەساری.

[٤١] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر ئامۆژگاری بکەیت و هیچ نەگۆڕێ و کاری تێ نەکا.

[٤٢] بە یەکێك ئەوترێ کە بیەوێ فروفێڵێکت لەگەڵ بکات.

[٤٣] ئەگێڕنەوە کە لە ناوچەی ئالان کابرایەك ئەبێ لە دێی (کرێوە) کە کوێرە دێیەکی بێ بەروبوومە هە رچەند کشت و کال ئەکات بە هیچ نابێ. ناچار سەری خۆی هەل ئەگرێ بەرەو گەرمیان، وە لەوێ دەست ئەکات بە کشت و کاڵ، کاتێك کە خەرمان هەڵ ئەگرێ ئەبینێ کشت و کاڵەکەی ئەوێشی وەك کرێوە بێ برشتە، ناچار ئەگەڕێتەوە بۆ دێیەکەی خۆی، کە خەڵق و خوا لێی ئەپرسن ئایا دەست کەوتی ئیمساڵت چۆنە؟ ئەڵێ: بە خوا (هەر بەربەکەی کرێوەیە)، واتە هیچم زیاد نەکردووە، ئنجا ئێستا ئەم پەندە یەکێك ئەیلێ، کە دەست لە کارێك هەڵ بگرێ، وە دەست بداتە کارێکی تر، یا لە شوێنێکەوە بچێ بۆ شوێنێکیتر کە بە باشتری بزانێ. کەچی ئەمیش هەر وەك ئەو وابێ.

[٤٤] یەکێك ئەیلێ، کەمناڵی زۆری بێ، وە یەکێکیان بمرێ، وە پێی بلێن خەفەت مەخۆ، چونکە مناڵی ترت هەیە.

[٤٥] چونکە ئەویان لە هەزاران لاوە قازانجی هەیە بۆ کۆمەڵە و گەل، بەلام ئەمیان هەرچی کەڵك بێ نییەتی.

٤٦)- هەر جارێ بە زستان ئەڵێن: سارد[٤٦]

٤٧) هەر جارەلات، هەموو وڵات[٤٧]

٤٨)- هەر جێگەیەك پەری هەیە، دێوێکی لەگەڵ هەیە[٤٨]

٤٩) هەر چەند ئەکا، نانی بە ئاو ناگا[٤٩]

٥٠)- هەر چەند بارم لارە، بەڵام راوێژم راستە[٥٠]

٥١)- هەر چەند مزگەوت رووخاوە، محرابی ماوە[٥١]

٥٢)- هەر چەندە پیرە، هەر کۆنە بە گیرە[٥٢]

٥٣)- هەرچی ئەخوا بە شەوی تاریك، رەنگی زەرد و قۆڵی باریك[٥٣]

٥٤)- هەرچی بەرز بفڕێ، پیا ئەتڕێ[٥٤]

٥٥)- هەرچی بترسێ، ناخەلەسێ[٥٥]

٥٦)- هەرچی بچێتە شاری کوێران، ئەبێ دەست بە چاوەوە بگرێ[٥٦]

٥٧)- هەرچی بکرێ لە کیسەی خەلیفە دەر ئەچێ[٥٧]

---

[٤٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە قسەیەك زۆر بلێتەوە.

[٤٧] لات: بانەیەکە لە زەوی، کە جووتیار ئەیکێشێ بۆ ئەوەی تۆوی پێوە بکا و بی کێڵێ، واتە ئەگەر هەموو خاوەن زەوییەك هەموو جارێ بانەیەك بکێڵێ هەموو وڵات ئەکێڵرێ، وە پارچەیەك زەوی بە بەیار نامێنێتەوە.

[٤٨] واتە لە هەر شوێنێك پیاوێکی باشی خزمەت گوزار ببێ، ئەبێ ملۆزمێکی بۆ پەیدا بێ.

[٤٩] واتە تا نان پەیدا ئەکا ئاوی نییە، وە تا ئاو پەیدا ئەکا نانی نییە.

[٥٠] یەکێك ئەیڵێ، کە هەژار و لێ قەوماو بێ، بەڵام ژیر و بە بیر و قسە زان بێ.

[٥١] بە شتێك ئەوترێ کە خۆی نەمابێ، بەڵام نوونەیەکی وای مابێ کە گەورەیی ئەو شتە نیشان بدات.

[٥٢] بە شتێکی کۆنی نیوداشت ئەوترێ، کە لە شتێکی تازە قایم تر بێ.

[٥٣] واتە بە شەو خواردنی قورس مەخۆ.

[٥٤] واتە لوت بەرزی لوت شکانی لە دوایە.

[٥٥] واتە ترسان رێی پێشکەوتن لە ئادەمی ئەگرێ.

[٥٦] واتە مەردوم ئەبێ بە پێی باوی ئەو شوێنەی کە تیایەتی بجوڵێتەوە.

٥٨)- هەرچی بکێڵیت، هەر ئەوە ئەدرویتەوە[٥٨]

٥٩)- هەرچی بوو بە رەفیقی قەلەندەری، لە ریش سمێڵ بوو بەری[٥٩]

٦٠)- هەرچی پەستەکی سوور بێ کاکە حەمەد نییە[٦٠]

٦١)- هەرچی ترسا، نەخەلەسا[٦١]

٦٢)- هەرچی چووە دێی ژنێ، دەستی بوو بە گونێ[٦٢]

٦٣)- هەرچی دشێکی لە گەڵایە، درەوشێکی لە پێدایە[٦٣]

٦٤)- هەرچی ریشی بێ سۆڤی نییە[٦٤]

٦٥)- هەرچی ریشی سوور بوو هەمزاغایە؟[٦٥]

٦٦)- هەرچی زۆر گەڕا، یا کوڵ دێنێتەوە، یا زۆڵ دێنێتەوە[٦٦]

٦٧)- هەرچی فرەگەڕە، بەختی شەڕە[٦٧]

٦٨)- هەرچی کەر بێ ئەو کۆپانە[٦٨]

٦٩)- هەرچی لە دز بمێنیتەوە، رەماڵ ئەیبا[٦٩]

٧٠)- هەرچی لە دێزەدابێ، بە ئەسکوێ دەردێ[٧٠]

---

[٥٧] واتە ماڵ و مناڵ هەرچی خەرج بکەن، هەر لە کیسەی خاوەن ماڵ دەر ئەچێ.

[٥٨] واتە چاك بکەیت و چاك و خراپ بکەیت خراپ دێتە رێت.

[٥٩] واتە هەرچی بوو بە هاورێی سەرسەری، نە رێزی ئەمێنێ و نە نرخی.

[٦٠] ئەم پەندە لە مەعنای پەندی شەشەمین دایە لە دوای خۆی.

[٦١] لە مەعنای پەندی هەشتەمایە لە پێش خۆیەوە.

[٦٢] واتە جێی خۆت بە جێ مەهێڵە بۆ ژن.

[٦٣] دش: خوشکی مێردە، واتە دش بۆ براژن وەك درەوشێك وایە کە بکرێ بە پێیا.

[٦٤] هەر وەك هەرچی مێزەری بە سەرەوە بێ مەلای خوێندەوار نییە.

[٦٥] واتە نەخێر.

[٦٦] واتە ئەوانەی زۆر ئەگەڕێن نەخوازەڵا ژن یا شتی زۆریان دەست ئەکەوێ، یا ئابڕوویان ئەچێ.

[٦٧] چونکە قسە زۆر ئەبیەت، وە قسەی ئەم و ئەو زۆر ئەبات و ئەهێنێ.

[٦٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە کوڕی رۆژگار بێ.

[٦٩] رەماڵ: فاڵ گرەوە و کتێب گرەوەیە، واتە هەر چی لە دز بمێنێتەوە دزێکی تر ئەیبا.

٧١)- هەرچی لە مال نەبێ، ژنی ئەدەن بە شوو[٧١]

٧٢)- هەرچی لە مشك بێ جەواڵ ئەدڕێ[٧٢]

٧٣)- هەرچی مەلا کەرۆ، منیش کەرۆ[٧٣]

٧٤)- هەرچی هاتە پێشم، پیا ئەکێشم[٧٤]

٧٥)- هەر چی بزنێکی ببێ، خەمێکی ئەبێ[٧٥]

٧٦)- هەر چی دەستت بۆ برد تیتکی بوو بیسمیلات لێکرد غەیبی نەبوو، ئیتر ئەوە ژنە[٧٦]

٧٧)- هەر چیایەك دۆڵی خۆی هەیە[٧٧]

٧٨)- هەر چیت دا، دیتەوە، هەر چیت خوارد ڕیتەوە[٧٨]

٧٩)- هەر چیت کردۆتە بەری بێژنگەکە، بیکەرە پشتی بێژنگەکە[٧٩]

---

[٧٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە بییەوێ نەنگی تۆ بلێ، واتە ئەگەر تۆ نەنگی من بلێیت: منیش هەموو نەنگێکی تۆ ئەلێم، وە هەرچی لە دێزەدا بێ، بە ئەسکوێ دەری ئەهێنم.

[٧١] واتە پیاوێك کە کەم بکەوێتە ناو ماڵ و منالی، ژنەکەی خراپ دەرئەچێ.

[٧٢] بە پیاو خراپێك ئەوترێ، کە منالەکەی وەك خۆی بێ، واتە زۆرتر پیاوی خراپ منالی خراپی ئەبێ.

[٧٣] ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی هەورامی نوێژنەکەر، لە وەختی نوێژدارێی ئەکەوێتە مزگەوتێك ناچار کابرا دەستنوێژ ئەگرێ و ئەچێتە ریزی نوێژکەرەکانەوە، کە لێی ئەبێتەوە لێی ئەپرسن: چۆنت نوێژەکە کرد، ئەویش ئەڵێ: (هەرچی مەلا کەرۆ منیش کەرۆ) واتە هەر چی مەلا کردی منیش کردم.

[٧٤] بە پیاو خراپێك ئەوترێ، کە منالەکەی وەك خۆی بێ، واتە زۆرتر پیاوی خراپ منالی خراپی ئەبێ.

[٧٥] واتە هیچ شتێك بە بێ خەم نابێ.

[٧٦] واتە هەر چی قژی بوو ژن نییە.

[٧٧] واتە هەر دەوڵەمەندێك هەژاری خۆی هەیە.

[٧٨] واتە هەرچی بکەیت بە خێر دۆزیتەوە، وە هەرچیش بخۆیت بە پیسی دای ئەنێتەوە.

[٧٩] بە یەکێکی ئەڵێت کە هیچ خێرێکی بۆت نەبووبێ، واتە ئەو خێر و بێرەی کە تا ئێستا بۆت ناردووم لە ناو بێژنگا، لەمەولا بیکەرە پشتی بێژنگەکە.

٨٠)- هەر چییەکت هەیە مەیخەرە کەشتییەکەوە[٨٠]

٨١)- هەر خوایە، دنیا کاوبایە[٨١]

٨٢)- هەر خوا لە قەرارەکەی دەمێنێ[٨٢]

٨٣)- هەر خواردنێك رینێکی ئەوێ[٨٣]

٨٤)- هەر خوایان یەکە[٨٤]

٨٥)- هەر دۆڵێکیان بە بایەك سپاردووە[٨٥]

٨٦)- هەر دارێك نەرم بێ کرم ئەیخوا[٨٦]

٨٧)- هەر دەرە لنگێکی لە ماڵێك پساوە[٨٧]

٨٨)- هەر دەرکێك بە کلیلی خۆی دەکرێتەوە[٨٨]

٨٩)- هەر دەوەنە ئەبێ بە دار، لە بنیا دائەنیشن فەقیر و هەژار[٨٩]

---

[٨٠] واتە هەموو دەست مایەکەت مەخەرە کسبێکەوە، نە وەك هەمووی بە زەرەر بڕوا لەو کسبەدا، وەك کەسێك کە هەر چێکی هەیە بیخاتە کەشتییەکەوە، وە کەشتییەکە نوقوم ببێ.

[٨١] واتــە هەرچــی ئەکــەیت هــەر بــۆ رەزای خــوای بکــە، وە لــە چوارچێوەی فــەرموە و فەرمانی خوا مەچۆرە دەرەوە، وە هەرگیز بە دنیا هەڵ نەخەڵەتێت چـونکە ژیـانی دنیـا وەك کایەك وایە کە بیدەیت بە دەم باوە، تا چاو ئەکەیتەوە نامێنێ.

[٨٢] واتە ئەو شتەی کە بڕیاری لە سەر داوە ئەبێ هەر ببێ.

[٨٣] واتە چۆن خواردنێکت خوارد ئەبێ لە پاشا بە نقـەنق دای بنێیتـەوە، کـە شتێکیشت لە یەکێك وەرگرت بە هەر ناوێکەوە بێ، ئەبێ لە پاشا خێری بۆ بدەیتەوە.

[٨٤] بە دوو شت ئەوترێ، کە زۆر لە یەك جیابن.

[٨٥] واتە هەر کەسێك چی ئەزانێ ئەبێ هەر لەوە بدوێ.

[٨٦] واتە مەردوم لە جیهانا نابێ ئەوەندە نەرم بێ هەموو کەس تەمەعی تێ بکات.

[٨٧] بە ژنی گەڕۆك ئەوترێ.

[٨٨] واتە هەر گرێیەك لە ژیاندا بەجۆرێکی تایبەتی خۆی ئەکرێتەوە، وە هــەر دەردێـك بـە دەرمانێك تیمار ئەکرێ.

[٨٩] واتە هەر شتی بچوکە گەورە ئەبێ.

٩٠)- هەر دوو تای برنجه[٩٠]

٩١)- هەر رۆژێ کاری خۆی وا لە تەك خۆیا[٩١]

٩٢)- هەر رۆژە با یا بارانە، کەچەل سەر شۆڕانە[٩٢]

٩٣)- هەر رینێك لە خواردنێکە[٩٣]

٩٤)- هەر ڕێیێ لە بۆ جێیێ[٩٤]

٩٥)- هەر سەرێك سەودایەکی هەیە[٩٥]

٩٦)- هەر سیر بخۆ و زوڕنا لێدە[٩٦]

٩٧)- هەر عەقڵە لە خەسارێ[٩٧]

٩٨)- هەر قسەیەك لە دڵ دەرێ لە دڵا جێگە ئەگرێ[٩٨]

٩٩)- هەر قوڕی زستانە پاشەڵ پیس ئەکا[٩٩]

١٠٠)- هەر کەس بانی فرەترە، بەفری زۆرترە[١٠٠]

---

[٩٠] بە یەکێك ئەوترێ بە تەوسەوە کە یەکێکی لە یەکێکی تر پێ باشتر بێ، واتە وانییە وەك تێ گەیشتوویت هەر دووکیان وەك یەکن.

[٩١] واتە ئیشی ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ.

[٩٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە هەر رۆژە نە رۆژێ بە بۆنەی شتێکەوە خۆی بشوا، وەیا خۆی بگۆڕێ.

[٩٣] واتە هەموو ناخۆشییەك سەرەنجامی خۆشییەکە.

[٩٤]

[٩٥] واتە هەر کەسێك جۆرە بیرێکی هەیە.

[٩٦] واتە ئەو شتەی کە بە تەمای بوویت بۆ تۆ نابێ.

[٩٧] واتە تا هەڵە نەکەیت و ئازار و زیان نەبینیت دەرس وەرناگریت.

[٩٨] واتە قسە کە لەدڵ دەرچوو ئەدا لە دڵ، بەڵام کە لە دەم دەرچوو ناگەتە دڵ.

[٩٩] بە یەکێك ئەوترێ، کە درێژەی بێ لە سەر کردنی کارێك کە زۆر پەسەند نەبێ، وە پێی بڵێن: دەست لەم کارە هەڵگرە، چونکە جوان نییە ئەویش ئەڵێ: خۆ بێ شەرعی نییە، ئەویش ئەم پەندەی پێ ئەڵێ، واتە قوڕی زستانیش عەفوە تا رادەیەك، بەڵام کە زۆر بوو ئەبێ بەشتێکی ناپەسەند کە پاشەڵ پیس ئەکا.

[١٠٠] واتە تا بەشت لە جیهانا زۆرتر بێ، ئەرکت زیاترە.

١٠١)- هەر كەس بە تەمای خالۆ و مامۆ بێ، ئێوارە بێ نان شەو بێ دۆبێ[١٠١]

١٠٢)- هەر كەس بە دەمتەوە پێكەنێ، وە نەبێ رازی بێ[١٠٢]

١٠٣) هەر كەس بە گڕ راستا بڕوا، زەی ئەخوا[١٠٣]

١٠٤)- هەر كەس بە لێفەی خۆی ئەنوێ[١٠٤]

١٠٥)- هەر كەس بە یاری خۆی هەڵدەڵێ[١٠٥]

١٠٦)- هەر كەس بە یاری خۆیدا هەڵدەڵێ[١٠٦]

١٠٧)- هەر كەس بەشی خۆی دەزانێ، بەجێ نەمێنێ لە كاروانێ[١٠٧]

١٠٨)- هەر كەس ببینێ مورغ و ماهی، عەجەب سەری ناگا بە پادشاهی[١٠٨]

١٠٩)- هەر كەس پێڵاوە شرێكی لە دیوانا بێ ترِی پێوە لێ ئەدا[١٠٩]

١١٠)- هەر كەس خانەدارۆ، خەبەردارۆ[١١٠]

١١١)- هەر كەس دایكی نانەوا بێ، لە برسانا نامرێ[١١١]

١١٢)- هەر كەس دەست بۆ دەمی خۆی ئەبا[١١٢]

---

[١٠١] ئەم پەندە نزایە لەو كەسانەی كە بە تەمای خزم و خوێشی خۆیان بن، واتە پێویستە لە سەر هەموو كەسێك كە هەر پشت بە خۆی و بە هەوڵ و تەقەلای خۆی ببەستێ، نەك بە خزم و خوێش.

[١٠٢] واتە بە هەموو پێكەنینێك باوەڕ مەكە.

[١٠٣] واتە ئەڕوخێ و ژێر ئەكەوێ.

[١٠٤] واتە هەر كەسە لەسەر حسابی خۆی ئەژی.

[١٠٥] واتە هەر كەسە گورانی بە سەر یاری خۆیا هەڵ ئەدا.

[١٠٦] واتە دلداری خۆی پێ جوانە.

[١٠٧] واتە هەر كەس بە پێی خۆی قازانج و سودی خۆی ئەزانێ.

[١٠٨] واتە هەر كەس لە خوا مورغ و ماسی ببینێ تووشی خێر ئەبێ.

[١٠٩] بە یەكێك ئەوترێ، كە خزمێكی كار بەدەستی ببێ لە لای دەوڵەت یا لای ئاغا.

[١١٠] تەماشای پەندی (ئەگەر خانەدانیت لە خانەڕانان خەبەرداریت) بكە.

[١١١]

[١١٢] واتە هەر كەس قازانجی خۆی ئەوێ.

١١٣)- هەر کەس دشی لە دێدایە، درەوشێکی لە پێدایە[113]

١١٤)- هەر کەس زۆر بخوا، زۆر ناژی[114]

١١٥)- هەر کەس زۆر گەڕا، زۆر ئەبینێ[115]

١١٦)- هەر کەس سەرەن بکا، هێڵەکی ئەکەن[116]

١١٧)- هەر کەس سەلا لە چاوی خۆی[117]

١١٨)- هەر کەس کەر بێ ئەو کورتانە[118]

١١٩)- هەر کەس کردی بێگانە بە خوێش، کردی بە سەریا خۆڵ بە دەستی وێش[119]

١٢٠)- هەر کەس کوێر نانە، کوێر ئیمانە[120]

١٢١)- هەر کەس گوێ ئاگری خۆی ڕۆشن بێ[121]

١٢٢)- هەر کەس گوێز لە باری خۆی ئەژمێرێ[122]

١٢٣)- هەر کەس لە ئاشێ ئەکا[123]

---

[113] دش: خوشکی مێردە، واتە دش هەمیشە بۆ خزمەتی براکەی سەر کۆنەی براژنەکەی ئەکا.

[114] واتە زۆر خواردن باش نییە.

[115] واتە ژیرتر ئەبێ.

[116] سەرەن: کەوی شت بێژانەوەیە، واتە هەر کەسی مەردوم لە کەو بدا و نەنگی گەورەی باس بکا، مەردومیش ئەو لە هێڵەك ئەدەن، وە نەنگی ورد و درشتی بەرچاو ئەخەن.

[117] واتە هەر کەس خۆی و بیر و باوەڕی خۆی.

[118] بە یەکێك ئەوترێ، کە کوڕی وەخت بێ.

[119] واتە هەرگیز نهێنی خۆت مەدەرە دەست بێگانە.

[120] کوێرنان: ڕژدی چروکە.

[121] واتە کەس تا سەر بە کەڵکی کەس ناپەت.

[122] واتە هەر کەس بە پێی دڵ و دەروونی خۆی قسە ئەکا.

[123] بە کۆڕێك ئەوترێ، کە کەس گوێ لە کەس نەگرێ، وە هەر کەسە بۆ خۆی قسە بکا.

۱۲٤)- هەر کەس لە بەڕەی خۆی پێ زیاتر ڕاکێشێ ئەی بڕنەوە[124]

۱۲٥)- هەر کەس لە خۆی بگرێتەوە، خواش لەوی ئەگرێتەوە[125]

۱۲٦)- هەر کەس لە کراسی خۆیا پیاوە[126]

۱۲۷)- هەر کەس لە ماڵی خۆیا سەری شا ئەبڕێ[127]

۱۲۸)- هەر کەس لە هەرچی بترسێ لێی ناخەلەسێ[128]

۱۲۹)- هەر کەس نانی گاور بخوا، سڵاوات لە دیداری گاور ئەدا[129]

۱۳۰)- هەر کەس نانی ناوچەوانی خۆی ئەخوا[130]

۱۳۱)- هەر کەس نەفسی بوو، کەسی نەبوو[131]

۱۳۲)- هەر کەس نەیکرد بە قسەی گەوران بە قنگەوە کەوتە ناو کەندەڵان[132]

۱۳۳)- هەر کەس هات ئەحواڵی دایکی پرسی، یەکێك نەبوو ئەحواڵی باوکی بپرسێ[133]

۱۳٤)- هەر کەس هەرزانی و گرانی لە ماڵی خۆیایەتی[134]

۱۳٥)- هەر کەس هەرچی بچێنێ هەر ئەوە دێتە ڕێی[135]

---

[124] واتە نابێ کەس لە سنوری خۆی بچێتە دەرەوە.

[125] کەواتە تا بت بێ، لە خۆت و ماڵ و مناڵت مەگرەرەوە.

[126] واتە نابێ کەس بە چاوی سووك تەماشای کەس بکا.

[127] واتە هەموو کەسێك ئەتوانێ قسەی زل زل بکا لە شوێنێکا کە کەس ئاگای لێ نەبێ، ئنجا ئاخۆ ئەمە ئازایەتی پێ بڵێن؟ بێگومان نە، ئازایی لەوەدایە کە بتوانێ ڕوو بە ڕوو قسە بکا و بێتە پێشەوە.

[128] چونکە ترسان سەر لە مەردوم ئەشێوێنێ.

[129] واتە هەر کەس پیاوەتی دی لە یەکێکەوە، ئەبێ سوپاسی بکا.

[130] کەواتە خۆت و ناوچەوانی خۆت.

[131] واتە یەکێك کە هەر نەفسی خۆی مەبەس بێ، کەسیش ئەوی مەبەس نییە.

[132] کەواتە تا ئەتوانی لە قسەی گەورە دەرمەچۆ.

[133] واتە هەموو مناڵێك پەیوەیستی لەگەڵ دایکی زۆرترە وەك لەگەڵ باوکی.

[134] ئارەزوو بکا هەرزانییە و ئارەزوو بکا گرانییە.

[135] کەواتە هەر چاکە بچێنە.

١٣٦)- هەر كەس هەڵ ئەستا خولەی ئەگا، خولەش بلەی ئەگا[١٣٦]

١٣٧)- هەر کەسێ بە پێی عەقڵی خۆی قسەی لەگەڵ ئەکرێ[١٣٧]

١٣٨)- هەر کەسێ بی کوژێ دەستی سەوز ئەبێ[١٣٨]

١٣٩)- هەر کەسێ پەڕی تاوسی ئەوێ، ئەبێ بڕوا بۆ هێندستان[١٣٩]

١٤٠)- هەر کەسێ پەز بێ، گورگ ئەیخوا[١٤٠]

١٤١)- هەر کەسێ چاڵ بۆ یەکێك هەڵکەنێ خۆی تێی ئەکەوێ[١٤١]

١٤٢)- هەر کەسێ کەسە، حەرفێکی بەسە[١٤٢]

١٤٣)- هەر کەسێ لە خۆی بە شکە، پڕ قنگی مارو مشکە[١٤٣]

١٤٤)- هەر کەسە بە زمانی خۆی لەگەڵی بدوێ[١٤٤]

١٤٥)- هەر کەسە بە کەسێك ئەگیرێ[١٤٥]

١٤٦)- هەر کەسە چاوەڕوانی توێشوی خەڵق بێ لە برسا ئەمرێ[١٤٦]

١٤٧)- هەر کەسێ فرە گەرە، بەختی شەڕە[١٤٧]

١٤٨)- هەر کێو بە کێو ناگا[١٤٨]

---

[١٣٦] بە یەکێك ئەوترێ، کە ببێ بە حیزی حیزان گاو.

[١٣٧] خوێندەوار بە پێی خۆی و نەخوێندەوار بە پێی خۆی خوێندەواریش نزمیان بە پێی خۆی و بەرزیان بە پێی خۆی، ئەگینا لە قسەکەت ناگەن.

[١٣٨] بە یەکێکی زۆر خراپ ئەوترێ، کە سەرتاپێ زەرەر و زیان بێ بۆ کۆمەڵە.

[١٣٩] واتە هەموو شتێك بە پێی خۆی ئەبێ هەوڵی بۆ بدرێ.

[١٤٠] واتە ئەوەندە بەسزمان مەبە تەمەعت تێ بکرێ.

[١٤١] کەوابوو با کەس چاڵ بۆ کەس هەڵ نەکەنێ.

[١٤٢] کەواتە تا ئەتوانی هەر کەس بە.

[١٤٣] واتە هەر کەسێك ناپاك، وە لەخۆی دوودڵ بێ، دەرونی پڕە لە ترس و بیم.

[١٤٤] واتە بە پێی ژیری خۆی بیدوێنە.

[١٤٥] کەواتە پیاو ناس بە.

[١٤٦] کەواتە بە تەمای هیچ مەبە، وە هەر پشت بە هەوڵ و تەقەلای خۆت ببەستە.

[١٤٧] چونکە کە زۆر گەڕا پێویستی بۆ بەجێ ناهێنرێ، ئەو حەلە پەکی ئەکەوێ.

[١٤٨] واتە هەموو دوو کەسێك ئەگونجێ بە یەك بگەن.

١٤٩)- هەر گوێرەکەیە ئەبێ بە گا[149]

١٥٠)- هەر لە بڕ ناکاتەوە[150]

١٥١)- هەر لە عەرش هەتا قورش، کەس بە دۆی خۆی نالێ ترش[151]

١٥٢)- هەر ملەیەك سەختە بڕۆ بیگرە[152]

١٥٣)- هەر مویەکی بە سالێك رواوە[153]

١٥٤)- هەر نەهاتیت هەر نەهاتیت، تا وەك دومەڵ لە جێی ناسك دەرهاتیت[154]

١٥٥)- هەر هەورازێك نشێوییەکی هەیە[155]

١٥٦)- هەر هێندە هەڕوەجێیان، شتێکت بخەنە بەر پێیان[156]

١٥٧)- هەڕەشە نیوەی مێردییە[157]

١٥٨)- هەردی بە سەر بەردێوە نەماوە[158]

١٥٩)- هەرزان بەهایی بێ مەلامەت نییە[159]

١٦٠)- هەرزان کڕی، هەمبان دڕ[160]

١٦١)- هەرزە چەنەیان خستە ناو ئاگر، ئەیوت دارەکەی تەڕە[161]

---

[149] واتە هەموو شتێکی منالْ بەرە بەرە گەورە ئەبێ.

[150] واتە زۆر کەڕەواڵە و هیچ نەزانە.

[151] واتە هیچ کەسێك چاو راو لەشتی خۆی ناکات.

[152] بە یەکێك ئەوترێ، کەهەڕەشەت لێ بکات، واتە چیت لە دەست دێ درێغ مەکە.

[153] واتە زۆر وریا و چاو کراوەیە.

[154] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە وەختێکی ناوەختا بچێتە لای یەکێك.

[155] واتە هەموو بەرزبوونەوەیەك نزم بوونەوەیەکی لە دوایە.

[156] واتە ئەوەندە مەچۆرە شوێنان کە بێڕێز بیت.

[157] واتە زۆر شت هەر بە هەڕەشە و چاو سوور کردنەوە جێبەجێ ئەبێ.

[158] بە شتێك ئەڵێن، کە تێك چووبێ، وە هیچی بە سەر هیچەوە نەمابێ.

[159] واتە شت تا بێکەڵك نەبێ هەرزان نابێ، هەر وەك شت تا زۆر چاك نەبێ داوای گرانی لێ ناکەن.

[160] بە یەکێك ئەڵێن، کە شتی خراپ و هەرزانی وا بکڕێ کە بنی هەمانە بدڕێنێ.

[161] هەرزەچەنە: چەنەبازە.

١٦٢)- هەرگی نم دراو، ئاوێکی بەسە[١٦٢]

١٦٣)- هەرمێ دارە هەروا دیارە[١٦٣]

١٦٤)- هەرمێ دارە و هەروا دیارە[١٦٤]

١٦٥)- هەزار تەڵەی بە کلك تەقاندوە[١٦٥]

١٦٦)- هەزار دۆست کەمە، دوژمنێك زۆرە[١٦٦]

١٦٧)- هەزار دۆست و دوژمنێك[١٦٧]

١٦٨)- هەزار دۆست، نەك یەك دوژمن[١٦٨]

١٦٩)- هەزار گۆزە دروست ئەکا، یەکێکی دەسوی نییە[١٦٩]

١٧٠)- هەزار گوناح و یەك تەوبە[١٧٠]

١٧١)- هەزار فاتحە بە موچەیەك حەڵوا نابێ[١٧١]

١٧٢)- هەزار فاکم بە فیکێکی[١٧٢]

---

[١٦٢] بەیەکێك ئەوترێ، کە لەوە پێش لە یەکێك توورە بووبێ و قسەی پێ وتبێ، وە دووبارە بییەوێ قسەی تری پێ بڵێتەوە، واتە زۆر خەستی مەکە، وە سەری مەکەرەوە سەر، با نەتەقێ.

[١٦٣] بە شتێك ئەوترێ، کە ئاشکرا و نمایان بێ.

[١٦٤]

[١٦٥] واتە وەك رێوی فێڵبازە.

[١٦٦] واتە تا دوژمن کەمتر بێ باشترە.

[١٦٧] واتە تا دوژمن کەمتر بێ باشترە.

[١٦٨] واتە تا دوژمن کەمتر بێ باشترە.

[١٦٩] بە یەکێك ئەوترێ، کەهەموو ئیشێکی نیوە و نیوەچڵ بێ.

[١٧٠] یەکێك ئەیڵێ بە یەکێك کە هەڵەیەکی زلی کردبێ دەربارەی، واتە پەشیمانم لە گوناهەکەم.

[١٧١] بە یەکێکی چروك ئەوترێ کە لە جیاتی هەموو خێری گەرمە گۆڕ و شەو جومعانەیەك هەر فاتحە بخوێنێ و بۆ مردوەکانی، واتە خێری هەزار فاتحە بە خێری موچەیەك حەڵوا نابێ کە بدرێ بە هەژارێکی برسی.

[١٧٢] واتە زۆر زۆر زانە، وە هەرگیز دەرەقەتی نایەم.

١٧٣)- هەزار قەزوان بە گوێزێك نابێ[١٧٣]

١٧٤)- هەزار قوڕ و چڵپاوی بە قنگا هەڵپژاوە[١٧٤]

١٧٥)- هەزاری بمرێ لە باوان، گلی نابڕێ لە چاوان[١٧٥]

١٧٦)- هەزرا قەزوان بتەقێنیت بە گوێزێك ئەتگەمێ[١٧٦]

١٧٧)- هەژاری کراسی ئاگرینە[١٧٧]

١٧٨)- هەسان ئەدا لە بنی پێی[١٧٨]

١٧٩)- هەستان و مەستانن، بە زمانی یەکدی دەزانن[١٧٩]

١٨٠)- هەشت بێ و لە مشت بێ نەك نۆ بی و نەبێ[١٨٠]

١٨١)- هەڵە کۆکە پرچنە، چۆرە چۆڕەم کەوتە بنە، چیمە لەم ماڵ و ژنە[١٨١]

١٨٢)- هەڵمەتە کاسەیە[١٨٢]

---

[١٧٣] یەکێکی دەست دار ئەیڵا بە یەکێکی دەست کورت، واتە تۆ بە ساڵێك چەند پەیدا ئەکەیت، من بە ڕۆژێك ئەوەندە پەیدا ئەکەم.

[١٧٤] واتە لە دنیادا زۆر چاك قاڵ بووە.

[١٧٥] بە ژنێك ئەوترێ، کە هەمیشە هەر خەریکی خۆ جوان کردن بێ وە بێ هیچ شتیك دەستی لێ هەڵ نەگرێ.

[١٧٦] یەکێکی دەست دار ئەیڵا بە یەکێکی دەست کورت، واتە تۆ بە ساڵێك چەند پەیدا ئەکەیت، من بە ڕۆژێك ئەوەندە پەیدا ئەکەم.

[١٧٧] واتە لەبەر هەر کەسێکا بێ ئارامی نابێ.

[١٧٨] واتە بە قسەی خۆش ئەیەوێ ئیخفالی بکات.

[١٧٩] بە دوو کەسی وا ئەوترێ کە لە زمانی یەکتری بگەن.

[١٨٠] واتە کەمی حازر، لە زۆری قەرز باشترە.

[١٨١] ئەگێڕنەوە کە هەڵەکۆك لە سەرەتای بەهارا، کە سەر دەردێنێ لە زەوی، تەماشا ئەکات وا بەفر جیهانی داگرتووە، بە شاخ و داخ و دەشت و دەرەوە، ئەمیش لە ژێرەوە بە بەفرەکە ئەڵێ بم خوازە، ئەویش ئەڵێ: تۆ وا تازە لە دایك بوویت، وە سەرت لە زەوی دەرهێناوە، من چی بخوازم.؟ کە بەهار گەرم ئەبێ و هەڵەکۆك بەرز ئەبێتەوە لە بەفرەکە، ئنجا پێی ئەڵێ بم خوازە ئەویش ئەڵێ: (هەڵەکۆکە پرچنە، چۆڕە چۆڕەم کەوتە بنە چیمە لەم ماڵ و ژنە؟)

[١٨٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە بە بێ ورد بوونەوە و بیرکردنەوە دەست بداتە هەموو کارێك.

١٨٣)- هەم ئێشەکە و هەم دۆشەك[١٨٣]

١٨٤)- هەم دیداری دۆست هەم شکاری پۆست[١٨٤]

١٨٥)- هەم زیارەت، هەم تجارەت[١٨٥]

١٨٦)- هەمبو هەمبو پارە ناکا هەیەتم هەیەتم تەواوە[١٨٦]

١٨٧)- هەمەوەندا نەگبەتیت بۆ، ئەحەی رابی تاقیب کەرت بۆ[١٨٧]

١٨٨)- هەمزە لە هەباسی چی ترە لە تەوراسی چی[١٨٨]

١٨٩)- هەموو ئەڵێی پشقلی بزنێکن[١٨٩]

١٩٠)- هەموو جارێ گۆزە بە ساغی ناگەڕێتەوە لە کانی[١٩٠]

١٩١)- هەموو جاشی ماکەرێکن[١٩١]

١٩٢)- هەموو خوڕەیەك ئاو نییە، هەموو چنراوێك جاو نییە[١٩٢]

١٩٣)- هەموو دەردێك دەرمانی هەیە گەوجی نەبێ[١٩٣]

---

[١٨٣] بە شتێك ئەوترێ کە بە هەموو بارێك بە کار بێنرێ.

[١٨٤] ئەم پەندە لە مەعنای (هەم زیارەت، هەم تجارەت).

[١٨٥] بە زیارەتێك ئەوترێ، کە قازانجێکی تیابێ.

[١٨٦] واتە قسە لە ئێستا بکە نەك لە رابوردوو.

[١٨٧] بە پیاوێکی گەورە یا تیرەیەکی ناودار ئەوترێ، کە کوڵۆڵی رووی تێ کردبێ، وە مەردومی هیچ و پووچ بگەڕێ بۆ زیان پێ گەیاندنی.

[١٨٨] بە یەکێك ئەوترێ، کە قسەیەکی وا بکات کە هیچ پەیوەستی نەبێ لەگەڵ ئەو باسەی کە ئەکرێ.

[١٨٩] بە چەند خوشك و برایەك ئەوترێن، کە هەموو ناشرین بن.

[١٩٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە کارێکا تێ شکابێ، واتە مەردوم لە هەموو کارێکا هەر قازانج ناکات، بەڵکو هێندێ جاریش زەرەر ئەکات.

[١٩١] بە چەند شتێکی خراپ ئەوترێ، کە هیچیان لە هیچیان چاکتر نەبێ.

[١٩٢] واتە هەموو هیوایەك کە بۆی ئەچیت دەستت ناکەوێ.

[١٩٣] بە یەکێك ئەوترێ، کە قسەیەکی ناشرین یا کردەوەیەکی ناپەسندت لەگەڵ بکات.

١٩٤)- هەموو رۆژێ گا نامرێ گۆشت هەرزان بێ[١٩٤]

١٩٥)- هەموو رۆژێ کەر نامرێ سێ کفتە بەدینارێك بێ[١٩٥]

١٩٦)- هەموو رەنگێکی تەواوە تەنیا پەمەیی ماوە[١٩٦]

١٩٧) هەموو رێیەك ئەچێتەوە بۆ بانە[١٩٧]

١٩٨)- هەموو رێیەك ئەچێتەوە سەر دێیەك[١٩٨]

١٩٩)- هەموو زەردێك ئاڵتون نییە[١٩٩]

---

[١٩٤] ئەگێڕنەوە کە کابرایەك لە ئێران رێی ئەکەوێتە لۆقەنتەیەك سێ کفتەی بۆ ئەهێنن بە دینارێك (قرانی ئێرانی – کە شاییە لێی نووسراوە دینار، کەواتە دینار شاییەکە) سبەینێ کابرا ئەچێتەوە بۆ ئەو لۆقەنتەیە وە داوای کفتە ئەکات، تۆزێ ئاو و کفتەیەکی بچوکی بۆ ئەهێنن بە دەقاتیپارەکەی دوێنێ ئەمیش ئەڵێ: بۆچی دوێنێ وا هەرزان و ئەمڕۆ وا گرانە؟ ئەویش ئەڵێ: (هەموو رۆژێ کەر نامرێ سێ کفتە بە دینارێك بێ) بەمە تێ ئەگات کە کفتەی دوێنێ لە گۆشتی کەری تۆپیو بووە. ئنجا ئێستا ئەم پەندە بە یەکێك ئەوترێ کە فەرقێك ببینێ لە شتێکا بە هەرزانی و گرانی، یا بە زۆری و کەمی لەبەر شتێك کە لێی بێ ئاگا بێ.

[١٩٥] ئەگێڕنەوە کە کابرایەك لە ئێران رێی ئەکەوێتە لۆقەنتەیەك سێ کفتەی بۆ ئەهێنن بە دینارێك (قرانی ئێرانی – کە شاییە لێی نووسراوە دینار، کەواتە دینار شاییەکە) سبەینێ کابرا ئەچێتەوە بۆ ئەو لۆقەنتەیە وە داوای کفتە ئەکات، تۆزێ ئاو و کفتەیەکی بچوکی بۆ ئەهێنن بە دەقاتیپارەکەی دوێنێ ئەمیش ئەڵێ: بۆچی دوێنێ وا هەرزان و ئەمڕۆ وا گرانە؟ ئەویش ئەڵێ: (هەموو رۆژێ کەر نامرێ سێ کفتە بە دینارێك بێ) بەمە تێ ئەگات کە کفتەی دوێنێ لە گۆشتی کەری تۆپیو بووە. ئنجا ئێستا ئەم پەندە بە یەکێك ئەوترێ کە فەرقێك ببینێ لە شتێکا بە هەرزانی و گرانی، یا بە زۆری و کەمی لەبەر شتێك کە لێی بێ ئاگا بێ.

[١٩٦] بە تەوسەوە بە یەکێك ئەوترێ، کە شتێکی بە دەستەوە بێ هێشتا نیوە و نیوەچڵ بێ ، کەچی وابزانێ تەواوە، تەنیا شتێکی کەمی ماوە.

[١٩٧] بە چەند قسەیەك ئەوترێ، کە هەموو بچنەوە سەر یەك.

[١٩٨] بە چەند قسەیەك ئەوترێ، کە هەموو بچنەوە سەر یەك.

[١٩٩] واتە بە دیمەن دەست خەرۆ مەبە.

٢٠٠)- هەموو سەرەوژووریيەك سەرەوخوارييەكى هەيە[٢٠٠]

٢٠١)- هەموو شت درۆيە، شەرت چاو و برۆيە[٢٠١]

٢٠٢)- هەموو شت لە باريكى ئەپچڕێ، مێرد لە قايمى[٢٠٢]

٢٠٣)- هەموو شت لە بوون ئەكرێ[٢٠٣]

٢٠٤)- هەموو شتێك بە خوێ، خوێش بە مەعنا[٢٠٤]

٢٠٥)- هەموو شتێكم لە كۆڵە، نۆرەی زوڕنا و دەهۆڵە[٢٠٥]

٢٠٦)- هەموو گون رەشێ تووشی گون رەشی خۆی ئەبێ[٢٠٦]

٢٠٧)- هەموو گيانی سست و مستە، جێی خواردنەكەی دروستە[٢٠٧]

٢٠٨)- هەموو گيای مردنين[٢٠٨]

٢٠٩)- هەموو كانی ئاوی تێدايە، بەڵام هەموو ئاوێك ناخورێتەوە[٢٠٩]

٢١٠)- هەموو كەس ئاغای ماڵی خۆيەتی[٢١٠]

---

[٢٠٠] بە يەكێك ئەوترێ ، كە لە رووی زۆر و ستەم و دەست درێژييەوە، دەوڵەمەند و ياخی بووبێ، واتە هەموو بەرز بوونەوەيەكی وا، نزم بوونەوەيەكی لە دواوەيە.

[٢٠١] واتە جوانی چاو و برۆ زۆر شتی تر دائەپۆشێ.

[٢٠٢] واتە هەموو شتێك بە هۆی باريكييەوە ئەپچڕێ تەنيا پياو نەبێ كە بە هۆی قەبەييەوە ئەپچڕێ.

[٢٠٣] واتە كە نەبوو هيچ ناكرێ.

[٢٠٤] واتە هەموو شتێك ئەندازەيەكی تايبەتی هەيە، كە لەو ئەندازەيە تێپەڕی خراپ ئەبێ.

[٢٠٥] يەكێك ئەيڵێ كە سەرەڕای ئيش و كاری خۆی، ئيشی تريشی هاتبێتە سەر.

[٢٠٦] گون رەش: بە يەكێك ئەڵێن كەملۆزمی يەكێكی تر بێ، واتە هەموو ملۆزمێك خوا ملۆزمێكی بۆ ئەنێرێ.

[٢٠٧] بەيەكێك ئەوترێ كە بۆ هەموو شتێك نەخۆش بێ، بەڵام بۆ خواردن ساغ بێ.

[٢٠٨] واتە هەموو ئەمرين.

[٢٠٩]

[٢١٠] وە كەس زوور دەستی نييە لە ماڵی خۆيا.

٢١١)- هەموو کەس ئەزانێ ئاڵی کەچەڵە[٢١١]

٢١٢)- هەموو کەس بە عەیبی خۆی کوێرە[٢١٢]

٢١٣)- هەموو کەس گەمە بە مشك ئەکا، مشکیش بە ئاشەوان[٢١٣]

٢١٤)- هەموو کەس نانی خۆش ئەوێ، بەڵام وەك شوان نایگرێ بە سەر دڵیەوە[٢١٤]

٢١٥)- هەموو کەسێ گۆشت خۆرە، هەر ناوی گورگ بەدناوە[٢١٥]

٢١٦)- هەموو کون، کون نییە دەستی تێ راکەی[٢١٦]

٢١٧)- هەموو لەشی پێ ئەکەنێ[٢١٧]

٢١٨)- هەموو مەلا هەنجیر خۆر بوایە هەنجیر بە دارەوە نەئەما[٢١٨]

٢١٩)- هەموو هەورازێ نشێوییەکی هەیە[٢١٩]

٢٢٠)- هەمیشە گۆزە بە ساغی ناگەڕێتەوە لە کانی[٢٢٠]

٢٢١)- هەندێ ژنە و هەندێ ژان، هەندێ هەوێنی نۆ تەبەق نان[٢٢١]

٢٢٢)- هەنگ لە ماکی، کچ لە داکی[٢٢٢]

---

[٢١١] یەکێك ئەیڵێ، کە نەنگێکی ببێ، وە هەمیشە بیدەنەوە بە چاویا، واتە ئەوەندە پێویست بە وتنەوە ناکات.

[٢١٢] واتە یا نایزانێ، یا ئەگەر بیشی زانێ دانی پیا نانێ.

[٢١٣] واتە لە هەموو شوێنێك راوی مشك ئەکرێ بە تەڵە، لە ئاشا نەبێ.

[٢١٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە شتێکی ئێجگار خۆش بوێ.

[٢١٥] واتە هەر کەسێك دەستی ببێ، زۆردار و ستەمکارە.

[٢١٦] واتە هەموو کەسێك کەسێك نییە تێکەڵی بکەیت، پیاوی خۆت بناسە.

[٢١٧] واتە زۆر کەیف خۆشە.

[٢١٨] یەکێکی ئیش زان بە یەکێکی ئیش نەزان ئەڵێ، واتە هەموو کەسێك ئیش زان بووایە ئیش نە ئەمایەوە.

[٢١٩] واتە هەموو بەرزبوونەوەیەك نزم بوونەوەیەکی بە دوادا دێ.

[٢٢٠] واتە قاپ و قاجاخیش وەك ئادەمی ئەشکێ و ئەجەلی دێ.

[٢٢١] هەوێنی نۆ تەبەق نان: واتە فتنە و فەسادی ئەکا و ئاژاوە ئەنێتەوە.

[٢٢٢] واتە ئەچنەوە سەر ئەوان.

٢٢٣)- هەنگوین بە دەمی تاڵە[٢٢٣]

٢٢٤)- هەنگوینە و لە پێستی سەگایە[٢٢٤]

٢٢٥)- هەوێ ببێ بە کراس و کەوێ، نامەوێ[٢٢٥]

٢٢٦)- هەوێ هەوێ جوان ئەکات، هێوەژن هێوەژن خێرا ئەکات[٢٢٦]

٢٢٧)- هەوات مرێ هەوا زەنگی، قەڵتاخ شڕی بێ ئاوزەنگی[٢٢٧]

٢٢٨)- هەواڵ ببەن بۆ میران، کارەکەر کارەکەر مەگیران[٢٢٨]

٢٢٩)- هەواڵ ببەن بۆ میران، وەرزێر وەرزێر مەگیران[٢٢٩]

٢٣٠)- هەوەڵ بەخت، ئەوەڵ تەخت[٢٣٠]

٢٣١)- هەودا توند راکێشیت ئەپچڕێ[٢٣١]

٢٣٢)- هەورامی لەبەر مەرامی کاری، بن کلکی کەری خۆی ماچ ئەکا[٢٣٢]

---

[٢٢٣] واتە زۆر خەفەتبارە.

[٢٢٤] بە شتێکی بە نرخ ئەوترێ، کە بە جۆرێکی بێنرخ پێشکەش بکرێ.

[٢٢٥] بەو دەوڵەمەندانە ئەوترێ، کە دەغڵ و دانیان هەڵگرتبێ بۆ گرانی واتە لەگەڵ هەوری پاییز پەڵەی دا، دەوڵەمەند سەری لێ تێك ئەچێ.

[٢٢٦] هەوێ: ژنی مێردە، هەر وەك هێوەژن: ژنی برای مێردە واتە لە یەکەمدا هەر دوو لا لە رقی یەکتری خۆیان جوان ئەکەن، لە دووهەمیشا هەر دوو لا لە رقی یەکتری باشتر نیش ئەکەن.

[٢٢٧] بە یەکێکی لوت بەرزی چەکمە رەق ئەوترێ، کەهیچی نەبێ وە هیچی بە دەست نەبێ.

[٢٢٨] واتە کارەکەر بووە ئاغاژن و کارەکەر بۆ خۆی رائەگرێ، هەر وەك وەرزێر بووە بە ئاغا و وەرزێر بۆ خۆی رائەگرێ.

[٢٢٩] واتە کارەکەر بووە ئاغاژن و کارەکەر بۆ خۆی رائەگرێ، هەر وەك وەرزێر بووە بە ئاغا و وەرزێر بۆ خۆی رائەگرێ.

[٢٣٠] واتە نیشانەی خۆشی و ناخۆشی هەر لە سەرەتاوە دەرئەکەوێ.

[٢٣١] واتە لە هەموو شتێکا توندی خراپە.

[٢٣٢] بە یەکێك ئەوترێ، کە مەرایی یەکێکی ناڕەسەن بکات.

٢٣٣)- هەورامی و رمبازیان نەوتوە[٢٣٣]

٢٣٤)- هەوری پاییز خوڕی، دەوڵەمەند ریشی خۆی بڕی[٢٣٤]

٢٣٥)- هەوری سوور، بارانی دوور[٢٣٥]

٢٣٦)- هەولێرە، هەر بەخێرە[٢٣٦]

٢٣٧)- هەویری مێردان، ئاوی زۆر دەوێ[٢٣٧]

٢٣٨)- هەویری هەڵات ، پیشەی وڵات، هەویری فەتیرە، پیشەی فەقیرە[٢٣٨]

٢٣٩)- هەوێنی مێردان، بە حەوت ساڵان دێتە جۆش[٢٣٩]

٢٤٠)- هەوێنی نۆ قازان شیرە[٢٤٠]

٢٤١)- هەیدەر تەریکە، لە هەموویا شەریکە[٢٤١]

٢٤٢)- هورچ دەعبایەکی ناعالە، هێلکەی کرد کردی[٢٤٢]

٢٤٣)- هونەرمەند لە هیچ لایەك پەکی ناکەوێ[٢٤٣]

---

[٢٣٣] چونکە شوێنەکەیان هەموو شاخ و داخە لەبەر ئەوە رمبازی نازانن جگە لەوە ئەگەر بیشی زانن جێگایان نییە رمبازی یتا بکەن، بە یەکێك ئەوترێ، کە لە ئیشێکەوە دوور بێ.

[٢٣٤] بەو دەوڵەمەندانە ئەوترێ، کە دەغڵ و دانیان هەڵگرتبێ بۆ گرانی واتە لەگەڵ هەوری پاییز پەڵەی دا، دەوڵەمەند سەری لێ تێك ئەچێ.

[٢٣٥] واتە هەور کە سوور بوو، بارانی دوورە.

[٢٣٦] واتە هەولێر هەمیشە هەر شوێنی پیت و بەرەکەت بووە.

[٢٣٧] واتە کاری پیاوان زۆر ئەخایەنێ، چونکە بە گۆترە نییە، بەڵکو هەمووی لە رووی پیلانەوەیە.

[٢٣٨] واتە پیشەی وڵات وایە، کە هەویر هەڵبێ ئنجا بکرێ بە نان، یا بە کولێرە، بەڵام هەژار ئەم دەستورە تێك ئەدا، وە هەویر هەیە فەتیری ئەیکا بە نان، چونکە برسییەتی.

[٢٣٩] واتە پیاوی گەورە درەنگ توورە ئەبێ.

[٢٤٠] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر خراپ بێ، وە رێی کەوتە هەر شوێنێك ئاژاوەی تێ بخات.

[٢٤١] یەکێك ئەیڵێ، کە گومان بار (متهم) کرابێ بە شتێ، واتە بووم بە هەیدەر، کە ئەویش لە هەموو شتێکا گومان بار ئەکرا.

[٢٤٢] بە هێندێ کەسی چەموشی نالەبار ئەوترێ کە هەموو شتێکیان لێ بوەشێتەوە.

[٢٤٣] چونکە لە هونەرەکەی خۆی بەهرەمەند ئەبێ.

٢٤٤)- هوهای دوای گورگه[٢٤٤]

٢٤٥)- هۆ هۆیه، هەر کەس بۆ خۆیه[٢٤٥]

٢٤٦)- هۆر یا ئەم تای، یا ئەو تای[٢٤٦]

٢٤٧)- هۆرمان خواردوە، هەمانەمان ماوه[٢٤٧]

٢٤٨)- هۆز نەگەی لە تەچن گەی[٢٤٨]

٢٤٩)- هی خۆم بۆ خۆم، هی تۆ ئەخۆم[٢٤٩]

٢٥٠)- هی خۆیان دەجوون، هی مە دەژمێرن[٢٥٠]

٢٥١)- هێشتا بای نەداوە شەقەی دێ[٢٥١]

٢٥٢)- هێشتا خێر و شەڕ بەش نەکراوە هاتۆتە سەرم[٢٥٢]

٢٥٣)- هێشتا زەردویی فڕێ نەداوە[٢٥٣]

٢٥٤)- هێشتا زەردویی وا بە دەمەوە[٢٥٤]

٢٥٥)- هێشتا لە کوێتە، هۆمەرە کوێر نیوەی رێتە[٢٥٥]

---

[٢٤٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە ماڵی یەکێکی خواردبێ بە رەنگێك کە لێی نەسێنرێتەوە.

[٢٤٥] لە کاتێکا ئەوترێ کە ئاژاوە بێ دنیا بووبێ بە ئاشوفتە و هەر کەس بۆخۆی بێ.

[٢٤٦] بە کارێك ئەوترێ، کەلە هیچ سەرێکەوە جیاوازی نەبێ.

[٢٤٧] واتە زۆرمان خواردووە و کەممان ماوە.

[٢٤٨] لەتەچن: سوال کەرێکە کە لەتە نان بچنێتەوە.

[٢٤٩] بە یەکێکی زۆردار ئەوترێ، کە چاوی بڕیبێتە شتێکی تۆ.

[٢٥٠] بە یەکێك ئەوترێ کە بەشی خۆی بخوا و چاوی لە بەشی ئەم و ئەویشەوە بێ.

[٢٥١] بە یەکێك ئەوترێ، کە لە پێش تەواو بوونی کارێکا خۆی ئامادە بکات هەر وەك تەواو بووبێ.

[٢٥٢] واتە بە تەواوی رۆژ نەبۆتەوە.

[٢٥٣] واتە منداڵە، وە بۆنی شیری خاو لە دەمی دێ.

[٢٥٤] واتە منداڵە، وە بۆنی شیری خاو لە دەمی دێ.

[٢٥٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە کارێکی گرنگی دەست دابێتێ و گەیاندبێتی بە نیوەی، وە وا بزانێ کە لە تەواو بوونایە، تۆش ئەمەی پێ ئەڵێیت بۆ ئەوەی کە تێ بگا هێشتا زۆری ماوە.

٢٥٦)- هێشتا مەڵاشوی هەڵ نەدراوەتەوە[٢٥٦]

٢٥٧)- هێشتا نەبووە بە قۆچەقانی قنگەی دێ[٢٥٧]

٢٥٨)- هیچ مشکێ بێ کون و هیچ کونێ بێ مشك نامێنێتەوە[٢٥٨]

٢٥٩)- هیچ نایەوێ ماسی فێری مەلە بکەیت[٢٥٩]

٢٦٠)- هیچت نەبێ و راخەرت ببێ[٢٦٠]

٢٦١)- هیچی نەدیوە، نە چەقچەقەی ئاش، نە گوڵە گەنم[٢٦١]

٢٦٢)- هێلکە بۆ کراس رەشێ، جیقنە بۆ سەر بەهەشێ[٢٦٢]

٢٦٣)- هێلکە بە بن باخەڵ ئەبرژێنێ[٢٦٣]

٢٦٤)- هێلکە بە بن هەنگڵ ئەبرژێنێ[٢٦٤]

٢٦٥)- هێلکە لە بن کەشی ئەکوڵێ[٢٦٥]

٢٦٦)- هێلکە لە مریشکە و مریشك لە هێلکەیە[٢٦٦]

٢٦٧)- هێلکە نەی برژێنیت پیس ئەبێ[٢٦٧]

---

[٢٥٦] واتە زۆر منالە.

[٢٥٧] تەماشای لێکدانەوەی پەندی (هێشتا بای نەداوە شەقەی دێ) بکە.

[٢٥٨]

[٢٥٩] چونکە خۆی بە سروشت مەلەوانە بەیەکێك ئەوترێ کە ئامۆژگاری یەکێکی وا بکا کە پێویست بە ئامۆژگاری نەبێ.

[٢٦٠] چونکە بە راستی خانووی رووتی بێراخەر، وەك مەردومی بێ کاڵا و بەرگ وایە.

[٢٦١] بە تەوسەوە بە یەکێك ئەوترێ، کەخۆی هەڵە بکات لە کارێکا وە وا نیشان بدات کە هیچی لێ نازانێ.

[٢٦٢] یەکێك ئەیڵێ کە خێر و بێری ئەوماڵەی کە تیایەتی بۆ یەکێك بێ و خاك و خۆڵ و تەپوتۆزیشی بۆ ئەو بێ.

[٢٦٣] واتە گەنجێکی گەرم و گوڕ و خوێن گەرمە.

[٢٦٤] واتە گەنجێکی گەرم و گوڕ و خوێن گەرمە.

[٢٦٥] واتە گەنجێکی گەرم و گوڕ و خوێن گەرمە.

[٢٦٦] بە دوو خزمی دوور ئەوترێ، واتە هەموو سەر و قنگی یەکن وە ئەچنەوە سەر یەك.

[٢٦٧] بە کچێك ئەوترێ، کە وەختی شووی هاتبێ، واتە لەمە زیاتر بمێنێتەوە خراپە.

٢٦٨)- هێلکه و رۆنی سەر کلاو رۆژنەیە[٢٦٨]

٢٦٩)- هێلکەی ئەمڕۆ لە جوجەڵەی سبەینێ باشترە[٢٦٩]

٢٧٠)- هێلکەی بێ زەردێنە ئەفرۆشێ[٢٧٠]

٢٧١)- هێلکەی شکاو پینە ئەکات[٢٧١]

٢٧٢)- هێلێ لار لە ژێر سەری گای پیرایە[٢٧٢]

٢٧٣)- هێواش برۆ و هەمیشە بڕۆ[٢٧٣]

---

[٢٦٨] بە کارێك ئەوترێ، کە دوراودوور دەستی بدەیتێ، بە جۆرێکی وا کە هەوڵ و تەقەلاکانی تۆتینێکی وای نەبێ بۆ ئەو کارە.

[٢٦٩] چونکە ئەمڕۆ هێلکەکەت لە ژێر دەستایە، بەڵام جوجەڵەکەی سبەینێ ئەنگونجێ دەستت نەکەوێ.

[٢٧٠] واتە زۆر ناڕاست و بە فڕ و فێڵە.

[٢٧١] تەماشای لێکدانەوەی پەندی (نانی دڕاو پینە ئەکات) بکە.

[٢٧٢] بە ژنێك یا پیاوێکی پیرئەوترێ، لە ماڵا کە حەزی لێ نەکەن، وە زۆر شتی بدەنە پاڵ، وە بیانووی پێ بگرن و پلاری تێ بگرن.

[٢٧٣] واتە کە هێواش بڕۆیت بە ڕێدا، ماندوو نابیت، ئەو حەلە درێژەت ئەبێ لە سەر ڕێ ڕۆین.

پیتی ی

١)- یا ئەبێ بە خانی خانان یا ئەبێ بە پوشی بانان[١]

٢)- یا پرسە بە، یا دانا بە[٢]

٣)- یا خەر ئەتۆپێ، یا خاوەنی خەر[٣]

٤)- یا زانابە، یا پرسابە[٤]

٥)- یا سەمەن ئەمرێ بۆ نانێ، دوور بە جۆ ئەدا بە (.....)[٥]

٦)- یا شارستان، یا دارستان[٦]

٧)- یا گاڵ دێنێ، یا پەموو[٧]

٨)- یا لەگەڵ دایکی مناڵان، یا لەگەڵ بووکی گەورەماڵان[٨]

٩)- یا مەرد بە، یا لە پەنای مەردا بە[٩]

١٠)- یاخوا ئەم دەست محتاجی ئەو دەست نەبێ[١٠]

---

[١] بە یەکێك ئەوترێ، کە دەست بداتە کارێکی گەورە، واتە یا تیا سەرئەکەوێ، یا تیا لەناو ئەچێ.

[٢] واتە خۆت دانا بە و شت بزانە، یا ئەگەر شت نازانیت پرسیار بکە. بە یەکێك ئەوترێ کە شت نەزانێ و پرسیاریش نەکات.

[٣] واتە ئەو مەسەلەیە هەر ئەکەوێ بە بارێکا.

[٤] واتە بە پرس هەموو شتێ ئەزانرێ.

[٥] بە یەکێك ئەوترێ، کە زۆر نەدارا و رەجاڵ بێ، کەچی پارەیەکی باش خەرج کا لە ئارەزوویەکی خۆیا.

[٦] چونکە لە هەر دووکیانا ئاوات دێتە دی.

[٧] یەکێك ئەیڵێ کە ئیشێکی کردبێ و نەزانێ ئەنجامەکەی چۆن ئەبێ واتە یا باش ئەبێ یا خراپ.

[٨] چونکە یەکەم هەمیشە لە ماڵەوەیە لەبەر مناڵەکانی، وە دووهەمیش زۆر نەرم و نیان و سەنگین و گرانە.

[٩] چونکە کە لە پەنای مەردا بوویت فێری مەردی ئەبی.

[١٠] واتە خۆت بە خۆت محتاج نەبی چ جای بە بێگانە.

١١)- ياخوا به دارەکەی قەرەداغ بیّ[11]

١٢)- ياخوا بچيته ئەو شوێنەی که ناو ئەڵێ کس[12]

١٣)- ياخوا تونچی نەبێ به حەمامچی[13]

١٤)- ياخوا پیر و خەرۆ بن[14]

١٥)- ياخوا دەستی راست محتاجی دەستی چەپ نەبێ[15]

١٦)- ياخوا کەس قاچی نەچێ بە گوی فلان کەسا[16]

١٧)- يار باقی و سوحبەت باقی[17]

١٨)- ياری نەوسی لێت زیزە[18]

١٩)- یەخە دادرین، پەشیمانی دێنێ[19]

٢٠)- یەز، دوورە، گەز نزیکە[20]

---

[11] به یەکێك ئەوترێ، که نزای عومر درێژی بۆ بکەیت.

[12] واتە ئەوەندە دوور بکەوێتەوە کەس جێگا و رێگات نەزانێ.

[13] چونکە لە خۆی ئەگۆڕێ، وە زۆر زبر و قەبە دەرئەچێ.

[14] بە ژن و مێردێك ئەوترێ، کە دڵیان پێکەوە بێ.

[15] تەماشای پەندی دووهەم بکە.

[16] مەبەس لە فلان کەس یەکێکە کە هەر کەس کەوتە داوی لێی رزگار نابێ.

[17] واتە هەر دوکمان ماوین و رۆژگاریش زۆری بە دەمەوەیە.

[18] واتە یەکێك کە بۆ خواردن لێسە هاتوچۆت بکات و ببێ بە ئاشنات، هەمیشە لێت زیزە، چونکە هەرگیز ناگونجێ کە تۆ شتێك بە بێ ئەو نەخۆیت.

[19] چونکە ناشکوری ئەگەیەنێ.

[20] یەز: ناوی شارێکە لە ئێران کە خۆیان پێی ئەڵێن: (یەزد) جاران زۆر جۆرە قوماشی بە تۆپ لێ دروست کراوە، وە نێراوە بە هەموو لایەکا، لە سەر تۆپەکان نووسراوە کە ئەمەندە گەزەیە، ئنجا جارێکیان لە شارێکی کوردەواری، دوور لە شاری یەزد، یەکێك کە ئەیەوێ تۆپێ لەو قوماشە بکڕێ، ئەڵێ من باوەڕ ناکەم کە ئەم تۆپە ئەوەندە گەز بێ، کابرای خاوەنیشی ئەڵێ (یەز دوورە گەز نزیکە) واتە هەر چەند شاری یەزد دوورە، وە دەستمان ناگاتە کارخانەکەی بزانین ئەم ژمارەیەی کە لە سەری نووسراوە راستە یا درۆیە، بەڵام گەز حازرە کە بی پێوین.

٢١)- یەك ڕوو هەمیشە وا لە ئابڕوودا[21]

٢٢)- یەك ساڵە دوو ساڵە ئەخەڵەتێنێ[22]

٢٣)- یەك ساڵە دوو ساڵەی خەڵەتان[23]

٢٤)- یەك شەویلەی قنگ قەویلە[24]

٢٥)- یەکێ بە زۆر بینێرن بۆ مازوان، بە دارا هەڵناڕوانێ[25]

٢٦)- یەکێ بە گەورەیی فێری پلاو خواردن بێ، دەست بۆ لووتی ئەبا[26]

٢٧)- یەکێ پۆڵا و یەکێك ئاسن بێ[27]

٢٨)- یەکێ خانووی لە شووشە بێ، بەرد ناگرێتە خانووی کەس[28]

٢٩)- یەکێ ڕێی ئاوایی یان نەئەدا، کەچی ئەحواڵی ماڵی کوێخای ئەپرسێ[29]

٣٠)- یەکێ چاڵێك بکەنێ بۆ کەسێك، خۆی تێی ئەکەوێ[30]

٣١)- یەکێ لە شار هاتبۆوە، کەچی ئەچوو خەبەری شاری لە یەکێکی تر ئەپرسی[31]

---

[21] هەر وەك دوو ڕوو هەمیشە بێ ئابڕووە.

[22] یەکێك ئەیڵێ، کە یەکێکی لە خۆی منالتر بی خەڵەتێنێ.

[23] یەکێك ئەیڵێ، کە یەکێکی لە خۆی منالتر بی خەڵەتێنێ.

[24] بە منالێك ئەوترێ، کە زۆر زۆر قەڵەو و گەورە ببێ، ئەگونجێ لە یەك شەوەی قنگ قەوییەوە وەرگیرابێ.

[25] واتە ئیش بە زۆرە ملێ ناکرێ.

[26] واتە هەر کەسێك بە پیری پایەیەکی دەست کەوێ، باش نازانێ هەڵی سوڕێنێ.

[27] واتە دوو کەس کە پێکەوە بوون، ئەگەر یەکێکیان توند وم تیژ و ڕەق و تەق بوو، ئەبێ ئەویکەی تریان نەرم و شل بێ، ئەگینا هەڵ ناکەن.

[28] چونکە خەڵقیش بەرد ئەگرنە خانۆکەی ئەو، کە شووشەیە، بە یەکێکی نەنگدار ئەوترێ، کە ناوی نەنگدارێك بەرێ.

[29] بە یەکێك ئەوترێ کە ڕێی شوێنێك نەدرێ، یا حەز نەکەن بچێ، ئەحواڵی ئەو شوێنە بپرسێ، وە بییەوێ بۆی بچێ.

[30] تەماشای پەندی (هەر کەسێك چاڵ بۆ یەکێك هەڵ کەنێ، خی تێ ئەکەوێ) بکە.

[31] بە یەکێك ئەوترێ کە خۆی ئاگای لە شتێك بێ کەچی ئەو خۆی پرسیار لەو شتە بکات.

٣٢)- یەکێ مرد و یەکێ مردار بوو، یەکێ بە تیری خوا گرفتار بوو[٣٢]

٣٣)- یەکێ نانی نەبوو ئەچوو پیازی ئەکڕی[٣٣]

٣٤)- یەکێ نانی نییە، داوای دۆ ئەکا[٣٤]

٣٥)- یەکپاڵوو بە هیچ لایەکا ناکەوێ[٣٥]

٣٦)- یەکێك دەمرێ، یەکێك داری تێ ئەژەنێ[٣٦]

٣٧)- یەکێك لێی بگۆڕێ، ڕەشماڵی لە سەر بەفرێ ناناسێ[٣٧]

٣٨)- یەکێکی کرد بەس نەبوو، دوانی کرد کەس نەبوو[٣٨]

---

[٣٢]

[٣٣] ئەم پەندە وەك قسەکەی کابرای ئێرانی وایە کە هاوڕێکەی پێنج کاڵەکی کڕی بۆ هەر دووکیان کە بیخۆن، کابرای ئێرانیش پێشەکی دوانیان ئەخوا بە بێ خاوەنەکەی، ئەمێنێتەوە سیانی، کە خاوەن کاڵەکەکان دێتەوە، ئەڵێ کوا دوو کاڵەکەکەی تر، وە ئەو سێ کاڵەکە چۆن دابەش بکەین لە ناو خۆمانا؟ کابراش ئەڵێ: (یەکێ دەر ئەزەل نەبود، یەکێ کەردەم زەقنە مووت، یەکێ من یەکێ تۆ، یەکێ من) واتە ئەم پێنج کاڵەکەی کە تۆ ئەحواڵی ئەپرسیت یەکێکیان هەر لە ئەساسا نەبوو، واتە چوار بوون، چوارەکەش یەکێکیانم زەقنە مووت کرد، مایەوە سیانیان، ئەم سیانەش یەکێکیان بۆ من، یەکێکیان بۆ تۆ، یەکێکیان بۆ من، خولاسە لە پێنج کاڵەك یەکێکیانی دا بە خاوەنەکەی، چواریشی بۆ خۆی. ئەم پەندەش ئەوە ئەگەیەنێ، کە یەکێك سێ سەر ئاژاڵ، یا سێ باڵندەی دانابێ بە سپاردە لای یەکێك، ئەویش هەر سێکی خواردبێ، وە دوای لێ پرسینەوەی بەم پەندە وەڵامی دابێتەوە.

[٣٤] بە یەکێك ئەوترێ، کە پێویست بێ بە شتێکی زۆر گرنگ، کەچی بچێ بە شتێکی هیچ و پووچەوە خەریك بێ.

[٣٥] واتە مەردومێك کە لە سەر یەك بار بێ، هەرگیز ناکەوێ.

[٣٦] یەکێك ئەیلێ کە تووشی بەڵایەکی گەورە بووبێ، وە یەکێکی تر لە سەر گاڵتە و کەیفی خۆی مابێ.

[٣٧] یەکێك ئەیلێ کە سەری لێ شێوا بێ و ڕەش و سپی لە یەك جیا نەکاتەوە.

[٣٨] بە ژنێك ئەوترێ کە شوو لە دوای شوو بکات.

چاپخانەی شڤان

ژمارەی موبایل : ٠٧٧٠١٤٩٨٤٩٩

ژمارەی تەلەفون : ٣١٤١٩٨١

نرخ (٩٠٠٠) دینار